# شەڕی کۆمەڵە و دێموکرات

## ئەو شەڕەی نەدەبوو ڕوویدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی

برایم چووکەڵی

ناوی کتێب: شەڕی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات
ئەو شەڕەی نەدەبوو ڕووبدا
نووسین: برایم چووکەڵی
تایپ: ب. ڤیان
پێداچوونەوە: هەژیر عەبدوڵڵاپوور
دیزاین و تەڕاحی ڕووبەرگ: ئەیوب شەهابیڕاد
چاپی یەکەم خاکەلێوەی: ١٤٠١
چاپی دووهەم پووشپەڕی: ١٤٠١

کتێبخانەی دیجیتاڵی

# پێڕست


پێشەکی................................................ .................. .۵
چۆنیەتیی دامەزرانی کۆمەڵە....... ........ ........................... ........................۱۱
سەرهەڵدانی کۆمەڵە و دژایەتیی لەگەڵ حیزبی دێموکرات.............................۲۳
چەککردنی پەیکار لە بۆکان و هەڵوێستی کۆمەڵە............ ....................۴۷
کۆنگرەی ٢ی کۆمەڵە و هەنگاوەنانی شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات...........۶۳
دەقی قسەکانی عەبدوڵڵا موهتەدی لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە......... ..........۶۷
کاردانەوەی بڕیارنامەی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە.............. ........ .........۸۷
دامەرزانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران.............. ..................................۱۰۳
شەڕی گڵیە و یەکەمین ئێعدامی شەڕی نێوخۆیی...... ...... ....................۱۱۷
کۆنگرەی شەشەمی حیزب و دەرفەتێک بۆ کۆمەڵە....................................۱۲۱
کێ بڕیاری شەڕی سەرانسەریی دا، کۆمەڵە یان دێموکرات؟............ .... .....۱۲۳
چۆنیەتیی ڕوودانی شەڕی هەورامان..................... ..............................۱۲۹
ڕۆژی تێکهەڵچوون......... .............. ................ ..................................۱۳۷
خەنجەر لێدان لەحیزب لە ٦ی ڕێبەندان..........................................۱۴۹
هەڵوێستی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کۆمەڵە پاش ٦ی
ڕێبەندان............................... ................. ............................۱۶۹
ڕووداوەکانی دوای ٦ی ڕێبەندان.............. ............... ... ............... ۱۸۳
شەڕێ باغلووجەی بۆکان و ئاڵوگۆڕی قووڵ لە
کۆمەڵەدا......................................................................... ۱۹۳
هێرشی کۆمەڵە و نامەی شەهید دوکتور قاسملوو........ ................. ...........۲۰۱
چاوپێخشاندنێک بەسەر هۆکاری تێکهەڵچوونەکانی کۆمەڵە و حیزب و
دەرسەکانی ئەم تێکهەڵچوونانە.................... ........... ......... .........۲۰۷
بەڵگەیەکی کۆمەڵە و {پیلان}ی "ژیلوان"........................ ..................... ۲۱۷
هۆکاری تێداچوونی گوردانی ٢٢ی ورمێ... ....... ........................ ۲۳۳

بڕیاری کۆمەڵە بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە لە حیزبی دێموکرات........................ ٢٥٧
کێشە تەشکیلاتییەکانی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە............................. .... ٢٧١
ماهییەتی شەڕ، یان شەڕ شەڕ تا سەرکەوتن؟ کامیان بوو بە سیاسەتی کۆمەڵە؟...... .... ............... ............................................................ ............. ٣١٥
ئاگربەستی یەکلایەنەی حیزبی دێموکرات.............................................. ٣٢٣
حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە، دوای جیابوونەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری............................................... ............... .......... ......................... ....... ٣٢٩
ئینشعابی دووهەم لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران............................ ..... ........ ٣٤٥
ئینشعابێکی دیکە لە کۆمەڵەدا................................................................. ٣٦١
ئینشعابێکی دیکە لەحیزبی کۆمۆنیستی ئێران.................................. ........... ٣٦٤
چەند وتەیەک لە بارەی کتێبەکەی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات................. ......................................................................... ٣٦٧
ئاماری شەهیدانی حیزبی دێموکرات.. ......................................... ... ........... ٣٧٣
ئاماری شەهیدانی کۆمەڵە............................................................................ ٣٧٧
دواوتە........... ........................... ......................................................................... ٣٨١

# پێشەکی

شەڕی نێوخۆیی دیاردەیەکی کۆن و لەمێژینەیە و لەنێو زۆربەی زۆری ئەو گەل و نەتەوانەش کە ئەمڕۆکە وڵات و دەوڵەتیان هەیە و تەنانەت زلهێز و جەمسەرن هەبووە. کوردیش وەک نەتەوەیەک کە چەند سەدەیە بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی خۆی تێدەکۆشێ، لە نێوخۆشیدا زۆر ململانێ و دووبەرەکایەتیی ئەزموون کردوە.

هۆکارەکانی ناکۆکی و شەڕی نێوخۆیی لە کوردستان جیاواز و جۆراوجۆر بوون، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە نەتەوەی کورد دەبێ ئەو قۆناغە بەجێ بێڵێ و بە ئەزموونوەرگرتن لە برین و کارەساتەکانی شەڕی خۆبەخۆ، ڕێگە لە دووپاتبوونەوەیان بگرێ و لە پڕۆسەی نەتەوەسازیدا بە یەکجاری وەلای بنێ. ئەوەش بەستێنسازیی بوارخۆشکردنی دەوێ.

دەبێ خەڵک بزانێ کە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕ و ناکۆکییەکان چ بوون؟ چ زیانێکیان لە ڕوحی نەتەوەیی، ئابووری و کەرامەتی مرۆیی ئەو گەلە داوە و چۆن دەکرێ وا بکەین کە قەت تووشی ئەو تراژیدیانە نەبینەوە. ئەوە بە بێدەنگی و پووشبەسەرکردنی ڕووداوەکان ناکرێ، تەنانەت بێدەنگە لێکردن و نەچوون و نەگەڕان بەدوای هۆکار و بزوێنەری ناکۆکییەکان، مەترسیی سەرهەڵدانەوە و هەڵەسوونهێنانەوەی کێشەکان لە هەلومەرجی پێشبینینەکراو و نەخوازراودا بەزیندوویی ڕادەگرێ. لێکۆڵینەوە و ئاکامگیری لە شەڕە نێوخۆییەکان هەم دەکرێ لەلایەن هەردوو لایەنی شەڕەکەوە بکرێ، هەم لایەنی سەربەخۆ و توێژەران بەدوویدا بڕۆن، ئەگەرچی دوولایەنی شەڕ ئەگەر بە ئینساف و بێدەمارگرژی بەو مێژووەدا نەچنەوە، ڕوونە وەباڵ و تاوانی شەڕەکە دەخەنە ئەستۆی لایەنی بەرامبەر. بەڵام ئەگەر بە هەست بە

بەرپرسایەتی و بە عەقڵییەتی وانەوەرگرتن بێن و شیتەڵکاریی ئەو مێژووە بکەن، دەکرێ دەسکەوتی مەزن و نەتەوەیی گرینگی لەسەر چێ بکرێ و بنیات بنرێ.

شەڕی نێوخۆیی کۆمەڵە و دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەکەم ساڵانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ یەکێک لەو ڕووداوە ناخۆش و تراژێدیای مێژووی کوردە کە شوێنی نگەتیڤی لەسەر بیرکردنەوەی کۆمەڵگە و ئەندامانی هەردوولای شەڕەکە داناوە، بەجۆرێک کە ئێستاش بیروڕای گشتی بە نیگەرانییەوە لە دوارۆژی پێوەندییەکانی ئەو دوولایە لە هەلومەرجی تایبەتدا دەڕوانێ.

بێگومان سڕینەوەی شوێنەواری تاڵی و ناخۆشیی ئەو سەردەمانە ڕەنگە چەند دەیە بخایەنێ تا نێومالّی کورد ڕێک دەخرێتەوە و وەزعەکە دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی. وێرانکردنی بنەماکانی دۆستایەتی و بە یەکەوە کار کردن، چاندنی تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکی، ناشیرینکردنی سیمای یەکتر، مەحکومکردن و تاوانبارکردنی لایەنی بەرانبەر بە شەڕخواز و سەرەنجام تێداچوونی سەدان ڕۆڵەی تێکۆشەری گەلەکەمان، ئاکامی تێنەگەیشتنی هاوبەش لە دۆخ و واقعی کۆمەڵی کوردستان لەو بڕگە هەستیارە مێژووییە بوو. ئەو ناکۆکییانە بەداخەوە تێکهەڵچوونی چەکدارانەیان لێ کەوتەوە کە ئەگەرچی تەنیا چەند ساڵێکی خایاند، بەڵام بانگەشە و پڕوپاگەندەکان دژی یەکتری بۆ ساڵانێکی زۆر بەردەوام بوون و ئاسەواری ڕەوانیی ئەو شەڕە بێگومان هەتا ئێستاش دەستی لە یەخەی کۆمەڵگە نەکردۆتەوە.

بۆ باسی شەڕی ماڵوێرانکەری ناوخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەیەی ١٣٦٠ی هەتاویدا ناکرێ ڕاستەوخۆ لە کاتی لێکدانی ڕاستەوخۆ، واتە ڕۆژی دەستبردن بۆ چەک و شوێنی شەڕ و ئاکامی زیانباری ئەو تێکهەڵچوونانەوە دەست پێ بکەین. بۆ باس و لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژەکانی یەکەمی دروستبوونی کۆمەڵە، چییەتیی ناکۆکییەکانی لەگەڵ حیزبی دیموکرات و شیتەڵکاریی ئەو هۆکارانەی کە بەستراونەتەوە بە خۆئامادەکردن و بەستێنخولقێنی بۆ هەڵگیرسانی شەڕی

ئەو دوو لایەنە، هەروەهــا چــۆنیەتیی تیئــۆریزەکردنی ململانێیەکــان لەلایەن لایەنێکـی ئەو شــەڕە و هەولــدان بـۆ هەڵایسـاندنی تێکهەڵچـوونی چەکـدارانە. چـونکە لە شــەڕی دوو لایەنـدا کەم وا هەیە لایەک خـۆ بە خەتابـار بزانـێ و هەمیشە هەر لایەنێک دەستە چەورەکەی خۆی بە لایەنی بەرامبەر سڕیوە.

لە شەڕی نێوان کۆمەڵە و دێموکڕاتدا لایەنێک (کۆمەڵە) خۆی بە ڕوونـاکبیر، پێشــکەوتوو، لایەنگــری چینــی کرێکــاران و مــافی چەوســاوان و هەژاران، ڕزگاریـــدەر و شۆڕشــــگێڕ و دژی ناســــیۆنالیزم (کــــوردایەتی و خەبــــاتی نەتەوایەتـی) پێناسـە دەکـرد! تەنـانەت خەبـاتی گەلـی کـورد لەدژی کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ دەسـتەبەری مـافە نەتەوایەتییەکـانی بە بـزووتنەوەی مقـاومەتی کوردسـتان (نەک جـووڵانەوەی نەتەوایەتیـی کوردسـتان) دادەنـا. کـۆمەڵە لە تەبلیغـاتی خۆیـدا بە هەمـوو زمـان و بە هەمـوو دەربـڕین و مانـایەک لایەنـی بەرامــبەری خــۆی، واتە حیزبــی دێمــوکراتی بە کۆنەپەرســت و دواکەوتــوو، نەخوێنـدەوار، بـورژوازی و دژی کرێکـار، دژی شـۆڕش و چەوسـێنەر و بە چەنـدین نـاو ونـاتۆرەی نەشـیاوی دیکە پێناسـە دەکـرد. ڕوونە کە ئەو جـۆرە بیرکردنەوەیە بۆ یەکتری لەنێوان دوو هێزی چەکدار لە نـاوچەیەکی ١٢٨٠٠٠ کیلــۆمیتری چــوار گۆشــەدا، ئەویــش لە بــارودۆخی هەســتیار و شــەڕی داسەپاوی حکوومەتی ناوەندی بەسەر کوردستاندا چیی لێ شین دەبێ.

کــۆمەڵە وەک هێزێکــی لاو کە تــازە هــاتبووە نێــو مەیــدانی سیاســیی کوردستانەوە، باڵای خۆی بە باڵای حیزبی دێموکرات دەگرت. حیزبێک کە بە پێشـینەی نیزیـک بە چـوار دەیە خەبـات و تێکۆشـان و تۆمـارکردنی گەلێـک سـەروەریی نەتەوەیی و مێژوویی نەک لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بەڵکوو لە هەمــوو بەشــەکانی کوردســتان ڕیشــەی لەنێــو دڵــی خەڵــک و کــۆمەڵگەدا داکوتـابوو. ئەوانـیش بەبێ لەبەرچـاوگرتنی ئوسـوول و پرنسـیپی پێوەنـدیی نێـوان حیزبەکـان، بە ئەدەبیـات و مەرامـی تـایبەتیی خۆیـان لەگەڵ خەڵکـی دەدوان و هەر بەم ئاراستەیە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و تەنـانەت لەو شوێنانەش کە حیزبی دێموکرات نفووزی ئێگجار زۆری هەبوو، لەو لێدوانە چەواشـــەکارانەیە نەدەپرینگـــانەوە. هەڵـــبەت باســـکردن لە هۆکارەکـــانی

دروستبوونی شەڕی نێوخۆی کوردستانی ئێران، پێویستیی بە شیکردنەوەی وردی لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە زیانبارە هەیە، و ئەوە دەتوانرێ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزاوە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی وردی بۆ بکرێ و ڕەنگبێ هەمووی لە تاقەتی ئەم نووسینەدا نەبێ، بەڵام ئەوەی لەم کتێبەدا باس کراوە خوێندنەوە و ئەزموونی خۆمە کە لەو قۆناغەدا بەشێک لە تەمەنی پێشمەرگایەتیم بەرێ کردوە.

ئەم نووسینە دەیەوێ بەرهەڵستی ئەو ئیدیعایە بێتەوە کە مەزنیخوازیی حیزبی دێموکرات و نەمر دوکتور قاسملوو بە هۆکاری ئەو شەڕە ناو دەبا، ئەوە لە حاڵێکدایە کە نەک دۆست بەڵکوو دوژمنیش دان بە بوونی فەرهەنگی دێموکراسی و ئاشتیخوازی لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا دەنێ، تا ئەو ڕادەیە کە لەپێناو دەستەبەری لانیکەمی مافی کورددا و بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە کوردستان بە سازشکار بناسرێ، یان ئەوەی کە دواتر کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرنامەی تێرۆری ڤییەنی ڕێک لەبەر ئەو تایبەتمەندییەی نەمر قاسملوو، واتە ئاشتیخوازبوونی دارشت و بەداخەوە تێشیدا سەرکەوتوو بوو.

هەر لە پێوەندیی لەگەڵ شەڕی کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتدا خۆ ئەگەر چاوێک بە وتوویژ و نووسراوەکانی دوکتور قاسملوودا بخشینین، و لەگەڵ ڕادەیەکی کەم لە نووسراوەکانی ڕێبەرانی ئەوکاتی کۆمەڵە پێکیان بگرین، ئەو جیاوازییە قووڵەمان زۆر بەئاسانی بۆ دەردەکەوێ و بە فەکتەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاخۆ ئەوە کۆمەڵە بوو شەڕی ناوخۆیی تیئۆریزە کرد و خولقاندی یان حیزبی دێموکرات؟ بۆیە ئەوە دەڵێم، چونکی بە گەڕان لە تەواوی نووسراوەکانی شەهید دوکتور قاسملوودا نووسینێک، یان دەنگێک لەو نەمرە شک نابەی کە باس لە زەروورەت و پێویستیی شەڕ لەنێوان ئەو دوولایەنەی کردبێ، لەبەرانبەردا و لەوبەر فەکت و بەڵگە بەداخەوە زۆرە. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە حیزبی دێموکراتیش لە ڕەوتی ئەو شەڕە خوێناوییەدا هەڵەی نەبووبێ، بەڵکوو چەقی باسەکە ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕات شەڕی دوو لایەنی نەک تیئۆریزە نەکردوە و بە پێویستی نەزانیوە،

بەڵکوو هەموو هەوڵێکی داوە خۆی لێ بەدوور بگرێ. بەڵام بەڵگەنەویستە کە لەو قۆنـاغە مێـژوووییەدا بەشـێکی زۆر لە ڕێبەرانـی ئەوکـاتی کـۆمەڵە لە ئۆرگـانە فەرمییەکـانی ئەو ڕێکخـراوەیەدا بەئاشـکرا و بی‌شـاردنەوە حیزبـی دێموکراتیان بە نوێنەری بورژوازی کورد داناوە و ئەو ئاکامگیریەیان کردوە کە مەرجی دەستەبەری ئامانجەکانیان سەرکەوتن بەسەر نوێنەری بورژوازی (حیزبی دێموکرات) و زەبر لێدان و سڕینەی ئەو هێزە لە کۆمەڵگە بووە کە دیارە لەنێوەرۆکی ئەو باسەدا بە درێژی باس دەکرێ. هەر لەوکاتەدا لەوانەیە حیزبی دێموکرات لە تاکتیکەکانی خۆیدا هەڵە یان توندڕەوییشی کردبێ، بەڵام مـن ئەوە بە مانـای هەڵایسـاندنی شـەڕ نـازانم، چـونکە حیزبـی دێمـوکرات پێچەوانەی کۆمەڵە، ئەو ڕێکخـراوەیەی بە چـاوی دوژمـن سـەیر نەکـردوە و سـەرکەوتنی خـۆی لە نەبـوون یـان نەهێشـتنی کۆمەڵەدا نەدیـوە. تەنـانەت بە باوەڕ بە پلۆرالیزمی سیاسی، بوونی هێزێکی چەپی کرێکاریی بۆ کوردستانی بەبـاش زانیـوە، تـا ئەو جێـیە کە د. قاسـملوو لە کۆبـوونەوەیەکی کـادرە بەرجەستەکانی حیزبدا بە دەکارکردنی دەستەواژەی "کۆمەڵەکرات" بە درێژی شیکردەوە کە کۆمەڵە دوژمنی ئێمە نییە. ئەوان هەڵەیان کردوە و، ئێمە دەبێ کاری بۆ بکەیـن تـا بێنەوە سـەر ڕێگـای ڕاسـت و لەپێنـاو بەرژەوەنـدییەکانی نەتەوەی کورددا لە یەک بەرەدا بین.

حاشـــاهەڵنەگرە کە شـــەڕی کـــۆمەڵە و دێمـــوکرات زیـــانێکی زۆری بە جـوولانەوەی کوردسـتان گەیانـدوە. دەکـرا ئەو دوو هێـزە بە یەکەوە و لە بەرەیەکدا زەبری باشتر لە ڕێژیم بدەن، دەتـوانرا پارێزگـاری لە زۆر نـاوچەی ئازادکراو بکەن و تێچووی دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانە بۆ ڕێـژیم ببەنە سـەرتر، دەتـوانرا هێـزی هـاوبەش و سـتادی فەرمانـدەریی هـاوبەش دروسـت بکەن و هەمـاهەنگیی بەرچاویـان لەنێوانیانـدا پێـک هێنابـا و زۆر دەسـکەوتی زیاتریان بۆ جووڵانەوەکە دەستەبەر کردبا.

لێکەوتە و زیانەکانی ئەو شـەڕە دوای ئاگربەسـی دوولایەنە لە سـاڵی ١٣٦٩ باشـــتر دەرکەوت، چـــونکە ئەو شـــەڕە بۆشـــاییەکی گەورەی لەنێـــو هێـــزی ئۆپوزیسـیۆنی ئێرانیـدا دروسـت کردبـوو، خەڵکـی کوردسـتانی بە سـەر دوو

لایەنـدا دابەش کردبـوو و نـاکۆکی و دووبەرەکیـی تەنـانەت بردبـووە نێـو ئەندامانی یەک خێزانیش. ڕووداوەکانی دواتری نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەش ئەو ڕاسـتییەیان دەرخسـت کە کـۆمەڵە دەبـوا هەر لە سـەرەتاوە ڕێکخراوێکـی کوردستانی بوایە، و لەبری جێخستن و سەپاندنی شەڕی نێوخۆیی، لەگەڵ حیزبـی دێمـوکرات هاوپەیمـان بـایە و لە یەک بەرەدا شـەڕی کۆمـاری ئیسـلامییان کردبا و بە هاوبەشی ماتەوزەی خەباتگێڕی و شۆڕشگێڕی لە کوردسـتانیان مـودیرییەت کردبـا. هەرلەوکـاتەدا هیواخـوازم کە حیزبـی دێمـوکرات و کـۆمەڵە لەداهـاتوودا بتـوانن بە یەکەوە و لەیەک بەرەی یەکگرتوودا کوردستان بەڕێوە بەرن.

لە شـەڕی نێوخۆیی نیزیک بە شـەش ساڵەی حیزب و کۆمەڵەدا زیانێکی زۆر بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان گەیشت کە بەئاسانی قەرەبوو ناکرێتەوە، مەگەر بە ئەزموونوەرگرتن لەو دۆخە و بەهێزکردنی ڕووحـی نەتەوەیـی و هاوکـاریی دوولایەنە و جێهێشـتنی ئەو قۆنـاغە و هەوڵدانی پێکەوە بۆ چێکردنی واقعێکی دیکە لە ئێستادا و بۆ داهاتووی نیشتمان. ئاوات دەخوازم تا کورد هەیە ڕووداوی ئاوا تاڵ لە مێژووی خۆیدا نەبینێتەوە.

برایم چووکەڵی
٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٠

# چۆنیەتیی دامەزراندنی کۆمەڵە

لەو سەروبەندەدا کە جووڵانەوەی پڕشکۆی ساڵەکانی ٤٦ و٤٧ی هەتاویی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە سەرکوت کرا، کۆمەڵێک لاوی کورد لە زانکۆی شارەکانی دیکەی ئێران دەرسیان دەخوێند. لەژێر کاریگەریی ئەو جووڵانەوەیەدا هەستی کوردایەتی لە بیرو هزریان‌دا ڕەنگی دابۆوە و لە هەمان کاتدا بیری چەپیش لە ئێران بەهێز بوو. هەربۆیە بەشێک لەو لاوانە بەرەو فکری چەپ، بەتایبەتی لەژێر گاریگەریی "سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە"دا کە بوونە پشتیوانی جووڵانەوەکەش، هەنگاویان نا. ئەوکاتیش کە بیری "مائۆتسی‌تۆنگ" لە کۆمەڵگای کوردەواری‌دا بەهێز بوو، ئەو خوێندکارانە بە کارکردن و هەوڵی "فوئاد مستەفاسوڵتانی" نەک وەک ڕێکخراو، بەڵکوو وەک گرووپ یان کۆڕی سینفی، پشتیوانیی خۆیان لە مافی کرێکاران و وەرزێڕانی کوردستان ڕاگەیاند. ئەوان لە تاران لە درێژەی ئەو پێوەندی و دۆستایەتییەدا کە لەگەڵ سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە هەیانبوو، بیریان لە دروستکردنی حیزبێکی کۆمۆنیست دەکردەوە، بۆیە پاش باس و دیالۆگێکی زۆر گرووپێکیان پێک‌هێنا.

کاک "عەبدوڵڵا موهتەدی"[1] لەسەر دروست‌بوونی کۆمەڵە دەڵێ: "هەر دەستپێکردنی ئەوەی ئێمە بەڕەسمی خۆمان بە ڕێکخراوێک دامەزراندبێ و یانی بڵێین ئاوا لەو سەعاتەوە ئێمە ڕێکخراوێکی نهێنی پێک دەهێنین کە حساب و کتابی هەیە و ئەندامی هەیە و دیسیپلینی تێ‌دا هەیە و مەرکەز و

---

١- عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری پێشووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سکرتێری ئێستای کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە

ناوەندێکی هەیە، بەهەموو ئەو حسابانەوە دەبێت کە تۆ ژیانتی لەسەر دابنێی و ئەمە بریتییە لە ڕێکخراوی کۆمەڵە کە لە پاییزی ساڵی ١٩٦٩ بوو."[1]

"ئیرەج فەرزاد" کە لە دامەزرێنەرانی ئەو تەشەککولە بووە بە پێچەوانەی کاک عەبدوڵلا لە "دیاردە هاوشێوەکان لە مێژووی پەنجا ساڵی ڕابردوو..."دا دەڵێ:

"لە سەرەتای هەوڵدانەکانمان بووین بۆ پێکهێنانی مەحفەلێکی سەرەتایی بۆ کۆمەڵە، کە بە بینینی یەکەم ژمارەی بڵاوکراوەی "ستارە سرخ"، بڵاوکراوەی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودەی ئێران، سیمای یەکیەتییەکی ستراتیژیمان دۆزییەوە و گومانمان نەما کە لە داهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵیان یەک دەگرینەوە. ئەوە وتەی فوئاد بوو کە لە کۆبوونەوەیەکدا بە من و کاک عەبدوڵلای موهتەدی و موسلیح شێخیی ڕاگەیاند. ئەو ژمارەیەی "ستارە سرخ" ئێمەی ڕاچڵەکاند، چونکە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ لەو سەردەمەدا گەلێک ئەرکی گرینگی دژی ئۆپۆرتۆنیزمی حیزبی توودە و ڕیڤیزیۆنیزمی خرۆشچۆڤی بەڕێوە برد."[2]

لە لاپەڕەی ١٣٥ی کتێبی "سێ ساڵ لەگەڵ برایمی عەلیزادە "دا هاتوە:" لە ڕۆژی ئەوەڵەوە کە کۆمەڵە پێکهات، ئاسۆی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی لە بەرچاو بوو، سێ نامیلکەی سەرەکی کە لە ساڵەکانی ١٩٧٠ی زاینیدا لە ناو ڕیزەکانی ئێمە دەست بەدەست دەگەڕا و وەکوو بنەمایەک بۆ پەروەردەکردنی ڕیزەکانی کۆمەڵە چاویان لێ دەکرا، لە هەر سێکیاندا لەسەر پێویستیی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێداگری کراوە، هەر سێکیان بە فارسی نووسراون..... پلانی ئەسڵی بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست لە ساڵی(١٣٦٠) لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە داڕێژرا.... کۆمیتەی تەداروکاتی حیزبی کۆمۆنیست کەمتر لە ساڵێک دوای ئەو کۆنگرەیە پێکهات. ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە عەبدوڵلا موهتەدی کە وتەبێژی ئەو کۆمیتەیە

---

[1] - ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵلای موهتەدی، وتووێژ لەگەڵ بەهمەن سەعیدی

[2] - ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵدا، حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٢٤٦

بــوو، دوکتــور جەعــفەر شــەفیعی، شــوعەیب زەکەریــایی، جەواد مشــکی، مەنسوور حیکمەت، حەمید تەقوایی و خوسرەو داوەر."

ئەو وتەیەی ئیـرەج فەرزاد وەک ڕاســت دەچـێ کە فوئـاد مستەفاسـوڵتانی ویستوویەتی لەگەڵ سازمانی ئینقلابی حیزبی توودە، حیزبی کۆمۆنیست پێک بێـنن، نەک ئەو حیزبــی کۆمۆنیســتی ئێــرانەی ســاڵی ١٣٦٢ وا لە گونــدی "مێشکەپە"ی ئالانی سەردەشت ڕاگەیەندرا، کە دیارە کاک "برایم عەلیزادە"ش پشتڕاسـتی دەکـاتەوە. واتە زەمینـەی پێشـووی هەبـووە. ئیـدی ئەوەی کـاک عەبدوڵلا کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە بەڵگەیەکی سەلمێنەری نییە و تەنیا لە چوارچێـوەی قســە دایە، ئەگەر هەبــێ کە نیشــە، بــاس لە نــاوی حیزبــی کۆمۆنیست بووە نەک ڕێکخراوێک بە ناوی کۆمەڵە.

ئیرەج فەرزاد لە وڵامێکدا بۆ "حامید گەوهەری" کە زیاتر ئەو باسـەی بۆ ڕوون دەکاتەوە، لێی دەپرسێ "ئایا مەبەسـت لە دامەزرانـدنی ئەو گـرووپە، بە واتـای دامەزراندنی کـۆمەڵەی شۆڕشـگێڕی زحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێران بـووە، یـان دامەزرانـدنی حیزبێکـی هاوشـێوەی کـومیتەی ئینقلابیـی حیزبـی تـــوودە؟" ئیـــرەج فەرزاد لە نـــامەیەکدا کە لە ڕێکەوتـــی ٢٠٠٨/١٢/١٣، نووسیویەتی، ئاوای بۆ دەنووسێ:[1]

"ئەوەی کە بە ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەناسـرێت لە سـاڵی ١٣٤٨/ ١٩٦٩ دانەمەزراوە. ئێمە کەسـمان لەو کـاتەدا لە فکـری هەڵبژاردنـی نـاوی کـۆمەڵەی شۆڕشـگێڕی زحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێراندا نەبووین تا دوای شـەهید بـوونی هـاوڕێی ئازیزمـان "محەممەدحوسـێن کەریمـی" لە ١٣٥٧/١١/٢٦ (١٩٧٩/٢/١٥) ئێمە لە نـاو خۆمـاندا نـاوی دیارمـان نەبـوو. لە پـاییزی سـاڵی ١٣٤٨دا ئێمە بە گرووپەکەمـان دەگـوت "سـازمان" و هێنـدێک جـاریش "تەشـکیلات" و بەو دوو نـاوە خەباتمـان دەکـرد، بەڵام ئەو نــاوانە لە هــیچ بەڵــگە و نووســراوێکدا ڕەنگیــان نەدایەوە. لە ســەردەمی شۆڕشـــی ئێـــران لە ســـاڵی ١٣٥٧دا، ئـــێمە ڕاگەیانـــدراوەکانمان بە نـــاوی "هاووڵاتییـانی خەباتکـار"ەوە بـڵاو دەکـردەوە و هەروەک گـوتم دوای شـەهید

---

[1]- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا، حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٢٤٦

بوونی محەممەدحوسێنی کەریمی بوو کە ڕێکخراوەکەمان ئاشکرا کرد و ناوی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"مان دیاری کرد."

دیارە دەردەکەوێ کۆمەڵەیەک وەک ڕێکخراوی سیاسی لەئارادا نەبووە، بەڵام دوای سەرکوتکردنی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ٤٧ـی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، ئەو لاوانەی لە زانکۆ دەیانخوێند، دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەربەرەکانییان کردوە و لە مەحفەلی سینفی و چەند کەسی دا کاری سیاسییان کردووە و زۆر جاریش زیندانی کراون. تەنانەت هێندێکیان خوازیاری ئەوەش بوون بچنە ڕیزی خەباتکارانی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات، وەک "ساعد وەتەن‌دووست" ئاماژەی پێ دەکا دەڵێ:

"دواتر سمایل شەریفزادە شەهید بوو، موعینییەکان شەهید بوون زۆریان گیران، بۆیە دەبوو فکرێکی دیکە بکەینەوە."[1]

فاتح شێخولئیسلامی لەو بارەیەوە دەڵێ: "کاک فوئادو موسلیح لە تاران دەیانخوێند و لەگەڵ کاک عەبدوڵڵای موهتەدییش پێوەندیی نزیکم هەبوو، بەڵام لەباری تەمەنەوە من جیلێک لە پێش ئەوانەوە بووم. ئەو کاتە من خوێندنم تەواو کردبوو، لە مەریوان مامۆستا بووم. بەر لە دامەزرانی ئەو گرووپە من بەیاننامەیەکم نووسیبوو کە ئێران کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارییە و بەیاننامەکەم بە موسلیح‌دا ناردە تاران و لەوێ بڵاویان کردبووەوە. دوای دامەزرانی ئەو گرووپە، فوئاد گەڕایەوە مەریوان و داوای هاوکاریی لێکردم و منیش لەگەڵ گرووپەکەیان کەوتم. فوئاد مستەفاسوڵتانی، محەممەدحوسێن کەریمی، عەبدوڵڵای موهتەدی، موسلیح شێخولئیسلامی پێکهێنەری ئەو گرووپە سەرەتایی‌یە بوون و دواتر ژمارەیەکی تریش ڕەگەڵ کەوتن، بەڵام چونکە گرووپەکە دواتر بە شێوەی زنجیرەیی بەڕێوە دەچوو ئەندامەکانی یەکتریان نەدەناسی. ئەو گرووپە تا ساڵی ١٣٥٣/ ١٩٧٤ هەبوو و ئەندامانی چەند جارێک کەوتنە زیندان، بەڵام چونکە لە ڕاستی‌دا ڕێکخراوێکی دیاریان نەبوو، من یەکێک لەوانە بووم کە لە زیندانی "قەسر" لە تاران شتێکی

---

[1]– شقایقها بر سنگلاخ، گلرخ قبادی.

ڕوونیان لێ دەرنەدەکەوت. بەند کرابووم، چونکە لەسەر ناوی ڕێکخراوێکی دیار نەگیرابووم، تەنانەت زیندانییەکانیش بە منیان دەگوت "مونفەرید". مەبەستیان لە مونفەرید ئەوە بوو کە من بە تەنیام و لەگەڵ ئەو زیندانییانە نیم کە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوێکی دیار زیندانی کراون."[1]

ئەو گرووپە کە پێکهێنەرەکەی ئەو چەند کەسە بوون بەرەبەرە خەڵکیان لێ زیاد دەبوو، بەڵام هیچ بەڵگەیەک یا نووسراوەیەک نە لەلای خۆیان، نە لەلای هیچ دەزگایەکی جاسووسیی ساواک کە لە کاتی گیرانیان وەدەست ساواکیش کەوتبێ دەرخەری ئەوە نیە کە کۆمەڵە لە ساڵی ١٣٤٨ دامەزراوە، بوونی نییە.[2]

لەو پێوەندییەدا بیر لەوە نەکراوەتەوە کە هەر کەس ئاوڕێک لە مێژووی کۆمەڵە بداتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە ئەوە چ ڕێکخراوێکە کە لە ماوەی ١٠ ساڵی تەمەنی‌دا کە بە قەولی خۆیان زۆر بە ڕێکوپێکی و سووربوون لەسەر ئەرکەکانی کاری کردووە، نە کەس ناوی بیستووە، نە تەنانەت لە پێوەندیی لەگەڵ ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان و ئێران، لەماوەی دە ساڵدا بەیاننامەیەکی دەرنەکردووە، دیارە هەر ڕێکخراوێک بە پێی بەڵگە و ئەسنادی خۆی تەمەنی خۆی ڕاست یان ناڕاست دیاری دەکات، بەڵام ئەم مەسەلەیە، فیکرێک لای خەڵک و مێژوونووسان دروست دەکات کە کۆمەڵە لەم مێژووسازی و مێژوو دروستکردنە دەیهەوێ چ ئامانجێک بپێکێت. عەبدوڵڵا موهتەدی تەنانەت لە لاپەڕەی ٥٢ی کتێبی "٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی"دا و لە پێوەندیی لەگەڵ دیاریکردنی ناوی کۆمەڵەدا دەڵێ: "کۆمەڵەی ژ-ک (ژێکاف) زۆر خۆشەویست بوو لای ئێمە ئەمەش هۆیەک بوو، ڕەنگبێ ئەوەی کە پێوەندیمان لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق بێت ئەو ناوەشمان هەڵبژارد."

ئەو وتەیەی کاک عەبدوڵڵا لێرە جێی وردبوونەوە و تێڕامان و بیرلێکردنەوەیە، خۆی دەڵێ ئێمە مارکسیست بووین لە حاڵێکدا کۆمەڵەی

---

[1]- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا. حامید گەوهەری

[2]- ئەوە نیشانەی ئەوە نییە کە زۆر نەهێنی‌کار بوون بەڵکوو نیشانەی ئەوەیە کە بۆ ڕێکخراوێکی تایبەت کاریان نەکردوە و مەحفەلی بوون.

ژ.ک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بوو کە لە بەرنامەکەیدا گرینگیی بە ئایینی ئیسلام دابوو، بە جۆرێک کە گوتراوە دەبێ لە یاساکانی کوردستاندا ئوسوولی ئیسلامی ڕەچاو بکرێ. ئەوانە چۆن یەک دەگرنەوە ڕوون نییە، چونکە کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزرانییەوە بیری نەتەوەیی بە شتێکی دواکەوتووانە و داخوازیی بورژوازی دەزانی و بە ئاشکرا دژی تەبلیغاتی بۆ دەکرد و ئوسوولەن وەک مارکسیستیش لەگەڵ ئایین ناگونجێ و ناسازگار و ناتەبایە و یەک ناگرێتەوە. حیزبی دێموکرات کە لەسەر بناغەی تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژ.ک بەڵام بە بەرنامەیەکی پێشکەوتوو و مۆدێرنەوە ٣ دەیە زیاتر پێش کۆمەڵە دامەزرابوو، خەباتی بۆ مافی کورد کردبوو و کۆماری کوردستانی دامەزراندبوو، لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە بە نوێنەری بورژوازی سەیری دەکرا، ئەو خۆشەویستییەی ناوبراو بۆ کۆمەڵەی ژ.ک و پێداهەڵگوتنی لەبەر چی بووە دیار و ڕوون نییە.

ئەو گروپە بۆ یەکەم جار لەسەر پێشنیاری ساعد وەتەنDووست کە پێی وایە دەبێ ناوەند (مرکزیت)ێک هەبێ ئەویش نەک وەک کۆمەڵە بەڵکوو بۆ هاواهەنگیی ئەو مەحفەلانە، دیارە پاشان لە ساڵی ١٣٥٢ فوئاد مستەفاسوڵتانی و "حوسێن موورادبەیگی" (حەمەسوور) و ساعد وەتەنDووست لە تاقەوسانی کرماشان یەکتر دەبینن، کە تەنیا چاوپێکەوتنێک بە مەبەستی ناسینی زیاتری یەکتر بووە.[1]

ئەو چەند کەسە، پاش ساڵی ١٣٥٣ کە فوئاد مستەفاسوڵتانی گیرا و تا مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٧ لە بەندیخانە مایەوە، هەموو لێک هەڵوەشاون. ئەوان بنچینەی جووڵانەوە و خەباتیان بەپێی ئەو باوەڕە بووە کە بە یەکتریان بووە. هەربۆیە دەتوانین بڵێین جگە لە کۆڕی چەند کەسی ئاڵوگۆڕی بیروڕا و باسی تیئۆریک، بەکردەوە وەک حیزب یان ڕێکخراو ڕۆڵیان نەگێڕاوە. لە دوای گیرانی فوئاد مستەفاسوڵتانی ئەو گرووپە بەکردەوە نەما و تا بەرەبەری شۆڕشی ئێران پێوەندییەک کە هەیانبووە، پێوەندیی دۆستایەتی و مەحفەلی و خوێندکاری بووە؛ ڕووداوەکان ئەوەی

---

[1]– بڕوانە: فواد مستەفا سوڵتان (بیوگرافی آرمان و چگونگی جانباختنش) لاپەڕەی ١١٨

پشت ڕاست دەکەنەوە کە کۆچی دوایی شەهید عەزیز یوسفی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی‌دا هەموو ئەو گرووپ و کەسانەی لەگەڵی لە زینداندا بوون لە دەوری یەک کۆ کردۆتەوە.

فوئاد مستەفاسوڵتانی کاتێک لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە زیندان ئازاد بوو، جارێکی دیکە هەلومەرجی کوردستانی بۆ پێوەندیی گرتن بەو گرووپەوە، لەبار زانی. واتە لەگەڵ حەمەحوسێنی کەریمی و عەبدوڵلای موهتەدی بە دەستی بە کار و چالاکی کردەوە. فوئاد مستەفاسوڵتانی لە ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٧ کۆمەڵێک لەو کەسانەی کە لەپێش‌دا کاری لەگەڵ کردبوون لە شاری سنە لە ماڵی ساعد وەتەن‌دووست کۆکردەوە، کە ئەمانە بوون: فوئاد مستەفاسوڵتانی، محەممەدحوسێن کەریمی، برایم عەلی‌زادە، عەبدوڵلای موهتەدی، "تەیب ڕۆحوڵلایی"، عومەر ئیلخانی‌زادە، حوسێن مورادبەیگی، ئیرەج فەرزاد، "موحسین ڕەحیمی"، "سەعید یەزدانیان" و ساعد وەتەن‌دووست. ئەو کۆبوونەوەیە ڕاست هاوکات بووە لەگەڵ ئازاد بوونی "شوعەیب زەکەریایی" کە لە زیندانی ڕێژیمی پاشایەتی‌دا بوو، ئەو کۆبوونەوەیەیان - دیارە ڕوون نییە کەی ناویان ناوە کۆنگرەی یەکەم، کە تا ئەو کاتە نە کۆمەڵەیەک هەیە نە سازمانێکی زەحمەتکێشان.

کاک عومەر ئیلخانی‌زادە لەو بارەیەوە دەڵێ: "ئێمە دوای چەند هەفتەیەک بەسەر ئەو کۆبوونەوەیەدا، جارێکی تریش لە سنە کۆبووینەوە، بەڵام نەک وەک کۆنگرە."[1]

هەروەها ساعد وەتەن‌دووست بەو جۆرە باسی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵە دەکا:

"لە ئاخری پاییزی ١٣٥٧ هاوڕێیانی ئێمە بڕیاریان دا کۆبوونەوەی "وەسیع" بگرن، منیش ئەو سەروبەندە لە کوردستانی عێراقەوە گەڕامەوە. ئەو کۆبوونەوە بەربڵاوە دواتر ناوی کۆنگرەی یەکەمی لەسەر دانرا، لە واقعدا

---

١- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا، لاپەڕەی ٢٥٧.

کۆنگرە نەبوو بەڵکوو جەلەسەیەکی وەسیع بە بەشداریی ١٠ کەس بەڕێوە چوو و ناوی "جلسە وسیع"مان لەسەر دانا."[1]

لە ساڵی ١٣٥٧ـی هەتاوی کە بەرەبەرە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە چڵەپۆپەی خۆیدا بوو، فوئاد مستەفاسوڵتانی کاتێک لە کۆبوونەوەی نەغەدە دەبێ کە هەر درێژەی هەمان کۆبوونەوەی ماڵی ساعد وەتەن‌دووستە وا لە سنە گیرابوو، تووتنکارانی شاری بانە بڕیار دەدەن کە تووتنەکەیان بە دەوڵەت نەدەن. برایم عەلی‌زادە لە کتێبەکەی بەمجۆرە باس دەکا:

" کۆبوونەوەی یەکەمی کۆنگرەی یەک لە شاری نەغەدە بوو. ئەو کات کوردستان هێشتا لە چاو باقیی شوێنەکانی دیکەی ئێران ئارام بوو. ئێمە نیگەران بووین کە مەبادا لەو ڕەوتەدا کە دەستی پێکردووە کوردستان دوا کەوێ. لە کاتی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا خەبەرمان پێ گەیشت کە تووتنکارانی ناوچەی بانە بڕیاریان داوە ئەمساڵ تووتنەکەیان نەدەن بە دەوڵەت، لە بیرمە کاک فوئاد وتی: "بە بڕوای من ئەو کارەی ئەوان دەستیان پێکردووە ئێستا، بۆ داهاتووی کوردستان لە درێژەدانی کۆنگرە گرینگترە."[2]

ئەو گرووپ و مەحفەلانەی لەدەوری یەک کۆببوونەوە دژی دەسەڵاتی شاهەنشاهی جووڵاونەتەوە و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە بەلایانەوە گرینگ بووە و باوەڕیان وابووە کە بە ڕووخانی ڕێژیمی شا جووتیاران دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن و ڕێبەری بزووتنەوەی جووتیاری دەکەن! چونکی لەکۆنگرەی یەکەمی خۆیان باس لەو مەسەلەیە دەکەن، هەروەها لەبەر نەبوونی بەرنامەیەکی دیاریکراو لەو کۆبوونەوە ١٠ کەسییە کە ناوی کۆنگرەیان لێناوە هەر کەس دواتر بە سەلیقەی خۆی لە ناوچەی خۆی کاری کردوە: "لەکۆنگرەی یەکەمدا گرینگی بە ڕووخانی ڕێژیمی شا درا، بەو مەبەستە کە ئەگەر ڕێژیمی شا بڕووخێ، جووتیاران ناچار دەکا بەرگری لە زەوی و ژیانی خۆیان بکەن، ئەوەش دەبێتە بنەمای بزووتنەوەی

[1] - "شقایقها بر سنگلاخ" گلرخ قبادی لاپەڕەی ٧٩.

[2]- سێ ساڵ لەگەڵ برایم عەلی‌زادە ( بەهمەن سەعیدی).

شۆڕشگێڕی لە ناو ئەواندا. لەهەر حاڵدا، نەبوونی بەرنامە و هەدەفی ڕوون لەوکاتدا بۆتە هۆی ئەوە هەرکەس لە ڕووی ناچاری بەرنامەی کاری خۆی ..... لەناوچەی خۆی بە تەشخیسی خۆی کاری کردوە."[1]

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە مەسەلەیەک بکەین زۆر سەیرە چەند کەس یا گرووپێک کۆ ببنەوە، ئەو کۆبوونەوەیە کە هەموو باسێکی تێدا دەکرێ ناوی کۆنگرەی لێدەنرێ، بەڵام ناوی ڕێکخراوەکەیان دیار نییە! تەنانەت تاقە بڕیارنامەیەک لەگۆڕێدا نییە! هەر لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیەوە کاک برایم عەلیزادە ئاماژە دەکا کە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆنگرە لە نەغەدە گیرا، بەڵام بە هۆی کێشەی تووتنکارانی بانە کارەکانی وەدوا دەدا، ئەم "کۆنگرە"یە ڕوون نییە کە لە کوێ کارەکانی تەواو کردووە و ئەسناد و بەڵگەی لە کوێن؟

باسی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵە لە کتێبی کاک عەبدوڵلا موهتەدی دا ڕەنگ و شەوقی داوەتەوە کە ئەو بە پێچەوانەی کاک برایم عەلیزادە باس دەکا. تەنانەت ئەویش لەبارەی کۆتایی کۆنگرە و بڕیارەکانییەوە هیچ ناڵێ و نانووسێ. بەڵام لە لاپەڕەی ١٥٤و ١٥٥ی "٥ ساڵ لەگەڵ کاک عەبدوڵلای موهتەدی" دا دەڵێ:

" لەم کۆنگرەیەدا کە بۆ ئەوەڵین جار ڕێبەرایەتی هەڵبژێردرا و چون کۆمەڵە پێش ئەوەش سەرکردایەتی بوو، بەڵام بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو نەبوو، بە شێوەیەکی دانراو بوو." جالب ئەوەیە لێرەدا باسی کۆنگرەی یەکەم دەکا بەڵام دەڵێ: "لێرەدا سەرکردایەتی کۆمەڵەمان هەڵبژارد ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ئەوە دیارە پێداچوونەوەی دەبێ و من دەبێ لە هاوڕێیانی تریش بپرسم. بەڵام من ئاوام لە بیر ماوە کە " فوئاد مستەفاسوڵتانی"، من و "ساعد وەتەندوست" کە هێندێک جار بە (مامۆستا برایم) دەناسرێت لە دنیای پێشمەگایەتیدا ئەو سیانەمان هەڵبژێردراین....." سەیر ئەوەیە لە کاتی گرتنی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەدا، شتێک بە ناوی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوونی نەبووە چونکە بە قسەی خۆیان پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران

---

[1] - "تاریخ زنده کردستان، چپ و ناسیونالیسم" حسین مرادبیگی( حمه سور) لاپەڕەی ٣١٢ و ٣١٣

کۆنگرەیان گرتووە؟ دیارە لەوبارووە حاشییە دەڕوا! هەروەها لە درێژەدا موهتەدی دەڵێ:

"لە کۆنگرەی یەکەمدا باسێکی زۆرمان بوو، وە جیاوازییەکی زۆرمان بوو لەسەر ئەوەی کۆمەڵگای ئێران چ کۆمەڵگایەکە ئایا کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارییە یا خود کۆمەڵگایەکی نیوە موستەعمەرەو نیوە فئودالییە یا خود کۆمەڵگایەکی نیمچە فیئودالییە، دیارە لەوێدا بەتەواوی یەکمان نەگرتەوەو ئەو ناکۆکییە فکرییە هەر لە ناومان دا مایەوەو کە سالآنی دواتر ولآمی پێدراوە، ئەمە کۆنگرەی یەکەم بوو."

ئەگەرچی ڕێبەرانی زیندووی ئێستای کۆمەڵە – بە هەموو لقوپۆپەکانییەوە – هەموو سوورن لەسەر ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵە کە بۆ ساڵی ١٣٤٨ی دەگێڕنەوە، (لەبەر نەبوونی بەڵگە، مێژووی لەدایکبوونی دیار نییە)، بەلآم چۆنیەتی پێکهاتنی کۆنگرەی یەکەمیان دەریدەخا کە ئەوانە تا شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەتی تا ئازادبوونی فوئاد مستەفاسوڵتانی هیچ ڕێکخراوێکیان نەبووە. تەنیا دوای ئازادبوونی ئەو و بە هیممەتی ناوبراو ئەو گرووپە لە دەوری یەک کۆ بۆوە. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ناوبراو لە چالاکترین و کاراترین کەسانی چەپ لەو مەحفەلەدا بووە. دیارە لە نووسراوەکانی فوئاد مستەفاسوڵتانی هیچ بەڵگەیەک نییە کە بیسەلمێنێ کۆمەڵە ساڵی ١٣٤٨ دامەزرانی ڕاگەیاندبێ. چونکە کاک فوئاد زیاتر باسی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکا. بەلآم دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کۆمەڵە لە پێش ساڵی ١٣٥٧ دروست بووە بە قسەی بێبەڵگە ئەو مێژووە بۆ خۆیان دروست دەکەن، نەتەنیا لەسەر دامەزرانی کۆمەڵە وەک بەڵگە و سەنەد هیچ نووسراوەیەک بوونی نییە، بەڵکوو لەسەر کۆنگرەی یەکەمیشیان هاواهەنگ و هاودەنگ نین.

بە دەست پێکردنی خۆپێشاندانەکان لەهەموو بەشەکانی ئێران، کوردستانیش دەستی لەسەر دەست دانەنا و دامودەزگاکانی حکوومەتی پاشایەتی تێک پێچرانەوە. ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ـی هەتاوی، خەڵکی شاری سەقز هێرشیان کردە سەر شارەوانیی ئەو شارە و لە ئاکامی تەقەکردنی مەئموورانی ڕێژیمی پەهلەوی، محەممەدحوسێنی کەریمی بریندار

دەبێ و بەداخەوە پاش چوار ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، لە ڕۆژی ٢٦ـی ڕێبەندان گیانی لەدەست دەدا. دیارە ناوبراو یەکێک لە ناسراوترین ئەو کەسانە بوو کە لە ڕۆژی شەهیدبوونیدا ئیعلامی مەوجوودییەتی کۆمەڵە کرا.

ڕێبەرانی کۆمەڵە بەو وتانەی بۆخۆیان ئاماژەیان پێکردوە ڕابردووی کۆمەڵە بۆ ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی دەگێڕنەوە، لەحاڵێکدا تا ئێستا تاقە یەک بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەو ئیددیعایەی ڕێبەرانی کۆمەڵە لە بەردەستدا نیە. تەنانەت ئەوانەی کە ئەو کات باسی کۆمەڵەیان کردووە ویستوویانە بچنە ڕیزی کومیتەی شۆڕشگێریی حیزبی دێموکرات و لەگەڵ ئەوان خەباتی چەکداری بکەن. ساعد وەتەن‌دووست لەم پێوەندییەدا دەڵێ: "**بە بیستنی هەواڵی خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئێران، ئێمەش کەوتینە فکری یارمەتی‌دان و چوونە ناو ڕیزی ئەوانەوە، هەر بەو دەلیلە لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٤٦ لە شاری سەقز کۆبوونەوەیەکمان پێک هێنا بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانیان و چوونە ناو ڕیزی ئەو گرووهەوە، وە هەروەها لەسەر وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران و کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕامان کرد [...] لەلایەکی دیکەوە بە هۆی فشارهێنانی دەزگای ساواک و ئەمنییەتی حکوومەتی پەهلەوی کە دەستیان بە گرتنی خەباتگێڕان کردبوو، وەزعییەتی ئەمنییەتیی هاوڕێیان کەوتبووە مەترسییەوە و بەو دەلیلە هێندێک کەسمان ڕیزی خۆیان جیا کردەوە و ئێمەیان بەجێ هێشت. ئەو کەسانەی ماینەوە بڕیارمان دا بەهاری ١٣٤٧ لەگەڵ جووڵانەوە دەست بە خەبات بکەین.**"[1]

ئەگەر لەسەریەک بڕوانینە قسەکانی ڕێبەرانی کۆمەڵە دوای شۆڕشی ١٣٥٧، لەبارەی دامەزرانی ئەم حیزبەوە بۆمان دەردەکەوێ کە تا ٢٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ هەر یەکە بۆخۆی دژی ڕێژیمی پەهلەوی کاری سیاسیی کردووە، بەڵام بۆ دروستبوونی ڕێکخراوێکی وەک کۆمەڵە هیچکامیان بۆچوونەکانیان وەک یەک ناچێ، تەنانەت لەسەر کۆنگرەی

---

١- شقایقها بر سنگلاخ، گلرخ قبادی لاپەڕەی ٧٠.

یەکەمیش کۆک نین، بەڵکوو چەند کەسیان پێش دەیەی ١٣٥٠ ویستوویانە بەشداریی خەباتی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ بن.

هەروەک مێژوو نیشانی داوە کوردستان لەمێژ ساڵ بوو لەژێر ستەم و زوڵم و زۆری پاشایەتی‌دا بوو، هەربۆیە یەکپارچە بوو بە هەستی نەتەوایەتی. بە جۆرێک کە بەشی هەرەزۆری کوردستان بوو بە مەکۆی بیری ئازادی و شکڵگرتنی کۆڕە سیاسییەکان، حیزبی دێموکراتیش کە ڕیشەی مێژوویی لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریی‌دا بوو پەرەی گرتەوە. لەو نێوەدا کەسانێک بوون کە بۆخۆیان دوور لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات و بەشێوەی چینایەتی و بە هێنانە گۆڕ و تێکەڵکردنی جۆرێک لە داخوازیی نەتەوەیی و بەجیا تێکۆشانی خۆیان دەست پێکرد، کە کۆمەڵە یەکێک لەو ڕێکخراوانە بوو، بەڵام بەر لەوە وەک ئاماژەی پێدەکرێ ئەو کەسانەی دواتر لەژێر ناوی کۆمەڵەدا کۆ بوونەوە، سەرەتا وەک گرووپی شاری و ناوچەیی کاریان دەکرد.

لە هێندێک شوێن بە ناوی "یەکیەتیی جووتیاران" و لە ناوچەی دیکە بە ناوی "جمعیت"ی دیفاع لە مافە میللییەکان و ئازادیی گەلی کورد، یان "جمعیت"ی تێکۆشان بۆ مافە چینایەتی و میللییەکانی کوردستان تێکۆشانیان هەبوو. پاش ماوەیەکی کورت ئەو ناوانە کۆ کرانەوە و "سازمانی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" (کۆمەڵە)یان لێ دروست بوو. "کۆمەڵە" سەرەتای شۆڕش وەک ڕێکخراوێکی مائۆئیستی و پۆپۆلیستی، جووتیارانی پێ هێزی سەرەکیی شۆڕش بوو.

ئەوەی تا ئێستا و لەو چەند لاپەڕەیەدا لەبارەی مێژووی دامەزرانی کۆمەڵەوە گوترا، تەنیا لەو گۆشە نیگایەوە جێی سەرنجە کە بڵێین ناڕوونییەکی زۆر و فەکتی دژ و ناتەبا لەگەڵ یەکتریش لە زمان دامەزرێنەرانی خودی ئەو ڕێکخراوەیە لەسەر دامەزرانی ڕێکخراوەکەیان هەیە. ئەگینا لە پێوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەدا ئەمە وەک فاکتەرێک دەورێکی ئەوتۆ نابینێ.

# سەرهەڵدانی کۆمەڵە و
# دژایەتیی لەگەڵ حیزبی دێموکرات

لەگەڵ دامەزرانی فەرمیی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٧، ئەو گرووپە شارییانەی ناویان هات ڕەگەڵ کۆمەڵە کەوتن. کۆمەڵە بە دروشمی تایبەت بە خۆی لەو سەردەمەدا بەتایبەتی لە بەشی خوارووی کوردستان واتە سنە و مەریوان و سەقز و دیواندەرە، بەشێک لە توێژی لاو و ڕووناکبیری لە دەوری خۆی کۆ کردەوە، حاشای لێ ناکرێ کە لە سەرەتای شۆڕشدا مەسەلەی کۆمۆنیزم و چەپ و چەپگەرایی لە نێو لاوەکاندا ڕەنگی دابۆوە، هۆکارەکەشی هەلومەرج و فەزای زاڵ بەسەر کوردستاندا بوو. دیارە ئەویش لە بارودۆخی ئەو سەردەمەی دنیا و ناوچە و بۆشاییی ڕێکخراوێکی چەپی کۆمۆنیستییەوە سەرچاوەی دەگرت. بەمجۆرە کۆمەڵە لە هەموو کوردستان تەشکیلاتی خۆی دامەزراند و بنکەی خۆی کردەوە. ئەوەش لەکاتێک دابوو حیزبی دێموکرات درەنگ وەخۆ کەوت و ڕێبەرانی درەنگ گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات، هەروەها نەیتوانی هەموو ناوچەکانیش بگرێتەوە، جگە لەوانەش کادری بەناوبانگیشی لەو سەردەمەدا بە قەرای پێویست نەبوو. لەو بۆشایییەدا، کۆمەڵە بەتایبەتی لە سنە، مەریوان، دیواندەرە و سەقز خەڵکێکی زیاتری لە دەوری خۆی کۆ کردەوە. هەر بەو پێیە حیزب ئەو کات نەیتوانی کەسانی ناودار و بە توانا و حەشیمەتی زۆر لەو ناوچانەی خوارووی کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بەڵام کۆمەڵە توانیا کچان و ژنانیش لە ڕیزەکانی خۆیاندا لە حیزبی دێموکرات باشتر سازمان بدا، چونکە بەشداریی ژنان لە هەر هەلومەرجێکدا وزەبەخشە و ئەوکاتیش بۆ خەبات و بەربەرەکانی دژی ڕێژیمێکی دڕەندەی وەک کۆماری ئیسلامی پێویست بوو وەک پیاوان چالاکانە بەشدار بن. هەروەها کەسانی بەناوبانگی وەک فوئاد مستەفاسوڵتانی لە مەریوان،

"یووسف ئەردەڵان" و سەدیق کەمانگەر و بابانەکان لە سنە دەوری کارایان لە ڕێکخستن و بەرەو پێش‌بردنی کۆمەڵە لە خوارووی کوردستان هەبوو. ئەگەرچی موهتەدیش لەبۆکان دەوری گێڕا بەڵام موهتەدی نێوانێکی خۆشی لەگەڵ جووتیارانی موکریان نەبوو. سەرەڕای ئەوە بەتایبەتی عەبدوڵلای موهتەدی و برایم عەلیزادە لە تەواوی ژیانیان لە نەفەرە یەکەمەکانی کۆمەڵە و بڕیاردەری سەرەکی بوون، ئەوانە لەسەرەتای شۆڕشی ئێران بەکەم ئەزموونی خۆیان حیزبی دیموکرات و چارەسەری کێشەی نەتەوایەتییان دەرک نەکرد و دژایەتی پرسی کورد و قاسملوو و حیزبی دیموکراتیان وەک ڕێگای گەشەکردنی خۆیان هەڵبژارد و بناخەی دژایەتی لەگەڵ حیزبی دیموکراتیان دارشت.

لە سالانی ١٣٥٨ و ٥٩ خەڵکێکی زۆر لە دەوری بەرنامەی مائۆئیستی و پۆپۆلیستیی کۆمەڵە هالابوون. مەسەلەی نەتەوایەتی وەک خاڵی لاوازی کۆمەڵە بەرەبەرە دەرکەوتبوو و ببووە هۆی ئەملاوئەولاکردنی، کە دیارە لاوازیی کۆمەڵەی لە مەیدانی سیاسیدا نیشان دەدا. سەرەڕای ئەوە لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئێراندا کۆمەڵە کە سازمانێکی کوردستانی بوو بە دروشمی پۆپۆلیستی خەڵکی زۆری لە دەور کۆ ببۆوە. گرینگترین مەسەلەش لەکوردستان چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی و بیروباوەڕی کوردستانی بوو سەرەڕای بە بورژواییدانانی پرسی نەتەوایەتی، هیچکات لە کردەوەدا بە تەواوەتی نەیانتوانی خۆیان لەو پرسانە دامالن و ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کۆمەڵە لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشی ئێران و لەگەڵ دروستبوونی نەتوانێ خۆی لە پرسە نەتەوایەتییەکان لابدا، چونکی پرسی سەرەکیی کۆمەڵی کوردەواری ستەمی نەتەوایەتی و چارەسەری ئەو پرسە بوو. هەر ئەوەش بوو کە کۆمەڵە لە زستانی ساڵی ١٣٥٨ لە شاری بۆکان لە بەرنامەیەکدا یادی ٢ی ڕێبەندان، دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردەوە:

"لە جەماعەتی ئێمە واتە دەستەی دووهەم زۆربەیان چوون بۆلای کۆمەڵە، ئەگەرچی کەسێکی وەک شەهید "سولەیمانی بلووری" لایەنگری دامەزراندنی "حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان" بوو نەک "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" و

باوەڕی قووڵی بە کوردستانی گەورە هەبوو و هەر لەسەر ئەم باوەڕەش بوو کە یارمەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی دەکرد. پێش ئەوەی کە فارس و کۆمۆنیستی ئێرانی دە کۆمەڵە بخزێن، کۆمەڵە ڕێکخراوێکی تێکەڵاو لە نەتەوەیی و چەپ بوو. کۆمەڵە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ یەکەم جەژنی دووی ڕێبەندانی، لە مەدرەسەیەکی نێو شاری بۆکان ڕێک خست کە لە نێوان پێنج بۆ شەش هەزار کەس لەم جەژنەدا بەشدارییان کرد. شەهید "جەماڵی موفتی" چەند سروودی شۆڕشگێڕانەی پێشکەش کرد لەوانە شێعری "دووی ڕێبەنـدان"ی "سـوارە ئیلخـانیزادە" کە بە سـروود خوێنـدییەوە. کۆمەڵەیەک کە سـاڵی ١٣٥٨ بە بـۆنەی ڕۆژی نەتەوەیـی دووی ڕێبەنـدان ئاهەنگی ڕێکدەخست، دوو ساڵ دواتر باسی دووی ڕێبەندان لە نێو کۆمەڵە دا ئیتر بڤە بوو."[1]

حوسێن مورادبەیگی (حەمەسوور) کە یەکێک لەعامیلانی شەڕفرۆشی بە حیزب و لە ئاژاوەگێڕی شەڕی داسەپاوی کۆمەڵە بەسەر حیزبی دێموکراتدا دەستی بەهێزی بووە، بە لێکدانەوە بێ بنەماکانی لەسەرەتای دروستبوونی کۆمەڵە لەساڵی ١٣٥٧ەوە هێرشی خۆی دەست پێ دەکا، و لوولەی تۆپخانە تازە دامەزراوەکەی ڕوو بە حیزبی دێموکرات دادەبەستێ و کوێرانە و بێ ئامانج ئاوربارانی دەکا. ناوبراو بێ ئەوەی ئاوڕ لە ڕابردوو یا مێژووی نەتەوەکەی بداتەوە کە بزانێ چی کردووە و چۆن ڕۆڵەکانی تا ئەمڕۆیان هێناوە، بۆ نانەوەی دووبەرەکی لەنێو خەڵکی کوردستاندا و فریودانی خەڵک، باس لەخەباتی حیزبی دێموکرات دەکا و بە پێی عادەتی خۆیان کە ئەو کات سواری شەپۆڵی سەردەم بوون دەست بە چەواشەکاری دەکا. پێی وایە بە فەرمانی جیهادی خومەینی بۆسەر کوردستان مەسەلەی نەتەوایەتی و حیزبی دێموکرات زیندوو بۆتەوە. بڕواننە ئەو بۆچوونە کۆنەپەرستانەیە، حیزبێک کە داخوازییەکەی هی میلیۆنان خەڵکی کوردستان بووە، حەمەسوور دەڵێ چی: **".....تا پێش فەرمانی هێرشی خومەینی بۆسەر خەڵکی کوردستان، حیزبی**

---

[1]- بەشی ٢٥ی بیرەوەرییەکانی "پۆڵا نانەوازادە". لینک:
https://www.facebook.com/pola.nanvazade/posts/10212742749242952

**دیمـوکرات ئەو هێـزە نەبـوو کە فشـار بـۆ کـۆمەڵە بێنـێ، تەنـانەت دژی ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان ناحەقی بکا. حیزبی دیمـوکرات بۆ ئەوەی لەو گۆشەگیرییە بێتە دەر، بە پێچەوانەی مەیلی خۆی، زۆر جار بەناچاری جەمسـەری رادیکـاڵی کۆمەڵگـا بەدوایـی خۆیـدا ڕایدەکێشـا. ناسـیۆنالیزمی کوردی و حیزبی دیموکرات، بە فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سـەر خەڵکی کوردستانی ئێران زیندوو دەبێتەوە، بە هێنانەگۆڕی داخوازی خودموختاری بۆ نێو داخـوازیی جـووڵانەوەی کورد، بوو بە داخـوازیی سـەرەکی خەڵکی کوردسـتانی ئێـران، حیزبـی دیمـوکرات هێـزی لـێ وەرگـرت و بـووژایەوە. بەدوای ئەوەدا حیزبی دیموکرات ملهوڕی و کەڵەگایەتی دەست پێ دەکا."[1]**

ئەو قسەیەی ناوبراو هیچ بەڵگەیەکی لەپشت نییە و تەنیا قسـەیەکە کە لەزاری نـاوبراوە دێـتەدەر تـا خەڵکـی پـێ بەلاڕێـدا بەرێ. لە هەلـومەرجی ئەوکـات جەمسـەرێک لەکوردسـتان لەئـارادا نەبـوو ئەگەر مەبەستیشـی پڕۆلێتاریـای زەینی و خەیاڵی خۆیانە (کە ئەویش بوونی نەبوو) ئەوە قسـەیەکی دیکەیە! بە پێی بەڵگەکان جیهادی خومەینی بۆسەر خەڵکی کوردستان دەقیقەن ڕووی لە حیزبـی دیمـوکرات بـوو هەر ئەو حیـزبەش بـوو لەسەرانسـەری کوردسـتان داکۆکی لە خاکی کوردستان دەکرد. ئوسـوولەن کۆمەڵە لەوکاتەدا هێزیکی ٦ مانگە و تازە سەری هەڵدەدا، هێشتا بەتەواوی نەیتوانیبوو بێتە نێو معادلاتی سیاسـیی کوردسـتان، بـۆیە یەکەمـین هەنگاویـان بەدژایەتـی لەگەڵ حیزبـی دیموکرات دەستی پێکرد. مێژوو ناتوانرێ دەسکاری و چەواشە بکرێ، کاتێک شۆڕشی ئێران سەرکەوت و حیزبی دیمـوکرات تێکۆشـانی ئاشـکرای خـۆی لە ١١ی ڕەشـەممەی ١٣٥٧ لە سـتادیۆمی شـاری مەهابـاد ڕاگەیانـد بە دەیـان هەزار کەس حوزووریـــان بـــوو. بـــۆ ئاگـــاداری حوســـێن مـــورادبەیگی (حەمەسـوور) کـۆمەڵە چەنـد کەسـیان لەوێ بـوون تەنـانەت هەوڵیـاندا لەو دەرفەتە کەڵـک وەرگـرن ئـاژاوە بنێـنەوە ئەوە لەکاتێکـدایە حیزبـی دیمـوکرات کۆمەڵەی بانگهێشت کردبوو، بۆ ڕاسـتیی ئەو ئیدیعایە حەمەسـوور دەتـوانێ چـاو لە کتێبەکەی فوئـاد مستەفاسـوڵتانی بکـا. بـۆیە میتینگـی شـاری مەهابـاد

---

[1]- "تاریخ زنده کردستان، چپ و ناسیونالیسم" حسین مرادبیگی (حەمەسور) ص ٢٢٩

وەڵامێکی باشە بۆ ئەو ئیدیعا بێ بنەمایەی ناوبراو کە پێی وایە حیزبی دێموکرات لە گەلاوێژی ١٣٥٨ زیندوو بۆتەوە. ناوبراو ناچارە کە پەنا بۆ هێندێک دەستەواژە بەرێ کە ئوسوولەن لەوسەردەمەدا مانای نەداوە تەنیا لەلای ئەوان و لە زەینی خۆیاندا دایان تاشیوە. چونکە چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی دەمێک بوو بۆ خەڵکی کوردستان لە خودموختاریدا ڕەنگی دابۆوە. پرسیارێک دروست دەبێ ئەگەر خودموختاری وەک داخوازیی سەرەکی خەڵکی کوردستان حیزبی دێموکراتی پێ زیندوو بۆتەوە بۆچی کۆمەڵە دواتر تەنانەت ڕوونووسێک لەبەرنامەی حیزبی دێموکراتی کۆپی کردبوو کە لە بەرنامەی خۆی دا گونجاندی!؟ حوسێن مورادبەیگی دەبوو ئاماژە بۆ ئەم تەوەرانە بکا کە چۆن پێشگیرییان لە بەرنامەکانی حیزب دەکرد بۆ ئەوەی کۆمەڵەی تازە دامەزراوی خۆیان لە بەرامبەر حیزبی دێموکرات بە هێز بکەن. ئەگەر نازانێ ئێمە لە کاتی خۆی و لە جێگای خۆی لەو کتێبە ئاماژەی پێ دەکەین. حوسێن مورادبەیگی لەلایەک پێی وابوو لەدەورانی دەرەبەگایەتییدا دەژی وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ دەستوپێوەندییەکانی پێی وابووە کە کوردستان پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداری، بۆیە کوردستانی بەسەر دوو چیندا دابەش کرد.

"**بورژوازی کورد و حیزبی پێوەندیدار** (حیزبی دێموکرات) **هێشتا مەسەلەی نەتەوەیی کۆتایی نەهاتبوو تەسوییە حیسابی لەگەڵ پرۆلیتاریا دەست پێکرد، ئوسولەن بورژوازی سەبر دەکا خەباتی نەتەوەیی بەئاکام بگا ئەو کاتە دەست بە تەسوییە حسابی پرۆلیتاریا و سازمانی ئەو** (کۆمەڵە) **قەڵتوبڕ بکا، لە کوردستانی ئێران مەسەلەکە بە پێچیەانە بوو. بورژوازیی کورد و حیزبی پێوەندیدار "خەباتی نەتەوەیی" کۆتایی نەهاتبوو تەزادی تەبەقاتی خۆی لەگەڵ چینی کرێکار و سازمانی سیاسی** (کۆمەڵە) **گەورەتر دەبینی...**[1] ئەو دیدگایەی حەمەسوور بە تەواوی بۆچوونێکی دوور لە واقعییەتی کۆمەڵگای کوردەواری و دیدگای خەون و خەیاڵی زەینی خۆیان بوو چونکە لەکوردستان دوو توێژ بوونی نەبووە تا تەزادی تەبەقاتی گەورەتر لە مافی

---

١- "تاریخ زنده کردستان، چپ و ناسیونالیسم" حسین مرادبیگی (حەمەسور) ص ٢٢٨

نەتەوایەتی بێ و هیچكاتیش حیزبی دێموكرات هیچ مەسەلەیەكی لە پرسی نەتەوایەتی پێ گرینگتر و گەورەتر نەبووە، بۆ ئەو ئیدیعایەش مێژوو شایەتی دەدا كە حیزبی دیموكرات لە پێناو دەستەبەركردنی مافی نەتەوایەتی زیاتر لە ٥ هەزار شەهیدی داوە. **ئەوان پێویستیان بە دروستكردنی مەترسییەكی خەیاڵی گەورە لەسەر خۆیان بوو ئەویش لەنێو لێكدانەوە هەڵەكانیاندا حیزبی دێموكراتیان هەڵبژارد** چونكە ناساندنی ئیدئۆلۆژیی خۆیان لەشەڕ و توندوتیژیدا پێناسە دەكرد و بەدوای تەسوییە حیساب دا دەگەڕان. لەكوردستان گەورەترین كێشە مەسەلەی نەتەوایەتی بوو و هەموو چینوتوێژەكانی لە حەولی چارەسەری ئەو مەسەلەیەدا بوون. ئەوە موورادبەیگی و ڕێكخراوەكەی بوون كوردستانیان بە دوو چین دابەش كرد، ئەوە ئەوان بوون بەناوی پرۆلیتاریا خەڵكی كوردستانیان قەڵتوبڕ دەكرد، چونكە تا ئێستاش پاش چەندین دەیە ئەو ڕوانینە كۆنەپەرستانەی ئاڵوگۆڕێكی ئەوتۆی تێدا پێك نەهاتووە. ناوبراو لەنێو كۆمەڵگای كوردیدا ئەوەی ئەو بیری لێ دەكردەوە وەدی نەهات و بە زەقكردنەوەی بەناو چینێك كە هەر بوونی نەبوو تۆوی دووبەرەكییان دەچاند. مەسەلەی نەتەوایەتی زۆر لەوە گەورەتر بوو كە ئەوان بیریان لێ دەكردەوە تەنانەت چارەسەری كێشەی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی كۆمەڵەوە زۆر بێ بنەما بوو! حەمەسوور لەبیری چۆتەوە یا حافزەی لاواز بووە كە حیزبی دێموكرات چەندین جار بە حیزبەكەی ناوبراوی دەكوت كە چارەسەری كێشەی نەتەوایەتی با لە پێشەوەی هەموو كێشەكاندا بێ و ئەوە بۆ كورد كە دەیان ساڵە زوڵمی نەتەوەیی لەسەرە چارەسەر بكرێ و بە هاوكاریی یەكتر و بە برایەتی ئەو پرسە چارەسەر بكرێ، بەڵام حەمەسوور و هاودەستەكانی و ڕێكخراوەكەی پێیان وابوو حیزبی دێموكرات بە باس كردنی چارەسەری كێشەی نەتەوەیی خەڵكی كوردستان بە لاڕێدا دەبا و بە سەممی نەتەوەیی مەسموومیان دەكا! كەچی ئێستا سازمانێك كە ناوبرا خەباتی تێدا دەكرد بەشێك لەیارانی دێرینی غاری ناوبراو بۆ چارەسەری كێشەی نەتەوەیی بەقەولی خۆیان پێش حیزبی دیموكرات كەوتوون! ئەگەرچی حەمەسوور

ئێستاش نوقمی حکومەتی پرۆلیتاریای حیکمەتیست بوو و لەو زلکاوە تازە هاتنەدەری زۆر دژوارە. وادیارە حوسێن موورادبەیگی لەبیری چۆتەوە ئەحزابی کۆمۆنیست لەئێران چیان لێ بەسەرهات، لەلایەک وەک هەموو خەڵکی دیکە لە شۆڕشی ئێراندا بەشدار بوون لەو نێوەدا پرۆلیتاریای کورد بە ئاڵای سوور و نیروئامورو داس و چەکوشنیشان لەسەر شان و چەک بەدەست، بە تەمای ئەوە بوون بە سەر بورژوازیدا زاڵ ببن. کاتێک بوونە خاوەن چەکوچۆڵێش کەوتنە شوێن پرۆلیتاریای کوردستان کە بزانن لە کوێ دەست دەکەوێ، بەڵام لەکوردستان نەک هەر پرۆلیتاریا بوونی نەبوو بەڵکوو بورژوازیش نەدەبینرا. ئاوڕدانەوە لە مێژوو ئوسوولەن بەمجۆرە ڕووی داوە، ئەگەر لە وڵاتێک سیستمی سەرمایەداری سەقامگیر نەبێ سیستمی دەرەبەگایەتی زاڵە، لە هەلومەرجی ئەوتۆدا دەبێ کۆمۆنیستەکان تویژی "رعیت" یان وەرزێڕ سازمان بدەن و لە دژی چینی فیئۆدال هانی بدەن، بێ خەبەر لەوە کە ڕێژیمی پاشایەتی نزیک بە ٢٠ ساڵ پێشتر قۆڵی دەرەبەگایەتی کورت کردبۆوە و جێی وای نەهێشتبۆوە کە چەپ و کۆمۆنیستەکان دژی دەرەبەگایەتی بوەستنەوە. لەگەڵ ئەوەی وردە مالک و وردە بورژوا لە کوردستان مابوون ئەوان داخی دڵی خۆیان پێ ڕشتن و تۆڵەی پرۆلیتارییایینەبوونی کوردستان و پرۆلیتارییاییبوونی ئیسفەهان و تاران و شارەکانی دیکەی ئێرانی لێ کردنەوە. وەک شۆڕشی ١٩٠٥ی ڕووسیە دەستیان کرد بە دانانی شووڕا، سەندیکا، یەکیەتیی جووتیاران، کرێکاران، کوورەخانە، "معلمان"، "دانشآموزان" و ژنانیان پێک هێنا ڕاست وەک سوڤییەتەکانی پترۆگراد. لەلایەکی دیکەوە هاواری کوردین و مەردین و کاتی ئازادییە، و ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان، لە هەموو شوێنێکی کوردستان دەنگی دەدایەوە. چەپ و کۆمۆنیستەکان پێیان وابوو ئەو دروشمانە ناسیۆنالیستییە، هەر بۆیەش ئیدۆلۆژییەن لە ناسیۆنالیزم و کوردایەتی بێ بەری بوون، حەمەسوور و سازمانەکەی (کۆمەڵە) بەو دیدگایەوە بۆ ناساندنی ئیدئۆلۆژیی خۆیان کەوتنە نێو خەڵک و سیاسەتی خۆیان داڕشت و تەبلیغیان دەکرد و کەوتنە گیان خەڵک و حیزبی دێموکرات.

ئەو ڕێکخـراوەیە پاش دوو سـاڵ لە دامەزرانـی، لە بەهـاری سـاڵی ١٣٦٠ لە کـۆنگرەی دووهەمـی خـۆیدا بە مانـای واقعـی وشـە حاشـای لە مەسـەلەی نەتەوایەتی کرد و پشت گوێی خست، بە قەولی خۆیان بۆ بورژوازییان دانا و شـانیان وەبەر خەبـاتی چینـایەتی دا. هەڵـبەت ئەوە بڕیـاری کـۆنگرە و سـەرکردایەتی کـۆمەڵە بـوو و بەدەنەی ئەو ڕێکخـراوە هیچکـات بە تەواوی پرسـی نەتەوایەتـی وەلا نەنـا و هەر ئەمەش دواتـر بـوو بە ململانێی قووڵ لە ناو ڕیزەکانی ئەو ڕێکخراوەدا.

دیارە کۆمەڵە لە سەرەتاکانی دامەزرانییەوە (٢٦ی ڕێبەندان ١٣٥٧) خـاوەنی هـیچ بەرنـامە و پرۆگرامێکـی نووسـراو نەبـوو تەنیـا شـتێک کە بۆچـوون و ڕێبازی کۆمەڵەی پێ ڕوون دەکرایەوە ئاڕمەکەیان بوو کە لە سێ ئەستێرە و نیروئامووریک و قولینگێک و تفەنگێک پێک هـاتبوو. ئەگەرچی ئەوکات واتا و مانـای ئەو ئـاڕمە بـۆ زۆربەی ئەنـدامانی کـۆمەڵەش ئاشـکرا نەبـوو نەیـان دەتوانی شی بکەنەوە ئەو ئاڕمە باسی چی دەکا، بە کورتی مانای ئـاڕمەکە بە ڕوونـی ڕێبـازی سیاسـی سێ جیهـانبینی کـۆمەڵەی تێدا ئاشـکرا دەکـرد. بەو مانـایە کە جیهـان لە سـێ بەرە پێکهـاتووە. لەلایەک ئەمریکـا و یەکیەتیـی سـۆڤیەت دنیـا دەچەوسـێننەوە، لەلایەکـی دیـکەوە وڵاتـانی سـەنعەتیی پێشـکەوتووی ڕۆژئـاوا کە ئەوانـیش خۆیـان لەلایەن ئەمریکـا و یەکیەتیـی سوڤیەتەوە دەچەوسێنەوە، بەڵام خۆشیان چەوسێنەرن. باقیی وڵاتـانی جیهـان ئەو وڵاتـانەن کە لە هەمـوو لایەکەوە دەچەوسـێنەوە. کەوابـوو پێویسـتە ئەو وڵاتـانە لەدژی ئەمریکـا و یەکیەتیـی سـۆڤیەت لەلایەک و لەدژی وڵاتـانی سـەنعەتی لەلایەکـی دیـکەوە یەک بگـرن و خەبـات بـکەن. نیروئـاموورەکەش نیشانەی ئەوە بوو کە کۆمەڵە زۆرتر بڕوای بە شۆڕشی جووتیاری هەبوو تـا کرێکـاری. هەربـۆیەش هەمـوو هەوڵوتێکۆشـانی خۆیـان تەرخـان کردبـوو بەڵکـوو جووتیـارانی کوردسـتان بـۆ لای خۆیـان ڕاکێشـن و لەدژی دەرەبەگـایەتی! ڕێکیـان بـخەن. دەرەبەگـایەتییەک کە هەر لە دەورانـی دەسـەڵاتداریی شـاوە وەک سیسـتم هەڵوەشـابوو. لەو پێوەنـدییەدا بـوو

ئەندامانی کۆمەڵە وەک "ناردونیکەکان"ی[1] ڕووسیە لیباسی کۆنیان لەبەر دەکرد و دەچوونە نێو جووتیارانی کوردستان و کاری وەرزێرییان دەکرد. شایانی باسە سەرەڕای لەبەرکردنی جلوبەرگی کۆن و کارکردن لەگەڵ جووتیاران، بەڵام ئەو چینە بە خەستی هاوکاری و لایەنگری حیزبی دێموکراتی دەکرد. پاش ماوەیەک کە هەلومەرجی شۆڕش سەخت بۆوە، پۆپۆلیزمەکەش بۆ شۆڕش نەبوو بە نان و ئاو. تەنانەت کە یارمەتیی خەڵک کەم بۆوە داوایان لە جووتیاران دەکرد دەبێ یارمەتی بە کۆمەڵەش بدەن، بەڵام خەڵک تازە تێگەیشتبوون و ئیتر درەنگ ببوو.[2]

هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە بادانەوەی کۆمەڵە بۆ حەلی مەسەلەی نەتەوەیی، خەڵکی تووشی سەرسوڕمان کرد. هەڵبەت لە مەسەلەی بیروباوەڕی نەتەوایەتیدا سنووری خۆی لەگەڵ بەناو "بورژوازی" بەو قسەیە جیا کردەوە کە "**هەرچی بورژوازی لە مەیداندا دەیکا ئەو هەر گوێشی پێ نادا.**" ئەو کارکردەو لەخۆباییبوونەیان سەرەنجام بە هەڵەی بردن و پێیان وابوو کە دەبێ بکەونە ململانێ لەگەڵ حیزبێکی کە نزیک بە ٤٠ ساڵ پێشتر دامەزرابوو و ڕیشەیەکی مێژوویی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا هەبوو و خاوەنی بەرنامەیەکی ڕوون و دیاریکراو بوو تا لە کۆتاییدا بە خەیاڵی خاوی خۆیان بتوانن هێژموونی و دەسەڵاتی خۆیان بە زۆرەملی بەسەر ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا بسەپێنن. کۆمەڵە لەو سەروبەندەدا بەرنامەیەکی ڕوونی بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی نەخستبووە ڕوو.

"لە سەرەتای شۆڕشدا خودموختاریی بۆ کوردستانی ڕەد دەکردەوە و پێی ویستێکی بورژوازی بوو، بەڵام کە دیتی ئەو دروشمە کە زۆر لەمێژ بوو حیزبی دێموکرات مەترەحی کردبوو، بۆتە داخوازی کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵکی کوردستان، ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێ بەناچار دروشمی خودموختاری لە بەرنامەی خۆیدا گونجاند، لەڕاستیدا ڕوونووسێک بوو لە

[1]- دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕووسیەی تزاری کە بەو جووڵانەوە دەکوترا ئیدئۆلۆژی، کە تێکەڵاوێک لە سۆسیالیزمی "دهقانی" و پۆپۆلیزم بوو.

[2] – بڕوانە "حیزبی دێموکرات چییە؟" تێکۆشەری ژمارە ٧

بەرنـامەی حیزبـی دێمـوکرات دیـارە لەبـارەی شـتی بچـووک یـان وشـە جیاوازییەکی زۆر کەم بەرچاو دەکەوت"[1]. بەڵام ئەو بەرنامە چ بوو؟ "یەکەم، بەرنامەی کۆمەڵە لێوانلێو لە دروشمی بێنێوەرۆک و بەناو شۆڕشگێڕانە و دووەم، بەکارهێنـانی ڕسـتە و دەسـتەواژەی نـاڕوون و دژبەیەک بـوو. سـەیر ئەوەیە ئەو بەرنامەی خودموختارییە دواتر لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا تەنـانەت ناویشـی نەهـاتوە. پاشـان لە کـۆنگرەی شەشـەمی کـۆمەڵە لەسـاڵی ١٣٦٧دا هەرچەند "گەلاڵەی کرێکاران بۆ لابردنی ستەمی میللی" هـاتە کـایەوە، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە بەرنـامەی کۆمەڵە بۆ خودموختـاری پێک نەهـات. مەسـەلە هەر ئەوە بـوو کە کـۆمەڵە نەیـدەوێرا دروشـمی خودموختـاری بە یەکجاری وەلا بنێ."[2]

لە مەسـەلەی خودموختـاری و پشـتیوانیی هەمەلایەنەی خەڵـک لە خوموختاری، کۆمەڵە پێی وابوو بە هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان، خودموختـاری زەق بـۆتەوە و بـۆتە پرسـێکی هەمەلایەنە. بەڵام بە پێچەوانەی بۆچـوونی کـۆمەڵە، مەسـەلەی خودموختـاری لەکۆنفرانسـی سـێی حیزبـی دێمـوکراتەوە لە بەرنـامەی دایە و لە کۆنگرەی سێهەمیش تەئکیدی لەسـەر کراوەتەوە و هەر لەو کاتەوە بۆتە جێی پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵک.

لەوبارەوە کاک برایم عەلیزادە دەڵێ:

"هێرشـی نیزامیـی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی لە ٢٨ی گەلاوێـژی ٥٨ بـۆ کوردسـتان، بـووە هـۆی ئەوەی زۆر پـرس و بـابەتی کۆمەڵایەتی و چینـایەتی بکەوێـتە ژێـر کـارتێکەریی ئەو هێـرش و سـەرکوتە نیزامییـانە. بـزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە خەباتی ڕاستەوخۆ لە پێناو داوا سیاسی و ئابوورییەکانی بۆ وەدیهێنانی دێموکراسیی بەکردەوە و دەسکەوتەکانی خەباتی ساڵی ١٣٥٧، لەو ڕێکەوتەوە بۆ سـەنگەری بەرگری لە خـۆی لەهەمبەر پەلامـاری نیزامیی دەوڵەتـی ناوەنـدی گـۆڕدرا. لەو وەزع و بـارودۆخەدا بـوو کە ویسـتی خودموختـاری لەسـەر بنەمـای سـتەمی نەتەوایەتـی لە کوردسـتان لەلایەن

[1] – هەمان سەرچاوەی پێشوو

[2]– بڕوانە "بۆچی کۆمەڵە لە واقعییاتی کوردستان دەرس وەرناگرێ؟" تێکۆشەر، ژمارە ٥٥

بورژوازیی کوردەوە هاتە بەرباس و بووە سەرتۆپ و سەرچڵی ویست و داخوازەکان و لە هەموو ماوەی ساڵی ٥٨دا دروشمی خودموختاری و شێوەی پێوەندییی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندی دەبێتە تەوەری سەرەکیی بزووتنەوەی کۆمەلانی خەڵک لە کوردستان. کۆمەڵە لەو قۆناغەشدا بەرەوڕووی هەندێ بابەتی نوێتر دەبێتەوە. هاوپێوەندیی و یەکیەتیخوازییەکی بەربلاو کە بەهۆی هێرش و سیاسەتی سەرکوتی دەوڵەتی ناوەندی پەرەی سەندبوو و حەز و هۆگری بە سازان و ڕێککەوتن لەگەڵ حیزب و هێزە سوننەتی و بورژوازییەکانی ئەو کاتی دروست کردبوو، دەبووا لەلایەن کۆمەڵەوە وڵامێکی شیاو و شۆڕشگێڕانە وەربگرێتەوە. هەروەها ویست و داوای بزووتنەوەی کۆمەلانی خەڵکیش دەبووا لەلایەن کۆمەڵەوە دەربڕینی بۆ بکرێ و فۆرمووڵە کرابا و بنەما سیاسییەکانی ئێمە لە هەمبەر وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ڕوون کراباوە. دەبووا وڵامی مەنتیقی و شۆڕشگێڕانە بە سیاسەتی خۆبەدەستەوەدان و سازشکاریی بورژوازیی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دراباوە کە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و کۆمەلانی کوردستانی خستبووە ژێر مەترسییەوە".[1]

لێرەدا وا دیارە کاک برایم لە یادی چووە کە ئەوانیش ئەندامێکی هەیئەتی وتوویژ بوون، لەو بارەیەوە کۆمەڵە هەڵوێستی فەرمی و گەلاڵەکراوی لەسەر وتوویژ لەگەڵ ڕێژیم لە "پێشڕەو"ی ژمارە ٣٥دا چاپ و بڵاو کردۆتەوە. ویستێک کە ویستی هەمەلایەنەی کۆمەلانی خەڵکە و کاک برایم دەیخاتە پەراوێزەوە و مەسەلەی چینایەتی زەق دەکاتەوە. پاشان لەو هەلومەرجەدا بەرنامەیەکی ڕوون لەنێو سیاسەتەکانی کۆمەڵەدا بەدی نەدەکرا، بێجگە لە یەک مەقوولە، ئەویش دژایەتیی ناسیۆنالیزم بوو تا سەر ئێسقان. چونکە پێی وایە مەسەلەی نەتەوەیی و ویستی خودموختاری کە لەو سەردەمەدا بۆتە ویستی خەڵک "فلسفە"ی حیزبی دێموکراتە و هێز لەوە وەردەگرێ. بڕوانە ئەو سەرچاوەی خوارەوە.[2]

---

[1]– جمع‌بندی فعالیت تا کنونی کومەلە موقعیت فعلی و دورنمای آیندە.

[2]– "ئەوەی کە پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە هەبێت، فەلسەفەی ناوەڕۆکی پرسی نەتەوەیی و خودمۆختارییە کە پێکەوە گرێ دراوەتەوە و لەو دوو چەمکەش سەرچاوە

بەڕوونــی دەردەکەوێ کە نــاوبراو وێــڕای ڕێبەرانــی دیــکەی کــۆمەڵە، چارەسەری کێشەی کوردی کە لە خودموختاریدا ڕەنگی دابۆوە، بۆ گرینگ نەبوو. ئەوەی لای ئەوان گرینگ بوو دژایەتی لەگەڵ حیزب و بەرنامەکانی بوو. دەکرا کوردیش حیزبی کۆمۆنیستی هەبێ بەڵام چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی یەکێک لە ئەرکەکانی بایە نەک دژایەتی کردن لەگەڵ هەموو داخوازەکانی گەلی کورد، یان داخوازییەکانی بە شوعاری ناڕوون ببەستیەوە. کۆمەڵە نەک هەر نەدەبوو بەرنامەیەکی بۆ چارەسەری کێشەی کورد نەبێ ئەوەیکە هێز و خەڵکی بە ئەندازەی خۆی هەبوو و وەک حیزبی دووهەم ئەژمار دەکرا دەیتوانی باڵی چەپی کوردستان بێ و لە ڕوانگەی کوردستانەوە کاری کردبایە و بۆ چارەسەری پرسی کوردیش هەوڵی دابایە کە نەیکرد.

کـۆمەڵە ناکۆکییەکـان و جیاوازییەکـانی خـۆی لەگەڵ حیزبـی دیمـوکرات فورمـووڵە و تەبلیـغ دەکـرد، بەهـۆی نفـووزی کەم تـا زۆری ڕێبەرانـی ئەو ڕێکخـراوەیە پـاش دوو سـاڵ لە بـاری چەنـدایەتییەوە وەک هێـزی دووهەمـی کوردسـتان چـاوی لـێ دەکـرا، سیاسـەتی دوژمنکـارانەی کۆمەڵە لە سـەرەتای دامەزرانیەوە لەهەمبەر حیزب و دژایەتیی ڕەهای لەگەڵ حیزب لەژێر ناوی "بورژوازی"دا هەنگاوەکانی خێراتر کرد. ڕێبەرانی کۆمەڵە لە پێوەندییی لەگەڵ حیزبی دیمـوکرات لە ڕۆژەکـانی یەکەمەوە بە هەڵوێسـتی تونـد و دژبەرانەوە هـاتنە مەیـدان. هەرچەنـد هـیچ شـەڕێکی فیزیکـی ڕووی نەدابـوو، بەڵام ئەوان زەمینەیـان بۆ شـەڕێکی مـاڵوێرانکەر دروسـت کـرد. چـونکە لەو سـەروبەندەدا ئەرکی گرینگی ئەوان دژایەتیی بێئەملاوئەولای دیموکرات بوو. کۆمەڵە باش دەیزانـی کە نفـووزی حیـزب چەنـدەیە، بـۆیەش بە قەولـی کـۆمەڵە تێکشـکانی

---

دەگرێت، لەسـەر ئەم دوو بنەمایەش بە پشتبەسـتن بە ناسیۆنالیزمی ڕەسـەن لە کوردستاندا بەردەوام لەسـەر ئەو داوایە سـوور بـووە، بەڵام خودمۆختـاری.... لە سـەردەمانێک دەبێت بە یەکێـک لە داوا ڕەواکـانی بـزووتنەوەی جەمـاوەریی خەڵکـی کوردسـتان کە بـزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران لەسەر ئامانج و داخوازییە گشتییە دیموکراتیکەکان پاشەکشەی دەکرد و شەپۆلەکانی بەرەو ئارامگرتن و ماکتبوون دەکێشرا. {ئامانجە گشتییە دیموکراتیکەکان ڕوون نیە مەبەستی چیە} هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٣

"بورژوازیی کورد" بۆ ئەوان سەرکەوتن بوو. لەو پێوەندییەدا لە ساڵانی یەکەمی دوای شۆڕش‌دا دەرەتانی کۆبوونەوەی سیاسی بۆ خەڵک زۆرتر پێک دەهات و لە هەموو کۆڕوکۆبوونەوەیەک، کاری سەرەکیی کۆمەڵە، دژایەتیی حیزب بوو.

هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و بەربەرەکانیی هێزەکانی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵەی زیاتر لە کوردستان خستە پەراوێزەوە، تەنانەت لە شەڕی جادەی پیرانشار – سەردەشت جارێک دوکتور قاسملوو بە عەبدوڵلا موهتەدی گوتبوو کە ئێوە ۲۰۰ پێشمەرگەتان لەم ناوچەیە هەیە، هێزێک بنێرن با فشار زۆر لەسەر شانی پێشمەرگەکانی ئێمە کەم بێتەوە. لە وڵامدا گوتبووی ئێمە لە هەموو کوردستان ۲۰۰ پێشمەرگەمان نییە.[1] ئەو وڵامەی کاک عەبدوڵلا ئەوە دەگەیەنێ دەیانەویست هێزەکانی کۆمەڵە بپارێزن و ئەوە لەکاتێکدا بووە کە بە حیزبی دێموکراتی گوتوە "سازشکار" بەڵام پێشمەرگەکانی حیزب لە پێشەوەی بەرەکانی شەڕدا بوون.

کەمی‌هێنانی کۆمەڵە و تەریک مانەوە بە هۆی بێ بەرنامەیی و ناڕوونی لەنێو ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان پێویستی بە بەهانە و پاساو هێنانەوە هەبوو، بۆیە هەنگاوی نادۆستانەیان هەڵدێناوە. هەر لەم ڕاستایەدا بە مەبەستی جێبەجێکردنی ویستی نادێموکراتیکیان، دەستیان دایە دژایەتی و هەرچی ئەندام و لایەنگری کۆمەڵە بوون لەو کۆبوونەوانەی بۆیان دەگرتن دەیانکردنە دوژمنی حیزبی دێموکرات و هەوڵ و بەرەنگاریی ڕێبەرانی کۆمەڵە تا ڕادەیەک نامەنتیقی بوو کە دژایەتیی هەموو کارێکی بەجێی حیزبی دێموکراتیان دەکرد.

ئەوەی زیاتر کۆمەڵەی هاندا بەربەرەکانی توند لەگەڵ حیزبی دێموکرات بکا، لەو سەروبەندەدا دوو مەسەلە بوو: یەکیان ئەوەیە کە لەو سەروبەندەدا کۆمەلە هەڵوێستێکی توندوتیژ لەبەرامبەر حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی ئێرانی‌دا دەگرت، چونکە ئەندامانی کۆمەڵە زۆرجار تووشی ناکۆکی و

---

[1] – وتوویژی نووسەر لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن‌زادە، ڕۆژی ١٦ی ڕێبەندان ساڵی ١٣٩٦، ئەم وتوویژە بڵاو نەکراوەتەوە و لە ئەرشیڤی نووسەردا پارێزراوە.

ناتەبایی نێوخۆ دەبوون و ڕوویان دەکردە سازمانەکانی دیکە بەتایبەتی حیزبی دێموکرات. لەو بارەوە ڕێبەریی کۆمەڵە نیگەرانیی تێکەوتبوو، بۆیە هەمیشە هەوڵی دەدا و تێدەکۆشا پێشمەرگەکانی بەگیانی دژی حیزبی دێموکرات ڕابێنێ و ڕێگای هاتوچۆ و تێکەڵاوی لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی بەربەست دەکرد. چونکە باوەڕیان وابوو ئەگەر گرینگیان بەو کارە نەدابایە و لە حیزب نزیک بانەوە، زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵە ڕوویان لە نێو حیزب دەکرد، هەروەک زۆر جار ڕووی دا.

دووهەم: ئەوەی زۆر کۆمەڵە بیری لێ دەکردەوە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی بۆ دەدا تەنانەت زۆر جار پێشمەرگەکانی دەکردە قوربانی ئەو فیکرو ئامانجە، بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە کوردستان بوو. کۆمەڵە زۆر لە مێژ بوو بۆ ئەم مەبەستە تێدەکۆشا و هەوڵی بۆ دەدا تەنانەت زۆر جار گەڵالەی لەپێشدا ئامادەکراوی لەبەردەست بوو و خۆشی تاقی دەکردەوە، هەر وەکوو زۆر جار لەجنووبی کوردستان هەوڵیاندا و تێکشکان، کەوابوو بە پێچەوانەی کاک برایم عەلیزادە کە دەیگوت. "ئێمە هیچکات لە تێکهەڵچوونەکانی نێوانمان لەگەڵ حیزبی دێموکرات پێشقەدەم نەبووین". بە پێچەوانەی ناوبراو هەمیشە هەڵوێستی دوژمنانەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆتە هۆی تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە نێوان حیزب و کۆمەڵەدا.

"بۆ نموونە حیزب ژنبەژنەی قەدەغە کردبوو، ئەوان جەوازی ژن بە ژنەیان دەدا بەو بنەماڵانەی دەیانویست موعامەلەی "پایاپای" بە کچەکانیان بکەن. حیزب بڕینی جەنگەڵی قەدەغە کردبوو، ئەوان بە دێنشینەکانیان دەگوت جوابی حیزب مەدەنەوە، جەنگەڵ موڵکی خۆتانە و بچن بیوری تێکێشن."[1] دیارە ئەو شێوە کار و هەڵسوکەوتەی کۆمەڵە کە دواتر ئاماژەی پێ دەکرێ لەهەورامانیش ڕووی دا، بۆیە لە ئەنجامدا شەڕی خوێناویی چەند ساڵەی لێ کەوتەوە.

بەدوای بڵاوبوونەوەی وتاری عەبدوڵڵای موهتەدی لە کۆنگرەی دوودا، تەبلیغاتێکی بەگوڕوتینیان دژی حیزب لە تەواوی کوردستان وەڕێ خست کە

---

[1]- نیوسەدە تێکۆشان بەرگی دووهەم لاپەڕە ٦٨

بەو تەبلیغاتە ناکۆکیی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات زیاتر پەرەی ستاند. هەروەهــا کاریکیــان کــرد کە لەژێــر نــاوی دەمــامکی تەبلیغــاتی و وشیارکردنەوەدا، تۆوی نفرەت و ڕقوقینیان دەپرژاند و ڕیزەکانی خۆیان بەگیانی لەئاشتینەهاتوو لەگەڵ "بورژوازیی کورد" دنە دەدا.

فاتح شیخولئیسلامی لەم بارەیەوە دەڵی:

"تەبلیغاتی ئێمە بە شێوەی ئاسایی لە خزمەت وشیارکردنەوەی کرێکاران و کۆمەلانی خەلکدایە، هەر ئەمە بۆتە هۆی نارەزایەتی و هەڵەشەبوونی حیزبی دێموکرات. ئەگەر تەبلیغات لای حیزبی دێموکرات وەک جۆرە توجارەتێک چــاوی لێــدەکرێ، لەلای ئــێمە هەمیشــە وەک وەســیلەیەک بــووە بــۆ وشیارکردنەوەی کرێکاران و ئاگادارکردنیان لە واقعیاتی نێو کۆمەڵ و لە وەزعیەتــی سیاســی و لە مــاهییەت و کــارکردنی هێــزە سیاســییەکانی نێــو کۆمەلگــا. جــا ئەگەر ئەم تێکۆشــانەی ئــێمە لەگەڵ بەرژەوەنــدیی حیزبــی دێموکرات وەک حیزبێکی بورژوازی سازگار نەبوو، ئەوە بە خودی ئەو حیزبە و قازانج و مەسڵەحەتی چینایەتیی خۆی مەربووتە. لە داهاتووشدا بێگومــان ئــێمە تەبلیغــاتی وشــیارکەرانەی خۆمــان لەنێــو کرێکــاران و زەحمەتکێشانی کوردستاندا درێژە پێدەدەین و ئەگەر کەسانێک نەتوانن تەحەممولی بکەن، دەبێ فکرێک لەحاڵی خۆیان بکەنەوە".[1]

لەو پاراگرافەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەگەر بەو شێوەیەی ئەوان باس لە تەبلیغاتی وشیارکەرانەی کۆمەڵە دەکەن، دەبێ قەبووڵ بکەین کە کۆمەڵە ویستوویەتی لە پروپاگاندای سیاسیی خۆیدا شوناسی خۆی لە پێوەندیی دەگەڵ دەرەوەی خۆی ڕوونتر بکاتەوە. بە بورژوا دانانی حیزبی دێمــوکرات و دژایەتــی هەمەلایەنەی لەگەڵ ئەم حیــزبەی کردبــووە خــاڵی جیاکەرەوەی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکرات! بە ئەزموون دەرکەوتووە لەو شوێنەی دەنگی جیاواز یا دەنگێگ دژ بە سیاسەتی ئەوان بێ کپ دەکرێ و دەخنکێنــدرێ و پــێش بە ڕەهەنــدی هەمەلایەنە و فرەچەشــنی دەگیــرێ و

[1] – وتاری "بیانووی کۆن لەزمان حیزبی دێموکراتی تازەوە" پێشرەوی ژمارە ٩ ساڵی شەشەم، دەورەی دووهەم

پێکەوەژیان و ژیانی ئاشتەوایانە لەگرێژەنە دەچێ، بێگومان توندوتیژی جێگای دەگرێتەوە کە ئەوەش ویستی کۆمەڵە بوو، لە ڕاستییدا ئەو بیرۆکەیەی کۆمەڵە لەسەر سڕینەوەی بەرامبەرەکەی دامەزرابوو، واتە کۆمەڵە بە پشت بەستن بە ئایدۆلۆژییەک وای دەزانی کە ڕاستی و حەقیقەت لە پاوانی ئەوان دایە و دەبێ بە پاڵپشتی وەها ئایدۆلۆژییەک حیزبی دێموکرات بسڕنەوە یان لە مەیدان وەدەری نێن.

لەو سەردەمەدا کە کۆمەڵە حیزبی دێموکراتی بە "سازشکار" دادەنا واتە ڕاست ئەو ساڵانەی کە حیزبی دێموکرات ڕووبەڕووی شەڕێکی داسەپاو و نەخوازراو ببۆوە و ئەم حیزبە پێشی بە هێزی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی گرتبوو و هەموو خەڵکی کوردستان پێیان وابوو کە جووڵانەوەی کورد لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە یەکگرتوویی و هاواهەنگیی نێو ڕیزەکانی هێزە سیاسییەکانی هەیە، کەچی ڕاست لەو کاتە ئاستەم و دژوارەدا کۆمەڵە لەجیاتی ئەوەی هەوڵی بۆ تەبایی و یەکڕیزیی ناو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵ دابێ، لەژێر ناوی "خەباتی چینایەتی"، دەستی کرد بە ململانێیەکی نەشیاو و ناسالم لە گەڵ حیزبی دێموکرات و بەداخەوە لەم پێناوەدا لە هیچ کردەوەیەکی نابەجێ و غەیرە ئوسوولی لە ئاست حیزبی دێموکرات سڵی نەکردەوە و ڕیزەکانی بزووتنەوی کوردی بەرەبەرە لێک ترازاند.

"خوێندنەوەی سەقەت و نادروستی بلاڤۆکی پیشڕەو، لە شەڕی دوو هێزی سیاسیی چەکدار، ببووە هۆی ئەوە کە بچووکترین کێشە بەناوی شەڕی چینەکانەوە بۆ نێڵدانی سۆبەی شەڕی براکوژی بەکار ببا، کەچی سەیر ئەوە بوو لەو شەڕەدا نە چینی بورژوازیی کورد بۆ پشتیوانی لە حیزبی بورژوازیی کورد دەبینرا و نە چینی پرۆلتاریای "ئاگای" کوردستانیش بۆ بەچۆکدا هێنانی نەیاری خۆی بە هانای حیزبی چینایەتیی خۆیەوە دەهات، بەڵام پێشڕەو بە مەبەستی ئەوەی توانیبێتی هەرچی زیاتر مەشرووعییەت و ڕەوایی بە شەڕی براکوژی بدا، گشت پەیڤ و وشە و خیتابی سیاسیی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە ئەو شەڕە وەک شەڕێکی چینایەتی بداتە قەڵەم

تــا لەو ڕێگــایەوە هێــز و توانــایەکی پتــر بــۆ ســەرکەوتنی سیاســەتی شەڕخوازانەی بەدەست بێنێ".[1]

کاتێــک کــۆمەڵە کوردســتانی بە دوو چینــی "آشــتیناپذیر" دابەش کــرد، دژایەتیی هەموو بڕیارێکی حیزبی دێموکراتی لە کوردستان دەکرد هەرچی لە بەرژەوەندیی خەڵکیش بوایە دژی دەوەستاوە. لەو سەروبەندەدا، زۆر بڕیاری بەجێ لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە پەسەند و جێبەجێ کرا و مخابن کۆمەڵە بە دژییان ڕاوەستا!

* دابەشکردنی زەوی‌وزار بەسەر خەڵکی هەژار و جووتیارانی بێ‌زەوی‌دا، بەپێی گەڵاڵەیەکی پێشکەوتووانە و سەردەمیانە کە بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ داڕێژرا خەڵکی بێ زەوی بەشی زۆریان دەبوونە خاوەن زەویی کشتوکاڵ و، حیزب ڕێکخراوەکانی خۆی لە کوردستان ڕاسپارد و بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە ئەرکی بۆ دیاری کردن. دیارە زۆر بەخێرایی ئەم بڕیارە کەوتە بــواری جێبەجێکردنــەوە. جێبەجێکــردن و دابەشــکردنی زەوی بــووە هــۆی پووچەڵکردنــەوەی ئــەو پڕوپاگەندانــەی کۆمەڵــە کــە خۆیــان بــە لایــەنگری وەرزێــڕان و حیزبــی دێموکراتیــان بــە لایــەنگری دەرەبەگــایەتی بــە خــەڵک دەناساند. سەرنجڕاکێشە کە دواتر بۆخۆشیان داوای زەکاتیان لە جووتیاران دەکرد.

* دامەزرانــدنی کــۆڕی پــەروەردە و فێرکــردن لە مێــژووی خەڵکــی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا یەکێک لە کارە بەرچاوەکان و شاکارەکانی ئەو حیــزبەیە بــۆ خزمــەت بــە خوێنــدەواربوون و گەشــەکردنی منــداڵانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئابڵۆقەی خستبووە سەر کوردستان و ڕێگری لەوە دەکرد کە مامۆســتایان لــە شــارەکانی دیکەڕا بــێن بــۆ ناوچــەکانی ژێــر دەســەڵاتی پێشمەرگە. لەو پێوەندییەدا کۆڕی پەروەردەی حیزب کتێبی کوردیی لە چاپ دابــوو و بەشــێک لــە پێشــمەرگە خوێنــدەوارەکانیش لــە دەورەکــانی پەروەردەکردنی مامۆستادا بەشدار بوون بۆ ئەوەی ئەرکی مامۆستایەتی لەو

[1]- بڕوانە نامیلکەی "ڕێبازی کۆمەڵە لە توێی بەڵگەکاندا"، ئەیوب ئەیوبزادە.

قوتابخانانەدا بەڕێوەبەرن. بەڵام کۆمەڵە لە هەرکوێ بۆی کرابا دژایەتیی بەرنامەکانی کۆڕی پەروەردەی حیزبی دەکرد و تەنانەت دەستی لە مامۆستایانی ئەو کۆڕەش نەپاراست![1]

* حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕێکخستنی کاروبار و پێوەندییەکان و جێگیرکردنی نەزم و ڕێوشوێنەکان، سزادانی تاوانباران و جێگیرکردنی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی گەڵاڵەیەکی لەژێر ناوی "قانوونی سزادانی گشتی" پەسەند کردبوو و جێبەجێکردنەکەشی بە ڕێکخراوەکانی حیزبی سپاردبوو. بۆ نموونە  دیاردەی دزێوی ژن بە ژنە و، گەورە بە چووکە لەو گەڵاڵەیەدا بە تاوان دانرابوو و سزای لەسەر بوو. بەڵام چونکی حیزب ئەو بڕیارەی دابوو، کۆمەڵە دژی دەوەستا و ئەوەی بە پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک دادەنا!

* هەڵبژاردنی شووراکان یەکێکی دیکە لە دەسکەوت و بڕیارە باشەکانی حیزبی دێموکرات بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گوند و ناوچەکان بەدەستی خودی خەڵک بوو. بەپێی ئەو بڕیارە کاروباری گوند و ناوچەکان لە ڕێگای شووراوە بەڕێوە دەچوو. دیارە بە هۆی پێگەی  حیزب لە نێو خەڵکدا بەشی زۆری لایەنگرانی حیزب بە ئەندامەتیی شوورا هەڵدەبژێردران و زۆر بەکەمی لایەنگرانی کۆمەڵە دەردەچوون. کۆمەڵە لەو شوێنانەی کە شووراکان لایەنگری خۆیان بوایە ئەندامەکانیان دەنگیان هێنابایەوە پشتگیرییان لێ دەکردن و لەو شوێنانەش کە لایەنگری حیزب وەک ئەندامی شوورا دەنگیان هێنابایەوە، بەڕەسمییان نەدەناسی. تەنانەت دیاردەی غەیری دێموکراتیکیان هێنایە نێو کۆمەڵگا، وەک شووڕای کۆمەڵە و شووڕای حیزب! تەنانەت بۆ ڕاستای کاروباری ئاوەدانی حیزبی دێموکرات ئەرک و دەسەڵاتی شووراکانی لە ئاواییەکان دیاری کردبوو کە بە شێوەی خوارەوە بوو.

## ئەرک ودەسەڵاتی شووراکانی دێ:

---

[1]- بۆ نموونە کەریم شکورپور مامۆستای شۆڕش لە کۆڕی پەروەردەی حیزبی دێموکرات بوو کە ڕۆژی ١٣٦٣/١١/١٣ لە گوندی دگاگا لە ناوچەی سەقز شەهید کرا.

١-چاوەدێری لەسەر تێکۆشانی ئاوەدانی و ساختمانی بەگشتی بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵکی دێ (مەدرەسە-مزگەوت- حەوزوئاو- لولەکەشی و بەرق)

٢- ئیزن‌دانی دروستکردنی خانوو و ئاغەڵ بە لەبەرچاوگرتنی پاراستنی پاک و خاوێنی و ڕێکوپێکی دێیەکە.

٣- چاوەدێری تەواو لەسەر ڕاگرتنی پاکوخاوێنی گشتی ئاوەدانی و بەرگری لە پیس‌کردنی ئاوی خواردنەوە.

٤- هاندانی خەڵک بۆ دامەزراندنی قوتابخانە، هاوکاری و هاوبیری نزیک لەگەڵ مامۆستا و قوتابییەکان و دانی یارمەتی مادی و مەعنەوی بۆ بەرەو پێش بردنی کاری پەروەردە و فێرکردن.

٥- پاراستنی جێگە و سامانە گشتییەکان وەک: مزگەوت، مەوقووفە، مەدرەسە، لێڕەوار، ڕێگاوبان، بەرق، لولەکەشی ئاو و شوێنەواری مێژوویی.

٦- بەرگری جیدی لە زەڕوزیانی و کێڵانی لەوەڕگە و دەرهێنانی دەوەن و بوورەو بڕینی داری تەڕی لێڕەوار.

٧- هاوکاریی پێشمەرگە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە شۆڕشگێڕانەکانیان.

٨- کۆکردنەوەی یارمەتی پێویست، وەک شەکەزەکات، زەکاتی دەغڵودان، هەوارانە بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی حیزبی، ڕاگرتنی حیسابی ئەوانە و تەحویل‌دانیان بە بەرپرسی تایبەتیی ماڵی.

٩- لەگەڵ ئەوەی داهاتی شووڕا بۆ کاروباری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد خەرج دەکرێ، شووڕا دەتوانێ خەرجی پێویستی کاروباری ئاوەدانی بە پرس‌وڕای شووڕای ناوچە و بە ئاگاداری ڕێکخراوی ناوچە هەتا سەدی بیستی(٢٠) داهاتەکە خەرج بکا.

١٠- ئامادەکردنی زەینی خەڵک بۆ بەشداربوونی بەکردەوە لەشۆڕشی گەلەکەماندا وەک پێکهێنانی هێزی بەرگری میللی و ژێرچاوەدێری گرتنی هاتوچۆی کەسانی نەناسراو لێپرسینەوە و ناساندنیان بە بنکەکانی پێشمەرگە بە مەبەستی پێشگیری لە ڕووداوی نالەبار و هاتوچۆی جاسوس و خۆفرۆش، سازکردنی کونە تەیارە و لەبەرچاوگرتنی باری ئەمنییەتی بۆ خەڵکی دێ.

١١- بەرگری لە گران فرۆشتن و گرانجانی بە لەبەرچاوگرتنی قازانجی عادڵانەی فرۆشەر لەسەر ئەو بایخەی کە کڕیویەتی.

١٢- ڕاگەیشتن بە خیلافی ئەو کەسانەی کاری نالەبار دەکەن بە پێی ئایننامەی خیلافی کە بۆ ڕێکخراوەکان و شووراکان ناردراوە، هەروەها ناساندنی ئەو کەسانەی تاوانی وایان کردوە کە پێڕاگەیشتنی لە سەڵاحییەتی شووڕای دێ دا نییە بە بەشی قەزایی و ڕێکخراوەی ناوچە {دەسپێردرێ}.

١٣- بەرگری لە تێکهەڵچوونی و گێرەوکێشەی خەڵکی دێ و پێکهێنانی ژیانێکی پڕ لە تەبایی و برایەتی بۆ ئەوان.

١٤- تێکۆشان بۆ پەرەپێدانی ورەی شۆڕشگێڕانە و ڕووحییەی هاوکاری لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا.

تێبینی: پێویستە شووراکانی دێ هەر مانگ جارێک ڕاپۆرتی کارەکانی خۆیان بە نووسراو بە شووراکانی ناوچە و لە نەبوونیدا بە کۆمیتەی حیزب لە ناوچەدا بدەن. پێویستە نوسخەیەک لەو ڕاپۆرتە بۆ بایەگانی لای خۆیان بمێنێتەوە.

کۆمیسیونی کاروباری گشتیی کۆمەڵایەتی

١٣٦١/٢/١٥

دژایەتی کردنی کۆمەڵە لەگەڵ ئەم ڕێوشوێنانە و ئەم جۆرە کردەوانەی بوونە هۆی ئەوەیکە زۆر جار دەمەقاڵە و شەڕی ڕاگەیاندنی دژی یەکتری لێ بکەوێتەوە. کۆمەڵە لەچاو هێزەکانی دیکەی کوردستان دوای حیزبی دێموکرات زۆرترین هێزی چەکداری هەبوو کە بەرپرسانیان هەموو ڕۆژێ لەدژی حیزب دەیان ڕەقاندنەوە و تیژیان دەکردن. هەرچەند لە دانیشتنەکاندا حیزب پێی دەگوتن کە ئێوە کار بۆ خۆتان و تەبلیغ بۆ سیاسەتی خۆتان بکەن، نەک دژی ئێمە قسە بکەن، ئێوە شتی خۆتان بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە با خەڵک لایەنگریتان لێ بکا.

ئەوەی لەو بوارەدا لە کۆمەڵە وەک میرات بەجێما، تەنیا بەکاربردنی وشەگەلی بریقەدار کە لە بڵاوکراوەکانی و ڕادیۆدا بڵاو دەبوونەوە وەک: کرێکاران، چەوسانەوە، زەحمەتکێشان، پرۆلیتاریا و بورژوازی و دەرسی

مارکسیزم و لەو چەشنە وشە و دەستەواژانە بوون کە دەرخواردی خەڵکی دەدران و ئەگەر لایەنێکیش ڕەخنەی لەو ڕستە بەناو "ئاگاهانە" گرتبایە، تۆمەتبار دەکرا کە بەدژی چینی کرێکار و پڕۆلیتاریا چالاکی دەکا و حاشا لە چینی کرێکاران دەکات!

"حیزبی دێموکرات بە هێنانی گەڵاڵەی "اراجیفی" {بێ ناوەرۆک} ئەوتۆ، سەرەنجام ڕادەگەیەنێ کە هێشتا کاتی موبارەزەی تەبەقاتی نەهاتووە و ئێستا موبارەزەی سەرەکی، موبارەزەی نەتەوایەتییە! مەعنای قسەکانی حیزبی دێموکرات چییە؟ حیزبی دێموکرات دەیهەوێ بە بیانووی ئەولەوییەت دان بە خەباتی سەرەکی و خودموختاری، لە گەشەکردن و پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی پێشگیری بکا. لە کوردستان ئەو بۆچوونە لایەنگری خۆی هەیە. ئەو کەسانەی دەیانهەوێ بزووتنەوەی کوردستان وەک ئامرازێک بۆ ئیمتیاز وەرگرتن لە حکوومەتی ناوەندی بەکار بێنن، سەرمایەدارانێکن کە دەسەڵاتداریی خۆماڵیی کوردستانیان بۆ ڕێکخستنی سەرمایەکانیان و چەوسانەوەی چینی کرێکاری کوردستان پێویستە، ئەوانە دەیانهەوێ کرێکارانی کوردستان بە قەناعەت بگەیەنن کە تا وەدەست هێنانی خودموختاری، هیچکام لە داخوازە حەیاتی و ئەساسییەکانی خۆیان مەترەح نەکەن."[1]

ئەو پاراگرافەی سەرەوە مانای ئەوە دەدا کە کوردستان لە هەموو شتێکی پێشکەوتووی وەدوا بکەوێ و واز لە هەموو داخوازییەکانی خۆی بێنێ بۆ ئەوەی ئەو بەناو موبارەزە تەبەقاتییەی کە لە جێگای دیکە کۆپی کرابوو لەکوردستان جێ بخرێ. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە کوردستان چینی جۆراوجۆری تێدا نییە. حیزبی دێموکرات هەمیشە لە ڕاگەیاندراو و لێدوانەکانیدا وتوویەتی هەموو "چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری"، کە خۆی نیشانەی باوەڕی ئەم حیزبە بە بوونی چین و توێژی جیاواز لە کوردستاندایە. لە کوردستان چ ئەو کات و چ ئێستاش گەورەترین کێشە،

---

[1]– پیام، ژمارە ٣٧، وتاری "هراس حزب دمکرات از مبارزەی طبقاتی".

کێشـەی نەتەوەیـی‌یە، شـتێک لەو هەلـومەرجەدا بە نـاوی کـار و سـەرمایە لە کوردستان وەک کێشە لەئارادا نەبوو.

ڕێبەرانی کۆمەڵە و بەتایبەتی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لە نامیلکەی "جێگای کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران‌دا" دەنووسێ: "... بە بڕوای من بۆ ئەوەی بتـوانین بەرامـبەر بەو مەسـەلەیە بە ڕوانگەیەکـی دروسـت بگەیـن، بۆ ئەوەی تووشی لادانی ناسیۆنالیستی لە کوردستان و لادانی شۆڤینیستی لە دەرەوەی کوردســتان واتە (ئێــران) نەبــین، دەبــێ بــۆ لەحــزەیەکیش بــووە لە نەزەر تەحلیلییشـەوە بـووە، خۆمـان لە وەزعیەتـی تـایبەتی کوردسـتان و وەزعیەتـی تـایبەتی ئێـران دەرهـاوێین، بڵێـین ئـێمە بەر لەهەر چـی شـتە و لە بـنەڕەتدا کۆمۆنیستین." تەنانەت حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەڵێ: "کۆمەڵە مـافی ئەوەی هەیە لەسەر مەسەلەی خودموختاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتـووێژ بکـا یـا ڕەدی بکاتەوە."

لەلایەکـی دیـکەوە بە پێـی لێکـدانەوەی کـاک عەبـدوڵڵای مـوهتەدی، کـۆمەڵە پـاش بـوون بە ڕێکخـراوی حیزبـی کۆمۆنیسـت، بەفەرمـی خەڵکـی کوردسـتانی بەسـەر دوو چـین‌دا دابەش کـرد، واتە چینـی بـورژوازی و چینـی پڕۆلتاریـا، خـۆی بە نـوێنەری چینـی کرێکـار دانـا و حیزبـی دێموکراتیشـی بە نـوێنەری بـورژوازیی کوردسـتان ناسـاند و بەم چەشـنە زەمینـەی تێکهەڵچوونەکـانی داهـاتووی کـۆمەڵە لەگەڵ حیزبـی دێمـوکراتی خـۆش کـرد و کارەسـاتێکی خوڵقاند کە لەودا سەدان کەس لە ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە بوونە قوربانی.

وتـاری عەبـدوڵڵا مـوهتەدی لە کۆتـایی بەهـاری ١٣٦٤ بەبـۆنەی ڕۆژی کۆمەڵە، باشتر بۆمـان دەردەخـا کە لە چوارچێوەی خەبـاتی چینـایەتی، چۆن دەسکەوتیان دەبێ:

**"لە هەر ڕەهەندێکی خەبات چ سیاسی و کۆمەڵایەتی کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە هەنگاوی بۆ دەنێن، هەموو کات دەبێ ئەم بابەتەیان لە بەرچاو بێ و لە خۆیان بپرسن کە لە چوارچێوەی خەباتی چینایەتی‌دا چ دەسکەوتێکیان هەبووە؟ ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو نیشانی داوە کە سەرەڕای هەر بەرز و نزمییەک، ئەو دەسکەوتە بەنرخەی کە نە دەسدرێژیی بورژوازیی ئێران، نە دەسـدرێژیی بـورژوازیی کـورد و نە هـیچ ڕادە لە دەسـدرێژیی بیـری**

**کۆنەپەرستی و دژە زەحمەتکێشی لە کۆمەڵگەی کوردستان، هەروەها نە بە هیچ ڕادەیەک ئەشکەنجە، زیندان، وەحشیگەری و درۆ هەڵبەستنی بورژوازی کە توانای ئەوەی نییە لێمانی بستێنێتەوە، بریتی لەوەیە چینی کرێکار لە کوردستان وەک چینێکی سەربەخۆ خۆی دەرخستووە..... بەتایبەتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی دوایی جارێکی دیکە خۆیان نیشان دا، ڕەمزی سەرکەوتنی حیزبی کۆمۆنیست بەتایبەتی ڕەمزی سەرکەوتنی کۆمەڵەیە ."[1]**

کاک عەبدوڵڵا ئاماژە بە دەسکەوتەکانی پڕۆلیتاریا ناکا، دیارە لێرەش‌دا زیاتر مەبەستی دژایەتیی حیزبی دێموکراتە و باس لەوە ناکا کە لەو بارەوە چەندەیان دەسکەوت بووە؟! چونکە لە ڕاستی‌دا ئەو خەباتی چینایەتییەی ئەوان باسیان دەکرد، هێندە لە کوردستان بەرچاو و پڕڕەنگ نەبوو و کۆمەڵە دەیویست بە خۆکردنە نوێنەری کرێکاران و زەحمەتکێشان خۆیان وەک حیزبێکی لایەنگری پڕۆلیتاریا و جیا لە حیزبی دێموکرات لە قەڵەم بدەن، دواتر دەرکەوت کە دانی ئەو دروشمانە تەنیا بۆ فریودانی خەڵک بوو و هیچی تری لێ شین نەبوو. ئەو چینی پڕۆلیتاریایەی ناوبراو باسی دەکرد لە بنەڕەتڕا لەبەرەی کۆمەڵەدا نەبوو و تەنیا وەک دروشم بەرزیان کردبۆوە، هیچکاتیش چینی پڕۆلیتاریا داوای بەهاناوەهاتنی حیزبەکەی ئەوانی نەکرد. ئێستا پرسیار دروست دەبێ ئەگەر چینی کرێکار لە کوردستان وەک چینێکی سەربەخۆ خۆی دەرخستبوو بۆچی ڕیاسەتەکەی بەو ئاقارەدا ڕۆیشت و پشتی دەو چینە بەستەزمانە کرد؟ و ئالای کوردستانیان بەقەولی خۆیان پێش دێموکرات بەرز کردۆتەوە؟ باشە ئالای کوردستان ڕەنگی گۆڕاوە یان لە پێش‌دا بەرچاوی تاریک کردبوون؟ باشە بۆ لە نێوەڕاستی دەیەی ٦٠دا بەتەواوی پشتیان دەو چینە داماوە کرد و بە دەوری حیزبەکەیانەوە نەبینران؟!

ڕێبەرانی کۆمەڵە لە زەینی خۆیان‌دا سیاسەتی "خۆم بەهێزم و بەهێزتر دەبم"یان درێژە پێ دا. یەکەمین هەنگاویان بۆ بەهێزکردن و نیشاندانی توانای خۆیان لە بەرامبەر بەناو "بوورژوازی"دا هەڵێناوە و یەکەمین تێکهەڵچوون

---

[1]- وتاری عەبدوڵڵا موهتەدی بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە – جۆزەردانی ١٣٦٤.

چەکدارانەیان تیئۆریزە کرد و لە ناوچەی سەردەشت لە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٥٩، لە نێوان "دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و دەستەیەک لە ئەفرادی کۆمەڵە ڕووی دا. لە کاتێک یەکتر دەنگ دەدەن پێشمەرگەکانی حیزب دەیانناسن و پێیان دەڵێن ئێمە دێموکراتین و دەزانین ئێوەش کۆمەڵەن و تەقە مەکەن. کەچی ئەوان لەگەڵ ئەوەی بە ناویش بانگیان دەکرێ، تەقە لە پێشمەرگەکانی حیزب دەکەن. لە ئاکامدا کادرێکی حیزب بەناوی "ڕەسووڵ عەبدوڵلاهی" ناسراو بە "فەقێ عەلی ڕەسووی ئاڵی" شەهید دەبێ. ئەو ڕووداوەش بەداخەوە نەک هەر ڕێبەرانی کۆمەڵەی نەهێنایە سەر ئەو باوەڕە کە بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکان هەوڵ بدەن، بەڵکوو بەجۆرێکیش هانی دان بە توندوتیژکردنی هەڵوێستیان بەرامبەر بە حیزبی دێموکرات! بەڕای ئەوان "بورژوازی نەیویرابوو بەرەنگاریان بێتەوە و کەوایە باشتر بوو زەبری گورچکبڕتری لێ بدەن و لە مەیدانی وەدەر نێن."[1]

لەوەش گرینگتر کاتێک ئەو پێشمەرگەیەی حیزب شەهید دەکەن خۆیان لەو تەقەولێکدانە دەشارنەوە و باس لەوە دەکەن کە کاری ئەوان نەبووە پاش ماوەیەک لە لای خزمانی شەهیدەکە و دۆستانی حیزب لە ناو کۆمەڵەدا پێیان لەوە نا کە کاری کۆمەڵە بوو.[2]

کوشتنی پێشمەرگەی حیزب نەک ڕێبەرانی کۆمەڵەی تووشی تەوەهوم کرد، بەڵکوو زۆریشیان مانۆڕ پێوە لێدا ئەوەی لە دەستیان هات لەدژی حیزب درێغیان نەکرد. لە پەنا ئەوەش‌دا ئەحزابی چەپی دیکەشیان بەدژی حیزب هان دا و بەتایبەتی لە بۆکان و کامیاران ڕێکخراوەکانی "پەیکار" و"ڕەزمەندەگان"یان بۆ ئەو مەبەستە دنە دا.

---

[1] – نیو سەدە تێکۆشان، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن‌زادە.

[2] – بڕوانە "بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم" بیرەوەرییەکانی کاک حەسەن ڕەستگار

# چەک کردنی پەیکار لە بۆکان و هەڵوێستی کۆمەڵە

پاش هێرشی هەمەلایەنەی ڕێژیم بۆ کوردستان و ئەوەیکە کوردستان ببووە سەنگەری ئازادی و زۆر حیزبی کوردی و ئێرانی لێ کۆ ببوونەوە، بەتایبەتی لە ساڵی ١٣٥٩ و سەرەتای ١٣٦٠دا کە بنکەی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە ئێرانییەکانی غەیری کورد[1] لە شاری بۆکان دامەزرابوون، ئەو شارە دوایین شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە لەلایەن ڕێژیمەوە داگیر کرایەوە. لەو قۆناغە ئەستەمەدا تەنانەت زۆر جار لەسەر مەسەلەیەکی چووکە دەمەقاڵە و کێشە لە نێوان حیزبەکان پێک دەهات. کۆمەڵە پشتیوانیی لە بەشی زۆری ئەو ڕێکخراوە چەپانە وەک "پەیکار" و "ڕاهی کارگەر" و "ڕەزمەندەگان.... " دەکرد.

لەپێشدا با لە پاڕاگرفێکدا باسی "ڕاهی کارگەر" بکەین چونکە سەرەتای دەست پێکردنی ناخۆشییەکانی "خط٣"[2] لەگەڵ حیزبی دێموکرات بوو، ژمارەی ئەندامانی سازمانی ناوبرا بەڕادەی قامکەکانی دەست و پێی ئینسان

[1] - بە بڕوای من نەدەبوو کورد ڕێگا بدا ڕێکخراوی ئێرانی واتە غەیری کورد لەکوردستان بنکە دانێن، چونکە ئەوان دەبوو لە نێو گەلی خۆیان خەباتیان بۆ خەڵکی خۆیان کردبایە، نەک لە کوردستان ببنە مایەی فیتنە و ئاژاوە، و بۆ کورد بوونە سەرێشە. لەکوردستانەوە چۆن نەتەوەکانی دیکە ڕزگار دەکران!

[2] – خط٣، یا (هێڵی٣)، ناوێک بوو بۆ پێناسەی ئەو گرووپانەی وا پێشتر کەم و زۆر لایەنگریی چینیان دەکرد، ئەو گرووپانەی وا چووبوونە بەرەی دژە سۆڤیەتەوە (سۆڤیەتیان بە ڕیڤیزیۆنیست و دواتریش سۆسیال ئیمپریالیست ناو دەبرد)، ئەڵبەت دواتریش لە ڕەوتی لادانی چیندا، بەرەو تێزی سێی جیهانی چوون و لەچین دوور کەوتنەوە. خەتی ٣ لەلایەن لایەنگرانی خۆیانەوە وەک هێمایەک بۆ سەربەخۆیی چەپ لە بەرە جیهانییەکانی ئەم ڕەوتە فکرییە بوو، وە هەروەها هەوڵێک بوو لە پێناو خوێندنەوەیەکی دیاریکراو بۆ شۆڕشی ئێران. لە ئاکامدا بۆیە بەو گرووپانەیان دەکوت خەتی٣.

نەدەبوون کە لە ناوچەی بۆکان و بەتایبەتی لە گوندی "عەزیزکەند" بنکەیان جێگیر کرد. بە گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا دەگەڕان و تەبلیغاتیان دژی حیزب دەکرد. لەو سەروبەندە کە حیزبی دێموکرات زەوی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرد ئەوانیش دەستیان دایە گوریسێک لە گوندی عەزیزکەند کە زەوی بەسەر خەڵکدا دابەش بکەن، لەوێڕا حیزب ڕێگای نەدا کە سازمانێکی وەک "ڕاهی کارگەر" کە لە ٢٠ کەس تێ نەدەپەڕی، بتوانێ دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان بەڕێوە بەرێ. بەهۆی ململانەی ڕێکخراوی ناوبراو لە ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٩ حیزب داوای کرد کە دەست لەو کارە بکێشنەوە، بەڵام ملبادان و ململانێی ئەو سازمانە بووە هۆی ئەوەیکە لەو گوندە چەک بکرێن.

سازمانی "پیکار در راه آزادی طبقەی کارگر"[1] لەڕاگەیەنراوێکدا دژی چەک کردنی ئەفرادی سەر بە "ڕێگای کرێکار" لەلایەن حیزبەوە، ئەو کردەوەیەی حیزبی دێموکراتی وەک "عەوامفەریبی" هەڵسەنگاند و لە سەروتاری گۆڤاری پەیکاری ژمارە ٣ دا لەژێر ناوی "حزب دمکرات در دفاع از مالکان" نووسی:

"خەڵکی شۆڕشگێڕ بە هیچ قیمەتێک ئامادە نین یەک هەنگاو بۆ دواوە بگەڕێنەوە و لە قازانج و بەرژەوەندیی تەبەقاتی خۆیان دەست هەڵبگرن، موبارەزەی خەڵکی کوردستان تەنیا موبارەزەی نەتەوەیی نییە بەڵکوو موبارەزەیەکە بۆ لەبەین بردنی زوڵمی تەبەقاتی [...] حیزبی دێموکرات لە لایەک خۆی بە مودافیعی دێموکراسی دەزانێ لەلایەکی دیکەوە هەڕەشە لە کۆمۆنیستەکان دەکا، کە حەقی نییە. ئەو "دمکراسی نمائی"یەی حیزبی دێموکرات پێش ئەوەی کە نیشانەی دێموکراسی بێ نیشانەی عەوامفەریبیی حیزبە."[2]

---

[1] – سازمانی پەیکار لە مانگی سەرماوەزی ١٣٥٧ لە سازمانی "مجاهدن خلق" جیا بۆوە و ئێعلامی مەوجودییەتی کرد، ئەو سازمانە جەریانێک بوو سەربە خەتی ٣ کە سنووربەندی لەگەڵ چین و یەکییەتی سوڤیەت بوو.

[2] – بڕوانە بڵاوکراوەی "پیکار" وتاری "حزب دمکرات در دفاع از مالکان"، ١٥ی سەرماوەزی ١٣٥٩، ژمارە ٣






شماره ۳ پیکار کردستان صفحه ۱۷

## حزب دمکرات در دفاع از مالکان

اخیرا "حزب دمکرات" در روستای "عزیزکند" دسته خلع سلاح پیشمرگان "راه کارگر" زد. بعد از این اقدام "حزب دمکرات" در اطلاعیه ای بتاریخ ۲۲/۸/۵۹ به امضای تشکیلات مهاباد خود، اخطار کرد که "... بعد از این از اقدامات اجرائی کلیه سازمانها و گروهها و افراد متفرقه ... جلوگیری خواهد کرد."

عمل حزب دمکرات و اطلاعیه ای که بدنبال آن صادر کرده است بیانگر این واقعیت است که حزب از مبارزطبقاتی و آگاهی توده ها و حرکت آنها درجهت کسب منافع طبقاتی خود بوحشت و هراس افتاده است. حزب دمکرات در روستای عزیزکند به این بهانه دست به خلع سلاح پیشمرگان "راه کارگر" زده است که ... پنهان کرده است، خواهد ریخت از طرف دیگر اوضاع سیاسی کنونی به حزب امکان میدهد که تمایل خود را نسبت به اعمال حاکمیت بلا منازع و "قدرقدرتی" در کردستان پنهان نکند و در اطلاعیه مینویسد: "هیچ اقدامی جز با اجازه یا مشورت حزب دمکرات کردستان ایران — مشروعیت اجرائی (؟!) نخواهد داشت. مسئولیت اقدامات جنجال انگیز و مخالف با مفاد این اعلامیه بعهده فرد یا سازمان عمل کننده خواهد بود." به این ترتیب حزب دمکرات سیاست خود را در قبال توده ها و نیروهای انقلابی صراحت میگوید. توده ها حق ندارند به مبارزه طبقاتی بپردازند (!) و در جهت کسب منافع طبقاتی خود دست به مصادره اموال مالکان و زمینداران بزنند که سالهای سال خون آنها را در شیشه ریخته اند. واقعیت این است که بررسی عملکردها و سیاست ...

انقلابی به هیچ وجه حاضر نیستند قدمی به عقب گذاشته و از منافع طبقاتی خود دست بردارند. مبارزه خلق کرد فقط مبارزه ملی نیست بلکه همچنین مبارزه ای است در جهت نابودی ستم طبقاتی. نیروهای انقلابی و کمونیستها وظیفه دارند که مبارزه توده های خلق کرد را ارتقا داده، سمت و سوی طبقاتی به مبارزه ملی بدهند. این وظیفه همیشگی کمونیستها بوده و هیچ نیروئی قادر نیست آنها را در اجرای این وظایف مانع شود. حزب دمکرات نیز بیهوده میکوشد که با تهدید خلع سلاح و سیاست تهدید و ارعاب، نیروهای انقلابی و کمونیست را از این مهم باز دارد.

حزب در گوشه دیگری از اطلاعیه فوق مینویسد: "سازمانها و گروه های سیاسی در انجام فعالیت های سیاسی خود کاملا آزادند (؟!)" و حزب دمکرات کردستان از ...



هەروەها هەر لەو ژمارەیەدا و لە وتارێکی دیکەدا لەژێر ناوی "قتل‌عام منظم زحمتکشان کرد" لەگەڵ باس‌کردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندییی لەگەڵ قەتڵوعامی خەڵکی کوردستان - بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کورد و تورک پێکەوە دەژین - حیزبی دێموکراتی بەوە تاوانبار کردووە کە دەستی گرژیی لە نێوان کورد و توردکدا هەیە و برەوی پێ دەدا. پەیکار بەوەش ڕانەوەستا چەندین وتاری دیکەی دژی حیزب وەک: جیایی‌خوازیی لە کوردستان، سیاسەتێکە دژ بە خەڵکی کوردستان، جیایی‌خوازیی: ناسیۆنالیزمی بورژوازیی دژی جووڵانەوەی کوردستان، جیایی‌خوازی: "تخریب وحدت مبارزاتی خلقها و شکست جنبش مقاومت"، سیاسەتی کۆمۆنیستەکان لە بەرامبەر جیابوونەوەی کوردستان، بڵاو کردەوە.

سەرەنجام لە ٢٠ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی ٦ چەکداری پەیکار دەچنە سەر جادەی میاندوواو – مەهاباد و بەناو کەمین دادەنێن! ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو جادەیە لە کاتژمێری ١٢ی نیوەڕۆوە لەدەستی هێزی پێشمەرگە دایە. ماشێنێکی ڕەنجرۆوێر کە پێشمەرگەی حیزبی تێدایە بەو جادەیەدا تێدەپەڕێ و چەکدارەکان کە نایانناسن تەقەیان لێ دەکەن، لە ئاکامدا پێشمەرگەکانی حیزب لە ماشێنەکە دێنە خوار و هەر ٦ کەسەکە چەک دەکەن، دیارە دواتر چەکەکانیان دەدەنەوە، ئەوە بەهانەیەک بوو بۆ سازمانی پەیکار.

ئەو هەڵسوکەوتانەی ئەوکاتی ئەحزابی چەپ لە کوردستان ناڕەزایەتیی خەڵکی کوردستانی بەدواوە بوو. دوای ئەو ڕووداوە، پەیکار هێرشی توندی بۆ سەر حیزبی دێموکرات دەست پێکرد.[1]


پەیکار ڕێکخراوێک بوو کە هێزەکانی هەموو لە بۆکان و ناوچەی کامیاران جێگیر کردبوو. لە باری فکرییەوە بە خەتی ٣ ئەژمار دەکرا، بۆیە بۆچوونەکانی لەگەڵ کۆمەڵە بەتەواوی لێک نزیک بوو. پەیکار هەموو ڕۆژێ دروشمی توندوتیژ و زبری لە بڵاوکراوەکەیدا بەدژی حیزبی دێموکرات بڵاو

---

[1]- "چرا حزب دمکرات ٦ تن از پیشمرگان پیکار را خلع سلاح کرد"، نشریه پیکار، شماره ٨٩، دی‌ماه ١٣٥٩.

دەکردەوە، بڵاوکراوەی پەیکار لە ژمارە ٣ تا ٩٧ی خۆی، زۆر جار بە بێ ئامانج هێرشی دەکردە سەر حیزب و هاوپەیمانەکانی بە دروشمی توندڕەوانە دژی حیزبی دێموکرات هان دەدا. ئەگەرچی شتێکی ئاسایی بوو بە وتاری جوان و ڕەخنەی سازەندە لاپەڕەی بڵاوکراوەکەیان ڕەش بکەنەوە، بەڵام ئەوان لە تەواوی وتارەکانیان‌دا حیزبیان بە "دژی شۆڕش" و "نۆکەری بێگانە" و "پارێزەری بەرژەوەندیی بورژوازی" و "ناسیۆنالیزمی بورژوازیی دژی جووڵانەوەی کورد" و "دژی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان" و" خەیانەت بە گەلی کورد" و " سازش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی" دەناساند و لاپەڕەکانیان بەو وشە و سەردێڕە زبر و ناشیرینانە ڕەش دەکردەوە.

بلاڤۆکی پەیکار تەنانەت حیزبی دێموکراتی بە هاودەستی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و خەیانەت لە خەڵکی کوردستان تۆمەتبار دەکرد. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ڕۆژ نەبوو پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان لە مەیدانی بەربەرەکانیی دژی داگیرکەران شەهید نەدەن. سەرەنجام بە هاندانی کۆمەڵە لەلایەکەوە و بێ پرەنسیپی و نابەرپرسیارەتیی پەیکار لەلایەکی دیکەوە، لە ژمارە ٩٢ و ٩٤دا زۆر ناجوامێرانە هێرشیان کردە سەر حیزب و وەک "دژی شۆڕش"، "نۆکەری بێگانە" و "خەیانەتکار" و ... ناویان برد. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە حیزبی دێموکرات خاوەنی سەدان شەهید بوو، خەباتێکی زێڕین و پڕشکۆی دژی دوو ڕێژیمی (پاشایەتی و


تجزیه‌طلبی : ناسیونالیسم بورژوایی برعلیه جنبش خلق کرد


بازهم درباره مصاحبه مجاهد با قاسملو

ئیسلامی) کردبوو و هەروەها ئەوە لە حاڵێکدا بوو لە کوردستان جێگایان پێدرابوو کە پاڵپشتی جووڵانەوەی کورد و هەستی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران بن. لە ئاکامدا ڕۆژی ٧ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بۆ چەککردنی پەیکار دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزب لە بۆکان لە بنکەی پەیکار نزیک دەبنەوە و داوایان لێدەکەن بە شێوەی ئاشتییانە چەکەکانیان دابنێن، کە بەداخەوە بەهۆی گوێپێنەدان سێ کەسیان لێ کوژرا و ٢٤ کەسی دیکەشیان خۆیان بەدەستەوە دا، کە چەند ڕۆژ دواتر ئازاد کران.

کۆمیتەی شارستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بۆکان ڕۆژێک دوای چەککردنی پەیکار ڕاگەیەندراوێکی لە ژێر ناوی "اندرز تاریخی، انقلاب ما به رهروان خط٣ " بڵاو کردەوە کە داوا لە خەتی٣ بە تایبەتی پەیکار و ڕەزمەندەگان... دەکا دەست لە دوژمنایەتی حیزبی دێموکرات هەڵگرن و چی دیکە حیزبی دێموکرات بە خائین، سازشکار و دژی شۆڕش ناو نەبەن و دەست لە دووبەرەکی نانەوە هەڵگرن....[1]


دوشنبه ١٢ بهمن ٥٩

مصاحبه "مجاهد" با قاسملو: ضربه‌ای بر جنبش انقلابی

---

[1] - بڕوانە ڕاگەیەنراوی کۆمیتە شارستانی بۆکان، لەژێر ناوی""اندرز تاریخی، انقلاب ما به رهروان خط٣" ڕێکەوتی ٨ی ڕەشەممەی ١٣٥٩



پیکار ۹۲

سازمان پیکار در راه آزادی طبقهٔ کارگر

کارگران، زحمتکشان، خلقهای قهرمان ایران!

سالگرد قیام خونین ۲۲ بهمن را زیر پرچم سرخ کمونیسم‌ها هرچه باشکوه‌تر برگزار کنیم

# رهنمود به رفقای هوادار

در باره برگزاری سالگرد قیام ۲۲ بهمن

# سندی دیگر از خرید قطعات یدکی از آمریکا

صفحه ۱۵

سرمقاله

# قیام بهمن و ضرورت رهبری پرولتاریا

# انقلاب خلق السالوادور، شکستی دیگر برای امپریالیسم آمریکا

۳۱

# مصاحبه "مجاهد" با قاسملو: ضربه‌ای بر جنبش انقلابی

صفحه ۳۵

مرگ بر امپریالیسم آمریکا، دشمن اصلی خلقهای ایران



پیکار

# خلق‌ها و مسئلهٔ ملی

# هشدار در مورد حمله نظامی وسیع رژیم به ۴۰ روستای سقز

# پیرامون "اندرزها" و "هشدارهای" حزب دمکرات به کمونیستها در کردستان!

ئەو ڕووداوە نەخوازراوە واتە گرتنی بنکەی پەیکار لەلایەن پێشمەرگەکانی حیزبەوە بۆ کۆمەڵە جێگەی خۆشحاڵی بوو، چونکە بووە بابەتێکی دیکە بۆ بەدگۆیی و دژایەتیی حیزبی دێموکڕات. دوو ڕۆژ دواتر کۆمەڵە ڕاگەیاندراوێکی زۆر توندی دژی حیزبی دێموکرات بە ناوی "جینایەتی وەحشییانەی لایەنگرانی حیزبی دێموکرات دژی سازمانی پەیکار لە بۆکان" بڵاو کردەوە، بڵاوکراوەی کۆمەڵە نەک یارمەتی بە تەبایی نەکرد بەڵکوو زۆر ناوونـاتۆرەی دوور لە بۆچوونی هەر سازمانێکی سیاسی بە حیزب گوت، هەر لەو کاتەدا پەیکاری هاندا کە ئێعلامییەیەکی توندی لەسەر وتارەکەی کۆمیتەی شارستانی بۆکان، بەناوی (پیرامون "اندرزها" و "هشدارها"ی حزب دمکرات بە کۆمۆنیستها در کردستان!) لە ژمارە ٩٨ی "پیکار"دا بڵاو کردەوە و هەردوو نووسینەکەی پیکار و کۆمەڵە پڕ لە ناوونـاتۆرەی ناڕەوا دژی حیزب بوون.

چەککردنی پەیکار و مەحکوومکردنی لەلایەن کۆمەڵەوە بە جێگای خۆی، بەڵام لەو ڕاگەیاندراوەدا تەنانەت حیزبی دێموکراتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەراورد کردبوو و بە خراپتر لەویشی خراپتر ناو بردبوو. کۆمەڵە پاش ئەو ڕاگەیاندراوە چەند سەد کەس لە خەڵکی شاری بۆکانی کۆ کردەوە کە دژی حیزب خۆپێشاندان بکەن. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە گوندی "سەرای ئەحمەدئاغا" پێشیان بە هێزی داگیرکەر گرتبوو کە بەداخەوە لە جەریانی ئەو شەڕەدا "عەلی وەهاب"، فەرماندەی پەل شەهید بوو. بەڵام دوای بیستنی هەواڵی شەهید بوونی ناوبراو بە هەزاران کەس ڕوویان لە گۆڕستانی شار کرد کە دروشمی دژی خەتی٣یان دەگوتەوە. هاتنی خەڵک بۆ گۆڕستان نیشانەی ئەوە بوو کە خەڵک حیزبی نەتەوەیی خۆیان قەبووڵە و دەرکەوت کە لە هەر هەلومەرجێکدا پشتیوانی بە هێزی ڕۆڵەکانی نیشتمانن و وەرەیان پێ دەبەخشن.

دواتریش دەرکەوت کە سازمانی پەیکار زیاتر لە ٨ مانگی دیکە ئەویش لەژێر باڵی کۆمەڵە نەیتوانی بمێنێتەوە و لێک هەڵوەشا و هەموو کارەکانیشی لەژێر مودیریەتی کۆمەڵەدا بەڕێوە دەبرد. چونکە لە جنووبی کوردستان بە

هاوبەشی و سیٰقۆڵی ویٚڕای پەیکار و ڕەزمەندەگان کیٚشەیان بۆ حیزب دروست دەکرد.[1]

کۆمەڵە بیٚجگە لە نزیکایەتی فیکری پیٚی وابوو بە یەکگرتن لە گەڵ ئەو سازمانانە دەبیٚتە هیٚزیٚکی گەورە و دەسەڵات لە کوردستان بە دەستەوە دەگریٰ، بەڵام لە بیٰبەختی کۆمەڵە ئەوەی چاوەڕوان دەکرا ڕووی دا. پاش ماوەیەک تەواوی سازمانەکانی خەتی ٣ کە هاوپەیمانی کۆمەڵە بوون یەک لە دوای یەک "سیر نزولی"یان دەپیٚوا و شویٚنەواریٚکیان لیٰ نەما و تیٚکشکان و پووکانەوە، هەرچەند هیٚرشی دڕندانەی ڕیٚژیم بۆ سەر ڕیٚکخراوەکانی دژی ڕیٚژیم و بۆسەر کوردستان نەخشی لەو تیٚکشکانەدا هەبوو بەڵام هۆی بنەڕەتی ئەو تیٚکشکانانە هەڵە و چەوتی ڕیٚبازی ئەو ڕیٚکخراوانە بوو کە تووشی ئەو چارەنووسەی کردن. لەوکاتەدا بوو سازمانیٚکی بچووکی ڕووناکبیری کە ناوی خۆیان نابوو "اتحاد مبارزان کمونیست" (سهند) کە لە شارەکانی دیکەی ئیٚران دەژیان ڕوویان لەکوردستان کرد و لەگەڵ کۆمەڵە کەوتنە وتوویٚژ.

دیارە پیٚوەندیی چەپەکان و خەتی سیٰ، لە پاش شۆڕشی ئیٚران پەرەی ئەستاند و دواتر کە ئاماژەی پیٰ دەکریٰ ویٚرای "اتحاد مبارزان کمونیست" لە بەرنامەکانیاندا پڕۆژەی حیزبی کۆمۆنیستیان داڕشت.

هەروەها پیٚوەندیی کۆمەڵە و "رزمندگان "دەگەڕیٚتەوە بۆ سەرەتای شۆڕش کاتیٚک کە چەپەکان بەگشتی لە فەزای شۆڕشی ئیٚراندا پەرەیان ئەستاند، ڕەزمەندەگانیش یەکیٚک لەو ڕیٚکخراوانە بوو کە سەریان هەڵدا و لایەنگری سەرسەختی شۆڕشی مارکسیست لینینستی بوو و پیٚوەندییەکی نزیکی لە گەڵ چەپەکانی دیکە و بەتایبەتی کۆمەڵە هەبوو. دوای هەڵبژاردنی سەرکۆمار کە بەنیسەدر دەنگی هیٚناوە و سەلاحییەتی مەسعوود ڕەجەوی ڕەد کرایەوە ئاڵوگۆڕیٚکی قووڵ لە تیٚکۆشانی ئەحزابی نیشتەجیٚی دەرەوەی کوردستان واتە شارەکانی دیکەی ئیٚران پیٚک هات کە یەک لەوان ڕەزمەندەگان بوو. لە

---

[1]– بڕوانە: "یادداشتهای یک پیشمرگ قهرمان، شاپور فیروزی، صفحه ۱۷٦.

ساڵانی ۱۳٦۰و٦۱ سازمانی ناوبراو لە تاران فشاری زۆر لەسەر دەبێ و دەیەوێ لە ڕێگای دۆستەکانیەوە خۆی بگەیەنێتە کوردستان.

بۆ ئەو حەرەکەتە پێویستییان بە هاوبیروباوەڕی خۆیان واتا کۆمەڵە هەبوو. لەو پێوەندییەدا چاو لەو بەڵگانەی ژێرەوە بکەن کە لە نێوان کۆمەڵە و ڕەزمەندەگان‌دا ئاڵوگۆڕی پێ کراوە. دواتریش کە جێگە پێیان لە کوردستان خۆش کرد بێ ئەوەی حیزبی دێموکرات چوکترین کێشەی لەبوونی ئەوان لە کوردستان هەبێ شان‌بەشانی کۆمەڵە چەکیان لە دژی حیزبی دیموکرات ڕاکێشا. ئەوە لەکاتێک‌دا بوو کە کۆمەڵە ڕازی نەبوو "رزمندگان" لە تاران بۆ کوردستان بگوازنەوە.[1]

---

۱- رابطه دیپلماسی سری "اسنادی از روابط «کومله» با « سازمان رزمندگان»" یادداشت‌های شخصی از داریوش کاندپور

پێوەندیی دیپلۆماسیی نهێنی (بەڵگەکانی پێوەندیی "کۆمەڵە" لەگەڵ "ڕێکخراوی ڕەزمەندگان") لە بیرەوەرییەکانی داریوش کاندپوور.

بەڵگەی ژمارە ۱

بۆ هاوڕێیانی کۆمەڵە و یەکیەتیی خەباتکارانی کۆمۆنیست (اتحاد مبارزان کمونیست) "ا.م.ک."

بە سلاوێکی سوورەوە!

هاوڕێیانی ڕەشنووسی هاوبەشی کۆمەڵە و یەکیەتیی خەباتکارانی کۆمۆنیست "ا.م.ک."، کە لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ۱۳٦۰ی هەتاوی، بلاو بووەتەوە، زیاتر لە یەک مانگ بەسەر بڵاوبووەنەوەیدا تێپەڕی و پاشان بەدەستی ئێمە گەیشتووە. (.......) "گەلاڵەی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" لە ئامادەکردنی ئەو گەلاڵەیەدا ئێمەیشیان زۆر بە باشی تاوتوێ کردووە و لە کۆی هەڵوێست و ڕوانگەکانمان ئاگادار بوون، ئەوان کە سەرقاڵی شەڕکردن بە دژی "پۆپۆلیزم" بوون، "بەپێی هۆکارە سیاسییەکان" هەر جۆرە هاوکاری و یارمەتییەک ڕەت دەکردەوە و بە مەبەستی هەڵوەشانەوە داوایان لە ئێمە دەکرد ئەو هاوڕێیانەمان کە ناچار دەبوون بچنە شوێنێکی تر، یان هانیان بدەین کە بچنە نێو ڕیزەکانی "پێشمەرگەی کۆمەڵە"وە و یان "وەکوو پەنابەری سیاسیی کۆمەڵە" بناسرێن، واتە بە شێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو کە ڕێگە نەبێت هاوڕێیانمان هیچ جۆرە چالاکییەک بکەن! ئەمە تەنانەت دێموکراتیزمی شۆڕشگێڕانەش نەبوو، بەڵکوو خراوترین گوشارێکی بوورژەوازییانە بوو. خودی بەڵگە پێوەندیدارەکان بەم شێوەیە:

بەڵگەی دووهەم

بۆ هاوڕێیانی کۆمەڵە!

هاوڕێیان، چەند کەس لە هاوڕێیەکانمان لێرەدا تووشی بارودۆخێکی ئەمنییەتیی نالەبار بوون و لە مەترسیدان. بە مەبەستی گواستنەوەی ئەو هاوڕێیانەمان بۆ کوردستان، پێویستمان بە هاریکاری و یارمەتیی شۆڕشگێڕانەتانە. تکایە بە زووترین کات ئاگادارمان بکەنەوە.

کۆمیتەی شۆڕشگێڕی م.ل. ڕێکخراوی ڕەزمەندەگانی ئازادیی چینی کرێکار.

٣٠ی گەلاوێژی ١٣٦١ی هەوتاوی.

وەڵامی کۆمیتەی کۆمەڵە لە تاران تاکوو کاتی هەڵوەشانەوەی ئەوان بە شێوەیەک بوو کە پێوەندیی بە ئێمەشەوە هەبوو.

ژمارە ٣

وێڕای سڵاو

بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە پێویستە پێوەندییەک بە ڕێبەریی کۆمەڵەوە بگرین. پاش وەڵامدانەوەی ڕێبەریی کۆمەڵە بە زووترین کات ئاگادارتان ئەکەینەوە.

کۆمیتەی کۆمەڵە لە تاران

خەرمانانی ١٣٦١ی هەتاوی

پاش ئەوەی کە نزیک بە یەک مانگ لە نامەی یەکەم تێپەڕی، کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە وەڵامێکی بۆ ئێمە ناردەوە:

بەڵگەی ژمارە ٤

وێڕای سڵاو

پاش ئەوەی کە پێوەندیمان بە ڕێبەریی کۆمەڵەوە کرد، پێتان ڕادەگەیەنین کە لە ڕوانگەی ئێمەوە بە هۆکارگەلێکی سیاسییەوە ئەو داواکارییەی ئێوە جێبەجێ ناکرێت، مەگەر ئەوەی کە ئەو هاوڕێیانە پەیوەست بێن بە ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە یان وەکوو پەنابەرێکی سیاسیی ئەندامی کۆمەڵە بڕۆن بۆ ئەو شوێنە.

٢٨ی خەرمانانی ١٣٦١ی هەتاوی.

ئەو شێوازە هەڵسوکەوتە کە زۆر بەڕوونی دژی بنەما دێموکراتیکەکانە و لەو هەڵسوکەوتە ئۆپۆرتونیست و هەلپەرەستانەیەدا (.....) لە هەمووی خراپتر ئەوەیە کە کۆمەڵە بۆ ئەو هۆکارە سیاسییە کە لەو سەردەمەدا و لەلایەن ئێمەوە تەنیا وەکوو ڕەشنووس و "گەڵاڵەی پێڕەوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" ئەژمار دەکرێت، هیچ ڕاستییەکی تێدا نەبووە و بە شێوەیەکی ئۆپۆرتونیست و هەلپەرەستانە ئامادە کراوە کە لە مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێراندا نموونەی نەبووە!

ئێمە ناچار بووین ڕاشکاوانە بارودۆخی کۆمەڵە و لە ئاکامدا یارمەتیی ڕێزدارانە و هەڵوەشێنەرانەکەیان ڕەت بکەینەوە.

ژمارە ٥

وەڵامێک بۆ هاوڕێیانی کۆمەڵە

کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە کە لە بەهاری ١٣٦٠ لە گوندی "زەنبیل"ی بۆکان گیرا، باسی جەریانی پەیکار دەکا کە دواتر قسەکانی دادەنرێ. قسەکانی کاک عەبدوڵڵا جێگەی سەرسوڕمانە، چونکە چاوەڕوانی ئەوەی هەبوو حیزبێک بە مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و خەباتێکی دەیان ساڵەوە، دوای ئەوەی کە یەکێک لە باشترین ڕۆڵەکانی (عەلی وەهابزادە) گیانی خۆی پێشکەش بە بارەگای ئازادی دەکا، خەڵک لە بەخاکسپاردنیدا بەشداری نەکەن، هەر لەو کاتەدا دان بەوەش دادەنێ کە خەڵکیان دژی حیزبی دێموکرات هان داوە بێنە سەر شەقام دژی حیزب شوعار بدەن تەنانەت ئەندام و لایەنگرانی کۆمەڵە پێش خەڵک کەوتن کە حیزبی دێموکراتیان بە دوژمنانی کورد دەشوبهاند.

لەلایەکی دیکەوە عەبدوڵڵا موهتەدی هاتنی خەڵک بۆ سەر گۆڕستان بە ترسەنۆکیی بورژوازی ناو دەبا، واتە پێی وایە کە بورژوازی لە سەرکەوتنی خۆی دەترسێ و تەنانەت بە خەڵکی دەڵێ نەدامەتنامەیان داوە بەحیزب!

"یەکێک لە خسووسیاتی وردەبورژوازی ئەوەیە کە لە "پیروزی قطعی" خۆی دەترسێ دەڵێ جاری وایە بە نەزەر دەگا وردە بورژوازی دەچێتە پێشێ لەو بارەیەوە، بەڵام وا بە نەزەر دەگا کە ئەسڵەن بۆ خۆی پێی خۆش نییە سەرکەوێ جورئەتی سەرکەوتنی نییە. بە نەزەری من ئەو ڕوحییەی

---

هاوڕێیان! ئەو مەرج و هەلومەرجانەی کە بۆ ئێمەتان دیاری کردووە، بە هیچ شێوەیەک لواو و لەبار نییە و ئێمە پێمان وایە مەرجەکانتان بێپرەنسیپانەن و لەگەڵ بنەما و پرەنسیپەکانی ئینترناسیۆنال ناتەبان. وێڕای ئەوەی کە ئەو هەڵسوکەوتەی ئێوە بە توندی ئیدانە دەکەین، جیا لەوەی کە پێمان وایە ئەو جۆرە هەلسوکەوتانە هیچ یارمەتییەک بەو کۆمۆنیستانە ناکات کە قاچاخ بوون یان لەژێر چاوەدێریدان، بەڵکوو لەو باوەڕەشداین کە بەو جۆرە هەڵسوکەوتانە ئەو کەسانە ڕووبەڕووی مەترسیی تیربارانی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە.
کۆمیتەی شۆشگێڕانی مارکسیستیی لینینیستی
ڕێکخراوی ڕەزمەندەگانی ئازادیی چینی کرێکار.

وردە بورژوازی زاڵ بوو، وە ئەو "تشیع کنندگان بطور عمده" ئەو کەسانە بوون. وردەبورژوازی ئیحساسی کرد کە پێشڕەوی کردوە، بۆخۆی عەقەبنشینی کرد هیچ فشارێک نەبوو غەیری "ناپیگری" مەعنەوی خۆی. ئەوە بوو لەنەزەر منەوە چون بۆ تەشیع جەنازە نەوعێک ئیبرازی نەدامەت بوو، نەدامەت نامەیان داوە بە حیزبی دێموکرات بۆ ئەو کارەی خۆیان."[1]

دوای ئەو جەریانە کە لە ٧ی ڕەشەمەی ١٣٥٩ ڕووی دابوو لە سەرەتای بەهاری ١٣٦٠، چەند کەس لە زیندانییانی کۆمەڵە لە ناوچەی سەردەشت ڕا دەکەن و بۆ بەیانی، پێشمەرگەکانی حیزب دەیانگرن و بەرەو زیندانی دۆڵەتوو ڕەوانەیان دەکەن. لە کاتی بەڕێکردن بۆ زیندان تووشی ئەفرادی کۆمەڵە دەبن و داوای ئەو زیندانییانە دەکەنەوە. وەک هەموو جارەکانی دیکە بە قسەی ناخۆش دەست پێدەکەن، ئەوە زیندانیی ئێمەن، بورژوازی داگیری کردوون و ... بەڵام هەر لەو کاتەدا کە دەزانن ژمارەیان کەمە و پێشمەرگەکانی حیزب زۆرترن ئەگەرچی کۆمەڵە دەست بۆ چەکیش دەبەن دوو کەسیان لێ چەک دەکرێ و لە کۆتاییدا دەگەڕێنەوە بۆ بنکەکانی خۆیان. دوای ئەو ڕووداوە هەست دەکەن کە هێزی حیزبی دێموکرات لەو ناوچەیە زۆرە و خەڵکەکەشی بەگشتی حیزبین، بنکەکانیان بەرەو ناوچەی ڕەبەت و لەوێشەوە بۆ بۆکان کە ئەو کات لە دەست پێشمەرگەدا بوو ڕەوانە کرد.

دوای ئەو ڕووداوانە کۆمەڵە لە ناوچەی جنووبی کوردستان و بۆکان نزیک بە ٢٠٠ کەس لە ئەفرادی چەکداری خۆی ڕەوانەی "بێژوێ"ی سەردەشت دەکا بۆ شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات کە بتوانێ لە ڕێگای چەکەوە هێژمونیی کۆمەڵە بەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیەدا بسەپێنێ. بەڵام دواتر لەڕێگای وتووێژ کە نوێنەری حیزبی دێموکرات کاک "حەسەن ڕەستگار" بوو، ئاڵۆزییەکان

---

[1]- وتەکانی عەبدوڵڵا موهتەدی لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە

کەمڕەنگ دەبێتەوە. دیارە ڕوونە کاک عەبدوڵڵا لە گۆنگرەی دوو باسی چی دەکا! کاتێک دەڵێ تا ئاخرین گوللە لە بەرامبەر ئەوان دەوەستێ یانی چی؟ نیشانەی دەسپێکی شەڕە و بڕیاری شەڕی داوە تەنانەت چەند کەس لە ئەفرادی وان بە قەولی کاک عەبدوڵڵا دەبوو شەڕ بکەن و خۆیان بە کوشت بدەن چونکە وەک ئاماژەی پێدەکا سیاسەتی ئەوان تەسلیم بوون نییە، ئامانجەکەشی ڕوون بووە کە کوڕی خەڵک بکوژرێ و ئاگری ماڵوێرانکەر بکاتەوە کە دیارە دواتر هەر بەو جۆرەی خۆی ویستی بە ئەنجامی گەیاند.

سەرەڕای ئەو بەرخوردە فیزیکییەی لەنێوان پێشمەرگەکانی حیزب و ئەفرادی کۆمەڵە ڕوویان دەدا پاش دانیشتن کێشەکان چارەسەر دەبوون. بەڵام ڕێبەرانی کۆمەڵە بە ناساندنی حیزبی دێموکرات بە "دژی شۆڕش" (ضدانقلاب) و "نوێنەری بورژوازی"ی کوردستان، و هەروەها تەبلیغاتی بەردەوام دژی ئەو حیزبە لە کۆنگرەی دووهەمیاندا، ئاگری ئەو ناکۆکییانەیان خۆشتر کرد. لە کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵەدا دوو بۆچوون هەبوون کە تا ئاستی لێکترازان کێشەیان بۆ دروست کردبوون. بۆچوونی یەکەم: کۆمەڵگای ئێرانی بە نیوەداگیرکراو (نیمەمستعمرە) و نیوەفیئۆدالی دەزانی، بە جۆرێک کە دەورانی فیئۆدالی تێنەپەڕاندووە، بۆیە دەبێ ستراتیژیی درێژەدانی شۆڕش لەسەر ئەساسی شۆڕشی وەرزێران و چالاکیی ئینقلابی لە دێهاتەکان بنیات بنێن. ئەو بۆچوونە لەلایەن ساعد وەتەنداووست، "سەعید یەزدیان" و ئیرەج فەرزاد پشتگیری دەکرا. بۆچوونی دووهەم: کە بۆچوونی عەبدوڵڵای موهتەدی و برایم عەلیزادە و حوسێن موڕادبەیگی بوو، ئەوان پێیان وابوو کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارییە و بەو دەلیلە فاکتۆری سەرەکی بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن بە شۆڕشی داهاتووی ئێران، چینی کرێکار و شارەکانن، دیارە ئەم بۆچوونە لە کۆنگرەدا سەر دەکەوێ. یەکێک لە بۆچوونە گرینگەکانی دیکەی کۆنگرەش لە

پێوەندیی لەگەڵ حیزبی دێموکرات بوو، ئەویش کاک عەبدوڵڵا موهتەدی دەیهێنێتە بەرباس کە ئەوەیە هەموویان لەسەر شەڕ و تواندنەوەی حیزبی دێموکرات و ناسینی ئەو حیزبە بە حیزبێکی بورژوازیی دژی شۆڕش کۆکن، کە تێزەکە ناوبراو دایڕشت.

کاک برایمی عەلیزادە کاتێک باسی کۆنگرەی دوو دەکا، خۆی لەو بڕیارانەی لە پێوەندیی لەگەڵ حیزبی دێموکرات دەرچوون، دەبوێرێ و تەنانەت وشەی "ضدانقلاب" دەسڕێتەوە، سەرنج بدەن:

"لەم کۆنگرەیەدا بۆ یەکەم جار بڕیارنامەیەکی نێوخۆیی پەسەند کرا کە تێیدا حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی بورژوازی پێناسە کرابوو، بەڵام بڕیار درا جارێ ئەو بڕیارنامەیە بە ئاشکرا بڵاو نەکرێتەوە."[1] بەهمەن سەعیدی لێی دەپرسێ: "بۆ بڵاوتان نەکردەوە؟" لە وڵامدا دەڵێ: "قەرار نەبوو دوای ئەو بڕیارنامەیە سیاسەتی ئێمە بەرامبەر بە حیزبی دێموکرات هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا بێت، هەلومەرج حەسساس بوو ئێمە بە لای خۆمانەوە وەکوو هەڵسەنگاندنێکی سیاسی چاومان لێ دەکرد، بەڵام نەماندەزانی کاردانەوەی لای ڕێبەرایەتی و ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چۆن دەبێ. حیزبی دێموکرات بە تەبلیغاتی سیاسیی دژبە خۆی حەسساس بوو. لە نموونەی ڕێکخراوی پەیکاردا لە شاری بۆکان، دیتمان کە چۆن دوای ئەوە کە ئەو ڕێکخراوە چەپە ئێرانییە چەند بەیانییەیەکی دژبە حیزبی دێموکرات بڵاو کردەوە، چوونە سەر مەقەڕەکەیان و چەند کەسیان لێ شەهید کردن. بۆیە وەکوو پرەنسیب ئەو بەڵگەنامەیەمان پەسەند کرد، بەڵام بڕیارمان دا تەبلیغی پێوە نەکەین و وەکوو سەنەدێکی نێوخۆییی کومیتەی ناوەندی ڕایبگرین."[2]

---

[1]- سێ ساڵ لەگەڵ برایمی عەلیزادە، لاپەڕەی ٩٥.

[2]- هەمان سەرچاوە. {بەپێچەوانە نەک هەر تەبلیغیان پێوە کرد بەڵکوو زۆر بەجیددی کاریان بۆ کرد.}

بە پێچەوانەی قسەکانی کاک برایم، نەک بڕیاریان داوە تەبلیغی پێوە بکەن بەڵکوو بڕیاری شەڕیشیان دابوو، چونکە وتاری کاک عەبدوڵڵا موهتەدی وتەکانی کاک برایم بە تەواوی ڕەد دەکاتەوە، ئەو کۆنگرەیە باسێکی چڕوپڕی لەسەر حیزبی دێموکرات کردبوو و بڕیاری شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی دابوو. کاک برایم عەلیزادە دەتوانێ بڕوانێتە بڕیاراتی کۆنگرە، کە لەوێدا حیزبی دێموکراتیان نەک وەک حیزبی بورژوازیی دژی شۆڕش دەناسێندرێ، بەڵکوو جەخت دەکرێتەوە کە حیزبێکی لیبراڵە و هێندێک داواکاریی زۆر کەم و سازشکارانەی لە بەرامبەر دەوڵەتدا هەیە، لەوەش گرینگتر حیزبی دێموکرات وەک تاقمێکی تایبەت کە غارەتگەر و ملهوڕ و هۆکاری سەلبی دێموکراسی لە کوردستانن، ناو دەبرێ.

## کۆنگرەی ٢ی کۆمەڵە و
## هەنگاونان بۆ شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات

کۆنگرەی ٢ی کۆمەڵە لە بەهاری ١٣٦٠ لە ئاوایی زەنبیلی ناوچەی تورجانی بۆکان گیرا. گرینگترین باس لەو گۆنگرەیەدا کە ئەندامانی کۆمەڵەی ورووژاند دوو مەسەلە بەرچاو دەکەوێ. یەکیان ئەوە بوو کە کۆنگرە لەسەر دوو بۆچوون قسەی کرد و بڕیاری کۆتایی دا. بۆچوونی یەکەم لە دوو مەسەلە کە ناکۆکی سیاسی و ئیدوئولۆژی کۆمەڵەی لێکەوتەوە بە دوو بۆچوونی جیاواز. دووهەمیان ئەوە کە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی "بورژوازی و دژەشۆڕش" بناسن.

ناکۆکی ئیدئۆلۆژیی کۆمەڵە، وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا دەستەی یەکەمیان باوەری وابوو کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی نیوەداگیرکراو "مستعمره" و نیوەدەرەبەگایەتی "فئودالی"یە، واتە هێشتا بە تەواوی دەورانی دەرەبەگایەتی نەپێواوە بۆیە دەبێ ستراتیژیی خەباتی کۆمەڵە لەسەر ئەو ئەساسە دارێژرێ کە شۆڕشی وەرزێران و شۆڕش لە دێهاتەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، لایەنگرانی سەرسەختی ئەو بۆچوونە ئیرەج فەرزاد، ساعد وەتەندووست و سەعید یەزدیان پشتیان گرتبوو.

دەستەی دووهەم: کۆمەڵگای ئێران بە کۆمەڵگایەکی کاپیتالیسم دەزانی هەر بۆیە بڕوایان بەوە هێنا کە چینی کرێکار و شارەکان بە فاکتۆری سەرەکی بزانن بۆ سەرکەوتنی شۆڕشێک کە لە ئێران بەرپای دەکەن. ئەو بۆچوونە لە لایەن عەبدوڵڵا موهتەدی، برایم عەلیزادە و حوسێن مورادبەیگی پشتیوانی لێ

دەکرا. دیارە پاش باسێکی زۆر لەنێو ئەو چەپە تازە پێگەیشتووانە خەتی یەک پاشەکشەی کرد و دەنگیان بە بۆچوونی موهتەدی دا. بەمجۆرە ئیمکانی ئینشعاب لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە بە سەرکەوتنی لایەنگرانی موهتەدی مونتەفی بووە و لەدرێژەدا شێوازی شێوازی کاری پێشووی کۆمەڵە وەک شێوازی کاری پۆپۆلیستی و بیرۆکەی کۆمەڵە، وەک بیرۆکەی سۆسیالیزمی گەلی هاتە بەر ڕەخنە و بیرۆکەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕانە بووە جێگرەوەی ئەوان. دیارە کۆنگرە لە بەشێکی ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرە بەمجۆرە[1] باس دەکا.

بۆچوونی دووهەم لەسەر ناسینی "دژەشۆڕش"ی حیزبی دێموکرات (دیارە ئەو شۆڕشەی کە کۆمەڵە بە نیازی بوو لە ئێراندا بیکا) بناسێ کە ئەویش عەبدوڵڵا موهتەدی، حوسێن موڕادبەیگی، جەعفەر شەفیعی و یوسف ئەردەلان و چەند کەسی دیکەش کە کاریان بۆ کرد سەر کەوت. واتە کۆنگرە دەنگی بەنەزەری ناوبراو دا و کەوتنە بەرەیەک کە حیزبی دێموکرات وەک خۆیان ئارەزوویان دەکرد بناسن و خۆشیان وەک نوێنەری چینی کرێکار دیاری کرد.

هەروەها بە پێی بەڵگەکانی کۆنگرەی دووی کۆمەڵە نەک هەر باسی مافی گەلی کوردی نەکرا تەنانەت لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی گەلی کورد و خەباتی نەتەوەیی و ستەمی نەتەوایەتی و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش خۆیان بوارد و لە جیاتی ویستی خودموختاری و مافی نەتەوایەتی، داوای دێموکراسی بۆ کوردستانی دەکرد کە چی بۆ خۆشیان گەلاڵەی خوموختاری‌یان بڵاو دەکردەوە؟ کە خۆشیان باوەڕیان بە قسەی خۆیان نەبوو. لەکۆتایی کۆنگرەکەیان ١٣ کەسی وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد و عەبدوڵڵای موهتەدی وەک دەبیری یەکەم دیاری کرا.

---

[1]- کۆنگرەی بەلارێدابردنی ئایدئۆلۆژیی سەرەکی و بنەڕەتیی ڕێکخراوەکە وەکوو پۆپۆلیزم (خسڵەتگەرایی و شێواندنی ڕیزەکانی سەربەخۆی پرۆلێتاریا) و ئەکۆنیزم (تێنەگەیشتوویی لە ئەرکەکانی پرۆلێتاریای هۆشیار و پێڕەویکردن لە ڕەوتێکی خۆڕایی) داڕشتووە و ڕیزبەند کردووە و هەروەها وەکوو بەلارێداچوونی بنەمای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ناساندووە.

هەر وەک لە بەڵگەکانیشدا دەردەکەوێ خەتی ٣ هەموو یەک ئامانجیان دەپێکا، ئەویش هەماهەنگی لە گەڵ ئەو وشە و دەستەواژە بریقەدارانەی سەردەم بوو کە بتوانێ خەڵکی پێ فریو بدەن و بۆ ئەم مەبەستەش نووکی هێرشەکانیان لە ناسیۆنالیزم و خەباتی نەتەوایەتی بوو، واتە بە قەولی خۆیان دەیانویست ناسیۆنالیزم داپڵۆسن! دوای کۆتایی کێشەکانی پەیکار، لە حاڵێکدا کە چەند جار کێشە لە نێوان ئەفرادی کۆمەڵە و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ڕووی دا، کۆمەڵە بەرەو کۆنگرەی دووی خۆی هەنگاوی نا، لەو کۆنگرەیەدا حیزبی دێموکراتی بە "دژە شۆڕش" و "بورژوازی" ناساند و بە قەولی کاک برایم عەلیزادە وەک سەنەدێکی نهێنی لە بڕیارنامەی کۆتایی کۆنگرەدا مایەوە.

ئەو پەسەندکراوەی کۆمەڵە بەتەواوی دەریدەخا کە کۆمەڵە پلانی شەڕی لەدژی حیزبی دێموکرات هەیە، هەربۆیەش لە زۆر جێگا توندڕەوی بە هەڵسوکەوتییەوە دیار بوو و کردەوەکانی جۆرێک ڕێکخست کە حیزبی دێموکرات بە دەسپێشخەر بزانێ. لە زۆربەی شوێنەکان کە تێکهەڵچوون ڕووی داوە دەستی کۆمەڵە لە پێشەوە بووە، چونکە ئەوان باوەڕیان وا بوو لە پێشدا دەبێ بەناو "بورژوازیی کوردستان" لە مەیدان وەدەر بنێن، دواتر ڕووی چەکەکانیان لە کۆماری ئیسلامی بکەن. ئەگەر بمانهەوێ بەڵگەنامەکانی کۆمەڵە شی بکەینەوە وەک ئەم بەڵگەیە:

**"ئەو ناکۆکییە چینایەتی و سیاسییانە، ئەو جیاوازییە ئایدۆلۆژییە لە ئاکامدا بەربەرەکانیی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات تا ئێستا درێژەی هەبووە و درێژەی دەبێ، بەڵام مەسەلەکە لێرەدایە کە کامیان لەو دوو لایەنە شەڕیان لە مەیدانی سیاسییەوە بۆ مەیدانی نیزامی گواستۆتەوە؟**[1]

ئەگەر لەم ڕستەیە کە دەڵێ شەڕ درێژەی سیاسەتە بۆ باس لە شەڕی نێوخۆیی کوردستانی ئێران کەڵک وەرگرین، دەبێ بڵێین شەڕ ئاکامی ئەو سیاسەتە چەوتەی ڕێبەرانی کۆمەڵە بوو کە بۆ ئەوەی لە ڕێگای نادروستەوە حیزبی دێموکرات بە حیزبێکی ناڕەوا بە خەڵک بناسێنن، هەوڵی زۆریان دا کە

---

1- "بررسی جنگ ارتجاعی حزب دمکرات علیه کومەلە"، لاپەڕەی ٣١.

نەک هیچ ڕەساڵەتێکی مێژوویی بۆ حیزبی دێموکرات قایل نەبن، بەڵکوو بە کۆسپی سەر ڕێگای شۆڕشی لە قەڵەم بدەن و تەنانەت بە دوژمنی سەرەکیی خۆیان دەزانی، ئەم بەڵگانە دەیسەلمێنن کە ڕێبەرانی کۆمەڵە تاوانباری سەرەکیی شەڕی نێوان حیزب و کۆمەڵەن.

کاک عەبدوڵلای موهتەدی لە سەرووی هەموو ڕێبەرانی کۆمەڵەوە لەو باسانەدا کە لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵەدا کردبووی نیشانی داوە کە چەندە دوژمنایەتیی حیزبی دێموکراتی پێ باش بووە. بە باوەڕی ناوبراو پەرەپێدانی دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات بە واتای قایمکردنی جێگە و پێگەی کۆمەڵە لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری‌دا بوو. ناوبراو لە کۆنگرەدا لە باسێکی تێروتەسەلی فۆرمولەکراودا ئاماژە بەوە دەکا، کە چۆن و لە کوێوە و بە چ ڕێگایەکدا دژایەتیی حیزبی دێموکرات بکەن و شەڕ دەست پێ‌بکەن. ئەم باسەی کاک عەبدوڵلا لە کاسێتی قسەکانی لە کۆنگرەی دوو وەرگیراوە کە دەقاودەق بەم جۆرەیە:

## دەقی قسەکانی عەبدوڵڵا موهتەدی
## لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە

"مەوجـودییەتی پاراسـتنی کـۆمەڵە و گەشـەکردنی لە بەرامـبەر حیزبـی دیمـوکراتدا. ئەو مەسـەلەیە کە، چـۆن مەوجـوودییەتی کـۆمەڵە و نەک مەوجـوودییەتی بەڵکـوو گەشەکردنیشـی بپـارێزین لە بەرامـبەر حیـزب دیموکراتدا؟ با تەوەجۆ بەوە کە لەوە بەولاوە کۆمەڵە مەنتیقەن دەبێ زۆر عەزیزتر و خۆشەویستتر بێ بۆ ئێمە و زۆریش قسە لەوە کرا کە دەبێ مەوزێعی تەعەڕوزیمان ببێ، یانی چی ئەوە، چۆن مەوزێعی "تەعەڕوزیمان هەبێ و بەتەوری کوللی بە شوێن ئەوەدا باسی دەکەم کە چ سیاسەتهایەکمان دەبێ هەبێ بەرامبەر بە ئەوان.

مـن لە چەنـد مەورددا خۆلاسـەم کـردۆتەوە کە یـانی چـی مەوزێعـی تەعەڕوزیمان هەبێ، وەک هێندێک لە ڕەفیقەکان کە باسیان کرد، بە نەزەری مـن مـوقەددەم بەسـەر هەمـوو شـتێکدا ئەوەیە کە ئێمە مـاهییەتی حیزبـی دیموکرات، ڕەسـاڵەتی حیزبـی بـورژوازیی زیـددی ئینقلابـی لە کوردسـتاندا واقیعەن بناسین. ئەوەڵین کاری ئێمە عیبارەتە لەوەی کە ئەو شناختە بەرینە نێو پێشـمەرگەکان، بەریـنە نێو هەواداران و بەریـنە نێو لائەقەل ئەقشـاری پێشـڕەوی زەحمەتکێشـان. تا ئێستا ئێمە بەهەرحاڵ تەبلیغمـان کـردووە بـۆ ئیفشاگەریی حیزبی دیموکرات، بە ئەندازەیەک ناساندوومانە و لە داهـاتوودا تەئسیری زۆر بووە لە کوردستاندا، ئەو نەوعە فەعالییەتە کە لە جەریـانێکی دیموکراتیـکدا، ئەو موبـارەزە ئیـدۆلۆژییە سیاسـییە هەر بێسـابیقەیە لە

کوردستان‌دا کە ئێمە کردوومانە، مونتەها شەرت ئەوەیە ئێمە هەرچی زیاتر ئەوە عومق پێ بدەین و تا ئێستا بەعزە شێوەیەکمان بۆ تەبلیغات بووە، بە نەزەری من ئەوانە تەرک بکەین، شێوەیەکی باشتر بنێرینە جێگای. مەسەلەن ئێمە تەنیا لەسەر بەعزێک جەنبەهای موجەززای حیزب و مەخسووسەن بەعزێک موجەززای مەسئوولان و ئەفرادی حیزبی لە نێو پێشمەرگەی خۆمان تەبلیغمان کردووە، بەتایبەت پێشمەرگەکان زۆرتر بەو شێوەیە تەبلیغیان کردووە. لەسەر مەواردی فەسادی جنسی، مەسەلەن لە مەواردی دزیهای فەردی، ئەڵبەتە ئەوانە کاربوردیان هەیە، بەڵام بەتەوری کوللی کاربوردی ئەوانە مەحدوودە، هەدەفی کاری ئیجادی ئامادەگی بۆ تەعەڕوز لە نێو سفووفی خۆمان‌دا، پێش هەموو شتێک ئەوەیە کە ئێمە ئەوە تەعمیمی بدەین، ئەو شناختە موجەززایانەی خۆمان و بەسووڕەتی شناختی تیئۆریک لە حیزب دەری بێنین. مونتەها ئەوەیە کە دەڵیم بە سووڕەتی شناختی تیئۆریک دەری بێنین دەقیقەن ئەو جۆرەی ئێمە لە کۆنگرەدا باسی دەکەین ناتوانین بەلای هەموو پێشمەرگەکانەوە بەتایبەت پێشمەرگە زەحمەتکێشەکانەوە عەینەن ئاوا باسی بکەین، دەبێ ئاوا پێشگیری بکەین. بۆچوونەکەمان ئەوە بێ هەرچی زووتر تەحلیلی بدەین، یانی بە سووڕەتی موبارەزەیەکی تاریخی، بە سووڕەتی موبارەزەیەکی تەبەقاتی ببینین، نەک بە سووڕەتی موبارەزەیەکی ئێمە پیاوی چاکین، ئەوان پیاوێکی خراپن، دزیان تێدایە درۆزنیان تێدایە. ئەوە کافی نییە، ئەوە هەر دەرکی مەحدوودە لە تەبلیغ عەلەیهی حیزبی دێموکرات‌دا. ئێمە لە بارێکی دیکەشەوە لەگەڵ دەرکی مەحدوود لە تەبلیغ عەلەیهی حیزبی دێموکرات‌دا موبارەزە بکەین، ئەویش ئەوە تا ئێستا هەر وەکوو یەکێک لە کوڕەکان باسی کرد بەتەوری مەوزووعی لە بەرامبەر حیزبی دێموکرات‌دا تەبلیغمان کردووە، لە حاڵێک‌دا دەبێ ئەوەش خاتمە پێ بێنین. ئەوە کە دەبێ خاتمە پێ بێنین بەو بارە، یانی بەتەوری تەشکیلاتی وەکوو بەرنامەیەکی مونەززەم سەرفی نەزەر لەوەی کە حیزب لە بۆکان لەگەڵ ئێمە دەرگیر دەبێ یان فەرز کەین لە سەردەشت دەرگیر دەبێ، سەرفی نەزەر لەوە لە تەواوی ڕیزەکانی کۆمەڵەدا، وە لە

سفووفی تەشکیلاتی نهێنی، پێشمەرگە، هەوادار لەنێو هەموویاندا ئێمە ئەو تەبلیغە بەشێوەی مونەززەم، وەکوو بەو جۆرەش باسم کرد و بەشێوەیەکی مەحدوودی نەکەینەوە بە مەسائیلی شەخسیی بچووک، ئەوە بەرینە پێشێ. ئەگەر ئێمە ئیتمینان پەیدا بکەین کە لە هەر کاتێکدا کە لە سەردەشت، ئەگەر پێشمەرگەی ئێمە ئەوە ئیحساس بکا، ئیحساسی ئەو پێوەندییە واقعییە بکا کە هەر کات لە سەردەشت لێی قەوما هیچ مانعێکی نییە ئەگەر زەعیفتر بوو تەنها خۆی لەو مەحدوودەدا لە بەرامبەر حیزبی دێموکراتدا نەبینێ کە خۆی و حیزب تەنها ببینێ یا خۆی و فڵانە دەستەی پێشمەرگەی ئەوان ببینێ کە زیاترن لە ئێمە، بەو دیدە مەحدوودەوە زاتی خۆی گەورە بکاتەوە ئەگەر تەنیا ئەوە نەبینێ بەڵکوو بزانێ کە ئیتمینانی بەوە هەبێ کە ئێمە دەتوانین لە سنە، زۆر بەباشی دەتوانین زەربە لە حیزب بدەین یان دەتوانین هێز کۆ کەینەوە، هەم دیسان بیهێنین بۆ سەردەشت بە نەزەری من قووەتی قەلب پەیدا دەکا. ئەوە تەنیا شتێکی ئیدیئالیستی نییە بۆ ئەوەی کە بەڕاستی کابرا ئەو ئیحساسە بکا کە پێشمەرگەی ئێمە، ئەو ئیحساسە، ئیحساسێکی واقیعبینانە بێ، هیچ ڕێگایەک نییە بەغەیری ئەوە لە تەواوی ڕیزەکانی خۆماندا بەتەوری سیستماتیک ئێمە تەبلیغات عەلەیهی حیزب بکەین، نەک هەر تەبلیغ عەلەیهی حیزب، تەبلیغ بۆ ئامادەگی لە بەرامبەر حیزبی دێموکراتدا.

ئەو مەسەلەی کە ئێمە دەڵێین ئیجادی هێز بکەین، عیبارەت نییە لەوە بە شێوەیەکی ماجەراجوویانە، بەبێ ئەوەی تەداروکاتی ئەو هێزەمان لە نەزەر گرتبێ، بەبێ ئەوەی مەسئوولانی ئەو هێزەمان لە نەزەر گرتبێ هەدەفی مەزموونی فەعالییەتی هێزەکەمان لە نەزەر گرتبێ هەر لەخۆڕا لە دەوری یەکتری کۆیان بکەینەوە. بەرلە هەموو شتێک ئێمە دەبێ زەروورەتی یەکگرتنی هێزەکانمان، زەروورەتی ئەوە کە ئیستحکامێکی دەروونیی ناگوسەستەنیمان دەبێ هەبێ لە بەرامبەر حیزبی دێموکراتدا، وەکوو تەنی واحید موبارەزە لەگەڵ حیزب بکەین. ئەو ڕۆحە، ئەو ئیدەیە بەرینە نێو پێشمەرگەکانەوە و ئەو ئیدە وەک تەبلیغاتێکی دایمیی ڕۆژانە دەکرێ کە

موڕەتتەبەنیش عومق پەیدا بکا هەر لە سەتحێکی مەحدووددا نەمێنێتەوە. ئێمە دیارە هەر بەو شێوەی کە باسمان کرد بە تەدریج دەبێ هەموو جۆرە تەوەهومێک نیسبەت بە حیزبی دێموکرات وەکوو ڕەفیقەکان باسیان کرد لەبەین بەرین. مونتەها دیسان من ئەوە دەڵێم ئێمە تەبلیغاتی خۆمان دەبێ موبتەنی بکەینە سەر واقیعیات، یانی بە هیچ شێوەیەک ئەوە مەسڵەحەت نییە ئێمە لەگەڵ بەعزێک ئەفراد یا ئەقشاری عەقەب‌ماندەی پێشمەرگەی خۆمان ئاوا دەست بکەین بە تەوەهومزودایی، بڵێین بەڵێ ئێمە بەتەوری قەتع لەگەڵ حیزبی دێموکرات شەڕ دەکەین، شەڕی ئێمە ئیجتناب‌ناپەزیرە و لە ئێستاوە ئامادە بی. ئەوە غەڵەتە، ئەوە کابرا دەڕووخێنێ لە جیاتی ئەوەی ساختمانێکی بۆ دروست بکا. ئێمە دەبێ بەگوێرەی سەتحی ئاگاهی، بەگوێرەی سەتحی ئامادەیی، یانی لەو سەتحەوە حەرەکەت بکەین، مونتەها یەک هەدەفمان هەبێ. دیارە لە کومیتەی ناوچەی ئێمە جۆرێک بەرڕەسی دەکرێ وە لە نێو بەعزێک لە پێشمەرگەکان کە دەرکی ناکەن جۆرێک بەرڕەسی دەکرێ وە لە نێو پێشمەرگەی ئاگاتر و بەرپرسانی دەستەکان و ئەوانە ئەڵبەتە بەجۆرێکی دیکە باس بکرێ. ئەوانە لە ستووحی موختەلیفەوە حەرەکەت دەکەن، مونتەها بەهەرحاڵ هەدەفمان هەر یەک هەدەفە لە لەحازی تیئۆری و سیاسییەوە.

بێجگە لەوانە، وەزیفەیەکی دیکەی لەباری تیئۆریکەوە هەمانە، ئەڵبەتە وەزیفەیەک نییە بە یەک‌دوو ڕۆژان بتوانین ئەنجامی بدەین، بەڵام من ئیعتقادم ئەوەیە تەئسیرێکی تاریخی دادەنێ، ئەویش ئەوە ئێمە بێین نەوعێک تاریخچە، مونتەها نەک تاریخچەی ڕۆژبەڕۆژ و حادسەنگاری، بەڵام نەقدێکی پرۆلتێری لە حیزبی دێموکرات بکەین. تەواوی ناپەیگیرییەکانی، تەواوی خەیانەتەکانی لە مەقاتعی موختەلیفەوە هەر لە ئەوەڵەوە تا ئێستا لە دیدگای پرۆلیتاریاوە سابیتی بکەین. ئەوە گەنجینەیەکی تیئۆریکە بۆ ئایەندەگانی ئێمەش، هەر وەکوو مەسەلەن فەرز بکە ئەو جۆرەی کە مارکس و ئینگڵس هاتوون جونبشهای سۆسیالیستیی وردەبورژوازی یا جونبشهای بورژوازیی لیبراڵییان نەقد کردووە، ئیسباتیان کردووە کە تەنها نیرووی پەیگیری پرۆلیتاریایە. ئێمە لە مەحدوودەی خۆشمان ئەو کارە بکەین زۆر قازانجە

ئەوە. یــانی بەو نەوعە ئــێمە، بــۆ هەر کەس عەلاقەمەنــد بــێ و هەر کەس بیهەوێ موبـارەزە بکـا مەرزبەنـدییەکی ڕەوشـنمان کـردووە یـانی لە لەحـازی تـاریخییەوە ئیسـباتمان کـردووە کە بـورژوازی و وردەبـورژوازی قـادر بە ڕەهبەریـی ئیـنقلاب نـین، ئیسـباتی ئەو مەوزووعە بە لەحـازی تیئـۆریکەوە بە نەزەری من زۆر کۆمەک دەکا، یانی پایەی تیئۆریکیی ئەو، تەوەهومزودایی‌یە.

یەکـی دیـکە لەو شـتانە کە کـۆمەک دەکـا بەوە ئـێمە مەوزێعـی تەعەڕوزی بگـرین ئەو مەســەلەیەی کـۆکردنەوەی هێزەکــانە، ئەوەی کە کـۆکردنەوەی هێزەکـان، کۆکردنەوەیەکی هەروەک کوتم بلافاسیلە و تێورووژاندنی بە مل یەکتری‌دا نییە، ئەوە عیبارەتە لەوە پێش ئێمە ئەو وەحدەتی فکرییە بە وجوود بێنــین بە شــوێن وەحــدەتی فکــرییەکەدا ڕابیــتە لەگەڵ ئەوەدا وەحــدەتی عەمەلییش پێک بێنین. دەنگی ئەوە لە سـەتحی مەنتیقەدا دەبـێ یا وردەوردە گەورە دەبێتەوە لە حەقیقەتـی دوورنمـاکەی ڕەوشـەن نییە بەتەواوی بۆ مـن، بەڵام بە یەقین ئێمە دەبێ ئەو کارە بکەین.

ئــێمە بە وەســیلەی ئەو هێــزە زەربەپەزیریــی خۆمــان بێ‌ئەنــدازە کەم دەکەیـنەوە، بەرعەکـس کـارێکی وا دەکەیـن کە هەر وەخـت ئیـرادە بکەیـن و تەشخیسـی بـدەین کە بەڕاسـتی موناسـبە، ئەو هێـزە بخەیـنە گەڕ بـۆ وارد کردنی زەرەباتی قەتعی لە حیزبی دێموکرات.

حیزبی دێمـوکرات هەروەک ڕەفیقەکان باسیان کرد تا ئێسـتا ویستوویەتی زەرەبـاتێکی مەوزێعـی لە ئـێمە بـدا، ئێسـتاش تـا ئەو ئەنـدازەیە ئینسـجام و تەشکیلاتی سیاسی و نیزامیی سەرتاسەریی نییە، کە موسەممەم بێ و بتوانێ ئەو تەسـمیمەی خـۆی پیـادە بکـا کە عەلەیهی ئـێمە زەربەی قەتعـی و نەهـایی بوەشـێنێ. مونتەهـا دەلیلێـک نیـیە ئـێمەش وەک ئەو مەحـدوودییەتە قەبـووڵ بکەین، دلیلێک نییە ئەو کارە بکەین. مەسەلەن مـن ئیعتقادم بەوە هەیە هەر لە ئێستاوە ئێمە شایەد تەبعەن نەینووسین لە هـیچ جێگـایەکـدا، بەڵام داوا دەکەم لە کۆنگرە لائەقەل وەک بڕیـاری شـەفاهی مەتـرەح بکـا، کە هەمـوو ئەنـدامانی کۆمەڵە بە شوێن ئەواندا کە ئەوانیش مەسئوولانی پێشمەرگەکان مـوئەززەف بکا بۆ هێندێک کار، مەسەلەن:

ئـێمە دەبـێ مەقەڕەکـانی ئەوان شناسـایی بکەیـن، بەرنـامە یـانی ئەوە، شناسـایی کردنـی مەقەڕەکـانی ئەوان بەدروسـتی - کەمیـیەت و حەجـم و هەروەهـا کەیفیـیەت و کـاراییی هێزەکـانی ئەوان بـۆ ئـێمە دەخـاتە دەرەوە. شناسـایی بە مەعنـای وەسـیعی کەلـیمە، یـانی ئەو شناسـایییە لەبـاری کەمیـیەتەوە، هەم لەبـاری کەیفیـیەت و کاراییـیانەوە ئەوە بـۆ ئـێمە دەخـاتە دەرەوە، وە لە وەختـی خـۆیدا ئەگەر شـەڕێک کـرا بەیـن ئـێمە و ئەوان، ئـێمە بەسـادەگی دەزانـین چ بکەیـن، هێزەکەمـان دەزانـین لە عەلەیهـی چ نوقـاتێکی موعەییەن سازمان بدەین. ئێمە هەروەها دەبێ شناساییی مەسئوولانی ئەوان بکەین. ئەمن لە دوایە زۆرتر تەوزیحی دەدەم بەبێ هیچ تەردیدێک ئێمە دەبێ ئەو کـارە بکەیـن، ئـێمە شناساییی مەسئوولانی ئەوان، بە مەنـزووری نـابوود کردنیـان، ئەو کـارە بکەیـن. بە نەزەری مـن هەر ئەندیشـەیەکی کە نـابوودیی حیزبـی دێمـوکراتی تـێدا نەبـێ، نـابوودی نەک بە مەفهـوومی ماجراجوویـیانەکەی، وەلـێ ئەو ئیـدە و نـابوودییە وەک شـوعارێک وەک پەرچەمێـک هەڵـی نەگرتبـێ، لە بەرابەر کـۆمەڵەدا بە یەقینـی مەرزبەنـدیی نەکردووە و هێشتا هەر دونباڵەڕەوی تێدایە. ئەوە شناساییی مەسئوولانیان لەشارەکان، لە شناسایی بە مەفهومی وەسیعی کەلیمە، یانی خسووسیاتیان چییە، کامەیان دەبێ بکوتین، کامەیان دەبێ بە قسەی خۆش دەبێ جێبەجێ بکەین و بیترسێنین، لە هەموو بارێکی دەبێ شناسایی، ئەڵبەتە دەبێ بزانین جێگایان کوێیە، شوێنیان کوێیە، چەندیان پێشمەرگە لەگەڵە و ئەوانە.

ئێمە دەبێ مەنابع و ئەنباری موهیمماتیـان تەشـخیس بدەین، دیـارە یەکێک لە مەحـدوودییەتەکانی ئـێمە کەمبـوودی ئەسـڵەحە و موهیممـاتە لە بەرابەر حیزبـی دێمـوکراتدا. بەڵام ئـێمە دەبـێ ئەو مەقەڕ و ئەو ئەنبـارانەی ئەوان کە موهیممـاتی تـێدایە شناسـایی بکەیـن، بـۆ ئەوەی کە هەم ئەوان مەحـرووم بکەیـن لەو مەنـابعە، ئیـدی قـودرەتی ئیـدامەی شـەڕەکەیان لە مەقتەعێـکدا نەمێنێ و جا دوایە دەبن بە "جاش" یا دەچنە لای "بەعس" کەیفی خۆیـانە، هەم ئەوەی کە مەنابعێکی سەرشار بۆ ئێمە تەئمین دەکا، ئێمە لە "ڕزگاری"، یا لە پایەگـای "ڕەبەت" بێئەنـدازە شـتمان دەسـکەوتوە. حیزبـی دێمـوکرات بـا

تەوەججوهـ بە هێندێک قسە کە لەگەڵ ڕەفیقەکان کراوە منیش بەشدار بووم تێی‌دا، چەندین ئەڵبەتە چەندین و چەندەها شوێنی ئاوای هەیە کە چەک و تەقەمەنیی یەکجار زۆری هەیە کە تەنها دوو پێشمەرگەی لێ داناوە. ئەگەر ئێمە لە ئەوەڵین زەربەدا، ئەو جورئەت بە موبارەزە کردن، جورئەت بە تێکشانی حەریفی تەبەقاتیی خۆمانمان هەبێ لە ئەوەڵین مەقاتیع و مەراحیلی شەڕەکەمان‌دا، بلافاسیلە ئەوانە موسادەرەی ئینقلابی بکەین، بە نەزەری من سەرنویشتی شەڕەکە دەتوانین بەباری خۆمان‌دا بگۆڕین، بەڵام ئەگەر هەر خەریکی خنەخن بین و مەعلوومە بە نەزەری من هیچ یەک لەو کارانەمان بۆ ناکرێ و پاش ماوەیەک لە شەڕەکە کە گوزەرا ئیتر ئەوان نوقاتی زەعفیان دادەپۆشن. ئەوە شتێکی مەعلوومە، هێزی بۆ دێنن و تازە موشکیل دەبێ ئەو کارە بۆ ئێمە، ئەوەیە بەرنامە بۆ ئێمە، وە ئەوەیە، ئەوەی کە نیشان دەدا ئێمە بەدڵ خەریکی تەعەڕوزین، دەبێ ئەو کارانە بکەین و لە ئێستاوە ئێمە مەسئوولانی ئاگای خۆمان بەو ئیدەوە تەربییەت بکەین.

نوکتەیەکی دیکە کە من هێندیک لە سەری دەڕۆم پێم‌وایە زۆر ئەهەمیەتی هەیە، پێم وایە بە مەفهوومی مەرزبەندییە، عیبارەتە لەوەی کە زۆر جاری وا هەیە مەسئوولانی ئێمە بە مەوقع و لە کاتی خۆی‌دا عەکسولعەمەل نیشان نادەن، نەوعێک ئیبهام و موعەتتەل کردنێک بۆ دەورەیەکی موەققەت کە نیشان دەدەن ئیدی زەمان لە دەستی ئێمە دەچێ. نموونە بێنمەوە: نموونە لەو ڕۆژانەیە کە ئەوان - هێندیک زیندانییانی ئێمە هەڵاتوون - و تاوەکوو ئیمکانمان بووە لێیان بستێنینەوە، حەتا ئیمکانمان بووە چەکیان بکەین کە بە نەزەری من دەبوو بکرابایە تا ئەوان جارێکی دیکە جورئەت نەکەن زیندانییانی هەڵاتووی ئێمە بگرن و نەماندەنەوە، بەڵام بە دەلیلی زەعفی یەکێک لە مەسئوولەکان و سازشکاریی ئەو، نەتەنیا ئەو کارەمان نەکردووە، بەڵکوو دوو پێشمەرگەمان گیراون و چەک کراون و زیندانییەکانیشیان لێ ئەستاندوون. لە حاڵێک‌دا هەر هیچ ئەوە بڕیاری کۆمەڵە نەبووە و لادان لە بڕیاری کۆمەڵەیە، بە نەزەری من ئەو جۆرە ئەشخاسە هیچ وەخت نابێ ئیجازەی ئەوەیان پێ بدەین تەحتی عینوانی بێ‌بەرنامەیی کۆمەڵە

سازشکاریی خۆیان تەوجیە بکەن. کەی کۆمەڵە گوتوویەتی کاری وا بکەن؟ کۆمەڵە هەمیشە گوتوویەتی - حەتتا ئیعلامییەکانی کۆمەڵە بخوێننەوە - خۆ کۆمەڵە لە ئوستورالیا نییە. هەمیشە گوتوویەتی تا ئاخرین قەترەی خوێن و تا ئاخرین فیشەک دەبێ ڕاوەستین لە بەرامبەر ئەواندا. نموونەیەکی دیکە ئەڵبەتە نەک بەو شددەتە، بە نەزەری من لە جەریانی سەقزدا پێش هات. دوو هەواداری ئێمە لە سەقز پاسدارێکیان بە باشترین و بەشەهامەتترین نەوعێک تێرۆر کرد و تێرۆری ئینقلابییان کردبوو، چەکەکەیان هێنابوو - بەهەرحاڵ ئەوان ئیشتبایان کردبوو - خۆیان بە عینوانی کۆمەڵە مەعەڕەفی نەکردبوو، بوو بەهۆی ئەوە حیزب بیانگرێ. بە نەزەری من ئیمکانی بوو لەو کاتەدا کە ئەو هەمووە هێزەی ئێمە، چەندین هێزمان لە بۆکان، لەو سەردەمەدا ئیمکانی بوو ئێمە فشاریان بۆ بێنین، نەک هەر فشاریان بۆ بێنین، قسەی لێکرا کە چەک دامالێنەوە ئەو کلاشینکۆفەی کە بە ناحەق ئەستاندبوویان دایمالێنەوە لە شانی ئەو ئینسانە، بە نەزەری من هیچیان پێنەدەکرا و ڕۆحیەی عومموومیی پێشمەرگەی ئێمە دەچووە سەرێ و ڕۆحیەی عومموومیی پێشمەرگەی دێموکرات دەهاتە خوارێ، بەڵام بەداخەوە بە نەزەری من ئەو کارە نەکرا و کەمتەرخەمی نیشان درا، ئەگەر ئێمە دەڵێین دەبێ پێشی شەڕی خۆمان و دێموکرات بگرین، دەقیقەن بەو وەسیلەیە دەبێ پێشیان بگرین. [بەڕاستی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بەو ڕێکارە جوانە پێشی بە شەڕی براکوژی گرت! هەرکەس ئەو وتارەی ناوبراو بخوێنێتەوە هیچ شک و گومانی نامێنێ کە کێ شەڕی نێوان کۆمەڵە و دێموکراتی هەڵایساند، ئەو بۆ مەوجوودیەتی خۆیان باشترین ڕێگا کە هەڵیبژاردبوو دارشتنی گەڵالەی شەڕ و ئاژاوە و دووبەرەکی نانەوە بوو، کە وەک لە پەیامەکەشی بەتەواوی دەریخستووە کە تاقە ڕێگای پاراستنی مەوجوودیەتی کۆمەڵە، شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکراتە- نووسەر]

ئەمن جارێکی دیکە ئەو نەقڵی قەولەی ئینگلس - ئەوە تەنیا نەقڵ بە مەعنییە - عەینی کەلیماتەکەم لەبیر نەماوە باسی دەکەم، دەڵێ: "حکومت انقلابی یا طبقەی انقلابی، فقط بە وسیلەی آن حس و رعب و وحشتی کە اسلحەی وی

در دل‌هـای مـرتجعین ایجـاد می‌کند، می‌تواند حکومت نماید." بە نەزەری مـن ئەوە باشترین تەزمینە بۆ ئەوەی هەرگیز حیزبی دێموکرات و پێشـمەرگەکانی نەتـوانن تەعەڕوزێـک بکەن بـۆ ئـێمە و ئەو خەیاڵە دەرکەن لەسـەری خۆیـان، ئەگەر مەسئوولێکی مورتەجەعیشیان، مەسئوولێکی ماجەراجووشیان هەیە کە دەستووریان پێ دەدا، ئەو وەختەیە کە نافەرمانی ئیجـاد دەبێ. مـن نموونەم هەیە بۆ ئەوە: مسالی تاریخیی کۆمۆنی پاریسە، کە ئەو بەیانییە باسمان کرد. هیچ دەلیلێکی نییە کە ئێمە لێی گەڕێین، بورژوازی خـۆی سـازمان بدا و بۆ ئێمە حەملە بکا و جا دیفاع بکەین ئەویش خـودا عـالمە چ دیفـاعێکی نـاقیس. مارکس ئینتقاد دەکا لە کۆمۆنارەکانی پاریس، دەڵێ حەملە بکەن بە تەرەفی وێرسای و دوایە کە نەیانکرد، ڕەخنەیان لێ دەگرێ: "ئێوە ئیشتباتان کردووە، حەملەتان نەکردووە بە تەرەفی ورسای!" مسالێکی دیکەو بۆ دێنمەوە، مسالی شەڕی سنەیە، وە تەئسیرێ [کە] لەسەر شەڕی سنە داینـاوە، ئەڵبەتە من تەنیا شـەڕی سـنە لەنەزەر نـاگرم. عەوامیلێکی زۆر هەبـوون کە هاوڕێیـان باسـیان کـرد، بەڵام مـن وەک عامیلێـک باسـی دەکەم و ئیعتقـادم پێیەتـی کە شــەڕی سەرسەختانەی سنە عەوامیلێک بوو کە حیزبی دێموکراتی تووشـی ئینشـعاب کرد. ئەگەر ئێمە بە سادەگی بەبێ مقاومەت لە عەرزی ٤٨ سەعاتدا بهاتینایە دەرێ لە شــاری ســنە، حیزبــی دێمــوکرات لە بەرابەر دووڕاهــیدا قەراری نەدەگرت و مەجبوور بە مەوزعگیری فکرییش نەدەبوو، یا جونبشی مقاومەت یـا تەسلیم، بەڵام ئێمە بە قـاتعییەتی خۆمـان مەجبوورمـان کردووە، ئەوانمـان تووشـی ئینشـعاب کـرد. ئەوەیە بەنەزەری مـن شـێوەی واقعـی و ئینقلابـی کە ئێمە دەبێ بڵێین بەرگری بکەین لە شەڕی خۆمـان و ئەوان ئـاوا تـازە نەتـوانن ئەو حەملەیەمان پێ بکەن. بەرگری کردن لەشەڕ بە هیچ سـوورەتێک مەعنـای جەلبـی ئیعتمـادی حیزبـی دێمـوکرات نیـیە، خونسـاکردنەوە وەختێـک دەڵێـین ئەوەیە خونسا، پایەی واقعیی خونساکردنەوە ئەو شتانەیە.

جەریانێــک ڕووی دا ئەو ڕۆژانە کە بە نەزەری مــن جــالبە تەجــزیە و تەحلیلەکەی، لە بۆکـان دوای حەملەیەک کە کرا لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە مەقەڕڕی ســازمانی پەیکــار، کە دەزانــن حەملەیەکــی زۆر وەحشــیانە بــوو.

جەماعەتێک مەست، لۆمپێن و شەروور ئەو کارەیان کرد، ئەڵبەتە سیاسەتی حیزبیان بەڕێوە برد، بە وەسیلەی ئەو عەناسورە بەڕێوە چوو. دەزانن کە خەڵکێکی یەکجار زۆر ئەساسەن بە دەنگدانی کۆمەڵە یانی بە ڕەهبەریی کۆمەڵەوە بە زەمینەیەکی دێموکراتیکی کە لە نێو خەڵکدا بووە، بۆ ئیعتراز بەو عەمەلە زیددی دێموکراتیکەی حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە لەو تەشیع جەنازەی شەهیدانی سازمانی پەیکاردا، بەڵام ڕۆژێک، دوو ڕۆژ دوای ئەوە یەکێک لە مەسئوولانی حیزبی دێموکرات لە سەرا کوژرا بە وەسیلەی ئەرتەش. لە حاڵێکدا هیچکام لە ئێمە ئینتزارمان نەبوو جەماعەتێکی زۆر لەو تەشیع جەنازەی ئەوانیش کۆ بوونەوە، دەرکمان نەدەکرد کە بۆ ئاخر ئاوایە، بە نەزەری من، من بۆ خۆم لێکدانەوەیەکم لەوەدا هەیە کە بۆچی ئاوایە.

مارکس لە هیجدەهومی برووميێر، لوویی بێناپارت شتێکی زۆر عالیی هەیە، کە لەوێدا تەبەقاتی ئیجتماعی بە تەوری وەسیع بە ئێمە دەناسێنێ لەو کتێبەدا، وە نیشان دەدا کە هەر تەبەقەیەک چۆن لە ئینقلابدا نەقش بازی دەکا، لە مەوردی وردەبورژوازیدا، ئەو ناپەیگیرییەی وردەبورژوازی کە بە باشترین شێوە شەرحی دەدا، دەڵێ:

یەکێک لە خسووسیاتی وردەبورژوازی ئەوەیە کە لە پیرووزیی قەتعیی خۆی دەترسێ، دەڵێ جاری وایە بە نەزەر دەگا وردەبورژوازی دەچێتە پێشێ لەو بارەیەوە، بەڵام وا بە نەزەر دەگا کە ئەسڵەن بۆخۆی پێی خۆش نییە سەر کەوێ، جورئەتی سەرکەوتنی نییە. بە نەزەری من ئەو ڕۆحیەی وردەبورژوازی زاڵ بوو، وە ئەو تەشیعکونەندەگانە بەتەوری عومدە ئەو کەسانە بوون. دوو ڕۆژ پیش ئەوە بە پڕشوورترین نەوع شوعار درابوو حەتتا مەرگ بەر حیزبی دێموکرات گوترابوو. حەتتا نازانم دوژمنمان بوونە چوار، ئەرتەش و دێموکرات و جاش و پاسدار، خۆلاسە دێموکراتیان لە پاڵ جاش و پاسدار خستبوو، من ناڵێم ئەوە باش بووە مەنتیقی بووە ئەو شوعارە لەو مەقتەعەدا، بەڵام مەنزوورم ئەوەیە بڵێم کە شوعاری چۆن عەلەیهی حیزبی دێموکرات درابوو، مەحکووم کرابوو. کام حیزبی دێموکرات، ئەو حیزبی دێموکراتەی کە تۆپی هەیە، کە تانکی هەیە، کە پێشمەرگەی هەیە،

بـاج دەسـتێنێ، لە  خەڵـک دەدا و لە خەڵـک هەڵـدەدا، تەعەڕوز بە ناموسـی خەڵـک دەکـا، ئیـدی ئەو حیزبـی دێمـوکراتە بەئیسـتلاح بەهێـزە لە نەزەر وردەبورژوازییەوە. ئەوە بوو کە وردەبورژوازی شوعاری دابوو لە عەلەیهی. وردەبـورژوازی ئیحساسـی کـرد کە پێشـڕەویی کـردووە، بۆخـۆی عەقەبنشینیی کرد، هیچ فشارێک نەبوو غەیری ناپەیگیریی مەعنەویی خۆی. ئەوە بوو لەنەزەر منەوە چون بۆ تەشیع جەنازە نەوعێک ئیبرازی نەدامەت بوو، نەدامەتنامەیان داوە بە حیزبی دێموکرات بۆ ئەو کارەی خۆیان، ئێمە هەرگیز نابێ ئەو کارە بکەین. بە نەزەری من ئێمە دەبێ قودرەتمان بێ حیزبی دێموکرات تێک بشکێنین. **هیچ مناسباتێکی دیکە بەینی ئێمە و حیزبی دێموکرات ناتوانێ وجوودی بێ، ئێمە دەبێ جورئەتمان بێ، لە کاتی خۆیدا من بە سەراحەت ئەوە دەڵێم لە کاتی خۆیدا ئێمە دەبێ جورئەتمان بێ دەفتەری سیاسییان ئێعدام بکەین، ئێعدامی ئینقلابی بکەین لە کوردستاندا. بە نەزەری من لەو سووڕەتەدا هەر بەلایەک بەسەر ئێمە بێ بەڵام نێوی ئێمە وەکوو پێشاهەنگانی پڕۆلتاریا کە نەقشێکی تاریخییان بە ئەنجام گەیاندووە دەمێنێتەوە.** بۆ ئێمە نەیەین بەڕاستی بۆ ئەوە تەرحێک بڕێژین؟ ئایا ئێمە ناتوانین شناسایی بکەین لەو مەوردەدا؟ ئایا ناتوانین مەسئوولینی نیزامی - سیاسیی باش هەر لە ئێستاوە، مەنزوورم زاربڵاو و ئانارشیستی و بڵاوی کەینەوە لەناو خەڵکدا نییە ئەو کارە، کەسێک بەدڵ خەریکە بە نەزەری من ئیتتفاقەن نهێنیی ئەو کارەش، موحکەمیی ئەو کارە دەپارێزێ، باشە ئایا ئێمە ناتوانین ٣٠٠ پێشمەرگە کۆ کەینەوە؟ ناتوانین تەفروتوونایان کەین ڕەهبەرییەکەی، وە بلافاسیلە بە شوێن ئەو نەقشەمان بێ و زەربەیەکی قاتعیان لێ بدەین؟ ئەڵبەتە من ناڵێم هەمیشە ئەو کارە بکەین. بەڵام لە لەحزەیەکدا کە کاتەکە موناسبە لەو مەوردەدا ئیجتنابناپەزیرە، بە نەزەرم دەبێ ئەوانە بکەین، ئەوە مەفهوومی تەعەڕوزە.

نوکتەیەکی دیکە کە بە نەزەر دەگا لەباری تەعەڕوزەوە، ئەوە کە بەرخوردی ئێمە نسبەت بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات دەبێ چۆن بێ؟

ئایا بەو مەسەلەیە کە پێشمەرگەی ئەوان زەحمەتکێشن؟ هێندێک باش و بەشێکیان خراپ، چۆن بەرخوردیان پێ بکەین؟ ئێمە ئیبتدا هەدەف تەشخیس بدەین و ئەوکات وەسیلە دەتوانین تەشخیس بدەین. {**هەدەفی ئێمە ئەساسەن موتەلاشی کردن و لەتوپەت کردن و لێک بڵاوکردنی حیزبی دێموکراتە و بەرەو نابوودیی بەرین ئەوە سیاسەتی ئێمە دەبێ.**}
ئەڵبەتە مەنزووری من نابوودیی فیزیکی نییە، **هەرچەند مومکینە لە مەقاتعێک نابوودیی فیزیکی بەشێک لە کارەکەمان بێ.** ئەگەر ئەوە بەرنامەی ئێمەیە بە نەزەری من ئیدی ناتوانین بڵێین تەنیا لەگەڵ پێشمەرگەی دێموکرات شەڕ دەکەین و یا تەنیا ڕەفتاری ئێمە لەگەڵ ئەوان بە مولاتفەت بێ. ئەو وەسیلەیە بەستەگیی بە وەسایلی موختەلیف هەیە، کە ئێمە بە هەدەفێک بگەیەنێ. لە هەر مەقتەعێکدا لە هەر مەکانێک و لە هەر حاڵەتێکدا وەسیلەیەک بۆ ئەوە بەکار دێ. مەسەلەن فەرز بکەین وەقتێک پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کەمین بۆ ئێمە دادەنێ دەبێ قاتعانە لێیان بدەین، وەختێک بۆ مەقەڕاتی ئێمە تەعەڕروز کرا، هەروەک لە بۆکان بەدروستی تەرحمان هەبوو لە مەوازعی ئەترافی مەقەڕەکانمان مستەقەڕ بووین و چاوەڕوان ماینەوە ئەگەر هاتبایەن زەربەیەکی نابوودکونەندەمان لێ دەدان. ئەوە دروستە بێئەوەی لەنەزەر بگرین کە ئەوانە زەحمەتکێشن دوای ئەو هەمووە دزییەی کردوویانە، دەستی پینەکراوی ئەوان بۆ ئێمە ئەرزشی نییە. مونتەها ئەوە دروستە کە لە مەقتەعێکی دیکەدا پێشمەرگەیەکی یا مەسئوولێکی حیزبی دێموکرات دوچاری تەزەلزول بووە، ئیشتبایە حەملەی بۆ بکەین دەبێ بە نەوعێکی دیکە سفووفی حیزبی دێموکرات موتەلاشی بکەین، مەسەلەن مەسئوولی حیزب لە مەرگ دەترسێ ئەو بترسێنین، بۆ ئەو سەفارش بنێرن کە مەسەلەن تەواوی موشکلات لە چاوی تۆدا دەبینین و...

ئەگەر ئەو ئەسڵە قەبووڵ بکەین ڕابتە لەگەڵ بەرنامەی ئینقلابی موزاکرە لەگەڵ حیزبی دێموکرات مونتەفی نییە لە ستووحی موختەلیفەوە، لە دەفتەری سیاسییەوە تا کومیتەی ناوچە و تا پێشمەرگەیەکی سادە. لە واقعدا موزاکرەی ئێمە بە مەفهوومی سازش نییە، بەڵکوو بەشێکە لە بەرنامەی

ئینقلابیی ئێمە. بەڵێ لە مەقتەعێکدا ئەو کارە دروستە کە لەگەڵ دەفتەری سیاسی دەبێ تەماس بگیرێ و لەگەڵ ئەوان قسە بکرێ. ئەڵبەتە لە کاتی قسەکردن ئیرادەی خۆتان بۆ موزاکرە کە ئەگەر زۆر دەمدرێژی بکەن تەزەکوریان پێ بدەن و موجەددەدەن یاداوەرییان بکەن کە خەیاڵی تەعەڕوزمان نییە. حەتتا بە هێندێکیان عەدەمی تەعەڕوزیان پێ پێشنەهاد بکەن، لە جەهەتی خونساکردنی ئەوان. ئەوە فەرز نییە کە بە بەرخوردی دوگم، مەسەلەن ئەگەر مەسئوولێکی حیزبی دێموکرات دێت، پێی بڵێین وەزیفەی ئێمە ئەوەیە ئێوە نابوود بکەین، ئەوە غەڵەتە. ئێمە دەبێ ئەوانە فریو بدەین ئەوەش بەشێک لە بەرنامەی ئێمە دەبێ بۆ خونساکردنەوە و شکستی ئەوان. حەتتا لە مەواردی مومکین لازمە بە ئەوان بڵێین: ئێمە ئێوە بە کورد دەزانین، مەخسووسەن تۆ ئینسانێکی زۆر باشی. هیچ مانعێک نییە ترسێک لەو کارە نەبێ کە ئێوە بە سازشکارتان بخوێننەوە.

ئێمە دەڵێین دەبێ بە تەوەهوم لە سفووفی خۆمان لە بەرابەر حیزبی دێموکرات موبارەزە بکەین ئەوە زەرەری هەیە بەڵام ئیجادی تەوەهوم لە سفووفی حیزبی دێموکرات لە بەرابەر ئێمەدا، کە زەرەری نییە بەڵکوو فایدەی هەیە؛ **ئێمە ئینتزارمان هەیە کە ئەوان، ئێمە بە دوژمنی ئەسڵیی خۆیان نەزانن تا زەربەیەکی مەرگبار لەوان بدەین.**[1]

بەحسەهایەک کرا کە ئێمە بۆ تەبلیغات عەلەیهی حیزبی دێموکرات بەرنامەمان هەبێ، من ئێعتقادم هەیە ئەو بەحسانەی بە مەفهوومی خۆی کە باس کرا بێبەرنامەگیمان هەبووە، بەڵام لە واقیعدا ئیتتفاقەن لە مەواردێکدا سازمانی ئێمە باشی عەمەل کرد، ئەویش موبارەزەی سیاسیی عەلەیهی حیزبی دێموکرات بووە و بەتەوری نسبی موسبەت و قابیلی ئیتتکا بووە. ئەو تەجروبانە تەواوی مەربووت بە بێبەرنامەگیی ئێمە نییە، بەڵکوو تا حەددێک بەرنامەمان هەبووە. عەوامیلی دیکە دەخاڵەتیان کردووە و ئەویش وەزعییەتی نیرووی ئێمە و ئەوانە. حەقیقەت ئەوەیە کە نیرووی ئینقلابی و زیددی

---

[1] – حیزبی دێموکرات هیچکات کۆمەڵەی بە دوژمنی خۆی نەزانیوە، هەر بۆیەش عەبدوڵڵا موهتەدی ئەو ئینتزارەی هەیبوو وەدیهات کە بتوانێ زەربەیەکی مەرگبار لە حیزب بدا!

ئینقلابــی لە کوردســتان موسەللــەحن. لەو مەواردە هەمــان تــاکتیکی کە لە شــەرتی موبــارەزەی سیاســی دەتــوانێ عەمەل بکــا، نــاتوانێ عەمەل بکــا. ئێمە ئەگەر ســازمانێکی ســێرفەن سیاســی لە تــاران و مەنــاتقی ســەنعەتی بــاین، بە ڕاحەتــی دەمــانتوانی خەیانەتپیشــەگیی بــورژوازیی لیبراڵیــی فــارس و جبهەی میللی ئیفشا بکەین. بەو دەلیلە بە نەزەری من ئەو بڕیارنــامەیەی مەربــووت بە حیزبــی دێمــوکراتە، بە هاســانی لە ســەتحی جــونبشدا بــڵاوی نەکەیــنەوە. بە نەزەری من پڕۆلیتاریا حەقی هەیە لە نێو خۆیدا قاتع بێ و ئەوە عەمەل بکــا، بەڵام حەقــی هەیە لە مەواردێکدا سیاســەتەکانی خــۆی لە بــورژوازی پەنهــان بکا.

نوکتەیەکی دیکە بەتەوری قاتع لەو عەوامیلە کە مانعی تەبلیغاتی ئێمە بــووە لە نێــو پڕۆلیتاریــای کوردســتاندا، وردەبــورژوازی و دێهقانــان، تەوەهومــاتی وەســــیع لەنــــاو ئەواندا وجــــوودی هەیە. هەر وەک مــــارکس دەڵــــێ: "خردەبـورژوازی طـبقەای اسـت کە برائـی تیـغ بـورژوازی و پرولتاریـا را در درون خـود کند میکند." تاکتیک کە از آسـمان اتخـاذ نمیشـود، طبعـا ایـن در کار ما تاثیر داشتە است.

دوو نــوکتەی چــووکەی دیــکە: بڕیارنــامەی دووەم لە مەوردی حیزبــی دێموکراتدا کە من ئەو تەئید دەکەم. **نەتەنیا حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی زیــددیئینقلاب و بــورژوازی دەناســێنێ، نەتەنهــا تەئکیــد دەکــا کە حیزبــی دێموکرات لیبراڵە و دارای خاستەهای مەحدوود و سازشکارانە لە بەرابەر دەوڵەت دایە، بەڵکوو بەو مەفهــوومە حیزبــی دێمــوکرات وەک دەســتەیەکی تایبەت مەشــغووڵی غــارەتگەری و زوورگــویی و ســەلبی دێموکراســی، کە لە کوردســتان مەوجــوودییەتی هەیە.** ئەوە عەوامیلێکــی موســبەتە، ئەڵــبەتە بەو مەفهوومە موسبەتە کە ئیمکانپەزیر بێ، خەڵک بە مەعنای واقعی خەڵک یانی ئەقشــاری وەســیع و موختەلیــف بەر عەلەیهــی حیزبــی دێمــوکرات ســازمان بــــدەین، یــــانی تەواوی ئەوانەی عەلاقەمەنــــد بە دێموکراســــی و موخــــالفی ســــەرکووبن، لەگەڵ پەیگیریــی موتەفــاوت ئیمکــانی هەیە لە تەیفــی وەســیع سازمان بدرێن، هەر بەو دەلیلە ئێمە نابێ نیسـبەت بە حەققـانییەتی خۆمـان لە

بەرابەر حیزبی دێموکراتدا بەهای کەم بدەین نابێ وا نیشان بدەین کە ئێمە شەروورین و شەڕ دەست پێدەکەین، بۆ چی دەبێ ئەو کارە بکەین؟ ئیسباتی حەققانییەتی خۆمان لە بەرامبەر حیزبی دێموکراتدا، وەسیلەیەکە بۆ سازماندانی نیروو عەلەیهی حیزبی دێموکرات. ئەڵبەتە هەدەفی من نیشان دانی زەعف لە بەرابەر حیزبی دێموکراتدا نییە.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات بە دەلیلی ئەوە کە وەک دەستەیەکی غارەتگەر و چەپاوڵگەر دارای مەنافعی خاس بە لەحازی نیرووی نیزامییە. ئەڵبەتە موشەخخەسە حیزبێکی بورژوازییە، نەک تەنیا حیزبی بورژوازیی مەعموولی، بەڵکوو حیزبێکی بورژوازی کە بێنەهایەت مالکیەتی خوسووسی، مەنافعی شەخسی و ڕقابەت و فراکسیۆنی داخلیی هەیە، کە ئێمە دەبێ ئەو عەوامیلە لە نەزەر بگرین، ئەوە دەتوانێ تەئسیری موسبەت یا مەنفیی لەسەر کارەکانی ئێمە هەبێ. وەختێک دەتوانێ مەنفی بێ کە ئەوان موتەوەججەه بن ئەو کات کاسبیی ئەوان ڕەونەق دەگرێ، ئەگەر بتوانن لە ئێمە زەربە بدەن و ئێمە نابوود بکەن. بەڵام بە دەلیلی خوسووسیاتی مەنافعی شەخسی و ئەوەی کە بە ئاڕمان فکر ناکاتەوە ئەگەر موتەوەجە بن لە مەواجەهە لەگەڵ ئێمە زەرەر دەکەن و مەنفەعەتێک لەو کارەیان نابەن، بە مەسابەی هەر مالکی خسووسی و وەک هەر شەخسێک کە بە پێوشوێنی مەنافعی شەخسیی خۆیانن، ئیتتفاقەن لەو کاتەدا تەفرە دەڕۆن. ئەو هەمووە مەنافعی شەخسییە، فراکسیۆن و باندبازیهای موتەزادی نێو خۆی، ئەوانە عەوامیلی زۆر موسبەتە، ئەگەر شایەد ڕۆژێک لەبەین ئێمە و ئەواندا شەڕ دەست پێ بکا ئەگەر ئێمە بتوانین زەربەیەکی قەتعی لەوان بدەین، لەو کاتەدا دەتوانین ئەوان موتەلاشی بکەین."[1]

(کۆتایی قسەکانی عەبدوڵلا موهتەدی.)

[1]– دەقاودەق وەرگیراوە لە دەنگی کاک عەبدوڵلای موهتەدی لە کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە، ئەو دەنگە لای نووسەر پارێزراوە.

بەڵێ! ئەوەی سەرەوە وشە بە وشەی دەقی قسەکانی عەبدوڵڵا موهتەدی، کەسی یەکەمی کۆمەڵەیە. سێ ساڵ بەرلەوەی شەڕی براکوژی نێوان ئەم دوو حیزبە (کۆمەڵە و دێموکرات) ڕوو بدا و حیزبی دێموکرات بڕیاری بەرگری سەرتاسەری لە خۆی بدات. کاک عەبدوڵڵا بێ گوێدانە ئاسەوارە زیانبارەکانی هەلایسانی شەڕی ناوخۆیی دەڵێ:

" **ئێمە بە گوێرەی قسەی مارکس نابێ ڕاوەستین تا حیزبی دێموکرات بەهێز بێ و پێش بەهێز بوونی ئەو حیزبە، دەبێ هێرش بکەین و لەناوی بەرین.**" ئەگەر تەنیا لەو چەند ڕستەیە وردتر بڕوانین، کاک عەبدوڵڵا بەم قسانەی بێتەعاروف و بەڕوونی بۆ هەموو لایەک و بە تایبەتی بۆ ئەندامانی خۆیان، دەیسەلمێنێ کە بۆچی لە سەرەتای مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٣دا حیزبی دێموکرات لە ڕووی ناچاری شەڕێکی سەرانسەریی بەسەردا سەپا. ئاشکرایە حیزبێک کە پێی وابێ هیچ ڕێگایەکی دیکەی بۆ پاراستنی مان و مەوجوودییەتی نەمابێتەوە تەنیا ڕێگایەکی کە بۆی دەمێنێتەوە، بڕیاری بەرگری لە خۆیەتی. کەواتە ئەو بڕیارەی حیزبی دێموکرات ئەوکات داویەتی، بۆ بەرگری و بۆ مانەوەی خۆی بووە نەک بۆ لەنێوبردنی کۆمەڵە، چونکە موهتەدی بەئاشکرا و ڕوونی و بێ پێچوپەنا دەڵێ: " **هەدەفی ئێمە ئەساسەن موتەلاشی کردن و لەتوپەت کردن و لێک بڵاوکردنی حیزبی دێموکراتە بەرەو نابوودی بەرین، ئەوە سیاسەتی ئێمە دەبێ.**"

بەڵێ! بەمجۆرە کۆمەڵە کەوتە بیری پیلانداڕشتن کە دەستی چەوری خۆی بەسەر حیزبی دێموکرات دا بسرێ.

لێرەدا دەڵێ: "**ئێمە ئینتزارمان هەیە کە ئەوان** (دێموکرات) **ئێمە بە دوژمنی ئەسڵیی خۆیان نەزانن تا زەربەیەکی مەرگبار لەوان بدەین.**" کەوابوو بڕیارەکەی حیزب بۆ پاراستنی خۆی، وەک هۆکاری سەرەکیی ئەو شەڕانە ناناسرێ، لەو لاشەوە و بەو فاکتانەی موهتەدی دەیخاتە ڕوو، ناکرێ لایەنی بەرامبەر (کۆمەڵە)ی لێ بێبەری بکرێ. دەبوو کۆمەڵە ئەو هەلە لەدەست نەدا و ئەندامانی بۆ ژیانی ئاشتییانە هان بدا، نەک بۆ شەڕ بە بیانووی ئەوەی

بـــورژوازی لەنێــو دەبەن! دەبـــوو پێوەنـــدیی و دۆســـتایەتی لەگەڵ حیزبـــی دێموکرات بەهێز بکا و کۆتابزمار لە تابووتی دۆستایەتی نەدا.

وەک دەبینین هەتا ئەوکات شەڕێک ڕووی نەداوە، بەڵام ڕێبەریی کۆمەڵە لە بەرزترین ئۆرگانی خۆی پیلانێک دەخاتە ڕوو و دایدەڕێژێ کە قەرارە ڕووبدا و پێشـبینیی ڕوودانــی دەکـا. چـونکە زۆر بەڕوونــی دەڵـێن کـۆمەڵە هەمـوو ئامادەکـارییەک دەکـا بـۆ ئەوەی دێمـوکرات لەبەیـن بەرێ و، پێیـان وابـوو کەسێک باوەڕی بە لەنێوچوونی حیزبی دێموکرات نەبێ، وەک بیری کۆمەڵە ئەژمار ناکرێ لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە سنووربەندیی خۆی بکات.

موهتەدی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا کە تا ئەوکات هیچ تێکهەڵچوونێک ڕووی نەداوە و بـاروودۆخیش زۆر ئـارام بـووە، پـیلان و گەڵاڵەی گرتنـی ئەنباری چەکوچۆڵ دادەڕێژێ! دەڵێ **من زۆر سەردانم کردوون تەنیا دوو پێشمەرگەیان بۆ پاراستنی ئەنباری تەقەمەنی داناوە،** کاک عەبدوڵلا بۆ لاواز کردن و نابوودیی دێموکرات بە دەرفەتی زانیوە دەستیان بەسەردا بگرێ، بۆ ئەوەی زوو زەبری خۆی لێ دا دەنا حیزب زوو بەهێز دەبێتەوە، هیچیان بۆ ناکرێ! بە ئەوە دەڵێن لە پشتەوە خەنجەر لێ دان! ئەویش لە کێ؟! لە حیزبی دێمـوکرات بە پێشـینەی مێژوویـی‌یەوە و هەڵقـوڵاوی کۆمەڵگـای کوردسـتان. بەشەکانی دیکەی وتەی موهتەدی لێکدانەوەی بە خوێنەران دەسپێرین.

کـۆنگرەی دووهەمـی کـۆمەڵە چەنـد وردە خـاڵی دیکەی جـێگەی سـەرنجی تێدایە کە باس لە ڕابردووی کۆمەڵە دەکا، لەوێدا زۆر توند هێرشـی کردە سـەر ڕابـردووی خـۆی و تەنـانەت زۆر بێڕەحمـانە دەسکەوتەکانی خـۆی بە مـایەپووچ ئەژمـار کـرد، بە نـاوی موبـارەزە لەگەڵ پۆپـۆلیزم ڕابـردووی کـۆمەڵەی بـردە ژێـر پرسـیارەوە. ئەو بۆچـوونەی کـۆمەڵە لە کـۆنگرەدا، نەک بـووە مـایەی بێهیـوایی بەڵکـوو بـۆ داهاتووشـیان لە ڕەوتـی کـاری نێـو تەشـکیلاتیی کـۆمەڵەدا کـاردانەوەی نەرێنـی لـێ کەوتەوە، تەنـانەت لە نێـو تەشـکیلاتی کـۆمەڵە بە "کـج فهمـی" و هەڵسوکەوتـی هەڵە لە پێوەنـدیی لەگەڵ خەڵـک ناسـرا. هەر لەو کـۆنگرەیەدا مەسـەلەیەکی گرینگـی چەنـد سـاڵەی نەتەوەی کـورد، ئەویـش کێشـەی نەتەوایەتـی و خەبـاتی خەڵکـی کوردسـتان

بەتەواوی کەمڕەنگ کرایەوە و سەرەنجام لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە کە موبارەزەی کۆمەڵە بۆ سەرخستنی شۆڕشی سۆسیالیستی لەگەڵ شۆڕشی کریکارانی ئێران پێکەوە لێک گرێ بدەن. چونکە کۆمەڵە لە دوای کۆنگرەی دووی خۆیان، لە ڕاستیدا لە مەیدانی کردەوەشدا دەرکەوت کە نەک نەیانتوانی دەستیان بە موبارەزاتی چینی کرێکار ڕابگا، بەڵکوو لە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانیش ڕۆژ بەڕۆژ دوور کەوتنەوە و کەمڕەنگ بوونەوە. بە جۆرێک سیاسەتی خۆیان دارشت کە بەتەواوی ڕوانگە و بۆچوونی کۆمەڵە لەسەر کۆمەڵگای کوردستان یەکی نەدەگرتەوە، وەک مێژوو دەریخست کە لە لایەک هێرش و پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان و بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستان شانبەشانی حیزبی دێموکرات و لە لایەکی دیکەشەوە سیاسەتی چەوتی کۆمەڵە بە نیسبەت حیزبی دێموکرات و مەسەلەی نەتەوایەتی کە نەک نفووزی ئەو ڕێکخراوە لەنێو خەڵکدا ڕۆژ بەڕۆژ کەم دەبۆوە، بەڵکوو لە نێو تەشکیلاتی کۆمەڵە بەتەواوی دووبەرەکی و کەلێنی تێکەوت و لە ئاکامدا ئەو تەشکیلاتە بە دژواری و ناکۆکیی قووڵەوە درێژەی بە بوونی خۆی دەدا. هەربۆیەش لەهەموو ژیانی سیاسی کۆمەڵەدا بەردەوام تووشی ئاڵوگۆڕی فیکری بووە و هەر جارێ بە شێوەیەک کردەوەکانی پێشووی مەحکووم کردوە، هەمیشە ئەو پرسیارە بۆ خەڵک دروست بووە کە کۆمەڵە چیە و چی دەوێ؟ دیارە وەڵامەکەی ڕوون بوو کە لە هەڵسوکەوت و کردەوە و بۆچوونەکانی کۆمەڵە وەردەگیرایەوە.

هەرلە پێوەندی بە هەڵەداڕۆیشتنی ڕێبازی کۆمەڵە تاهیر خالیدی لە کادرە کۆنەکانی کۆمەڵە و هەڵسووڕاوی چالاکی کۆمەڵە لە ناوچەی مەریوان و سنە بەمجۆرە باسی مێژووی کۆمەڵە دەکا:

".....موهتەدی لەو وتارەدا، کۆمەڵەی پێش حیزبی کومونیستی ئێران، بە ڕێکخراوێکی تەنها چەپ و شۆڕشگێڕ پێناسە دەکات و بە وشەیەکیش ئاماژە بە ئایدۆلۆژی مارکسیستی یان مارکسیست لینینیستی کۆمەڵەی پێش "حکا" ناکات. هاوکات بەشداریی کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیستدا بە هەڵەیەک پێناسە

دەکات و حکا و ئایدۆلۆژی مارکسیست لینینیستیەکەی دەکاتە سەرچاوەی هەموو شکست و نەهامەتیەکانی کۆمەڵە و دوایش دیسان خۆی دەکاتە قارەمان کە بیست و دوو ساڵ پێش ئێستا هەوڵی داوە بە تەواوی کۆمەڵە نەجات بدات، بەڵام عەلیزادە هاوڕایی نەکردوە. سەرئەنجام خۆی و هاوڕێیانی جودابوونەتەوە و گەڕاونەتەوە بۆ کۆمەڵە، بێ ئایدۆلۆژیەکەی پێش "حکا"ی خۆیان.

ئەوەی شارەزای مێژوی کۆمەڵە بێت دەزانێ کە کۆمەڵە لە کونگرەی دووهەمی خۆیدا بەهاری ١٩٨١ {١٣٦٠} و دوو ساڵ پێش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بنەمای فیکری و ئاراستەی سیاسی خۆی وەک ڕێکخراوێکی مارکسیست لینینیستی کە ئامانجی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و دابینکردنی سوسیالیزمە، پێناسە کرد. ئەگەر موهتەدی و کۆمەڵەکان بەهەر پاساوێک پەسەندکراوەکانی ئەو کونگرەیە بڵاو ناکەنەوە، **لانیکەم وتارە دەنگییەکەی موهتەدی لە سەر نێت هەیە، کە چۆن لە کۆتایی کونگرەی دووهەمیدا و لەسەر بنەمای مارکسیست لینینیستی، حیزبی دێموکرات وەک حیزبی بورژوازی و دژەشۆڕش پێناسە دەکات و داوا دەکات کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی حدکا {حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران} شناسایی بکرێت و لە کاتی گونجاودا تیروری ئینقلابیان بکەن.** موهتەدی زۆر بە ڕوونی لەو نەوارە دەنگیەدا، کە ئێستاش لەبەردەستدایە دەڵێت: وەک کارڵ مارکس دەڵێت: نابێت هەر چاوەڕوانی هێرشی بورژوازی بین (مەبەستی لەوێدا حدکا) بەڵکوو دەبێت خۆمان بۆ هێرش ئامادە بکەین. ئەمە چەپترین ئایدۆلۆژی مارکسیست لینینیستی نەبوو؟ هەر لەم کونگرەدایە کە پەسەند دەکرێت کە ئەولەویەتی کاری کۆمەڵە خەباتی چینایەتییە نەک خەباتی نەتەوەیی و بە ئەنجام گەیاندنی خەباتی نەتەوەیی بە بورژوازی کورد دەسپێردرێت. ئایا ئەمە هەر بەتەواوی ئەوە نییە کە کۆمەلە لەو کونگرەدا دونیای کوردایەتی بەخشی بە حیزبی دێموکرات و بەهەشتی کومونیستی بۆ خۆی هەڵگرت؟ کە موهتەدی بەم ڕەستەیە لە وتارەکەیدا حاشای لێ دەکات کە کۆمەڵە وابووبێت و دەڵێت: **کۆمەڵە دنیای کوردایەتی نەدەبەخشی بە**

**خەڵکـی دیـکە و بەهەشـتی کۆمۆنیسـتی هەڵنەدەگـرت بۆخـۆی، خـاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەم دوو پەسەندکراوەی کونگرەی {دوو} یانی دژی شـۆڕش بـوونی حدکا و لە ئەولەویەت دانەنـانی خەبـاتی نەتەوەیی، کاتێک دەگاتە مەنسووری حیکمەت لەلایەن حیکمەتەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت و پێیان دەڵێت کە لە مارکسیست بوونەکەتاندا بە چەپدا کەوتوون و هانیان دەدات کە پەسـەندکراوەکەیان ڕاسـت کەنەوە. دوایـی کـۆمەڵە ناچـار دەبێـت ئەو پەسەندکراوەی کونگرەی دووهەم لە کونفرانسێکدا پینەوپەڕۆ بکات.**

جیـاواز لەم پەسـەندکراوانە، گۆڤـاری پێشـڕەو کە مـوهتەدی یەک لە سەرنووسـەرانی سـەرەکی ئەوکاتەی بـوو و ڕاگەیاندنەکانی دوای کـونگرەی دووهەم لێوانلێـوە لە هەڵسـەنگاندن و هەڵوێسـتگردنی( بەقەولـی ئەوکـات) مارکسیسـتی کـۆمەڵە بەرانـبەر ئەحزابـی بـورژوایی و وردە بـورژوایی لە کوردسـتان و ئێرانـدا. چـالاکی ڕۆژانەی ئـێمەی هەڵسـوڕاوان و بەرپرسـانی ئەوکـاتی کـۆمەڵە و پڕوپاگەنـدەی ڕۆژانەمـان پڕاوپـڕ بـوو لە هەوڵـدان بـۆ قـووڵکردنەوەی خەبـاتی چینـایەتی لەکوردسـتاندا. پێـوەری ئەو کـاتی ئـێمە کە گۆیـا لە تێگەیشـتنی درووسـتی تازەمـان لە کـارڵ مـارکس وەرگیرابـوو، ئەوە بوو کە مادام هێزی کار بۆتە کالا، ئیتر کۆمەڵگای کوردسـتان سـەرمایەدارییە. بە پێـی ئەو پێـوەرە بـوو کە ئیتـر لای ئـێمە، چـۆمی مەجیـدخان، سەرشـیوی سـەقز، کۆماسـی و کەلاتەرزانـی مەریـوان، بەرپـلەی سـاراڵ و ژاوەرۆ، هەر هەمـان سـەرمایەداری ئینگلسـتان بـوو و ئەولەویەتـی ئـێمە قـووڵکردنەوەی خەباتی چینایەتی بوو"[1].

[1]- بڕوانە ئەم بەستەرە

https://www.awene.com/detail?article=67699&fbclid=IwAR3nBFRwLjuIbJwOP-yewgypma5mS-2f6Umnb0Mzp8NOhMgVRhRwVIO4c0o

## کاردانەوەی بڕیارنامەی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە

کاردانەوەی بڕیارەکانی کۆنگرەی ٢ی کۆمەڵە بە شێوەیەکی سیستماتیک تەواوی تەشکیلاتی ئەو ڕێکخراوەیەی دژی حیزبی دێموکرات داگرت. سیاسەت و کاری داهاتووی کۆمەڵە پاش کۆتایی کۆنگرەی دووهەمیان سەبارەت بە حیزبی دێموکرات دەبێ چۆن بێ؟ کاک عەبدوڵڵا لەسەرەتای وتارەکەیدا دەڵێ: "**ناسینی ماهییەتی بورژوازی و دژی شۆڕشی حیزبی دێموکرات بەڕاستی بناسین و یەکەمین کارمان ئەوە بێ کە ماهییەتی ئەو حیزبە، بە پێشمەرگەکانمان، لایەنگرانی کۆمەڵە، فەعالان و قشری پێشڕەوی زەحمەتکێشان بناسێنین...**" ئەو باسەی عەبدوڵڵا موهتەدی هەر لەیەکەم ڕۆژی دوای تەواوبوونی کۆنگرە بوو بە بناخەی کار و سیاسەتی فەرمی کۆمەڵە بۆ دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات، ئەفرادی چەکداری کۆمەڵە لە مالان و بەرپرسانیان لە مزگەوتی گوندەکان و بە گرتنی کۆبوونەوەی جەماوەری لە هەرکوێ بۆیان ڕەخسابایە شەپۆلی تەبلیغاتیان بە دژی حیزبی دێموکڕات وەڕێ دەخست! و بەمجۆرە هێرشێکی تەبلیغیی بەربڵاویان بۆ سەر حیزبی دێموکرات دەست پێکرد. ئەو سیاسەتە چەوت و هەڵەیەی کۆمەڵە لە سەرانسەری کوردستان لەنێو چەکدار و لایەنگرانیان ڕەنگی دایەوە، لە هەموو لایەکەوە لێزمەی تەبلیغی ناڕەوایان بەسەر حیزبدا دەباراند. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هەتا ئەو کات تێکهەڵچوونێکی چەکداری ئەوتۆ لە نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات ڕووی نەدابوو، بەڵکوو حیزبی دێموکرات بەردەوام کۆمەڵەی بۆ بەشداریکردنی دەسەلات و بەڕێوەبردنی

کاروباری کوردستان بانگهێشت دەکرد. هەروەک باسم کرد لە ساڵی ١٣٦٠ زۆر بەڕاشکاوانە ئەو بڕیارەیان دا و تەنانەت جەختیان لەوە کردۆتەوە کە کەسێک ببێتە کۆمەڵە مەرجی سەرەکیی ئەوە بوو، دژایەتی حیزبی دێموکرات بکا.

لە وەها بارودۆخێکی ئەوکاتدا کە بەسەر کوردستاندا زاڵ بوو سیاسەتی حیزب سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی دیکە و بەتایبەتی کۆمەڵە، زۆر ڕوون بوو. "پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی کە لە کوردستاندا تێکۆشانیان درێژە داوە، لەسەر بناغەی هاوکاری دانرا، ئەوەندەش کە حیزب لە توانای‌دا بووە و پێی کراوە یارمەتیی داون. هێندێک لەو ڕێکخراوانە لەواقعی ڕاستەقینەی کۆمەڵی کوردەواری نەگەیشتبوون و لە لێکدانەوەی خۆیاندا بەهەڵە باسی حیزبیان دەکرد و لە نەخش و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات باش حاڵی نەبوون، بەڵام ئەوە لەسەر ڕێگای هاوکاریی حیزب لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا کۆسپ نەبوو. چونکە حیزبی دێموکرات ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی و پلۆرالیزمی سیاسی بوو و پێی وابوو کوردستان دەبێ نموونەی ئەم چەشنە هاوژیانییە بێ. حیزب زۆری هەوڵ دا ئەو ڕێکخراوانە بەرەبەرە ڕاستییەکانی کوردستان قووڵتر لێک بدەنەوە و حیزبی دێموکراتیش باشتر بناسن تا هاوکاری و هاواهەنگی لە ڕابردووش زیاتر بێ. حیزبی دێموکرات لەنێو ئەو ڕێکخراوانەدا کۆمەڵەی وەک ڕێکخراوێکی کوردستانی دەناسی. لەو بڕوایەدا بوو کە لەگەڵ کۆمەڵە لە زۆر بواردا دەتوانێ هاوکاری بکا. (دیارە تا کۆنگرەی ٦ی حیزبیش (١٣٦٢)، سەرەڕای وتاری دوژمنکارانەی عەبدوڵلا موهتەدی لە کۆنگرەی ٢ی خۆیان، هێندێک کردەوەی هاوبەشی بەسوود لەگەڵ کۆمەڵە بەڕێوە چوو)، بەڵام بەداخەوە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە لە لایەکەوە نەیاندەویست واقعی کوردستان بخەنە بەرچاو و هێز و نفووزی ڕێکخراوی خۆیان و حیزبی دێموکرات بەدروستی هەڵسەنگێنن، لە لایەکی دیکەشەوە لەبەر پەیڕەوی کردن لە هێندێک تیئۆریی ویشک و چەقبەستوو کە دەیانهەویست لە کوردستان دایبەزێنن - کە پاش چەند ساڵ لە زۆربەی پەشیمان بوونەوە –

و ئەوە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ باروودۆخی ڕاستەقینەی کوردستان نەدەگونجا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش سیاسەتی نادۆستانەیان بەرامبەر بە حیزب درێژە دا و بە چڕی ئەو سیاسەتەشیان لەنێو لایەنگرانی خۆیان و تەنانەت خەڵکیش‌دا بڵاو دەکردەوە. بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە نەیاندەویست ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکەن کە درێژەدانی تەبلیغاتی دوژمنانە دژی حیزبی دێموکرات، هەستی کۆمەڵانی خەڵک کە حیزب لەلایان خۆشەویستە بریندار دەکا. ئەوان هەر بە تەبلیغات بە دژی حیزب نەوەستان و لەکردەوەشدا بە بەکارهێنانی سیاسەتی زۆرەملی بەرامبەر زەحمەتکێشان و زۆرجار وەرگرتنی پارە بەزۆری لە خەڵکی بوونە هۆی کێشمەکێش و تێکهەڵچوونی چەکدارانە! بەداخەوە لە ماوەی دوو ساڵدا (٦٠ تا ٦٢) چەندین لێکدانی ئەوتۆ ڕووی داوە کە شەهیدبوونی دەیان پێشمەرگەی لە هەردوو لا لێکەوتەوە!!

حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی مەسئول هەستی بە بەرپرسایەتی لە کوردستان کردوە و بۆچوونی خۆی بە ڕوونی گوتووە. حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی مەسئوول، دژایەتیی هەرچەشنە تێکهەڵچوونێکی چەکدارانە لەنێو هەموو ئەو هێزانەدا کە لە کوردستان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوون، دەکرد، چونکە باشی دەزانی ئەم چەشنە تێکهەڵچوونانە بە قازانجی ڕێژیم تەواو دەبێ و، بە زیانی جووڵانەوەی میللی-دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی دەزانی. بۆیە بە هەموو تواناوە هەوڵی دەدا ناکۆکییەکان بە وتوویژ و بە بێ بەکارهێنانی چەک چارەسەر بکرێ. حیزب زۆریش هەوڵی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە دا کە مەسئوولانە بجووڵێنەوە، تا پێشگیری لە هەموو چەشنە تێکهەڵچوونێکی چەکداری بکرێ."[1] سەرەڕای ئەو کێشانەی کە دروستیان دەکرد، بەڵام حیزبی دێموکرات هەوڵی برایەتی و دۆستایەتیی بە بەردەوامی لەگەڵ کۆمەڵە داوە و تەنانەت لەساڵی ١٣٦١ بەیاننامەشی بۆ هاوکاری لەگەڵ ئیمزا کردووە.

---

[1]- بڕوانە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**بەیاننامە**

## بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

بەم جۆرە بە ئاگاداریی خەڵکی تێکۆشەری کوردستانی ئێران و هەموو گەلانی ئێرانی دەگەیەنین کە لە ڕۆژی ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦١ لە نێوان ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا کۆبوونەوەیەک پێک هات.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە گیانی هاوخەباتی لە نێوان ئەو دوو ڕێکخراوەیەدا بەسترا، هەردوو لا بە درێژی لەسەر هەلومەرجی سیاسیی ئێستای ئێران و کوردستان گفتوگۆیان کرد. لەو گفتوگۆیەدا هەردوولا ڕایانگەیاند کە لەسەر خەباتی شێلگیر لەدژی ڕێژیمی جومهووری ئیسلامی و لە پێناوی دابینکردنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا و خودموختاری بۆ کوردستان بەردەوامن.

ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی تا ئێستا بێجگە لە بێکاری و گرانی و بێمافی و بێجگە لە خەفەقان و کوشتار و ئێعدامی هەزاران ڕۆڵەی شۆڕشگێڕی ئێران هیچ بەرهەمی بۆ گەلانی ئێران نەبووە و وڵاتی لە قەیرانێکی ئابووری و سیاسیی چارەنەکراودا نوقم کردووە. هەروەها ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە لە پاش سێ ساڵ پەلاماری دڕندانە بۆ سەر کوردستان، لەم دواییەدا دەستی داوەتە هێرشێکی تازە بۆ سەر گەلی کورد. ڕێژیم کە لەم سێ ساڵەدا بێجگە لە سەرشۆڕی و ڕیسوایی، هیچ بەرهەمێکی لە هێرش بۆ سەر کوردستان وەرنەگرتووە، دەیهەوێ جارێکی دیکە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تاقی بکاتەوە و بێهوودە تێدەکۆشێ تا خەباتی گەلی کورد سەرکوت بکا. ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە جارێکی دیکەش داوا لە هەموو خەڵکی تێکوشەری کوردستان دەکەن کە وەک هەمیشە بە ورەیەکی بەرز و بەوپەڕی فیداکارییەوە بە هەموو چەشنێک ئیعتراز و خەباتی خۆیان لەدژی ئەو ڕێژیمە پەرە پێ بدەن و بە هاوکاری لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان بەرامبەر بەو هێرشە ڕابوەستن و بەو چەشنە پیلانی

ڕێژیم بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان پووچەڵ بکەنەوە. ڕێبەریی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات، دڵنیان کە گەلی کورد بە خەباتی یەکگرتووانەی خۆی دەتوانێ کە ئەمجارەش دەرسێکی باش بە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی جومهووری ئیسلامی بدا.

هەروەها لەو کۆبوونەوەیەدا هەردوو لا بڕیاریان دا لە پێناوی ڕێککەوتن لەسەر هاوکاریی زیاتر و پتەوتر لە باری سیاسی، نیزامی و کۆمەڵایەتییەوە لەنێو خۆیاندا بەو وتووێژانە درێژە بدەن.

هەروەها هەردوو لا پێیان وایە گەیشتن بەو ڕێککەوتنە دەتوانێ دەورێکی کاریگەری هەبێ لە تێکشکاندنی پەلاماری هێزەکانی ڕێژیمی جینایەتکاری جومهووری ئیسلامی و وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان.

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

۲۷ی پووشپەڕی ١٣٦١

سەرەڕای ئەو بەیاننامەیە ڕێبەرانی کۆمەڵە لەسەر ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی عەبدوڵلا موهتەدی و هاوبیرانی کە بۆ ئەندامان و لایەنگرانی خۆی بڵاوی کردبۆوە هەروا درێژەیان بە سیاسەتی خۆیان دژی حیزب دا. هەربۆیەش حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٦٢ لە نامەیەکدا کۆمەڵە لە ئاژاوەگێڕی ئاگادار دەکاتەوە کە نابێ ئەو سیاسەتە درێژە پێ بدەن، لە کوێ بەهێز بوون لێمان دەن لە کوێ لاواز بن دۆست بین. بۆیە حیزبی دێموکرات لە هەر جێگایەک خوێنی لێ بێ یەک لەشە. ئەوان پاش دوو ساڵ ئەو نامەیان کردە بەهانە کە حیزبی دێموکرات شەڕی سەرانسەری ڕاگەیاندووە، دەقی ئەو نامەیەی بۆ کۆمەڵە ناردراوە لە ژمارە ۹۹ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە. شەڕی کۆمەڵە و دێموکرات دەقیقەن لەدوای کۆنگرەی دووی کۆمەڵەوە گەلاڵەی دەست پێکردنی داڕێژرا، چونکە کۆمەڵە دوو ساڵ پێش نامەی حیزب بڕیاریان دا دەست لە سیاسەتی شەڕخوازانە و ئاژاوەگێڕی

هەڵنەگرن و هەوڵی پەرەستاندنیان دا، بەڵگەکانی کۆنگرەی دووی کۆمەڵە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و شاراوەش نییە، بەداخەوە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە و گەڵاڵەکردنی پلانی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بۆ دژایەتی حیزبی دێموکرات شەڕێکی ماڵوێرانکەری لێکەوتەوە.

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا پەیکار لە دوو شوێن سازمان درابوون، بەدوای ڕووداوی چەککردنی پەیکار لە بۆکان، ئەو بەشەی دیکەیان لە ناوچەی کامیاران بە پشتیوانیی کۆمەڵە و بڕیارنامەی کۆنگرەی دووی کۆمەڵە، واتە با دەسپێشخەرییەکانی کۆمەڵە، چەکدارانی ئەو دوو ڕێکخراوەی بۆ دژایەتی لەگەڵ حیزب زیاتر پشتئەستور کرد.

"هێرشی پەیتاپەیتای دوژمن و شەڕ و بەرەبەرەکانی بە بەردەوامی درێژەی هەبوو. درێژەی شەڕ... پەیامێکی ناخۆشم لە دەفتەری سیاسییەوە بۆ هات کە شەڕ لە شاری بۆکان لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزب و پەیکار ڕووی داوە و ٣ کەس لە پەیکار کوژراوە. ئەو هەواڵە منی بردە فیکرێکی قووڵەوە، چونکە باشم دەزانی بێمەسئوولییەتی ئەو ڕێکخراوە سەبارەت بە جووڵانەوەی کورد لە هەر جێگایەک بۆیان بلوێ بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە زەبر لە پێشمەرگەکانی ئێمە دەدەن. مەسەلەکەم لەگەڵ بەرپرسانی نیزامی باس کرد کە لەگەڵ ئەفرادی پەیکار و کۆمەڵە سەبر و حەوسەلە بەکار بێنن، پێشمەرگەکانی ژێر مەسئوولییەتی خۆتان ڕێنوێنی بکەن و ئیحتیاتی تەواو لەبەرچاو بگرن. سازمانی پەیکار لەباری ئیدئۆلۆژی و خەت و مەشی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵە لێک نزیک بوون و لە دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات لە یەک خەتدا یەکتریان دەگرتەوە. سازمانی پەیکار چونکە لە کوردستان پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی نەبوو ڕێکخراوێکی چووکە بوو، هیچ پرینسیپێکی بە نیسبەت جووڵانەوەی کوردستان نەبوو. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی وەک دوژمنێکی سەرسەختی خۆی شوبهاندبوو."[1]

وەک شەهید "شاپوور فیرووزی" پێشبینیی کردبوو، پەیکار لەو ناوچەیە دەستی بە دژایەتیی حیزبی دێموکرات کرد و بۆ تۆڵەکردنەوە لە

---

[1] – "یادداشت‌های یک پیشمرگ قهرمان" شاپور فیروزی.

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، لەسەر ڕێگای ماشێنەکانی حیزب لە نێوان گوندەکانی "ئاسنگەران" و "گۆمتە" لە ناوچەی کامیاران مینێکیان دانایەوە لە ئاکامدا ماشێنێکی جیبی خەڵکی مەدەنی کەوتە سەر و چەند کەس لە خەڵکی بێتاوان شەهید و بریندار بوون.

بەرپرسانی حیزب لەو ناوچەیە کۆمەڵە لە دانانەوەی مین لەلایەن پەیکارەوە ئاگادار دەکەنەوە و تەنانەت ئەو کەسەی کە مینەکەشی دانابۆوە پێیان ناسێندرا، بەڵام کۆمەڵە نەک هیچ هەنگاوێکی لەو بارەوە هەڵنەگرت، بەڵکوو لە ڕوانگەی ئەوانەوە کاری کۆماری ئیسلامی بووە. ئەو کێشانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند. سەرەنجام چەند مانگ دوای کۆنگرەی کۆمەڵە، تەبلیغاتی ئەو ڕێکخراوەیە دژ بە حیزب سەرانسەری کوردستانی داگرت و لە تەواوی ئەو شوێنانەی پێشمەرگەکانی حیزب و ئەفرادی کۆمەڵە پێکەوە لە جێگایەک پشوویان دابێ، ئەوانەی کۆمەڵە بە بەردەوامی چەکەکانیان پێ بوو و بەردەوام لە حاڵی ئامادەباشدا بوون. بۆیە هەر ڕووداوێک لە نێوانیاندا ڕووی دابایە لە بەرژەوەندیی ئەواندا بوو، چونکە ئەفرادی کۆمەڵە هەم لە باری فیکرییەوە خۆیان ئامادە کردبوو هەم لەباری نیزامییەوە ئامادەتر بوون، لە بەرزترین ئۆرگانەوە هەتا خوارەوە، هەموو ئەندامانیان ڕێنوێنی و ئاگادار کردبووەوە، بۆیەش لە کاتی تێکەڵاوی لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزب، چەکەکانیان هەر بەدەستەوە بوو.

سەرەنجام ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٠ چەند کەس لە بەرپرسانی حیزب بۆ کۆبوونەوە ڕوو لە ئاوایی "تا" کە لە ناوچەی ژاوەرۆی کامیاران هەڵکەوتووە، دەکەن و بەرنامەی کۆبوونەوە لە مزگەوت بۆ خەڵک دادەنێن. ئەو گوندە بنکەی پەیکار و کۆمەڵەی بە هێزێکی زۆرەوە تێدا دەبێ. پێشمەرگەکانی حیزب نزیک بە ١٥ کەس دەبن، پەیکار ئەوەی بە دەرفەتێکی باش زانی بە هاوکاریی کۆمەڵە - کە هەم پەیکار تۆڵەی ڕووداوی بۆکان بکاتەوە هەم کۆمەڵە بڕیاری کۆنگرەی دووی خۆی بۆ ترساندنی حیزبی دێموکرات جێبەجێ کردبێ. بەپێی قەراری پێشوویان کۆبوونەوەی حیزبی تێک دەدەن و ناهێڵن خەڵک بەشداری بکا. تێکۆشەرانی حیزب کاتێک هەست

بەو مەترسییە دەکەن کۆبوونەوە هەڵدەوەشێننەوە و بۆ پشوودان ڕوو لە ماڵێک دەکەن. پاش ماوەیەک هەر دوو هێزی چەکداری پەیکار و کۆمەڵە دەوری ئەو ماڵە دەدەن و داوای تەسلیم بوونیان لێ دەکەن. ئەگەرچی ئەوان بە زمانێکی زۆر دۆستانە داوایان لێ دەکەن کە بە دیالۆگ دەتوانین گیروگرفتی نێوانمان چارەسەر بکەین با کوڕی خەڵک نەکوژرێ، ئێمە دەتوانین کێشەکانمان لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکەین، بەڵام قسەی پەیکار و کۆمەڵە بریتی بوو لە، یان خۆبەدەستەوەدان یان کوژران! پاش قسە و باسێکی زۆر هیچ قسەیەکی مەنتقی وەرناگرن چونکە پەیکار و کۆمەڵە نیچیرێکی باشیان دەست کەوتبوو. کاتێک هەواڵی گەمارۆدانی پێشمەرگەکانی حیزب لە گوندێکی ئەولاتر دەگا بە شاپوور فیرووزی[1] نامەیەک بۆ سەدیق کەمانگەر لە بەرپرسانی کۆمەڵە دەنووسێ کە ڕێگا نەدرێ خوێن برێژرێ، ئەو نامەیە بە دوو پێشمەرگەدا ڕەوانە دەکا لە ڕێگا ئەفرادی پەیکار و کۆمەڵە سەر ڕێیان لێدەگرن و داوای خۆبەدەستەوەدانیان لێدەکەن. لە ئاکامدا تەقەیان لێ دەکەن یەکیان بریندار دەبێ.[2] بەو پێیە هەوڵی بەرپرسانی حیزب بۆ کۆتایی هێنان بە ئاڵۆزی لەو ناوچەیە بێئاکام دەمێنێتەوە و شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزب و ئەفرادی کۆمەڵە و پەیکار لە گوندی "تا" دەست پێ دەکا. پاشان دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکانی حیزب بە هانای هاوسەنگەرانیانەوە دەچن کە لە بەرزاییەکانی گوندی "تا" تەقەیان لێ دەکرێ و شەڕ بە گەرمی درێژە دەکێشێ. ئەم شەڕە بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ بە هۆی ئاژاوەگێڕیی پەیکار و کۆمەڵە لە چەندین گوندی ئەو ناوچەیە درێژەی کێشا، کە بەداخەوە بوو بەهۆی کوژرانی نزیکەی بیست کوڕی کورد کە خۆیان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دڕندەترین ڕێژیمی سەردەم واتە کۆماری ئیسلامی ئامادە کردبوو. تەنانەت کوڕێکی شەهید شاپوور فیرووزی بە ناوی "ئەردەشیر فیرووزی" کە ماوەی چەند مانگێک بوو ڕیزی کۆمەڵەی بەجێ هێشتبوو و هاتبووە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبەوە لە شەڕی گوندی "تا"

---

[1]- بڕوانە: یادداشتهای یک پیشمرگ قهرمان، صفحه ١٧٨.

[2]- هەمان سەرچاوە.

هەوڵێکی زۆری دا کە کێشەکە پەرە نەستێنێ، ئەو بە دەنگی بەرز هاوار دەکا تەقە مەکەن با خوێنی کوڕی کورد نەڕژێ! بەڵام دەنگی ئاشتیخوازیی ئەو هیچ کار لەسەر ئەفرادی پەیکار و کۆمەڵە دانانێ، سەرەنجام ناوبراو کە لە کاتێکدا بێ چەک کە بۆ هێنانەوەی تەرمی هاوڕێیەکی شەهیدی بەرەو سەنگەرەکانی کۆمەڵە دەچێ، تەقەی لێکرا و شەهید بوو. تەنانەت لەو ماوەیەدا پەیکار و کۆمەڵە مامۆستایەکی قوتابخانەشیان بە ناوی "مورتەزا تابعیان" شەهید کرد.[1] لە ئاکامی ئەو شەڕەدا کە کۆمەڵە لە ناوچەی کامیاران هەڵیگیرساند، ٩ کەس لە ئەفرادی پەیکار و کۆمەڵە گیانیان لە دەست دا، هەروەها ٨ پێشمەرگەی حیزب و مامۆستایەکی قوتابخانە شەهید کران.

"زیاتر لە٢٠ ڕۆژ شەڕی نگریسی براکوژی کە لە یەکەم ڕۆژی خەرمانانیساڵی ١٣٦٠دا دەستی پێکرد. کەسایەتییەکانی ناوچەکانی سنە و مەریوان و کامیاران زۆریان هەوڵدا کومەڵە و حیزب بگەیەنن بە ڕێکەوتنێک کە کۆتایی بەم شەڕە بێنن، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵە هەر لە سەرەتای شەڕەکەدا کە بۆ خۆشی دەستی پێ کردبوو پێی وابوو درێژەکێشانی ئەو شەڕە بە شکست و تەسلیم بوونی حیزب تەواو دەبێت هەموو جارێ داوای لایەنەکانی ڕەد دەکردەوە تەنانەت لە چەند هێرشی‌دا بۆ سەر بنکەکانی حیزب وەک گەمارۆی بەرپرسانی حیزبی لەگوندی "تا" و "فارس‌ئاوا" و "فەرج‌ئاوا" هێرش بۆ گوندی "بزوەش" و "کووچەچەرموی کاشتر"، کۆمەڵە بۆ خۆی تووشی شکست و سەرلێشێواوی بوو بەو حاڵەشەوە ئامادەی ئاگربەس نەبوو. تا بە زەبر و گەمارۆ هاواری لێ هەستاو بۆ خۆی داوای ئاگربەسی کرد....... لەماوەیەکی کورتی شەڕی چەند ساعەتی‌دا گوندی "طا" و "هەنیمن" دەخەنە ژێر کونترۆڵی خۆیان و بەرەو فارس‌ئاوا و فەرج‌ئاوا وەڕێ دەکەون شەڕێکی توندتر دەکەوێتە دەوروبەری گوندی فارس‌ئاوا بەرەو بەرزاییەکانی نێوان فارس‌ئاوا "پەشاوا"، هەر بۆیە پێش ئەوەی ئەو بەرزاییانەش بکەوێتە دەستی حیزبییەکان، کۆمەڵەییەکان توشی شکست و زیانێکی گەورە بوون ناوەندی جنووبی کۆمەڵە بە ئاڵای سپییەوە هاواری لێ هەستاو ئاگربەسی قەبوڵ کرد

[1]- بڕوانە کتێبی: "رقابت کور". لاپەڕەی ٥٦

و شەڕی یەک مانگە کە بە گیان بەختکردنی ١٥ ڕۆڵەی نیشتمان لە هەردوولا کوتـایی پێهـات. چەنـدین کەس لەو پێشـمەرگانەی کـۆمەڵە کە کوردسـتانی بیریان دەکردەوە ڕیزەکانی کۆمەڵەیان بە جێهێشت و چوونە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە، یەک لەوانە بەندە بوو."[1]

لە درێـژەی ئەو سیاسـەتەی کـۆمەڵە گرتبـوویە بەر کە پڕۆلیتاریـای کوردستان بورژوازیی خاشەبڕ دەکا، لە ڕێگای تۆقاندنەوە هەوڵی دەرکردنی حیزبی دێموکراتی دەدا. چاو لەو بەڵگە پڕجۆش و خرۆشە بکەین:

**"حکوومەتی شۆڕشـگێڕانەی چینـی کرێکـار تەنیـا لە ڕێـی دروسـتکردنی هەستی ترساندن و تۆقاندن بە چەکەکەی لە دڵی کۆنەپەرستاندا، دەتوانێ حکومەت بکات."** عەبدوڵڵا موهتەدی ئەو وتەیەی ئینگڵس دەکاتە خۆراکی بەدەنەی خۆیان، بۆیە دەڵێ: **"لە ڕوانگەی منەوە ئەوە باشترین گەرەنتییە بۆ ئەوەی قەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات هێرش نەکەنە سەرمان و ئەو خەیاڵە لە سـەریان بەرنە دەر."** ئەوەی حوسێن موورادبەیگیش باسی دەکرد بەم ڕستە جوانانە ئەندامانی خۆیان گۆش دەدا و بەڵکوو بە دەسـەڵاتی چینی کرێکار خەڵکی کوردستانی پێ قەڵتوبڕ بکەن، ئەو وتەیەی موهتەدی بێجگە لەشـەڕ چ مانـایەکی دیکە دەبەخشـێ؟ مانـای ئەوەیە هەر لەسـەرەتای دەست بەکـار بوونیـان، دوای سـاڵانی سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئێران بە چەک حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بترسێنن، و بە باشترین ڕێگـای زانیوە کە بتـوانێ چینـی پرۆلیتاریـای زەینیـی عەبـدوڵڵا مـوهتەدی و ڕێکخـراوەکەی دەسەڵاتی خۆی پێ بەهێز بکا.

یەکەم کاردانەوە و هەنگاوی بەکردەوە لەسەر ڕاسپاردەی کۆنگرەی دووی کـۆمەڵە لە مـانگی بـانەمەڕی سـاڵی ١٣٦٠ لە گونـدی "قـومقەڵا"ی نـاوچەی شارویرانی مەهاباد دەست پێدەکەن کە لەودا بە توندی هێرشیان کردە سەر حیزب. هەربۆیەش بەشێک لە خەڵک مزگەوتیان چۆڵ کرد ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پێشمەرگەی حیزبیش لەو گوندە بوون، بۆیە پێشمەرگەکانی حیزب

---

[1] – بیرەوەری https://www.facebook.com/maulud.abdollahi "هەڵدانەوەی لاپەرە ڕەشـەکانی مێژو بەشی حەوت"

ئاگاداریان کردنەوە کە داوا دەکەین قسە بۆ سیاسەتی خۆتان بکەن و باسی حیزب مەکەن. لە بەرانبەردا ئەوان زۆر خراپ هەڵسوکەوتیان کرد و لە ئاکامدا تێکهەڵچوونێکی کورت ڕووی دا. بەدوای ئەوەدا ئەفرادی کۆمەڵە هەر لە ناوچەی موکریان هێرش دەکەنە سەر چەند بنکەی ڕێکخراوی حیزبی لە "تیکانلووجە" و هەڕەشەیان لێ دەکەن و تەنانەت چەکیان دەکەن. بێجگە لەو ڕووداوە، لە سەر ڕێگای دوو ماشێنی حیزب لە ناوچەی مەهاباد کەمین دادەنێنەوە و ٣ پێشمەرگە شەهید دەبێ و چەند کەس کە بەشێکیان خەڵکی ئاسایی بوون بە دیل دەگرن. بەڵێ وەک چاوەڕوان دەکرا بە پێی قسە هەڵخڕێنەرەکانی کاک عەبدوڵڵا لە کۆنگرەی دوو کە دەڵێ ئەنباری تەقەمەنی شناسایی بکەن و هێرشی بۆ بکەن هەر ئەو ڕۆژەی لە قومقەڵا شەڕ دەبێ شەوێ کۆمەڵە پەلاماری ئەنباری تەقەمەنیی لکی یەکی هێزی پێشەوا لە ئاوایی "دەرمان" دەدا و پێشمەرگەیەک بە ناوی "پیرۆت"[1] شەهید دەکەن و ٣ کەسی تازەهاتوو بە دیل دەگرن و ئەنبارەکەش تالان دەکەن. سەرەنجام هەر لەو ناوچەیە هاوینی ساڵی ١٣٦١ دوایین شەڕ و پێکدادان لە گوندەکانی "حاجیئاڵیکەند"، "سرنجاخ"، "کانیکەوتێر" و "قەرەداغ" ڕووی دا و لە ماوەی چەند ڕۆژ تێکهەڵچوونی چەکدارانە نزیک بە دە کەس لە هەردوو لا گیانیان لەدەست دا و پاشان بە ڕاگرتنی ئاگربەس ئاشتی گەڕایەوە ناوچەکە.

دوای ئەوە کۆمەڵەییەکان هەر لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٦١ پێش بە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزب لە ئاوایی "پایگلان" دەگرن و چونکە ئەوان ئامادەی شەڕ بوون دوو پێشمەرگەی حیزب شەهید دەکەن. ساڵێک دواتر جارێکی دیکە لە ناوچەی سەردەشت لە هاوینی ساڵی ١٣٦٢ تێکهەڵچوون ڕووی دەداتەوە و ٦ کەس لە هەردوو لا گیان لەدەست دەدەن. "ساڵح ڕەبەتی" لە ڕووداوەکەی سەردەشتدا بەشدار بوو و ئاوا باس لەو ڕووداوە دەکا:

---

[1] - "پیرۆت ڕەحمان خاکی" کە شەهید دەبێ سەگێکی دەبێ کاتێک ئەفرادی کۆمەڵە جەنازەی پیرۆت ڕادەکێشن سەگەکە پەلاماریان دەدا بە گوللە لێی دەدەن و گیانی لێ دەستێنن.

"بەپـێچەوانەی کـۆمەڵە و کتێـبەکەی "حەمەی سـەییار" {رقابـت کـور}، پێشمەرگەکانی دیموکرات بۆ شـەڕ لەگەڵ ئەفرادی کۆمەڵە نەچوون. کۆمەڵە کە بـنکەی لە "بەردەسـوور" بـوو زۆر جـار لە نێوانمـاندا بـاس لە سـەر مەسەلەی گومرک دەکرا کە بە شێوەیەکی گونجاو حەلی بکەین. هـاتوچۆ لە نێـوان ئـێمە و کـۆمەڵە نـاخۆش نەبـوو. لە ڕاسـتیدا ڕووداوی ئـاوایی بەردەسوور لەسەر کەسێک کە دەیویست خۆی تەحویلی حیزب بدا، ڕووی دا. تاوانبـاریش ئەفـرادی کـۆمەڵە بـوون. یەکێـک لە فەرمانـدەکانی ڕێـژیم لە پایەگاکـانی دەوروبەری ئـاوایی "گـرژاڵ" پێوەنـدیی لەگەڵ حیـزب بـوو، پـاش مـاوەیەک دەیویسـت خـۆی بە پێشـمەرگەکانی حیـزب بناسـێنێ. سـەرەنجام ڕۆژێک بە چەکەوە ڕادەکا و لە ڕێگا تووشی شوانێک دەبێ و داوای لێ دەکا کە بۆ لای پێشـمەرگەکانی حیزبی دێمـوکراتی ڕێنوێنی بکـا. لە ڕێگـا تووشـی ئەفرادی کۆمەڵە دەبن و دەیگرن و لەگەڵ خۆیـان دەیبەن. شـوانەکە دەچێتە گونـدی "ئـاغەڵان" و پێشـمەرگەکانی حیـزب لە ڕووداوەکە ئاگـادار دەکـاتەوە. پاشــان ٥ کەس لە بەرپرســانی حیزبــی لەو نــاوچەیە بە ناوەکــانی "فەقــێ ڕەسـووڵ" جێگری هێز، "سـاڵە ڕەبەتـی"، "عەلـی شـێلمان"، "خـدر زوورەیـی" و "بەکرە شیوەسەڵی" بۆ قسە کردن لەگەڵ ئەفرادی کۆمەڵە دەچین بۆ گوندی بەردەسوور. ئەوانیش پێشـتر خۆیـان ئامـادە کردبوو بۆیە لە کۆڵانەکانی نێو ئـاوایی سـەنگەریان قـایم کردبـوو. فەقـێ ڕەسـووڵ و مـن (سـاڵە ڕەبەتـی) لە ژوورەوە واتە لە بـنکەی کـۆمەڵە لەگەڵ کەسـێک بەنـاوی "قـادر بۆکـانی" کە تفەنگی ژ-٣ی موزەللی پێ دەبێ قسـەمان دەکرد. چەند جار فەقێ ڕەسـووڵ گوتی کاک قادر بانگی کاک "حوسێن عەبداڵی" بکە کە بەرپرسی کۆمەڵە لەو بـنکەیە بـوو، بـا قسـە بکەیـن. تەنـانەت گوتمـان ئەو کەسـەی کە بە دەنگـی تۆمـارکراویش بڵـێ مـن هـاتووم بـۆ لای کۆمەڵە ئێمە قسـەیەکمان نییە. خـدر زوورەیی کە لەگەڵ حوسێن عەبداڵی پێکەوە دۆست بوون قەدەمیان لێدەدا و قسـەیان دەکـرد. فەقـێ ڕەسـووڵ، خـدر زوورەیـی بانـگ دەکـا کە بە حوسـێن عەبداڵی بڵێ بێتە ژوورەوە قسە بکەین کاتێک خدر پەیـامی فەقـێ ڕەسـووڵ بە حوسـێن دەگەیەنـێ کەسـێک لە ئەفـرادی کـۆمەڵە بە نـاوی "بـرایم گۆمـانی"

ڕەگبارێک لە خدر زوورەیی هەڵدەکا کە هەردووکیان واتە خدر و حوسێن بەر دەکەون و هەردووکیان لەوێ دەکەون. کاتێک دەنگی تەقە بەرز دەبێتەوە قادر بۆکانی زۆر بەخێرایی دەست بۆ چەکەکەی دەبا و ڕوو بە فەقێ ڕەسووڵی دەگرێ، پێش ئەوەی دەست بە ماشەدا بێنێ فەقێ ڕەسووڵ لوولەی چەکی قادر بۆکانی دەگرێ و ئەویش قامک بە ماشەدا دەکێشێ و لە فەقێ ڕەسووڵی دەدا. سەرەنجام دەرکەوت کە پێشتر پیلانیان داناوە. ئێمەش ماینەوە ٣ کەس دەستمان بە شەڕ کرد، کاتێک دەنگی تەقە بەرز بۆوە پێشمەرگەکانی ئێمە لە گوندی "دیوالآن"ـەوە بۆ یارمەتیی ئێمە هاتن کە لە ئەنجامی ئەو ئاژاوەی ئەفرادی کۆمەڵە ٥ کەس لەوان بوونە قوربانیی ئەو سیاسەتەی کە بەرامبەر بە حیزب ڕەچاویان کردبوو، هەروەها ژمارەیەکیش بە دیل گیران. بەداخەوە فەقێ ڕەسووڵیش گیانی لەدەست دا. ئەوەی بڵێ حیزبی دێموکرات بۆ چەککردنی ئەفرادی کۆمەڵە هاتوون و هێرشیان کردووە دوور لە ڕاستییە و ئێمە ٥ کەس بۆ قسەکردن سەبارەت بە مەسەلەی ئەو کەسەی کە هاتبوو خۆی تەحویلی ئێمە بدا باس بکەین، کەچی ئەوان ئامادەباش بوون و کۆمەڵێک کوڕی خەڵکیان بەکوشت دا."[1]

بەڵگەیەکی دیکە کە ئەفرادی کۆمەڵە بەردەوام هەوڵیان داوە شەڕ و ناکۆکی و ئاژاوە بنێنەوە ئەوەیە کە لەهەر شوێنێک پێشمەرگەی حیزب کەم بووبێ، ئەوان بەهانەیان پێ گرتوون و ئەگەر هەستیان کردبێ خۆیان کەمن ئەوە وازیان هێناوە و پاشەکشەیان کردووە. بۆ وێنە بڕوانە ئەم بەسەرهاتە کە هاوینی ساڵی ١٣٦١ لە گوندی "مەڕان"ی سەر بە شاری سەقز ڕووی داوە.

"ڕۆژێک چووینە گوندی "زەکیوە"، تیمێکی دە کەسیمان ناردە گوندی "مەڕانی سەروو" کە لەوێ بن، ناوی چەند پێشمەرگەم لە بیرە وەک: "سەید تەها"، "ئەحمەد تاقەسوار" و "حەمەمین" کە ناسراوی خەڵکی ناوچە بوون، تەماسیان گرت و وتیان لە دەوری مزگەوت، کۆمەڵە دەورمانی داوە و قسەی

---

[1]- لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەڕێز ساڵە ڕەبەتی یەکێک لە فەرماندەکانی پێشووی حیزب لە زەویەسپی لە ڕۆژی ١٣٩٧/١/٢٣ بەرامبەر بە ٢٠١٨/٤/١٢.

توند و بێڕێزیمان پێ دەکەن! پێمان وتن بە هیچ شێوەیەک دەرگیر نەبن ئێستا دێینە لاتان! بەخێرایی چووینە گوندی مەڕان و لەناو گوند بڵاو بووینەوە، ژمارەی ئێمە چەند بەرانبەری کۆمەڵەکان بوو. لە نزیک مزگەوت دەیان نەفەر خەڵکی ئاوایی کۆ ببوونەوە لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەستمان بە قسە کرد بە شاهیدیی خەڵک وتمان ئێمە بۆ شەڕ نەهاتووین و باوەڕمان بە شەڕی ناوخۆ نییە، ئێمە هەمووومان یەک دوژمنی هاوبەشمان هەیە و ئەبێ پێکەوە هاوکار بین بۆ لێدانی دوژمنمان کە ڕێژیمی ئێرانە، ئەبێ دۆستی یەک بین و ئەتوانین ڕەخنە لە یەک بگرین، بەڵام مافی ئەوەتان نییە بێڕێزی بکەن، خەڵک بە تێکڕا پشتیوانیان لە قسەکانمان کرد و برایانی کۆمەڵە ئارام بوونەوە و دوایی لەو گوندانە ڕۆیشتن."[1]

ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونانە کە هەر جارێ لە ناوچەیەک ڕووی دەدا زۆر زوو پێشی دەگیرا بۆ ئەوەی بۆ ناوچەکانی دیکە تەشەنە نەکا. بەڵام وەک ڕێبەرانی کۆمەڵە بە ڕێکخستنی خۆیان ڕاگەیاندبوو کە لە هەر جێگایەک هەستیان بە لاوازی کرد خۆ لە شەڕ ببوێرن. ئەوە بە واتای پاشەکشە لە بەرانبەر بورژوازیدا نییە، بەڵکوو بە قەولی عەبدوڵلا موهتەدی لە شوێنێکی دیکە تۆڵەیان لێ بکەنەوە و لە هەر جێگایە بەهێز بوون لێیان بدەن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە حیزبی ئێمە بۆ بەرگری لە تێکهەڵچوونەکان پێشنیاری دەکرد کە بۆ ماوەیەک کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات نەک لە تەبلیغی نەزەر و بیروڕای خۆیان، بەڵکوو لە تەبلیغاتی دژی یەکتر خۆ بپارێزن تا جەوی خراپی دژی یەکتر لەنێو بچێ. سەرەڕای ئەو هەڵسوکەوتەی کۆمەڵە، حیزبی دێموکرات لەمانگی بەفرانباری ١٣٦٢دا پێشنیاری بەکۆمەڵە کردبوو کە لەخوارەوە دەقەکەی هاتووە لە "مەشعەل" بڵاوکراوەی ناوخۆیی کۆمەڵە ژمارە ١٩ لاپەڕەی ٩ پێشنیاری حیزبی تێدایە بەمجۆرەیە:

"ئیبراهیم عەلیزادە دەڵێ: لێرەدا هەروەها گەلاڵەی پێشنیارکراوی نوێنەرانی حیزبی دێموکرات بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمەڵە دێنین کە دیارە

---

1- "سەفەرێک لە کوێستانەکانی سەقزەوە بەرەو پێدەشتەکانی بان هەوەتوو"، بیرەوەریی محەممەد تەهامی "ناسراو بە مەمی"

ئـەیمە پەسـندمان نەکـرد، بەڵام گەڵاڵەی حیزبـی دیمـوکرات لە ڕۆژی ٧ی بەفرانبـاری ١٣٦٢دا بە کـۆمەڵە پێشـنیار کـراوە و لە لایەن کـۆمەڵەوە پەسـند نەکراوە.

نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیست (کۆمەڵە) پاش چەندین جار وتوویژ بۆ بەرگری لە هەر نەوع تێکهەڵچـوونێکی چەکـدارانە کە ئاکـامەکەی تەنیـا بە قـازانجی ڕێژیمـی خومەینی دەبێ، لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

١ــ نـاوچە ڕزگارکراوەکـانی کوردسـتانی ئێـران هەر ئێسـتا وێـنەیەک لە پێکەوەژیانی دێموکراتی لەنێوان ڕێکخراوە سیاسییەکان‌دایە. هەر ڕێکخراوێک لە دەربڕینـی بیـروڕای خۆیـدا بەتەواوی ئـازادە. هەر ڕێکخراویـک دەتـوانێ لە تەواوی ئیمکانـاتی خـۆی کەڵـک وەرگـرێ تـا بیـروڕای خـۆی بگەیەنێـتە نێـو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەموو گەلانی ئێران.

بـۆ پێشـگرتن لە تێکهەڵچـوونی چەکـدارانە و بـۆ لەنێـوبردنی ئەو جەوە خراپەی کە لەم هەلومەرجەدا پێک هـاتووە، هەردووک لا ڕازی بوون بەوەی کە بـۆ مـاوەی یەک سـاڵ لە هێرشـی تەبلیغـاتی لەدژی یەکتـر خـۆ بپـارێزن، هەروەهـا هەردووک لا لەو بـاوەڕەدان کە هەمـوو ناکۆکییەکـانی نێوانیـان لە ڕێگای وتووێژەوە و بەبێ پەنابردن بۆ چەک لەنێو بەرن.

٢ــ هەردووک لا لەو بــاوەڕەدان کە دەبــێ بە کەڵکــوەرگرتن لە تەواوی ئیمکانـات هەوڵ بـدەن تـا ئەو فەزا خـراپ و ناکۆکییـانەی نێوان خۆیـان لەنیـو بەرن و فەزای یەکیەتـی و هاوکـاری لەسـەرڕا پێـک بێنـنەوە و بەم مەبەسـتە ئەنـدامان و لایەنگران و کـادر و پێشـمەرگەکانی خۆیـان بە ڕوحـی هاوکـاری لەگەڵ یەکتر پەروەردە بکەن.

٣ــ هەردووک لا جارێکی دیکە پێ دادەگرن کە ئـازادیی خەڵکی کوردسـتان لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا بە هـیچ شـێوەیەک نـابێ لە خەتەر بکەوێ و دەبێ لە هەر نەوع زوڵـم و زۆرێـک نیسـبەت بە کـۆمەڵانی خەڵکـی کوردسـتان خـۆ بپارێزن و بەزۆر هیچ شتێک لە کەس نەستێنن.

٤_ هەردووک لا موافەقەتیان کرد کە کۆمیسیۆنێکی هاوبەش پێکبێنن تا گیروگرفتەکانی مەوجوود لە بواری وەرگرتنی گومرگدا چارەسەر بکا و پێشنیارێکی ئەوتۆ بێنێتە گۆڕێ کە جێگای پەسندی هەردووک لابێ.

ئەمەیە گەلاڵەی پێشنیارکراو لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە کە نوێنەرانی کۆمەڵە ئەوەیان ڕەت کردەوە و ئێستا دەم لە دێموکراسی وەردەدەن."[1] ڕەتکردنەوەی ئەو پێشنیارە نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەڵە بەهیچ شێوەیەک ئامادەی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا نییە و نەک دێموکراسی قەبووڵ ناکا بەڵکوو هەر ئەو دێموکراسییە خەیاڵییەی زەینی خۆیان بۆ ئیدارەی کوردستان دروستیان کردبوو بەڕێوەیان دەبرد بەو پێیە لە هیچ بوارێکدا ئامادەگی هاوکاری لە لایەن کۆمەڵەوە نەدەبینرا.

---

[1]- بڕوانە " هەڵوێستی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کۆمەڵە، کوردستان، ژمارە ١٠٣

# دامەرزانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا لەناو کەسانی چەپ لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێران زەمینەی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرەبەرە دەنگی لێوەهاتبوو.

کۆمەڵە تا ساڵی ١٣٦٢ بەگرتنەبەری سیاسەتی دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات لە خەڵک دوور کەوتبۆوە، لەنێو ڕیزەکانی خۆی تووشی ئاڵۆزیی فکری و سیاسی هاتبوو و دەبوو چارەسەرێکی بۆ ئەو تەنگەژەیە بدۆزێتەوە، هەر بۆیەش ناچار بوو کۆنگرەی خۆی ببەستێ. ئەو کۆنگرە بەپێچەوانەی کۆنگرەی هەر حیزبێک زۆری خایاند، ئاکامی ئەو گۆنگرە کە چەندین ڕۆژی خایاند لە ٥ خاڵدا کورت دەکرێتەوە.

یەکەم: کۆنگرە ڕایگەیاند کە تا ئێستا ئەو کردەوانەی کۆمەڵە کردوویەتی وەک پۆپۆلیزم لەمڕۆوە دەبێ بەربەرەکانیی لەگەڵ بکرێ، هەروەها ڕایگەیاند کە دەبێ ئاڕمی کۆمەڵە بگۆڕدرێ، هەر بۆیە دوای کۆنگرە ئاڕمی کۆمەڵە لە نیر و ئامور و سێ ئەستێرە و تفەنگەکەوە گۆڕدرا و ئەستێرەیەکی سوور جێگای بە ئاڕمی پێشوو لێژ کرد و خۆی لە پارچەسوورەکەدا دیتەوە. هەر لەو کاتەشدا کۆمەڵە کە لە پێشدا خودموختاریی بۆ کوردستانی بە داخوازێکی بورژوازیی دادەنا، قەبووڵ کرد.

دووەم: لەو گۆنگرەیەدا بیروباوەڕی ئێرانیچییەتی جێی بە بیروباوەڕی کوردستانیی لێژ کرد و بەتەواوی بەسەریدا زاڵ بوو، لەو ڕۆژەوە واتە لە دوای کۆنگرەوە پۆپۆلیزم جێگای خۆی لەگەڵ ڕقی شۆڕشگێڕی "خشم انقلابی" گۆڕییەوە و پشت لە جووتیاران کراو و وایان دانا هیچ جووتیارێکیان

نەناسیوە و نایناسن! بەم پێیە لەم ڕێکەوتە بەولاوە کۆمەڵە بەرەو ئاراستەی بە خەیاڵی خۆیان ڕێبەری کردنی کرێکارانی ئێران هەنگاوی نا!

سێیەم: کۆمەڵە پێکهێنەری هێزی ئەسڵیی حیزبی کۆمۆنیست بوو کە ژمارەیەکی زۆر کەم لە غەیرەکوردەکان ئەویشی لێ زەوت کردن، ئیتر شتێک بە ناوی پێشمەرگەی کۆمەڵە نەما، بەڵکوو بوون بە بەرئەندام و ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست.

چوارەم: کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیست تیئۆریزەکردنی شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی پشتڕاست کردەوە و ڕێبەرانی کۆمەڵەی بۆ جێبەجێکردن سوورتر کرد و تێگڕای ڕێبەرانی کۆمەڵەی پێشوو و "سهند"ی بۆ لاوازکردنی حیزبی دێموکرات هاواهەنگ کرد.

پێنجەم: پێویستە ئاماژە بکرێ کە کۆمەڵە لە پاییزی ساڵی ١٣٦١ یەکەم دەستەی ژنی وەک پێشمەرگە جەولەیان دەست پێکرد بوو و ژنیان چەکدار کردبوو، بەڵام لە بەشدارانی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە لە مێشکەپەی ئالانی سەردەشت گیرا هیچ ژنێک بەشدار نەبوو و هیچ بەڵگەیەک سەبارەت بە ژنان لەو کۆنگرەیە پەسەند نەکرا.[1] ئەوە بۆخۆی جێگای سەرسوڕمان بوو کە لە حاڵێکدا دەیان ژن لە مەیدانی خەباتدا بوون و کۆمەڵە ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە ژن و پیاو مافی یەکسانیان هەیە.

لە پێوەندیی دروستبوونی "حکا"، ئەگەرچی پێش تێکەڵبوونی لەگەڵ ئەو حیزبە عەنتیکەیە، کۆمەڵە کوردستانی بە دوو چین دابەش کردبوو بەڵام ئەوەی هەڵەی کرد کۆمەڵەی کوردستانی بوو سەرەکیترین هەڵە چوونە ناو ئەو جۆرە حیزبایەتییە کە لە گەڵ "اتحاد مبارزان کمونیست" (ا م ک) پێکی هێنا. ئەو پێوەندییە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە و سەرەتای دەست بەکاربوونی ئاغا بالاسەرانە بوو. هێژموونی نەتەوەی زاڵ بەسەر ئەو تێکەڵ بوون و پێوەندییەدا دیار بوو. ئەوەی زەق و بەرچاوە کۆمەڵە بەو هێزە چەکدارەی لەبەردەستی دابوو خۆی خستە ژێر دەستی چەند کەسێک کە تەنانەت ئەوەندەیان ڕێز بۆ دانەنان کە ناوی واقعی خۆیان واتە "کۆمەڵە"یان پێ بڵێن. ئەو پێوەندییە بۆ کۆمەڵە پێوەندییەکی هەڵە و ژاراوی بوو. ژارەکەشی

---

[1]- بڕوانە: ئەسنادی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران.

بەرەبەرە و بە شـێنەیی چـووە نـاو جومگەکـانی کـۆمەڵە و دواتـر هەمـوو جەستەی گرتەوە. ژەهراوی بوونی جەستەی کۆمەڵە کاریگەری درێژخایەنی لە سـەر رەوتـی خەبـاتی ئەوان دانـا و شـتێک نەبـوو کە بەسـانایی داوێنـی کۆمەڵە بەردا.

لێرەوە سـەیری سیاسـەت و بۆچوونەکـانی "حکا" و کۆمەڵە بکەیـن بـزانین چۆنی ڕوانیوە بۆ حیزبی دێموکرات، لێرەدا بۆمـان دەردەکەوێ کە کۆمەڵە بە چ بیانوویەک پاساو بۆ خۆشکردنی شەڕی ناوخۆیی دێنێتەوە؟

لە کـاک بـرایم عەلـیزادە دەپرسـن: "هـاوڕێ ئیبـراهیم تکـایە چـۆنیەتیی پێکهـاتنی ئەو تێکهەڵچوونـانەی دوایـی نێـوان حیزبـی دێمـوکرات و کـۆمەڵە، هۆیەکانیمان بۆ ڕوون بکەرەوە.

وەڵامی کاک برایم عەلیزادە بەمجۆرەیە:

**"قسـەی تـێدا نیـیە کە بەینـی ئـێمە و حیزبـی دێمـوکرات نـاکۆکییەکی ئیدۆلۆژیکی، بناخەیی و ڕیشەیی هەیە. ناکۆکییەکی ئیدۆلۆژیکییە، ئێمە وەک نوێنەرانی دوو چین لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لێک جودا دەکاتەوە. ئەو ناکۆکییە هی ئەوەیە کە ئێمە و حیزبی دێموکرات نوێنەری دوو چینـی جیـاوازی کـۆمەڵایەتین، یـانی پرۆلیتاریـا و بـورژوازی. هەر بـۆیە هەبوونی ناکۆکی لە نێوان ئێمە و حیزبی دێموکراتدا هەمیشە مەسـەلەیەکی تەبیعـیـیە. ئەم ناکۆکییـانە ڕیشـەی سیاسـی – چینایەتییـان هەیە و سیاسەتەکانمان لە سەردەمی جۆربەجۆری شۆڕشی کوردستاندا جیاوازییان بووە."[1]**

دیـارە کـۆمەڵە ئەو کـات و زۆر پێشـتریش وردەفەرمایشـی دیکەیـان بـۆ ئەنـدامەکانیان دەهـۆنییەوە. بەڵام دوای دروسـتبوونی حیزبـی کۆمۆنیسـت و کەمێـک پـێش ئەویـش وازی لە تەبلیغـی دژی حیـزب سـەبارەت بەوەی کە پێوەندیی لەگەڵ عێراق هەیە هێنا هەروەک لە پەیامەکەی عەبدوڵڵا موهتەدیدا هەیە. بۆ خەڵک پرسیار بـوو بـۆچی کۆمەڵە ئێستا باسـی پێوەندیی حیزبـی دێموکرات و عێراق ناکا؟ چونکە بۆخۆی لای سـەرەوە دانیشـتبوو، تەنانەت لە "سازشکار"یشی واز هێنا ئەوەیشیان تاقی کردەوە کە دوور لە ڕاستییە، تەنیا

---

[1] – پێشڕەوی ژمارە ٤ ئۆرگانی ناوەندیی کۆمەڵە.

کەمئەزموونیی کۆمەڵە سەبارەت بە جووڵانەوەی میللی-دێموکراتیکی گەلی کورد ئەم گومانەی بۆ کۆمەڵە خولقاندبوو.

به دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیست دوژمنایەتیی کۆمەڵە دەرحەق بە حیزبی دێموکرات زیاتر پەرەی ئەستاند و شەڕی لەگەڵ حیزبی دێموکرات وەک ئەرکێکی گرینگ و شۆڕشگێڕانە دیاری کرد و لە ڕابردوو زیاتر ئەندام و بەرئەندام و لایەنگرانی بە ڕۆحی دوژمنایەتی لە بەرانبەر حیزبدا بار دێنا. لە درێژەی ئەوەدا بوو کە کۆمەڵگای کوردی بەسەر دوو بەشدا دابەش کرا، کە حیزبی دێموکرات بە نوێنەری سەرمایەدار و کۆمەڵەی بە نوێنەری کرێکاران دانرا، بەدرێژایی مێژوو لە نێوان ئەو دوو چینە شەڕ و کێشە هەبووە. بۆیە کۆمەڵە بە ئەرکی خۆی زانی بە قەولی خۆیان بە گژ بورژوازی‌دا بچنەوە.

کۆمەڵە تا ئەو کاتە واتە کۆتایی هاوینی ١٣٦٢ ڕێکخراوێکی کوردستانی بوو بەڵام لە دوای دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە هاوینی ١٣٦٢ کۆمەڵە بوو بە بەشێک لەو "حکا"ە. ئەو کۆمەڵەیەی کە باسی مافی کوردی دەکرد ئیدی هەموو دەسەڵاتێکی دوو دەستی تەحویلی "سهند"یەکان داو هیچ ئاگاهی لەسەر وەزعی کوردستان نەبوو دەیانویست هێندیک شتی کە لە کتیب خوێندبوویانەوە لە کوردستان دایمەزرێنن و بەڕێوەی ببەن. ئەوانە کە هیچ زانیارییان لەسەر کوردستان نەبوو بە بێ لێکدانەوە کوردستانیان وەک تاقیگە چاو لێکرد کە تیئۆری دروستکراوی زەینی خۆیان لە کوردستان تاقی بکەنەوە خۆیان بە کۆمۆنیست دادەنا، بەڵام بێ خەبەر لەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئەوان تایبەتی بوو کە لە هیچ کوێی دنیادا وێنەی دەست نەدەکەوت و لە لایەن هیچ کەس و هیچ ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی واقعی نەناسران.

لەڕاستی‌دا حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە دیاردەیەکی سەیروسەمەرە بوو خۆی بە چینی کرێکاری ئێران دەزانی بەڵام دەیان و سەدان کیلومیتر لە ناوەندەکانی سەنعەتی چینی کرێکار دوور کەوتبۆوە، لە چیاکانی کوردستان دروست بوو بەڵام لە نێو کرێکارانی ئێران نەک چووکترین نفوزی نەبوو تەنانەت نە کەس دەیناسین نە ناوی لە کوولەکەی تەڕ دا هەبوو.

یەک ساڵ و نیو پێش دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیست، سەهەندییەکان لەسەر ئەساسی لێکدانەوەکانی خۆیان، زەمینەی شەڕیان لەگەڵ حیزبی

دێموکرات فراوان کرد، بۆیەش ڕوویان کردەوە کوردستان. سەهەندییەکان بەو جۆرە بیریان دەکردەوە ئەو زەمان ڕۆی کە ڕێبەرایەتی جووڵانەوەی کورد بەدەست حیزبی دێموکراتەوە بێ. پێیان وابوو کە ڕێژیم چەند ناوچەی ئازادکراوی داگیر کردبوو پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات کەمتر دەبێتەوە. هەر بۆیەش ئەفرادی چەکداری کۆمەڵەیان دژی حیزبی دێموکرات هاندا لە ژێر ناوی شەڕی "طبقاتی"دا، واتە شەڕی پرۆلێتاریا و بورژوازی بکەن!

پێشتر ئاماژەم بە دەوری ئەو کەسانەی کە قسەیان لە دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیست دەکرد، کردووە، چونکە فوئاد مستەفاسوڵتانی لە ساڵی ١٣٥٩دا لە پرسیار و وڵام سەبارەت بە حیزبێکی کوردستانی دەڵێ: **"لەبارەی حیزبێکی کوردستانی حەقیقەت ئەوەیە لە بەینی خۆماندا بەتەواوی حەل نەبووە. چاو لێ بکە! بەو مەعنا لە نێو خۆماندا دوو بۆچوون و نەزەر هەیە. من بۆ خۆم - لێرە نەزەری شەخسیی خۆم دەڵێم - باوەڕم وایە ئەساسەن دەبێ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دروست کرێ، بەڵام حەقی خەڵکی کورد هەیە کە حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان دروست بکا."**[1] ئەوەی فوئاد مستەفاسوڵتانی دەریبڕیوە کە خەڵکی کورد وەک هەموو گەلانی دنیا دەیتوانی حیزبی کۆمۆنیستی بێ، مەنتقییە، چونکە لەو سەروبەندەدا لەنێو کۆمەڵە بیری پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی سەرتاسەری کوردستان بەهێز بوو بەڵام چەند هۆکارێک پێشی ئەو فیکرەی گرت و کۆمەڵە لە ژێر کارتێکردنی سازمانەکانی بەناو سەرتاسەری و هاوخەتی خۆیان وەکوو پەیکار، ڕەزمەندەگان، وەحدەتی ئینقلابی..... کە ئیدیعای ئەوەیان دەکرد مارکسیستی شۆڕشگێڕن بەرەبەرە کەوتنە بیری یەکگرتن و پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست. ئەگەرچی کاتی خۆی لە دەیەی ١٣٥٠ فوئاد مستەفاسوڵتانی ئاماژە بە دروستکردنی "حکا" لەگەڵ سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە دەکا. بەڵام لەڕاستیدا بەردی بناغەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە پێشتر قسەی لێکرابوو لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە زەمینەی بۆ لەبار کرا.

[1]- بیوگرافی آرمان‌ها و چگونگی جانباختن فواد مصطفی‌سلطانی، ص ٣٦٩.

برایم عەلیزادە لە لاپەڕەی ١٤٦ی کتێبی سێ ساڵ لەگەڵ برایم عەلیزادەدا، دەڵێ:

" تەواوی بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دوو بە خەتی کاک عەبدوڵڵا نووسراون، کاک عەبدوڵڵا لە باسەکانی پێوەندییدار بە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست لەگەڵ نوێنەرانی "اتحاد مبارزان کمونیست"دا دەوری یەکەمی بوو. وتارە گرینگەکانی گۆڤاری "پێشڕەو" کە زەمینەسازی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوون، لەلایەن کاک عەبدوڵڵاوە نوسراوە.... کاک عەبدوڵڵا نامەیەکی نێوخۆیی هەیە کە بەناوی "شێرکۆ" ئیمزای کردووە، ناوەرۆکی ئەو نامەیە بریتییە لەوەی کە پێویستە لە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستدا ماتڵی هیچ شتێکی دیکە غەیری پەیڕەوی نێوخۆ نەبین."

سەیر ئەوەیە کاتێک کاک عەبدوڵڵا لە حیزبی کۆمۆنیست جیا دەبێتەوە ئینسان هەست دەکا کە ناوبراو لەڕابردووی خۆی لە نێو "حکا" پەشیمانە، کەچی لە کاتی دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیست لە یەکەم کەسەکان بووە شانازییشی پێوە کردووە تەنانەت یەکەم سکرتێری ئەو حیزبە بووە، بەڵام دوای جیابوونەوە لە کتێبی ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی، لە لاپەڕەی ٢٩٩دا دەڵێ: "جیابوونەوە لە حیزبی کۆمۆنیست خاڵێکی زۆر پرشنگدار دەبینم لە پەروەردەی سیاسیی خۆماندا"! ئەو وتەیەی کاک عەبدوڵڵا پەشیمانی لە هەموو سیاسەتەکانی ڕابردوویە، تەنانەت بە شەڕی دێموکراتیشەوە، چونکە ئەو باوەڕی وا بوو ناسیۆنالیزم دەبێ داپڵۆسێنرێ و لەبەین بچێ.

بە قسەی خۆیان ٩٥ لەسەدی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست ئەندامانی کۆمەڵە پێکیان هێنا، بەڵام ئەو ٩٥ لەسەدە ملکەچی ئەو ٥ لەسەدە بوون کە بە ناوی "سەهەند" سووککانی کۆمەڵەیان بەدەستەوە گرت! بەو شێوەیە کۆمەڵە هەموو حەقێکی بڕیاردانی لە خۆی سەندەوە و دەسەڵاتی بە حیزبی کۆمۆنیست دا. پێکهاتەی کۆمەڵە لەگەڵ تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیست سازگار نەبوو. ئەو چەند کەسەی لەگەڵ سەهەندییەکان بوون لەگەڵ تەوابوونی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیست وردە وردە و بەخشکە کەوتنە بیری زاڵکردنی ئۆتۆریتەی خۆیان و کزی و لاوازیی ڕێبەرانی کۆمەڵەی پێش تێکەڵاو بوونیش بەڕوونی بەدی دەکرا. سەهەندییەکان باشیان

هەست پێکرد کە لە ماوەیەکی کورتدا ئۆتۆریتەی سیاسییان لە حیزبی کۆمۆنیستدا دەبێتە ئاڵترناتیوی بێڕکابەر و ئەگەر بە زوویش ئیمتیازگەلێک لە گۆنگرە بە کۆمەڵە لقی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیست دابوو، هەر بەو خێراییە پێیان ڕەوا نەدیتن و بەکردەوەش وای لێ هات. لەم بەڵگەیە بە تەواوی بۆمان دەردەکەوێ کە لەبەر ڕەوابوونی کێشەی کورد نییە، کە کۆمەڵەی پاش هاتنی حیکمەت و سەهەندییەکان، بەشداری لە جووڵانەوەی کورددا دەکەن، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە نەهێڵن بورژوازیی کورد (دیارە مەبەست حیزبی دێموکراتە) مێشکی کرێکاران بە بیری ناسیۆنالیستی دەرمانداو بکا! با بیخوێنینەوە بزانین دەڵێ چی:

" کۆمەڵە لە موبارەزە بۆ وەدیهێنانی داوا نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورددا، بەشداری دەکا و هەوڵ دەدا بۆ بردنەپێش و سەرکەوتنی بەرنامەڕێژی بکا و پشگیری لەو داخوازە ڕەوایانە بە کۆمەڵە ئیمکان و دەرفەت دەدا کە پێوشوێنی ناکۆکی و ململانێی چینایەتی بکەوێ و نەهێڵێ بورژوازیی کوردستان فکر و بیری موبارەزەی چینی کرێکار بە ژەهری ناسیۆنالیستی و دواکەوتووانە گیرۆدە بکا."[1]

کۆمەڵە تەنیا بەو پاڕاگرافەی سەرەوە نەوەستاوە و بۆ دوژمنایەتیی زیاتر، لێبڕاوانە قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ. چاو لەم بەڵگەیە بکەین کە هەمان ساڵ نوسراوە، بە بڕوای کۆمەڵە ناسیۆنالیزم بۆتە هۆکارێک بۆ سەرکوت و زەبروزەنگ و لەهەڵلادانی سیاسی، با بزانین دەڵێ چی:

"لە تەوای ئەو ماوەیەدا ئێمە حیزبی دێموکراتمان لەبەر خاتری دیفاع لە مالکییەت و پێوەندییەکانی سەرمایەداری، دیفاع لە پاراستنی چینەکان و نابەرابەریی تەبەقاتیی مەوجوود، لەبەر دژایەتی کردنی لەگەڵ کۆمۆنیزم، لەبەر حاشاکردن لە چینی کرێکار و دژایەتی‌کردنی لەگەڵ داخوازەکانی و سازمان‌دانی سەربەخۆی کرێکاران، لەبەر ناسیۆنالیزم و هەوڵدان بۆ فریودان و بەلاڕێدا بردنی کرێکاران، لەبەر دژی دێموکراتیزم، زوورگوویی، پێشێل‌کردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان، لەبەر سازشکاری و معاملەگەری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی خائینانەی سەبارەت بە جووڵانەوەی

[1]– "جمعبندی فعالیت تاکنونی کومەله، موقعیت فعلی و دورنمای آینده، صفحه ۱۹.

کوردســـتان، لەبەر هەوڵـــدان بـــۆ قەبـــووڵ کردنـــی لای ئیمپریالیســـتەکان و بـــورژوازیی ئێـــران و هەوڵـــدان بـــۆ بەشـــداری لە ئیئتلافـــی بـــورژوازیی دژی شۆڕشـــی ئێـــران و بەرژەوەنـــدیی زەحمەتکێشـــان، لەبەر نەقـــزی مەوازینـــی دێموکراتیـــک لە پێوەنـــدیی نێـــوان حیـــزب و ڕێکخـــراوە سیاســـییەکان لە کوردســـتان .... دەخەینە بەر ئیفشـــاگەریی سیاســـی و زەیـــن و مێشـــکی چینـــی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش لە ماهییەتی واقعیی ئەم حیزبە و سیاسەتەکان و کردەوەکانی ڕۆشن دەکەینەوە."[1]

لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری کە چین و توێژی جۆراوجۆری تێدا دەژین، کەڵک وەرگرتن لە چینێک وەک ئامراز بۆ داسەپاندن و هێژموونی دەسەڵات و ئیـدئۆلۆژییەکی نـامۆ بەو کۆمەڵگـایە بەڕوونـی دەریخسـت کە کۆمەڵگـای کـوردی هەڵگـری وەهـا ئیـدئۆلۆژیگەلێک نییە و لە نـاخەوە قەبـووڵی ناکـا و سـەرەنجام وەلای دەنـێ. فـاکتی هەڵە و سیاسـەتی هەڵە کۆمەڵگـا زۆر زوو وەخەبەر دێنـێ. ڕێبەرانـی کـۆمەڵە لە پێوەنـدیی لەگەڵ چەواشـەکردنی ناسیۆنالیزم و بە تـایبەتی ناسـیونالیزمی کوردی زۆر خۆیـان ماندوو کرد تـا بتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە هێندێک دەستەواژەی سـواو و نـامۆ بە کۆمەڵگـای کوردەواری بۆ بە لاڕێ دابردنی خەڵک کەڵک وەربگرن بـا بزانین لەمبارەوە دەڵێن چی؟

**"ئاگادارکردنەوە لە بەرامبەر ناسیونالیزم، بەجێیە. منیش لەخەبات بە دژی ناسیۆنالیزم، بەشداریم کردووە، بە هەمـوو شـێوەیەک دژی ناسـیونالیزمم. ئـێمە بـووین و کردمـان، سـەرەڕای هەمـوو بەرتەسـکی و کۆسـپەکان، لە حیزبێکی گەورەی وەک دێموکراتمان داو وێرانمان کرد."[2]**

**"ناسیونالیسم کرد هست، به کلەاش بزنید. پدر سوخته است و تا ابد باید زد تو سرش. هر ناسیونالیستی را باید زد، موضـع همـەی کمونیسـتها در دنیـا ایـن اسـت "[3]** (لە کەڕاکەسـەری ناسـیۆنالیزمی کـوردی بـدەن. چـونکە

---

[1]- "راه کـارگر و انشـعاب در حـزب دمکـرات"، کۆمۆنیسـتی ژمـارە ٤٤، ڕەزبەری ١٣٦٧، عەبدوڵلا موهتەدی.

[2]- اسـناد تـاریخی، جلـد اول: بحـران خلـیج و رویـدادهای کردسـتان عـراق, ص ١٢٥ فـاروق بابامیری.

[3]- هەمان سەرچاوە، ص ١٣٤ و ١٣٥،

سەگبابە و بۆ هەتا هەتایە دەبێ لەسەری بدرێ. دەبێ لە هەموو ناسیۆنالیستێک بدرێ، هەموو کۆمۆنیستەکانی جیهانیش هەر ئەو هەڵویستەیان هەیە.)

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵە دەیویست بە ئەفرادی خوارەوەی خۆی بڵێ کە کۆمەڵە هەر کوردستانییە و هەتا دەستەبەرکردنی مافی خەڵکی کوردستان دەست لە تێکۆشان هەڵناگرێ. لێرەدا بوو کە کۆمەڵە کڵاوی لەسەر ئەفرادی خۆی نا و کەسانی لایەنگری ناسیۆنالیستی نێو ڕیزەکانی خۆی بەلاڕێدا برد، چونکە دەبوو باسێک لە بەرنامەی خۆیان بۆ پرسی نەتەوایەیی بکا، هەر بەو هۆیە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە بۆ ئەو کەسانەیان کە ئامادە نەبوون لەژێر ئاڵای حیزبی کۆمۆنیستدا چالاکی بکەن، لەڕووی ناچاری و بۆ ڕازیکردنیان دروشمی خودموختارییان قەبووڵ کرد.

"کۆمەڵە لەژێر فشار و نەک بە ویستی خۆی، سەرەنجام واقعیەتی کوردستانی قەبووڵ کرد. سەیر ئەوە بوو کە کۆمەڵە وەک لقی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست، لەبەرنامەی خۆیدا خودموختاری پەسەند کردبوو، بەڵام لەبەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بە وشەیەکیش ئاماژە بە خودموختاری نەکرابوو! و لەڕاستیدا ئینسان سەری لەو پاڕادۆکسە سووڕ دەما. لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە خودموختاری شوعار و ویستی بورژوازیی بوو. ئێستا ئەگەر خودموختاری لە بەرنامەی کۆمەڵەدا بوو بۆچی لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا ئاماژەی پێ نەکراوە؟ تا ئێستاش کەس نەیزانی کە کۆمەڵە بەرنامەی خودموختاریی بۆ پەسەند کردەوە! بەڵام ئاسەواری لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست دیار نەبوو، ئەوە بێجگە لە بەلاڕێدابردنی خەڵک چ شتێکی تر بوو؟"[1]

"سازمانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کە بەگوێرەی پێناسەکەی بریتی بوو لە حەشیمەتێکی دەمارگرژ، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵدا، بە ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵ، بێبەرنامە و بە کەڵکوەرگرتن لە زۆر و هێزی گەلی پڕۆلیتاریای کوردستان بۆ لەناوبردنی بورژوازیی خۆماڵی و خۆ لە کورسیی دەسەڵات توندکردن، باوەڕمەند بوو. قەوارە و فەلسەفەی ئەو هێزە لە گوندی

---

1- بڕوانە وتاری رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران " کومله بهتر بشناسیم"

مێشکەپەی کوردستان نێوکی بڕا و بۆ پروپاگاندا دەگوترا لەلایەن ئەرتەشی کووبا (پێشڕەوی هەژاران)ـەوە دامەزراوە."[1]

لە خــــەرمانانی ســـــاڵی ١٣٦٢دا کـــۆمەڵە ڕێکخـــراوی شۆڕشـــگێڕیی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە هاوپەیمانی لەگەڵ ڕێکخراوێکی بچووکی کۆمۆنیستی "اتحاد مبارزان کمونیست" (سهند)، "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"یان پێک هێنا و لەوە بەدوا "کۆمەڵە" بوو بە ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. ئەوە بەڕواڵەت وای دەگەیاند کە ئەو حیزبە ڕێکخراوی ناوچەی دیکەی لە چەشنی "کۆمەڵە" لە شوێنەکانی دیکەی ئێران هەیە، کە لە بنەڕەتدا ئەوە ئەسڵ و بنەمای نەبووە. سەیر ئەوە بوو لە سەرەتادا لە پێوەندیی ڕێکخراوەیی نێوان حیزبی کۆمۆنیست و ڕێکخراوی کوردستانیی ئەو حیزبە (کۆمەڵە)، ئیمتیازێکی تایبەتی بۆ ئەو ڕێکخراوەیە قایل ببوون و ئەوەش بەپێچەوانەی یاسای تەشکیلاتی حیزبە کۆمۆنیستەکان بوو، دیارە تەمەنی ئەو لەبەرچاوگرتنە زۆر درێژ نەبوو. لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (١٣٦٥)دا ئیدە و سیاسەتەکانی ئەو تاقمە بچووکە غەیرەکوردە بە ڕێبەریی "مەنسوور حیکمەت" بەسەر حیزبی کۆمۆنیستدا زاڵ بوو. مەنسوور حیکمەت بە هێنانە گۆڕی باسی "ئەندامەتیی کرێکاری" و دواتر "کۆمۆنیزمی کرێکاری" لایەنگرێکی زۆری لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا پەیدا کرد، بەتایبەتی دوای کۆنگرەی شەشەمی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیست "کۆمەڵە" (١٣٦٧)، دوایین ئاسەوارەکانی ڕێبازی کۆمەڵەی پێش ساڵی ١٣٦٢ی سڕییەوە. سەرەنجام ئەو تاقمە کە بەناوی "فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری" لەناو حیزبی کۆمۆنیزمی ئێراندا فەعالییەتیان دەکرد، ساڵی ١٣٧٠ لە حیزبی کۆمۆنیست جیا بوونەوە و "حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری"یان پێک هێنا. لە جەریانی ئەو جیا بوونەوەیەدا زۆربەی زۆری ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و لقەکەی دەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری کەوتن و بەگشتی ڕێگای هەندەرانیان

---

[1]– "ڕێبازی کۆمەڵە لە توێی بەڵگەکانیدا" ئەیوب ئەیوبزادە، لاپەڕەی ٦.

گرتەبەر. حیزبی کۆمۆنیست بەو جیابوونەوەیە تووشی وەستان و لاوازییەکی زۆر هات."[1]

کاک برایم عەلیزادە دەڵێ: " کاک عەبدوڵڵا موهتەدی تا دوایین کاتەکانی جیابوونەوەی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە گەڵ ئەو ڕەوتە کەوت و تەنانەت لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزب و فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە بە بەرپرسی پڕۆژەی ناردنە دەرەوەی کادر و ئەندامانی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، دیاری کرابوو."[2]

حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە بەجۆرێک هەڵسوکەوتیان کرد کە شەڕ لەگەڵ حیزب بە پێویستتر بزانن تا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، چونکە ئەفرادی خۆیان وا بار هێنابوو شەڕ نەکردن لەگەڵ حیزبی دێموکرات نیشانەی شەرمەزارییە. چاو لەو بەڵگەیە بکەن کە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە: ".... **ئەگەر لایەکیان دێموکرات بێ لایەکیان پاسداری کۆنەپەرستی بێ، دەبێ شەڕی حیزبی دێموکرات بکەن واز لە شەڕی پاسداران بێنن."[3]** هۆکاری ئەو "ڕێنوێنییە شۆڕشگێڕانەیە" ئەوە بوو کە:

**"ئەوە کە حیزبی دێموکرات بەسەر کوردستاندا زاڵ بێ یان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە نێوەرۆکدا فەرق ناکا. هەردووکیان هۆی سەرکەوتنی کۆمەڵان و پارێزەرانی سیستمی سەرمایەداری و چەوساندنەوەی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک بەهۆی سەرمایەوەن."[4]**

"لەو حاڵەدا نابێ لەدەستچوونی یەک یان تەنانەت چەند بەش یا ناوچەش لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بە گرینگ بزانن. چونکە هەر وەک گوتمان مودارا لەگەڵ حیزبی دێموکرات بە مانای لەدەستچوونی ناوچەیەک بۆ ئێمە و دانی بە حیزبی دێموکراتە. ئێمە دەبێ لەبیرمان بێ کە سەرەنجام ئەوە ئێمەین کە لە هەلومەرجی سەختیشدا درێژە بە خەباتی خۆمان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەدەین، نەک حیزبی دێموکرات. ئاخرەکەی ئەوە

---

[1]- بڕوانە: ئاڵوگۆڕی ئەم دواییانە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا و هەڵویستی ئێمە. تێکۆشەر ٧٠

[2]- سێ ساڵ لەگەڵ برایم عەلیزادە، لاپەڕەی ٢٧٠.

[3]- نیو سەدە تێکۆشان، لاپەڕەی ٧١.

[4]- نامیلکەی "لزوم اقدام قاطع و بموقع علیه ماجراجوئیهای حزب دمکرات"، ١٣٦١/٦/١٤.

ئـێمەین کە شـێلگیرانە خەبـاتی کـۆمەڵانی خەڵـک بـۆ لەنێـوبردنی هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێـژیم لە کوردسـتان و بەکارهێنـانی دەسـەڵاتی شۆڕشگێڕانەی ئەوان ڕێبەرایەتی دەکەین، نەک حیزبی دێموکرات. کەوابوو ئێمە ئەگەر تەنانەت ناوچەیەکیش لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا لەدەست بدەین، بەڵام بتوانین وڵامێکی ددانشکێن بە جەنایەتەکانی حیزبی دێموکرات بدەینەوە، لەو حاڵەدا بۆ پاراستنی هێزەکانمان دەتوانین لە دواڕۆژدا مشووری هێزەکانی ڕێژیم لەو ناوچەیەش‌دا بخۆین. "[1]

ئەگەر هەر کەس ئەو نامیلکەی کـۆمەڵە بخـوێنێتەوە بە باشـی بـۆی دەردەکەوێ کە ئەو بڕیارە دەفتەری سیاسییان داویەتی، ئەو نووسراوەیە ڕوونی دەکاتەوە کە ڕێبەرانی کۆمەڵە لەساڵی ١٣٦٠ و ٦١ چەندە لەوبارەیەوە دەسپێشخەر بوون، ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەیە بەواتای ڕاگەیاندنی شەڕ بوو. کاتێک شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات پێش شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەخا، کاتێک کە ئەندامانی بە گیانی دوژمنایەتی لەگەڵ حیزب بار دێنا، هیچ سنوورێکی بۆ شەڕنەکردن نامێنێتەوە، چونکە ئەم هەمووە تیئۆری داتاشینەی ڕێبەرانی کۆمەڵە بێجگە بۆ شەڕکردن لەگەڵ حیزبی دێموکرات هیچی‌تر نەبوو. لەهەمان کاتدا مێژوو نیشانی دا کە حیزبی دێموکرات لە هەل‌ومەرجی سەخت و دژواردا دژی هێزی ڕێژیم وەستاوە و درێژەی بەخەبات دا و بوێرانە داکۆکیی لە مافەکانی گەلەکەی کردووە یان کۆمەڵە؟ لەو بارەیەوە بەڵگەش زۆرە. ئەوان ئیدی لە ساڵی ١٣٦٧ بەملاوە بەرەو چۆلکردنی مەیدانی خەباتی هێمنانە هەنگاویان نا، نەک حیزبی دێموکراتیان بۆ دەرنەکرا تەنانەت لەو ڕێکەوتەوە نەیانتوانی مەترسی و کێشەش بۆ هێزەکانی ڕێژیم لە هیچ کوێی کوردستان دروست بکەن.

کۆمەڵە بەو تێکەڵبوونە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست بە گیانی ناڕەزایەتی و دووبەرەکیی نێوخۆیی گۆشی گرت و تەنانەت قەرار درا کە ئۆرگانێک لە کۆنگرە دروست بکەن کە لە ئەندامانی کۆمەڵە وەک پۆلیسی نەهێنی لێکۆڵینەوە بکا. چونکە لە کۆنگرە قسەی لەسەر کرا.

---

[1]– نامیلکەی "لزوم اقدام قاطع و بموقع علیه ماجراجوئیهای حزب دمکرات"، ١٣٦١/٦/١٤.

**"بەرەبەرە لە گرتنی کۆنگرەی چواری کۆمەڵە نزیک دەبووینەوە. کۆمەڵە وەک سازمانی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیست، منیش لەو گونگرەیە بەشدار بووم. لە کردنەوەی کۆنگرە مام جەلال و شێخ عێزەدین حوسێنی دەعوەت کرابوون. هێندێک کەس لە چادری گۆنگرە مابوونەوە و هێندێکیش لە دەرەوەی چادرەکە، من و چەند کەس خەریکی قسەکردن و مام جەلال و شێخ عیزەدین بەیەکەوە قسەیان دەکرد، لەو کاتەدا عەبدوڵلا موهتەدی لە چادرەکە هاتە دەر و ڕوو بە ئێمە گوتی: "ئەو ناسیۆنالیزم و مەزهەبییانە کێ دەعوەتی کردوون؟" وەک ئەوەی کە سەلاحی موهتەدیی برای ناوبراو، تا چەند مانگ لەوە پێش پای سابیتی بنکەکانی کومیتەی ناوەندی بوو لەبیری چۆتەوە. وەک ئەوەی لەبیری چۆتەوە کە لە ئاواییی "ئاشیگوڵان" و "بێژوێ" شوێنی شێخ عێزەدین، ڕۆژێ دوو جار دەچووە خزمەت مامۆستا. وەک ئەوەی چەند مانگ دوای کۆنگرەی "مؤسس" (حیزبی کۆمۆنیست) بۆتە کوڕەمامی مارکس. وەک ئەوەی لەبیری چۆتەوە بەشێکی زۆری تەداروکاتی ئێمە لەلایەن مام جەلالەوە دابین دەکرا، خولاسە وەک ئەوەی ناوبراو مام جەلال و شێخ عێزەدین وەک کەیخودای ماوەت دەعوەت کردبێ، نەک کومیتەی ناوەندی. لە ڕاستیدا من لەو دوگانەگییەی کاک عەبدوڵلا سەرم سوڕ مابوو. لێرە بە پێویست نازانم کە باسی بڕیارەکانی کۆنگرە بکەم. بەڵام مەسەلەیەک کە لەو کۆنگرەیەدا هاتە بەرباس، گەڵاڵەی دروستکردنی ئۆرگانێک [بوو] کە ئەفرادی تەشکیلاتی کۆمەڵە لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵ بکا. شتێکی وەک پۆلیسی مەخفی (نهێنی) لەناو حیزبدا، تەنانەت ناوی عومەر ئیلخانیزادە وەک بەرپرسی ئەو ئۆرگانە دەهات کە گەڵاڵەکە دەنگی نەهێناوە."[1]**

نووسراوە و بیرەوەرییەکانی ئەندامانی کۆمەڵە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی ئەو ڕێکخراوە هێندە خێرا بوون، کە نەک هەر لەگەڵ تەواوی ئەو ڕووداوانەی ئەو سەردەم لە ناوچەکەدا ڕووی دەدا، تەبایی نەبوو، بەڵکوو لێکدانەوەکانیان لەگەڵ هیچ یەک لە بنەما تیئۆرییەکانی سەردەمیش یەکی نەدەگرتەوە. لێکدانەوەکانیان وەک دامەزرانی ئەو حیزبە

[1]- خاطرات جلیل معین‌افشار، لاپەڕەی ٥٢.

کۆمۆنیستە بوو، کە لە هیچ کوێی دنیا بوونی نەبوو. ئەو دووفاقییە لە سیاسەتکردن ئەندامەکانیشی تووشی سەرلێشیواوی کردبوو، بەتایبەتی بە هاتنی مەنسوور حیکمەت و پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست ناتەبایی، پاڕادۆکس و سەرلێشێواوی لەنێو ڕیزەکانی ئەو ڕێکخراوەدا زیاتر پەلوپۆی هاویشت. ئەویش وەک بەناو شۆڕشگێڕانی بەزیپکوزاکوونی دیکە زۆر بەگەرمی قۆڵی لە خەباتی قەڵەم دژبە حیزبی دێموکرات هەڵماڵیبوو! دەتگوت لە مەیدانی سیاسیی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، بێجگە لە حیزبی دێموکرات هیچ دوژمنێکی دیکەی شک نەدەبرد! سەیر ئەوە بوو کە باشیشی دەزانی کە حیزبی دێموکرات زۆر لێبڕاوانە لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامی‌دا ڕاوەستاوە و ڕۆژ نەبوو زەبری کاریگەر لە دوژمن نەدا، کە چی لە جیاتی هاوکاری و هاواهەنگی لە گەڵ حیزبی دێموکرات بۆ بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی، کەوتنە بیری زەربە وەشاندن لە حیزبی دێموکرات و هەوڵی لاواز کردن و لەناوبردنی! بەڕاستی ڕوونیش نەبوو سەهەندییەکان لەگەڵ حیزبێکی کوردی، حیزبێکی کۆمۆنیستیی پێک هێنابوو، بۆچی لاوازبوون و لێکبڵاوبوونی حیزبی دێموکرات بۆ ناوبراو و هاوبیرەکانی وەک ڕێبەرانی سوننەتی کۆمەڵە ببوو بە ئەرکێکی پیرۆز؟ بۆچی هەوڵیان دەدا شەڕی حیزبی دێموکرات بکەن ئەوە لەکاتێک دایە هەردووک ڕێکخراو (دێموکرات و کۆمەڵە) یەک دوژمنی هاوبەشیان هەبوو بەڵام ئەوان لاوازکردن و کوشتن و وەدەرنانی حیزبی دێموکراتیان پێش کۆماری ئیسلامی خستبوو؟! تەنانەت ئەوان دەرفەتیان بە کۆماری ئیسلامی نەدەدا و ئەرکی حکومەتیان لە ڕاستای لێدان و لاوازکردنی حیزبی دێموکرات هاویشتبووە سەرشانی خۆیان. لە ئاکامدا دەرکەوت گرتنە بەری ئەو سیاسەتە کزبوون و پووکانەوەی خۆیانی لێکەوتەوە و تەنانەت کۆمەڵە ڕەسەنەکانیش لەنێو کۆمەڵانی خەڵکیشدا، ئەو ئێعتبارەی وەدەستیان خستبوو بە پێکهاتن و تێکڵاوبوون لەگەڵ سەهەندییەکان لەدەستیان دا.

## شەڕی گڵیە و یەکەمین ئێعدامی شەڕی نێوخۆیی

ئەفرادی کۆمەڵە بەپێی ئەو ڕاسپاردە و سیاسەتە هەڵانەی کە ڕێبەرانیان پێیان سپاردبوون، دەبوو وەفادارییان بە حیزبی کۆمۆنیست بسەلمێنن و دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و لایەنگرانی ئەو حیزبە بگەیەننە چڵەپۆپە. لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی دوو کوڕی لاو کە سەربازی ئێران بوون و لە پایەگای هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ڕایانکردبوو، خۆیان بە پێشمەرگەکانی حیزب دەناسێنن. دوای ماوەیەک لێکۆڵینەوە، هێزی زرێباری مەریوان چەکیان پێدەدا و بەفەرمی دەبنە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات. لە مانگی سەرماوەزدا هێزی زرێباری مەریوان زەبرێکی گەورە لە دوژمن دەدەن و دوای تەفروتوناکردنی ستوونی سپای پاسداران لە بەر ئاوایی "باقلاوا" لە ناوچەی کۆماسی مەریوان لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزی زرێبارەوە،[1] ڕۆژی ٢٠ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٢

[1]- لە بیرەوەرییەکانی ئەحمەد پادگانی، "هەتا ئاخری شەڕەکە بەندە لە گڵیە بووم و لەو شەڕەیشدا بەشدار بووم لێرە ناکرێ باسی ئەو شەڕە بکرێ چونکە وەختی زۆری دەوێ بەڵام بێ تەعەسوبی حیزبی بە کورتی پاش گرتن و تەفروتوونابونی ستوونی سپای پاسداران لە بەر ئاوایی "باقلاوا" لە ناوچەی کۆماسی مەریوان لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزی زریباری مەریوانەوە، کۆمەڵە ئەو ناوچەی بە موڵکی خۆی دەزانی و زۆری لە لا گران بوو کە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب ستوونی هێزی نیزامی ڕێژیمیان لە بەین بردوە و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە هەر بۆیە کۆمەڵە شەڕی بە حیزب دەفرۆشت بە تایبەتی پاش شەڕی باقلاوا بە حوزووری حیزب لەو ناوچە زۆر حەساس بوو و هۆی ئەساسی کۆمەڵە شەڕی بە حیزب فرۆشت و ئەو کات کۆمەڵە چەند پێشمەرگەیەکی لەو ناوچە بوو بەڵام پاش

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ڕوو لە ئاوایی "بیەرە" و دواتریش "گڵیە"ی مەریوان دەکەن، ئەفرادی کۆمەڵەش لە نێو ئاوایی‌دا دەبن و ژمارەیەکی زۆریش لە کۆمەڵە لە ئاواییەکی دیکە بە نێوی "نێزڵ" پشوو دەدەن، ئەو دوو کەسە بە چەکەوە ڕەگەڵ ئەفرادی کۆمەڵە دەکەون و بەرپرسانی حیزبی بە مەسئوولینی کۆمەڵە دەڵێن هیچ کێشەیەک نییە با لەگەڵ ئێوە بن، بەڵام چەکەکان هی حیزبە بۆمان بنێرنەوە. پێشبینی دەکرا لەسەر بڕیاری کۆنگرەی دووی خۆیان و ڕاسپاردەی ڕێبەرانیان، هاوڕێیانی حیزبی وڵامێکی نامەنتیقی لە ئەفرادی کۆمەڵە وەرگرن، کە هەرواش دەرچوو، دوای کوتنی زۆر قسەی سووک و نامەنتق چەکەکان نادەنەوە. پاش دەمەقاڵەیەکی زۆر لەنێوان هێزی زرێباری مەریوان و گوردانی فوادی کۆمەڵە، کێشەکە بە چەند شەڕە قسە و بەبێ تێکهەڵچوون کۆتایی دێ. شەوی سێهەم دوای عەمەلیاتی پێشمەرگەکانی حیزب، کۆمەڵە پایەگای "سەوڵاوا" دەگرێ ئەوانیش دێنەوە ئاوایی گڵیە و هەردووک هێز شەو لە ئاوایی گڵیە دەمێننەوە و لە دوو گۆشەی پێچەوانەی یەک لەچەند ماڵدا پشوو دەدەن و مزگەوت بەر کۆمەڵە دەکەوێ. بەیانیی ڕۆژی ٢١ی سەرماوەز کە لە خەو هەڵدەستن وەک پێشتر ئاماژەی پێکرابوو، ئەفرادی کۆمەڵە بە هۆی پێڕەوی لە تێزی سێ‌گۆشەی کەزایی کاک عەبدوڵڵا کە کۆمەڵە لایەک و کۆماری ئیسلامی و حیزبی دێموکرات دوو لایەکەی‌تر، هەمیشە ئامادەی شەڕ بوون. هەربۆیە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات

---

سەرکەوتنی پێشمەرگەکانی حیزب بە سەر هێزەکانی ڕێژیمدا لە شەڕی باقلاوا و زونج و میانە و ... کۆمەڵە لە تەدارکی شەڕ دا بوو بە دژی حیزب، و هێزەکانی گوردانی فواد و ئاڕێز و شوانی کۆکردەوە و سەرئەنجام لە ئاوایی گڵیەی کۆماسی مەریوان پیلانی شەڕی بە هێزی زریباری مەریوانی فرۆشت و ئەو کارەساتەی بە دژی هاوسەنگەرانی ئێمە ئەنجامدا. لە مزگەوت و سەر ئاودەست چەند کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی تیرباران کرد ئەوە یەکێک لە جەنایەتەکانی کۆمەلە بوو دەرهەق بە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، پاش شەڕەکە ڕادیۆ کۆمەڵە ناوی منی هێنا بۆ دەستپێشخەری شەڕەکە، بەڵام هەموو خەڵکی ئاوایی گڵیە دەزانن کە دوو تا سێ ڕۆژ کۆمەڵە هەر لە بەهانە بوو و گێچەڵی دەفرۆشت و خۆی بۆ شەڕ ئامادە کردبوو بە پێچەوانە ئێمە هیچ بەرنامەیەکمان بۆ شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە نەبوو لە گڵیە و ناوچەی کۆماسی."

بێچەک دەچنە حەوزی ئاوایی و کۆمەڵە کە لە مزگەوت پشوو دەدەن بەیانی زوو هەموو بە چەکەوە ئامادە بوون. لە ڕێگای حەوزی ئاوایی لە نێوان دوو پێشمەرگەی حیزب و دوو لە ئەفرادی کۆمەڵە لەسەر دانەوەی چەکی ئەو دوو کەسە، دەمەقاڵە ساز دەبێ و بەرخوردی فیزیکیی لێ دەکەوێتەوە و لە ئاکامدا تەقە دەست پێ دەکا و شەڕ لە نێوان هەردوو لایەن درووست دەبێ. پاش تەقە و لێکدانێکی چەند سەعاتە، بەهۆی ئامادەیی زیاتری کۆمەڵە، تەرازووی مەیدانی شەڕ بە لای کۆمەڵەدا قورس دەبێ و ٤ کەس لە پێشمەرگەکانی حیزب شەهید دەبن و ٥ کەسیش کە دووانیان لە شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمدا پێشتر بریندار بوون و بێچەک دەبن، لە حەوزی ئاوایی بە دیلیان دەگرن، هەروەها ٣ کەسی کۆمەڵەش گیان لەدەست دەدەن، بەڵام ئەوەی لە شەڕەکە تاڵتر و بەداخترە، ئێعدامی ٥ دیلەکەیە.

هەر لەو کاتەدا خەڵکی ئاوایی دەچن کە پێش بە ئێعدامی ئەوانە بگرن، تەنانەت مامۆستای ئاوایی دەسپێشخەری کرد بەڵکو گیانیان بپارێزرێ، بەڵام چەکدارەکانی کۆمەڵە بەپێی بڕیاری سەرەوەی خۆیان هەر ٥ پێشمەرگەی حیزب لەبەر چاوی خەڵک ئێعدام دەکەن و لە فازڵاوی ئاوایییان داوێن و ڕێگایان نەدا کە خەڵک تەرمەکانیان لەو گەنداوە دەربێنن.[1] بەمجۆرە ڕێبەرانی کۆمەڵە نیشانیان دا کە دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات هیچ سنوورێک ناناسێ و بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ پێشمەرگەکانی دێموکرات و ترساندنی خەڵکی لە هیچ کردەوەیەکی دژە مرۆیی نەپرینگانەوە. ئەو کارەی ئەوان دوور لە هەموو بەها و پرەنسیپێکی نێودەوڵەتی بوو، بەم کردەوە قێزەونە لەڕاستیدا دەریان خست کە حیزبی دێموکرات بە دوژمنی سەرەکیی خۆیان دەزانن.

هەر یەکەم ڕۆژ ڕادیۆی کۆمەڵە بانگەوازی ئاشتی و برایەتی بڵاو کردەوە کە ڕێگا نەدەین ئەو شەڕە تەشەنە بستێنێ، دیارە ئەو جۆرە بانگەوازە سیاسەتی ئەوان بوو و کە لە کۆنگرەی دووی خۆیاندا گوتیان لێش بدەن و هاواریش بکەن! بەڵام دیار بوو هەموو بۆ فریودانی خەڵکی کوردستانە،

---

[1]- بڕوانە: "چەند پرسیار لەبارەی ڕەفتاری کۆمەڵە" وتاری ڕادیۆ کوردستان

چونکە ئەگەر شەڕی نێوخۆیی پێ خراپ بایە، ٥ کەسی لەبەر چاوی خەڵک ئێعدام نەدەکرد. بۆیە لەو بارەیەوە کۆمەڵە ڕق و قینی دوژمنکارانەی خۆی زیاتر دەرخست و بەم پێیە ئەوە کۆمەڵە بوو کە یەکەم ئێعدامی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی لە ئاوایی "گڵیە"ی مەریوان دەست پێکرد و ئاستی پێوەندیی و دۆستایەتیی هەردوولای لێڵتر و تەمومژاویتر کرد.

ئێعدامی ئەو ٥ پێشمەرگەیە بەدەنەی حیزبی وەجووڵە خست و هەستێکی تۆڵەی تێدا دروست کردن، لە زۆربەی ناوچەکان فشاریان هێنا بۆ کومیتەکان کە تۆڵە بستێنرێ، بەڵام دەفتەری سیاسی دژایەتیی توندی دەربڕی و ناوەندەکانی ئاگادار کردەوە و ناوەندەکانیش پەیامی بۆ کۆمیتەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان ڕەوانە کرد. کاک "حوسێن مەدەنی"[1] کومیتەکانی سەر بە ناوندەی سپیسەنگ ئاگادار کردەوە کە لە شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ کۆمەڵە خۆ بپارێزن. دوای ڕووداوی ئاوایی گڵیە، حەوتوویەک دواتر دەستەیەک لە ئەفرادی کۆمەڵە لە نزیک ئاوایی "دۆزەغدەرە"ی دیواندەرە لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزب دەرگیر دەبنەوە، بەداخەوە لە ئاکامدا ١٣ کەس لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە گیان لەدەست دەدەن.[2] بەو پێیە کۆمەڵە لەو کردەوەی کە لە گڵیە بە ئەنجامی گەیاند بواری بۆ شەڕ فراوان دەکردەوە چونکە چاوەڕوانی ئەوە بوو بە تایبەتی لەو ناوچەیە کە هێزی زیاتری لەبەردەست دایە لە ڕێگای توندوتیژی و زەبروزەنگەوە ترس و خۆف لە ناو خەڵکدا دروست بکا و پێیان وابوو بە ئێعدامی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، پێشمەرگەکانی چاوترسێن کردوە. بۆیە کۆمەڵە بە بێ بیرکردنەوە و هەستنەکردن بە بەرپرسایەتی چەند ڕۆژ دواتر ڕووداوی دۆزەغدەرە ڕووی دا و لەوێش کۆمەڵێکی دیکەی لە کوڕی خەڵک بە کوشت دا.

---

[1] – لە پەیامێکدا لە ناوەند "سپی سەنگ" بۆ (بۆکان، مەهاباد، سەردەشت، پیرانشار و نەغەدە) هاتووە کە دەڵێ هەموو کێشەیەک لە ڕێگای گفتوگۆوە چارەسەر دەکەین داوا دەکەین لەگەڵ کۆمەڵە لەشەڕ و تێکهەڵچوون خۆبپارێزن.

[2] – بڕوانە "خاطرات یک پیشمرگ قهرمان" شاپور فیروزی

## کۆنگرەی شەشەمی حیزب و دەرفەتێک بۆ کۆمەڵە

لەو سەروبەندەدا، بەپێی پێرەوی ناوخۆ دەبوو ساڵی ١٣٦٢ کۆنگرەی ٦ی حیزب بگیرێ، چونکە هەروەک لە ئەساسنامەی ئەو کاتدا هاتبوو دوو ساڵ جارێک کۆنگرەی حیزبی دەگیرا. کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بەرەبەرە خۆیان بۆ کۆنفرانسەکان ئامادە کرد و بۆ گرتنی کۆنگرەی شەشەم ڕوو لەلای گەلاڵەی باشووری کوردستان بکەن، کە ژمارەیەکی بەرچاو لەوانە مەسئوولی ئۆرگانە ئیجراییەکانی حیزب لە ناوچەکانی خوارەوەی کوردستان بوون. کۆمەڵە ئەوەی بە هەلی لەبار قۆستەوە و بە دەرفەتی زانی و تەنیا دوو ڕۆژ دوای شەڕی دۆزەغدەرە، کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بە کومیتەی ناوچەی جنووبی خۆیانی ڕاگەیاند کە هێرشێکی کوتوپڕ بکەنە سەر حیزبی دێموکرات.

"هەواڵی گیان لەدەستدانی ١٣ کەس لە کۆمەڵە، تەشکیلاتی کۆمەڵەی وەجموجۆڵ خست. دەستبەجێ کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بە کومیتەی جنووبی ڕاگەیاند، کە لە چەند جێگا هێرش بکەنە سەر حیزبی دێموکرات، لەو پێوەندییەدا فەرماندەی نیزامیی ناوچە بڕیاری پێویستی دا. ڕۆژی ٢ی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٢ لەگەڵ تاریکبوونی هەوا بڕیار بە یەکەیەک لە گوردانی "کاوە" لەژێر فەرماندەیی من درا، کە هێرش بۆ یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە ئاوایی "شاقەڵا" بکەین، لە نیوەی ڕێگادا بووین کە هەواڵیان هێنا دەستەیەکی دیکەی حیزب لە ئاوایی "بناوەچان"ن. ئێمە زۆر زوو دەستبەکار بووین و گوندەکەمان گەمارۆ دا و دەستمان بە چەککردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کرد. لە جەریانی ئەو هێرشەی ئێمەدا

یەکێک لە پێشمەرگەکانی دێموکرات بە ناوی "نەبی مورادی" گیانی لەدەست دا و ١٢ کەسیشمان بەدیل گرت، کە لەگەڵ خۆمان بردمانن بۆ گوندی شاقەڵا. ئەڵبەت دیارە لە بەرزاییەکانی شاقەڵا، لەگەڵ کەمینی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەرەوڕوو بووین و پاش تەقە و لێکدانێک کە ئەوان هێزی یارمەتیدەریان بۆ هات، ئێمە پاشەکشەمان کرد."[1]

دیارە بەوەش ڕازی نەبوون، دەستەیەک چەکداری دیکەیان ڕەوانەی ئاوایی "خوڕخوڕە"ی سەقز کرد کە پێشمەرگەی حیزبی لێ نابێ، بەڵام دەست بە گرتنی ئەندامانی حیزب دەکەن و ئەوانەی چەکی حیزبیان لایە، چەکەکانیان لێ وەردەگرن.

ئەوەی لەم قۆناغەدا هەستی بە بەرپرسیارەتی کردووە حیزبی دێموکراتە، لە کاتێکدا ٥ کەسی لێ ئێعدام دەکرێ، ڕێبەریی حیزب پەیام بە کومیتە و ناوەندەکان دەدا، کە سەبر و حەوسەلەیان بێ و گوێڕایەڵی بڕیاری حیزب بن، بەڵام کۆمەڵە بەپێچەوانەوە لە کومیتەی ناوەندییەوە بڕیاری هێرش دەدەن بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزب، ئەویش لە چەند جێگاوە!

پاش چەند ڕۆژ شەڕی بەربڵاو لە ناوچەی مەریوان و دیواندەرە، جارێکی دیکە لە نێوان حیزب و کۆمەڵە دانیشتن ڕووی دا کە ئەو دانیشتنە لە نێوان هەیئەتی حیزب بە سەرپەرستی "باباعەلی مێهرپەروەر" و "جەعفەر حامیدی" و هەیئەتی کۆمەڵە بە سەرپەرەستی "ئەیوب نەبەوی" و "حەبیبوڵڵا گویلی ئەنجام درا و تێیدا ڕێککەوتننامەیەک بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕە ئیمزا کرا و لەوێدا ئاماژە بەوە کرابوو، هەموو دیلەکان ئازاد بکرێن و چەکوچۆڵەکانیش تەحویل بە لایەنەکان بدرێنەوە.[2]

---

[1] – رقابت کور، صفحه ٦٨. محمد سیار

[2]– یادداشت‌های یک پیشمرگ قهرمان، شاپور فیروزی

# کێ بڕیاری شەڕی سەرانسەریی دا،
# کۆمەڵە یان دێموکرات؟

پێوەندیی حیزب لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کوردستان لەسەر بناغەی هاوکاری و دۆستایەتی دانرابوو. زۆریش یارمەتی حیزبەکانی دیکە دەدرا، لە ڕاستیدا ئەو کات زۆر لەو ڕێکخراوانە لە کۆمەڵی کوردەواری بەدوور بوون و تەنانەت هێندێکیان لە سەرووی هەموویانەوە کۆمەڵە لە باس و لێکدانەوەکانیان بەهۆی ئەوەیکە لە واقعی ئەو سەردەمی کۆمەڵگەی کوردستان دوور بوون هەڵەی زەقیان هەبوو.

ئەگەرچی کۆمەڵە زۆر پێشتر بڕیاری شەڕیان دابوو و هەر بەشێوەی پەنامەکی و نەهێنی هێشتبوویانەوە، بەڵام بۆ بڕیارێکی حیزبی دەهۆڵی هەڵگرتبوو. ئەویش ئەوە بوو لە دوای کۆنگرەی ٦ لە پلینۆمێکدا لە پێوەندیی لەگەڵ حیزبەکاندا، و لەسەر بەردەوامیی ئاژاوەگێڕی کۆمەڵە لەکوردستاندا دەڵێ:

"بە بەڕێوەبەریی کۆمەڵە ڕاگەیاندراوە کە حیزبی دێموکرات دەیهەوێ لەگەڵ کۆمەڵە هاوکاری بکا و بە هیچ جۆرێک پێی خۆش نییە هیچ تێکهەڵچوونێک لەنێو حیزب و کۆمەڵەدا ڕوو بدا. ئەگەر کۆمەڵە شەڕ لەگەڵ حیزب هەڵایسێنێ ئەوکات حیزب ناچارە زۆر بەتوندی بەرەنگاری کۆمەڵە بێ. تەنانەت بەڕاشکاوی پێیان گوتراوە کە هەڵایساندنی شەڕ لەلایەن کۆمەڵەوە

لە یەک ناوچەی کوردستان، دەبێتە هۆی شەڕێکی سەرتاسەری و چیدیکە ڕێگا نادرێ کۆمەڵە لە هەر جێگایەک خۆی بەهێز زانی زەبر لە حیزب بدا و حیزبیش دەست لەسەر دەست دابنێ و لە ناوچەکانی دیکەدا تەماشاچی بێ. هیوادارین ئەو هەڵوێستە ببێتە هۆیەک بۆ پێشگیری لە تێکهەڵچوون."[1]

ئێستا بزانین کێ بڕیاری شەڕی دا؟ کێ هەوڵی پێشگرتنی شەڕی دەدا؟ ئەوەی گوێی لە وتاری عەبدوڵڵا موهتەدی بێ کە دوو ساڵ پێشتر لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵەدا پێشکەشی کرد، واتە دوو ساڵ پێش لە دەرکردنی بڕیاری حیزب بۆ پێشگیری لە هێرشی کۆمەڵە، بۆی دەردەکەوێ ناوبراو زۆر زووتر جاڕی شەڕی ناوخۆیی لێداوە! چونکە لەوێدا زۆر ورد و ئاگاهانە و بە بەرنامە و گەلاڵەوە حیزبەکەی بۆ شەڕ ئامادە دەکا. شەڕی سەرانسەری لە ٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٣ دەستی پێکرد، کەچی دوو ساڵ و هەشت مانگ بەر لەو ڕێکەوتە، عەبدوڵڵا موهتەدی لە کۆنگرەدا بواری بۆ دەستپێکی شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکدارانە لەگەڵ حیزبی دێموکرات خۆش کرد. **کاک عەبدوڵڵا موهتەدی وەک کەسی یەکەمی ئەو ڕێکخراوەیە و لە بەرزترین ئۆرگان واتە لە کۆنگرەدا، دەڵێ بە ئێعدامی ئەندامانی دەفتەری سیاسی قەناعەت ناکا!** کەوابوو دەبێ پێشزەمینەی شەڕەکە بۆ سێ ساڵ زووتر بگەڕێتەوە و ئەوە بێتە بەرباس کە چۆن لە لایەن ناوبراو و هاوبیرەکانییەوە گەڵاڵە شەڕێکی ماڵوێرانکەر تیئۆریزە کراو داڕێژرا.

لەڕاستیدا دەلیلی ئەساسی ئەو بڕیارەی کۆمەڵە دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەی ڕێبەرانیان لەسەر واقعییەتی کۆمەڵگای کوردستان، کە تەحلیل و لێکدانەوەیان چەندە هەڵە لە ئاو هاتەدەر و ناڕاست بوو. حەقیقەتی ئەو لێکدانەوەی ڕێبەرانیان لە تیئۆری دروستکراوی سێگۆشەی کەزایی لە کوردستان سەرچاوەی دەگرت کە لەودا ئیدیعا دەکرا لە کوردستان سێ هێز لە مەیدانی موبارەزە حزووریان هەیە. کۆماری ئیسلامی، دێموکرات و کۆمەڵە،

---

[1]- کوردستان، ژمارە ٩٩.

هەرکامیان نوێنەری یەکێک لە چینەکانی کۆمەڵگان. واتە کۆماری ئیسلامی نوێنەری بورژوازی ئێران، حیزبی دیموکرات نوێنەری بورژوازیی کوردستان و کۆمەڵە نوێنەری چینی کریکاری کوردستانە. بە باوەڕی ڕێبەرانی کۆمەڵە، بورژوازیی کوردستان لە بەرامبەر پرۆلیتاریادا خەتەری جیددی بە ئەژمار دەهات. بۆ وێنە ٣ ساڵ پێش شەڕی سەرانسەری یەکێک لەئەندامانی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە لە بڵاوکراوەی ناوخۆیی کۆمەڵە نووسی: "**دەبێ بە تەواوی هێزمانەوە زەبری زۆر کاریگەرتر لە حیزبی دێموکرات بدەین و لەوکاتەدا نابێ لەدەستچوونی یەک ناوچە یا تەنانەت چەند ناوچە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی‌دا بە گرینگ بزانین".**

کەوابوو لەمێژ بوو کە ڕێبەرانی کۆمەڵە لەسەر ئەو بڕوایە بوون شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی پێ باشتر بێ تا کۆماری ئیسلامی، ئەو جۆرە تیئۆری ویشک و خەیاڵیە و دوور لە واقعییەتە پێوەندیی بە سێگۆشەی کەزاییەوە هەیە، کە بوو بە بناغەی سیاسەتی کۆمەڵە سەبارەت بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. لێرە پێویست ناکا بێ بناغەیی ئەو تیئۆرییە بسەلمێنرێ. دەبێ بە مەسەلەیەک بەرخورد بکرێ کە لە کوردستان نە بورژوازی نە پرۆلیتاریای سەنعەتی و پیشەسازی، هیچکامیان بەو ڕادەیە لە گەشەکردنی خۆیان نەترسان کە هەرکامیان ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان هەبێ. سەرەڕای ئەوە هەم لە بواری سیاسییەوە، هەم لە بواری پێکهاتەی چینایەتییەوە و هەم لە نەزەر کارکرد و چالاکی و هەڵسووڕان، حیزبی دێموکرات شۆڕشگێڕترین و خەباتکارترین ڕێکخراوی کوردستانی ئێران بووە و نوێنەری هەموو چین و توێژەکانی کوردستانە.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کۆمەڵە ئامانجی لاوازکردن و توانەوەی حیزبی دێموکرات بوو. ئەو بڕیارەشی کردە بیانوویەک کە حیزبی دێموکرات لە هەر تێکهەڵچوونێکدا کە لە داهاتوودا دێتە پێش بە تاوانبار بزانێ. کۆمەڵە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی دووی خۆی ئامادەیی شەڕی هەبووە ئەوەشی کردە

دەرفەت بۆخۆی کە ئەو بڕیارەی حیزبی دێموکرات داویەتی (کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا) مەرجی کۆماری ئیسلامییە بۆ وتوویژ! یانی هیچ ڕێگایەکی نەبوو بێجگە لەوە بوختانێک بە بوختانەکانی دەرحەق بە حیزب زیاد بکا. چونکە وتەی ڕێبەرانی کۆمەڵە لەژێر ناوی "چۆنیەتیی پاراستنی کۆمەڵە و بەهێز بوونی لە بەرامبەر حیزبی دێموکراتدا" نەک زەمینەی فکریی بۆ شەڕ لەگەڵ حیزب ئامادە کردبوو، بەڵکوو بەکردەوە لە دوای کۆنگرەی ٢ بە ئەنجامی گەیاند. لەم بارەیەوە کاک عەبدوڵڵای موهتەدی دەڵێ:

**"پێشمەرگەکانی ئێمە لە ڕاستی‌دا دەبێ ئەو هەستەیان هەبێ. ئەو هەستە، هەستێکی واقعبینانەیە. هیچ ڕێگایەک نییە مەگەر لە تەواوی ڕیزەکانی تەشکیلاتی ئێمە، بە شێوەیەکی سیستماتیک تەبلیغات دژی حیزبی دێموکرات بکەین، نەک تەنیا تەبلیغ دژی حیزب، بەڵکوو تەبلیغ بۆ ئامادە بوون لە بەرامبەر حیزبدا."**

هەروەها لە کۆتاییی کۆنگرەی ٥ی کۆمەڵەدا، دوکتور جەعفەر شەفیعی دوا وتەی کۆنگرە پێشکەش دەکا و لە کۆبەندی‌دا، قسەی بەشدارانی کۆنگرە لێک دەداتەوە و ڕێنوێنی دەدا بە کادرەکانی کۆمەڵە کە چۆن لە کوردستان بۆ بەرەوپێش‌چوونی کاریان بە نیسبەت حیزبی دێموکرات بجووڵێنەوە. دەقی قسەکانی دوکتور جەعفەر:

"نوکتەیەکی کە پێم خۆش بوو باسی بکەم، لەسەر ئەهەمییەت و پێشبوردی ئەو سیاسەتانەی لێرە باسیان لێ کرا. بێگومان تەتبیقی ئەو سیاسەتانە، پێشبوردی ئەو سیاسەتانە لەعەمەل‌دا بە گەشەدارکردنی جونبش و ئینقلاب لە کوردستان کۆمەک دەکا و لە مەرکەزی ئەودا ئامادەگیی تەبەقەی کارگەر، بێگومان لە ڕیسواکردنی ناسیۆنالیزمی بورژوازی لەعەمەل‌دا نەقشی ویژە ئیفا دەکا، بێگومان بەتایبەت لەو ڕیویزیونیزمەی کە بە شکڵێک حیزبی دێموکرات، لەنێو حیزبی دێموکراتیش‌دا موتەجەللییە لە لێدان لەوەش نەقش ئیفا دەکا و بەعەلاوە لەسەر ئەو ڕیویزیونیزمەش کە هەرگوونە

پێشڕەوییەکی جونبشی کوردستان، سەرکەوتنی هەمووی لە گرەوی ئۆفت و خیزی جونبش لە سەراسەری ئێران دادەنێ، لەوەش دەدا. لە مەیدانی عەمەلدا ئەوەش ڕیسوا دەکا، سەرەڕای ئەوانە و بە دەرجەیەک گرینگتر لەوانە ئەوە دەبینم کە پێشبوردی ئەو سیاسەتانە بە ئێعتباری کۆمۆنیزمی ئینقلابی، فەراتر لە مەرزەکانی ئێران خزمەت دەکا. ئێمە دواتر دەتوانین بە هەر کرێکارێکی شیلیایی، فەلەستینی، تەببەتی و... نیشان بدەین کە لەسەختترین شەرایەتی جونبشدا، ئەوە کۆمۆنیزمی ئینقلابی بوو کە جونبشی بووژاندەوە."[1]

ئەو جۆرە لێدوانانەی ڕێبەرانی کۆمەڵە ڕۆژ لەگەڵڕۆژ بەستێنی شەڕێکی درێژخایەنی ڕەخساند. لەڕاستیدا حیزبی دێموکرات بڕیاری شەڕی نەدا بەڵکوو ئەو پەیامەی دا و کۆمەڵەشی لێ ئاگادار کردەوە کە کۆمەڵە بتوانێ لەگەڵ واقعیەتی کوردستان و هەلومەرجی ئەو کات خۆ ڕێک بخا. ئەوان نەک گوێیان بەو ئاگادارکردنەوەیە نەدا تەنانەت هەرچی زیاتر خۆیان بۆ دژایەتیی حیزبی دێموکرات و شەڕی نێوخۆیی لە کوردستان ئامادە کرد. وەک جەعفەر شەفیعی دەڵێ: "ئامادە کردنی تەبەقەی کارگەر" بۆ ڕیسوا کردنی ناسیۆنالیزم، کە پێیان وایە ڕۆڵی گرینگی هەیە لە جووڵانەوەی کوردستان، ڕاستەوخۆ ئاماژە بە حیزبی دێموکرات دەکا، تەنانەت بەجۆریک لە کۆنگرە نەتیجەگیری دەکا کە بەرەوپێش بردنی "جنبش"ی کوردستان (دیارە مەبەستی پڕۆلیتاریا)یە نزمی و بەرزییەکەی کاریگەریی لەسەر جووڵانەوەی سەراسەری ئێران دەبێ، بۆیەش دەیانهەوێ کۆسپێک لە بەرامبەر ناسیۆنالیزم بە پڕوپاگەندەی ناڕاست و چەواشەکردنی واقعییەتی کۆمەڵگای کوردستان، دروست بکەن. چونکە لەکوردستان جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتی لەئارا دایە حەولی ئەوان ئەوە بوو کە لاوازی بکەن.

---

[1] – لە دەنگی جەعفەر شەفیعی نەواری کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵە وەرگیراوە.

تێکهەڵچوونەکان دەریانخست کە کۆمەڵە لە بەشی هەرە زۆری پێکدادانی فیزیکی کوردستان دەستپێشخەر بووە و ویستوویەتی بە چەک هێژموونیی خۆی بەسەر خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا بسەپێنێ. لە ڕاستیدا ئەو ئاگادارکردنەوەیەی حیزبی دێموکرات، نەک هەر ناچێتە خانەی ڕاگەیاندنی شەڕی سەرانسەرییەوە، بەڵکوو ئەگەر ڕێبەرانیان تۆزێک بیریان لە هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستان کردبایەوە، لەو بڕیارانەی پێشتر دەرحەق بە گەلی کورد و حیزبی دێموکرات دابوویان پاشگەز دەبوونەوە، بەڵام بەداخەوە وا دەرنەچوو.

# چۆنییەتی ڕوودانی شەڕی هەورامان

کاتێک کۆمەڵە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی‌دا، ڕووی لە هەورامان کرد هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەشکیلاتیی لەو ناوچەیە نەبوو، بەپێچەوانەی کۆمەڵە، حیزبی دێموکرت نزیک بە ٥ ساڵ بوو ئیدارەی ناوچەی هەورامانی دەکرد ، بۆیە ئیدارەی شاری نەوسوودیش لەژێر دەسەڵاتی حیزبدا بەڕێوە دەچوو، هەرلەوکاتەدا کۆمەڵێک قانوون و ڕێوشوێنی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیە دانابوو. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بەرەبەرە ناوچەکانی دیکەی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە داگیر دەکرا. کۆمەڵە چەند ساڵ پێشتر چەکدارانی خۆی لەو ناوچەیە (هەورامان) لە گوردانەکانی دیکەی لای جنووبی کوردستان سازمان دابوو. ئەفرادی کۆمەڵە دوای ٤ ساڵ ڕوویان لە ناوچەی هەورامان کردەوە، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی حوزووریان لەو ناوچەیە، وەک پیشەی هەمیشەیی‌یان دەستیان بە تەبلیغاتی دژی حیزبی دێموکرات کرد و لە هیچ وشەیەکی ناپەسەند و نەشیاو دریغیان نەکرد. بەرپرسانی حیزبی دێموکرات داوایان لێدەکەن کە بەیەکەوە کۆبوونەوەیەک بکەن و هێندێک ڕێوشوێنی ئەمنییەتی و ڕێگای هاتوچۆ و جموجۆڵی دوژمن و ئیدارەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بەیەکەوە تاوتوێ بکەن، بەڵام ئەوان بێ گوێدانە ئەو ڕێکارانە خۆیان بە هەوراماندا کرد و لەگەڵ جێگیربوونیان دژی حیزب جووڵانەوە.

سەرچاوەیەکی سەر بە چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران، لەم بارەیەوە چەند پرسیارێک لە بەرپرسانی کومیتەکانی حیزب و کۆمەڵە لە هەورامان دەکا، کە لێرەدا دێنە بەر دیدەی خوێنەران، سەرەتا وڵامی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە هەورامان دەخوێنینەوە:

"لەبارەی تەزادی حیزب و کۆمەڵە، کێشەیەکی ئیدۆلۆژییە. کۆمەڵە خۆی بە نوێنەری کرێکاران دەزانێ و حیزبی ئێمەش بە نوێنەری سەرمایەداری دەزانێ و خەبات دژی بورژوازی یەکێک لە ئامانجەکانیانە. کۆمەڵە لە ماوەی ٤ ساڵی ڕابردوودا لە هەورامان حوزووری سیاسی و نیزامیی نەبووە، مەگەر کەسانێک کە خەڵکی ناوچە بوون و لایەنگری ئەوان بوون. بەهاری ئەمساڵ چەند کەسێکیان هاتنە ناوچە و پاش هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ناوچەکە گەڕانەوە. پاش ماوەیەک ئاگادار کراین کە ١٥ کەس لە هێزی کۆمەڵە هاتوونە ناوچەکە. هاوڕێیانی ئێمە لەو ناوچەیە پێیان دەڵێن چۆنە بێئاگاداریی ئێمە هاتوون؟ لانیکەم شوێنی مەقەڕ و جێگای کەمینەکان و... لە ئێمە بپرسن، نەک چەک لەشان بکەن و هیچ پرسیارێک لە ئێمە نەکەن."[1]

هەر ئەو سەرچاوەیە لە بەرپرسێکی کۆمەڵە بە ناوی "م. ڕ" لەو ناوچەیە دەپرسێ، ئاوا وڵام دەداتەوە: "**ئێمە حیزبی دێموکرات ناناسین و حیزبی کۆمۆنیست بڕیاری بە ئێمە داوە، هەرکەس پێش بە ئێمە بگرێ بە گوللە وڵامی دەدەینەوە.**"[2]

پاش دەمەقاڵەیەکی زۆر بە هیممەتی کومیتەی شارستانی هەورامان کێشەکە چارەسەر کرا و کۆمەڵە توانی تێکۆشانی خۆی لە هەورامان دەست پێ بکا. لە پێوەندیی لەگەڵ هەڵسوکەوتی کۆمەڵە بەرپرسی حیزبی دەڵێ:

"فەعالییەتی کۆمەڵە لەو ناوچەیە دژایەتی کردن لەگەڵ حیزب بوو. نزیک بە ٥ ساڵ کە حیزب لەو ناوچەیە کاری دەکرد ئەوان هاتن دەستیان بە

---

[1]- "دوای یەک ساڵ" لە شەڕی دێموکرات و کۆمەڵە، لە بڵاوکراوەکانی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران.

[2]- دوای یەک ساڵ" لە شەڕی دێموکرات و کۆمەڵە، .........

ئـاژاوەگێڕی لەو نـاوچەیە کـرد و باسـی ئەو شـتانەیان دەکـرد کە حیـزب لەو ناوچە بۆ ئەو ناوچە کشاوەتەوە، گومرک وەردەگریّ و بە ئیجـارەدانی بـاغی جاشـەکان، کـاری سـەرمایەدارییە. تەنـانەت ئەو قوتابخـانەیەی کە حیـزب لەو نــاوچەیە داینــابوو کــۆمەڵە کــارێکی وای کردبــوو کە زیــاتر لە دە منــداڵ نەدەچـوونە قوتابخـانە. کومیتەی حیزبی هێنـدێک ڕێوشـوێنی بـۆ هـاتوچۆی خەڵـک دانـابوو. چـونکە هەر هـاتوچۆیەک بـۆ ئەو نـاوچەیە ڕێگـای فەرعیـی نەبوو، هیچ کەسیش بێئیجازەی حکوومەت نەیدەتوانی بۆ شـاری نەوسـوود بچێ، بۆیە لەبەر پاراستنی ناوچە و گیـانی خەڵـک شـوێنێک بە نـاوی "قەڵـوەز" بۆ ملاقـات دیـاری کرابـوو، هـیچ کەس بـۆی نەبـوو کە ڕوو لە شـاری بکـا بـۆ پێشگیری لە کاری جاسووسی ئەو شوێنەیان دیاری کردبوو."[1]

بەپێــی وتەکــانی بەرپرســی حیزبــی لەو نــاوچەیە، کــۆمەڵە موخــالفی بەڕێوەبردن و ئیدارەی حیزب لەو ناوچەیە بـوو، ڕایگەیانـدبوو کە هەر کەس کوێی پێ خـۆش بێ بـا بچێ کەس مـانعی نەبێ، لێرە ئـازادی نییە و سـەلب کراوە تەنـانەت کۆمەڵە بە مسقاڵێک لە بۆچوونی خـۆی پاشـەکشـەیان نەکـرد، لەبەر ئەوەی ڕووداوی ناخۆش ڕوو نەدا کومیتەی حیزبی لە بۆچوونی خـۆی پاشەکشەی کرد. دوای ئەوە کە هاتوچۆ ئازاد کرا بەرپرسانی حیزبی داوایـان لە کۆمەڵە کرد کۆبوونەوەیەک پێک بێنن ئەگەر کەسـانێک بـۆ دەرەوەی شـار دەڕۆن با وەسـایل لەگەڵ خـۆیان نەبەن. دیسـان لەسـەر ئەو مەسـەلەیە لەگەڵ کـۆمەڵە بەیەکەوە دانیشـتن، کۆمەڵەکـان ڕازی نەبـوون سـەرلەنوێ کـومیتەی حیزبی پاشەکشەی کرد.[2]

"دوای یەک سـاڵ" لە شـەڕی حیـزب و کـۆمەڵە، لە بڵاوکراوەکـانی چریکـی فیداییی خەڵکی ئێران، لاپەڕەی ١٤ لە زمـان بەرپرسـی حیزبییەوە دەنووسـێ: "لە نەوسـوود باغێـک بـوو بە نـاوی "سـوڵتە"، ژنێکـیش بە نـاوی (س) دایکـی

---

[1]- دوای یەک ساڵ" لە شەڕی دێموکرات و کۆمەڵە، لە بڵاوکراوەکانی چریکی فیداییی خەڵکی ئێران

[2]- هەمان سەرچاوە.

کەماڵ (ئیدریس محەممەدی چەکداری کۆمەڵە کە پێشتر لەشەڕ کوژرابوو) کە مێردی ئەو ژنە جاش بوو، لە ٣ هێرشی ڕێژیم بۆ سەر نەوسوود بەشداریی کردبوو. ئەو باغەش لە خوار پایەگای ڕێژیم هەڵکەوتووە. ئەو داوای دەکرد باغەکە بەئیجارە هەڵبگرێ کە لەلایەن حیزبەوە وڵامی ڕەدی پێدرابۆوە و پێمان گوتبوو هەر باغێکت دەوێ پێت دەدەین بەڵام باغی سوڵتە نا. کێشەکە بۆ چارەسەری گەیشتە لای شۆڕای شار، بەڵام کۆمەڵە گوتی ئێمە شۆڕا بە ڕەسمییەت ناناسین و دەبێ خەڵک کۆ ببێتەوە. خەڵک گوتیان دوو باغ لە خوارەوەتر هەیە، (س) با بچێتە ئەو باغانەی خوارەوە. دیسان کۆمەڵە حازر نەبوو قەبووڵی بکا. بەناچاری ئامادەباشمان دا و لە یەکتر چووینە سەنگەرەوە، بەڵام خەڵک هاتنە نێوان و هەیئەتی هەردوولا بەیەکەوە دانیشتن. ئێمە تەرحێکمان ئامادە کرد کە کەسێکی دیکە شەریکی ئەو ژنە بکەین، بەڵام کاتی کۆکردنەوەی بەروبووم ئەو ژنە نەچێتە باغی، سەرەڕای ئاگادارکردنەوە هەر دەچوو، دیسان ئێمە پاشەکشەمان کرد. کۆمەڵە بەردەوام لەنێو خەڵک تەبلیغیان دەکرد کە ئێمە دەسەڵاتمان هەیە و سەرکەوتین، کە ئەوەیان بۆ کومیتەی ناوەندیی خۆیان نووسیبوو. لە نەوسوود چەند جار ویستمان ناوی شەوی هاوبەشمان هەبێ، چەند ڕۆژ تێپەڕی هاوکارییان نەکرد و خۆیان لێ پاراست، تەنانەت چووینە بنکەکانیان وڵامیان نەدایەوە، شەوانە جوابی دەنگدانی پێشمەرگەکانی ئێمەیان نەدەداوە، بەئەنقەست ڕێگایان بۆ لای نگەهبانی ئێمە دەگۆڕی و وڵامیشیان نەدەداوە.... لە درێژەدا دەڵێ: کەسێک بەناوی (ک) کوڕی (ت) لەنێو خەڵک بانگەوازی دەکرد با بچین بۆ پاوە، بۆچی لێرە دانیشتوون؟ ئێمە ئەومان بانگ کرد کە تۆ حەقی تەبلیغاتت لەنێو خەڵکدا نییە بۆخۆت دەڕۆی بڕۆ، کەچی کۆمەڵە دیفاعی لەو کەسە دەکرد و سەنگەریان لە پێشمەرگەکانی ئێمە گرتبوو، کە چەکدارێکی کۆمەڵە لوولەی تفەنگەکەی لەسەر سینگی (م. پێشمەرگەی حیزب) کە بێچەک دەبێ دادەنێ و دەڵێ بەکرێگیراو، بەکرێگیراو. سەرەنجام خەڵکی داوایان کرد ڕێگایان بدەین بۆ پاوە بچن. ئێمەش ڕۆژی ٦٣/٨/١٣ بڕیارمان دا

هەر کەس دەیهەویٚ بۆ شاری پاوە بڕوا لە ماوەی دیاریکراودا بچیٚ، ئێمە ناتوانین ڕێگا بدەین هەر کەس هەر ڕۆژێک پێی خۆش بیٚ بڕوا. هێندێک خەڵک لەو ماوەیەدا ڕۆیشتن. ڕۆژی ٨/٢٤ دوو کەس بە ژن و منداڵەوە داوا لە پێشمەرگەکانی ئێمە دەکەن کە ڕێگایان بدەن دەچنە پاوە، ئەوانیش لە وڵامدا دەڵێن بۆ لەکاتی خۆیدا نەڕۆیشتن، ئێستا نابیٚ بچن. کۆمەڵە پێیان دەڵێن ئێمە ئێوە ڕێگا دەدەین و ڕەدتان دەکەین."

بەرپرسی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە ناوچەی هەورامان لە وتووێژێکدا لەگەڵ "ڕێگای گەل"ی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران، لە لاپەڕەی ١٥دا دەڵیٚ:

"هاتنی کۆمەڵە بۆ هەورامان، حیزبی دێموکرات قەبووڵی نەبوو چونکە دەترسا و دەیزانی کۆمەڵە پێچەوانەی کارەکانی حیزب عەمەلی دەکرد. چەند کەسیان ناردبوو نابیٚ لەو ناوچەیە بن چونکە ئێمە لەو ناوچە بوونمان هەیە، هەواڵانی ئێمە زۆر توند و قایم وڵامیان دەدەنەوە لە درێژەی ئەو باسەدا بەرپرسی کۆمەڵە دەڵیٚ: "لە ڕێکەوتی ٦٣/٦/٢ دانیشتنێک لەنێوان ئێمە (کۆمەڵە) و خەڵک و حیزب بوو، ...دانیشتنەکە بۆ هاتوچۆی خەڵک لە شارەوە بۆ نەوسوود بوو کە پێشتر حیزب دیاریی کردبوو، کە هەرکەس لە شارەوە بیٚ لە شوێنێک بە ناوی" قەڵوەز" ملاقات بکا و بگەڕێتەوە بۆ شار، ئێمە موخالفی ئەوە بووین. لەگەڵ حیزب دانیشتین ئەوان دەیانگوت کە ڕێژیم لەو ڕێگایەوە جاسووس دەنێریٚ بۆ شناسایی ناوچە، ئێمە موخالفەتمان کرد و گوتمان ئەگەر ڕێژیم بیهەویٚ جاسووس دروست بکا لە پیرێژنێک کەڵک وەرناگریٚ. مەسەلەیەکی دیکە چوون بۆ پاوە بوو کە حیزب ڕێگای نەدەدا کەس وەسایل لەگەڵ خۆی بەریٚ، ئێمەش سیاسەتی خۆمان باس دەکرد و گوتمان هاتوچۆ دەبیٚ ئازاد بیٚ. ڕۆژی ٦٣/٨/٢٤ دوو کەس ویستیان بۆ پاوە بچن، حیزب موخالەفەتی کرد، کۆمەڵە موافق بوو کە ئەوانە لە بازگەی

پێشمەرگە تێپەڕ بکا، دیارە ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵوەر باران باری و نەیانتوانی بڕۆن. بەیانیی ڕۆژی ٨/٢٥ ڕۆیشتن، هەمان ڕۆژ شەڕ دەستی پێکرد."[1]

لەگەڵ ئەوەی بە هاتنی کۆمەڵە بۆ ناوچە دەردەکەوێ کە حیزب یارمەتیی کۆمەڵە دەکا و بەپێی بڕیاری کومیتە شارستان هاوکارییان دەکا، ئەگەرچی ماوەی چەند ساڵێک بوو کە دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە لەژێر دەستی حیزبدا دەبێ، بەڵام کاتێک کۆمەڵە ڕووی تێدەکا بەپێی نەریتی خۆیان دەست بە تەبلیغاتی دژی حیزبی دەکەن و سیاسەتی زۆرەملیی خۆیان دژی حیزب درێژە پێدەدەن، چونکە ئەوان بڕیاریان دابوو کە بە هەموو تواناوە دژی حیزب بوەستنەوە.

لە وتەی هەردوو بەرپرسی حیزب و کۆمەڵە دەردەکەوێ لە پێوەندیی لەگەڵ ئیجارەی باغی جاشەکان کە حیزب پێش لە کۆمەڵە داینابوو، بەڵام بۆ پێشگیری لە کێشە و تێکهەڵچوونی چەکدارانەی نێوان کۆمەڵە و حیزب، کومیتەی حیزب پاشەکشەی کردووە. هەروەها لە بواری گومرک و زۆر شتی دیکە ئیمتیازی بە کۆمەڵە دا و پاشەکشەی لە ویستەکانی خۆی کرد. لە درێژەی کارەکانیدا حیزب لە باری نیزامی و ئەمنییەتیبوونی ناوچە، بەباشی بۆی دەرکەوتبوو و دەیزانی چۆنی بپارێزێ، بۆیە ڕێگای نەدەدا خەڵکی گومانلێکراو بێتە ناوچەکە کە جاسووسی یا وێنەیەکی ناوچە هەڵبگرن و بۆ ڕێژیمی بەرن، بەو کارەی بەتەواوی پێشی بە ڕایەڵکەی جاسووسی گرتبوو. بەهاتنی کۆمەڵە سەرەڕای لاساری ئەفرادی چەکداری ئەوان و بەرخوردی لەفزی و دەمەقاڵەی نێوان هەردوولا دیسان کومیتەی حیزبی پاشەکشە دەکا. تەنانەت ئەو کەسانەی کە ماڵیان بار دەکرد و بەرەو شار کۆچیان دەکرد و چەکی ڕێژیمیان هەڵدەگرت، حیزب ماڵەکانی دەپشکنی کە بزانێ چی لەگەڵ خۆیان دەبەن، بەو کارەش لەگەڵ موخالفەتی کۆمەڵە ڕووبەڕوو دەبوونەوە. هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە پەنایان

[1]- بڕوانە "ڕێگای گەل"، دوای یەک ساڵ لە شەڕی حیزب و کۆمەڵە، لە بڵاوکراوەکانی چریکی فیداییی خەڵکی ئێران.

بۆ شۆڕا دەبرد، کە کۆمەڵە لە گوندی "شۆشمێ" ڕووبەڕووی شۆڕا گوتیان کە ئێمە ئێوەمان قەبووڵ نییە، تەنانەت بەرپرسی کۆمەڵە ئەو وتەیەی ڕەد نەکردەوە و قەبووڵی کرد.[1] پاشەکشەی کۆمیتەی هەورامان بۆ پێشگیری لە تێکهەڵچوونی چەکدارانە بوو کە چی بەداخەوە کۆمەڵە دەستبەردار نەبوو و ڕووداوەکەی سەپاند.

ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵوەر دوو کەس دەچنە "قەڵوەز" کە ئیجازە لە حیزب وەربگرن ماڵیان بەرنە پاوە، کومیتەی حیزب پێیان دەڵێ باشە پێشتر ئێمە گوتمان لە ڕۆژانی ٨ تا ١٣ی خەزەڵوەر هەرکەس ماڵی دەچێتە شاری پاوە ئازادە، بۆ ئێستا هاتوون؟ بەپێی بڕیار ناتوانن بڕۆن. ئەوانیش دەگەڕێنەوە، کۆمەڵە پێیان دەڵێ ئێمە بەیانی لەگەڵتان دێین و لە بازگەی پێشمەرگە تێپەڕن. ئەو دوو کەسە کە پەنا بۆ کۆمەڵە دەبەن، ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵوەر دەمەقاڵە لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزب و ئەفرادی کۆمەڵە دروست دەبێ، کە کادرێکی حیزبی بەو دوو کەسە دەڵێ بەیانییش ڕێگا نادەین بڕۆن، ئەگەر بەزۆرییش بێ ڕێگا نادەین، لەولاشەوە ئەفرادی کۆمەڵە یەکیان بە ناوی ئیدریس دەڵێ ئێمە بەنزینی پێدا دەکەین!

"مەنسوور ئێراندووست" لە وتاری "کولانەوەی برینێکی پڕژان" لە وڵامی دوو کەسی کۆمەڵەدا، لە بیرەوەرییەکانیدا ئاوا باس لە حوزووری کۆمەڵە لە سەرەتاکانی درووستبوونیدا لە هەورامان دەکا، کە کۆمەڵە چۆن دەستی باڵای لە دروستکردنی ئاژاوەدا بووە و گێڕاوە.

"پاش شەڕی سێ مانگە بە پشتیوانیی مادی و مەعنەویی "یەکیەتیی نیشتمانی" و "حامید بەگ"، کۆمەڵە لە هەورامان سەری هەڵدا و کەوتنە چالاکی نواندن، ئەوەی کە کاک تەها و کۆمەڵەیییەکان خۆیانی لێ گێل دەکەن و هیچ کاتێک خۆیان نەداوەتە قەرەی و باسی ناکەن، کاتێک کە حامید بەگ وەک تەرحی هێرش بۆ سەر سپای ڕزگاری لە "کامیاران"، تەرحی هێرش بۆ سەر کومیتەی حیزب لە "شێخ ساڵح" دادەڕێژێت، بەشی هەرە

---

[1]– هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٩.

زۆری پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب چەک دەکات و "حاجی یووسف" بە دیلی تەحویلی کۆمەڵە دەدات و کلاشینکۆفە ئیستیلە جووت لاقەکەی "موزەففەری حاجی یووسف" بە دیاری دەداتە "عەبدوڵڵای بابان"، بەرپرسی ئەوکاتی کۆمەڵە لە هەورامان، ئەوە ئەو گێچەڵە بوو کە کۆمەڵە بە حیزبی دەکرد و یەکەم هەنگاو بوو بۆ شەڕی نێوخۆیی بە پشتیوانیی حامید بەگ.[1] ئەو ڕووداوە بوو بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری "تاوەگۆزی"یەکان بکەونە داوی کۆماری ئیسلامی و ببنە جاش".

---

[1] - حامید بەگ لە ناوچەی هەورامان خاوەن عەشیرەیەکی زۆر، و لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران خاوەنی چەند هەزار چەکدار لە عەشیرەی خۆی بوو کە چەکی لە عێراق وەردەگرت و پاشان دۆستایەتی لەگەڵ ئەحزابی کوردی عێراق هەبوو. لەو ناوچە لەگەڵ عەشیرەکانی دیکە ناخۆشی بوو و پێوەندی بە کۆمەڵەوە گرت و کەوتە گەڵ ئەوان، پاش ماوەیەک هەستی کردوە کە ناو کۆمەڵە جێگای ئەو نیە لە ڕێگای شەهید شەوکەتی حاجی مووشیر پێوەندی بە حیزبەوە گرتووە و لە مەهاباد دانیشت، ئەگەرچی چریکی فیدایی پێوشوێنی بووە گۆیا چەند کەس دەچن بەشوێنی بێ سەروشوێن دەبێ. ئەو قسانە لە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندنی ١٤٠٠ لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاک مەنسوور ئێراندووست.

# ڕۆژی تێکهەڵچوون

ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەر ئەو دوو بنەماڵەیە لەگەڵ چەند چەکداری کۆمەڵە بەرەو قەڵوەز، شوێنی پشکنین دەچن، کە بۆ شاری "پاوە" ڕەوانەیان بکەن. کاتێک دەگەنە شوێنی پێشمەرگەکانی حیزب ئەوانیش پێیان دەڵێن بە پێی بڕیار ڕێگا نادرێ، ئەفرادی کۆمەڵە دەڵێن ئێمە ڕەوانەیان دەکەین. قسەکردن لە نێوانیاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە و دەمەقاڵە و لە ئاکامدا یەکێک لە ئەفرادی کۆمەڵە لەپێشدا تەقە دەکا.[1] پاشان لە هەردوو لا تەقە بۆ ماوەی ٢٠ دەقیقە درێژە دەکێشێ، سەرلکێکی حیزب بە ناوی "وەلی عەویزی" شەهید دەکرێ.

ڕێگای گەل، بڵاوکراوەی سازمانی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران بەدواداچوون بۆ ئەو ڕووداوە دەکا و لەگەڵ یەکێک لەو دوو کەسە چاوپێکەوتن دەکا، لە زمان یەکیان دەنووسێ:

"بەیانی ٤ کەس لە ئەفرادی کۆمەڵە بڕیار بوو بێنە ماڵی ئێمە بەیەکەوە بۆ قەڵوەز بچین، کە گەیشتینە قەڵوەز پێشمەرگەیەکی حیزب بەناوی (م) گوتی کە حیزب ڕازی نییە ئێوە بچنە پاوە، (ع. م) یەکێک لە ئەفرادی کۆمەڵە گوتی لە نێوان ئێمە و حیزب لەوبارەوە توافوق کراوە، هەرکەس پێوەندیی بە حیزبەوە بکات ڕەوانەی بکا و هەر کەسیش سەردانی کۆمەڵە بکا ڕەدی بکا. پێشمەرگەیەکی حیزب بە ناوی (م) وەسایلەکانی چاو لێکرد و وتی بڕۆن. پاشان لەو دوو کەسە بە یەکیانی گوت کە تۆ سەردانی ئێمەت کرد؟ لەوڵامدا

---

[1]- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا، حامید گەوهەری

گوتی بەڵێ، بەڵام حیزب موخالەفەتی لەگەڵ ڕۆیشتنی من بۆ پاوە کرد. ئەویش گوتی بڕۆن.

یەکێک لە پێشمەرگەکانی حیزب بە ناوی (م) کە لەو ڕووداوەدا بوو لە لێپرسینەوەدا دەڵێ: "**ڕۆژی ٢٥ـی خەزەڵوەر، ٦ کەس چووین بۆ کەمین...... لەبەر ئەوەی سەعاتمان پێ نەبوو، دەقیق نازانم سەعات ٥ بوو یا ٦ لەپڕ چاومان بە چەند کەس کەوت لە نەوسوودەوە دەهاتن، کاتێک گەیشتنە [لای] ئێمە..... وتمان شتەکان بێننە خوارەوە چاویان لێدەکەین. لەو دوو کەسە یەکیان ڕێگای پێداین چاو لە شتەکانی بکەین بەڵام دووهەمیان ڕێگای نەدا، لەو کاتە چەکدارێکی کۆمەڵە هات گوتی ئێمە هاتووین ئەوانە ڕەد بکەین، ئێمەش گوتمان ئەگەر کاریان نەماوە دەبێ چاو لە شتەکانیان بکەین. چەکدارێکی کۆمەڵە بەناوی (ڕ) گوتی ئێمە ناهێڵین، ئێمەش گوتمان کارێک مەکە شەڕ دروست بێ، ئەوانە دەچن بۆ پاوە. ئەفرادی کۆمەڵە ٦ کەس بوون، ٥ دانەیان چوونە لای دووکانی واحید، تەنیا (ڕ) لەلای ئێمە مایەوە. گوتی وەک حیزبی کۆمۆنیست دەڵێم! ئێمەش گوتمان وەک پێشمەرگەی دێموکرات. (ڕێبوار)** {ئەفرادی کۆمەڵە} **گوتی دێموکرات، دێموکرات! بەکرێگیراو، بەکرێگیراوە. من بە گوللە وڵامتان دەدەمەوە، چەکداری کۆمەڵە (ڕێبوار) چەخماخەی تفەنگی کێشا، ئێمەش بڵاوەمان کرد و سەنگەرمان گرت و ئەویش ڕەگبارێکی هاویشت.**"

بەمجۆرە بەهۆی پێداگری و سووربوونی کۆمەڵە لەسەر ئەوەی دوو کەس ماڵیان بچێتە پاوە شەڕ لە نێوانیان دروست دەبێ. دیارە کۆمەڵە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ حیزب، لەسەر ئەو کردەوە ناپەسەندانەی خۆی درێژەی بەو سیاسەتە دەدا. ئەگەر بەوردی بڕوانینە ئەو کێشانەی کە لە هەورامان دروست ببوون، لە ڕاستیدا نەدەبوو ئەوەی ڕووی دا لێی بکەوێتەوە، ئەو ڕاستییەش دەبێ بگوترێ شەڕ و تێکهەڵچوونەکان کە هێندێک جار لە ناوچەیەک ڕووی دەدا، کاریگەری دەکردە ناوچەکانی دیکە و دۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز دەکرد. بەمجۆرە بیانووگرتنی کۆمەڵە لە ماوەی چەند مانگدا بە

کومیتەی شارستانی هەورامان، سەبارەت بە ئیدارەی ئەو ناوچەیە کێشەکەی هێندەی دیکە قووڵتر کردەوە.

کاتێک ڕووداوی هەورامان ڕووی دا، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە بیستنی هەواڵەکە دەسبەجێ داوای لە کومیتەی حیزبی کرد، کە شەڕ ڕاگیرێ و هەر ڕۆژی دوایی کۆمەڵە نامەیەکی بۆ دەفتەری سیاسیی حیزب نووسی،[1] کە بە زووترین کات شەڕ ڕابگیرێ، دەفتەری سیاسیی حیزبیش پێشوازیی لێکرد. دوو ڕۆژ پاش ئەو ڕووداوە واتە ٢٧ی خەزەڵوەر هەیئەتی کۆمەڵە سەردانی حیزبی کرد و لە دەبیرخانەی ئەوکاتی حیزب بەیەکەوە کۆ بوونەوە. دیارە ڕۆژێک پێشتر لە ڕاگەیاندراوی حیزب باسی پێوەندیی دوو لایەن و ڕیگاچارەی ئاشتییانە کرابوو و زۆر بەتوندییش بە پێشمەرگەکانی حیزب ڕاگەیەندرا لەگەڵ ئەفرادی کۆمەڵە لە هەر شەڕ و تێکهەڵچوونێک خۆ ببوێرن. سەیر ئەوە بوو ئەو ڕۆژەی هەیئەتی کۆمەڵە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب کۆبوونەوەی بوو، ڕادیۆ کۆمەڵە وتارێکی بە زمانێکی زۆر توند و زبر بڵاو کردەوە، لەو وتارەدا نەک تەشکیلاتی حیزب لە هەورامان بەڵکوو حیزب بەوە تاوانبار کرابوو کە شەڕی هەورامان بەرنامەی لە پێشدا داڕێژراو بووە. کۆمەڵە لەسەر ئەوە ڕانەوەستا کە کاری هەیئەت دەست پێبکا، بڕیاری خۆی دا. "حکا" و لقەکەی کۆمەڵە هەر لەو کاتە کە لەگەڵ دەفتەری سیاسیی حیزب دانیشتبوو، لە ڕادیۆکەیان هاواری دەکرد کە "حیزبی دێموکرات لاپەڕەیەکی دیکەی لە جەنایەت و خەیانەت بە پەروەندەی خۆی زیاد کرد."[2]

ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەر کە کۆمەڵە سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بەمجۆرە بۆ پێشگیری لە

---

[1]- بەیانی ڕۆژی دوایی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بڕیاری دا کە زەبرێک لەحیزب بداتەوە وەک حیکمەت دەڵێ دەنا ڕێگا بە هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی نادرێ، بۆیە رۆژی دواتر دوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە نامەیان بۆ حیزب نارد. ئەوە هی پیاوچاکی نەبوو بەڵکوو بەرنامەی درێژخایەن بوو کە شەوی ٦ی ڕێبەندان گونجاندیان.

[2]- حادثەی اورامانات و موضع کومەلە در برابر آن، صفحە ١٥.

تێکهەڵچوون بڵاو کردەوە. ئەگەرچی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست هەربەیانی ڕۆژی دوایی تێکهەڵچوونی هەورامان واتە ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر بڕیاریدا دواتر ئاماژەی پێ دەکرێ کە زەبرێکی نیزامیی کاریگەر هەر لە ناوچەی هەورامان لە حیزب بدەن. بۆیەش ئەو ناوچەیەی دیاری کرد تا بڵێ شەڕی سەراسەری لە ٢٥ی خەزەڵوەر دەستی پێکردوە! نەک لە ٦ی ڕێبەندان.

**لێرە چاوێک یا سەیرێکی ئاموزشی ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری گشتیی {ئەوکاتی} کۆمەڵە بکەین. ئەو بۆ ناساندنی حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە سەبارەت بە دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات پێشەوا قازی محەممەد بۆ ئەندامانی خۆی دەڵی چی:**

**"قازی محەممەد شەخسێکی لیبڕاڵی سەرلێشێواو بوو، کە بە هیچ شێوەیەک لایەنگری شۆڕش نەبوو. ئێعدامکرانەکەشی هیچ شانازییەکی بۆ ئەو تێدا نەبوو. پاشان لەسەر حیزبی دێموکرات ئاوا نەزەر دەدا: "بەکردەوە حیزبی دێموکرات نیشانی دا کە بەرەو ئیمپریالیستەکان مەیلی هەیە و لە بناغەدا حیزبی دێموکرات بەشێک لە ئیمپریالیزمی جیهانییە"، پاشان دەڵێ: توندوتیژترین خەباتی چینایەتی لەنێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەدا خۆی نیشان داوە. "خەباتی چینایەتی ئێمە تەنیا مەیدانی دەسەڵاتی سیاسی و ئیدئۆلۆژیدا نییە، بەڵکوو لە مەیدانی نیزامیش دایە. لە هەورامان دەبێ هێزی خۆمان لە باری نیزامییەوە نیشان بدەین." دەبێ بتوانین بە هێزەکانی چەکداری خۆمان، دەسەڵاتی نیزامی نیشان بدەین و حیزبی دێموکراتی کوردستان وا لێ بکەین کە لە جێگای خۆی دانیشێ.[1]**

ئەوە دەقی وتەی برایم عەلیزادەیە کە لە کلاسەکانی کادرەکانیدا چۆن ڕێنوێنی دەدا بە ئەندامانیان و زەمینەی شەڕێکیماڵویرانکەری لێ دروست کرد. کەوابوو بە ڕوونی دەردەکەوێ نامەی ڕۆژێک دوای تێکهەڵچوونی ٢٥ی خەزەڵوەر لەلایەن کۆمەڵەوە بۆ دەفتەری سیاسی حیزب دەچێتە بازنەی عەوامفریبی‌یەوە کە هیچکات کۆمەڵە خۆی لێ دوور نەخستەوە، چونکە

---

[1]- بڕوانە "هەڵویستی حیزبی دیموکرات سەبارەت بە کۆمەڵە"

گەلاڵەی شەڕ ڕاست لە هەورامانەوە، پێمان دەڵێ تەواوی هەڵسوکەوتیان تا ٦ی ڕێبەندان لەبەرامبەر حیزبی دێموکرات لەو چوار چێوەیەدا دەخولایەوە و بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر بە لاڕێ دا بەرن و فریویان بدەن. بەخۆشییەوە دواتر دەرکەوت کە کێ لە مەیدانی سیاسیدا ڕاستبێژ و نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستانە و کێ شەڕی هەڵایساند.

**بەیاننامەی هاوبەش**

بەیاننامەی هاوبەشی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

لەڕێکەوتی ١٣٦٣/٨/٢٧ کۆبوونەوەیەک بە بەشداری دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) پێکهات. هەر دوو لایەن لە پێوەندیی لەگەڵ ڕووداوی کە هاتە پێش فەوری و بێڕاوەستان ئاگربەست ڕادەگەیەنن و وەزعی هەورامان بە حاڵەتی عادی بگەڕێننەوە. لە هەمانکاتدا لەهەموو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات لە سەراسەری کوردستان داوا دەکەین کە سەبروحەوسەلەی خۆیان بپارێزن، دیارە بێشک ئەمجۆرە تێکهەڵچوونانە کە بە زیانی جووڵانەوەی خەڵکی کوردستانە، خۆ بپارێزن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی
حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)
ڕێکەوتی بڵاو بوونەوە ١٣٦٣/٨/٢٨

کاتێک هەیئەتی حیزب لەسەر ڕووداوی هەورامان سەردانی مەقەڕی ناوەندیی کۆمەڵەی کرد، بەم شێوازە لە ڕادیۆکەیانەوە باسی ڕووداوی هەورامانیان دەکرد.

" دە کەس لە شەهیدان بە بێشەرمانەترین شێوە بە دەستی کەسانێک لە کومیتەی هەورامانی حیزبی دێموکرات، ئێعدام کران. ئەو شێوە جەنایەتە کەمتر لە کردەوەی کەسانی وەک "لاجوردی" و باقیی جەللادانی کۆماری ئیسلامی نییە، بەم جۆرە نیشانیان دا چ ئیستعداد و توانایەکیان لە جەنایەت و خەیانەتدا هەیە."[1]

لێرەدا دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات چەندە سەبر و حەوسەلەی بووە، چەندە هەست بە بەرپرسایەتیی لە بەرامبەر ئەو قسە نابەرپرسانەی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەدا کرد. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە بەیەکەوە لەگەڵ حیزب بەیاننامەی هاوبەش بۆ ڕۆحی هاوکاری، بڵاو کرابۆوە و بڕیار درابوو کە هەیئەتی هاوبەش لە مەسەلەی هەورامان بکۆڵێتەوە. پاش چەند ڕۆژ هاتوچۆ و نامە گۆڕینەوە، حیزب توانی ڕێبەرانی کۆمەڵە قانع بکا کە ڕۆژی ١٠ی سەرماوەز هەیئەتی هاوبەش ڕەوانەی هەورامان بکرێ.

پاش لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی هەورامان بە نێونجیگەریی یەکیەتیی نیشتمانی، بە ڕێکەوتن گەیشتن، کە هەر کەسێک لەو ڕووداوەدا تاوانبار بێ لەلایەن تەشکیلاتی خۆیەوە سزا بدرێ. بەڵام کۆمەڵە لەبەر ئەوەی کە ژمارەی کوژراوەکانی زۆرتر بوون قەناعەتی نەبوو بۆیە پەیتا پەیتا هێرشی بۆ سەر حیزب دەکرد و ئۆلتیماتۆمی بە حیزب دەدا، کە لە "پێشڕەو"دا بڵاو دەبۆوە:

"ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەر هێزەکانی حیزبی دێموکرات گەلاڵەیەکی جەنایتکارانەیان دژی هێزەکانی ئێمە لەو ناوچەیە بەڕێوە برد. ....... هەتا ئەو جێگایەی بە ڕووداوی هەورامان پێوەندیی هەیە، ئێمە گوتوومانە ئەگەر ڕێبەریی حیزب وەک بۆخۆی دەڵێ لە چۆنیەتیی دروستبوونی ئەو کارەساتە بێئاگایە، دەبێ تاوانبارانی ئەو ڕووداوە بە خەڵکی کوردستان بناسێنێ تا سزا بدرێن. ئێمە دڵنیاین کە هەموو کەسێکی شەڕافەتمەند بە بیستنی هەواڵی جەنایەتی حیزبی دێموکرات لە هەورامان ئەو حەقە بە کۆمەڵە دەدا کە وڵامێک بەو جەنایەتە بداتەوە و ئەو کەسانەی کە تاوانی هەورامانیان

[1]– حادثەی اورامانات و موضع کومەلە در برابر آن.

خولّقانــدووه بە ســزای خۆیــان بگەیەنــێ، بەڵام خــاڵی بەهێــزی ئــێمە تەنیــا وڵامدانەوە بەو مەســـەلەیە نیــیە، بەڵکــوو خــاڵی بەهێــزی بەرژەوەنــدییەکانی خەڵکــی زەحمەتکێشــی کوردســـتان و جــووڵانەوەی شۆڕشــگێڕانەی خەڵکــی کوردستانە."[1]

بەداخەوە دوای ئەو وتارە کە هەڕەشەی پێوە دیارە، چونکە بەئاشکرا حەق بە خۆیــان دەدەن لە هەورامــان شــەڕ ســاز بــکەن و ئەو کەســانە بکــوژن کە بەنەزەری کۆمەڵە لەوێ بەرپرسـایەتی حیزبیـان بـووە. نایشـارنەوە کە باسـی سـزادانی ئەوانە دەکـا کە لەوێ بەرپرسـایەتییان بـووە. کۆمەڵە هەر بەو بیـرو بۆچــــوونەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ وتــــاری تونـــــدوتیژی دژی حیـــــزب لە ڕاگەیاندراوەکانی خۆی بڵاو دەکردەوە. بەجۆرێک کە ئەگەر تەنـانەت حیزبـی دێمـوکرات بەپێــی ڕێکەوتــنەکەی نێــوان دوولایەن، ســزای دەرکردنــی بــۆ ئەنــدامانی خــۆی لە هەورامــان دەرکردبــایە، بەڵام کــۆمەڵە بە زەبــری چەک دەیهەویسـت دەسـەڵاتی خـۆی بە زۆر بەسـەر خەڵکـی هەورامـان و حیزبـی دێمـوکرات لەو نـاوچەیەدا بسـەپێنێ چـونکە ئەو لەسـەر هەیئەتـی لێکـۆڵینەوە نەوەستا کە بڕیاری کۆتایی بدا، کۆمەڵە حیزبی دێمـوکراتی تاوانبـار دەکرد و تەنـانەت هەیئەتەکە گەیشـتە هەورامـان لە یەکەم ڕۆژی لێکۆڵینەوەدا بـوو کە ئەوان هاواریان دەکرد حیزبی دێموکرات هیچ هەنگاوێکی نەناوە.

وەک دەبینــین "لەمەیــدانی پڕوپاگەنــدی سیاســی‌دا، بەداخەوە جەریــانەکە شـێوەیەکی دیکەی بە خـۆیەوە گـرت. هاوکـات لەگەڵ یەکەمـین کۆبـوونەوەی نــوێنەرانی بەڕێــوەبەرایەتی هەردوولا لەبــنکەی دەفــتەری سیاســی لە ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵــوەردا، ڕادیــۆ کــۆمەڵە وتــارێکی تونــدوتیژی بــڵاو کــردەوە و، لەڕۆژەکــانی دوایــش‌دا، ســـەرەڕای لە گۆڕێ‌دابــوونی پێوەنــدیی نێــوان دوو سازمانی نیشـاندانی دڵپاکی لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە، بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە وتارەهان‌دەرانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ توندتر هەروا درێژەی پێ درا.

---

[1]- "پیلانــی جەنایەتکــارانەی حیزبــی دێمــوکرات لەهەورامــان"، "پێشــرەو"، ئۆرگــانی ســازمانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ژمارە ٤، سەرماوەزی ١٣٦٣.

لەو وتـارانەدا کـۆمەڵە ئیـدیعای دەکـرد کە، یەکەم: ڕێبەرایەتـی حیزبـی دێموکراتی ڕاستەوخۆ خەتابار دادەنا. دووهەم: داوای گرتن و ئێعدامکردنی بەرپرسـان و پێشـمەرگەکانی حیزبی لە هەورامـان دەکـرد.(؟ .) سـێهەم- بە ئاشکرا هەڕەشەی لە حیزب دەکرد کە تۆڵە دستێنیتەوە.

هەڵوێستی حیزب سەبارەت بەو دوژمنکاریە، پاش گەڕاندنەوەی هێمنایەتی بۆ نـاوچەی هەورامـان، بریتـی لە لەسـەرەخۆیی و نێشـاندانی حەوسـەلە و چاوپۆشـین لەکـارە بـێ مەسـئوولییەتەکانی کـۆمەڵە، تـا ئەو کـاتەی کـاری هەیئەتی لێکۆلینەوە کۆتـایی پێ بێ و لەسـەر ڕاپۆرتی ئەو هەیئەتە، ئێقدامی پێویسـتی سـازمانی ئەنجـام بـدرێ بەڵام بەداخەوە کـۆمەڵە بە پڕوپاگانـدی دوژمنانە و وتارە ڕادیۆیی‌یە توندوتیژ و پڕ لە هەڕەشـەکانی خۆی نیشـانی‌دا کە بۆ کاری هەیئەتی لێکۆڵینەوە مەگەر ئەوە کە هەمـوو ئیدیعاکانی کۆمەڵەی قەبووڵ کردبایە ئەگینا هیچ بایەخێکی دانەنا. هەربۆیەش لە پێشـدا وتارەکانی ڕادیۆی خۆی کۆ کردەوە و لە نـامیلکەیەک بەنـاوی "کارەسـاتی هەورامـان" دا بەڕەسـمی چـاپ و بڵاوی کـردنەوە کە ئەمە بە مانـای بێ ئێحترامـی تەواو بە ئاکـامی کـاری هەیئەتـی لێکـۆڵینەوە بـوو. لە پـاش ئەوەش بە بڵاوکـردنەوەی نووسراوەیەک لەژێر سەردێری: "هێرشی چەکدارانە بۆسەر کۆمەڵە نیشـانەی نیگەرانـی و دامـاوی بـورژوازیی کـوردە" بە ئیمـزای "عەبـدوڵلا مـوهتەدی" سـکرتێری گشـتی حیزبـی بە نـاو "کۆمۆنیسـتی ئێـران" (کـۆمەڵە) لە گۆڤـاری "کۆمۆنیسـت" ژمـارە ١٥ (سـەرماوەزی ١٣٦٣) دا، ئەوپەڕی بێ مەسـئولییەتی خۆی و ئێعلانی شەڕی بە ئاشکرا لەگەڵ حیزبی دێموکرات نیشان دا.

سـەرەڕای هەمـوو ئەوانە، هەیئەتێکـی لێکـۆلینەوە هەروا شـێلگیرانە کـاری خۆی درێژە پێدا، حیزبی دێموکراتیش بێ‌دەنگی و لەسـەرەخۆیی خۆی لەگەڵ چـــاوەڕوانییەتی هەروا پاراســـت و ئـــاخرەکەی پـــاش ئەوە کە دوایـــین کۆبوونەوەی هەیئەتـی لێکۆلینەوە لەیەکی ڕێبەندان(١٣٦٣) دا بـۆی دەرکەوت کە بەهـۆی هەڵوێسـتی دوژمنـانەی ڕێبەریـی کـۆمەڵە کە نـرخ بـۆ کـاری کۆمیسیۆنی تەحقیق دانانێ و تەنیا دەیهەوێ ئەو کۆمیسیۆنە ئیدیعاکانی بۆ پەسند بکا، ئەو هەیئەتە ناتوانێ بە هیچ نەتیجەیەکی هاوبەش بگا، بڕیاری‌دا

سەرلەنوێ کۆبوونەوەیەکی دیکە لە نێو بەڕێوەبەرایەتی هەردوو سازمانەوە واتە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە پێک بێ، کە لە نەکاو خەبەری جینایەتی سامناکی کۆمەڵە لەشەوی ٦ی ڕێبەندان لە هەورامان دا وەک بۆمبێک لە فەزای سیاسی – نیزامی کوردستان دا تەقییەوە".[1]

ڕاستییەکان وەک ڕۆژی ڕوون وایە مەگەر ئەوە بە مانای ئەوە نییە، کۆمەڵە لە ڕۆژی یەکەمەوە گوێی بە کار و لێکۆڵینەوەی هەیئەت نییە تەنیا قسە، قسەی خۆیەتی؟ ئەوەی گرینگە کۆمەڵە لەسەر گیان لە دەستدانی دە کەسیان دەیهەویست بە خەڵکی کوردستان بڵێ ئەوانە ئێعدام کراون ئەوە لە کاتێکدا بوو هەڵایساندنی شەڕ نەک بێلایەنیی کۆمەڵەی تێدا نەبووە، بەڵکوو ئاژاوەگێڕی سەرەکی بۆ دروستبوونی شەڕ ئەوان بوون و یەکەم فیشەک ئەوان تەقاندیان. ئەوان لە بیریان چۆتەوە کە لە "گڵێیە"ی مەریوان بە شێوەیەکی زۆر نابەرپرسیارانە ٥ کەسی حیزبیان بێئەوەی گوللەیەک بتەقێنن، ئێعدام کرد. تەنانەت خەڵکی گڵیە کە مامۆستای ئاینییان لەگەڵ بوو و هەوڵیان دا پێش بە ئێعدامی ئەوانە بگرن، لە لایەن کۆمەڵەیییەکانەوە بێڕێزییەکی زۆریان پێ کرا.

دوای تەقە و لێکدانی هەورامان لە ٢٥ـی خەزەڵوەر کادر و پێشمەرگەی حیزب لەسەر داوای ڕێبەرایەتی حیزب، هاوکاریی کۆمەڵەیان کرد و ئەوەی لە توانایاندا بوو بە کردەوە سەلماندیان کە ئەگەر ڕووداوی هەورامان دەستپێشخەریی حیزبی تێدا بایە بە نیازپاکییەوە شان بەشانی ئەفرادی کۆمەڵە هاتوچۆیان نەدەکرد و تەنانەت ڕێگایان نەدەدان کە بە نێو بنکەکانی حیزبدا هاتوچۆ بکەن، لە ڕاستیدا ئەوە سیاسەتی دروست و ئوسوولی و دڵسۆزانەی حیزب بوو سەرەڕای ئەوە کە کۆمەڵە حیزبی دێموکراتی بە دوژمنی خۆی دەزانی.

بەداخەوە لەلایەکی دیکەوە هەر ڕۆژێک دوای ٢٥ی خەزەڵوەر، کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بڕیاری دا کە تۆڵە دەکاتەوە هەر لە هەورامانیش دەستی

---

[1]– بڕوانە "کارەساتەکانی هەورامان" کوردستان ژمارە ١٠٢

خۆی دەوەشێنێ، دواتر بەڵگەکانی ئەو ئیددیعایە دەخەینە ڕوو کە چۆنیان پیلان گێڕاوە.

کۆمەڵە نەک هیچ شتێکی حیزبی دێموکراتی بەلاوە پەسەند نەبوو بەڵکوو کۆسپیشی بۆ دروست دەکرد و وتار و نامیلکەی دژی هەر بڕیارێک یا کردەوەیەکی حیزب بڵاو دەکردەوە. کاتێک حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ٦ی خۆیدا "کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم"ی پەسەند کرد و ڕەخنەی لە سوسیالیزمی مەوجوود گرتبوو کە خەڵک دەبێ ئازادیی هەبێ سەردەمی نیزامی "توتالیتر" کۆتایی پێ هاتووە، هەروەها سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک ئامانجی دوارۆژ پەسەند کرد، کۆمەڵە بەوەش هەڵبەزینەوە و لە "پێشڕەو"[1] ژمارە دە، پاشکۆیەکی چەند لاپەڕەی بە پێنووسی "جەعفەری شەفیعی" بڵاو کردەوە کە لەڕاستیدا تەنیا هێندیک وشەی کۆن و سواوی لێ دەبنیران و ڕەخنەی توندی لە کورتەباس گرتووە تەنانەت بە حیزبی دێموکراتی دەگوت: **"ئەوە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری بۆ ئێمە بە دیاری دێنێ"** بە کردەوە ئەوەی دوکتور قاسملوو لەوسەردەمەدا باسی ئەو بابەتەی کرد کە شتێکی نوێ لە جیهان دابوو وەک ئەوە دەچوو کە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی چۆمێکی گەورە مەلە بکا. دواتریش دەرکەوت کۆمەڵە چەندە لە هەڵە دان چونکە هەر دوو یا سێ ساڵ دواتر "گلاسنوست و پروستریکا" دەریخست کە کورتەباس چەندە نامیلکەیەکی سەردەمیانە و ئاڵوگۆڕی قووڵی کە تێیدا باس کرا بە تەواوی وەدیهات, چەند ساڵ دواتر و بە ڕووخانی دیواری بێرلین و تێکقرمانی سوسیالیزمی مەوجوود دەرکەوت کە بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو دروست بوون و ئەو دێموکراسیەی لە کورتەباسدا باس کرا پێشبینییەکی دەقیق لە ئاو هاتەدەر و یەکییەتی سۆڤییەت لێک هەڵوەشا. هەرچەند پێش ئەوەی پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆن لە یەکییەتی سوڤیەت بێتە پێش ڕێکخراوە چەپ و مارکسیستەکان تووشی قەیران و تەنگژە بوون، چونکە ڕێبەرانی ئەو سازمانانە بەرنامەی ستراتیژی

---

[1] - پێشڕەو"ضمیمە"١ شمارە ١٠، ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران- کۆمەڵە، ٣٠ سەرماوەزی ٦٣" حزب دمکرات: سوسیالیزم یا سرمایەداری؟"

و تـاکتیکی خۆیـان نەک لەڕووی واقعییـاتی ژیـان، واتە مـافی ڕەوای خەڵکـی، بەڵکـوو لەڕووی ئەو کتێبـانەی کە فڕیـان بە کۆمەڵگـای کوردسـتانەوە نەبـوو دادەڕشت هەر بۆیەش نەیانتوانی پێگەی کۆمەڵایەتی بەهێزیان بێ.



پێشڕەو

ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران - کومەڵە

ترجمه فارسی ضمیمه ۱ پیشرو کردی شماره ۱۰ (۳۰ آذرماه ۶۳، ۲۱ دسامبر ۸۴)

# حزب دمکرات: سوسیالیسم یا سرمایه داری؟

بحث کوتاهی درباره:

"بحث کوتاهی درباره سوسیالیسم"

جعفر شفیعی

آزادی. برابری. حکومت کارگری

دوکتور قاسملۆو شەڕی دەکرد لەگەڵ ئەوانەی سوسیالیزمیان ڕەد دەکردوە ڕێبەرانـی کـۆمەڵە ئێسـتاش بە دەیـان کیلـومیتر لەو سوسـیالیزمە دوورن کە دوکتور قاسملوو لە کورتە باسدا باسی کردوە.

حیزبی کۆمۆنیسـتی ئێران و لقەکەی کۆمەڵە سـەرەڕای ئەوەی لە مێژ بـوو تووشی قەیرانێکی قووڵی سیاسی و فیکری بوون، گلاسنۆسـت و پرۆسـتریکا زیاتر تووشی سەرلێشـیواوی کرد. بەپێچەوانەی دەرکی واقعییەتی کۆمەڵگـا، قووڵبوونەوە و چڕبوونەوەی نـاکۆکی نێوخـۆیی لەلایەک و، لەلایەکی دیکەوە بەتـایبەتی لە نێـوان لقـی کوردسـتانی و سـەهەند، لەنێـو ئەوانەی هێنـدێک

لایەنگری خەباتی چەکداری مابوون لەگەڵ ئەوانەی بوونە ئوروپانشین. ئەوە واقعیەتە تا چەند ساڵ دوای گلاسنۆست، کۆمەڵە و "حکا" نەیتوانی موازیعی خۆی ئاشکرا بکا، چونکە زۆر لە ڕەوتی ڕووداوەکان وەدوا کەوتبوون، نەشیدەتوانی بێ لایەن بمێنێتەوە، ئەگەرچی سەرانی کۆمەڵە دواتر ناچار دەبوو هەڵویستی خۆی دەرببرێ، کە دەری نەبڕی، چونکە سوسیالیزمی دێموکراتیک مەسەلەیەک نەبوو هەروا بەسانایی پشگوێ بخرێ و بەلای دا تێپەڕی، هەربۆیەش بوو بە کێشەکی فیکری نێو کۆمەڵە و ئەویش بوو بە یەکێک لە کێشەکانی دیکەیان و زیاتری بەرەو ئینشعاب و لێک بڵاوبوون نزیکی دەخستنەوە.

## خەنجەر لێدان لە حیزب لە ٦ی ڕێبەندان

دوای ئەوەی هەیئەتی وتووێژ ناتوانێ بە هیچ نەتیجەیەکی هاوبەش بگا، بڕیاری‌دا سەرلەنوێ کۆبوونەوەیەکی دیکە لە نێو بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات پێک بێ، بەڵام کۆمەڵە گوێی بەو بڕیارەی هەیئەت نەدا و لە سەرەتای مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٣دا، بڕیاری جێبەجێ‌کردنی زەبرێک لە حیزبی دێموکراتی خستە بواری جێبەجێ کردنەوە، دیارە ئەو بڕیارە هەر ڕۆژێک دوای شەڕی هەورامان درابوو بەم شێوەیە:

**"ئەگەر ئێمە ئەو حەرەکەتە نادیدە بگرین، ئەگەر ئەو حەرەکەتە نیزامییەی حیزبی دێموکرات وڵامێکی نیزامیی لە ئێمە وەرنەگرێ حیزبی دێموکرات دەسەڵاتی لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان سەقامگیر دەکا، بەو مانایە کە ئینسان ڕێگای نییە تەبلیغاتی کۆمۆنیستی بکا. ئەوە شتێک بوو کە کۆمەڵە ملی بۆ ڕانەدەکێشا. لە ئاکامدا سیاسەتی ئێمە بوو بەوە دەبێ حیزبی دێموکرات وڵامێکی نیزامیی وەرگرێتەوە."[1]**

**"کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە دوای شکستهێنانی وتووێژ بەجۆرێک ئۆلتیماتۆمی بە حیزب دابوو. بڕیاری وابوو کە لە هەورامان زەربەیەکی قورس لە چەند دەستە لە حیزبی دێموکرات بدا کە پێش بە هێرشەکانی حیزبی دێموکرات لە داهاتوودا بگرێ."[2]**

---

1- وتووێژی خالید عەلیپەنا لەگەڵ مەنسوور حیکمەت

2 - "رقابت کور" محمد سیار، صفحه ١٠٤.

ڕێبەرانی کۆمەڵە بەو بڕیارە نامەسئولانەیە شەڕێکیماڵوێرانکەریان لە کوردستان هەڵایساند، لە ڕاستیدا کۆمەڵە نەیدەتوانی لەو بڕیارە پاشگەز بێتەوە. بە دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیست و هاتنی مەنسوور حیکمەت بۆ نێو تەشکیلاتی کۆمەڵە و داگیرکردنی ئەو تەشکیلاتە و بەدەستەوەگرتنی سوککانی کۆمەڵە و تێکەڵاوبوون لەگەڵ ڕێبەرانی توندڕەوی کۆمەڵە، هەموو هیوایەکی بۆ پێکەوە هەڵکردن و هاوخەباتی هێدیهێدی کەمڕەنگ کردەوە و دواتریش سڕییەوە. لەگەڵ ئەوەی کە حیکمت ئاگای لە بڕیارنامەی کۆنگرەی دووی کۆمەڵە بوو باشی دەزانی کە هەنگاوەکانی داهاتووی کۆمەڵە نواندنی توندوتیژی لە بەرامبەر حیزبی دێموکراتە و بە چ ئاقارێکدا ئاراستەی پێبدا. ئەوەیکە حیکمت لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرد نیشانەی باوەڕی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەیە سەبارەت بە حیزبی دێموکرات، هەر لەوکاتەدا تەواوی دانیشتن و بیروڕا گۆڕینەوە بۆ چارەسەری کێشەکان لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە بێ بنەما بوو و ئوسوولەن کۆمەڵە باوەڕی بە چارەسەری کێشەکە نەبوو. سەیر ئەوەیە ئێستا دەردەکەوێ لە شەڕی نێوخۆییدا ڕێبەرانی کۆمەڵە کامیان ئەو کات سوورتر بوون لەسەر درێژەکێشانی شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات. کاک عەبدوڵڵای موهتەدی دەڵێ:

**"من داوام کرد با شەڕ دژی دێموکرات ڕابگرین، تەنها من دژی ئەو شەڕە بووم. دەمێک پێش ئەوە پێم وابوو دەبێ ئاگربەستی یەکلایەنە بدەین لەگەڵ حیزبی دێموکرات، "سەید برایم" و ئەوان پێیان وابوو ئەوە ئاڵای شکستە و ئاڵای سپیم هەڵکردووە."**[1]

بەڵام ئەو پاڕاگرافەی خوارەوە بخوێننەوە جیاوازیی ئەو دوو بۆچوونەتان باشتر بۆ دەردەکەوێ.

**"[...] کاتی ڕاگەیاندنی بڕیارەکە بەم جۆرە بووە: عەبدوڵڵای موهتەدی، سکرتێری یەکەمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئەوکات، لە چەند مەورددا گوتبووی کە من لە کۆبوونەوەی هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات**

---

[1] – ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی، لاپەڕە ٢٣٩.

**لە شەوی ٦ی ڕێبەنداندا موخالف بووم. چەند ساڵ دواتر، من و چەند کەس لە دۆستان میوانی ماڵی یەکێک لە ڕەفیقەکان لە "لەندەن" بووین. عەبدوڵڵای موهتەدی کە لەو میوانی‌یە بەشدار بوو، جارێکی دیکە بەحسی هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات لە شەوی ٦ی ڕێبەنداندا کرا و گوتی: "لە کۆبوونەوەی بڕیاری هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات من موخالف بووم، من لە کاتی قسەکردن لە گوندی "مەعلوومە" بووم." لە دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە عەبدوڵڵای موهتەدی بۆ ئەندامانی تەشکیلات لە گوندی مەعلوومە کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەدا بێجگە لە باس لە پێوەندیی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات، هێرشی غەیری دێموکراتیکی حیزبی دێموکرات بۆ سەر پێشمەرگەی کۆمەڵە، لەبارەی زەروورەتی هێرش کردن بۆ سەر حیزبی دێموکرات قسەی کرد و ئاخرین وتەکانی بەو وتەیە کۆتایی پێ هێنا: "من لێرە ڕایدەگەیەنم ئەگەر ٥ میلیۆن خەڵکی کوردستان موخالفی ئەو شەڕە بن، من خۆم بەتەنیا موافقی ئەو شەڕە دەبم."**

**من زۆر زوو بە قسەی کاک عەبدوڵڵا هەڵبەزیمەوە و دوایین قسەکانی لەو کۆبوونەوەیەم وەبیر هێناوە. "جەمیل محەممەدی" کە لەو میوانییە بەشدار بوو قسەکانی منی قەبووڵ کرد، ڕووی لە کاک عەبدوڵڵا کرد گوتی: "من ئەو ڕۆژە بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە بووم، تۆ ئەو قسەیەت کرد." عەبدوڵڵا موهتەدی گوتی: "لە ڕاستی‌دا من ئەو مەسەلەیەم باش لەبیر نییە، بەڵام ئەگەر بەو جۆرە قسەم کردبێ، من ئەو کاتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بووم، دەبوو قسەکانی کومیتەی ناوەندی بڵاو بکەمەوە."[1]**

بەڵێ، ڕوونە ئەمجۆرە لێدوان و بڕیاردانە چی لێ شێن دەبێتەوە و لەوەش سەیرتر نکۆڵی لەو بڕیارە ئاگاهانەیە دەکا. ئەو جۆرە بڕیاردانە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ فتوای خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکوو زۆریش بێبەزیی‌یانەترە چونکە ڕێژیمی کۆنەپەرستی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو تینووی دەسەڵات و سەرمەستی سەرکەوتن بوو، بەڵام کۆمەڵە

[1]– "رقابت کور"، محمد سیار صفحه ١٠٥.

حیزبێکی کوردی بوو کە لە ڕەواڵەتدا خۆی بە پێشڕەو و پلۆرالیست دەزانی... ئەگەر ئێستا کە دۆستایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات هەیە حاشا لەو قسە و بڕیارە دەکا! هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ چونکە وتەکانی دەیسەلمێنی کە دوژمنایەتیی حیزبی دێموکراتی لە کۆماری ئیسلامی پێ گرینگتر بووە. ئەو وتەیەی سەرەوە کە ئاماژەی پێ کرا دەڵێ "**دەبوو قسەکانی کۆمیتە ناوەندی بڵاو بکەمەوە**" دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە حیزبی دێموکرات وەک دوژمنی سەرەکی خۆیان چاو لێ بکەن. هەر لەو بارەیەوە بەڵگەی دیکەش هەیە، چەند ساڵ دوای شەڕ، کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لەسەر درێژەکێشانی شەڕ سوور بوو، تەنانەت کاتێک ئاگربەستی دوای کۆنگرەی ٨ی حیزب و پێش کۆنگرەی ٦ی کۆمەڵە، لەگەڵ "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" یەک لایەنە ڕادەگەیەنن، بە پێشنیاری مەنسووری حیکمەت لە کومیتەی ناوەندیی باس لە ئاگربەس دەکرێ، بەڵام کاک عەبدوڵڵا و لایەنگرانی هاوڕا نین لەگەڵ پێشنیاری مەنسوور حیکمەتدا و بەوە ڕازین تەنیا لەگەڵ "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" ئاگربەست بکەن. پاش باسێکی زۆر پێشنیاری حیکمت دەکەوێتە بەر دەنگ و عەبدوڵڵا موهتەدی و "سەلاح مازووجی" و "جەواد مشکی" دەنگی بێلایەن دەدەن.[1]

کومیتەی ناوەندیی ئەو کاتی کۆمەڵە بەڵگەنامەیەکیان چاپ کرد کە شەڕی حیزب و کومەڵە لەسەر «هێژموونی لە کوردستان»، «هێژموونی لەسەر جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان» و «ڕێبەریی جووڵانەوە لە کوردستان » بووە،[2] کە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی و لایەنگرانی لە داڕێژەرانی سەرەکیترین لایەنگەرانی ئەو بەڵگەیە بوون.[3]

---

1- جمعبندی از بحث ارزیابی ٥ ماه جنگ ما و حزب دمکرات

2- بلاڤۆکی ئیسکرا، ژمارەی تایبەتی ڕەشەممەی ١٣٨٢

3- ئەو بەڵگەنامەیە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەوە هاتە بەرباس و هەر ئەو بەڵگانەن کە لە نووسراوەکانی مەنسوور حیکمەتدا ئاماژەی پێکراوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کردوە. ناوبراو تەنانەت ئەو بۆچوونەی ڕێبەریی کۆمەڵەی وەک باسێکی ناسیۆنالیستی خوێندۆتەوە، هەر بۆیە ئەو وتەیەی بۆ بەکار هێناوە، «راستروی سیاسی و چپروی نظامی». دیارە

لەلایەکی دیکەوە کاتێک ئەو بڕیارە دەدەن هەموو فەرماندە و مەسئوولی کومیتە ناحیەکانیان ئاگادار دەکەنەوە، کە خۆیان ئامادە بکەن لە یەکەم دەرفەتدا هێرش بکەنە سەر حیزبی دێموکرات. بڕوانە ئەو بەڵگەیە:

"وردەوردە ڕۆژی چارەنوسسازی ٦ی ڕێبەندان نزیک دەبۆوە و وتوویژەکان ئاکامێکیان لێ نەدەکەوتەوە. زستان هات و بەفر هەموو شوێنێکی داگرتبوو، لە ڕێبەنداندا بە یەکگرتنمان لەگەڵ پێشمەرگەکانی ناوچەی دیواندەرە هێزێکی گەورەترمان پێک هێنابوو. ئێوارەی ڕۆژی ٥ی ڕێبەندان فەرماندەی گوردانەکەمان ئاگاداری کردین کە سەرلە بەیانی [ڕۆژی] دواتر تۆڵە لە دێموکرات دەکەینەوە."[1]

لە گوندی "ڕەنگەڕێژان"ی سەقز لکێک پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەفرادی کۆمەڵە لەوێ دەبن یەکێک لە ئەفرادی کۆمەڵە بە چەکەوە خۆی تەحویلی پێشمەرگەکانی حیزب دەدا (کە برایەکی پێشمەرگەی حیزب دەبێ) ئەفرادی کۆمەڵە لە پێشمەرگەکانی حیزب داوا دەکەن کە ئەو کەسە بێئیجازە هاتووە و تەحویل ئێمەی بدەنەوە. ئەو ڕۆژە دەمەقرە و بەرخوردی لەفزی دروست دەبێ، وەک پیشەی خۆیان کۆمەڵە هەمیشە ئامادەی شەڕ بوون، بەتایبەتی لەو ناوچەیە، شوێنی ستراتێژیی دەورووبەری گوند و سەربانەکان دەگرن و تەنانەت ئەو ڕۆژە پەیام بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە دەنێرن کە لکێکی ٦٠ کەسی هەڵکەوتووە با تۆڵەکە لێرە بکەینەوە.[2]

---

ناوبراو شەڕی حیزب و کۆمەڵەی بە شەڕێکی لاوەکی زانیوە و دەیگوت دەبێ حیزبی دێموکرات کۆنترۆڵ بکرێ، بەڵام کاک عەبدوڵڵا موهتەدی درێژەکێشانی شەڕ لەگەڵ حیزبی بە پێویست زانیوە. چونکە لە کاتی نووسینی ئاگربەست کە مەنسوور حیکمەت پێشنیاری دەکا، عەبدوڵڵا موهتەدی، جەواد مشکی و سەلاح مازووجی دەنگی "ممتنع" دەدەن و کاک برایم عەلیزادە پێشوازیی لێدەکا و سەرەنجام مەنسوور حیکمەت هێژموونیی خۆی دەسەپێنێ و بەڵگەنامەکانی کومیتەی ناوەندی نەقد دەکاتەوە و بۆچونی خۆی دەسەپێنێ.

[1] کتێبی "ئەڤین و قین" (هەنگاوێک بەرەو تێگەیشتن لەڕابردوو) مەعروف کەعبی، لاپەڕە ٨٦.

[2]– بڕوانە کتێبی "ئەڤین و قین" (هەنگاوێک بەرەو تێگەیشتن لەڕابردوو) مەعروف کەعبی

وەک لە بەڵگەنامەکانی مەنسوور حیکمەتیش دەردەکەوێ کە وتوویژ دوای ٢٥ی خەزەڵوەر تەنیا بۆ خۆئامادە کردن بووە چونکە هەموو نووسراوە و بەڵگە نهێنییەکان باس لەوە دەکەن کە سزادانی تاوانباران تەنیا بۆ فریودانی خەڵک بووە بۆ ئەوەی کۆمەڵە خۆی مەیدانی شەڕ دیاری بکا.

بڕوانە ئەو بەڵگەیە: "هەردووک ناوەندی "ئاژوان"ی حیزبی دێموکرات و کومیتەی ناحیەی جنووبی کۆمەڵە هاتوچۆیان پێکەوە هەبوو، بەڕواڵەت لە دیدارەکاندا پێیان لەسەر شەڕ سازنەکردن و گەورە نەکردنەوەی شەڕەکە دادەگرت و قەولیان ئەدا کە ئەوپەڕی هەوڵیان ئەدەن بۆ ئەوەی کێشەکەی هەورامان چارەسەر بێت و تاوانباران بە خەڵک بناسێنن. من لە یەکێک لەو سەفەرانەدا کاک باباعەلی مێهرپەروەر و کاک "عومەر شەریفزادە" لە نوێنەرایەتیی حیزبەوە کردیان بۆ "عەوەڵان" ئەگەر هەڵە نەبم لەگەڵ کاک "تاهیر خالیدی" و "عەبدوڵڵا هوشیاری" کە بەرپرسی کۆمەڵە لە جنووب بوون، دانیشتن، شەو لەلای ئەوان خەوتین و بەیانییەکەی بە ڕێزەوە ڕەوانەیان کردین. من خۆم شەوەکەی لەلای کاک "حەمەی ئاسنگەران" و "شوکروڵڵای خەیرابادی (شۆکێ)" و "ڕەحمان مرواری" خەوتم، جەوێکی دۆستانە و گەرم بوو. تا نزیک بەیانی نەخەوتین و بەیەکەوە باسی وەزع و هۆی شەڕەکەی هەورامانمان کرد. حەوتوویەک دواتر حەمەی ئاسنگەران و "سروە ناسری" هاوژینی ئێستای کاک برایم عەلیزادە، بۆ سەردانی کاک باباعەلی و من هاتنەوە بۆ بنکەی ئێمە لە "نەرمەڵاس" و شەوێک میوانمان بوون. سروە خەڵکی مەریوان بوو و پێش لە پێشمەرگایەتی لەگەڵ بنەماڵەی کاک باباعەلی دۆستایەتی بنەماڵەییان هەبوو.ساڵی ١٣٦٨ دوای نەمانی شەڕی نێوانمان،[1] لە "شلێر" کاک حەمەی ئاسنگەرانم بینییەوە و باسی ئەو دیدارانەمان کرد کاک حەمە بێشاردنەوە وتی: (ئەو جارە من و سروە هاتنی لای ئێوەمان کردبووە بیانوو، دەنا بە مەئموورییەت هاتبووین تا لە نزیکەوە

[1]- مەبەستی حاتەم مینەبەری لە نەمانی شەڕ لەو ڕێکەوتە لە نێوان کۆمەڵە و "حدکا ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕە".

بنکەی ئاژوان شناسایی بکەین). لای من ئەم کردەوە، جگە لە بارە دوور لە ئەخلاقییەکەی کە هەر کەس بیکا خراوە، دەریشی دەخات کە بڕوای کوێرانە بە ئیدۆلۆژییەک، چەندە ئینسان لە ناوەرۆکی مرۆڤانەی خۆی خاڵی دەکاتەوە."[1]

بڕوانە ئەو بیر و فیکرەی کۆمەڵە کە چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە خەنجەر لێدەدەن، هێندە بە بیرێکی تەسک و دواکەوتووانەوە دەیانڕوانییە بوونی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگای کوردەواری کە لەگەڵ ئاوی کانیاوەکانی کوردستانیش ناڕاست بوون و بەردەوام دوای خواردنی یان سەرچاوەکەیان کوێر کردۆتەوە یان لێڵیان کردووە.

" لەلایەکی دیکەوە لەسەرەتای مانگی ڕێبەنداندا دەستەیەک پێشمەرگەی حیزب دەست بە گەشتێک بۆ ناوچەی "ژاوەرۆ" و "کۆماسی" دەکەن کە بەرنامەیان ئەوە دەبێ لە ڕۆژی دووی ڕێبەندان لە گوندی "گڵیە"ی مەریوان جێژنی دووی ڕێبەندان بگرن، کە دوو مەبەستی تایبەتی تێدا بوو: یەکیان کە جێژنی دووی ڕێبەندان ڕازاوە ڕاگرن کە خەڵکێکی زۆریش لە مەریوان و دەوروبەر بەشداریی دەکرد، دووەمیان یادێک لەو شەهیدانە بکەنەوە کە ساڵێک پێشتر لە مانگی سەرماوەز لەو گوندە کۆمەڵە ئێعدامی کردن."[2]

"محەممەد سەییار" لەم بارەوە لەلاپەڕەی ١٠٢ی کتێبەکەیدا "رقابت کور" دەنووسێ:

"لە سەرەتای مانگی ڕێبەندان، تیمێکی ٧٠ کەسیی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بەرەو ناوچەی "سەرشیو"، "بەرپلە"، کۆماسی و "شامیان" کە لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمدا بوو دەست بەکار بوون. گوندی "دووپلەرە" یەکەم ئاوایی بوو کە هێزەکانی حیزبی دێموکرات بۆ پشوودان لایان دا. کۆمەڵە ١٥٠ پێشمەرگەی خۆی لەو گوندە و گوندێکی نزیکی بە ناوی "بەردەڕەش" دانابوو، لە بەشی هەرە زۆری بەرزاییەکان سەنگەری قایمی لێدابوو. لە

---

[1]– "ئازار و ئەزموون"، حاتەم مینبەری، لاپەڕەی ٢٢١.

[2]– ئازار و ئەزموون"، حاتەم مینبەری

پشت ئەو بەرزاییيانە گوندێک بوو بە ناوی "نەرمەڵاس" کە بنکەی ئاژوانی حیزبی دێموکراتی لێ بوو، کۆمەڵە تەواوی جموجۆڵی حیزبی دێموکراتی لەو ناوچەیە لەژێر چاودێریدا بوو. کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە پاش بەئاکام نەگەیشتنی وتووێژ بڕیاری دا زەربەیەکی گەورە لە حیزبی دێموکرات بدا و لە ڕاستیدا حیزب سزا بدا و سەددێکی لە بەرامبەردا دروست بکا، ئەو بڕیارەشی بە کومیتەی ناحیەی کۆمەڵە ڕاگەیاندبوو."

لەگەڵ حەرەکەتی ئەو ٧٠ کەسەی حیزب لە ئاژوان، فەرماندەهی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەو دوو گوندە (دووپەلەرە و بەردەڕەش) لەگەڵ کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە پێوەندیی دەگرێ و پێشنیاری کرد کە هێرش بکەنە سەر ئەو ٧٠ کەسەی حیزب و هەموویان قەتلوعام بکەن، ئەفرادی کۆمەڵە هەموو شوێنە گرینگەکانیان گرت و ماوەی دوو ڕۆژ پێشمەرگەکانی حیزب لەنێو ئاواییدا مانەوە، کۆمەڵە سەنگەرەکانی چۆڵ نەکرد و چاوەڕوانی بڕیاری کومیتەی ناوەندی بوون، کە بە پێوەندییيەک ٧٠ کەس قەتلوعام بکەن و بکوژن!.

پێشمەرگەکانی حیزب بێئەوەی چووکترین گرینگییەک بە ئەفرادی کۆمەڵە بدەن بەسەر ماڵاندا بڵاوەيان کرد و تا ڕۆژی دوایی پشوویان دا. فەرماندەکانی کۆمەڵە لە تەواوی ئەو ماوە کە ئەوان لە ئاواییدا بوون چاوەڕوانی بڕیاری کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەیان دەکرد کە هێرشێکی کوتوپڕ بکەنە سەر پێشمەرگەکانی حیزب.

بەمجۆرە دەردەکەوێ کە کۆمەڵە بڕیاری خۆی دابوو کە لە هەورامان زەربەی خۆی بوەشێنێ، چونکە لە دوو شوێن هەلیان بۆ ڕەخساوە کە گورزی خۆیان بوەشێنن بۆیەش لەو دوو شوێنە بە ئەنجامیان نەگەیاند هۆکاری دەگەڕێتەوە بۆ تیئۆرییە داتاشراوەکانی کۆمەڵە کە بڵێ شەڕی ٦ی ڕێبەندان ناوچەیی بووە. لە ڕاستیدا ئەو بەڵگانە دەریدەخا کە کۆمەڵە هیچ بنەمایەکی بۆ ئاشتی و وتووێژ نەبووە، وەک دەبینرێ هەیئەتی بۆ وتووێژ هاتووە، بەڵام شناسایی کردووە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەو قسانەی کە لە

سەرەتای دامەزرانییەوە دەیانگوت باوەڕی قووڵیان پێی بوو کە دەبێ حیزبی دێموکرات لە مەیدان دەر بکەن.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و لقەکەی "کۆمەڵە" چەند ئامانجێکی لە شەڕی ٢٥ی خەزەڵوەر هەبوو کە گرینگترینیان وەشاندنی زەبرێکی گەورە لە حیزبی دێموکرات بوو بە مەبەستی بەهێزکردنی ورەی هێزەکانی خۆیان. بۆ ئەوەش بەستێنسازیی دەکرد و هەل و کەشی لەباری بۆ خۆش دەکرد، بۆ نموونە لە ڕۆژی شەڕی یەکەمی هەورامان تا ٦ی ڕێبەندان ئەگەر ڕۆژێ جارێک باسی "ئێعدامی دە کەس"یان نەکردبێ لانیکەم حەوتووی ٣ جار باسیان دەکرد، تا بە خەڵکی کوردستان بڵێن کە حیزب خەڵکی ئێمەی ئێعدام کردووە و بەمجۆرە بواری شەڕێکی سەرانسەری خۆش بکەن! وەک بڵێی ئەوان فریشتە بووبن و لە مێژووی ئەو ناکۆکییانە گوڵیان بەشیبێتەوە. پاشان بە بەردەوامی لە کاتی لێکۆڵینەوەی هەیئەت، کۆمەڵە دەیگوت تاوانباران بناسێنن، واتە پێش ئەوەی ئاکامی لێژنەکە ڕوون بێ، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی بە تاوانبار دەزانی، لەگەڵ باس کردنی ئەو مەسەلانە پەیتاپەیتا هەڕەشەی دەکرد کە تۆڵە لە حیزبی دێموکرات دەکاتەوە و بە هیچ شێوەیەک پاشەکشەی لە بۆچوونی خۆی نەدەکرد تا سەرەنجام عەبدوڵڵای موهتەدی، بێشاردنەوە هەڕەشەی تۆڵە ئەستاندنەوەی لە حیزب کرد.

عەبدوڵڵا موهتەدی لە ژمارە ١٥ی گۆڤاری کۆمۆنیست لە سی سەرماوەزی ١٣٦٣ لە وتارێکدا بە ناوی "هێرشکردنی چەکدارانە بۆ سەر کۆمەڵە، هێمای بێهیوایی و ترسی بورژوازیی کوردە" ئاوای نووسیوە:

**"لە کوردستاندا ئێوە تەنیا لەگەڵ دوو ڕەوتی جیاوازی بورژوازی و پڕۆلتاریا ڕووبەڕوو نین، بەڵکوو لەگەڵ سێگۆشەیەکی چینایەتی- سیاسی بەرەوڕوون. سێگۆشەیەک، کە دوو گۆشەی بورژوازی و گۆشەیەکیشی پڕۆلیتاریە، بەم حاڵەشەوە هەڵەیەکی زەقە کە پێمان وابێ تەنیا لە ڕێگەی سیاسییەوە دەتوانین ڕووبەڕووی هێرشی چەکدارانەی بورژوازیی کورد ببینەوە لە کوردستاندا، گەیشتن بە دۆخێکی دیاریکراوی لەم شێوەیە لە**

**خەباتی سیاسی- چینایەتی لە کوردستان پێویستی بە ئامادەباشییەکی گشتگیر هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەمەلایەنە لەگەڵ هەرچەشنە دژایەتییەکی دوژمنکارانەی بورژوازیدا. هەروەها پێویستی بە ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی پراگماتیک هەیە کە قەناعەت بە حیزبی دێموکرات بێنێ کە ئەو کارەی بێئەنجامە و سوودی نییە و ئەگەریش بیکا، بەتەواوی پەشیمان ببێتەوە."** [1]

یەکێک لە کەموکووڕییەکانی ئەو کاتی حیزب ئەوە بوو کە ئەو هەڕەشەیەی بەجیددی وەرنەگرت، بۆیەش بەجیددی وەرنەگرت چونکە حیزبی دێموکرات باوەڕی قووڵی بە دۆستایەتی لەگەڵ کۆمەڵە بوو پێی وابوو کۆمەڵە دەتوانێ لە دێموکراسی کوردستان کەڵک وەرگرێ و شانبەشانی حیزبی دێموکرات خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بکا. دوای ئەوەش بەئاشکرا لە مانگی سەرماوەزی ١٣٦٣ لە وتارێکدا ڕایانگەیاند: "بە حەقی بێئەملاوئەولای خۆمانی دەزانین کە لە قودرەت و توانایی هێزی چەکداری پێکهاتووی زەحمەتکێشانی وشیاری کوردستان، هێزی چەکداری کۆمەڵە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو شێوە جەنایەتانە و بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتی دێموکراتیکی "جنبش کوردستان" کەڵک وەرگرین".[2]

---

[1] - "در کردستان شما نه با یک تقابل ساده و دو جانبه بورژوازی و پرولتاریا بلکه با یک مثلث سیاسی - طبقاتی مواجه هستید، مثلثی که دو رأس آن را بورژوازی و یک رأسش را پرولتاریا تشکیل می‌دهد. با این همه اشتباه محض است اگر تصور شود که ما فقط با وسائل سیاسی قادر خواهیم بود و یا قادر بوده‌ایم که جلوی تعرضات مسلحانەی بورژوازی کرد را در کردستان بگیریم. حصول چنین وضعیت معینی در مبارزەی سیاسی و طبقاتی در کردستان به داشتن آمادگی کامل برای مقابله همه جانبه با هر سطحی از تعرض قهرآمیز بورژوازی، و به درپیش گرفتن آنچنان سیاست عملی نیازمند است که حزب دموکرات را به عبث بودن چنین اقدامی متقاعد سازد و یا در صورت ارتکاب کاملا پشیمان نماید". کمونیست ژماره ١٥

[2] - چرا پاسخ به یورش حزب دمکرات، یک ضرورت انقلابی بود؟ ص ١٣
https://www.iran-archive.com/sites/default/files/2021-07/komala-oraman-001.pdf

لەو وتارەدا موهتەدی هەموو حەقێکی بۆخۆی قایل بوو تەواوی ناکۆکی حیزب و کۆمەڵەی لە ٢٥ی خەزەڵوەردا دەبینی هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە پرۆژەی شەڕی سەرانسەری بەدەستەوە بوو کە بە ئەنجامی بگەیەنێ. ناوبراو لەمانگی سەرماوەزی ١٣٦٣ کاتێک لەکۆمۆنیستی ژمارە ١٥ وتارە بەناوبانگەکەی بڵاو دەبێتەوە ئیدی باسی تێکهەڵچوونەکانی پێشتر ناکا کە لەتەواویاندا کۆمەڵە تاوانباری سەرەکییە، تەنیا مەبەستی ئەو کە بەداخەوە لەئەنجامی سیاسەتی ماسیگرتن لەئاوی قوڕاوی بورژوا فئودالەکانی کوردستانەوە ڕوویان داوە لەبەر ئەوەی دەیزانی پێشمەرگەی کۆمەڵە تاوانبارن. سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەتعنامەی کە لە کۆنگرەی دوو دەریان کرد. دوایی هەر خۆی ڕاستەوخۆ بڕیاری هێرش بۆسەر بنکەی حیزبی لەگوندی "دەرمان" لە هاوینی ١٣٦١ دابوو. هەم لەوەی گوندی "تا" لەناوچەی کامیاران کە بەرپرسی کۆمیتە شارستانی کرماشانیان گەمارۆ دابوو، بووە هۆی تێداچوونی نزیک ١٥ کەس لە هەردوولا، هەروەها باشی دەزانی کە ئەوەی لە ئاوایی "گڵیە" ڕوویدا ئەوان تاوانبار بوون، هەر لەناوچەی مەهاباد هێرشکردنە سەر مینوبوسێک کە تەنیا چەند پێشمەرگەی تێدا بوو، هەروەها ڕووداوەکەی ناوچەی سوێسنایەتی سەردەشت لەگوندی "بەردەسوور" تا تەقە لە جێگر هێزی موعینی نەکەن و شەهیدی دەکەن کەس دەستی بۆ چەک نەبردوە. عەبدوڵلا موهتەدی هیچ کام لەوانە بە بەڵگە ناهێنێتەوە لەبەر ئەوەی تاوانبار بوون و سیاسەتی تەشکیلاتی ئەوان تا ٦ی ڕێبەندان دوژمنایەتییەکی کوێر لەگەڵ حیزبی دێموکرات بووە و ئەو وتارەشی وێنەیەکی بەرچاو بوو لە دوژمنایەتی.

سەرەڕای هەڕەشەکانی کۆمەڵە، حیزب سیاسەتی پێکەوە ژیانی ئارامی تا ٦ی ڕێبەندان گرتە بەر، بەجۆرێک کە تێکەڵاویی زیاتری پێشمەرگەکانی حیزب بۆ دڵنیا بوون لە دۆستایەتی کۆمەڵە درێژەی هەبوو، و بە بەردەوامی ئەفرادی کۆمەڵە سەردانی بنکەکانی حیزب لە هەورامانیان دەکرد. لەو بارەوە

پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات بە ناوی "دارا" کە لەو جەریانەدا حوزووری بووە دەڵێ:

"دوای شەڕی ١٣٦٣/٨/٢٥و ئاگربەس لەنێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دێموکراتدا، پێوەندیی زۆر برایانە لەنێوان کۆمەڵە و دێموکراتدا پێک هات و نزیکایەتی ئێمە گەیشتە ئاستێک کە شەوانە پێکەوە لە شۆشمێ کێشکمان دەگرت و پێکەوە نهێنیی شەومان دادەنا و زۆر بەگەرمی هاموشۆی یەکترمان دەکرد. ڕۆژی ١٣٦٣/١١/٤ عەبدوڵڵا موهتەدی و سەدیق کەمانگەر و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵە و حیزبی کۆمونیست، دەچنە ئاوایی شۆشمێ و لە بنکەی کۆمەڵە دەمێننەوە. ئەو پێشمەرگەیەی حیزب دەڵێ: شەوی ٤ لەسەر ١٣٦٣/١١/٥ لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا موهتەدی و کاک سەدیق کەمانگەر و دەکرێ بڵێم چەندین کەس لە ڕێبەرانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمونیست لە بنکەی کۆمەڵە لە شۆشمێ بووم. تا بەرەبەیانی ڕۆژی ١٣٦٣/١١/٥ خەریکی گاڵتە و گەپ و قسەی خۆش بووین. بڕیار وابوو حیزبی دێموکرات بنکەیەک لە "هانیگەرمەڵە" بکاتەوە و من بۆ ئەو مەبەستە بەیانی زوو بەرەو هانیگەرمەڵە چووم. هەروەک گوتم لەگەڵ کۆمەڵە پێکەوە نهێنیی شەومان دادەنا.[1]"

ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای پێوەندیی لەگەڵ کۆمەڵە، لە لێکدانەوەکانی خۆی تا ئەندازەیەک باوەری بەو فروفیشاڵی شیرین و زمانخۆشی کۆمەڵە هێنا ئەوە لەکاتێکدا بوو کە ئەوان خۆیان بۆ شەڕی ٦ی ڕێبەندان ئامادە دەکرد. دوای ٦ی ڕێبەندان بە تەواوی ڕوون بۆوە کە کۆمەڵە بە پێچەوانەی ئیدیعاکانیان هیچکات پابەند بە ئوسوڵی شۆڕشگێڕی نەبوون و لە گەڵ هەڵسوکەوتی ئەخلاقی سیاسیی بێگانە بوون و لە هەلپەرستی و پەیمانشکێنیدا دەستێکی باڵایان بوو.

حیزبی دێموکرات قەت نەدەبوو وابیر بکاتەوە کە پێی وایە هەموو ڕێکخراوێک وەک حیزی دێموکرات پابەند بە ئوسول و ئەخلاقی سیاسی

---

١- بڕوانە: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا، نووسینی حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٤٩٩.

دەبێ. بۆیە دەبوو لەگەڵ هەر ڕێکخراوێک کە هاوکاری بکا بە جۆرێک پێوەندیی تەنزیم بکا وەک خۆی ناسیبای، نەک وەک ئەوەی ئارەزووی دەکرد.

"شەوی ٥ لەسەر ١٣٦٣/١١/٦ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەچنە "دەرەتفێ" کە گوندی هەوارییەکان بوو لەناو خاکی باشووری کوردستاندا و بنکەی هێز و ڕێکخراوی حیزبی لێ بوو. پێشمەرگە ناوی شەویان لێ دەپرسێت و ئەوانیش (ئەفرادی کۆمەڵە) دەیڵێن و لێی نزیک دەبنەوە و پێشمەرگەکە دەکوژن و دەچنە سەربانی بنکەکە و نارنجەک دەخەنە ناو پێشمەرگەکان و لە پەنجەرەکانیشەوە تەقەیان لێ دەکەن و هەموویان لەخەودا دەکوژن. وابزانم دوو کەسیان بە برینداری ڕزگاریان بوو. لەلایەکی ترەوە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەچنە سەر پێشمەرگەکانی حیزب لە نەوسوود و "تەختەیجەم" کە شیوێک بوو، ماڵی پێشمەرگە و ئاوارەی لێبوو، لەو دوو جێیەش هەرچەندە پێشمەرگەکانی حیزب و هێزی بەرگری وڵامیان دەدەنەوە، بەڵام کۆمەڵە تاوانێکی مەزن دەکەن. ڕێبەرانی کۆمەڵە لەو تاوانەدا، تەنانەت لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی سپای عێراقیش سازابوون تا ئەگەر پێویست بکات لەکاتی تەنگانەدا بە جێیەکدا پاشەکشە بکەن کە نەکەونە سەر مین."[1]

بەو پێیە سەرکردەکانی کۆمەڵە پێش دەسپێکردنی هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزب هەموو ئامادەکارییەکیان کردبوو. هەر لەو پێوەندییەدا کۆمەڵە "محەممەدی شافعی"، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی ڕەوانەی هەورامان دەکا و لەگەڵ بەرپرسان و فەرماندەرانی نیزامیی کۆمەڵە لەو ناوچەیە چەند کۆبوونەوە پێک دێنێ و داوایان لێ دەکا تا ڕۆژی هێرش هەموو وردەکارییەکانی مەقەڕەکانی حیزب و گەڵاڵەکانیان تەحویلی ڕێبەری بدەن. هەروەها پاش ئەوەی ڕێبەرانی کۆمەڵە سوور بوون لەسەر هێرش کردن بۆ سەر حیزبی دێموکرات، لە ڕێگای جۆراوجۆر و زۆر بە نهێنی بەرەبەرە هێزیان ڕەوانەی هەورامان کردوە. بەمجۆرە ٧٠ کەسیان بۆ پەلاماری شەوی

---

١- بڕوانە: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا، نووسینی حامید گەوهەری،

٦ی ڕێبەندان کۆ کردەوە. لەو ماوەیەدا زیاتر سەردانی بنکەکانی حیزبیان دەکرد تا بەوردی شوێنی سەنگەرەکان، نگاهبانی، هاتوچۆ، سەعاتی گۆڕینی نگاهبانی و هەموو کەلێن و قوژبنی لایەنی نیزامیی بنکەی حیزبی هەڵسەنگێنن.

هەروەها ڕێبەرانی کۆمەڵە بۆ ئەوەی لە کارەکەیان شکستی پێوە دیار نەبێ تیمێکی مخابراتی بەهێزیان بۆ کۆنترۆڵی پێوەندیی کومیتەی هەورامان دانا. هەر ئەو شەوەی کە هێرشەکەیان دەست پێکرد ڕۆژێک پێشتر تەواوی ئەفرادی چەکداری خۆیان لە هێرش بۆ سەر بنکەی حیزب ئاگادار کردەوە، لەو پێوەندییەدا بەتەواوی هێزەکانی خۆیان لە سەرانسەری کوردستان حاڵەتی ئامادە باشی لە بەرامبەر هێزی حیزبی دێموکراتدا پێ ڕاگەیاندن تەنانەت هەر ئەو شەوە هێزێکی لە نزیک بنکەی ئاژوان دانابوو کە ئەگەر حیزب هەستی بە نییەتی ناپاکی کۆمەڵە کرد لە بەرامبەردا دژکردەوە لە خۆی نیشان بدا.

بەمجۆرە بەپێی پیلانی لە پێش‌دا داڕێژراوی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە نیوەشەوی ٦ی ڕێبەندانیساڵی ١٣٦٣ هێرش بۆ چەند بنکەی حیزب کە لە نییەتی پاکی پێشمەرگەکان کەڵک وەردەگرن، دەکەن و ١٧ پێشمەرگە و ژن و مێردێکی پیر کە ئەندامی حیزب بوون شەهید دەکەن.[1] تا بەرەبەیانی ئەوەی لە توانایاندا بوو کردیان. ئامانجی سەرەکی کە لەمێژ بوو چاوەڕوانی بوون کوشتنی بەرپرسانی حیزبی بەتایبەت "حەکیم ڕەزایی" لە هەورامان بوو، کە نەیانتوانی بەو ئامانجە قێزەونەیان بگەن، بۆیان گرینگ بوو تا ئێوارێی ٦ی

---

[1]– بەپێچەوانەی ئەوەی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لەکتێبەکەی‌دا ئاماژەی پێکردوە، بەو هێرشە دەڵێن خەنجەر لێدان لەپشتەوە، کەڵکوەرگرتن لە ناوی شەوی هاوبەش ودۆستایەتی کە بۆخۆی دوو شەو پێشتر سەردانی هەورامانی کردوە بزانێ چۆن کارەکە سەرکەوتوو دەبێ. بەڵام بۆخۆی لەکتێبی٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی‌دا دەڵێ: "حیزبی دێموکرات لەپشتەوە خەنجەری لێ داوین." عەبدوڵڵا موهتەدی لە هەموو تەمەنی کۆمەڵە لە ساڵی ١٣٥٧ەوە تا ٦ی ڕێبەندانی ١٣٦٣ تا ئێستاش با بەڵگەیەک بێنێتەوە کە لەکوێ حیزب لەپشتەوە بەخەنجەر لێی داون تا خەڵکی دیکەش بڕوای پێ بکەن.

ڕێبەندان شەڕ درێژە بدەن. کۆمەڵە دیارە بەرنامەکەی زۆر لەوە گەورەتری بوو لە ئەرتەشی عێراق چرا سەوزیان وەرگرتبوو، کە دوای لێدانی بنکەکانی حیزب پشت بەوان دەسپێرن. ئەفرادی کۆمەڵە هەر دوای ئەنجامدانی کارەکەیان بەرەبەیانی ٦ی ڕێبەندان بێ ڕاوەستان ئەوەیان کرد و لە نزیک پایەگای ئەرتەشی عێراق خۆیان حەشار دابوو، ئەگەر تا ئێوارێ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات هێرشیان بۆ بکا بە پشتیوانی ئەرتەشی عێراق بەرگری بکەن و ئێوارێ سەرلەنوێ هێرش بکەنەوە سەر حیزب.

بەرەبەیانی ڕۆژی ٦ی ڕێبەندان لەگەڵ ڕووناکبوونی هەوا کە دیارە خەڵکی ئەو ناوچەیە هەموو پشتوپەنای حیزب بوون، کاتێک هەواڵی هێرشی کۆمەڵە ناوچەی داگرت و بڵاو بۆوە خەڵکی ناوچەکە لەدڕەندەیی بێ وێنەی کۆمەڵە سەریان سووڕمابوو وێڕای پێشمەرگەکانی هەورامان بەرەو داوێنی پایەگای عێراق کە ئەفرادی کۆمەڵە خۆیان لێ حەشار دابوو چوون. پاش شەڕێکی گەرم تەواوی ناوچە و بەرزاییەکانی دەورووبەری ناوچەیان لە ئەوان پاک کردەوە. چەکدارەکانی کۆمەڵە کە لە بەرامبەر هێرشی شۆڕشگێرانەی خەڵک تووشی ترس و سەرلێشێواوی بوون، نەیانتوانی خۆڕاگرن و خۆیان لە پایەگاکانی ئەرتەشی عێراق هاویشت ١٤ کەسیشیان لە پاش خۆیان بەجێ هێشت. ڕێبەرانی کۆمەڵە ئەوە سیاسەتی هەمیشەیی ئەوان بوو دوای هەر هێرشێک فەوری ئاگربەست ڕابگەیەنن. چونکە باشیان هەم هەست بەوە کرد کە شەڕ لەسەرانسەری کوردستان ڕوو دەدا هەم خۆیان بۆ ئامادە کردبوو، لەبەر ئەوەی پێشتر حیزب بەفەرمی لە ڕێگای نامەوە ئاگاداری کردنەوە کە دەست لە ئاژاوەگێڕی لە کوردستان هەڵگرن. ئەوەی پێشتر چاندبوویان، لە ٦ی ڕێبەنداندا دروویانەوە. بناخەی فکریی ئەوان کە حیزبی دێموکراتیان بە نوێنەری بورژوازیی دەزانی، ئەوە بوو هەم زەربەی لێدەن، هەم ئەگەر بتوانن لە تەنیشت زەربە لێدان سازانی لەگەڵ بکەن.

گەلاڵەی هێرشی ٦ی ڕێبەندان، هەروەک کۆمەڵە بۆخۆشی بە ڕەسمی بە "شانازی"یەوە ڕایگەیاند، لە ماوەیەک بەر لەو تاریخەڕا بە وردی لە کۆمیتەی

ناوەندیی کۆمەڵەدا داڕێژرابوو، هەموو ئیمکاناتێکی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئامادە کرابوو. دوایی ئەو کردەوەیەش زۆر بە جیددی عەبدوڵڵا موهتەدی وەستۆی خۆی گرت: "**بۆ مجازاتی بکەرانی ئەو جنایەتە و دانی دەرسێک بە حیزبی دێموکرات..... لە ڕۆژی ٦ی ڕێبەندان لە هەورامان دەستمان بۆ کردەوەیەکی چەکدارانە برد و بە ئاشکرا و بێ شاردنەوەی ڕپاکارانە بەرپرسایەتی ئەو کردەوە وەئەستۆمان گرت.**"[1]

ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیست پێیان وابوو لە باری نیزامییەوە لە حیزبی دێموکرات بەهێزترن و دەتوانن بە لێدانی چەند زەبرێکی نیزامیی حیزبی دێموکرات بە چۆک دابێنن، ئەوەش وەک یەکێک لە تەحلیلەکانی دیکەیان کە لە بێ ئاگاهی لە بارودۆخی کوردستانەوە سەرچاوەی دەگرت.

حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە کە شەڕی بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند چەند مانگ دوای شەڕ هەم لە بواری سیاسی و هەم لە بواری نیزامیی تووشی قەیران هات و سیاسەتی شەڕی گرتە پێش و لە ئاکامدا تووشی لێکهەڵوەشان هات. لەباری سیاسییەوە گۆشەگیر و تەریک کەوتەوە و خەڵکی کوردستان بە تەواوی لێیان بێزار بوو. لەباری نیزامییەوە ئەفرادی خۆی نیوەی لەدەست دا، ئەوەی مابوونەوە لەبەر شەڕی ناوخۆی نێو تەشکیلاتی "حکا" و لقەکەی هیچیان بۆ نەدەکرا.

لەلایەکی دیکەوە حیزبی دێموکرات بۆ شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە نەک خۆی ئامادە نەکردبوو ئەسڵەن بە فیکرشی دا نەدەهات. چونکە لە ناو تەشکیلاتی حیزب نە لە ڕێبەری نە لە کۆمیتە شارستانەکان و نە لە چووکترین ڕێکخراوی حیزبی لەباری سیاسییەوە بەهیچ شێوەیەک پێشمەرگەکانی بۆ شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە ئامادە نەکردبوو، لە کاری سیاسیدا و لە تەبلیغاتدا دژی کۆمەڵە قسەی نەدەکرد و هیچکات بە دوژمنی خۆی نەدەزانی تەنانەت لە زۆر بواردا ڕوحی تەفاهومی لە گەڵ کۆمەڵە لە نێو ڕیزەکانی خۆیدا بەهێز دەکرد. ئەوە لە کاتێکدایە کە کۆمەڵە حیزبی دێموکراتی بە دوژمنی

---

[1]- کۆمۆنیستی ژمارە ١٧ ڕەشەممەی، ١٣٦٣ نووسینی عەبدوڵڵا موهتەدی

ســـەرەکی خـــۆی دەزانـــی. هەر بەو هۆیـــانەوە بـــوو کە کـــۆمەڵە لە کـــاتی دەستپێکردنی شەڕی سەراسەری هەم لە بواری سیاسیی‌دا و هەم لە بواری نیزامییەوە بۆ شەڕێکی سەرانسەری خۆی ئامادە کردبوو.

کاتێـک شــەڕ دەسـتی پێکـرد، لەڕاسـتی‌دا مەسـئولانی حیزبـی دێمـوکرات، کۆمەڵەیـــان بە کەم گرتبـــوو پێیـــان وابـــوو بە بـــێ ئامـــادەگی دەتـــوانن لەبەرامبەری‌دا بوەستن و وایان دەزانی بێ گەلالەی دەقیق دەتوانرێ کۆمەڵە "مهـار" بکرێ، هەرچەنـد ئەو مەسـەلەیە لە هێنـدیک بـواردا ئاکـامی ناخۆشـی لێکەوتەوە، بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە کۆمەڵە نە ئەو هێزە بوو کە خۆی پێی وابـوو هەیە، نە ئەو هێـزەش بـوو کە بـێ ئەهمیـیەت چـاوی لـێ بکەی یـا بە تەواوی نادیدەی بگری.

ئەوان شـەڕی چینایەتییـان دەکـرد و باوەڕیـان بە کـوردایەتی و مەسـەلەی نەتەوایەتی نەبوو. دواتر دەرکەوت کە کۆمەڵە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و کوردایەتی پاش بیست ساڵ سەپاندن و خولقاندنی شـەڕی نـاوخۆیی و دانـی ئەو هەمـــووە تێچـــووە، ئیقراریـــان کـــرد کە لە گـــرتنەبەری ئەو سیاســـەتە پەشیمانن، تەنانەت کاک عومەر ئیلخـانیزادە کە ئەوکـات لەگەڵ کـاک عەبدوڵڵا بەیەکەوە بـوون لە تەلەویزیـۆن ئەمریکـا بە ئاشـکرا ئامـاژەی بە هەڵەبـوونی سیاســەتی پێشــوویان کــرد. دوای جیــا بــوونەوە لەگەڵ حیزبــی کۆمۆنیســت گوتیـان هەڵەمـان کـردووە و جیابوونەوەشـمان زۆر پڕشـەنگدارە!!!. کەوابـوو ئەو مـــاوەی کە شـــەڕ لە نێوانمـــان دا هەبـــوو دەردەکەوێ کە ئەو گـــوللەیەی لەلایەن کۆمەڵەوە بەرەو حیزب تەقێندراوە لە سەر کوردایەتی نەبووە، چونکە بە پێی ئەو بەڵگە و سەنەدانەی کە بۆخۆیان لەلایەن کۆمەڵە و کۆمۆنیستەکان و بە کۆمونیستی کرێکاریشەوە بڵاویان کـردۆتەوە تەنیـا ئامانجیـان وەدەرنـان و لاوازکردنـی خەبـاتی حیزبـی دێمـوکرات بـووە، بەڵکوو بتـوانن خۆیـان وەک تاکەسوار لە مەیدان‌دا نیشان بدەن.

دیـارە کـۆمەڵە دوای ٦ی ڕێبەنـدان خـۆی بە ئاشـتیخواز دەزانـی و ببـووە ئاشتیخواز، هەر دوای هێرشی ٦ی ڕێبەندان بۆ سەر بنکەکانی حیزب، کۆمەڵە

پەیتاپەیتا داوای ئاگربەستی دەکرد بەتایبەتی دوای گرتنی ناوەندی ئاژوان. ڕێبەرانی کۆمەڵە بۆ ئەوەی شتێکیان بە دەستەوە بێ بۆ شەڕ دژی حیزبی دێموکرات، لە هێندێک دەستەواژەی بێبنەما و سواو بە دژی حیزب کەڵکیان وەردەگرت و ئەو دەستەواژانەیان ڕەپاڵ حیزبی دێموکرات دەدا. "**وەک "واپسگرا"، "سەدی ڕێگای پێشکەوتنی جووڵانەوە"، "زەربەلێدان لە جووڵانەوە،" "خائین و خزمەتکاری کۆماری ئیسلامی"،" دژی شۆڕش"و هتد. سەیر ئەوە بوو کە کۆمەڵە حیزبی دێموکراتی ئاوا دەناسی بەڵام بۆ خەڵک و هەموو کەس پرسیار بوو کە چۆن لەگەل حیزبێکی کە دژی شۆڕش بێ و خائین بێ و نۆکەری کۆماری ئیسلامی بێ! ئاگربەست دەکەی!!"**[1]

حیزبی دێموکرات هیچکات نەیویستووە و خوازیاری ئەوەش نەبووە کۆمەڵە لە مەیدانی سیاسی و نیزامیی لەبەین بەرێ قەتیش بیری لەوە نەکردەوە، تەنیا چاوەڕوانی حیزبی دێموکرات ئەوە بوو کە کۆمەڵە واقعییەتێک قەبووڵ بکا کە ویستی خەڵکی کوردستانە و لە گەڵ کۆمەڵگای کوردستان و ڕێکخراوەکانی سیاسی کوردستان بگونجێ، تەنانەت شەرتی حیزبی دێموکراتیش بۆ ئاگربەست و وتوێژ لەسەر ئەو ئەسڵە بوو. بەڵام کۆمەڵە بۆیە داوای ئاگربەستی دەکرد کە هێزەکانی کۆ بکاتەوە و هەناسەیەکی بێتەوە بەرخۆی و بێتەوە ناو خەڵک بۆ تەبلیغات و دواتر لە دەرفەتێکدا جارێکی دیکە لەپشتەوە خەنجەر لێدا.

نیگەرانیی حیزبی دێموکرات لێرەدابوو چونکە بۆچوونی کۆمەڵە سەبارەت بە حیزب نەک ئاڵوگۆڕی تێدا پێک نەهاتبوو بەڵکوو هەر وەک پێشتر بە دوژمنی خۆی و بە هێزێکی دژی شۆڕشی دەناساند. لەو سوێنگەوە بوو باوەڕی بە ئاگربڕی ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە نەبوو، بۆیەش دەیگوت کە دەبێ حیزب بە شۆڕشگێڕ بناسێ دیارە زۆر مەسەلەیەکی سادە بوو، بۆیەش سادە بوو کە کۆمەڵە ئەگەر بڵێ حیزبی دێموکرات شۆڕشگێڕە

---

١- بڕوانە "عامل جنگ افروزی و بروز درگیری کیست، کومەلە یا حزب دمکرات؟" وتاری رادیۆ کوردستان

مانــای ئەوەیە کە لە کوردســتان جــووڵانەویەک هەیە و کــۆمەڵە خۆشــی لەو جووڵانەوەیە وەک خەڵکی کوردستان بەشدارە کە حیزبی دێموکراتیش وەک هێزیکـی ســەرەکی لەکوردســتان هەیە و نەتـیجەی واقعـی ئەو هاوســەنگی و معـادلە ئەوەیە کە دەڵـێ حیـزبیش شۆڕشـگێڕە. ئەوەی کە حیزبـی دێمـوکرات سوور بوو کە کۆمەڵە بە شۆڕشگێڕی بناسێ لەبەر ئەوە نەبوو کە کارنـامەی شۆڕشگێڕی خۆی لە ڕێبەرانی کۆمەڵە وەربگرێ، حیزبێک کە خـاوەنی چەند دەیە ڕابـردووی خەبـات و شۆڕشـی هەیە خەڵکی کوردسـتان و مێـژووەکەی کارنامەی شۆڕشگێڕیی پێ بەخشیوە. گوتنی ئەو وشـەیە لە لایەن کۆمەڵەوە کە حیزبی دێموکراتی بە شۆڕشگێڕ ناسیبا دیارە قەبووڵی واقعییەتی عەینی بوو. هەر لەوکاتەدا پێشی بە شەڕو تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە کوردستان لە نێوان ئەو دوو هێـزەدا دەگـرت و دوژمنـی و دژایەتـی لە نێوانیـاندا لە بەیـن دەچوو و ڕێگای بۆ هاوکاری هەردوو حیزب خۆش دەکرد.[1]

حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران و لـقەکەی ئەو ئامـانجەی بە شـوێنیەوە بـوون یەکەمـین هەنگاویـان بـۆ نـایەوە و بە کوشـتنی چەنـد پێشـمەرگەی حیـزب ڕێبەرانیان تووشی تەوەهوم بوون کە بەو شوعارە گەورانەی هەڵیان گرتبوو واتە خاشەبڕکردنی حیزبی دێموکرات و دابینکردنی حکومەتی پرۆلیتاری کە هیچکات وەدی نەهات و نایە.

لەکـاتی شـەڕی دوو لایەندا، خسـتنەڕووی بیلانێک لەشـەڕ لەگەڵ کۆمـاری ئیسـلامیدا دەردەکەوێ کـام حیـزب بـۆ پارێزگـاری لە خـاکی کوردسـتان و خەڵکی کوردسـتان تاکەسـواری مەیـدانی موبـارەزە بـووە. سـەرەڕای ئەوانە، تەواوی تێکۆشـانی کـۆمەڵە لە ٤ سـاڵدا لە بەرامـبەر کۆمـاری ئیسـلامیدا لەبەرەکانی شەڕدا لەساڵی ١٣٦٤تـا کۆتـایی سـاڵی ١٣٦٨کە ئیدی ئاسـەواریان لەوسـالانەدا بەزەحـمەت دەبینـرا، نـابێتە سـێ هـاوینی سـاڵەکانی١٣٦٤، ٦٥ و ٦٦ی حیزبـی دێمـوکرات واتە ٩ مانـگ، (مەبەسـت بەراورد کردنـی مەیـدانی شەڕە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی). چونکە لەمەیدانی سیاسـەتدا زووتـر دۆڕان.

---

[1]– بڕوانە "درباره مذاکره و آتش‌بس با کومه‌له"

لەیەک بەراوردی چووکەدا دەر دەکەوێ کێ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی لە قووڵایی دڵەوە کردوە و پشتوپەنای زەحمەتکێشانی کوردستان بووە.
پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە سێ هاوین‌دا واتە ٩ مانگی ساڵەکانی (١٣٦٤و ٦٥ و٦٦)، ٣٠٥٥ کەسیان لە هێزی دوژمن کوشتوە، بەڵام کۆمەڵە لەو ٤ ساڵە دا ناگاتە هەزار کەس. هەروەها هێزی حیزبی دیموکرات لەو ماوەیەدا ٤٧٧ کەسیان لەدوژمن بەدیل گرتوە، بەڵام کۆمەڵە ناگاتە ٢٥٠ کەس. لەو ٩ مانگەدا پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دەستیان بەسەر ٤٩ پایەگای هێزی ڕێژیم داگرتووە، بەڵام کۆمەڵە لەو ٤ ساڵە دا ناگاتە ٢٥ پایەگا. هەروەها لەو ٩ مانگەدا تێکۆشەرانی دێموکرات ١٤٦٨ چەکی جۆراوجۆریان بە دەسکەوت گرتووە، بەڵام کۆمەڵە بەو ٤ ساڵە ٥٠٠ تفەنگی دەسکەوت نەبووە. حیزب لەو ٩ مانگەدا ٢٦٠ پێشمەرگەی پێشکەش بەخاکی نیشتمان کردووە. دیارە ئاماری کۆمەڵە بەدەقیقی لەبەردەست دانەبوو ئەوانیش خەڵکیان لەماوەی ئەو ٤ ساڵەدا لەدەست داوە.[1] لەم بەراوەردەدا دەردەکەوێ لە کوێ حیزبی دێموکرات سەددی ڕێگای جووڵانەوەیە؟ بۆ سازشکارە؟ تۆ بڵێی بەوە دەڵێن خزمەتکاری کۆماری ئیسلامی؟! ئەو وتانەیان تەنیا وتەنیا بۆ فریودانی خەڵک و درێژە کێشانی شەڕ بوو.

---

[1] – ئامارەکان لە نامیلکەی "جنگ در کردستان" تایبەت بەم سێ وەرزەی ئەم سێ ساڵە دەرهێندراون.

# هەڵوێستی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کۆمەڵە پاش ٦ی ڕێبەندان

حیزبی دێموکرات لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا، لەبەر زۆر هۆ توانیویەتی پشتیوانیی زۆربەی نیزیک بە تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتیی زەحمەتکێشان بەدەست بێنێ. یەکێک لە بناغەییترین هۆیەکانی ئەم سەرکەوتنە، بردنە پێشی سیاسەتێکی ئوسوولی و هەر لەو کاتەشدا نەرم و لەسەرەخۆیی ڕێبەریی حیزب بووە. حیزبی دێموکرات هەموو کاتێک لە ئاژاوەگێڕی و هەلپەرستی خۆی پاراستووە، هیچ کاتێک قازانجی ڕێکخراوەیی خۆی لە سەرەوەی قازانجی کۆمەڵانی خەڵک دانەناوە و هەموو کاتێک هەوڵی داوە کە نوێنەری ڕاستەقینەی ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ. ڕازی خۆشەویستی و ڕێزێک کە حیزبی دێموکرات لەنێو کۆمەڵانی خەڵکیشدا هەیەتی هەر ڕاست لەم مەسەلەیە دایە. حیزبی دێموکرات هەموو کاتێک ویستویەتی ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە، لە ڕێگای باس و ڕەخنە و وتووێژی دۆستانەوە چارەسەر بکا. هەموو ئەو ڕێکخراوانەش کە لە کوردستان حزووریان هەبووە، زۆر باش لەم ڕاستییە ئاگادارن. لەم ماوەیەدا کۆمەڵە تەنیا ڕێکخراوێک بوو کە ببووە هۆی پێکهێنانی تێکهەڵچوونی زۆر لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ ئەوەش حیزبی دێموکرات هەموو کاتێک ئامادەیی خۆی بۆ وتووێژ لەگەڵ کۆمەڵە ڕاگەیاندووە و لەگەڵ هەموو ئەو گیروگرفتانەی کە وتووێژ لەگەڵ ئەفرادێکی غەیرە مەسئوول و گێرەشێوێن هەیەتی، هەموو کاتێک هەوڵی داوە ناکۆکییەکان لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر کرێن.

ماوەیەک نوێنەرانی هێندێک لە ڕێکخراوەکان و هێندێک لە شەخسییەتەکان و کادرەکانی ڕابردووی کۆمەڵە کە بەهۆی تێکهەڵچوونەکان ڕیزەکانی کۆمەڵەیان بەجێ هێشتووە، لە حیزبی دێموکراتیان دەپرسی کە چۆنە ئەم جارە حیزب حازر نییە وتووێژ لەگەڵ کۆمەڵە بکا؟

لە سەرەتاوە دەبێ ئیشارە بەو ڕاستییە بکەین کە پیلانی کۆمەڵە لە هەورامان لە ڕۆژی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٦٣ لە دژی بنکەکانی حیزب لەو ناوچەیە، بە نوختەگۆڕانێک لە پێوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵە بە حیساب دێ. تا ئەوکاتە تێکهەڵچوونەکان ناوچەیی بوون و هەرچەند ڕاستەوخۆ لە سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی کۆمەڵە سەرچاوەیان دەگرت، بە زاهیر وادیارە کە ڕێبەریی کۆمەڵە لە پێکهێنانی ئەم تێکهەڵچوونانەدا بەکردەوە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی نییە، یا لانیکەم دەخالەتێکی ئەوتۆ ئینکار دەکا. بەڵام پیلانی شەشی ڕێبەندان ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێبەریی کۆمەڵەوە داڕێژرا و جێبەجێ کرا و لە دواییشدا ڕێبەریی کۆمەڵە تەنانەت شانازی پێوە دەکرد و لە ئاکامەکانی ئەو پیلانە خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕی.

عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە لە وتووێژی خۆی لەگەڵ نامیلکەی (کۆمۆنیست) کە ڕۆژی ٢٢ی خاکەلێوە لە ڕادیۆ کۆمەڵەوە بڵاو کرایەوە، بەڕاشکاوی ڕایگەیاند **کە ئەم پیلانە لەلایەن ڕێبەریی کۆمەڵەوە داڕێژرابوو. پاش تێکهەڵچوونی ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٦٣ ڕێبەریی کۆمەڵە بە ڕاشکاوی لە ڕادیوی خۆیەوە ڕایگەیاند کە کۆمەڵە تۆڵە لە حیزبی دێموکرات دەکاتەوە و تەنانەت لەم ڕێگایەدا هیچ نیگەرانی پەرەئەستاندنی شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانیش نابێ.** پاشان بەپێی گەڵاڵەیەکی لەپێشدا داڕێژراو و بە کەڵک وەرگرتن لە نێوی نهێنیی شەو و پێوەندییەکی باش کە لە نێوان ڕێکخراوەکانی حیزب و کۆمەڵە لە هەورامان پێکهاتبۆوە، لەلایەن ڕێبەریی کۆمەڵەوە جینایەتی سامناکی شەشی ڕیبەندان جێبەجێ کرا. مانای ئەم کردەوەی کە هەر وەک گوتمان، بە ئاگاهییەوە و بە دەستووری ڕاستەوخۆی ڕێبەریی کۆمەڵە ئەنجام درا،

ڕاگەیاندنی شەڕ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرانسەری کوردستان بوو.

پاش جێبەجێکردنی ئەم کردەوە، ڕێبەریی کۆمەڵە فەوری پێشنیاری وتوویژی کرد. بەڵام زۆر مەنتیقی بوو کە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات ئەم پێشنیارە ڕەت کاتەوە... ڕەتکردنەوەی پێشنیاری کۆمەڵە چەند هۆیەکی هەبوو:

لە ڕابردوودا پاش تێکهەڵچوونێکی ناوچەیی، ڕێبەریی هەردووک ڕێکخراو وتوویژیان دەکرد و لە ڕاستیدا نەخشی حەکەمیان وەعۆدە دەگرت و هەوڵیان دەدا پێشی پەرەسەندنی تێکهەڵچوون و بڵاوبوونەوەی بۆ ناوچەکانی دیکە بگرن. هەر وەک لە پێشەوە باس کرا، لانیکەم ڕێبەرانی کۆمەڵە لە قسەدا وایان دەنواند کە تێکهەڵچوون بەبێ ئاگاداری ئەوان ڕووی داوە و موخالیفی تێکهەڵچوونی نیزامی لەگەڵ حیزبن. بەڵام ئەمجارە ڕێبەرانی کۆمەڵە بۆخۆیان هاندەری ڕاستەوخۆ و هۆی ئەسڵیی جینایەتی شەشی ڕێبەندان لە هەورامان بوون و بەئاشکرایی ددان بەو جینایەتە دادەنێن. جا باشە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات چۆن لەگەڵ کەسانێک، کە جینایەتێکی ئاوا بێوێنەیان خوڵقاندووە لەسەر مێزی وتوویژ دانیشێ؟ ڕێبەری حیزبی دێموکرات چ بە خەڵکی کوردستان بە پێشمەرگەکانی حیزب و بەتایبەتی بە خاووخێزانی ئەو ڕۆڵانە بڵێ کە بە دەستووری ڕاستەوخۆی ڕێبەریی کۆمەڵە شەهید کراون. لە وەڵامی ئەم پرسیارە دا کە بۆچی لەگەڵ جینایەتکارانێک کە ناجوامێرانە و بە کەڵک وەرگرتن لە ئیعتمادی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب، دەیان کەس لە پێشمەرگە و خەڵکیان بە شێوەیەکی ئاوا کارەساتبار شەهید کردوە، وتوویژ دەکەی، چ وەڵامێک دەتوانێ بداتەوە؟ چۆن وتوویژێکی ئەوتۆ پاساو دەدرێ؟

وا دابنێین کە وتوویژی ڕێبەریی حیزب لەگەڵ ڕێبەریی کۆمەڵە بە ڕێککەوتنێک گەیشت، تازە چۆن دەتوانی باوەڕ بە بەڵێن و وەعدەکانی پەیمانشکێنانی وەک ڕێبەریی کۆمەڵە لە داهاتوودا بکەی؟ چ تەزمینێک هەیە کە ڕێبەرانی کۆمەڵە لە داهاتوودا جینایەتی هەورامان دووپات نەکەنەوە؟ کاتێک کە لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی دیکە دەپرسین کە: ئایا ئێوە حازرن

کردەوەی داهاتوویی کۆمەلە تەزمین بکەن؟ هەموو وەڵامی مەنفی دەدەنەوە، ئەوکاتە چۆن دەکرێ چاوەڕوان بی کە حیزبی دێموکرات کە لە بەرامبەر کۆمەڵانی خەڵکدا بەرپرسایەتییەکی گرانی بە عۆدەوەیە، جارێکی دیکە کۆمەڵانی خەڵک و پێشمەرگەکانی قانع بکا و لەوانی بوێ کە بە بەڵێن و وەعدەکانی ڕێبەریی کۆمەڵە باوەڕ بکەن؟ مەسئوولییەتی ئەو خوێنانەی کە ڕێبەریی کۆمەڵە ڕەنگە بە کەڵکی خراپوەرگرتن لە ئێعتمادێک کە دەبێ پێک بێ بیرێژێ، دەکەوێتە سەر شانی چ کەسێک؟ لەو سەروبەندەدا هێندێک لە شەخسییەتەکان و نوێنەرەکان ئەوەش زیاد دەکەن کە گۆیا ڕێبەرانی کۆمەڵە لە کردەوەی خۆیان پەشیمانن و دەبێ مۆڵەتیان بدرێتێ کە قەرەبووی ڕابردوو بکەنەوە.

بەداخەوە نەک هیچ نیشانەیەک لە پەشیمانی کۆمەڵە نابینین، بەڵکوو بەرپرسترین ئەفرادی کۆمەڵە سیاسەتی دوژمنانەی خۆیان کە هۆی ئەسڵیی تەواوی تێکهەڵچوونە نیزامییەکانە نیسبەت بە حیزبی دێموکرات، بە شێوەیەکی توندوتیژ درێژە دەدەن.

لە وتووێژەکانی ڕابردوودا، ڕێبەریی حیزبی ئێمە چەندین جار ئەو هەڵوێستە دوژمنانەیەی کۆمەڵەی بە گوێی ڕێبەرییەکەی دادایەوە، بەڵام ڕێبەرانی کۆمەڵە هەمیشە دووڕووانە دەیانگوت کە ئەم هەڵوێستە پێوەندیی بە ڕابردووەوە هەیە و لە پاش ئەوکاتە (کاتی بڵاو بوونەوەی ناملیکەکە) هەڵوێستی کۆمەڵە نیسبەت بە حیزبی دێموکرات گۆڕاوە. هەرچەند وتەکانی ڕێبەرانی کۆمەڵە جێگای باوەڕ نەبوون، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێبەرانی ئەم ڕێکخراوە نەزەری نووسەری ناملیکەکەیان بە شێوەیەکی ڕەسمی ڕەت دەکردەوە ڕێبەریی حیزبی ئێمە هەوڵی دەدا بە نیشاندانی لانی زۆری نیازپاکی پێش بە پەرەئەستاندنی تێکهەڵچوونەکان بگرێ و بابەتەکانی نێو ناملیکەکەی بە کۆسپێک لەسەر ڕێگای ڕێککەوتن لەقەڵەم نەدەدا.

کاتێک وتاری ژمارە ١٥ی بڵاوکراوەی کۆمۆنیست بە قەڵەمی سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە ( عەبدوڵڵا موهتەدی ) بە ئێمە گەیشت، تێگەیشتین کە نەک تەنیا بچووکترین ئاڵوگۆڕێک بەسەر سیاسەتی دوژمنانەی

کۆمەڵە نیسبەت بە حیزبی دیموکراتدا نەهاتووە بەڵکوو دوژمنایەتی لەگەڵ حیزب گەیوەتە ئاستی سیاسەتی ڕەسمیی و ئاشکرای کۆمەڵە. عەبدوڵڵا موهتەدی پاش جنێو و تۆمەت و ئیفتڕایەکی زۆر بە حیزب و پاش هۆندنەوەی درۆی شاخدار و پێچەوانەی نیشاندانی ڕاستییەکان و تیئۆریی داتاشینێکی بێزراو کە تەنیا بە کەڵکی یەک ڕێکخراوی پۆلپۆتی دێ، بە قەولی خۆی هێرش دەکاتە سەر باندەکانی حیزبی دیموکرات و لە هێز و نفووزی پرۆلیتاریای چەکدار (کە دیارە مەبەستی خۆیانە) قسە دەکا و بەبێ بێنەوبەرە داوای تەمبێکردنی حیزبی دیموکرات دەکا.

پاش ئەوەی کە عەبدوڵڵا موهتەدی داوا لە کۆمەڵە دەکا کە بۆ وەدەستهێنانی ڕێبەریی جووڵانەوە تێبکۆشێ، ئەوەشی لێ زیاد دەکا کە لێرە ئێوە ئیدی لە بەرامبەر بۆرژوازی خۆیی واتە "حیزبی دیموکراتی کوردستاندا قەرار دەگرن!"

نەخشی حیزبی دیموکرات لە جووڵانەوەی کوردستاندا چییە؟ عەبدوڵڵا موهتەدی بەم پرسیارە بەڕاشکاوی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: "**حیزبی دیموکرات تورمزێکە لەسەر ڕێگای پەرەگرتن و قووڵبوونەوەی شۆڕش**" و دیسان دەڵێ: "**حیزبی دیموکرات نووختە زەعفی ئەم بزووتنەوەیەیە**" و پاشان دەڵێ کە: "**حیزبی دیموکرات بارێکی قورسە لەسەر دەست و پێی شۆڕش**".

پاش پەڕشوبڵاوبوونی چەکدارەکانی کۆمەڵە لە هەورامان، بەڵگەیەکی زۆر وەدەست حیزبی دیموکرات کەوت. لەنێو ئەم بەڵگانەدا دەفتەرێک بەرچاو دەکەوت کە دەرسەکانی ڕێبەرانی کۆمەڵەی لە کلاسی کادری سیاسیدا، تێدا کورت کراوەتەوە.

لە یەکێک لەو دەرسانەدا ئەندامی ڕێبەریی کۆمەڵە ئاوا فێر دەکا:

**"حیزبی دیموکرات حیزبێکی بۆرژووایییە". پاشان دەڵێ: "کۆمەڵانی خەڵک دەبێ بە هەستێکی دوژمنانەی چینایەتی نیسبەت بە حیزبە بۆرژواکان ئاموزش بدەن."، "حیزبی دیموکرات بە عینوانی یەک حیزبی بۆرژوازی دژی شۆڕشە". دژی شۆڕش بوون، بەکردەوە لە دژی شۆڕش ڕاوەستانە".**

بە کورتی: بۆ ڕێبەرانی کۆمەڵە، حیزبی دێموکرات حیزبێکە بۆرژوا، دژی شۆڕش و بەشێک لە ئیمپریالیزمی جیهانی، ئەم حیزبە دوژمنی چینایەتییە، دەبێ لەگەڵ ئەم حیزبە خەباتێکی چینایەتیی لەئاشتینەهاتوو بەڕێوە بچێ. لەنێوان حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامیدا جیاوازییەکی زۆر نییە، جیاوازی تەنیا ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات لە کۆماری ئیسلامی خراپترە! دەبێ بە هێزی نیزامی حیزبی دێموکرات لەنێو بەری، چوونکە نووختە زەعف و تورمزکەری جووڵانەوەیە.

لەبارەی دێموکراسی بێ قەید و شەرتی کۆمەڵەوە، ئەو کات هەڵسووڕێنەرانی کۆمەڵە لە درێژەی کردەوەکانی گێرەشێوێنانەکانیان خۆیان بۆ فریودانی لایەنگرانیان دەستیان دابووە تەڵەکەیەکی تازە. ئەوان لەنەکاو بوونە لایەنگری دێموکراسی و دەرسی دێموکراسی بە خەڵکی و بەتایبەتی بە حیزبی دێموکرات (ئەم ئاڵاهەڵگر و لایەنگرەی پلۆرالیزمی سیاسی، واتە پێکەوەژیانی سیاسییانە و ئاشتیخوازانەی حیزب و ڕێکخراوەکان لە پەنای یەکتردا) دەدەن. کەسانێک کە تا دوێنێ چۆن جنۆکە لە وشەی "بسم الله" دەترسێ ئاوا لە وشەی دێموکراسی دەترسان، یەکجاری جیبهەیان گۆڕی و خۆیان بە پارێزەری دێموکراسی دەناساند!

هەڵبەت کەم کەس هەراوهوریای ڕێکخراوێکی وەک کۆمەڵە، کە ڕێکخراوێکی دژی دێموکراسی و ئاژاوەخواز بوو، سەبارەت بە دێموکراسی بە جیددی دەگرت. چونکە کۆمەڵە و دێموکراسی لە ڕاستیدا دوو دیاردەی بەتەواوی لەگەڵ یەکتری ناکۆک بوون و هەروەک ئەگەر پارچە سەهۆڵێک لەسەر ئاور دانرێ هیچی لێ نامێنێتەوە، کۆمەڵەش ئەگەر ڕوو لە دێموکراسی کردبا لێکبڵاو دەبوو. سەرەڕای ئەوەش بۆ ئەوەی کە لایەنگرانی کۆمەڵە کە بوونە قوربانی سیاسەتی شەڕخوازانەی کۆمەڵە لەگەڵ حیزبی دێموکرات، خۆیان لەو تەنگەبەرییەی سیاسی و نیزامییە کە ڕێبەرانی کۆمەڵە بۆیان پێک هێنابوون ڕزگار بکەن، ڕوونکردنەوەی چەند بابەتێک پێویستە، تا دەرکەوێ کە ڕێبەرانی کۆمەڵە تا چ ڕادەیەک لەگەڵ دێموکراسی بێگانە بوون.

یەکەم: دێموکراسی بە واتای دەسەڵاتی خەڵک بەسەر خەڵکدایە. بەڵام چونکە خەڵک هەمیشە سەبارەت بە شێوەی دەسەڵاتێک کە هەڵیدەبژێرن نەزەری وەک یەکیان نییە، بە ناچار دێموکراسی بە مانای پەیڕەوی کردنی کەمایەتی لە زۆرینەیە. چۆن لە ناوچەیەک یا وڵاتێکدا دەتوانی بزانی کە زۆربەی خەڵک لایەنگری کام سیاسەتە یا حیزبن؟ لە زۆر وڵاتی دنیادا لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوەیە کە نفووزی هەر سیاسەت یا حیزب و ڕێکخراوێک لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەردەکەوێ.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٥٨ کە لە چەند شارستانی کوردستاندا کرا و ئەو ڕێکخراوانەی کە لە کوردستان چالاکییان هەبوو، واتە حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە و فیداییەکان چاوەدێریی ڕاستەوخۆیان بەسەردا هەبوو، حیزبی دێموکرات بە تەنیا زیاتر لە ٨٠٪ی دەنگەکان بەدەست هێنا. لەو شارستانانەدا کە ئەنجامی هەڵبژاردن ڕاگەیەندرا، نوێنەرانی حیزبی دێموکرات لە دەورەی یەکەمدا هەڵبژێران و بەتەواوی ڕوون بوو کە زۆربەی نیزیک بەتەواوی خەڵکی کوردستان پەیڕەوی لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات دەکەن.

لەو دانیشتنانەدا کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە نێوان نوێنەرانی حیزب و کۆمەڵە ڕووی دا، زۆرجار بەرپرسانی حیزبی ئێمە ئیشارەیان بەو ڕاستییە کرد کە زۆربەی خەڵک لایەنگری حیزبی دێموکراتن. نوێنەرانی کۆمەڵە لە پێشدا نەزەریان ئەوە بوو کە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٥٨ بە ڕابردوو مەڕبووتە و بەڕاشکاویش دەیانگوت کە خەڵکی نائاگا ڕەئیان داوە بە حیزبی دێموکرات. وەختێک کە نوێنەرانی حیزبی ئێمە پێشنیاریان کرد کە هەڵبژاردنێکی تازە لە کوردستان بکرێ و تەنانەت گوتیان کە هەر ناوچەیەک کە کۆمەڵە بۆخۆی بە گونجاو دەزانێ، حیزب حازرە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەو ناوچەیە بکاتە مێعیار بۆ سەرانسەری کوردستان، هەڵسوڕێنەرانی کۆمەڵە ئەم پێشنیارەشیان ڕەت کردەوە. بۆچی، چونکە دەیانزانی کە لە هیچ ناوچەیەک لە کوردستان زۆربەی دەنگەکان نادرێ بە کۆمەڵە. ئەوکاتە لەلایەن حیزبی ئێمەوە پێشنیار کرا کە شووڕای سەرانسەریی کوردستان پێک بهێنرێ. بەڵام ئەم کارەش بە شێوەیەک بێ کە هەموو ڕێکخراوەکان بە

شێوەی ڕێژەیی تێیدا بەشدار بن و نوێنەریان هەبێ و بە جۆرێک نەبێ کە حیزبی دێموکرات کە لە کوردستاندا زۆرینەیە، هەموو نوێنەرانی شووڕای لە ئیختیاردا بێ. ئەم پێشنیارەش دەتوانێ ئاخرەکەی ببێتە هۆی پێکهاتنی هاوپەیمانییەک لەنێوان هێزەکانی چالاک لە کوردستاندا، ئەویش لەلایەن هەڵسووڕێنەرانی کۆمەڵەوە ڕەت کرایەوە. دەلیلی کۆمەڵە ئەوە بوو کە ئەم شێوە هەڵبژاردنە نیشاندەری دێموکراسیی بورژواییە. بۆ ئەوەی ڕێگا لە یاریکردن بە وشە بگرین، کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵەیە! نوێنەرانی حیزب داوایان لە کۆمەڵە کرد کە ڕێگایەک بۆ دابینکردنی دەسەڵاتی خەڵک پێشنیار بکەن. ئەوکاتە نوێنەرانی کۆمەڵە ڕایانگەیاند کە لایەنگری دێموکراسیی شۆڕشگێڕانەن و کاتێک کە ویستمان دێموکراسی شۆڕشگێڕانە ڕوون بکەنەوە، گوتیان کە هەر ڕێکخراوێک کە لە باری شۆڕشگێڕییەوە بەهێزتر بێ، دەبێ نەخشێکی زۆرتری لە دەسەڵاتدا هەبێ. بەم پێیە دەرکەوت کە مەبەستی کۆمەڵە لە هێزی شۆڕشگێڕی پشتیوانیی خەڵک نییە، بەڵکوو هێزی چەکدارە، ئەم مەسەلەیە بۆخۆی نیشان دەدا کە کۆمەڵە تا چ ڕادەیەک سەبارەت بە نەزەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێموبالات بووە و لە کردەوەدا بە چ چاوێکی سووکایەتییەوە تەماشای نەزەری زەحمەتکێشان کردووە.

لەگەڵ ئەوەش نوێنەرانی حیزب بۆ ئەوەی بەهانەیەک بۆ کۆمەڵە نەهێڵنەوە، قەبووڵیان کرد کە ژمارەی پێشمەرگە میعیار بێ. ئەم هەڵوێستەی حیزب جارێکی دی کۆمەڵەی لە بنبەست خست، چونکە ئەوە شتێکی ڕوونە کە ژمارەی پێشمەرگەکانی حیزب زۆر لە هی کۆمەڵە زیاترە، ئەوجار نوێنەرانی کۆمەڵە گوتیان کە دەبێ کارلێهاتوویی و قەوارەی عەمەلیاتەکانی شەڕی هێزە چەکدارەکان لە نەزەر بگیرێ. حیزب دیسان پێشنیاری کرد کە وابوو دەبێ ژمارەی شەهیدەکانی هەر ڕێکخراوێک بکەینە میعیار. کۆمەڵە ئەو پێشنیارەشی ڕەت کردەوە، چونکە دەیزانی کە لەبەر ئەوەی باری قورسی شەڕ لەسەر شانی حیزبی دێموکراتە، ژمارەی شەهیدەکانی حیزب چەندین بەرامبەری شەهیدەکانی کۆمەڵەیە. یەکێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە بۆ

ڕەتکـــردنەوەی ئەم پێشـــنیارە بەتەواوی پـــڕڕوویییەوە گـــوتی کە زۆر لە شـەهیدەکانی حیـزب بەخـۆڕایی کـوژراون. ئـاخرەکەی دوا پێشـنیاری کـۆمەڵە ئەوە بـوو کە چـۆنیەتیی شـەڕکردنی پێشـمەرگەکان دەبێ ببێتە مێعیـار. ئەوە شـــتێکی ڕوونە کە نـــوێنەرانی کـــۆمەڵە دەیـــانزانی کە نـــاکرێ چـــۆنیەتیی شـــەڕکردنی پێشـــمەرگەکان بپێـــورێ، بە غـــروور و خـــۆبەزلزانیەوە پێیـــان دادەگرت کە بسەلمێنن کە لەباری چۆنیەتیی شـەڕکردنەوە ئەفرادی چەکداری کـۆمەڵە لە پێشـــمەرگەکانی حیـــزب لە پێشـــترن. بەڵام وەختێـک کە کـۆمەڵە نەزەری زۆربەی خەڵک و زۆربەی تێکۆشەرانی چەکدار کە مێعیاری ڕوون و جـێگەی ژمـاردنن قەبـووڵ ناکـا، چـۆن حیزبـی دێمـوکرات دەتـوانێ مێعیـاری نادیاری چۆنیەتیی شـەڕکردنی ئەفرادی چەکدار، کە نـاکرێ بپێورێ قەبـووڵ بکا؟ بێجگە لەوەش ئیدی بێپایەبوونی ئیددیعای ڕێبەرانـی کۆمەڵە سـەبارەت بە بەرزبوونی چۆنیەتیی ئەفرادی کۆمەڵە بۆ هەموو کەس بەباشـی دەرکەوت، چـــونکە لە تێهەڵچوونەکـــانی ئەم دواتـــردا لە هەر جێگـــایەک کە ئەوان لەگەڵ پێشـــمەرگەکانی حیـــزب بەرەوڕوو بـــوون، بە شـــێوەیەکی زۆر خـــراپ تێـــک دەشکان.

لە ساڵەکانی ڕابردوودا حیزبی ئێمە زۆر جار پێشنیاری بە کۆمەڵە کرد کە بـــا شـــوڕایەکی فەرمانـــدەیی نیزامـــی لە کوردســـتان پێـــک بێنـــین، تـــا هەم کارلێهاتوویی نیزامیی پێشمەرگەکان بەرێتە سەر و هەم زەمینە بۆ هاوکـاری لەنێوان ڕێکخراوەکان لە داهاتوودا زۆرتـر ببێ، و لە تێکهەڵچوونەکـانی نێوان حیـزب و کۆمەڵەش بەرگـری بکـرێ. پێشـنیاری ڕوونـی ئێمە ئەوە بـوو کە لە شـووڕای فەرمانـدەییدا هەمـوو ئەو ڕێکخـراوانەی کە بەکـردەوە لە خەبـاتی چەکدارانەدا بەشدارن، بەشداری بکەن و فەرماندەییش بەعۆدەی ڕێکخراوێک بێ کە لە هەموویان زیاتر تێکۆشەری چەکداری لە ئیختیاردایە. کۆمەڵە جارێ بەشـداریی ڕێکخراوەکـانی دیکەی لە شـووڕای فەرماندەییدا قبـووڵ نەکـرد و پاشـانیش بە پشتبەسـتن بە هەمـان بەڵگەی بێنێوەرۆکی چـونیەتیی ڕەزمـی پێشمەرگەکان ئەم پێشنیارەشی ڕەت کردەوە. پێشـنیاری حیـزب ئەوە بـوو کە سەرۆکایەتیی شووڕا و فەرماندەیی بە نوێنەری حیزب بێ و جێگری ئەویـش

نوێنەری کۆمەڵە بێ. لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانیش بەپێی ژمارەی پێشمەرگەکان فەرماندەیی دیاری بکرێ. بەو مانایە کە بۆ وێنە ئەگەر لە ناوچەیەکدا ژمارەی ئەفرادی چەکداری کۆمەڵە زیاترن فەرماندەییش لەلایەن کۆمەڵەوە دیاری بکرێ.

لە باری شووراکانیشەوە جێگای خۆیەتی ئیشارەیەک بەو ڕاستییە بکەین کە کۆمەڵە لە هیچ جێگایەک شووراکانی بەڕەسمی نەدەناسی. مەگەر لە ژمارەیەکی یەکجار کەم لە گوندەکان کە ئەندامانی شووراکان لایەنگری کۆمەڵە بوون.

بەم پێیە بەتەواوی ڕوونە کە ڕێبەریی کۆمەڵە بۆ ویستی کۆمەلانی خەڵک و بیروڕای زەحمەتکێشان بچووکترین نرخ دانەدەنا و لە ڕاستیدا هیچ بڕوایەکی بە دێموکراسی نەبوو و ئەوکات تەنیا بۆ فریودان لە وشەی دێموکراسی کەڵکی خراپ وەردەگرت.

بەتەواوی ڕوونە کە دێموکراسیی بێ قەید و شەرت واتە ئەوەی کە کۆمەڵە دەیهەوێ، شتێک نییە جگە لە دیکتاتۆریی بێ قەید و شەرت. دێموکراسیی بێ قەید و شەرت بۆ کۆمەڵە واتە سەرەڕۆیی بێ قەید و شەرت بەسەر کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، واتە سەپاندنی نەزەری کەمایەتیی بە سەر زۆربەی خەڵکی کوردستاندا، واتە لەژێرپێنانی تەواوی ئازادییە دێموکراتییەکان....

ئەوە ڕوونە کە نە خەڵکی کوردستان و نە حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە نوێنەری بەهەقی کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕی کوردستانە، ڕێگای کردەوەی چەوت و چەواشەکاریی لەو چەشنەیان بە کۆمەڵە نەدا. حیزبی دێموکرات خۆی بە زامنی پاراستنی دێموکراسی دادەنا و پارێزگاری لێ دەکرد، چونکە ئەم دێموکراسییە خوێنبایی باشترین ڕۆڵەکانی کوردستانی خۆشەویستە. نە ئاژاوەگێڕی و نە دیکتاتۆریخوازیی کۆمەڵە و نە لە پشتەوە خەنجەرلێدان لە هێزی ڕێبەریی جوولانەوە، نەیدەتوانی ئەو دێموکراسییە گران وەدەستهاتووە لەنێو بەرێ. شک لەوەدا نییە کە ئەوکاتیش بۆ پاراستنی ئەم دەسکەوتە مێژووییە، واتە دێموکراسی، کۆمەلانی

بەرینـــی خەڵکـــی زەحمەتکێشـــی شـــار و گونـــدەکانی کوردســـتان هەر وەک ڕابردوو پشتیوانی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبن.

{بەڵـێ! لەو ســەروبەندەدا} کـۆمەڵە هــیچ بـاوەڕێکی بە پەیڕەویکـردن لە ویسـتی زۆربەی خەڵکـی کوردسـتان نەبـوو. لەوەش زیـاتر کـۆمەڵە خەیـاڵی دەکرد دەتوانێ بەهۆی هێزی نیزامیی خۆیەوە نەزەرەکانی خۆی بە زۆری چەک بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێ و ئەمە هەر ئەو شتەیە کە کۆمەڵە ناوی نابوو "دێموکراسیی شۆڕشگێڕانە".

ڕێکخراوێک کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین جار تێکهەڵچوونی ساز کردووە، ڕێکخراوێک کە لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیدا، شەڕی چەکدارانە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی بە ئەرکی پیرۆزی خۆی داناوە، ڕێکخراوێک کە بە بڕیـاری ڕێبەریـیەکەی بە شـێوەیەکی جینایەتکـارانە هێرشـی شـەوانە دەبـاتە سەر بنکەکانی حیزبی دێـموکرات، ڕێکخراوێک کە نیسبەت بە موقەددەسـاتی خەڵکـی کوردسـتان بێموبـالاتە و بە لەژێرپێنـانی سـەرەتاییترین ئەزمـوونی ئەخلاقی لە بەرەبەیـانی جێژنـی نەورۆزی سـاڵی ١٣٦٤دا هێرش دەباتە سـەر بنکەکانی حیزبی دێـموکراتی کوردسـتان لە جنووب، ئێسـتا لەنەکـاو ڕوانگەی خـۆی گۆڕیـوە و بـۆتە لایەنگـری وتـووێژ و ڕێگاچـارەی ئاشـتیخوازانەی مەسەلەکانی جێگای ناکۆکی!

بەڵام ڕێبەرانــی کـۆمەڵە لە بە کەم گرتنــی خەڵکــی کوردســتان و حیزبــی دێمـوکرات بەهەڵەدا چـوون.... حیزبـی دێمـوکرات ئوسـوولەن وتـووێژ لەگەڵ کۆمەڵە ڕەت نەدەکردەوە. بەڵام بۆ ئەوەی بوارێکی یارمەتیدەر بۆ وتـووێژێکی ئەوتـۆ پێـک بـێ و بەتـایبەتی بـۆ ئەوەی ئەم وتـووێژە ئەنجـامی موسـبەت و بەکەڵـک بـدا بەدەسـتەوە و تەزمینێـک هەبـێ کە لە داهـاتوودا ڕووداوێکـی دڵتەزێن دووبارە نەبێتەوە، کۆمەڵە دەبوو بە شـێوەیەکی ڕوون وەڵامـی چەند پرسیار بداتەوە.

**یەکەم:** بەبــێ لەبەرچــاو گرتنــی لێکــدانەوەی کــۆمەڵە لەســەر پێکهــاتنی چینـایەتیی حیزبـی دێمـوکرات (لێکـدانەوەکانی کـۆمەڵە وەک زۆر لە تیئـۆری تاشـینەکانی ناڕاسـت و بێبنـاغە بـوون) ئایـا کـۆمەڵە تـا ئێسـتاش حیزبـی

دێمــوکراتی کوردســـتانی ئێــران بە هێزێکـــی دژی شـــۆڕش، بەشــێک لە ئیمپریـالیزم، دوژمنـی لەئاشـتیـنەهاتوو و تـورمزکەری جـووڵانەوە دەزانـێ؟ ئەگەر وەڵامەکە موسبەت بـێ، جێگـای سەرسـووڕمانە کە ئەسـڵەن کـۆمەڵە داوای وتـــوویژ دەکـــا لەگەڵ هێزێـــک کە بە دژی شـــۆڕش و دوژمنـــی لەئاشتیـنەهاتووی خۆی دەزانێ. ئەگەر ڕێبەرانی کۆمەڵە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هێزێکی دژی شۆڕش و تورموزکەری جووڵانەوە دەزانێ و هەر لەو کاتەشدا ئامادەیی خۆیان بۆ وتوویژ لەگەڵ حیزب هەمیشە دووپات دەکەنەوە، بەتەواوی ڕوونە کە پێشنیاری وتوویژی ئەوان هیچ سەداقەتی تێدا نییە و تەنیـا تـاکتیکێکی کـاتییە بە مەبەسـتی وەدەسـتهێنانی هەلێـک بـۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵە لەو تەنگانەی کە تێی کەوت.

**دووهەم:** کـۆمەڵە سـەبارەت بە چ مەسـەلەیەک دەیـهەوێ لەگەڵ حیزبـی دێموکرات وتوویژ بکا. ئایا تەنیا ئامانجی کۆمەڵە ئەوەیە کە لەگەڵ حیزبی دێموکرات لەسەر شەڕ ڕاگرتن ڕێک کەوێ؟ هەموومان دەزانین و سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵەش بە شێوەیەکی ڕەسمی ڕایدەگەیەنێ کە ڕاوەســـتانی شـــەڕ پـــاش ٢٥ی خەزەڵـــوەر کە لەلایەن هەردووک لاوە ڕاگەیەندرابوو، بە دەستووری ڕێبەریـی کـۆمەڵە لە شەشـی ڕێبەنـدانـدا تێـک شـکێنرا، کە وابـوو کـۆمەڵە شـەڕڕاگرتنی تێـک داوە و شـەڕی دەسـت پـێ کردووە. ئێستا چۆنە کە کۆمەڵە دیسان کەوتۆتە بیری شەڕ ڕاگرتن و بۆتە لایەنگری وتوویژ؟ ئەگەر شـەڕ ڕاگـرتن بـاش بـوو بـۆچی ڕێبەریـی کـۆمەڵە کۆتاییـان پێ هێنـا؟ دەلیلی سکرتێری گشـتی "حیزبی کۆمۆنیسـت" ئەوەیە کە پێویست بوو لە هەورامان زەربەیەک لە حیزب بدرێ بۆ ئەوەی لە لایەکەوە تۆڵەی تێکهەڵچوونی ٢٥ی خەزەڵوەر بکرێتەوە. خودی ئەم ددان پێدانانە بێ مەسئوولییەتی ڕێبەرانی کۆمەڵە دەگەیەنێ کە هەرچەند ئیددیعای کۆمۆنیست بوون دەکەن، بەڵام وەک سەرۆک عەشیرەتەکانی سەدەکانی ڕابردوو ئەسڵی تـۆڵەکردنەوە تـا پـلەی سیاسـەتی ڕەسـمی ڕێبەریـی ڕێکخـراوی خۆیـان بەرز دەکەنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە حەق بە خـۆی دەدا تـۆڵە لە بەرپرسـانی حیزبـی دێمـوکرات لە هەورامـان

بکاتەوە، لە کاتێکدا لە پێکهێنانی تێکهەڵچوون لە هەورامانـدا وەک هەمیشـە کۆمەڵە هۆی سەرەکی بووە و چ لە پێکهێنانی زەمینەی تێکهەڵچوون و چ لە دەست پێکردنی ئەودا هیچ خەتایەک ناچێتەوە سەر حیزبی دێموکرات، بەڵام کە سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە بەئاشکرا و بەڕەسمی بەرپرسایەتیی خەیانەتی سامناکی ڕۆژی شەشی ڕیبەندان وەعۆدە دەگریٚ، ئایا هەر بەپێی ئەو ئیستدلالەی بۆخۆی دەیکرد حەق بە حیزبی دێموکرات دەدا کە ئەمجارە لێپێچینەوە لە شەڕ هەڵایسێنان و ڕێبەرانی کۆمەڵە بکا، چونکە بە تاوانباری ڕاستەوخۆی جینایەتی ڕۆژی شەشی ڕیبەندان بە حیساب دێن؟ ڕێبەرانێک کە ئەمە شێوەی بیرکردنەوەیان بێ بزانن یا نەزانن بەرپرسی ڕژانی خوێنی ئەو لاوانەی کوردستانن کە لە ڕەوتی تێکهەڵچوونەکانی ئەوکاتدا ڕوی داوە.

کۆمەڵە دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە چۆن دەتوانێ بەوجۆرە ڕێبەرانە کە ڕیاکارانە لەلایەکەوە بۆ وتوویژ دادەنیشن و لەلایەکی دیکەشەوە لە پشتەوە خەنجەر لێدەدەن و شانازیش بە کردەوەی خۆیان دەکەن باوەڕ بکەی و چ تەزمینێک هەیە کە هەر ئەم ڕێبەرانە لە داهاتوودا جینایەتێکی دیکەی وەک جینایەتی شەشی ڕیبەندان لە ناوچەیەکی دیکە ڕێک نەخەن ؟

**سێهەم:** کۆمەڵە دەیهەوێ لەسەر چ مەسەلەیەک لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان وتوویژ بکا؟ ئایا خەیاڵی هەیە دیسانیش لە داهاتوودا دەسەڵاتی خۆی، کە بریتییە لە کەمایەتیی زۆر بچووک بەسەر زۆربەی نیزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێ؟ ئایا ڕێبەرانی کۆمەڵە لەو ڕاستییە گەیشتوون کە ئیدی بە ناوی ئازادیی بێ قەید و شەرت ناتوانن دیکتاتۆریی بێ قەید و شەرتی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنن؟ وەختی ئەوە هاتووە کە ڕێبەرانی کۆمەڵە ڕاستییەکانی کوردستان وەک ئەوەی کە هەن، نەک وەک ئەوەی کە ئەوان لە خەیاڵی خۆیاندا دەیبینن تێ بگەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ وتوویژ ئامادە بوو، بە مەرجێک کە: یەکەم: کۆمەڵە بە ڕەسمی ڕاگەیەنێ کە حیزبی دێموکرات بە عینوانی هێزێکی ئەسیلی شۆڕشگێڕ دەناسێ، دووهەم: لە بەرامبەر تەواوی ڕێکخراوە

پێشکەوتووەکانی مەوجوود لە کوردستاندا بەڵێن بدا کە ڕووداوی دڵتەزێنی شەشی ڕێبەندان لە هیچ جیگایەک دووپات ناکاتەوە و سێهەم ئەو ڕاستییەش قەبووڵ بکا کە کۆمەڵە لە کوردستان نوێنەری کەمایەتییەکی بچووکە و ئەگەر بەڕاستی لایەنگری دێمۆکراسییە دەبێ پەیڕەوی لە ویستی زۆربە بکا.

ئەگەر ڕێبەرانی کۆمەڵە بە ڕاستی باوەڕیان بە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیی خەڵکی کوردستان هەیە و دەیانهەوێ، بەهاسانی دەتوانن ئەم سێ ئەسڵە قەبووڵ بکەن، سێ ئەسڵێک کە نیشاندەری ڕاستییەکانی کوردستانی ئێستان. ئەوکاتە نەک تەنیا ڕێگا بۆ وتووێژ دەکرێتەوە، بەڵکوو هەلومەرجی لەبار بۆ هاوکاریی نێوان حیزب و کۆمەڵەش هەروەک هەموو ڕێکخراوەکانی چالاک کە لە کوردستاندا لەدژی ڕێژیمی خومەینی خەبات دەکەن پێک دێ.[1]

---

[1] بڕوانە کوردستان، ژمارە ١٠٣، ڕەشەمەی ١٣٦٣، خاکەلێوەی ١٣٦٤ (مارس و ئاوریلی ١٩٨٥)

## ڕووداوەکانی دوای ٦ی ڕێبەندان

پیلانی لە پێشدا داڕێژراوی ڕێبەرانی کۆمەڵە بۆ شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شەوی ٦ی ڕێبەندان لە هەورامان کە هێرشیان کردە سەر بنکەکانی حیزب، ئاڵوگۆڕێکی قووڵی بەسەر پێوەندیی حیزب و کۆمەڵەدا هات. ئەو کردەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە لە دوو بارەوە شتێکی نوێ بوو. یەکەم: تا ئەو کاتە شەڕو تێکهەڵچوون ڕووی دەدا ناوچەی بوون هەرچەند ڕاستەوخۆ لە سیاسەتی شەڕخوازانەی کۆمەڵەوە سەرچاوەی دەگرت، بەڵام ڕێبەرانی کۆمەڵە وایان نیشان دەدا کە لەو تێکهەڵچوونانە ئاگایان لێ نیە یا لەبنەڕەتدا حاشا لە بێ ئاگاهی خۆیان لە تێکهەڵچوونەکان ڕادەگەیاند. بەڵام لەڕاستیدا هێرشی ٦ی ڕێبەندان ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵەوە گەڵاڵەی بۆ داڕێژرا و بەڕێوەیان برد.

دووهەم: ڕێبەرانی کۆمەڵە دەیانزانی سەبارەت بە بڕیاری حیزب کە کۆمەڵەشی لێ ئاگادار کرابۆوە کە ئەگەر دەست لە ئاژاوەگێڕی هەڵنەگرێ و سیاسەتی شەڕخوازانەی درێژە بدا ئەو شەڕە سەرانسەری کوردستان دەگرێتەوە. کۆمەڵە بە ئاگاهی تەواوە لەسەر ئەو بڕیارە بوو کە پیلانی شەوی ٦ی ڕێبەندانی بەڕێوە برد، یانی بەرنامەی ئەوان بوو بۆ دەستپێکی شەڕی سەرانسەری لە کوردستاندا. بۆ ئەو ئیدیعایەش بڕیارنامەی کۆنگرەی چواری کۆمەڵە و ئاخرین پلینۆمی ئەو ڕێکخراوەیە ئاماژەی پێکردوە کە ڕێبەرانی کۆمەڵە زۆر لەوە پێشتر لە بارەی دەستپێکردنی شەڕی

سەرانسەری لەگەڵ حیزبی دێموکرات بڕیاریان دابوو کە ئەو بڕیارە پاش ٦ی ڕێبەندان بە کردەوە هەموو کوردستانی گرتەوە و ئاخرین بزماری لە تابووتی پێوەندیی لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا و تەنانەت بە ڕادەی نووکە دەرزییەکی ڕووناکایی نەهێشتەوە.

لەو ڕۆژە بە دواوە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و ئەفرادی کۆمەڵە لەهەر شوێنێکی ئەم کوردستانە تووشی یەکتر بایەن تەنانەت تەقەیان لە سێبەری یەکتریش دەکرد. هەر دوای ئەو ڕووداوە بە پێی ئەو بەرنامەیەی دایان ڕشتبوو یەک هەفتە دواتر کومیتەی ناحیەی کۆمەڵە بەرنامەی سەر ناوەندی ئاژوانیان بووە تەنانەت کاتێک بۆ هێرشکردن سەر بنکەی ئاژوان خۆیان ئامادە دەکرد قسەی مەسئوولی کۆمەڵە بەم وتەیە کۆتایی دێ. **" ما امشب باید در قابلەمه را ببندیم"( ئێمە دەبێ ئەو شۆ سەری ئەو قابلەمەیە بنێینەوە.)**[1] بەڵام بەهۆی تەقە لێکردنی ئەفرادی خۆیان لە یەکتر دەکوژن و بەرنامەکەیان هەڵدەوەشێتەوە. ئەو سیاسەتەی کە پێشتر هەیانبوو ئەگەر بۆیان لوابایە درێژەیان دەدا چونکە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٣ لەگوندی قەڕەڵی بۆکان پێشمەرگەکانی حیزب بە نزیک ئاواییدا تێدەپەڕن، ئەفرادی کۆمەڵە پێشتر ئاگادار بوون هەم کەمین دادەنێن و هەم داوایان لێدەکەن کە شەڕ نەبێ ئێمە با وەک ناوچەی هەورامان نەکەین و پێوەندیی بە ئێمەوە نییە!!! (هەمان سیاسەتی کە کاک عەبدوڵڵای موهتەدی لە کۆنگرەی دوو دایڕشت) هەمان سیاسەتی خەنجەر لێدان لە پشتەوە، لە ڕاستیدا پێشمەرگەکانی حیزب هیچ مەیلیان لە شەڕ نەبوو، پاش تێپەڕین لە دواین ماڵەکانی ئاوایی، کۆمەڵە لە پشتەوە تەقە لە ئەوانەی حیزب دەکەن و پێشمەرگەیەک بە ناوی "ڕەسووڵ میرانی" شەهید دەبێ.

هێرشی ٦ی ڕێبەندان کاریگەریی دروونی کردە سەر هەردوو تەشکیلات و تەنانەت خەڵکی کوردستان، چونکە بەدوای ئەوەدا لە هەموو ناوچەکانی کوردستان تێکهەڵچوون ڕوویدەدا.

---

[1] – "رقابت کور" لاپەڕەی ١١٧

دیارە ئەو تیمە ٧٠ کەسەی جنووبی کوردستان کە چەند ڕۆژ پێش شەڕی حیزب و کۆمەڵە بۆ ناوچەی مەریوان ڕێکەوتبوون ماوەیەکی زۆر کۆمەڵە بە دوای پێوشوێنیانەوە بوو تا زەربەیەکی گاریگەریان لێ بدا! لەماوەی مانەوەیان لە ناوچە و ئەو گەمارۆ توندەی لەسەریان بوو سەرەڕای بەفر و سەرمابردنی چەند کەس و هەوا ناخۆشی ئەو کوێستانانە، زۆر ئازایانە لە بەرامبەر ڕێژیم و کۆمەڵەدا بەربەرەکانیان کرد تا توانیان خۆیان بگەیەنەوە ناوەندی ئاژوان و زۆر زەبری گاریگەریشیان لە ڕێژیم دا.[1]

لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٣دا کۆمەڵە هێزیکی بۆ ناوچەی بانە ڕەوانە کرد باشی دەزانی کە ڕێگای هاتوچۆی هێزەکانی جنووبی حیزبی دێموکرات بە بانە دا دەڕۆیشت، چونکە کۆمەڵە هێزی زیاتر لە شلێر هەبوو بۆ زەربە لێدان لە حیزب کۆی کردبۆوە، لەو کاتەدا چەند کەسێک وەک بەڕێزان باباعەلی مێهرپەروەر، شاپوور فیرووزی و مەمی تەهامی لە دەفتەری سیاسییەوە بۆ ناوچە دەگەڕانەوە کە تەنیا ١٥ پێشمەرگەیان لەگەڵ بوو کۆمەڵەش خۆی لەو ١٥ کەسە مات دابوو بە پێی ئەو بەڵگانە کە لە کۆمەڵەوە بەدەست حیزب گەیشت ئەوان بێسیمی ئەو تیمەیان کۆنترۆڵ کردبوو دواتریش هەر لەلایەن خۆیانەوە لە ناوچە لە شوێنێک وتبوویان لەو ڕۆژانە زەربەیەکی گەورەتر لە حیزب دەدەین. چونکە پێشمەرگەکانی حیزب ئەو هەواڵەیان لە ئەندامانی کۆمەڵە لە ناوچە وەرگرتبوو. ئەو کەسە کە بەقەول باوەڕپێکراوی ئەوان بوو ئەو هەواڵە بە بەرپرسانی حیزب ڕادەگەیەنێ. دوو ڕۆژ پێشتر لە ئاوایی "برینجاران" لەگەڵ هێزی ئاڕبابا دەرگیر دەبن و دوو پێشمەرگەی حیزب شەهید دەبن و یەکی کۆمەڵەش گیانی لەدەست دا. لەو دەوروبەرە کە دەستەیەکی هێزی زمزیران نزیک دەبن لەگەڵ هێزی ئاڕبابا یەک دەگرنەوە پاشان دوو ڕۆژی دیکە ئەو هێزەی کە لە دەفتەری سیاسییەوە بەرەو جنووب دەگەڕێتەوە بەو ڕێگایەی کە کۆمەڵە بۆیان لە کەمین دابوو ناگەڕێنەوە بەڵکوو لەشوێنێکی دیکەوە لە گەڵ هێزی ئاڕبابا یەک دەگرنەوە تا

---

[1] – بڕوانە کتێبی "ئازارو ئەزموون" لەبەشی گەمارۆدا بەدرێژە باسی ئەو ٧٠ پێشمەرگەیەی حیزب لە جنووبی کوردستان دەکا. لە نووسینی حاتەم مینبەری

ڕەوانەی جنووبیـان دەکەن. ئەفـرادی کـۆمەڵە دوای ئەو تەقە و لێکدانە لەگەڵ هێـزی ئارپابـا، لە بەرزاییەکـانی کـۆخی حـاجی‌رەزا، سیسـارک، سـماقان و گەرمـاو جێگیـر دەبـێ و سـەرجەم کە نزیـک بە ٨٠ کەس دەبـن لە شـوێنە سـتراتیژییەکان سـەنگەری قـایم لێـدەدەن و تـا ئەو هێـزەی حیـزب کە لە دەفـتەری سیاسـییەوە دەگەڕێـتەوە زەبرێکـی لـێ بوەشـێنن. تەنـانەت پێشمەرگەکانی حیزب لە هەر شوێنێک خۆیان دەرخستبایە تەقەیان لێدەکرد و چەنـد کەسـی خەڵکـی ئەو گوندانەشـیان برینـدار کـرد. خەڵکـی ئێعترازیـان بە پێشـمەرگەکانی حیـزب کـرد کە ئێـوە چکـارەن ئـێمە لەماڵەکانمـان دێینـە دەر کۆمەڵە تەقەمان لێ دەکا.

بەمجۆرە کاتێک بەرپرسانی حیزب واتە بەرپرسی سیاسی و فەرماندەکانی لەو شـوێنە بـوون وەک: بابـاعەلی مێهـرپەروەر، ئەحـمەد نەسـتانی، شـاپوور فیرووزی، مەمی تەهامی، کەریم سەقزی، سەید برایم هاشی، عەزیزە شـەل و ڕەحـیم پەرشـەیی‌و...... لە گونـدی "میرسـام" کۆبـوونەوەیەک دەگـرن کە ئەو شـوێنە سـتراتیژیانە لە کـۆمەڵە بسـتێنن و بـۆ ئەم مەبەسـتە کـاتژمێر ٤ی نیوەشەوی ٢١ی ڕەشەممە دیاری دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵە دوای ٦ی ڕێبەندان خۆی بە براوەی شـەڕ دەبینێ و خۆشی ئامادە کردبوو کە لەو ناوچەیەش زەبر لە هێزی حیزب بدا تا بڵێ لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کۆمەڵە قسـەی یەکەم دەکا! بۆیە هێزێکی دیکەی لە "مەعلوومە" کە سەرکردایەتی کۆمەڵەی لێ جێگیر کرابوو حوسێن مـورادبەیگی (حەمەسـوور) ئەنـدامی کـومیتەی ناوەنـدیی لەگەڵ ژمـارەیەک لە هێزەکەیـان لە گـوردانی کـاوە بەرەو نـاوچەی بـانە ڕەوانە دەکـرێن، دوو ڕۆژ پـێش شـەڕەکە لەگەڵ هێـزەکەی دیـکەی کـۆمەڵە یەکـی گرتبـۆوە. ئەفـرادی کـۆمەڵە لە بەرزاییەکـان کە جێگیـر کرابـوون پشـتیان بە خـاکی عێـراقەوە بەستبوو کە هەر کات فشاریان بۆ هات زوو خۆیان لە خاکی عێراق بخەنەوە، و گوندی سیسارک کە بە پردێکەوە بە سماقان بەسترابۆوە بپەڕنەوە.

کـاتژمێری دیـاریکراو پێشـمەرگەکانی حیـزب لە چەنـد قـۆڵەوە لە سـەنگەری ئەفرادی کۆمەڵە نزیک دەبنەوە و هێرشـێکی زۆر تونـد و کتوپڕ بـۆ سـەر ئەو

هێـزەی کـۆمەڵە دەسـت پێـدەکا. دوو شـوێنی سـتراتیژی کە هەمـوو هیـوای کـۆمەڵە بـوو نزیـک بە سـەعاتێک نەیـانتوانی بەرگـری بـکەن و بـۆ تاریـک و ڕوونـــی بەیـــانی بەرزایـــی ســـماقان لەدەســـت دەدەن. بە لەدەســـت دانـــی بەرزاییەکانی کۆخی حاجی‌ڕەزا و سیسـارک و سماقان کۆمەڵە بەرەو دوایە ڕادەکا و تەنیـا هەوڵ دەدا کە لە پـردی چـۆمی سـماقانەوە خۆیـان بـۆ خـاکی عێراق دەربـاز بکەن. بەڵام تـا ڕوونـاکی ڕۆژ ئەوەی توانی خـۆی دەربـاز بکـا ڕزگـاری بـوو ئەوانـی دیـکە بە ڕوونـاکی نەیـانتوانی دەربـاز بـن و تەنـانەت بەشێکیان خۆیان لە چۆمی هاویشت و ئەوانی دیکە لەدەوری ئـاوایی سـماقان مـانەوە، لەو ڕووداوەدا وایـان سـەر لـێ شـێوا شـتێک بە نـاوی فەرمانـدەهی نەمـابوو، هەر کەس بۆخـۆی بڕیـاری دەدا. بە بەرز بـوونەوەی خـۆر کـۆمەڵە ئاخرین بزماری ئەو ڕۆژە لە تابوتی سکشتی خۆی دا، کە بە نیازی ئەوە بـوو زەبرێکی بـاش بوەشـێنن. دیـارە ئەگەر حیزب ئاگـای لە پیلانـی ئەوان نەبـوایە کاری خۆیان دەکرد. کە دواتـریش خۆیـان لە پلینـۆمی کومیتەی ناوەنـدیی پـێ لەو شکسـتە دەنـێن. لەو شـەڕە نەخـوازراوەدا ٣ پێشـمەرگەی حیـزب شـەهید بوون و لە ئەفرادی کۆمەڵە ١٥ کەس گیانیان لەدەست دا. ژمارەیەکی زۆریش بە دیل گیـران کە دواتـر ئـازاد کـران. سـەرەرای ئەوە کۆمەڵەکـان زیـاتر لە ٢٠ برینداریان هەبوو. خەڵکـی ئـاوایی سیسـارک ئامـادە نەبـوون بـۆ گواسـتنەوەی بریندارەکانیان یارمەتییان بکەن. لەو بارەوە یەکێک لە فەرمانـدەکانی پێشـووی کۆمەڵە دەڵێ:

**"موزەفەر محەممەدی کە بۆخۆی بەتەواوی دەستەپاچە بوو بۆ ترسـاندنی خەڵکـی سیسـارک تـا یـارمەتی بـکەن بـۆ هەڵگرتنـی برینـدارەکان داوای لە پێشـــمەرگەکان کـــرد کە ئەو کەســـانەی ئامـــادە نـــین برینـــدارەکانمان لەگەڵ هەڵگرن تەقەیان لێ بکەن، هەرچەند باردوخی ئەو کات بەسەر پێشمەرگەکان زۆر خراب و وەزعێکی شپرزەیان بوو بەڵام هیچ یەک لە پێشمەرگەکان بەو بڕیارە ناڕەوایە و دوور لە عەقلانییەتەی ناوبراو گوێیان پێ نەدا".[1]**

---

[1] – "ڕەقابت کور" محەممەد سەیار لاپەڕەی ١٣٢

دیارە پێش ڕووداوەکە مەسئولی ناوچەکەیان لە ڕێگای لایەنگرەکانیانەوە هەواڵی پێشمەرگەکانی حیزب بۆ نێو ئاوایی گەرماو و پشتی سماقان بە ئەفرادی کۆمەڵە کە لەو بەرزاییانە دامەزرابون ڕادەگەیەنێ و تەنانەت گرتنی پردەکەش بە موزەفەری محەممەدی ڕادەگەیەنن کە ئەگەر حیزبییەکان بیگرن خەتەری مەرگی حەتمی بۆ کۆمەڵە تێدایە. بەڵام ئەوان وەک عادەتی خۆیان پێش شەڕ سەرکەوتنەکەیان بۆخۆیان مسۆگەر کردبوو.

وەک ئاماژەم پێکرد هێزی ئەسڵی کۆمەڵە لە جنووب بوو لە سەرەتای شەڕ تا کۆتایی زستانی ١٣٦٣ و سەرەتای ١٣٦٤ هێزەکانی کۆمەڵە هەر زۆر زوو لە شیمالی کوردستانەوە تا سەقز توانای مانەوەیان لە بەرامبەر هێزەکانی حیزب نەبوو هۆکارەکەشی ئەوەیە کە پێگەی کۆمەڵە لەو ناوچانە لاواز و لە ڕاستیدا تەشکیلاتێکی بەهێزیان وەک جنووب نەبوو، بەو مانایە ئەوان تا ساڵی ١٣٦٥ دوو جار سەردانی ناوەندی کوردستانیان کرد. جارێکیان لە پاییزی ١٣٦٤ لە مێرگەنەخشینەی سەقز لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزب لەهێزی بەیان دەرگیر بوون پاشەکشەیان کردەوە بۆ سەرشیو، جاری دووەم لە ئاخری مانگی هاوین لە حاجی کیمی بۆکان دووبارە دەرگیر بوونەوە ٧ کەس لە هەردوو لا گیانیان لەدەست دا، کە دوای ئەو شەڕەی ئەوکات، هیچ کۆمەڵەیەک چاوی بە موکریان نەکەوتەوە.

لە زستانی ١٣٦٣ و بەهاری ١٣٦٤ دوای ٦ی ڕێبەندان، ئەم هێزانەی کۆمەڵە زۆر چالاکانە دژی حیزب لە شەڕدا بەشدار بوون بریتی لە: (گوردانی شوان زیاتر لە١٠٠ کەس، گوردانی ئارێزی سنە ٨٠ کەس، گوردانی فوادی مەریوان ٧٠ کەس، گوردانی سەقز ٨٠ کەس، گوردانی کاوە و چیای دیواندەرە ٨٠ کەس و گوردانی شاهۆی کامیاران ٦٠ کەس، سەرجەم ئەو هێزانەی کۆمەڵە ٤٧٠ کەس بوون. هەروەها هێزەکانی حیزبی دێموکرات عەزیزی یوسفی ١٥٠ کەس، هەوشار ١٥٠ کەس، شەریفزادەی سنە ١٣٠کەس، دیواندەرە ٦٠ کەس، زرێبار ٨٠ کەس، بێستوونی کرماشان ١٥٠ کەس، سەرجەم ٧٢٠ پێشمەرگەی[1]حیزبی دێموکرات سەرەڕای شەڕو

[1] – ئازارو ئەزموون حاتەم مینبەری لاپەڕەی ٢٧٨

بەربەرەکانی توند لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم، ناچار بوون ناوەناوە بەرپرچی پیلان و شەڕفرۆشنەکانی کۆمەڵە بدەنەوە. لێرە پێویستی بە بەرچاوڕوونییەک هەیە کە هەموو هێزەکانی جنووب لە شەڕدا نەبوون بەڵام بەمجۆرە لەو ناوچانە بوونیان هەبوو.

سەرەڕای ئەو هەموو هێزە بێجگە لەوە کۆمەڵە بەشی هەرە زۆری تەنانەت هەموو هێزەکانی لە ناوچەیەکی وەک سەرشیوی مەریوان و سەقز کۆکردەوە. کۆمەڵە بە پێی ئەو بەرنامەیەی هەیبوو بۆ قەرەبووی شکستی ناوچەی بانە گەڵاڵەی بۆ سەر ناوەندی ئاژوان داڕشت و شەوی نەورۆزی ساڵی ١٣٦٤ دەستی بەسەر داگرت و کاک سەدیق فەروخیانیش کە جێگری کومیتەی ناوەندی بوو لە نێو شەهیدەکان‌دا بوو. ئەوە یەکەم زەبری قورس بوو دوای شەڕی سەرانسەری لە ٦ی ڕێبەندانەوە کە کۆمەڵە لە حیزبی دا. ئەو زەبرەی وەحیزب کەوت زۆرتر بە هۆی کەمتەرخەمی لە پێشمەرگەکانی حیزبەوە سەرچاوەی گرت چونکە بە هۆی بێ مبالاتی و گوێ‌نەدان بە ئوسولی شەڕ غافڵگیر کران و بەداخەوە ژمارەیەک شەهید کران.

پاش ئەو هێرشەی کۆمەڵە، حیزبی دێموکرات لە هەر هێزەی وەک بەیان، پێشەوا، شاهۆ و گیاڕەنگ لکێکی بە مەئموورییەت بۆ جنووبی کوردستان ڕەوانە کرد. کۆمەڵە هەستی بەهاتنی ئەو هێزانە کرد. زۆر جار عەمەلیاتی "ئیزایی" و شەوانە تەقەیەکی لە بنکەی حیزبی دەکرد بۆ ئەوەی بتوانێ ڕێگری لە عەمەلیاتی پێشمەرگەی حیزب بکا. سەرەنجام کۆمەڵە بڕیاری دا هێرشێکی گەورە بۆ سەر گوندی "میشیاو" بکا. بۆ ئەم مەبەستە ٣ گوردانی سەقز، کاوە و فوادی کۆ کردەوە و شەوی ١١ی خاکەلێوەی ١٣٦٤ هێرشی دەست پێکرد کە هێزی هەوشاری لێ بوو. لەڕاستی‌دا گوندی میشیاویان خستە گەمارۆ ئەگەر لە توانایان دابایە بیگرن حیزبی دێموکرات دەبوو بەتەواوی دەست لە شلێر هەڵبگرێ، بەڵام خۆڕاگری هێزی هەوشار توانی کۆمەڵە تێک بشکێنێ و هەروەها هێزی شەریفزادە و هێزی بێستونیش لە بایر و بوردەمەوە بەرزاییەکانی پشتی میشیاویان گرت و سەنگەرەکانیان یەک لەدوای یەک لە کۆمەڵە ئەستاندەوە. کۆمەڵەکان لەوێ نەک هەر تێکشکان بەڵکوو زەبرێکی

قورسیشیان وێکەوت. زیاتر لە ١٠ کەس بوونە قوربانی سیاسەتی کۆمەڵە و تەرمی کوژراوەکانیان لەوێ بەجێما. لەو شەڕەدا کچێک بەناوی "ئازیتا" کە دەفتەرچەکەی بەجێما، باسی وەزعی شپرزەیی ئەفرادی کۆمەڵە و ئاشبەتاڵی ئەوانی کردبوو کە ڕۆژانە بە پۆل خۆیان تەحویل دەدەنەوە. کۆمەڵە دوای ئەو هێرشە بەتەواوی ناکام مایەوە.

لەگەرمەی شەڕدا و کاتێک ناوەندی ئاژوان لەلایەن ئەفرادی کۆمەڵەوە لە نەورۆزی ١٣٦٤ گیرا، هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی شکستی ناوچەی بانە و گوندی میشیاو، گەڵاڵەیەک لە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە باس کرا کە پێشنیاری مەنسوور حیکمەت بۆ شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات هاتە بەر باس. چونکە ئەوان پێیان وابوو سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە! ئەو گەڵاڵەیە بریتی بوو لە سێ مەسەلەی سەرەکی لەو پێوەندییەدا بوونە سیاسەتی کۆمەڵە، بەبوونی هێزەکانیان لەو ناوچانە بەگوێرەی بەرنامەکانیان درێژەی شەڕ بدەن.

١ - مەنتقەی پایەگایی واتە ئەو شوێنانەی نفوزی کۆمەڵە لە چ ناوچەیەک بەهێزە و حوزووری ئەوان زۆر و دێموکرات کەم بپارێزرێ. ٢- ناوچەی بەینابەینی واتە هەردوولا، مەبەستی (حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەیە) تێیدا مانۆڕ دەدەن کۆمەڵە بە ئیحتیاتەوە هێز بنێرێ هێزێک بەتەنیا نەنێرێ. {دیارە بەینابەینی مەبەستی موکریانە کە لەدرێژەی باسەکەدا ئاماژەی پێ دەکەم کە زۆرتر وەک خەیاڵ دەچوو} ٣- ناوچەی دوژمن واتە ئەو شوێنانەی حیزبی دێموکرات باڵادەستە مەبەستیان شیمالی کوردستانە. چوون بۆ شیمال سیاسەتی کۆمەڵە نەبوو هەروەها ئەوان لە پاییزی ١٣٦٣ لە شیمالی کوردستان بوونیان نەما.

بەڵام لەڕاستی‌دا کۆمەڵە بوختانی بە خۆی دەکرد چونکە ناوچەیەک بە ناوی بەینابەینی بوونی نەبوو، لە ٥ مانگ دوای شەڕ ڕوون و ئاشکرا بوو کوێ مەیدانی تەراتێنی ئەفرادی ئەوان بوو. تەنیا لە سێ کوچکەیەکی نێوان سەقز، سنە و مەریوان لە هاتووچۆدا بوون، تەنانەت چاویان بە گوندێکی موکریانیش نەکەوت، بەڵام لە کۆتایی مانگی خەرمانانی ١٣٦٥ یەک ڕۆژ هاتنە

حاجی کیمی ئەویش ئاوایی ئەو ناوچەیە نا، بەڵکوو چیای حاجیکیمی هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی بەیان دەرگیر بوون و یەکشەوە گەڕانەوە ناوچەی سەقز.

کۆمەڵە بەدوای ئەو شکستەی هێندیک بەرپرس و فەرماندە و ڕێبەری وەک عومەر ئیلخانیزادە و محەممەد شافعی ڕەوانەی جنووب دەکا.

**"من دوای گەڕانەوە لە قوتابخانەی حیزبی بۆ ناوچەی جنووب، لەڕاستیدا تووشی شۆک بووم و خەیاڵ هەڵیگرتم، دوو گوردانی کاوە و چیا لەناوچەی دیوەاندەرە تێکۆشانیان بوو هەرکام لەو گوردانانە ١٥٠ کەسی لەخۆیدا سازمان دابوو. دوو گوردانی فەعال و بەتوانا، بەغیرەت لەبەرامبەر هێزی کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانیان دەکرد، ئێستا نزیک بە سێسەد پێشمەرگەی ئەو دوو گوردانە، تەنیا ٢٥ کەس پێشمەرگەی ماندوو هیلاک و بێ داهاتوو ماوەتەوە."[1]**

دیارە هەم لە نووسراوەکانی خۆیاندا هەم بەرپرسانیان لەوە ناڕازی بوون کە وەزعێکی زۆر شپرێو لە ڕیزەکانی کۆمەڵە پێکهاتبوو، بەتایبەتی لە بەشی جنووبی کوردستان فشاری زۆریان لەسەر بوو. ئەوان کە سێ ساڵ پێشتر حیزبی دێموکراتیان لە کۆنگرەی دوو بە "دژیشۆڕش، بورژوازی، چەپاوڵ وغارەتگەر" ناسیبوو حیزبیش لە سێ خاڵدا مەرجی ئاگربەسی ڕاگەیاندبوو کە یەکیان ناسینی حیزب بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ، کۆمەڵە بەوە زۆر قەڵس بوو. خاڵی یەکەم سنووربەندییەکی بۆ دۆستایەتی و تەنانەت پێشی بە هەموو تێکهەڵچوونەکان دەگرت و ڕێگای هاوکاری خۆش دەکرد. چونکە شتێک نەدەما کە وەک خۆراک بە بەدەنەی خۆی بڵێ. دیارە ئەوان ملکەچی ئەوە نەبوون کە بڕیارێکی ئەوتۆ بدەن، حیزبی کۆمۆنیست و ڕێبەرانی لەمێژ بوو بڕیاری کۆتاییان دابوو.

ڕێبەرانی کۆمەڵە لە بەهاری ١٣٦٤، سێ گوردانی سەقز و بۆکان و مەهابادی بۆ ناوچەی موکریان نارد، مەبەست لە ناردنی ئەوانە ئەوە بوو کە بە حیزب بڵێ من لە موکریانیش دا توانایی ئەوەم هەیە کە قسەی یەکەم

[1] – "رقابت کور" محمد سیار لاپەڕەی ١٦٠

بکەم. ئەو ٣ گوردانە لە کۆتایی مانگی خاکەلێوەدا ڕوو لە گوندی باوەسێنی گەورگی سەقز دەکەن. لەو کاتەدا کەریم مەهدەوی ناسراو بە "کەریم سەقزی[1]" جێگری هێزی ئاڕبابا دەبێ. لەگەڵ ٤ پێشمەرگە بۆ مەرەخسی دەچێتەوە لای ماڵومندالی لە تێکهەڵچوونێکی زۆر کورتدا دوو لە پێشمەرگەکان دەرباز دەبن و ئەوانی دیکەش لەگەڵ کەریم مەهدەوی "سەقزی" لە لایەن کۆمەڵەوە بەدیل دەگیرێن. ئەو سێ گوردانەی کۆمەڵە کە ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی بەرپرسیان دەبێ بە فەرماندەی گوردانی مەهاباد دەستوور دەدا کە کەریم سەقزی ئێعدام[2] بکەن، بەڵام ئەو بڕیارەکە جێبەجێ ناکا.

کۆمەڵە لە درێژەی ئەو جەولەیان لە ناوچەی مەهاباد و بۆکان وەک قۆڕغەتەپە، سەرباخچە و گڵۆڵان ڕیزە تێکهەڵچوونێک لە نێوان هێزەکانی کۆمەڵە و دێموکرات ڕوو دەدا کە لە هەردووک لا چەند کەس گیانیان لەدەست دەدەن. هەر دوا بەدوای گیرانی کەریم سەقزی، هاوکات لە گوندی "بوغدەکەندی" بۆکان دوو کەسی کۆمەڵەی لێ بوو، پاش تەقە و لێکدانێکی کورت هەردووکیان، یەکیان بە برینداری گیرا و ئەویتر جەعفەر ئیلخانیزادە کە دواتر لەگەڵ کەریم سەقزی گۆڕینەوەی پێ کرا.[3]

---

[1] – ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ لە مووشکبارانی قەڵای دێموکرات شەهید بوو.

[2] – "ڕقابت کور" ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە.

[3] – وەک قسەی خۆش: کاتێک لە ماڵەکە هاتنەدەر کاک فەتاح ئیلخانیزادە کە کادری حیزب و برای جەعفەر بوو، گوتی: "نەمگوت دەست هەڵگرە لەگەڵ بورژوازیت پێ ناکرێ"؟

## شەڕێ باغڵووجەی بۆکان و ئاڵوگۆڕی قووڵ لە کۆمەڵەدا

شەڕی باغڵووجەی بۆکان ئاڵوگۆڕی قووڵی لە تێکۆشانی سیاسی و نیزامیی کۆمەڵە لە موکریاندا پێک هێنا. ڕۆژی ٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٤ لکی دووی هێزی بەیان لە ئاوایی باغڵووجە بۆ پشوودان دەمێنێتەوە، شەوێ ٣ چەکداری کۆمەڵە ڕوو دەکەنە ماڵی حاجی سەوزە کە قاسم محەممەدپوور سەرپەرستی هێزی بەیان، لەوێ پشووی دەدا. ئەفرادی کۆمەڵە دەزانن کە ئەو ماڵە حیزبیان زۆر خۆش دەوێ، ئەو سێ کەسە لە دەرگا دەدەن و کاک قاسم بە دەمانچەیەکەوە دێتە دەر دەڵێ کێن؟ ئەوانیش لە وڵامدا دەڵێن هێزی پێشەواین!! ئەگەرچی کاک قاسم گومانی لێ پەیدا دەبێ بەڵام دەرگا دەکاتەوە ئەوان بەر دەسڕێژی گوللەی دەدەن و لە ڕاستیدا تێرۆری دەکەن. تا پێشمەرگە لە ماڵان دێتە دەر ئەو ٣ کەسە لەنێو ئاوایی بە پەلە خۆیان دەرباز دەکەن. هەر لەو پێوەندییەدا وەدرۆخستنەوەی نووسینێکی محەممەد سەیار لە کتێبی "ڕقابت کور"دا پێویستە. ئەو لە کتێبەکەیدا دەڵێ "پێشمەرگەکانی هێزی بەیان ئەفرادی کۆمەڵە کە خۆیان بە پێشمەرگەی هێزی پێشەوا ناساند بۆ لای قاسم باقی بردووە و دوایە دەستڕێژیان لێ کردووە و قاسم باقی کوژراوە و چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون". ئەمە هەر لەبناغەوە دوور لەڕاستییە، ئەوان کاک قاسمیان وەک تیرۆرکردن، تیرۆر کرد و هیچ کەسی

دیکەش لەو ڕووداوەدا بریندار نەبوو. ڕاستی ڕووداوەکە بەمجۆرەیە وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد.

دوای شەهید بوونی قاسم محەممەدپوور، بۆ بەیانی نامەیەک لەلایەن بەرپرسانی پێشمەرگەکانی حیزب لە کومیتەی بۆکان بۆ دوو دەستەی هێزی پێشەوا لە ئاوایی "گڵۆڵان"ی خوارێ ڕەوانە دەکرێ. بە گەیشتنی نامەکە ئەوان دوانیوەڕۆ بەرەو ئاوایی باغڵووجە دەکەونە ڕێ. قاسم محەممەدپوور بۆ بەیانی لە ئاوایی باغڵووجە بەخاک سپێردرا، هەر ئێوارێی ئەو ڕۆژە کۆمەڵە خۆی بۆ هێرش بۆ سەر پێشمەگەکانی حیزب ئامادە کردبوو، بەڵام پێشمەرگەکانی حیزب لەلکی ٢ی هێزی بەیان ئاوایی چۆل دەکەن و دوا بەدوای چۆلکردنی گوندەکە لە ٣ گوردانی کۆمەڵە واتە ٣١ی بۆکان، ٢٤ی مەهاباد و ٢٦ی سەقز دووانیان دێنە نێو ئاوایی.

کاتژمێری ١١ی شەو ئەو دوو دەستە پێشمەرگەیەی هێزی پێشەوا کە پێیان وابوو ئەو لکەی هێزی بەیان هەر لە ئاوایی دایە، بێ ئەوەی بزانن کۆمەڵەی لێیە ڕوو لە ئاوایی دەکەن، لە یەکەم ماڵەکانی ناو ئاوایی تەقە و لێکدان دەست پێدەکا ئەگەرچی پێشمەرگەکانی حیزب پێیان وابوو هێزی بەیان لە ئاوایی حوزووری هەیە، چونکە لەسەر داوا و نامەی ئەوان بۆ ئاوایی باغڵووجە هاتبوون، بەڵام کۆمەڵە کە وەک هەمیشە جنێویان بە قازی محەممەد دەدا ئەو کاتە پێشمەرگەکان زانیان کە ئەفرادی کۆمەڵە لە ئاواییدا جێگیر بووە. وەک ئامازەی پێکرا دوو گوردانی بۆکان و مەهاباد لە نێو باغڵوجەدا بوون کە ژمارەیان نزیک بە١٠٠ کەس دەبوو. هەروەها گوردانی ٢٦ی سەقز لە بەرزاییەکانی گوندی کانیزێرینە و هەبەکی چاوەدێری دۆخەکەیان دەکرد. پێشمەرگەکانی حیزب دوو دەستە بوون. دەستەیەک لە لکی٣ و دەستەیەک لە لکی ٢ی هێزی پێشەوا، نزیک بە ٤٠ پێشمەرگە دەبوون. شەڕ لە کاتژمێری ١١ی شەو دەستی پێکرد و تا ٩ی شەوی دواتر

درێژەی کێشا، واتە ٢٢ سەعات لە نێو ئاوایی باغڵووجەدا شەڕی ماڵ بەماڵ و کۆڵان بەکۆڵان بێ پسانەوە درێژەی کێشا. دیارە سات بەساتی ئەو شەڕە باس ناکرێ بەڵام پێشمەرگەکانی حیزب بەتایبەتی ئەو دوو دەستەیە زۆر شەڕی نێو شاریان کردبوو تەنانەت لە ئاوایی "چوارگا" هێزی ڕێژیم لە گەمارۆی خستبوون، بەرگرییەکی بێوێنەیان کردبوو. هەربۆیەش تا بەرەبەیانی ڕۆژ ١١ی بانەمەڕ بەشی هەرە زۆری ماڵەکانیان کونکون کرد. لەڕاستیدا ئەفرادی کۆمەڵە سەریان سووڕ مابوو. ڕۆژی یازدەی بانەمەڕ لە هەموو کۆڵانەکانی ئاوایی شەڕە نارنجەک و شەڕی دەستەویەخە بۆ زاڵبوون بەسەر یەکتریدا درێژەی بوو. لە ماوەی دوو شەو و ڕۆژێکدا شەڕی بەردەوام خەڵک خۆیان حەشار دابوو. زۆربەی ماڵەکان بە گرمەی ئاڕپیجی و نارنجەکهاوێژ و تەنانەت گوللەی چەکی هەر دوولا زیانیان وێکەوتبوو. بە ڕووناکبوونی هەوا گوردانی ٢٦ی سەقزیش بە کردەوە هاتە نێو شەڕەکەوە. بەمجۆرە ٢٢ کاتژمێر شەڕیکی توند و دەستەویەخە لە ئارا دابوو. لە کاتژمێری ٩ی شەوەوە کە شەڕ ڕوو لە کزی دەدا و دەنگی تەقە کەم بۆوە پێشمەرگەکانی حیزب بەرەو قاراوە و حاجیکیمی پاشەکشە دەکەن. کۆمەڵە کە نزیک بە ١٥٠ کەس دەبوو لە ئاوایی مانەوە. دوای چوونە دەرەوەی ئەو دوو دەستە پێشمەرگەیەی حیزب بێدەنگی باڵی بە سەر ئاواییدا کێشا، بەڵام خەڵکی ئاوایی تا بەیانی نەهاتنە دەر. لەو شەڕەدا ٩ کەس لە هەردوولا گیانیان لەدەستدا، ٥ کەس سەر بە کۆمەڵە و ٤ کەسیش پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوون.

لە شەڕی باغڵووجەدا "مەعرووف کەعبی" کە خۆی بەشدار بوو لە ڕووداوێکی کە دوای شەڕەکە لەگەڵ خەڵکی ئاوایی ڕوویدا بەمجۆرە باسی دەکا.

" ئەوە دوو شەو ڕۆژێک بوو کە خەڵکی ئاوایی لە ماڵدا مابوونەوە کەس نەیدەزانی خەسارەتی ئەو شەڕە بۆ ئەو گوندە دەبێ لە چ ڕادەیەک بێ. سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر، بەدەنگە دەنگی خەڵک وەخەبەر هاتین نیگابانەکانمان کەوتبوونە بەر تووڕەیی خەڵک و قسەوباسێکی توند لە نێوانیاندا ڕوویدا بوو. کە هەوا ڕوون دەبێتەوە ئەوجار ڕادەی زەرەر و زیان بە ئاوایی دەرکەوت. ماڵ نەمابوو بە نارنجەک و ئارپیجی دیوار و پەنجەرە و دیوێکیان نەڕووخابێت. لە چەند کۆڵاندا کەلاکی مەڕ و ماڵاتێکی زۆریان دانابوو کە بە ئاگری ئەو شەڕە سووتابوون. جحێلێکی ئاوایی (لاوێک)، تووڕەیی خۆی بەرامبەر بەو وەزعە، بەرامبەر بە کەریم کە نیگابانی یەکێک لە دەستەکان بوو دەربڕی و لە نێویاندا دەمەقرێ ساز بوو. چەند کەس پەلاماری کەریم و چەکەکەیاندا و ئەویش بە دەسرێژێک بە ئاسماندا ئەوانی پەشیمان کردەوە، پێشمەرگە چەککردنی بەتۆمەتێکی گەورە بەخۆی دەزانی و بۆیە بە توندی کاردانەوەی لەخۆ نیشان دەدا. کەریم کە بۆ هێنانەوەی جەلیل وەها فیداکارێکی لەخۆی نیشاندا کە کەوتە بەر ڕەخنەی یەکێک لە فەرماندەکان و داوا کرا چەک بکرێت، بچینە مزگەوت و داوای لێبوردن لە خەڵک بکا.........

لە درێژەی ئەو باسەدا دەڵێ: وێنەیەکی ناخۆش پێکهاتبوو کەریم کە وڵامەکانی ئەو بەرپرسەی قانیعی نەکرد و شەرمی چەک کردن دایگرتبوو لە نەکاو دەستی برد بۆ نارنجەکێک لە حەمایلەکەیدا و حەڵقەکەی کێشا. منیش دەستم توند گرت و نەمهێشت دەستی نارنجۆکەکە بەر بدات. دەورمان پڕبوو لە چەند کەسی خەڵکی نێو دێ و چەند پێشمەرگەیەک. بەڵام دەبوایە بەهەر جۆرێک دەبوو کەریم ئەهوەن بکرێتەوە، کەریم بە گریانەوە هاواری دەکرد خۆم شەهید دەکەم باشترە لە چەک کردنم و ئێمەش تکامان لێ دەکرد دەستی لە سەر نارنجۆکەکە بەر دات. ژنێکی ئاوایی هاتە پێشەوە و وتی

عەیب ناکەن، لە هەر دوولاتان نزیکەی دە کەس کوژراوە و تۆش دەتهەوێ خۆت بکوژی؟ ئەو قسانە کەریمی ئەهوەن کردەوە".[1]

دوو مانگ پاش ئەو ڕووداوە چووینە باغڵووجە لاوەکە لایەنگری حیزب بوو تووڕەیی پێوە دیار بوو. خەڵکی دیکەش ناڕەزایتیان دەربڕیبوو هەر چەند یەک یا دوو ماڵ لایەنگری کۆمەڵەی لێ بوو بەڵام خەڵک بەگشتی حیزبی بوون و حیزبیان زیاتر خۆش دەویست، کۆمەڵە ئەو ڕۆژە لەوێ لە بەرامبەر خەڵک نەرمی نواندبوو هەستیان دەکرد مەسەلەکە توندوتیژی لێدەکەوێتەوە، هەر بۆیە بە چەک کردنی ئەفرادی خۆیان خەڵک ئەهوەن ببووە. چونکە کۆمەڵە باشی دەزانی ئەگەر کێشە لەنێوان ئەوان و خەڵک دروست بایە، ئیدی ئەوەندە لایەنگرەشیان لەلای بۆکان هەبوو لە دەست دەچوو. هاوکات کە کۆمەڵە ئەو ٣ گوردانەی ڕەوانەی ناوەندی کوردستان کرد تەواوی گوردانەکانی دیکە لە شلێر مابوونەوە. شەڕی باغڵووجە لە تاکتیکی سیاسیی و نیزامیی کۆمەڵەدا ئاڵوگۆڕێکی قووڵی پێکهێنا، ئەوان بەکردەوە هەستیان کرد کە حیزبەکەیان واتە حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە لە موکریان ناتوانێ پێگەی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبێ، ئەوە نەک بۆ کۆمەڵە ڕوون بۆوە بەڵکوو خەڵکیش هاتە سەر ئەو باوەڕە کە کۆمەڵە بەو سیاسەتە هەڵەیەی دیاریان کردووە هێزی جەماوەری نێو کۆمەڵانی خەڵکی کورستان نییە و ناتوانێ ببێ. پاش شەڕی باغڵووجە ٣ گوردانی ناوبراو گەڕانەوە بۆ ناوچەی سەقز و بۆ سنووری لای شلێری کوردستانی عێراق.

لە سەرەتای مانگی بانەمەڕدا پێشمەرگەکانی حیزب خۆیان بۆ هێرشێک بۆ سەر "نەرمەلاس" کە پێشتر ناوەندی ئاژوان بوو ئامادە دەکرد، تەنیا ٣٣ ڕۆژ لە شەهید بوونی سەدیق فەروخیان تێپەڕی کە هێرش لە بەرەبەیانیدا

---

[1] – کتێبی "دەشتی داری" لاپەڕەی ١٣٨و ١٣٩

دەستی پێکرد لەو ڕۆژەدا کە شەڕێکی سەخت و توند لەسەر سنوور دەستی پێکرد لەڕاستیدا ڕۆژێکی زۆر ناخۆش تەمومژ و با و بۆران بوو. هەرکام لە حەولی گرتنی شوێنی ستراتیژی ئەو ناوچەیە دابوون کە دیارە پاش چەند سەعات هێرشی پێشمەرگەکانی حیزب بۆ سەر ناوەندی ئاژوان کە کۆمەڵە دەستی بەسەر داگرتبوو سەرکەوتوو نەبوو، بە هۆی خراپیی کەشوهەوا پاشەکشە کرا. بەداخەوە لە هەردووک لا نزیک بە ٤٠ کەس گیانیان لەدەست دا.

حەوتوویەک دوای ئەوە کۆمەڵە خۆی بۆ هێرشێکی گەورە بۆ سەر گوندەکانی " بایر" و "بوردەمە" و "سێف" ئامادە کرد لەو گوندانە ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگەی حیزب لێ بوو. ئەوان زیاتر لە ٢٥٠ کەس هێرشیان بۆ سەر ئەو سێ گوندە کرد کە لە کاتژمێری ٢ی بەیانی شەڕ دەستی پێکرد و تا دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوایی درێژەی هەبوو کە ٣ کەس لە هەر دوولا گیانیان لەدەست دا. دوو پێشمەرگەی حیزب بەدیل دەگیرێن کە هەر لەوێ ئێعدامیان کردن. چونکە کۆمەڵە پێی وابوو هەرچی زیاتر لە حیزب بکوژێ دەسکەوتی سیاسی زیاترە. لەو بارەوە فەرماندەیەکی کۆمەڵە کە لە زۆربەی شەڕەکانی دژی حیزب بەشدار بوو ئاوا باس دەکا.

"کەسانێک لە ڕێبەری کۆمەڵە زۆر جار کە قسەیان دەکرد ئەو وتەیان دەگوتەوە کە: **ئێمە هەرچەندی زیاتر لە حیزبی دێموکرات بکوژین، لە ڕوانگەی سیاسییەوە زیاتر لە نەتیجەی شەڕ تەئسیرمان دەبێ.** ئەو قسانە زیاتر فەزایەکی دروست کرد کە دیلەکان ئێعدام بکەن".[1]

تەنانەت لەو بارەوە ئەو فەرماندە گوردانەی کۆمەڵە دەڵێ: "تیئۆریسییەنی نیزامیی کۆمەڵە" عومەری ئێلخانیزادە بوو، کاتێک حیزبی دێموکرات ویستی

---

1- "رقابت کور" محمد سیار

هێرشی گەورە بۆ سەر کۆمەڵە بکا، قەرار بوو هێندێک موهیماتمان بۆ بێ، بەڵام مەسئوولی تیمی کە تەقەمەنی دێنا لەگەڵ عومەر ئێلخانیزادە کێشەی بوو، ناوبراو هەمیشە لە نێو خەڵکدا لە زەوقی دەدا دەیگوت: "من دەزانم ئەو خوێرییە بەکاوەخۆیە تا شەڕ تەواو بێ، ئەو کات دەگاتێ".[1]

بەپێی ئەو سیاسەتە کە گرتبوویانە پێش لە نێوەڕاستی مانگی ئاخری بەهاری ١٣٦٤ هێرشێکی دیکەیان بۆ سەر بنکەی حیزب لە نزیک "بایر" و "بوردەمە" هێنا. پێش ئەوەی تەقە دەست پێ بکا بێسیمچییەکی حیزب بەبێ چەک و دوور لە بنکەکانی حیزب دەکەوێتە دەستیان. ئەوان دەیگرن و بە دەست پێکردنی تەقە هەر لەوێ ئێعدامی دەکەن. پاشان هێرش دەکەنە سەر بنکەی حیزب کە ٩ پێشمەرگە شەهید دەبن. دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە کاتێکدا ئەفرادی کۆمەڵە سەرمەستی ئەو سەرکەوتنە بوون دەستیان بە تەقەی خۆشی کرد و هەر ئەو ڕۆژە عومەر ئێلخانیزادە کە ئەو ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەری و بەرپرسی کۆکردنەوەی هێزەکانی کۆمەڵە لە جنووبی کوردستان دژی حیزبی دێموکرات بوو لەو کۆبوونەوەیەدا باسی لەوە کرد کە:

"ناوبراو لە نێو قسەکانیدا بەدرێژی باسی "سەرکەوتنەکان"ی کرد و باسی گیان لەدەستدان و برینداری چەندین پێشمەرگەی حیزب، هەروەها خۆبەدەستەوەدانی چەندین پێشمەرگەیان بە کۆماری ئیسلامی و لەنهایەتدا بە زەعیف بوونی حیزبی دێموکرات خوشحاڵی خۆی ڕاگەیاند. عومەر ئێلخانیزادە لە درێژەی قسەکانیدا بەم وتەیە کۆتایی بەقسەکانی هێنا. **لە ئێستاوە بە ئێوە و هەموو خەڵکی کوردستان دەڵێم، لەمڕۆ بە دواوە هەر**

[1] - سەرچاوەی پێشوو

**کەس چەکی کۆمەڵە لە شان بکا زۆر بەڕاشکاوی دەبێ ئاگادار بێ مەرجی ئەو بۆ پێشمەرگایەتی کۆمەڵە، سنووردانان لەگەڵ ناسیۆنالیزمە.)"**[1]

ئەوە دەقــی قســـەی نـــاوبراو بـــووە کە بە کوشـــتنی ٩ کەس لە کـــوڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بەو جۆرە سنووربەندی بۆ هاتنی خەڵک لەڕیزی خۆیاندا دیاری دەکا. لەو پەیامەیدا هەواڵی دڵخۆشکەر بە خەڵک دەدا، بەڵام لەلایەکی دیکە کۆمەڵە لە ماوەی ٣ مانگدا وەک ئاماژەی پێکرا بە سەدان کەسی خۆیان تەحویل کۆماری ئیسلامی دایەوە. گوردانەکانی ناوەندی کوردستان لەساڵی ١٣٦٥ بەولاوە نەیان دەزانی ڕەنگی موکریان چۆنە، تەنانەت بەرەبەرە خەڵک ناوی کۆمەڵەی لەبیر دەچۆوە تەنیا ئەگەر ناوی هاتبایە چەند ئەندامێکی کەم ئەگەر دیوارێکیان نووسیبایە، دەنا کەس باسی ئەوانی نەدەکرد. هەرچەند حاشا لەوە ناکرێ کە هەڵوەرین لە ڕیزی هەردوو تەشکیلاتدا بووە بەڵام لە حیزبی دێموکراتدا بەو شێوەیە نەبووە، لە موکریان و شیمالی کوردستان ئەو کەسانەی کە لەسەر شەڕی کۆمەڵە وازیان هێنابێ ناگاتە قامکی دەستەکان، هەڵبەتە حاشای لێ ناکرێ لە ناوچەی جنووبی کوردستان بە هۆی ئەویکە بەشی زۆری شەڕەکان لەوێ بوو لە حیزبی دێموکراتیش هەروەک حاتەم مینبەری لە کتێبی "ئازار و ئەزموون" باسی دەکا هەڵوەرینی هەبوون، بەڵام لە ڕیزی کۆمەڵە وەک بۆخۆشیان ئاماژەی پێدەکەن ڕەوتی خەزان و هەڵوەرین ئێجگار زۆر و وەک گەڵای پاییز لەلایەن کۆمەڵەوە چاوی لێ دەکرا و بگرە هێندە گوردان سەتا نەوەد لە کەمی دابوو.

---

[1] – "رقابت کور" صفحه ١٩٣

# هێرشی کۆمەڵە و نامەی شەهید دوکتور قاسملوو

حیزبی دێموکرات لە ئاخری بەهاری ١٣٦٤ بڕیاری دا زۆربەی ئەو هێزانەی کە لە ناوەندی کوردستانەوە بۆ مەئمورییەت لە جنووبی کوردستان بوون بۆ ناوچەکانی خۆیان بگەڕێنەوە چونکە لەڕاستی‌دا کۆمەڵە تەنیا لە ٣ گۆشەیەکی چووکەی وەک سەقز، سنە و مەریوان حوزووری هەبوو، لە مانگی گەلاوێژدا ئەو هێزانە بۆ شوێنی تێکۆشانی خۆیان گەڕانەوە.

کۆمەڵە بەدوای ئەوە هەرچی هەیبوو لە جنوب کۆی کردبۆوە بەرنامەیەکی دیکەی بۆ سەر ناوەندی ئاژوان داڕشتبوو. ئەو کەسانەی بۆ شناسایی بنکەکانی حیزب هاتبوون لە کاتی گەڕانەوەیان، لە بن دارێک لە نزیک وشکەڵان پشوو دەدەن. دەستەیەک پێشمەرگەی حیزب کە بڕیاری هێرش بۆسەر کۆمەڵە دەدەن لە ڕێگا لە بن پۆلە دارێک چەند کەس چەکدار دەبینن تا بەسەریان‌دا نەکەون نازانن. لە پڕ تەقە ساز دەبێ و یەکیان بەجێ دەمێنێ و ئەوانی دیکە لە نێو دارستانەکە دەرباز دەبن.

"پاش نزیک بە سەعاتێکی گەیشتینە دۆڵێک لە پڕ سەرمان بە کانی و ئاوێکەوە دەرچوو. نزیک بە١٠ کەس لەسەر کانییەکە دانیشتبوون تا سەرمان پێیانەوە هەڵ نەتەقی نەیانزانی، تەقە دەستی پێکرد. تەپ و تۆزێک جگە لە جەنازەیەک ئەوانیتر بێ تەقە لە چاو ئێمە ون بوون. لە لای خۆشمانەوە هاوار بەرز بۆوە وتیان میرزا عەبدوڵڵا بریندارە. چەند کەسێک چوونە سەر

جەنازەی کۆمەڵەکە. دیارە دەرکەوت کەسێک بوو بەناوی ساڵح ئەمانەتی (فەرهاد) کە یەکێک بوو لە فەرماندە ناسراوەکانی کۆمەڵە. دووربین شەویکیش لەگەڵ کۆمەڵێک بەڵگە و سەنەد بەجێمابوون کە دەریان دەخست ئەم ژمارە کەسە هەموو فەرماندە و بەرپرسی بەرزی کۆمەڵە بوون و نیازی داڕشتنی نەقشەی هێرشی بەرینیان بووە بۆسەر کانیشەکرە. میرزا عەبدوڵڵا نیشکۆڵان فەرماندەری پێشمەرگەکانی سەردەشتیش بەسەختی بریندار بوو کە بەداخەوە لە ڕێگا شەهید بوو."[1]

لەو بەڵگانەی لە فەرهاد ئەمانەتی گیراوە، دەرکەوتووە کۆمەڵە بۆ جاری سێهەم نیازی هێرشی بۆ سەر ناوەندی ئاژوان بووە، بەڵام بەرپرسانی حیزبی زۆر مشووری ئەو بەڵگانەیان نەخواردوە و پشتگوێ خراون. لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵە هەستی کردووە کە ئەو بەڵگانە کەوتۆتە دەست پێشمەرگەکانی حیزب، بۆیە لەکاتی خوێندنەوەی لە ڕادیۆ کۆمەڵە زۆر گرینگی بە کوژرانی فەرهاد ئەمانەتی نەدراوە. لەو بارەوە یەکێک لە فەرماندەکانی ئەوکاتی کۆمەڵە "حەمەی سەیار" لەلاپەڕەی ٢٠٠ی کتیبەکەی‌دا دەڵی: "دوای گیان لەدەستدانی فەرهاد، عومەر ئێلخانیزادە، کاتێک هەواڵەکەی بۆ ڕادیۆی کۆمەڵە ڕەوانە کرا لە تەنزیم کردنی هەواڵەکە، زۆر بەئاسانی هەموو ڕابردووی وەلا نا تەنیا لە هەواڵێکی کورت: " فەرهاد ئەمانەتی بەرپرسی پاراستنی ئەمنییەتی کومیتەی جنووب بوو". دوای خوێندنەوەی لە ڕادیۆ بەو شێوەیە، من زۆر ناڕاحەت بووم و ڕەخنەم لە عومەری ئیلخانیزادە گرت کە بۆچی بەمجۆرە باسی کراوە. ناوبراو بۆ تەوجیهی قسەکەی خۆی ئاوای گوت: (**ئەگەر ڕاستیمان گوتبایە لەباری سیاسییەوە لە بەرامبەر حیزبی دێموکرات‌دا بە زەرەرمان بوو؟**)."

---

1- کتێبی "ئازار و ئەزموون"، حاتەم مینبەری

دوای کوژرانی فەرهاد ئەمانەتی چەند وردە دەرگیری دیکە ڕوویان دا کە لەوان دا چەند کەس لە هەردوولا گیانیان لەدەست دا. بەڵام کۆمەڵە لە شەوی یەکی گەلاوێژی ١٣٦٤، هێرشی کردە سەر ناوەندی ئاژوان و بۆ گرتنی ئەو ناوەندە کۆمەڵە ٥ کەسی لەدەست داو ٨ کەسی حیزبیش شەهید بوون. نامەیەکی کە دوکتور قاسملوو بۆ بەرپرسی ئەو ناوەندەی نووسیبوو کەوتە دەست کۆمەڵە. لەسەر ئەو نامەیە کردیان بە تەبلیغاتێکی چەند ڕۆژی ڕادیۆی کۆمەڵە. ئەو جۆرە تەبلیغاتە لەلای خەڵک زۆر ئاسایی بوو چونکە خەڵکی کوردستان باش لە کۆمەڵە و سیاسەتی گەیشتبوون، ئەوەندەیان شتی دووبارە لە دەنگی کۆمەڵە بیستبوو زۆر زوو ڕادیۆکەیان وەلا دەنا، تەنیا ئەندام و لایەنگرانی خۆیان گوێیان پێدەدا.

لەڕاستیدا نامەکەش شتێکی ئەوتۆ نەبوو کە بەمجۆرە باسیان دەکرد. بێشک ئەگەر لەنێوان دوو هێز شەڕ بێ ئەو مەسەلانە دێنە بەر باس. دوکتور قاسملوو لەنامەکەیدا باسی چۆنیەتیی هێزەکانی حیزب، ورەی پێشمەرگە، غافڵگیری و وشیاری لە شەڕدا کردبوو، باسی دوودڵی و داچۆڕانی ئەفرادی کۆمەڵەی کردبوو و هەروەها بەڕوونی دەڵێ شەڕی ئێمە لەسەر خاک و تەپۆڵکە نییە. لەبەر ئەوەی حیزب کۆمەڵەی بە کوردستانی دەزانی و بەشی هەرە زۆری چەکدارەکانی خەڵکی کوردستان بوون کە ڕێبەرانیان کردبوویانە گوێ لەمستی سەهەندییەکان. ئەوە ئەوان بوون دەیانویست ناسیۆنالیزم لە گۆڕ نێن و خۆیان لە کوردایەتی بێبەری کردبوو. لەوانەیە کۆمەڵە هەر ئەوەی بۆ گرینگ بوو، چونکە ئەوان بڕیاری یەکلاکەرەوەیان دژی حیزبی دێموکڕات دەرکرد. حیزبیش بۆ مانەوەی خۆی دەڵێ ئێمە ڕەواین و بۆ گەلی خۆشمان خەبات دەکەین و کۆمەڵە بە هەموو وجوودییەوە گۆپاڵی حیزبی کۆمۆنیست بوون باوەڕیان وابوو بە کردەوە حیزب لە ناوچە دەربکەن و مەسەلەی نەتەوایەتییان بۆ گرینگ نەبوو.

لەلایەکی دیکەوە دوکتور قاسملوو باشی دەزانی پێشمەرگەکانی حیزب لە هەژارترین و فەقیرترین زەحمەتکێشانی کوردستانن کە دەتوانن خۆڕاگر بن، ئەوەشی هەست پێکردبوو ئەفرادی کۆمەڵە ئەوەندە خۆڕاگر و پشوودرێژ نین و ناتوانن ماوەیەکی درێژ، درێژە بە شەڕی بەناو "بورژوازی" بدەن. (دەریشکەوت لە دوو گوردانی ٣٠٠ کەسی دوای ٢ مانگ شەڕ، تەنیا ٢٥ کەسی بۆ مابۆوە و لە چوار مانگدا دوو لەسەر سێی کوردستانی لەدەست دا.) ئەو نامەیەیان کردە هەوێنی تەبلیغاتێکی سەیروسەمەرە کە لە کۆتاییدا هیچیشی لێ شین نەبۆوە. لەبنەڕەتدا نێوەڕۆکی نامەکە زۆریش مەنتقی بوو. خۆ دیارە لەشەڕدا نوقڵونەبات نابەخشنەوە، دوکتور قاسملوو ڕێنوێنی بەرپرسانی خوارەوەی کردبوو، باش دەیزانی کە سیاسەتی کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزرانییە بریتی بوو لە دژایەتیی حیزب و بە هاسانیش دەستبەرداری حیزب نەدەبوون. دەبوو لەسەر کەمتەرخەمی ڕێنوێنی ڕێکخراوەکانی حیزبی بکا. کۆمەڵە لەکاتی ئاسایی بڕیاری شەڕیان داو لایەنگرانیان هاندەدا، حیزب لەکاتی شەڕدا ئاموژگاری بە ڕێکخراوەکانی دەدا کە شەڕی ئێمە بۆ نابوودی کۆمەڵە نییە بەڵکوو کۆمەڵە دەبێ لە واقعییەتی کوردستان تێ بگا جیاوازیی ئەو دوو بۆچوونە عەرز و ئاسمانە.

پاش ئەو ڕووداوە حیزبی دێموکرات بڕیاری هەڵوەشانی ناوەندەکانی داو ناوەندی ئاژوانیشی هەڵوەشاند. هەر هێزە و کومیتەیەک ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەفتەری سیاسی پێوەندیی دەگرت. دوای گۆنگرەی ٧ی حیزب چەند هێزی وەک شەریفزادە، زرێباری مەریوان و بێستوون لە ژێر ناوی هێزی زاگرۆسدا تیکەڵ کران. سەقز، دیواندەرە و هەوشاریش لە مەڵبەندی دوو ڕێک خران. دوای ئەوەش هێزەکانی حیزب لە سەرانسەری کوردستان بەتایبەتی لە ناوەند و شیمالی کوردستان ڕۆژانە بە دەیان و سەدان کەس لە هێزی کۆماری ئیسلامیان دەکوشت و بە دەیان پایەگا و گروهی زەربەتیان

تەفروتونا کرد. لەبەر ئەوەی کە قورسایی شەڕی کۆمەڵە و حیزب لە جنووب بوو. بڕیار درا شلێر بۆ کۆمەڵە چۆل بکرێ بۆ ئەوەی لەوێ حکوومەتی پڕۆلیتاریا دامەزرێنن! لە بەرانبەردا هێزەکانی حیزب بە دەیان عەمەلیاتی گەورەیان لە ناوچەکانی سەقز و کامیاران و مەریوان و سنە و کرماشان... ئەنجام دا. هەر چەند پێشمەرگەکانی حیزب هێندێکجار لەگەڵ کۆمەڵە تووشی یەک دەبوون، بەڵام کۆمەڵە چی دیکە نەیدەتوانی زەبری وەک ناوەندی ئاژوان بوەشێنێ. هەر لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکرات لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٤ هیچ هێزێکی لە جنووبی کوردستان بۆ شەڕی کۆمەڵە نەهێشتەوە.

لە موکریانیش جارێکی دیکە سەریان دەرهێناوە کە لەساڵی١٣٦٥ دوایین تێکهەڵچوونیان لەگەڵ حیزب بوو. لەم پێوەندییەدا پێویستە ئاماژەیەک بە چەواشەکارییەکی کتێبی "رقابت کور" بکەم، کە لە لاپەڕەی ٣١٦دا دەڵێ:

"یەکێک لەو پێشمەرگانەی حیزبی دێموکرات کە لەو شەڕەدا بەشدار بوو بەو جۆرەی بۆی باس کردم. لە کۆتایی شەڕ فەرماندەی گوردانی "حشیئاوا" (مەبەستی حاشیاباد) کەسێکی خەڵکی ئاوایی بۆ لای ئێمە نارد پەیامی ناردبوو کە بە ئەفرادی کۆمەڵە و حیزب بڵێ ئەگەر فیشەک و موهیماتیان پێویستە تا بۆیان بنێرم". ئەوە هەر کەس بۆی گێڕابێتەوە لە بنەڕەتدا دوور لە ڕاستییە و درۆیە و شتێک لەو بارەوە ڕووی نەدا بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە بەمجۆرەیە:

کاتێک سەعاتی ٢ی نیوەشەی ٢٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٥ گەیشتینە پشتی حاشیاباد، نۆرەی کەمینی پەلەکەی ئێمە بوو. من زۆر ماندوو بووم چونکە هەم تازە پایەگای باغڵووجەمان گرتبوو، هەم لە پشتی حوسێنئاباد گروهی زەربەتی یەکشەوەمان لەبەین بردبوو. شەهید برایم خەتایی بە جێگای خۆم ناردە بەرزایی پشت سەری خۆمان، سەعاتی ٦ی بەیانی بە

بێسـیم بـانگی کـردم کە چەنـد چەکـدار لە بەرزایـی "زەردەڕووخـاو" دێـنە خـوارەوە. هەر زۆر زوو بەرپرسـانی سـەرەوەم ئاگـادار کـرد، لەگەڵ پەلەکە بەرەو شـوێنی کەمینـەکە سـەرکەوتم، بە گەیشـتنی ئـێمە کـۆمەڵە تەقەی کـرد ئـێمەش لیـمـان دانەوە. شـەڕێکی ٦یـا ٧ سـەعاتەی زۆر گەرم لە نێوانمـان‌دا ڕووی دا. پاشان دوورە تەقە تا ئێوارێ بەردەوام بوو بە پاشەکشـەی کۆمەڵە شەڕ کۆتایی هات. ئەوەی کە پایەگا هەواڵی ناردبوو کە فیشـەکتان بۆ دەنێرم ئەوە درۆیەکی زۆر گەورەیە چونکە گوندی حاشیاباد نەک گروهـی زەربەت، پایەگاشی هەر لێ نەبوو. دوایە شـەهیدەکانمان لەو گوندە بە خاک سپارد و تەنـانەت کـۆمەڵە ٣ کەس لە شـەهیدەکانی بەجـێ مـا، ئەوانیشـمان تەحویـل خەڵکی دا و هەر لەوێ بە خاک سپێردران.

سەیرتر لەهەموو شتێک ئەوەیە کە کۆمەڵە لە نووسینەکانی‌دا پێگەی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکرات گۆڕیبۆوە واتە سفەتی ئاغایەتی ڕێبەرانیان بە حیزب بەخشیبوو هی حیزبیان بۆ خۆیان دانابوو!!

## چاوپێخشاندنێک بەسەر هۆی تێکهەڵچوونەکانی کۆمەڵە و حیزب و دەرسەکانی ئەم تێکهەڵچوونانە

حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ماوەیەک لە تێپەڕینی تێکهەڵچوونی شەڕی سەرانسەری واتە ٦ی ڕێبەندان، تا ئەو کاتە و هیچکات بیری لەوە نەکردبۆوە کە ناڕاستییەکان و چەواشەکارییەکانی کۆمەڵە لە نێو کادر و پێشمەرگەکانیدا لە باس و کۆبوونەوەکانی لە نێو خەڵکدا تەبلیغ بکا. دوای دەسپێکردنی شەڕی سەرانسەری لە ٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٣ حیزبی دێموکرات هاتە سەر ئەو باوەڕە کە پێویستە سەبارەت بە کۆمەڵە و سیاسەتەکانی و ئەو هێرشەی کردییە سەر حیزب لە نێو ڕێکخراوەکانی‌دا ڕوونکردنەوەیەک بدا یان چاوێک بە پێوەندی و ڕابردووی خۆی و "حکا" و لقەکەی‌دا بخشێنێ، هەر بۆیەش لە دوای شکستی کۆمەڵە لە ڕەشەممەی ١٣٦٣ لە ناوچەی بانە، حیزبی دێموکرات لە تێکۆشەری ژمارە ٩، مانگی ڕەشەممەدا نووسراوەیەکی لەژێر ناوی "چاوپێخشاندنێک بەسەر هۆی تێکهەڵچوونەکانی کۆمەڵە و حیزب و دەرسەکانی ئەم تێکهەڵچوونانە" بڵاو کردەوە، کە لە ٣ مەسەلەدا خولاسە بۆوە.

دیارە تێکۆشەر هەر ٣ مانگ جارێک بڵاو دەبۆوە و هەر جارێ چەند مەسەلەی نێوخۆیی تایبەت بە مەسەلەکانی گرینگی ڕۆژ، هەم لەباری سیاسی و هەم لەبارەی نیزامیی بۆ کادرەکانی شیی دەکردەوە و ڕێنوێنی تایبەت بە کادرەکانی بڵاو دەکردەوە. لە ژمارەی ٩ی تێکۆشەر پێویست بوو لە ڕابیتە لەگەڵ شەڕی حیزب و کۆمەڵەدا ئەو بابەتە شیی بکاتەوە، ئەویش دوای داسپاندنی شەڕی سەرانسەری لەلایەن کۆمەڵەوە بەسەر حیزبی دێموکراتدا،

بـۆ تەواوی کادرەکـانی حیـزب نەک بـۆ پێشـمەرگەکان، بـڵاو بکـاتەوە. ئـاژاوەگێڕیی کـۆمەڵە و چ هۆکارێـک بـوونە شەڕفرۆشـیی کـۆمەڵە بە حیـزب، کەموکوڕییەکانی سیاسـەتی حیـزب لەپێوەنـدی لەگەڵ کۆمەڵە لە چیدا بـوو و پاش هێرشی کۆمەڵە لە ٦ی ڕێبەندان سیاسەتی حیزب دەبێ چۆن بێ.

"لە مـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا هەمووم‌ـان بە تێکڕایـی شـاهیدی تێکهەڵچوونەکـانی کـۆمەڵە و حیـزب بـووین، بێشـک تـا ڕادەیەک بەسـەر چەندوچۆنیی ڕووداوەکـان و ئاکامەکەیان‌دا ئاگـادارین. ئێسـتا مەبەسـتی ئێمە ئەوەیە کە بە لێکـدانەوەی کـورت سـێ مەسـەلە کە بە لای ئـێمەوە گـرینگن ڕوونیان کەینەوە.

١- هـۆی چـیە کـۆمەڵە سیاسـەتی ئـاژاوەگێڕیی گرتـووەتە بەر و لە شەڕفرۆشی بە حیزب چ مەبەستێکی هەیە؟ ٢- سیاسەت و هەڵوێستی حیزب سەبارەت بە کۆمەڵە چۆن بووە و کەموکووڕییەکانی لە چیدا بووە؟ ٣- لەمە بەدواوە دەبێ چۆن لەگەڵ کۆمەڵە بجووڵێینەوە؟

١- بەدرێژایـی مێـژوو خەبـاتی گەلانـی ژێردەسـت و هەروەهـا جـووڵانەوە کرێکارییەکـان لەدژی کۆنەپەرستی و دیکتـاتۆری، هەمیشـە بەرەی شـۆڕش و گەل، بۆچوونی جۆراوجۆری تێدا بووە و چەند ڕێکخراو و حیزبی سیاسـی نوێنەرایەتیی ئەم بۆچوونە جۆراوجۆرە، واتە چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵیـان کـردوە، جـاری وا بـووە کە هەمـوو حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی نێـو جووڵانەوە کە لە بەرەیەکدا تا ڕزگاری کۆبوونەتەوە، یا خۆ هەر کامە تەنیا بۆ ئەم مەبەستە سەرەکییە تێکۆشاون، سەرەڕای بوونی جیاوازیی بیروبـاوەڕ و نـاکۆکیی سیاسـی تەنـانەت تێکهەڵچـوون، کەم وا بینـراوە کە یەکێکیـان ئەوی‌تر لە دوژمنی هاوبەشیان مەترسیدارتر بزانێ و هەمووی هێز و توانـای سیاسی و تەبلیغی و نیزامیی خۆی لەدژی ئەو کۆ بکاتەوە.

بەڵام کـۆمەڵە وەک دیـاردەیەکی نـوێ، بە نووسـراوە و پڕوپاگەنـدە لەدژی حیزب پیلان دەگێڕێ و بە هێرشی چەکدارانە بۆ سـەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێمـوکرات، لاوازکردنـی حیزبـی ئێمەی بە مەبەسـتی سـەرەکیی خـۆی دانـاوە. دیـارە شـیکردنەوەی بەرنـامە و بنچیـنەی فکریـی کـۆمەڵە بەگشـتی لێـرەدا ناگونجێ، بەڵام ئێمە تێدەکۆشین چەند خاڵی سـەرەکی کە بنـاخەی سیاسـەتی کۆمەڵەی لەسەر دژایەتیی لەگەڵ حیزبدا دادەمەزرێنن، ڕوون کەینەوە.

به بڕوای ئێمه هۆی بنەڕەتیی تێکهەڵچوونەکان زۆر ڕوون و ئاشکرایه و هیچ گومان لەوه دا نییه که کۆمەڵه ڕاستەوخۆ پێکهێنەری زەمینەی هەمووی شەڕەکانه و هەروەها هاندەری ڕیزەکانی خۆی بۆ دژایەتی و شەڕ لەگەڵ حیزبه. دەستنیشان کردنی چەند خاڵ که دەیان تێز و بڕیاری لادەرانەی ئەوان زۆر بەجوانی ئەم مەسەلەیه بۆ ئێمه ڕوون دەکاتەوه پێویسته. بۆ وێنه: بۆچی کۆمەڵه حیزبی ئێمه به بورژوازی دەناسێ؟ دێموکراسی چییه؟ و بۆ کۆمەڵه دەیگۆڕێ؟ دروشمی بەرابەری، برایەتی حکوومەتی کارگەری چییه؟ ئەگەر له باری فکرییەوه تەحلیلی شەڕخوازی و دژایەتیی کۆمەڵه لەگەڵ حیزب بکەین دەکرێ بڵێین هۆی سەرەکیی ئەم دیارده فکرییه ئەوەیه، که کۆمەڵه حیزبی دێموکرات به بورژوازی و دژی شۆڕش دەناسێ و به مافی خۆی دەزانێ که لەگەڵ بورژوازی شەڕ بکا!

سەرەتاییترین ئاگاداری زانستی له فەلسەفەی جووڵانەوەی نەتەوایەتی زۆر ساده و ساکار، بێپایەبوونی تیئورییەکانی کۆمەڵه دەسەلمێنێ. هەموو جووڵانەوەکانی نەتەوایەتیی بەو مانایه که نەتەوەیەک لەپێناو ڕزگاریخوازیی خۆیدا خەبات دەکا، یەک فەلسەفه و یەک مانای هەیه، ئەویش ئەوەیه که ئەو نەتەوەیه که له چین و توێژەکانی جۆراوجۆری نێو کۆمەڵی خۆی پێکهاتووه لەسەر زۆرترین یەکگرتوویی نەتەوایەتی دەیهەوێ ڕزگار بێ، ئەوه مافی ئاسایی هەر کرێکار و خوێندەوار و جوتیار و بازاری و دەوڵەمەند و تەنانەت سەرۆک عەشیرەتێکیشه که لەو پێناوەدا تێبکۆشێ و له ڕیزی گەلدا بێ. چون زوڵم و زۆریی نەتەوایەتی چین و توێژ ناناسێ، ئیتر لەمه بەدواوه ئەوه ئەرکی حیزبێکی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووه که چۆن ئەم جووڵانەوەیه لەسەر بەرژەوەندیی بەشی زۆری کۆمەڵانی خەڵک واته زەحمەتکێشان، ڕابەری بکا. جووڵانەوەی گەلی کوردیش هەر بەو چەشنەیه.

له لایەکی دیکەوه سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی نەتەوایەتی و هۆی مێژوویی، یەکێک لەو هۆیانه که دەبێته زەمینەیەک بۆ جووڵانەوەی نەتەوایەتیی، دواکەوتوویی پێوەندییەکانی (مناسبات) سەرمایەدارییه لەنێو کۆمەڵی نەتەوەیی ژێردەستدا. چونکه ئەم دواکەوتووییه لەلایەک دەبێته هۆی تاق و تەنیا مانەوەی ئەم نەتەوەیه لەنێو کۆمەڵەی پێوەندییەکانی پەرەئەستاندنی سەرمایەداریی جیهانی و، لەلایەکی ترەوه بەرگری دەکا له

تێکەڵاویی زۆرتری نەتەوەی ژێردەست لەگەڵ نەتەوەکانیتر. هەر ئەم تەنیا مانەوە و کەمتێکەڵاوییە خۆی گەورەترین کۆسپە لەسەر ڕێگای پەرەستاندنی پێوەندییەکانی سەرمایەداری و پێکهێنانی چینی بورژوا لەنێو نەتەوەی ژێردەستدا. لە کۆمەڵی کوردستانی ئێراندا سەرمایەداریی شووڤێنستی فارس و ئازەری، بۆ ئەوە کوردستان وەک ئەنبارێکی "موادخام" و کەرەسەی پێویستی کارخانەکانی خۆیان بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بە جوانی بتوانن سەروەت و سامانەکەی بەتاڵان بەرن قەت ئەو ئیمکاناتەیان نەداوە کە سەرمایەداریی کوردستان پەرە بستێنێ، لە هەمان کاتدا چونکە دەسەڵاتی سیاسی لە تاران هیچ جۆرە دڵنیاییەکی بە کوردستان نەبووە، هەوڵی نەداوە سەرمایەگوزاریی تێدا بکا.

ئەگەر سەرمایەداریی کوردستان پەرەی ئەستاندبا و چینی بورژوا پێک هاتبایە، بورژوازیی کوردیش ئەو وەختە وێڕای بورژوازیی فارس و ئازەری دەچوونە نێو دەسەڵاتی سیاسی بۆ پارێزگاری و پەرەپێدانی سەرمایەکەی، ناچار نەبوو خۆی لە شاخ و کێو بدا. سەرەڕای هەمووی ئەو بەڵگانە، چارەسەرنەبوونی مەسەلەی زەوی بەشێوەی بنەڕەتی لە کوردستان، مانەوەی جوتیارێکی زۆری بێزەوی و هەروەها پەیدابوونی بورژوا مالیکەکان (وەک بەڕێوەبەری کۆمەڵە) خۆی کۆسپێکی دیکە بووە لە ڕێگای پەرەئەستاندنی سەرمایەداری لە کوردستاندا.

ئەم بەڵگانەی ئەمڕۆ وەک ژێربنا مەسەلە ڕوون دەکاتەوە، لە باری ڕووبەناییەشەوە چاوپێخشاندنێک بەسەر ڕیزەکانی حیزب و کادر و پێشمەرگەی کە هەمووی لە زەحمەتکێشانی کوردستان بە شار و گوند پێکهاتووە، ڕاستیی بۆچوونەکەی ئێمە بەباشی دەردەخا، ئەم کورتە ڕوونکردنەوەیە لە ڕاستیدا بێپایەبوونی هەرا و هوریای کۆمەڵە لەسەر سازکردنی بورژوازێکی سەیر و خەیاڵی کە حیزب وەک نوێنەری ئەو دەناسن ئاشکرا دەکا.

با بڵێین لە ئاکامی پەرەئەستاندنی پێوەندییەکانی سەرمایەداری بورژوازی کوردیش پێ گەیشتووە، مەگەر غەیری ئەوەیە کە لە جووڵانەوەیەکی "میللی دێموکراتیک"دا بورژوازی نەتەوەی ژێردەست تا زەمانێک بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتی وێڕای باقی چین و توێژەکانی تێدەکۆشی پێشکەوتووە و، لە

ڕیزی گەلدایە و، ئەرکی مارکسیستەکانە کە لەدژی بورژوازیی داگیرکەر یاریدەی بدەن. دیارە ئێمە قەت چاوەڕوانی ئەوە نین لە کۆمەڵەی لادەر کە وەک مارکسیستێکی واقعبین بۆ مەسەلەکانی شۆڕش بچن.

ئێستا زۆر بەجێیە بڵێین ئەی بۆچی کۆمەڵە حیزب وەک بورژوازی دەناسێ و ئاوا دوژمنایەتیی لەگەڵ دەکا؟ بەڕێوەبەریی کۆمەڵە، چ بەپێی مەزنیخوازیی فکری و لادەرانەی بێ و چ بەپێی بەرژەوەندیی بنەماڵەیی و چینایەتیان بێ یا لەهەر پێوەندییەکی دیکەدا کە خۆیان دەیتاشن، بەرژوەندییان لەوەدایە کە تێبکۆشن بە ئاژاوەگێڕی و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی پڕوپووچ جەوێکی وا ساز بکەن کە: بە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەی حیزبی تۆوی دژایەتیی بەینی ڕیزەکانی خۆیان و پێشمەرگەی ئێمە بچێنن و خۆیان کەڵکی لێ وەرگرن بۆ ئەوەی بتوانن لەم جۆرە جەوەدا ڕیزەکانی چەکداری خۆیان بپارێزن کە لە باری فیکرییەوە بناوانێکی زانستییان نییە. چونکە بەڕێوەبەریی کۆمەڵە ئێستاش ڕیزەکانی خۆیان بەگوێرەی پێویست لەدژی حیزب بۆ قانع ناکرێ، خۆیان ئاگاهانە زەمینەسازی بۆ شەڕ ساز دەکەن، ئەگەر چەند کەسیشیان لێ کوژرا، ئەو وەختە دەڵێن ئەوەتا بورژوازی! وەختێک لە شەڕی قەرەداغی شارویرانی مەهاباد ٣ کەسیان لێ کوژرابوو، بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە دەیانگوت: (ئێمە بە بەکوشتدانی ئەو ٣ کەسە دوو دەستکەوتمان بووە، یەکەم ئێمە باشتر بورژوازیی کوردمان ناسی، ئەوانەی کە ئێستاش پێیان وایە حیزبی دێموکرات بورژوازی نییە، ئەوجار بزانن. دووهەم: ئێمە بە نرخی بەکوشتدانی ٣ کەس کۆمەڵەمان لە شارویران ناساند!) دەردەکەوێ کە چۆن ئەو خەڵکە ساکارەی ڕیزی کۆمەڵە بۆتە وەسیلەی تاقیکردنەوەی تێزە هەڵەکانی ئەو تاقمە ئاغایە.

لە ڕاستیدا کۆمەڵە لەنێو جووڵانەوەی گەلی کورددا نەتەنیا هیچ مەبەستێکی میللی دێموکراتیکی نییە، بەڵکوو دەیەوێ بەتەواوی توانای تێبکۆشێ کە جووڵانەوەی گەلی کورد بکا بە مەیدانێک لە تاقیکردنەوەی تێزەکانی خۆیان و بەوجۆرە و، بەم شێوەیە ئەرکی تێکدەرانەی خۆی بەجێ بگەیەنێ. دەنا هێنانەگۆڕێی دەیان جۆرە دروشمی ناڕێک و هەڵە و چەوت چ مانایەکی هەیە؟ دانی دروشمی "بەرابەری، برایەتی حکوومەتی کارگەری" کە بڕیاری کۆمۆنیستییەکەیانە تەبلیغی لەسەر بکەن یەکێکیتر لەو دروشمە تێکدەرانەیە

کە لە خـزمەت ســازکردنی دووبەرەکــی و لەبەینبردنــی ڕیــزی یەکگرتــووی خەڵکە.
لە باری زانستییەوە هێنانەگۆڕی ئەم دروشمە و لەم قۆناغەدا بەو مانایەیە کە ئیتر لە ئێراندا داخوازییە دێموکراتییەکانی کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی کە بـریتییە لە ئـازادیی سیاسـی و یەکێـک لەوانە مـافی چارەنووسـە بـۆ گەلان، بەتەواوی دابین کراون، دەبێ چینی کرێکار لە هەموو بارێکەوە خۆ ئامادە بکا بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و شۆڕشی سۆسیالیستی!
لە ئێرانـــی ژێـــر دەســـەڵاتی کۆنەپەرســـتی و دواکەوتـــوو، وەختێـــک سەرەتاییترین مافی ژیان تەنانەت لە خەڵک زەوت کراوە و کۆمەڵانی خەڵک بە هەمـوو چـین و تـوێژێکەوە لەو پەڕی چاوەڕوانیـدا دەژیـن هەمـووی ئەو خەڵکە بەتێکڕایی دەبێ ڕزگـار بن و مـافی خۆیانە بەشـێوەی دێموکراتیک و هـاوبەش دەسـەڵات بە دەسـتەوە بگـرن، ئێسـتا بەگـوێرەی کـام لێکدانەوەی زانســـتییە کە کـــۆمەڵە و حیـــزبە کۆمۆنیســـتەکەی! ئەو دروشـــمە لادەر و ئانارشیستیەی خۆی دێنێتە گۆڕێ. ئەو دروشمە ڕاستەوخۆ بەو مانایایە کە لە ئێـــران و کوردســـتاندا بـــێجگە لە پرۆلیتاریـــا کـــۆمەڵە و حیـــزبە کۆمۆنییستەکەیان هەمـوو چین و توێژەکانی دیکە بە زەحمەتکێشـان و وردە بورژوا و بورژوازی دژی شۆڕشن و دەبێ سەرکوت بکرێن!
یەکێکـی تـر لەو خـاڵانە کە کـۆمەڵە، هەراوهوریـای لەســەر ســازکردووە دێموکراسییە، کۆمەڵە تەنیا دێموکراسی سـازکراوی خـۆی قبووڵە و خـۆی بە تەنیــا پارێزگــاری دێموکراســی دەزانــێ. تــا ئەو جێگــایەی بە نووســراوە دەرکەوتــووە و ئەزمــوونی شۆڕشــەکان نیشــانی داوە و ســوننەتی مــافی ئینســانیش پەسـندی کـردووە، دێموکراسـی یـانی حکـوومەتی خەڵـک بەســەر خـۆیدا، یـانی ئـازادی بـۆ ئینسـان لە هەمـوو مەیدانەکانی ژیـانی سیاسـی و کۆمەڵایەتیدا بەڵام هەر ئەو دێموکراسییە چوارچێوەیەکی هەیە ئەویش ئەوەیە کە (پەیــڕەوی کەمــایەتی لە زۆرایەتــی) هەر ئەو دێموکراســییە کە مانــای جێکەوتووی خۆی هەیە، لەلایەن بەڕێوەبەری کۆمەڵە زۆر ئاسان دەگۆڕدرێ. لە دێموکراسـی شۆڕشـگێڕ و غەیـرە شۆڕشـگێڕ، دێموکراسـیی کرێکـاری و بـورژوازی و... دادەتاشێ! لەلایەکی دیکەوە دێموکراسـیی بێ قەیـد و شـەرت دێنێتە گۆڕێ و کردوویەتی بە بنێشتە خۆشکە.

بە بڕوای ئێمە "دێموکراسی" بەگوێرەی وەزعی ئەو وڵاتە کە شۆڕش تێیدایە کە ئەویش تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی خۆی هەیە، قەید و شەرت هەڵدەگرێ، تەنانەت دەبێ لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی شۆڕش چوارچێوەشی بۆ دابندرێ، ئەگینا هەرج و مەرج دەبێتە باو و چوارچێوەی شۆڕشەکە لەبار دەچێ. بەڵام چونکە کۆمەڵە وجوودی خۆی لە گێرەشێوێنێ و ئاژاوەگێڕیدا دەبینێ، شتێکی سروشتییە کۆمەڵە پێشی خۆشە ئەو جۆرە جەو و وەزعە لە کوردستان پەرە بستێنێ و سەرەڕۆیی و هەرکەس هەرکەس بڵاو بێتەوە. هەربۆیە وشە و مانای وشان بە ویستی خۆی دەگۆڕێ. جارێک دێموکراسیی شۆڕشگێڕ و جارێک دێموکراسیی بێ قەید و شەرتیش بکا بە دروشم.

لە لایەکی دیکەوە، خودی قسەکانی وان لەسەر دێموکراسی ناکۆکن. ئەگەر دێموکراسی بێ قەید و شەرتە! بۆ دێموکراسی دەکەنە چینایەتی و دابەشی دەکەن بەسەر پرۆلتاریا و بورژوازی دا؟ یا دەیکەن بە شۆڕشگێر و غەیرە شۆڕشگێر؟

تەنیا تا ئەو جێگایەی کە بە قازانجی کۆمەڵە و حیزبە کۆمۆنیستەکەیانە دێموکراسی قەید و شەرتی نییە، بەڵام بۆ کۆمەڵانی خەڵک و هێزەکانیتر دێموکراسی قەید و شەرتی هەیە! ئەوان هەر بەدانی دروشمی بەرابەری، برایەتی، حکوومەتی کارگەری (کە حکوومەتی کارگەریش مەبەستیان دەسەڵاتی خۆیانە) مافی سیاسیی هەموو کۆمەڵانی خەڵک پێشێل دەکەن. لە ئێران و کوردستان بەشی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵک بەوە نەگەیشتوون کە حکوومەتی کارگەری دامەزرێنن.

کۆمەڵە هەر بەمجۆرە تێزداتاشین و لێکۆڵینەوەیە کە خۆی بە نوێنەری پرۆلێتاریای تازە پێگەیشتووی! کوردستان دەزانێ دەیەوێ ڕابەریی جووڵانەوەش بەدەستەوە بگرێ. (ئێستا ئیدی ئەو پڕۆلیتاریایە لە کوێیە و چەندە، ئەوە هەر کۆمەڵە دەزانێ!) لە پێشڕەوی ژمارە ٥ دەڵێن کە سەرکەوتنی شۆڕشی کوردستان لە گرەوی گرتنی سیاسەتی کۆمۆنیستی دایە!

دیارە مەزنیخوازیی لە ڕادەبەدەری کۆمەڵە وا غەرقی زەلکاوی لادەری و چینایەتی کردوون کە لێرەشدا وەکوو هەموو تێزەکانی دیکەیان بە

پێچەوانەی "مارکسیزم" کە بەدرۆ خۆیان بەتەنیا نوێنەری ئەو لە جیهاندا دەزانن، بڕیار دەدەن.

هەروەکوو باسی لێ کرا، جووڵانەوەی گەلی کورد لەسەر زەمینەیەکی دیاریکراوی نەتەوەیی پێکهاتوە و، دروشم و نێوەرۆکی تایبەتی خۆی هەیە کە لەسەریەک مەبەستەکانی میللی دێموکراتیکن. بەپێی ئەم ڕاستییە ڕابەرییەکەشی لە هەلومەرجی ئێستادا دەبێ دێموکراتیک بێ، ئێمە زۆرمان پێ خۆش بوو کە کۆمەڵی کوردستان ئەوەندە پێشکەوتوو بایە و چینی کرێکاریش لە باری چەندایەتی و چۆنایەتیی بەو ڕادەیە گەیشتبا کە حیزبی چینی خۆی ساز کردبا، هەتا بورژوا مالیکەکانی (کۆمەڵە) ئەورۆ بە ناوی ئەوان لەدژی ئەوان نەجووڵابانەوە، بەڵام خۆ ناکرێ بە زۆر بەپێچەوانەی پەرەستاندنی کۆمەڵە و زانست، بڕیار بدرێ.

ئەو کورتە لێکدانەوەی لە بەر ئەوە بوو کە نیشانمان دابێ بەڕێوەبەری لادەری کۆمەڵە و حیزبە کۆمۆنیستەکەیان چۆن بە تیئۆریی چەوت و داتاشراوی خۆیان ڕاستییەکان دەگۆڕن و بە هەموو توانای سیاسی و چەکداریی خۆیان بۆ کزکردنی حیزبی دێموکرات و بەرەو هەڵدێربردنی جووڵانەوەکەمان تێدەکۆشن.

٢- سیاسەت و هەڵوێستی حیزب نیسبەت بە کۆمەڵە چۆن بوو؟ ئێمە لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕش، تێکۆشاوین بەپێی ئەرکێکی مێژوویی کە بەرانبەر بە جووڵانەوەی کوردستان بوومانە هەر لەو ڕوانگەیەوە بۆچوون و سیاسەتی گشتیی خۆمان لە بەرخورد بە هێزەکانی تر دیاری بکەن. تا ئێستا بەرامبەر بە کۆمەڵە، هەرچەند ئەوان لە هەموو بارێکەوە ئەوپەڕی دژایەتی و دوژمنایەتیی خۆیان لەگەڵ ئێمە کردووە، بەڵام دیسان ئێمە تێکۆشاوین کە هاندەر بین بۆ ئەوەی کۆمەڵە سیاسەتێکی دروست و ئوسوولی بگرێتە پێش، کۆمەڵە زۆر هەلپەرستانە کەڵکی خراپیان لەو سیاسەتەی ئێمە وەرگرتووە، یا بەکورتی ئێمە بە نییەتی پاکەوە سەیری مەسەلەمان کردووە بەڵام ئەوان بە نییەتێکی ناپاکەوە قۆستوویانەتەوە.

ئێمە بۆ ئەوەی کە تەجرووبەی تاڵی شەڕی براکوژی لە کوردستانی عێراق دووپات نەبێتەوە چ بە نووسراوە و چ بە کردەوەی چەکداری تێنەکۆشاوین لەنێو ڕیزەکانی خۆماندا زەمینەیەکی وا لە دژی کۆمەڵە پێکبێنین وەک

خایین یا دژی شۆڕش بڕیاریان لەسەر بدەین. بەڵام ئەوان ماوەیەکی زۆر بە نووسراوە هەڵوێستی خۆیان لەم دوایانەدا بە هێرش و خولّقاندنی جینایەت، بڕیاری ڕەسمیی خۆیان لەسەر حیزبی ئێمە دەربڕیوە و حیزبی دێموکرات بە بورژوازی دەزانن! بە دوای هەموو تێکهەڵچوونەکانی چەکدارانە لە شوێنەکانی کوردستان ئێمە تێکۆشاوین حاڵەتی ئاسایی بدەین بە وەزعەکە، و شەڕ تەشەنە نەکا بۆ شوێنەکانی تر، بەڵام ئەوان لە سیاسەتی ئێمە کەڵکی خراپیان وەرگرتوە و، بەوپەڕی ڕەق و کینەوە لە فکری تۆڵە ئەستاندەنەوەدا بوون.

ڕاستی ئەوەیە زەمانێک لەسەر زۆرترین ناسیاوی (شناخت) سنوور و چوارچێوی بەینی ئێمە و هەمووی هێزەکانی دیکە بەباشی لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا ڕوون نەبێتەوە، قەت ڕیزی دۆستان و دوژمنان لێک جیا نابێتەوە و لە هەمان کاتدا لەم جۆرە وەزعە هەمیشە هەلپەرستان و دوژمنان کەڵکی لێ وەردەگرن.

دەکرێ ئێمە لامان وابوو کۆمەڵە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕاستییەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری و تێگەیشتنی دروستی جووڵانەوەی کوردستان بەرە بەرە سیاسەتی خۆی دەگۆڕێ و بەرەو باشبوون دەڕوا، بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونی حیزبی ئێمە کۆمەڵە نەتەنیا هەر سیاسەتی چەوت و لادەرانەی خۆی نەگۆڕێ، بەڵکوو ئاشکرا حیزبی بە دوژمنی خۆی لە قەڵەم دا و هاتە سەر ئەم بڕوایە کە بە هێرشی چەکدارانە دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. هێرشی ئەم دواییەی کۆمەڵەی بۆ سەر ناوچەی هەورامان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ویستەی کۆمەڵەدا بوو. بە ڕاشکاوی دەبێ ڕابگەیەنین لێرە بەدواوە نابێ هیچ شک و گومانمان لەوەدا هەبێ کە کۆمەڵە ناتوانێ سیاسەتی خۆی بگۆڕێ و حیزبی دێموکرات بە دوژمنی خۆی نەزانێ، شتێکی زۆر سرووشتیە کە ئێمەش دەبی هەر بەم چاوە بڕوانینە کۆمەڵە.

٣- سیاسەت و هەڵوێستی ئێمە دەبێ چۆن بێ؟

پێش هەموو شتێک ئێمە وەکوو حیزبێکی پێشڕەو و ڕابەری جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، وێڕای خەبات دژی کۆماری ئیسلامی دەبێ تێبکۆشین لەگەڵ هەموو جۆرە بۆچوونێکی لادەرانە، لەژێر هەر نێو و ڕەنگێکدا بێ خەبات بکەین. چونکە دەبێ ئەوە بزانین، کە دوژمنانی گەلی

کورد بەهەر شێوەیەک بۆیان بکرێ لەدژی جووڵانەوە و حیزب پیلان دەگێڕن و کۆسپ دەخەنە سەر ڕێگای سەرکەوتن:

١- کۆمەڵە یەکێک لەو جەریانە لادەرانەیە کە بۆچوون و سیاسەتەکەیان نە تەنیا هیچ خزمەتێک بە جووڵانەوەی گەلی کورد ناکا، بەڵکوو ڕاستەوخۆ کزیشی دەکا و بەرەو هەڵدێری دەبا. ئەرکی هەموو هاوڕێیانی ئێمەیە کە بە ناساندنی نێوەڕۆکی سیاسی و چینایەتیی کۆمەڵە بە کۆمەڵانی خەڵک، ئەم تاقمە ڕیسوا بکەن.

٢- هەروەکی سیاسەت و کردەوەکانی کۆمەڵە بەرانبەر بە حیزبی ئێمە و پێشمەرگەکانی نیشانی داوە نابێ هیچ جۆرە دوودڵی و خۆشباوەڕییەکمان بەرانبەر بە کۆمەڵە هەبێ.

٣- باشترین خەباتی سیاسیی ئێمە لەدژی ئەوان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن. ئێوە دەبێ تێبکۆشن لە هەموو شوێنەکانی کوردستان بەپێی وەزعی ئەو شوێنە بۆ ناساندنی کۆمەڵە و تاککردنەوەیان خەبات بکەن. هەروەها (واقعگرایی) ئێمە و (ذێهنیگرایی) ئەوان خۆی باشترین مەیدانی خەباتی سیاسییەوە و بێگومان هەموو کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای حیزب ڕادەکێشێ.

٤- لەو شوێنانەی کۆمەڵە لایەنگری هەیە، کاریان لەسەر بکەن و بۆیان ڕوون بکەنەوە کە سیاسەت و کردەوەکانی کۆمەڵە چەندە بێپایە و چەوتن.

٥- لە هەلومەرجی ئاساییدا، لە کاتی چاوپێکەوتنی بە ڕیزەکانی خوارەوەی کۆمەڵە دەبێ تێبکۆشن بە باسی سیاسی و ڕوونکردنەوە، ڕابەرییەکەیان و سیاسەتەکانیان بێننە ژێر پرسیار و ئەوان بەرانبەر ڕێکخراوەکەیان بخەنە شک و گومانەوە."

# بەڵگەیەکی کۆمەڵە و {پیلان}ی "ژیلوان"

کۆمەڵە دوای ٥ مانگ شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات پلینۆمێکی تایبەت بەو شەڕە دەبەستێ، بەڵگەیەکی نێوخۆیی چاپ دەکا بە ناوی "کۆبەندیی باسی هەڵسەنگاندنی ٥ مانگ شەڕی ئێمە و حیزبی دێموکرات" (جمعبندی از بحث ارزیابی ٥ ماه جنگ ما و حزب دمکرات). لەو بەڵگەیەدا کۆمەڵە نیشان دەدا کە لەڕاستی‌دا شوعاری "جنگ جنگ تا پیروزی" لەلایەن کۆمەڵە دەدرێ! بەڵام ئوستادی گەورەی ئەوکاتی ڕێبەرانی کۆمەڵە "مەنسوور حیکمەت" دەستکاری دەکا، ئەگەرچی بەڵگەکە نێوەرۆکی کۆمەڵە وەک واقعییەت نیشان دەدا کە ئاژاوەگێڕ و نامەسئووله، بەڵام ناوبراو بۆیان ڕاست دەکاتەوە کە بوونی بەڵگەیەکی ئەوتۆ دەیسەلمێنێ کە کۆمەڵە شەڕخوازە و کۆمەڵە شەڕی دەست پێکرد، چونکە بوونی ئەو بەڵگەیە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە عەبدوڵڵا موهتەدی عامیلی سەرەکی شەڕ بووە و خۆیان بە براوەی شەڕ دەزانن. هەر لەو کاتەدا پلینۆمی کۆمەڵە لە مانگی پووشپەڕدا تەئکید لەسەر درێژەدانی شەڕ دەکا و دەریشی دەبڕن تا دواهەناسە شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات بە ئەرکێکی کۆمۆنیستی خۆیان دەزانن. پلینۆمی سێهەمی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەڵگەیەک بڵاو دەکاتەوە کە لە بەندی دووی دا هاتوە:

"نیوەرۆکی چینایەتیی ئەو حیزبە (دێموکرات) بە گشتی نیشان دەدا کە پارێزەری و خاوەندارەتیی تایبەتی و پەیوەندییەکانی سەرمایەدارییە و خوازیاری پاراستن و درێژەکێشانی ستەم و چەوسانەوەیە و هەموو بنەما سیاسیی و کۆمەلایەتییەکانی دەسەلاتی بورژوازی و چینی دەستڕۆیشتوو

بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشان دایە.... ئەم حیزبە بە کردەوە سیاسیی و کۆمەڵاتییەکانی خۆی بزووتنەوەکەی لە نێوەرۆکی دێموکراتیکی شۆڕشگێرانە بەتاڵ دەکا بۆ ئەوەی قازانج و ئامانجەکانی بورژوازی لەو بزووتنەوەیە دابین بکا."1

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە لەکاتێکدا تۆ لایەنی بەرامبەر بە چینێک دەزانی کە ئاشتی لەگەڵی ئەستەمە و ناکرێ، بەو ڕوانگەیەوە ڕوانین بۆ ئەوەی ئاشتی لە کوردستان سەقامگیر بێ چ چاوەڕوانییەکت دەبێ لەو بەناو بورژوازییە بێ کە تۆ بە دوژمنی سەرەکی خۆتی دەزانی. ئەوە لە کاتێکدایە کە حیزبی دێموکرات ئەو کات و ئێستاش خۆی بە حیزبی هەموو چینوتوێژێکی کۆمەڵی کوردەواری دەزانێ، نەک پارێزەری خاوەنداریێتی تایبەت، بەڵکوو لایەنگری سەرسەختی خەڵکی هەژار، چەوساوان و زەحمەتکێشان بووە، هەر ئەو چینتوێژانەش لە دەوری ڕێبازی ئەو حیزبە کۆ ببوونەوە و هەر ئەو چینتوێژانەش بە هەزاران گیانیان لە ڕێبازی ئەو حیزبە و بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی بەخت کرد.

هەروەها لە بەندی ٥ دا دەڵێ: وڵامی کۆمەڵە بۆ ئەم دەستدرێژییە چەکدارانەیە، بە مەبەستی پاراستنی دێموکراسی و مافی زەحمەتکێشان و پاراستنی دەسکەوتەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کوردستان لە نێو "جنبش" گەلی کورددا بۆتە پێویستی و ئەرکێکی بێئەملاوئەولای ئەرکێکی کۆمۆنیست، کرێکارانی شۆڕشگێڕ و زەحمەتکێشانی ئاگا لە کوردستانە.2 ئەگەر بەندی ٥ی ورتر بکەینەوە باشتر بۆمان دردەکەوێ کە چینی پرۆلیتاریا بە دەست ستەمی نەتەوەییەوە دەیناڵاند، کۆمەڵە مەبەستی پاراستنی دێموکراسی بێ قەیدوشەرت و دێموکراسی شۆڕشگێڕی کە دایتاشیبوو،

---

[1] – پلنوم سوم کمیته مرکزی کومەله و جنگ کنونی میان حزب دمکرات و کومەله. بڕواننە ئەو بەستەرە:

https://www.iran-archive.com/sites/default/files/2021-07/komala-sanade-sevomin-pelenom.pdf

[2] – هەمان سەرچاوەی پێشوو

ئیدی ئاماژە بە دەسکەوتی کرێکاران ناکا. "چونکە جووڵانەوەکی نەتەوایەتیی یەک فەلسەفە و یەک مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو نەتەوەیە کە لە چین و توێژەکانی جۆراوجۆری نێو کۆمەڵی خۆی پێکهاتووە لەسەر زۆرترین یەکگرتوویی نەتەوایەتی دەیهەوێ ڕزگار بێ، ئەوە مافی ئاسایی هەر کرێکار و خوێندەوار و جووتیار و بازاری و دەوڵەمەندێکیشە کە لەو پێناوەدا تێبکۆشێ و لە ڕیزی گەلدا بێ. چون زوڵم و زۆریی نەتەوایەتی چین و توێژ ناناسێ." بەڵام "حکا" و لقەکەی بۆ پاراستنی خۆیان مەسەلەی نەتەوایەتییان وەلا نابوو و شەڕی چینایەتییان وەڕێ خستبوو!

لەبەشێکی دیکەی ئەو بەڵگە نەهێنییەدا کۆمەڵە کە باسی سزادانی تاوانبارانی شەڕی هەورامان دەکا، ئەوەی بۆ فریودانی خەڵکە، چونکە ئەو بەڵگەیە ئاوا دەڵێ:

"لە بەرانبەر زەبری ٢٥ی خەزەڵوەری "حدکا"دا ئێمە سیاسەتێکی دروست، واتە دروشمی "سزادانی بکەرانی تاوانی" هەورامانمان هێنایەگۆڕێ. ئەم سیاسەتە دروستە لەلایەک دەرفەتی بۆ ئێمە خولقاند کە بۆخۆمان دەسپێکی شەڕ دیاری بکەین نەک حدکا و ڕەوتی ڕووداوەکان. لەلایەکی دیکەشەوە بەرینترین پشتگری و هاوڕایی کۆمەڵانی خەڵک لە سیاسەتەکانمان بەرانبەر بە حدکا وەدەست بێنین. ئەگەرچی ئەم کارە کردەیی نەبوو....... بڕیاری کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لە پێوەندیی لەگەڵ هێرشی نیزامی و دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ حدکا دا لە ٦ی ڕێبەندانی ٦٣ دا، وەڵامدانەوە بە پێویستییەکی سیاسی - چینایەتی بوو. واتە وەڵامدانەوە بە پێویستیی خۆڕاگری و پاراستن و سەقامگیرکردنی دەسکەوتە چینایەتییەکانمان لە کوردستان و لە نێو بزووتنەوەی گەلی کورد دا. کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە جارێکی دیکە لەسەر دروستی هەڵسەنگاندنە سیاسییەکەی خۆی لە پێوەندیی لەگەڵ پێویستیی سیاسیی ئەم هەنگاوەدا و **بڕیاری لێبڕاوانەی دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر حدکا پێداگریی کردەوە**."1

---

1 - جمعبندی از بحث ارزیابی ٥ ماه جنگ ما و حزب دمکرات

لێرە پرسیارێک نامێنی کێ شەڕی هەڵایساند و کێ درێژەی دا، چونکە بەڕوونی و بە بەڵگە ئاماژە بە خوڵقێنەرانی کرا. یەکەم: خەڵک شەڕی پێ خۆش نەبوو ئەوان لە کوێ پشتگیریی خەڵکیان لەگەڵ خۆیان هاوڕا کرد؟ کە بۆ خۆشیان دەڵێن پشگیریی خەڵک کردەیی لێ نەکەوتەوە، هەر لەبنەرەتدا خەڵک بە هەموو چین‌وتوێژێکەوە دژی شەڕ بوون. دووهەم: ئەوان بڕیاری یەکلاکەرەوەیان دا کە شەڕەکە هەڵایسێنن و درێژەی بدەن و درێژەدانی شەڕیان بە پێویستییەکی سیاسیی چینایەتی دەزانی. هەرلەوکاتەدا کۆمەڵە لەباری چینایەتییەوە لەکوردستان دەسکەوتی نەبوو تا بیپارێزێ، چونکە ئاماژە بە سەقامگیرکردنی دەسکەوتە چینایەتییەکانیان ناکەن ئەوەیان کردە بیانوو و بەمجۆرە پێداگریان لەسەر درێژەکێشانی شەڕ کردەوە. سێهەم: سزادانی تاوانبارانی هەورامان بۆ کۆمەڵە لەلایەک دەرفەتی بۆ خوڵقاندن تا حیزب باوەڕی بە کۆمەڵە هێناو ئەوان کات و ڕۆژی شەڕیان دیاری کرد، واتە باوەڕی وابوو کۆمەڵە خۆی دەست پێ بکا باشترە، نەک ڕەوتی ڕووداوەکان بە سەریان دا بسەپێنێ. ئەوە بوو کە ٦ی ڕێبەندان‌یان کردە دەرفەت و دەستیان پێکرد.

لە خاڵی چواری ئەو بەڵگە نەهێنی‌یە دا باسی "هەڵسەنگاندنی تاکتیکەکان" کراوە. ئەوە کە چۆن نیازیان بووە لە هەورامان زەبرێکی کاریگەر لە حیزب بدەن و پاشان داوای وتووێژ بکەن. پیلانەکەیان ناوی گەلاڵەی "ژیلوان" بووە. ئەو پیلانەی لەئارا دابوو زۆر لەوە گەورەتر بووە کە حیزبی دێموکرات بیری لێ دەکردەوە. چونکە ئەوان دەیانگوت بورژوازی خاشەبڕ دەکەین. پیلانی ئەوان لە قۆناغی یەکەمدا ئەوە بوو کە زەبرێکی گورچکبڕ لە حیزب بدەن و خێراش داوای وتووێژ بکەن، کە چی بۆیان نەگونجا و پیلانەکەیان سەری نەگرت و ڕۆژێک دوای ٦ی ڕێبەندان گەلاڵەی ژیلوان تێک قرما. پاشەکشەی یەکجاری لەهەورامان و شکستی کۆمەڵە لە سیسارک و سماقانی بانە خۆی وەرچەرخانێک بنەڕەتی بوو لە تاکتیکی کۆمەڵە و پیلانەکانی کە داڕشت بوو،

چونکە ئەوان نیازیان وابوو هاوسەنگی لە موکریان ڕاگرن و هێزێکی زۆر لە هێزەکانی حیزب سەرگەرم بکەن و جنووبی کوردستان بۆخۆیان مسۆگەر بکەن واتە دیاریکردنی جێگای حەسانەوە و ئامادەکاری تەواو بۆ شەڕ لەگەڵ حیزب. بەڵام دواتر گەلالەی ناوچەیی کردنی شەڕ کە کۆمەڵە دایڕشت بوو لەلایەن پێشمەرگەکانی حیزبەوە بێکەڵک و پووچەڵ کرایەوە. باشتر وایە بۆخۆتان خاڵی چواری بەڵگەکە زیاتر هەڵسەنگێنن:

**"تاکتیکی شەڕی ئێمە لە قۆناخی یەکەم دا بریتی بوو لە "وەدەستهێنانی سەرکەوتن"ی خێرا و ڕاکێشانی حدکا بۆ سەر مێزی دانوستان و ئاگربڕ. پلانی" ژیلوان" کە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنێکی دیاریکراو لە هێزەکان ئامادە کرابوو، گەڵاڵەیەک بوو بۆ سەرکەوتنی کورتماوە. زەبری هەورامان کە بەشێکی سەرەکیی پلانی ژیلوان بوو، سەرەڕای سەرکەوتنی ڕێژەیی ئەو، هەموو ئامانجە دەستنیشانکراوەکانی نەهێنایە دی. دوابەدوای بڕیاری حدکا بۆ درێژەی شەڕ و ڕەتکردنەوەی ئاگربڕ، پلانی ژیلوان ڕۆژێک دوای ٦ی ڕێبەندان لە ڕۆژەڤی کار خرایە دەرێ و فەرمانی ئامادەکردنی هێزەکان بۆ هێرش و جێبەجێکردنی پلانی هێرشبەرانە دەرکرا. جووڵە نیزامییەکانی ئێمە لەوە بەدوا لەسەر بنەمای سیاسەتی داڕێژراو لە پلانی ژیلوان دا واتە وەدەستهێنانی سەرکەوتنی خێرا لە ڕێگای زنجیرەیەک شەڕی سەرکەوتوانەوە، بە هۆی ڕێنوێنییە نیزامییەکانەوە ڕێبەری دەکرا. شەڕەکانی بانە کە لەواندا حدکا سەرکەوتن گەلێکی دیاریکراوی وەدەستهێنا، بە خاڵی وەرچەرخانێکی بنەڕەتی دەژمێردرێن. بەم شێوەیە ئەو زنجیرە شەڕە سەرکەوتووانەی کە بۆ ڕاکێشانی حدکا بۆ سەر مێزی دانوستان پێویست بوون، ڕاگیران. لەمەبەدوا پێویستیی گۆڕینی تاکتیک و داڕشتنی سیاستێکی نوێ بۆ شەڕ کەوتە ڕۆژەڤی کاری کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەوە. گەڵاڵەی ناوچەیکردنی شەڕو لە هەنگاوی یەکەم دا دیاریکردنی موکریان و باشوور وەک دوو ناوەندی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حدکا پەسند کرا. بە پێی ئەم گەڵاڵەیە دەبوو بە وەشاندنی زنجیرەیەک زەبر درێژەی مانەوەی حدکا لە**

**موکریـــان نەلـــواو، بکەیـــن و بە  ئامـــادەبوون لە موکریـــان و پاراســـتنی هاوسەنگیی هێز ڕێگە لە کۆبوونەوەی هێزەکانی حدکا لە باشوور بگرین و بەم چەشـنە بە ڕاگرتنـی هاوسـەنگییەکی گشـتی باشـووری کوردسـتان بـۆ درێـژەی کـاری ڕوتـین و کـۆکردنەوەی هێـز بپـارێزین. ئەم گەڵاڵەیە وردتـر نەکـرایەوە و تێگەیشـتنی یەکدەسـتی کـومیتەی ناوەنـدیی لـێ نەکەوتەوە. لە کـردەوەدا یەکەکـانی ئـێمە بە شـێوازی هاوئـاهەگ لەگەڵ خـولی پێشـوو دەجووڵانەوە**".[1]

بەپێی گەڵاڵەی داڕێژراو (ژیلوان) ئەوان دەبوایە زەبرێکی کاریگەر لە حیـزب بـدەن و دەسـبەجێ داوای وتـووێژ بـکەن، وەک ڕووداوەکـانی ڕابـردوو، بەڵام کـردەوەی ٦ی ڕێبەنـدان هێنـدە قێـزەون بـوو نەدەکـرا لەوە زیـاتر حیزبـی دێمـوکرات لە پشـتەوە خەنـجەری لـێ بـدرێ، چـونکە هەر ئەو شـەوە زەبـری خۆیان لێدا بەیانی داوای ئاگربەستیان کرد، واتە جێبەجێکردنی پلانـی ژیلـوان! سەرەڕای ئەو قسانە ئەوان پێشبینی ڕووداوی دیکەیان کردووە ئەگەر حیـزب ئاگربەست قەبوڵ نەکا چۆن و بە چ شێوەیەک پێش بە هێزەکانی حیزب بگـرن و شــەڕ بـخەنە نـاوچەیەک کە نفـووزی حیـزب لەوێ زۆرە، واتە ڕێگـا نەدەن هێزی حیزبی دێموکرات لە موکریانەوە بێتە جنووب و پیلانەکانیـان لەوێـوە بە ڕاحەتی داڕێژن. بەڵام بە جموجۆڵ و چوونی هێزەکـانی حیـزب پـلانەکەی لـێ هەڵوەشاندنەوە. چونکە دەڵێ لەبەر ئەوەیکە لە موکریان نەلوا زنجیـرە زەبـری گـاریگەر لە حیزبـی دێمـوکرات بـدەین نەمـانتوانی ڕێـگە لە هێزەکـانی بگـرین بەڵکوو ئێمەیان (کۆمەڵە) لە خوارووی کوردستان پەستاند.

لە خـاڵی ٥دا کە لە کـومیتەی ناوەنـدی بـاس کـراوە، دەردەکەوێ کە چەنـدە بێســـەرەوبەرەیی بە فەرمانـــدەهی و جـــواب نەدانەوە و بێبەنـــدوباری بە ڕیزەکـانی کـۆمەڵەوە لەسـەرەوە تـا خـوارێ دیـار بـووە. بـۆیەش پلانـی دوای ژیلوان واتە شەڕ لە موکریان سەرکەوتوو نەبووە. لەلایەکی دیکەوە حیکمەت

---

[1] – جمعبندی از بحث ارزیابی ٥ ماه جنگ ما و حزب دمکرات

http://m-hekmat.com/fal

گلێی لە هێزی کۆمەڵە دەکا کە ئەوان توانایی هێرشکردنیان لێ بڕاوە و زیاتر حاڵەتی بەرگری‌یان لەخۆیان بۆ پاراستنی سێ کوچکەیەک کردوە.

"کەموکووڕیی کردەیی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی سەرەوەش دا یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتوو نەبوونی ئامانجە تاکتیکییەکانی ئێمە بوون. ئەم کەموکووڕیانەی بە پلەی جیاواز لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا هەبوون بەم شێوەیەن: ئەلف. دابین نەکردنی پێویستییەکانی ڕوبەڕووبوونەوە و پێڕەوی نەکردن لە فەرمانەکانی ڕێبەری و ڕاپۆرتی نادروست لە ڕادەی ئامادەیی هێزەکانمان.

ب. کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی فەرمانە ڕاستەوخۆیەکانی کومیتەی ناوەندی.

ج. گرتنەبەری باری بەرگریکارانە و نەبوونی پلانی هێرشبەرانە.

د. لە هێندێک حاڵەت دا نەبوونی یەکیەتیی فەرماندەیی

ە . لاوازیی ژمارەیەک لە فەرماندەران لە بەرەوپێش بردنی چالاکییەکان دا و سەرنجنەدان بە فەرمانی فەرماندەرانی سەروەتر.".[1]

سەرەنجام خالی ٧ی ئەو سەنەدە کۆبەندی ٥ مانگ شەڕە دەکا و سوورە لەسەر درێژەدانی شەڕ و پێشی وایە سەرکەوتن هەر هی ئەوانە.

" کۆبەند، کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە وێڕای پێداگری لەسەر پێویستیی هێنانەدی هەرچی زووتری ڕێنوێنییەکانی ئەم بەڵگەنامەیە، ئاکامە گشتییەکانی شەڕ لە پێنج مانگی دوایی دا، هەروەک لە بڕیارنامەی ئەم کۆبوونەوەیەدا هاتوە تاڕادەیەک سەرکەوتووانە لە بواری نیزامیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی هەڵدەسەنگێنێ و ڕادەگەیەنێ کە بە چارەسەرکردنی ئەم کەموکورتییانەی لەم بەڵگەنامەیەدا ئاماژەیان پێ کراوە، بێگومان لە داهاتوودا سەرکەوتنی کۆتایی هەر بۆ ئێمە دەبێ. بەڵگەنامەی کومیتەی ناوەندی ئێستای کۆمەڵە ئەم شەڕە بە شەڕی "باڵادەستی لە کوردستان"، "باڵادەستیی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان" و ڕێبەریی لە بزووتنەوەی

---

[1] – هەمان سەرچاوە

کوردستان" دادەنێ. عەبدوڵڵا موهتەدی لە داکۆکیکارانی ئەم بەڵگەنامەیە و لە داڕێژەرانی ئەم بەڵگەنامەیە، هەر لەو سەروبەندەدا لە وتەکانی خۆی دا لە بنکەی ناوەندیی کۆمەڵە لەبارەی ئەم هەڵسەنگاندنەوە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم جارە " بزووتنەوە لە کوردستان دوو ڕێبەری هەیە و ئەم شەڕەی ئێستا بۆ دیاریکردنی پرسی ڕێبەری لە بزووتنەوەی کوردستانە". مەنسوور حیکمەت لە بەڵگەنامەی یەکەمدا ئەم تێگەیشتنە ناسیۆنالیستییە واتە "ڕاستگەرایی سیاسی و چەپگەرایی نیزامیی" ڕەت دەکاتەوە. پێی وایە ئەو سیاسەتە کە سەرەنجام "شەڕ شەڕ تا سەرکەوتن"ی لێدەکەوتەوە."[1]

وەک ئاماژەی پێکرا ئەوان تا ٥ مانگ دواتر خۆیان بە سەرکەوتووی شەڕ دادەناو لە بەڵگەنامەی کومیتەی ناوەندیشیاندا سوورن لەسەر درێژەدانی شەڕ و خۆشیان بە براوەی شەڕو سەرکەوتووی یەکجاری داناوە.

مەنسوور حیکمەت لەو کۆبەندەدا ڕەخنەی لەم بەڵگەنامەی کومیتە ناوەندیی گرتووە کە تەنیا من گۆشەیەکی چووکەی لێرە دادەنێم کە چۆن نەسیحەتی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە دەکا و بە چ شێوەیەک درۆ بە خەڵکی بلێن و ڕاستییەکان چەواشە بکەن.

" گیروگرفتەکان یەک و دوو نین: یەکەم، لە بڕیارنامەی ئاشکرادا کە "ڕاستییەکان بە کۆمەڵانی خەڵک ڕادەگەینێ" فکری "سزادانی ئەنجامدەران" نەک وەک خۆئامادەکردن بۆ زەربەیەکی دیکەی نیزامیی ئێمە، بەڵکوو وەک ڕێگەیەکی سیاسی بۆ باڵادەستیی ئێمە بەسەر حیزبی دێموکراتدا سەیر دەکەین کە لە ڕاستیدا لە هەورامانەوە دەستی پێ کردبوو. پێم وایە هەر ئەمەش دروستە. بەڵگەی هەڵسەنگاندنی بیرۆکەی "سزای ئەنجامدەراندا" بە ناهەق جێگای لە بیری ئێمەدا کردۆتەوە.

---

[1] – جمعبندی از بحث ارزیابی ٥ ماه جنگ ما و حزب دمکرات

دووەم: (لە کاسێتەکانیش دا ئەو تەوەهومە هەیە)، شەڕ لە ٢٥ی خەزەڵوەر لە هەورامان دەستی پێ کرد نە لە ٦ی ڕێبەنداندا،[1] ئەوەش شتێکە کە بە کۆمەڵانی خەڵکی دەڵێین، بەڵام وادیارە زۆریشمان باوەڕ پێی نیە. ئەگەر ئەوە قبووڵ بکەین سیاسەتی حدکا نیشاندانی هێز بە کۆمەڵە و سنووردارکردنی مەودای چالاکی و ئازادیی بەکردەوەی کۆمەڵە بوو، ئینجا دەبێ تێبگەین کە شەڕی ٢٥ی خەزەڵوەر لە هەورامان یان سەرکەوتن لەم سیاسەتە دابووە یان دەستپێکردنی شەڕ لە سەر بنەمای ئەم سیاسەتە بوو. نەک زەبرێکی بە ڕێکەوت، نەک ڕووداوێک وەک ڕووداوەکانی دیکە. ئەمجار دەبووا زەربەی هەورامانمان وەک ڕاگەیاندنی شەڕی حدکا لە دژی خۆمانمان سەیر کردبا نەک فکری "سزادانی ئەنجامدەران" وەک پاساوێک بۆ ڕاگەیاندنی شەڕی ئێمە لە دژی حدکا".

سەیرە! لێرەدایە دەڵێ بە خەڵک بڵێین کە شەڕ لە ٢٥ی خەزەڵوەرە دەستی پێکردووە کە وادیارە باوەڕیان پێی نەبووە، بۆ ئەم قسەیەش بەزۆری دەیسەپێنن کە حیزبی دیموکرات مەودای تێکۆشانی کۆمەڵەی لە هەورامان سنوردار کردووە، لەو ڕێکەوتەڕا بڵێن شەڕی سەراسەری دەستی پێکردووە، ئەوە وەک ڕووداوەکانی پێشتر چاو لێنەکەن و لانیکەم وەک ناڕاستی بە خەڵکی بڵێن. خۆشیان باوەڕیان وایە کە ٦ی ڕێبەندان پیلانێک بوو بۆ شەڕی درێژخایەن و سەرانسەری، نەک تاکتیک.

سێهەم: گوتنی ئەمە کە فکری "سزای ئەنجامدەران" ئەو ئیمکانەی دەدا بە ئێمە تاکوو دەستپێکردنی شەڕ نەک بە دڵخوازی حدکا لە درێژەی ڕووداوەکاندا بەڵکوو بۆخۆمان ڕاستەوخۆ دیاریی بکەین، زۆر سەیر دێتە بەر چاو. ئەگەر سیاسەتی ئێمە پووچەڵکردنەوەی تاکتیکی سەرانسەریی حدکا بۆ زەبرلێدان لە کۆمەڵە بوو، واتە بەشداری و سەرکەوتن لە شەڕێکدا کە حدکا بە کردەوە بەسەریدا سەپاندبووین، ئیدی پاساوی "سزای

[1] – سەنەدی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە کە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە شەڕی سەرانسەری لە ٦ی ڕێبەندان دەستی پیکردوە.

ئەنجامدەران" مانای نییە. کام یەک لە کۆمەڵانی گەلی کورد باوەڕمان پێدەکا کە لە شنۆیە، دەوروبەری سنەی و دیواندەرە و... بە دوای ئەنجامدەرانی جینایەتی هەوراماندا دەگەڕێین. **بەڵام ئەم فکرە وەک پاساوێک بۆ شەڕ، هەر ڕاست بە مانای وەدوای ڕووداوەکان کەوتنە، نەک پێچەوانەکەی. ئەوە بەو مانایەیە کە ئێمە ناچارین شەڕ لە هەورامان دەست پێبکەین، چونکە نەک لەبەرامبەر سیاسەتێکی شەڕخوازانەی حدکا دا، بەڵکوو لە بەرامبەر ڕووداوێکی ناوچەیی‌دا دژکردەوە نیشان دەدەین.** لە بارەی ڕاستی و ناڕاستیی شەڕی هەوراماندا لێرە قسەیەکم نییە). هەرچۆنێک بێ "سزای ئەنجامدەران" بۆ ئێمە سیاسەت نەبوو، بەڵکوو تەبلیغات بوو. لەسەریەک لەسەر بنەمای سیاسەتێکی ئەوتۆ تەنیا دەیتوانی لە هەورامانەوە "دەست پێ بکا"، لە کاتێکی دیاریکراودا "دەست پێ بکا" ڕاست لە ڕووی کات و شوێنەوە لە درێژەی ڕووداوەکاندا ڕوو بدا.

ئایا سەرکەوتنی خێرای ئێمە ئێستا بەدی هاتووە؟ پێم وایە نا. مەسەلەی عەمەلیاتی نیزامی لە پێوەندیی ئێمەو حیزبی دێموکراتدا هێشتا هۆی یەکلاکەرەوەیە و ناکرێ لەچاو گرنگی و دەستپێکردنەوەی چالاکیی ڕۆتینی دا کەمرەنگ بکرێتەوە. ئەوەی باسم کرد بە مانای کەم کردنەوەی گرنگیی چالاکیی لە مەیدانی نیزامی دا نییە، بەڵکوو مەبەست دوورە دیمەن و پێناسەیەکی دروست لە هۆیەکانی شەڕ و هەلومەرجی شێوەی سەرکەوتنی ئێمەیە، لەم پێوەندیەدا لە خوارەوەش دیسان شتی دیکە هەیە باسیان دەکەم.

بەهەرحاڵ، " ئەگەرچی لە باری تاکتیکی – **عەمەلیاتی، شەڕی ئێمە لەگەڵ حدکا، شەڕێکە لەسەر زەوی نییە بەڵکوو لەسەر وێرانکردن‌و ماندووکردن‌و لەبەین‌بردنی هێزەکانی ئەوانە** –نادر.[1] بەڵام لە باری ستراتیژیکی، پاراستن و پەرەپێدانی ناوچەی خۆمان لەلایەک و، سنووردارکردنی ناوچەی تێکۆشانی

---

[1] – نادر، ناوی نەهێنی مەنسوور حیکمەت بووە.

حیزبی دێموکرات لەلایەکی دیکەوە، لە پەرەپێدان و کەمکردنەوەی زەرفییەتی نیزامیی ئێمە کاریگەری یەکلاکەرەوەی هەیە.".[1]

ئەو بەڵگەیە بەتەواوی دەریدەخا کە کۆمەڵە بە زەبری چەک دەیهەوێ مەیدانی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات سنووردار بکا و هەورووەها ئەگەر بۆیان لوا ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان نەک بپارێزن بەڵکوو پەرەشی پێ بدەن. بێ شاردنەوە و پێچوپەنا باس لە لێدانی حیزب، درێژەکێشانی شەڕ، فریودانی خەڵک، وتووێژ و هەروەها خاشەبڕکردنی حیزب دەکا و نایشارێتەوە لە زۆر جێگای کوردستان بۆیان لواوە کە زەربە بوەشێنن! بەڵام دیاریکردنی شوێنی دەستپێکردن بۆ ڕاست لە هەورامانەوە؟! چونکە حیکمت ڕوونی کردۆتەوە خەڵکی ناوچەکانی دیکە چۆن باوەڕیان پێ دەکا کە بە دوای سزادانی بکەرانی شەڕەوەن، بۆیە دەبێ لەهەورامان دەست پێ بکەنەوە ئەگەر بۆ فریودانی خەڵکیش بێ. پێشتر ئاماژەم پێکرد بڕیاریان دابوو هەر دوای ٢٥ی خەزەڵوەر لە هەورامان دەست پێبکەن. مەنسوور حیکمەت لەوبارەیەوە حیکمەتی خۆی بەسەر کۆمەڵەدا نیشان دەدا، کاتێک کە دەڵێ، "سزادانی تاوانباران"ی شەڕی هەورامان بۆ ئەوان تەبلیغات بوو، نەک سیاسەت، تا دەرفەتێکی لەباریان بۆ دروست کرد و شەڕێکی قێزەون وماڵوێرانکەریان بە سەر خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا سەپاند. بۆیەش باس لە هەورامان دەکا و هەر لەوێش دەستیان پێکرد تا بە خەڵکی بڵێ شەڕەکە ناوچەیی بوو و بەمجۆرە وەک هەمیشە چەواشەکاری و ناڕاستی بە گوێی خەڵکیدا بچرپێنن. سەرەڕای ئەوە دوو لەسەر سێی خاکی کوردستانیان چۆل کردبوو، بەڵام لەباری ستراتیژیکی، سوور بوون لەسەر پاراستن و پەرەپێدانی ناوچەی خۆیان لەلایەک و، سنوردارکردنی ناوچەی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەلایەکی دیکەوە. ئەوە نیشان دەدا کە پێکەوەژیانی بە قەولی ڕێبەرانی کۆمەڵە لەگەڵ حیزبی دێموکرات هەر با لە شوعار دابێ، چونکە بەکردەوە زیان بە "کرێکارانی شۆڕشگێر" دەگەیەنێ!! ئەوان باوەڕیان

---

[1] – جمعبندی از بحث ارزیابی ٥ ماه جنگ ما و حزب دمکرات

وابــوو بەڵــگەی خۆشــیان ئامــاژە پێکــراوە مەســەلەی عەمــەلیاتی نیزامیــی لەپێوەنـــدیی لەگەڵ کـــۆمەڵە و حیزبـــی دێمـــوکراتدا، هێشـــتا هۆکـــاری یەکلاکەرەوەیە و لەوقۆناغەدا نەدەکرا لە گرنگیی کەم بکەنەوە و کەمرەنگی بکەنەوە. ئەو بەڵگەنامەیەی کۆمەڵە یەکلای کردەوە کە کومیتەی ناوەندیی کــۆمەڵە ئەم شــەڕە بە شــەڕی "باڵادەســتی لە کوردســتان"، "باڵادەســتیی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان" و "ڕێبەریی بزووتنەوەی کوردستان" دادەنــێ. واتە کــۆمەڵە دەیویســت هێزەکــانی حیــزب لە بەشــێکی چــووکەی کوردســتان قەتیس بکاتەوە و حیزبی کۆمۆنیست و لقی کوردستانییەکەی بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیدارەی بکەن و باڵادەستیی خۆیان بسەپێنن، فیکری ئەوە کوردستان بکەنە دوو ئیدارە بیرۆکەی موهتەدی بۆ بە تەسویب گەیاندنی حەولی زۆری دا، چونکە کۆمەڵە لە زێهنی خۆیدا قەبووڵی کردوە ناتوانێ بورژوازیی لەمەیدان دەر بکا کە وابوو نیواونیویش قەناعەتی بۆ ئیدارەی کوردستان کردبوو. بەم پێیە ئیتر شتێک نەماوە کە بڵێین کێ تاوانبــارە، چــونکە حیزبــی دێمــوکرات تــا ٦ی ڕێبەنــدان بەردەوام داوای لە کــۆمەڵە کــردووە کە بەیەکەوە دانیشــن و لێکتێگەیشــتنیان هەبێ و پێکەوە ئیدارەی کوردستان بکەن. بەڵام سپاندنی هێژموونی و باڵادەستیی خۆیان و بیــرۆکەی نەگونجاویــان لەگەڵ واقعییــاتی ئەوکــاتی کوردســتان بــوو، ئەویــش لەڕێگای کوشتن و زەبری چەک!

هەرلەوکاتەدا ڕێبەرانیان بۆ ئەوەی ئاوری شەڕ نەک لە کوردستان بەڵکوو لەناو ئەندامانیان لە سەرانســەری دونیا گەرم ڕاگرن، بەردەوام لە نووسـراوە و لیدوانەکانیاندا ڕاستییەکانی کوردســتان و شــەڕی ناوخۆییــان چەواشــە کردووە. بڕواننە نامەی جەعفەر شــەفیعی بۆ ئەحمەد ئەسکەندەری کە چۆن کــوورەی شــەڕی نێڵ داوە و چــۆن ورەی ئەفرادی خۆیــان بە ناراســتییەکان بەرز ڕاگرتوە.

**"تا ئێستا کە ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسم "سەرکەوتنێکی نیسبی" بە مەعنای دەقیقی خۆی – نە کەم نە زۆر - مان بەدەست هێناوە، لەباری نیزامیـیەوە**

**خەڵـک لەو تـاقیکردنەوەیەدا "ابرقـدرتی" حیزبی‌یـان دی. یـان لەڕاسـتی‌دا ناتوانـایی ئاشـکرای حیزبـی دێمـوکرات بـۆ "ضـربە"ی کـاریگەر و لێـدان لەکۆمەڵەیان دی. لەهەمان‌دا لەشکان نەهاتوویی کۆمەڵەشیان دی.**

**تەردید و "تزلزل" لە نێو ڕیزەکانی ح.د.ک.ا** {حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـران} **خەریـکە دەسـت پێـدەکا. ژمـارەی ئـاش بەتاڵی‌یەکانیـان بەرچـاوە. لەسـەتحی کادرەکانیشـیان "تزلـزل" پێکهـاتوە بەڵام جالـب ئەوەیە کە مـن هێزەکانی خۆمانم ئێستا بە چەند بەرابەر لە ڕۆژانی هەوەڵ پێ "استوارتر" و پتەوترە.......**

**شەڕ جارێ درێژەی دەبێ تا ئەو کاتەی ح.د** {حیزبی دێموکرات} **موتمەئین بێت کە ئیدامەی شەر لێکی دەترازێنێ! ئێمەش لێی دەدەین و دەیتەزێنن تـا هەرچـی زووتـر دڵنیـا بێ کە بەسـی نەکـا لێک دەتـرازێ و ئەویشـی دەچێ وئەمیشی دەچێ بە جارێ ماڵانی وێرانن."[1]**

بڕواننە بۆچوونی ڕێبەری کۆمەڵە کە تا ئەو کاتەی نـامەکەی نووسـیوە واتە مانگی٣ی بەهاری ١٣٦٤، کە بە سەدان کەس لە ئەفرادی کۆمەڵە لە مـاوەی ٥ مانـگدا خۆیـان تەحویـل داوەتەوە وازیـان لە حیزبـی پڕۆلیتاریـا هێنـاوە، کە ئاغای شەفیعی خۆ لە قەرەی نادا باسی ئەو ئاش بەتـاڵییە ناکـا. هەرلەوکـاتەدا پشتڕاسـتی کـردەوە لە کۆبـوونەوەی کـومیتە ناوەنـدی بڕیـاری درێـژەدان بە شـەڕ دراوە بـۆیە نـاوبراو لێرەش ئامـاژەی پـێ دەکـا کە دەڵـێ "**شـەڕ جـارێ درێژەی دەبێ**"، بەڵێ درێژەیان دا تا خۆیان بەتەواوی لێکترازان و ئەویشـیان چـوو و ئەمەیشـیان چـوو، هەروەک دیتمـان بەجارێـک ماڵیـان وێـران بـوو، تەنانەت لە هـاوینی سـاڵی ١٣٦٨ ئاسـەوارێک لە حوزووریـان لە نـاوچەدا نەمـا ئەگەر هەشبایە زۆر بەزەحمەت دەبینران.

لەنـامەیەکی دیـکە کە پـاییزی سـاڵی ١٣٦٥ نووسـیویەتی، دەقـاودەق وەک خۆی هاتووە.

---

[1] – نامەی جەعفەر شەفیعی بۆ ئەحمەد ئەسکەندەری بەڕێکەوتی ٧|٣|١٣٦٤

**"ح.د.ک.ا:** {حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران} **الف: لە جنووب لەسنووری هەورامان و کرماشان هەن، بەڵام فەقەت لەسنور نەک یک بست بەو لاوە. ئەساسەن لەبانە بەرەو خواری ئێمەین هێزی جموجۆڵ و چالاک، حیزبی دێموکرات باوەری بەوە هێناوە کە نەتەنیا هەڵسووڕانی بەڵکو نەفسی حوزووری لەجنووب زۆر "مشکل" بووە.**


**ب: لەموکریان بە هیوا بوون ڕێگامان لێ بگرن کە نەیان توانی، بەڵام بۆ ئاگاداریت لەوێ دەتوانن سەرێشەمان بۆ ساز بکەن، بێ ئەوەی بتوانن مانعی جموجۆڵ و چالاکیمان بن.**

**ب: لە تەبلیغاتی سیاسی‌دا ئێستا زۆر کەم دەیانەوێ واردی جەدلی سیاسی بن. بەشێوەیەکی غەیرە ڕەسمی ئەسیر لەهەردوو لاوە موبادلە کراوە. ئێمە ئازادمان کردووە (یکطرفه)، ئەوانیش هەروەتر "یکطرفه" کردوویانە."**


ناوبراو لەو بەشەدا کە باسی حیزبی دێموکرات دەکا زۆر پشێوی و ناجێگیری پێوە دیارە، پێموایە دەبێ لە ڕووداوەکان دوور بووبێ یان بە ئانقەست خۆی لە ڕاستییەکان نەداوە و ویستوویەتی چەواشەیان بکا، چونکە حیزبی دێموکرات نەک هەر لە سنووری هەورامان کێشەی نەبووە بەڵکوو کۆمەڵەیەک بوونی نەبووە تا کێشەی بۆ دروست بکا. بەجۆریک باسی دەکا دەڵێ لە سنوور تێناپەڕن تەنانەت یەک بستی بۆ حیزبی دێموکرات نەهێشتۆتەوە! واتە بە جۆریک چەواشەی دەکا و دەیهەوێ بە هەڵەپەتێ مێژووی ئەو چەند ساڵەی کە شەڕی دوو لایەن لە ئارادا بووە ئاوەژوو و پێچەوانەی بکاتەوە! هەروەها ئەگەر منیش نەڵێم خەڵکی موکریان شایەتی دەدەن کە لەساڵی ١٣٦٤ بەو لاوە نەک لە موکریان سەرئێشە نەبوون و هیچ چالاکی و حوزووری بەرچاویان نەبوو، بەڵکوو پێشمەرگەکانی حیزب بە زەرەبین بۆیان پەیدا نەدەبوون. نازانم ئەو هەمووە (دیارە عادەتیان بوو) چەواشەکردنی مێژوو بۆ چی؟ خۆ ڕووداوەکان و تیکهەڵچوونەکان خۆیان شاهیدی بە بوونی کۆمەڵە و مەیدانی تەراتێنی لە کوردستان دەدەن. سەرەنجام لە ساڵی ١٣٦٧ و ٦٨ بە یەکجاری کۆتاییان بە خەباتی چینی

کرێکـاری خۆیـان هێنـا و ئەویـش پـاش خوڵقانـدنی شـەڕی نـاوخۆیی و درێژەدانی بۆ ماوەی چەند ساڵ و کوشتن و بە کوشت دانی سـەدان ڕۆڵەی کـورد، ئەویـش بە هۆنـدنەوەی تیئـۆری سەیروسـەمەرە و لە ژێـر نـاوی بەربەرەکانی لەگەڵ بورژوازی و داکۆکیی لە خەباتی چینایەتی، کارەساتێکیان نـایەوە کە خەسـار و ئاسـەوارە وێرانکەرەکـانی هێشـتا بەسـەر فەزای ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا قوورسایی دەکا.


.


کوتم کە ئێوە ئازادەیەکی حیزبەکانی شاری بۆ جبهە ایران عیراق ( طبقة دەبەشی کوردستان ) تەرخان کردووە
وکێش دیبێتە وەدی ، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە دەست و باڵ بێشمەرگە لە مەیدانی ڕژێم
ئاوالەتر بێ و یەکێک لە هۆیەکانی [illegible] هەلسووڕانی پێشمەرگە لە [illegible] ڕاب دووە
ئەوە بوو . هەلبەت ئێمە دە ڕهێنانی حیزب [illegible] - لە هەموو کوردستان -
وەکوو یەک نەبووە ، لە [illegible] شمال زۆرتر بووە تا جنووب . هەربۆیە حیزبی دیموکراتیش
[illegible] لە پیرانشەر و شمال کوردستان و بەینی سەردەشت و پیرانشەر جێ لاکی پێزانی بووە ،


2 . د ، 1
الف : لە حیزب [illegible] لە سنووری هەورامان و کرماشان هەن ؟
بەلام فقط لە سنوور و نە یەک لەت بە دلاوە . اساسا لە بانە بەرەو خوار
ئەمەی هێزی جم و جوڵ و جێ لاکی ، حیزبی دیموکرات باوەڕی پێ دەهێناوە کە
زەنەبیا هەلسووڕانی پێ بکوو نفسی حضوری لە جنووب زۆر مشکل بووە .
ب : [illegible] لە مکریان و هەرابوو تیوانی ڕێگایان لێ بگرن کردیان
توانی ) ، بەلام بێ ئاگادارییە لەوی دەتوانی سەرلێشێوان بۆی بکەن
بە ئەوەی نەتوانی مالی جم و جوڵ و جێ لاکیان بێ .
ج : لە تبلیغاتی سیاسی دا ئێستا زۆر کەم لە باشوری واردی جدلی سیاسی بن .
بە شێوەیەکی عیرەیکی [illegible] لە هەر دوو لاوە ساڕدە لە کرادە ، ئێمە [illegible]
( بکواڵە ) ، ئەوانیش هەر وەتر بکواڵە کردوویانە .



[illegible]
ئەگەر هەبووان دەستت بە پێشڕەوانەکەی [illegible] پێشنیارێک بوو بۆ
ئەو بابەتە زۆر قەت نایەم، تکایە هەر ئەوەندە [illegible] تێبینی دەکەین.
پێشڕەوی کوردی [illegible]
زۆر سڵاوی ئەوادی هاوڕێکانی دەگەیەنن، سڵاوی تایبەتیم
هەیە بۆ کاک صلاح (بەلی مصطفی افندی [illegible]) سڵاوت دەگەیەنن.
ملکە خاتوون [illegible] سڵاوی [illegible] هاوڕێیان دەگەیەنن
[illegible]



لە خەبەرێکی ئەکەم و بەوە ئیکتیفا ئەکەم کە:
① تا ئێستا کە ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسم پەیوەندیی نزیکیمان بە مەعنای دەقیق
نییە - ئەگەر نەزۆر - [illegible] لە بارەی [illegible]. خەڵک
لە وڵاتی [illegible] "ئازادی" حیزبیان [illegible]. یانی لە ڕاستی دا
تاوانی ئاشکرای حیزبی دیموکرات بۆ خەڵک بە کاربگرێ [illegible]
لە هەمان دا [illegible] کومەڵەیشن دیت.
② لە بارەی سیاسییەوە وەزع [illegible] وخەڵک قەلبی ئێمە تەئیید دەکەن.
بەڵام هێشتا نەبووتە نیرویەکی مادی و کاریگەر کە هێزی کومەڵە
[illegible] تقویە بکا. بەڵکوو [illegible] لە کاتی ئێستادا ئەتوانێ
[illegible] عنصری [illegible] کە توانی [illegible]
خەڵک [illegible] و هێز و توانایان [illegible]
٧ [illegible]
③ مەعرفەتی سیاسی خەڵکی کوردستان لەم چەند ساڵەدا بە شێوەیەکی
زۆر بەرچاو چووەتە سەرێ و [illegible]



٤- تردید و تزلزل لە [illegible] کانی ح.د دا، خەریکە دەس پێ دەکا. [illegible]
[illegible]. لە سطحی کادرەکانیشیان دا تزلزل [illegible]
بەڵام غالب ئەوەیە کە [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] ح.د [illegible]
[illegible]!
٥- [illegible] ح.د [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
XXX

# هۆکاری تێداچوونی گوردانی ٢٢ی ورمێ

ناوچەی جنووبی کوردستان لە زۆر بارەوە بۆ شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات بۆ کۆمەڵە تەیارتر و لەبارتر، و خۆی بۆ ئامادە کردبوو. یەکەم: هێزی ئەسڵی کۆمەڵە لەو ناوچەیە هەڵقولابوو بەتایبەتی لە مەریوان و سنە و دیواندەرە کە کاک فوئاد وەک یەکێک لە سیما دیارەکان و لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە خەڵکی ئەم ناوچەیە بوو. دووەم: هەڵکەوت و جوغرافیای ئەو ناوچەیە بۆ ئەوان زۆر لەبارتر بوو، چونکە ئەوان زۆر پێش حیزبی دێموکرات لە ناوچەی شلێر حوزووریان هەبوو، وەک لە ئامارەکەدا دیارە لە سەردەشتەوە هەتا ورمێ گوردانێکیان بۆ ساغ نەدەبۆوە! لەو سەروبەندەدا گوردانی بۆکان و مەهاباد و بانەش بۆ جنوب کێشرابوونەوە. سێهەم: بەشی هەرە زۆری هێزەکانی حیزب لە قووڵایی کوردستان بوون، بێجگە لە نەخۆشخانەیەک یان ناوەندی ئاژوان، باقی هێزی کارامەی حیزبی دێموکرات لە قووڵایی کوردستان لەشەڕ و جموجۆڵی پێشمەرگانەدا دژی کۆماری ئیسلامی خەباتیان دەکرد. جیا لەوانە بە داسەپاندنی شەڕی سەرانسەری بەسەر حیزبی دێموکراتدا لە ٦ی ڕێبەندان، ئەفرادی کۆمەڵە بەپێی ڕێنوێنییەکانی ڕێبەرانیان ئامادەیی زیاتریان بۆ شەڕ تێدا دەدیترا. بە سەرنجدان بەو هێزانەی کۆیان کردبۆوە بۆ شەڕ لەگەڵ حیزب ئامادەکارییان کردبوو، لە ناوندی ئاژوان و یەک دوو جێگای دیکە لە شەڕدا بالادەست بوون. ئەویش نەک لە بەر وشیاریی و لێهاتووی ئەوان، بەڵکوو هۆیەکەی دەگەڕایەوە بۆ کەمتەرخەمیی پێشمەرگەکانی حیزب و ئەو متمانەیەی کە کۆمەڵە بۆ کاتی پێویست لە پێشمەرگەکانی حیزبدا بەدەستی هێنابوو ئەو

زەبرەی کە لە ناوەندی ئاژوان لە حیزبیان وەشاند کۆمەڵەی تووشی وەهیم و لەخۆبایی کرد. بۆیە بەردەوام لە ڕادیۆ و کرداریاندا باسی سەرکەوتنی کومونیسم و بەهێزبوونی کۆمەڵە و کرێکارانی شۆڕشگێڕیان دەکرد و پەیتاپەیتا دووبارەیان دەکردەوە کە حیزبی "بورژوازی"مان شکست دا. لەلایەکی دیکەوە حیزبی دێموکرات باسی لەوە دەکرد کە کۆمەڵەی زۆر پێ تووڕە دەکرا لە زۆربەی ناوچەکان نەماوە و ناتوانێ لە کوردستان بەو شێوەیە خەباتی خۆی درێژە بدا، تەنیا لە سێ گۆشەیەکی چووکە نەبێ هەموو توانای خۆی لەوێ وەگەڕ خستوە و هێندێک جار تا گەورکی سەقز گەڕانێکی چەند ڕۆژەیان دەکرد. ئەوەش واقعییەتێکی حاشاهەڵنەگرە، کە زۆر جار کۆمەڵەی تووشی هیستریا و شۆک دەکرد و لە بەرامبەردا پەنایان بۆ هەڵەپەتێ و چەواشەکاری دەبرد. دوای ئەوەی حیزب هێزەکانی لە جنووب کێشاوە و کۆمەڵە پلینۆمێکی لە ژێر ناوی (جمع‌بندی از بحث ارزیابی ٥ ماه جنگ ما و حزب دمکرات) گرت و بڕیاری دا شەڕ بەربڵاوتر بکا و بەشێک لە هێزەکانی بەرەو لای شیمال پەلکێش کرد.

پاش ٩ مانگ شەڕ لەگەڵ حیزب، کومیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە گەڵاڵەی ناردنی ئەفرادی خۆی بۆ شیمالی کوردستان ئامادە کرد. ڕێبەرانی کۆمەڵە بیریان لەوە نەکردبۆوە کە بڕشت و نفووزی ئەوان لەو ناوچەیە ئێجگار کەمە و لە لانیکەمی خۆی دایە. پاشان باری جوغرافیایی ناوچە، زەوی، خەڵک، تەشکیلات و بەگشتی هەموو مەلەفێکی ئەم ناوچەیە لە بەرژەوەندیی حیزبدا دەسووڕایەوە. کۆمەڵەش زۆر بەسانایی هاتەسەر ئەو باوەڕە کە ئەوەی لە جنووب بەدەستیییەوە هات بەڵکوو لە شیمالی کوردستانیش دەستەبەری بکا. وادیار بوو هیچ لێکدانەوەیەکیان لەسەر ئەو خاڵانەی سەرەوە کە باسم کرد، نەکردبوو.

کاتێک شەڕ لە جنووب کەم بۆوە و لە پاییزی ساڵی ١٣٦٤ کۆمەڵە ٦٠ تا٧٠ کەسی لە هەموو گوردانەکان کۆ کردەوە و بەرەو شیمال ئامادەی کرد تا بەخەیاڵی خۆیان زەبرێکی بەدڵی خۆیان لە "تورمزکەری سەر ڕێی شۆڕش" بدەن.

کـــومیتەی ڕێبەریـــی کـــۆمەڵە، لەســـەرووی هەمـــووانەوە بەڕێـــز عـــومەر ئێلخـانیزادە "تیئوریسـییەنی نیزامیی کۆمەڵە" کەوتە بیری فراوانخـوازی و بە قەولی خۆی "بەرین کردنەوەی جوغرافیای دەسەلات" (مناطقگشائی)! نـاوبراو کە خۆی بە ناپیلئۆن بناپارتی کۆمەڵە دەزانی، بەردەوام کتێبی ناپیلئۆنی لەژێر هەنگڵی دابوو.[1] بەرنـامەی نـاردنی پێشـمەرگەی کۆمەڵەی گەلاڵە کـرد. عـومەر ئێلخـانیزادە بیـری لەوە کـردەوە کە بـۆچی گوردانێک پێشـمەرگە بـۆ شـیمالی کوردســتان ڕەوانە نەکـا و "ســەرکەوتنەکانی جنـوب" لە شـیمالی کوردســتان دووپـاتە نەکـاتەوە؟ بەڵکـوو بەو حەرەکەتە تەبلیغـاتی حیزبـی دێمـوکرات لە پێوەنـدیی لەگەڵ نەبـوونی حـوزووری کۆمەڵە لەو نـاوچەیە بەرپەرچ بـداتەوە. بیرۆکەی زەینی و وەهماوی کە کارەساتی تێداچوونی گوردانی ٢٢ی ورمێی لێ کەوتەوە.

کومیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە لەفەزایەی خەون و خەیاڵی بەرزەفرانەیاندا بـۆ کـردنەوەی فـازێکی دیکەی شـەڕ و خولقانـدنی کارەسـاتێکی دیکە مایەیـان لە کوڕی خەڵکی کوردستان دانـا. ئەوان لە فەزایەکی ململانەی کوێرانەدا، پێیـان وابوو تایبەتمەندییانەی لە جنووب بۆ کۆمەڵە ڕەخسـابوو! بە هەڵسـەنگاندنێکی دۆنکیشۆتئاسـا وایـان دەزانـی بەسـتێنەکانی ئەو هەلـومەرجە لە شـیمال بـۆ کـۆمەڵەش ڕەخســاوە! ئەوانە نەیــان زانیبــوو یــان نەیــان ویســت بــزانن کە ناسـیاریی ورد لەسـەر نـاوچە و ناسـینی پێشـمەرگەکانی حیـزب لە نـاوچەی شـیمال و بـوونی هێزێکـی زۆری حیـزب لە پێشـمەرگە و ئەنـدام و لایەنگـری چالاک لەو ناوچەیە و هەروەها بوونی ناوچەیەکی پشـتی جەبهە بـۆ پاراسـتن لە هێرشی کۆماری ئیسلامی بە مەبەسـتی پشـوودان و... هەمـوو خـاڵی بەهێـز بۆ حیزبی دێموکرات بوون و بە پێچەوانەوە بە زەرەری پێشـمەرگەی کۆمەڵە بوو.

"پاش بڕیاردانی کومیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە کە گوردانێک بـۆ شـیمال ڕەوانە بـکەن، عـومەر ئێلخـانیزادە بەرپرسـی بەرنامەدانـان و جێبەجێکردنـی هەمـوو کارەکـانی ئەو بڕیـارە بـوو. لەگەڵ ئەوەی ئەو پێشــمەرگانەی کە خەڵکـی ئەو

---

[1] – بڕوانە کتێبی "رقابتی کور" بە درێژە ئاماژەی پێدەکا.

ناوچەیە بوون نەیاندەتوانی لە باری نیزامییەوە وەڵامدەری ئەو حەرەکەتە بن، هەر بۆیە بڕیار درا پێشمەرگەیەکی زۆر لە ناوچەکانی دیکە لەو گوردانەدا سازمان بدەن. بەشی زۆری ئەو پێشمەرگانە کەمئەزموون و لەو کەسانەبوون کە تازە چەکی کۆمەڵەیان لەشان کردبوو و هیچیان چووکترین شارەزاییان لە ناوچەی شیمال نەبوو. بەداخەوە ئاکامی ئەو بڕیارە نادروستە بەڕوونی دەرکەوت کە لە جێگای خۆی دانییە و لەگەڵ ئەوە کە بڕیاریکی دروست نەبوو هەرچەند لە ئەفرادی نێو تەشکیلات و تەنانەت بۆخۆم لەگەڵ عومەر ئێلخانیزادە لەوبارەوە قسەم لەگەڵ کرد و ئەو بڕیارەم زۆر پێ سادە و خام و پڕمەترسی دەزانی. بەداخەوە قسەکانم هیچ تەئسیری نەبوو و ناوبراو تەنیا بیری لەو "سەرکەوتنە" خەیاڵی خۆی دەکردەوە. کاتێک ئەو بڕیارە بوو بە تراژیدیا، لە ڕێبەری تەشکیلاتی کۆمەڵە وەک هەمیشە هیچ کەس یا ئورگانێک بەرپرسایەتی ئەو تراژیدیا خەفەتبارەی وەستۆی خۆی نەگرت و تەنانەت بە لێکدانەوەی نادروستی خۆیان کومیتەی ناحیەی ورمێ و بەرپرسانی گوردانیان تاوانبار دەکرد کە سەبارەت بە حیزبی دێموکرات تەوەهومیان بووە و نەیانتوانیوە لەکاتی خۆیدا گوردان هیدایەت بکەن و بەڕێوەی بەرن. کومیتەی ڕێبەری بەو شێوەیە حەولی دا کە ڕەنگدادانەوەی کارەساتێک کە بە سەر گوردان داهاتوە تەئسیر و ئاسەواری لەنێو تەشکیلاتدا دیزە بەدەرخۆنەی بکەن."[1]

هەرچەند کەسانێک لە کۆمەڵە هەستیان بە مەترسی لە شیمالی کوردستان کردووە، بەڵام ڕێبەرانیان بۆ زەربەلێدان لە حیزب، هەموو هەلێک، تەنانەت ئەوانەی لە بەرژەوەندیشیاندا نەبووە بە دەرفەت زانیوە! لێکدانەوەیان لەسەر ناوچەی شیمال و هەڵسەنگاندنی بە پێوانەی جنووب، بەو مەعنایە بوو هۆی ئەوەیکە ژمارەیەکی دیکە لە ڕۆڵەکانی کورد ببنە سووتەمەنی و قوربانیی شەڕێکی نەخوازراو کە تەنیا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی قازانجی لێ دەکرد.

لەبارەی ئەو مەئمورییەتە بەشداربوویەک بەمجۆرە باسی دەکا:

---

[1] – بڕوانە کتێبی "رقابت کور"

" لە سەرەتای پاییزی ١٣٦٤ هەواڵی گەڕانەوەی گوردانی ٢٢ بۆ ناوچەی ورمێ بڵاو بۆوە، "عکس‌العمل" جۆراوجۆر لەبەرامبەر ئەو هەواڵە نیشان درا و هەم خۆشی و هەم نیگەرانی بەرچاو دەکەوت، چوون بۆ نێو زەحمەتکێشان کە بەدڵەوە پێشمەرگەیان خۆش دەویست ئینسان ئێحساسێکی زۆر خۆشی هەست پێ دەکرد، بەڵام چوون بۆ ئەو ناوچەیە وەبیر هێنانەوە و داگیرکردنی لەلایەن دوو دوژمنی گەورەوە{یەکیان مەبەستی حیزبی دێموکراتە} لەبەرامبەر هێزێکی چووکەی پارتیزانی کۆمەڵە جێگای نیگەرانی بوو. لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵە بۆ زۆریان ئەو پرسیارە هاتبووە پێش، کە چ ڕوویدا لە شیمال پاشەکشەمان کرد؟ ئێستا چ ڕوویداوە سەر لەنوێ دەچینەوە؟ بۆچی دەچینەوە؟ کەس نەیزانی ڕێبەری لەسەر چ ئەساسێک و بە چ دەلیلێک ئەو بڕیارە غەیری مەسئوولانەیان داوە. لەشەش مانگی ڕابردوو وەزعییەتی ناوچە و توازونی هێز بە قازانجی ئێمە نەگۆڕاوە و تەنانەت وەزعییەتی ناوچە لە شەش مانگ پێشتر خراپتر بووە. کەسانێک کە لە کاروباری نیزامیی شارەزا بایەن بەباشی دەرکی ئەوەیان هەبوو کە ناردنی هێز بۆ ناوچەی داگیرکراوی ورمێ دوور لە عەقڵومەنتقە و بڕیارێکی دروست نییە.

ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بڕیاری نەهایی و کۆتایی درابوو کە پێشمەرگە بۆ ناوچەی ورمێ و سەڵماس ڕەوانە بکەن ئەو بڕیارە بەبێ بەشداری ئەو پێشمەرگانە بەڕێوە چوو کە دەچوونە ئەو سەفەرە، هەر لەوکاتەدا تەداروکاتی پێویست وەک کەوش، لیباس، تەقەمەنی و ئەسب و هتد ئامادە کرابوو، سازماندەهی گوردانیش کاری تەواو کردبوو. دەورەی چوارەمی لە نیوەڕاستی مانگی خەزەڵوەر کۆتایی هات و هەموو بەرپرسانی گوردان بۆ سەر کاری خۆیان گەڕانەوە هەروەها لەو سەروبەندەدا چەند کەسێک لە پێشمەرگەکانی گوردانەکانی شنۆ و بانە لەگەڵ گوردانی ٢٢ی ورمێ تێکەڵ بوون. گوردانی ٢٢ تێکەڵاوێک لە کورد و تورک بوون. پێشمەرگەکانی ناوچەی ورمێ، سەڵماس و خۆی بە لەهجەی بادینی و

ئەوانـی دیـکەی لە مەهابـاد و بۆکـان و شـنۆ هـاتبوون بە سـۆرانی قسـەیان دەکرد.......

کەس نەیدەزانی بەخاتری چ قازانج و بەرژەوەندییەک، یان چ ئاڵوگۆڕێکی نیزامـی، لە پێنـاو چ ئامانجێک ئەو گوردانەیـان ڕەوانەی شـیمال کـرد؟ کەس نەیزانـی گـوردانی ٢٢ لە ڕووی چ ئامـانجێکی سیاسـی، بەو ژمـارە کەمەوە، لە وەرزی سـەرمادا لەبەرامـبەر دوو دوژمنـی بەهێزتـر لەخـۆی ڕەوانەی بەرەی شـەڕیان کـرد؟ پێشـمەرگەکان هەسـتیان کـرد کە ڕێبەرانـی کـۆمەڵە لەسـەر ئەساسـی واقعییەتـی مەوجـوود هەدەفـی نیزامیـی و سیاسـەتی خۆیـان دانەڕشتووە، بەڵکوو لەسەر ئەساسی نیشاندانی حوزووری بەربڵاوی کۆمەڵە لەناوچە و ململانێ لەگەڵ حیزبی دێموکرات دیاری کردبوو. پێش ئەوەی بۆ ناوچەی شیمال بجووڵێین کۆبوونەوەیەکی گەورە بۆ کادرەکان، ئەندامان و پێشمەرگەکانی بەشدار گیرا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەزەر وڕاو بۆچوونی بەشدارن لەپێوەندی لەگەڵ گەڕانەوە بۆ شیمال هەڵسەنگێنین. لەو دانیشـتنەدا بێجگە لە "مەنسوور شەوکەتی" پرینپێچ و کادری دەرمانی ناوچە، هەموویـان مەیلی گەڕانەوەیان بۆ ناوچە تێدا بوو. مەنسوور بە پشتبەستن بە ئاڵوگۆڕی نیزامی و بوونی هێزێکی زۆری حیزبی دێموکرات لەو نـاوچەیە بە سـەراحەت گـوتی نـابێ تەسـلیمی ئێحساسـات بـن، نـاوبراو گەڕانەوەی کـۆمەڵە بـۆ ئەو ناوچەیە بە بڕیارێکی مەترسیدار و هەڵ نەسەنگێندراو دەزانی. بە پێچەوانەی دەلیل و هۆکاری بە هێزی مەنسـوور بۆ نەچوونەوەی شیمال هەموویـان بۆ چوونەوە ڕازی بـوون. پـاش دوو سـەعات قسـەوباس، لەجەلەسـەی دووەمـی کۆبوونەوە هەڵبژاردن بـۆ دیـاریکردنی کومیتەی نـاحیە کـرا، چەنـد نەفەرێـک خۆیـان کاندیـد کـرد کە لەو هەڵبـژاردنەدا سـوڵتان خوسـرەوی و سـەلیم و محەممەد فەتـاحی ئەندامانی ئەسڵی کومیتە، و سـەید حوسـێن مووسـەوی و ڕەزا کەعبـی وەک ئەنـدامی جێگـر هەڵبژێـردران. لەو سـازماندەهی‌یەدا سـەلیم وەک فەرماندەی گوردانی ٢٢ی ورمێ دیاری کرا."[1]

---

١- "خاطرات یک سوسیالیست آذربایجانی در کردستان"، تصمیم نادرست و غیر مسئولانه رهبری حزب کمونیست ایران و کومه له، صفحه ٨ و ٩

بەمجۆرە کۆمەڵە پاش ساڵێک لە چۆلکردنی شیمالی کوردستان کە دیارە گورداني ٢٢ی ورمێ لە چەند کەسێکی خۆجێیی تێ نەدەپەڕێ هەربۆیەش لەناوچەکانی دیکە بێ ئەوەی شارەزا بن ڕەگەڵ ئەو گوردانە دەخزێن و ڕەوانەی ئەو ناوچەیە دەکرێن. وەک مەجید ئازەری دەڵێ:

**"ئەوە تەنیا لەبەرامبەر حیزبی دێموکرات دایە ئەو کارە کرا دەنا هیچ هەدەفێکی سیاسی یا نیزامیی لەپشت نەبووە."** ڕێبەرانی کۆمەڵە لە جنووبی کوردستان لە وەرزی پاییز و زستاندا هێزەکانیان بۆ سەر سنووڕ دێناوە، ئەی چۆنە ئەگەر بۆ لێدانی حیزبی دێموکرات نەبێ، لە سەرمای دالانپەڕو ئاڕاڕات کە تروسکایی هیچ پێگەیەکیان نەبوو، بەو پاییزە ساردە ڕوویان لەو ناوچانە کرد! لەڕاستیدا بەناوی دژایەتی لەگەڵ "بورژوازی" کۆمەڵێک کوڕی خەڵکیان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان کردە قوربانی.

ئەو گوردانە کە ڕۆژی ٤ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٤ بەرەو ناوچەی ورمێ وەڕێ دەکەوێ، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی جووڵە پێکرانیان هەنگاویان بۆ مەئمووریيەتەکە شل بۆتەوە. لە ڕۆژی یەکەم کە لەگوندی "شیوان"ی کوردستانی عێراق دەمێننەوە فەرمانەدەی گوردان بڕیار دەدا کە چەند ڕۆژ لەوێ بمێننەوە، ماوەی یەک حەوتوو لەو گوندە کە وێران کرابوو، شەوان تا بەیانی سەرما لە بن هەنگڵی داون و تەنانەت هێندێک بەرپرسانی خوارەوتر ڕەخنەیان گرتوە کە "بۆچی لەخۆڕا پێشمەرگەی ماندوو دەکەن؟ ئەگەر ئامادە نەبوون بۆچی لە ئوردوگا حەرەکەتتان دەکرد؟"[1]

ئەو گوردانە هێشتا لە چاوەڕوانی دایە کە سەرەنجام ڕۆژی ١٤ی خەزەڵوەر چەند ماشێنیان لە ئوردوگاوە بۆ دەچی تا سنوور بیان گوازێتەوە دیارە بە هاوکاریی ئەرتەشی عێراق کە چەند ماشێنیان لە ئیختیار دەنێ و کەسێکیش وەک شارەزا لەگەڵ خۆیان دەبەن. لە نزیک سنوور سازماندەهی دەکەن پاش دوو سەعات ڕێگا ڕۆیشتن کەسی شارەزا خۆیان لێ دەشارێتەوە خۆشاردەنەوەی شارەزا دبێتە هۆی نیگەرانی ئەفرادی گوردان و

---

[1] - بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو

پرتەوبــۆڵە دەســت پــێ دەکــاتەوە بەڵام لەلایەن فەرمانــدەکانیانەوە هێــور دەکرێنەوە.

ئەوەی لێــرەدا جێــی باســە ئەوەیە کە ٧٠ کەس بــێ شــارەزا هەروا وێــل دەکــرێ و بە قەزا و قەدەریــان دەســپێردرێ! هەر بــۆیە پــاش ئەوەی هــیچ شوێنێک شارەزا نین لە شیوێک زۆر بە نەهێنی خۆیان حەشارە دەدەن.

"ڕۆژی ١٥ی خەزەڵــوەر {١٣٦٤} بەیــانی زوو هێنــدیک لە پێشــمەرگەکان بەهۆی دڵەڕاوکێ و نەزانینی شوێنەکەمان کە لە چ جێگایەک ماوینەتەوە چەند کەسێک زوو لەخەو هەستابوون لە دەوری یەک هـاڵابوون. بەرە بەرە ڕۆژی پاییز لە پشتی چیاکان سەری بەرز دەکردەوە. ئەو شـوێنەی لێی مـابووینەوە دۆڵێکی پان و بەرین کە بەشێکی لە ژێر چاوەدێری پایگای عێراق دابـوو بەو هـۆیە هـاتوچۆ لەچەنـد میترێکـی دەوری خۆمـان دەکـرا. ئاوێـک بە جـۆگەدا دەهاتەخوارەوە و کەڵکی لێ وەر دەگیرا. دوو نەفەر بۆ سـەر شـۆردن چـوونە خوارەوە، پایەگا چاوی پێیان کەوت و دەستی بە تۆپباران کرد. پێشمەرگەکان ئامــادە بــوون و چەنــد کەس چــوونە بەرزایــی و بەڵام لای عەسـر وەزعەکە ئارام بۆوە و لەدوانیوەڕۆدا ترسی ئاوربارانی خۆمپارە نەما و بە خۆشـییەوە هەمـوو سـلامەت دەرچـوون. ئەفـرادی گـوردان لە نـاوچەی شـەڕگەی نێـوان ئێران و عێراق گیریان کردبوو. بۆ ئەوەی لەو نـاوچەیە تێپەڕی پێویسـت بـوو ٥ یا ٦ سەعات ڕێگا بپێوی، کێشـەی ئێمە ڕێـگا ڕۆیشـتنی زۆر نەبـوو بەڵکـوو لەو شوێنەی دەبوو تێپەڕ بین هـیچ زانیـارییەک و شـارەزایەکمان نەبـوو بـۆیە هـیچ ڕێگـایەکیش بێجگە لە درێژەدانـی ڕێگـا بەرەو خـاکی ئێـران پێمـان شـک نەدەهات."[1]

ئەو گــوردانەی کــۆمەڵە کە بــۆ زەبرلێــدان لە حیزبــی دێمــوکرات ڕەوانەی شـیمال کرابـوو لە چیاکـانی دالانـپەڕ تووشـی سەرلێشـیواوی دەبـێ، چـونکە ئێـوارێی ١٥ی خەرمانـان کە هەوا تاریـک دەبـێ و تەنیـا پشـتیان لە پایەگـای عێراقییەکـانە و بـێ ئەوەی شـارەزا بـن بە پـێچەوانەی پایەگـاکە ڕێگـایەک کە ڕوون نیــیە و چارەنووســیان هەر لەو شــەوەوە نادیــارە، تــا ســەرەنجام

---

[1] – خاطرات یک سوسیالیست آذربایجانی در کردستان. صفحه ١٤

ڕووناکاییەک دەبینن کە ئەویش مقەڕی پارتی دیموکرات دەبێ. لەگەڵ ئەوەی دڵەڕاوکەیان دەبێ کە بڵێی تەقەیان لێ نەکەن، بەڵام ئەوان ڕێنوێنیان دەکەن. بێ ئامانج و هەدەف ملی ڕێگا دەبڕن، تەنانەت ئەوەندە ماندو شەکەت دەبن مەسئوولی یەکەمی گوردان خەوی لێ دەکەوێ و بەجێ دەمێنێ، دواتر بە تەقەی تفەنگ ئەفرادەکەی دەبینێتەوە! لە درێژەی ڕێگا کە تووشی بنکەی حیزبی شیوعی دەبن لەوانیش دڕدۆنگن، چونکە بە قسەی ئەوان دۆستی حیزبی توودە بوون، نەکا لێیان بدەن، بەڵام حیزبی شیوعی نەک هاوکاریان دەکا بەڵکوو چی لەتوانا دایە بۆ ئەو کاروانە بێ ئامانجە ئەنجام دەدا تا درێژە بە ڕێگای ناڕوونی خۆیان بدەن.

**"لەگەڵ کادرەکانی حیزبی شیوعی دەستە دەستە دادەنیشتین لەبارەی مەسایلی جۆراوجۆر بەحس و قسەمان دەکرد. هاوڕێیانی ئێمە، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە خۆیان بە تەشکیلاتێکی پرۆلیتاریا دەزانی و بەڵام حیزبی شیوعیان بە حیزبی ڕیزیونیستی، بورژوائی بە نۆکەری شووڕەوی دەزانی و بۆیە باوەڕیان نەدەکرد کە حیزبێکی بورژوازی بەم جۆرە پەزیرایی گەرم لە کۆمەڵە بکا.[1] یەکێک لەهاوڕێیان بەگومانەوە گوتی: لەمێژووی ناوچەی ئێمە نمونەی ئەوتۆ زۆر بووە کە حیزب، عەشیرە دەسەڵاتدارانی حکومەت لەجەریانی میوانی کردنی مخالفانی خۆیان لەپشتەوە لێیان داون و کوشتویانن، هەر بەو هۆکارە ئێمە دەبێ وشیاری خۆمان بپارێزین. قسەی ئەو ڕاست بوو بەڵام حیزبی شیوعی ئەوەی نەکرد. محەممەد جەلالی کە لە عەشیرەی ناوچەی سەڵماس بوو گوتی: کۆمەڵە زۆر بێ ئەمەگە(نمک نشناس) پاش ئەو هەمووە خزمەتە بە ئێمە دەڵێ بورژوازی؟."[2]**

پاش ئەوەی پشوویەکی باش لەلای حیزبی شیوعی دەدەن هەر بە هاوکاری ئەوان و ڕێنوێنی ئەوان تەنانەت لەگەڵ هێزی ئەوان ڕۆژی ١٨ی

---

[1]- پەروەردەکردنی ئەفرادی خۆیان بەمجۆرە بووە، چاو لەو بۆچوونە بکە چەندە لەئاستێکی نزم دواکەوتوو و کۆنەپەرستانە دابووە.

[2]- "خاطرات یک سوسیالیست آذربایجانی درکردستان" مجید آذری، صفحه ١٨

خەرمانـان ملـی ڕێگـا بەرەو سـنوور دەگـرن. مەجیـد ئـازەری لەدرێـژەی بیرەوەرییەکانی‌دا دەڵێ:

"پارتیزانەکان دوای ٣ سەعات ڕێگا ڕۆیشتن هێشتا لە دۆڵ و شیوەکان و لەنێو ئەو چیا سەختانەدا مابووینەوە. کەمێک ئەولاتر لەپشت چیاکانی لای چەپمـانەوە خـاکی کوردسـتانی تـورکیە بـوو. پێشـمەرگانی حیزبـی شـیوعی ڕایانگەیاند کە کەمێکی دیکە لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات نزیک دەبینەوە بەهـیچ جۆرێـک نـیگەران مەبـن. حیزبی دێمـوکرات پێوەنـدییەکی لە مێژینەی لەگەڵ حیزبـی شـیوعی بەیەکەوە بـوو. حیزبـی شـیوعی هەر لەوکـاتەدا کە تەزمینـی گیـانی ئـێمەی کردبـوو خەبەری هـاتنی ئـێمەی بە مـقەری حیزبـی دێموکرات ڕاگەیاند. بەشێک لە پێشمەرگەکان باشیان دەزانی کە پێوەندیی ئەو دوو حیـزبە لە مێـژە بە یەکەوە هەیە بـۆیە مەسـەلەیەکی وا بەلایـانەوە سروشتی بوو بەڵام بەشێکیان سەبارەت بە دۆستایەتی و هاوکاریی نیزامیی درێژخایەنی هەردووکیان بۆ گرینگ بوو، بۆیە هاوکاریی نیزامیی دوو حیزبی بـورژوازی، بە دوژمنـایەتی کـۆمەڵە و حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران دەزانـی. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە خاکی عێراق نیگەرانیان لە حیزبی دێموکرات نەبوو چونکە کۆمەڵە و دێموکرات پەیمانێکی سێ قۆڵیان لەنێوان عێراق، کۆمەڵە و دێمـوکرات ئیمـزا کردبـوو کە لە خـاکی عێـراق حەقـی شـەڕکردنیان نیـیە. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ئەو قەراردادەیان پاراست و هیچکات هێرشیان نەکردە سـەر بنکەکـانی حیزبـی دێمـوکرات[1]....... سـەرەڕای ئەو قەرارداده، سـوڵتان و سەلیم دەستەکانیان ئاگادار کردەوە کە ئەگەر حیزبی دێموکرات هێرش بکا

---

[1] – سـەبارەت بە هێرش لە نـاو خـاکی عێـراق دەرکەوتـووە کێ بێ پرینسـیپ بـوو، چـونکە کۆمەڵە چەنـدین جـار لەخـاکی عێـراق، تەنـانەت شـەوی ٦ی ڕێبەنـدان یەکەم تەقەی لە خـاکی عێراق دەست پێکرد و لە ناوچەی شلێر هێرشـی کردە سـەر بنکەکانی حیزب و پێشمەرگەی حیزبـی شـەهید کـرد. (یەکیک لە فەرمانـدەکانی خۆیـان لەلاپەڕەی ٢٦٥ی "رقابت کـور" دەڵـی لەخاکی عێراق چەند جار هێرشمان بۆ مقەڕەکانی حیزبی دێموکرات کرد و زەربەمـان لێدان) هەر جارێـک کـۆمەلە زەربەیەکـی خـوارد بـێ نـاوی خەیـانەتی لـێ نـاوە ئەگەر لەجێگـایەک باڵادەست بایە ناوی "هێرشی شۆڕشگێڕانە، نـابوودی بـورژوازی"و ئەو وتـانەی کە زۆر جـار دەیانکردە دەستەچیلەی ئاگری شەڕ بەکاریان دێنا.

خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئامادە بکەن. ئەفرادەکە بە فاسلەی دە میتری و سەردەستەکان لە هاتوچۆ دابوون کە وەزعەکە کۆنترۆڵ بکەن. بنکەکانی حیزبی دێموکرات لەلای ڕاستی گوردانەکە لەشیوێک دابوو. گوردان لە مەودای ٢٠٠ میتری ئەوان تێدەپەڕی، وەزعەکە ئارام بوو هیچ جووڵەیەک لە حیزبی دێموکرات بەرچاو نەبوو. دوای تێپەڕین لە مقەڕەکانی حیزبی دێموکرات ٣ یا ٤ سەعات بە ڕێگا دا ڕۆیشتین پاشان لەخوار کێوێکی بەرز گوردان وەستا. پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی ئاماژەیان بە بەرپرسانی گوردان دا کە ئەو کێوە بەشێک لەدالانپەڕە، دالانپەڕ نوقتەی سنووری نێوان ئێران، عێراق و تورکیەیە، ئەوان شوێنی حەرەکەت و ناوی گوندەکانیان بە بەرپرسانی ئێمە نیشان داو خوداحافیزیان کرد."

ڕێبەرانی کۆمەڵە جۆرێک ئەفرادەکەیان پەروەردە و بارهێنابوو کە تەنانەت ئەو کەسەی نانی پێدان و ڕێنوێنی کردن لێی کەوتنە شک و گومانەوە، لەکات و ساتێکی زۆر ناخۆش کە دەستیان بەهیچ کوێ ڕانەدەگیشت حیزبی شیوعی بۆ گوردانی ٢٢ی کۆمەڵە وەک فریشتە وابوو کە لە ڕاستی‌دا زیندووی کردنەوە. گوردانی ٢٢ی "ورمێ"ی کۆمەڵە پاش ١٥ ڕۆژ گەیشتە سنووری کوردستانی ئێران بۆ ئەوەی بتوانن لە شیمالی کوردستان بە حیزبی دێموکرات بڵێن ئەوە کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە کە لەسەرانسەری کوردستان حوزووری هەیە و دەتوانێ بورژوازی لە هەر شوێنێک بێ زەبری لێدا. ئەوان ڕۆژی ١٩ی خەزەڵوەر لەسنوور تێدەپەڕن، ئەو تەداروکاتەی لە حیزبی شیوعی وەریان گرتبوو هەموویان خواردبوو هیچیان پێ نەمابوو و لە چیای دالانپەڕ سەرلێشیواوانە بەلاقی بلۆقەوە دەسووڕانەوە. کەسێک تەنیا کەمێک بیر بکاتەوە لەو کات و ساتە ئەگەر بەناو "بورژوازی"یان بۆ هەتاهەتایە لەگۆڕ نابایە ئەو حەرەکەتەیان نەدەکرد. ئەوان سەرەڕای بێ هیوایی و بێ ئامانج لەو شیو و دۆڵە سەختانەی دالانپەڕ بێ تەداروکات و ئیمکاناتی ژیان، بەدەوری خۆیان‌دا دەخولانەوە.

سەرئەنجام ڕۆژی ٢٠ی خەزەڵوەر کاتێک هەوا ڕووناک دەکا و تەپومژ نامێنێ ئاوایی "سوورەدووکەڵ" خۆی دەردەخا و هیوا و ڕووناکییەک

دەکەوێتە نێو ئەفرادی گوردانەوە. ئێوارێ بۆ نان خواردنی شەو دەچنە ئاوایی بەڵام تەواو نان و چا ناخۆن کە دەستەیەکی ٥ کەسی پێشڕەو لە پێشمەرگەکانی حیزب دەچنە ئاوایی، ئەفرادی کۆمەڵە کە زوو هەست دەکەن حیزبی دێموکرات هاتۆتە نزیک ئاوایی، تەقەیان لێدەکەن و پێشمەرگەکانی حیزب لە گوندەکە دێنەدەرێ. بۆ ڕۆژی دوایی واتە ٢١ی خەزەڵوەر ئێوارە دەچنە ئاوایی "کەچەڵە" کاتێک بە ڕووناکی ڕوو لە گوندەکە دەکەن خەبەر و باس دەپرسن خەڵک پێیان دەڵێن کە زۆر ڕۆژ و تەنانەت جاری وایە هەموو ڕۆژە پێشمەرگەی حیزب دێن و هاتوچۆ دەکەن، ئەفرادی کۆمەڵە زوو نان دەخۆن و لەکاتی نان خواردن‌دا هەواڵیان پێدەگا کە پێشمەرگەی حیزب لە بەرزاییەکانە، بەڵام شوانەکانیان لێ دەبێتە پێشمەرگە! دوای نان خواردن چەند سەعاتیک لەئاوایی و دەوری ئاوایی کەمین دەنێنەوە ئەگەر پێشمەرگەی حیزب ڕووی تێبکا ئەوەی لێی دەگەڕان پارووی‌یەکی چەور دەبوو. دوایی ئەوەی کە ئێوارەی ٢١ هیچ ڕوو نادا وەک ڕۆژەکانی دیکە بێ ئامانج ئاوایی بەجێ دێڵن و ڕوو دەکەنە ئەو شوێنەی کە بەرەو خاکی کوردستانی باشوور دەڕوا. ئەگەرچی کۆمەڵەکان شک و گومانیان لێ پەیدا دەبێ تەنانەت لە چوار دانە شوان شک و گومانیان لە دووانیان هەیە کە شکڵ و قیافەیان وەک شوان ناچێ.[1] کۆمەڵەکان دوای تەقەکەی ئاوایی "سووورەدووکەڵ" بڕیار دەدەن بە هۆی وەزعی خراپیان بۆ سەرکردایەتیی خۆیان بگەڕێنەوە، ئەو ڕۆژە کە لە" کەچەڵە" دێنەدەر دەستەیەکیان ئەو موهیمماتەی پێیانە دەیشارنەوە و لەنزیک چیای دالانپەڕ چاوەڕییان دەبن، پاش یەکگرتنەوە لەشیوێک خۆیان حەشار دەدەن و کەمین لە سەرەوەی خۆیان دادەنێن. بەری بەیانی پێشمەرگەکانی حیزب ئاگای لە جموجۆڵی کۆمەڵە دەبێ و لەگەڵ ڕووناکی بەیانی شەڕ دەست پێدەکا کە ڕێبەرانی کۆمەڵە بێ ئامانج ژمارەیەکی زۆریان لە کوڕی خەڵک بەکوشتدا.

"تەنیا ڕێگا دۆڵی "خواکورک" بوو کە زۆرتر شێوەی "دڕە بقا"ی لوبنان دەدا ئەو ڕیسکەی کردمان جێگەی باوەڕ نەبوو، لەلایەکی سەرەوەی شیوەکە

---

[1] – مەجید ئازەری لەبیرەوەرییرکانی دا باسی دەکا.

قەرارگاکانی کۆماری ئیسلامی، لەبەشێکی دیکە هێزەکانی قیادەی موەقەت (حیزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق کە چەندین ساڵ بوو لە خزمەتی کۆماری ئیسلامی و لەشەڕ دژی ئێمە لەگرتنەوەی ناوچەکانی ورمێ و شنۆ ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕا). لەلای شیوەکە لەسەر ڕێگای ئێمە مقەڕی نیزامیی حیزبی شیوعی عێراق( حیزبی دەستە خوشکی حیزبی توودە)، هەروەها لەولاتری ئەوانیش بنکەی نیزامیی حیزبی دێموکراتی لێ بوو.

تاقە دۆستی ئێمە لەنێو ئەو هەمووە دوژمنە ڕەنگاوڕەنگە حیزبی شیوعی بوو کە ئەویش بەنسبت ئەوانی دیکە دوژمنایەتی کەمتری لەگەڵ ئێمە بوو...... حیزبی شیوعیم باش دەناسی بەڵام غروری ئەفرادی ئێمە ئێعتماد بەخۆیان هیچ شکوگومانی نەهێشتەوە کە پیلانێک لەلایەن حیزبی شیوعییەوە لەگۆڕێ دابێ. تەنیا نیگەرانی ئیمە ئەوە بوو کە هاتنی ئێمە بە دوژمنەکانمان بڵێ، پێشیان گوتن.

شەو لەلای حیزبی شیوعی ماینەوە لەنزیک ئەوان چادرێکمان لێدا. کاتژمێری ١٢ی شەو لەلایەن کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە ئاگادار کراین کە عەسر ئەو ڕۆژە نامەیەک لەلایەن بەرپرسانی حیزبی شیوعییەوە ڕەوانەی مقەڕی حیزبی دێموکرات کراوە و لەهاتنی ئێمەیان ئاگاداریان کردون."[1]

لەڕاستیدا ئەو جۆرە لێدوانە پڕ لە وەهمی پیلان و تەژی لە شک و دڕدۆنگییە زۆر بێ بنەمان، ئەوە ڕێبەرانی کۆمەڵە لە مەعلومەڕا (ناوەندی کۆمەڵە) چۆنیان زانی کە حیزبی شیوعی نامەی ناردوە؟ ئەو بەڵگەیە دێنێتەوە کە لە جنووب زۆر جار بێسیمەکانی حیزبمان کۆنترۆڵ کردووە ئاگاداری جموجۆڵیان بووین، ئەگەر دەیانزانی حیزبی شیوعی دوژمنایەتییەکەیان شتێک لە حیزبی دێموکرات کەمترە بۆ بەدووی ئەواندا دەڕۆیشتن و وەک پێشڕەوی خۆیان و وەک پەناگا کەڵکیان لە بنکەکانیان وەردەگرت؟ تەنانەت حیزبی شیوعی بەڵێنی سەدا لەسەدی پێداون کە لە نزیک بنکەکانی حیزبی دێموکرات تێدەپەڕن و هیچ نیگەران مەبن. کاتێک لە سنووڕ تێدەپەڕن ئەوان

---

[1]- وتوویژی محەممەد فەتاحی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی حیکمەتیست، " لەگەڵ ڕۆژنامەنووس وێبساید "ڕۆژنامە"

هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە بە سەر لێشێواوی لەو سنوورە دەسووڕانەوە، لەوە سەیروسەمەرەتر کە بە حیزبی شیوعی وادەڵێن دوای تێکهەڵچوون لەگەڵ حیزبی دێموکرات ئەوانەی دەردەچن پەنا بۆ حیزبی شیوعی دەبەنەوە!! زۆر سەیرە حیزبێک بە دوژمنی خۆت بزانی پەناشی بۆ بەری!! ئەگەر بیرکردنەوەیان بەو شێوەیە و دەیان زانی حیزبی شیوعی، دێموکراتی لە هاتنی ئەوان ئاگادار کردۆتەوە بۆچی نەدەگەڕانەوە!!؟؟

مراد ئەحمەدی ئەو کات فەرماندەری هێزی کێلەشێن بوو، لە ڕێکەوتی ١٣٩٦/١١/١٥ لەبارەی ئەو شەڕەوە پرسیارم لێکرد، بەمجۆرە وەڵامی بۆ ناردم.

" کاک برایم گیان، سەبارەت بە شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزب لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، کە لە ڕۆژی ٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٦٤ی هەتاوی لە پشتی ئاوایی "کەچەڵە" ڕوویدا، بەم چەشنە بوو. ئیمە وەک پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆی ئەو کات و هێزی کێلەشینی ئێستا لە ناوچەی شنۆ خەریکی کار و تێکوشانی حیزبی بووین. چەند ڕۆژێک پێش هاتنی پێشمەرگەکانی "کۆمەڵە" بۆ ناوچەی ئێمە، لەلایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە بە پەیامێک، ئاگادار کراین کە هێزێکی کۆمەڵە بە نیازن بە "خاکورک"دا بەرەو ناوچەکانی شنۆ و شیمالی کوردستان بێن. ئاگادار بن و هوشیاریی خوتان بپارێزن و غافڵگیر نەکرێن و زەربە نەخون. منیش وەک فەرماندری هێز کە ئەو هەواڵەم بیست کوتم وا باشە سەردانێکی دەفتەری سیاسی هاوڕێیانی حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق بکەم. ئەو کات بنکەیان لە "سپینداری" لە گەلی خاکورک بوو. کوتم بزانم هیچ زانیارییەکان هەیە، یا با ئاگاداریان بکەم کە کۆمەڵە هێزێکیان قەرارە بێنە ئەو ناوچانە، داوایان لێ بکەم کە دیتیانن یا تووشیان بوون داوایان لێ بکەن کە لە پێشمەرگەکانی حێزب نیزیک نەبنەوە، با هیچ لایەکمان تووشی ڕوداوی نەخوازراو نەبین. وەک بە داخەوە لە جنووبی کوردستان شەڕمان دەناو دایە، با شەڕەکە تەشەنە نەکاتە ئەو ناوچانەی ئێمەش. دوای ٢ ڕۆژ چوومە لای هاوڕێیانی حیزبی شیوعی و دەگەڵ مەرحووم عەزیز محەممەد کە ئەو کات سکرتێری حیزب بوو و کاک مەلا

محەممەد جوانڕۆیی ئەندامی ڕێبەریان دانیشتم و دوای قسە و باسێکی زور مەسەلەکەم دەگەڵ باس کردن، ئەوانیش بی ئاگایی خۆیان لە هاتنی کۆمەڵە نیشاندا، داوام لێ کردن کە ئەگەر هاتن بۆ لاتان یا پێوەندییان گرت، ئەو شتانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکردون دەگەڵ کۆمەڵەی باس بکەن، زۆریان پێخوش بوو. ئەوانیش بێزاریی خۆیان لە شەڕی ناوخۆیی نیشاندا و قەولیان دا ئەوەی لە دەستیان بی دریغی نەکەن کە لەو ناوچەیە شەڕ ڕوو نەدا. یەک دوو ڕۆژی پێچوو جارێکیتریش چوومەوە لای هاوڕێیانی حیزبی شیوعی، مەسەلەکەم دەگەڵ باس کردنەوە کە حەولی خۆتان بدەن بەڵکو بە قەناعەتیان بگەیەنن کە هەر نەیەن بۆ ئەو ناوچانە. ئەو جار کوتیان بە داخەوە ئێمەش بیستوومانە کە دین. ئێمە حەولی خۆمان دەدەین داوا لە ئێوەش دەکەین وەک حیزب خو لە شەڕ بپارێزن. ئەو جار کۆبوونەوەیەکم بۆ پێشمەرگەکان پێک هێنا و گوتم بە داخەوە هێزێکی کومەڵە بە نیازن بێنە ئەو ناوچانەی کە ئێمە تێکۆشانمان لێی هەیە و دەبێ زۆر وشیار بین و کەمتەرخەم نەبین و بیانوویان نەدەینە دەست و سەعی بکەین شەڕ لە نێوانمان دا ساز نەبی و زەربە نەخوین. بڕیارماندا کەمتر بچینە ناو ئاواییەکان، زۆرتر لە چیا و کوێستانەکان بمێنینەوە. ئێمە کە لە کوێستانەکان بووین ڕۆژی ٢٠ی خەزەڵوەر بارانێکی زۆر و بەخوڕمان پێدا باری و هەموومان تەڕتەڕ و تاریکیش داهاتبوو، باران لێی نەکردبۆوە. بڕیارماندا بچینە ئاوایی "سوورەدووکەڵ" کە لەوێ پشوو بدەین و خۆمان ئیشک بکەینەوە. تیمێکی چەند کەسی لە پێشمەرگەکان دە پێشدا ڕۆیشتن کە بچن ناو ئاوایی تاقی کەنەوە و باقی پێشمەرگەکانی دیکەش وەڕێ کەوتین سەر بەرەو ژێر لە شاخڕا بۆ خوارێ لە بەر باران و هەوریش بە حەددێک هەوا تاریک بوو کەس کەسی نەدەدی و چەند پێشمەرگەیەکیش هەڵدێران. تیمی پێشڕەو کە گەیشتنە قەراغ ئاوایی و هەستیان ڕاگرتبوو دەبینن کە سەگوەڕە و ناو ئاوایی قەرەباڵغە. پێوەندییان گرت کوتیان ناو ئاوایی ئاسایی نییە، کوتم مەچنە ناو ئاوایی جاری هەست ڕاگرن. برێکیتر پێچوو کوتیان چەکدار دەناو ئاوایی دان. هیچ هەواڵی هاتنی گروهی زەربەت و نیروی ڕێژیم نەبوو

ئەویش بەو باران و تەڕو قوڕیەی. کوتم نەکا کۆمەڵە هاتبن و نەمان زانیبێ، بە دەنگی بڵیند شوعاری دژی کومەڵە بدەن، پێشمەرگەکان کە بە دەنگی بڵیند هاواریان کرد "مەرگ بەر کۆمەڵە" دەزبەجێ کۆمەڵەییەکان جوابیان داوە مەرگ بەر دێموکرات، مەرگ بەر دێموکرات. ئەو جار کۆمەڵە دەستیان بە تەقەی کرد لە ناو ئاواییڕا. منیش بە پێشمەرگەکانم کوت بە ڕێکوپێکی پاشەکشە بکەن و بگەڕێنەوە. بۆمان دەرکەوت کە کۆمەڵەن و لە شەوی پێشووەوە هاتوون و چوونەتە ناو ئاوایی "سوورەدووکەڵ". بە ناچار بەو باران و تەڕو قوڕیە بڕیارماندا بچینە ئاوایی "مەلیان" لەوێ ئیستڕاحەت بکەین و خۆمان ئیشک کەینەوە. لە بەر باران و تاریکی لە ڕادەبەدەری شەو زۆربەی پێشمەرگەکانمان لێک هەڵبڕان، تا بەیانی کە هەموومان توانیمان لە ئاوایی مەلیان یەک بگرینەوە. ماڵی دانیشتوانی ئاوایی ئاوەدان بێ وەک هەمیشە هاوکارییان کردین و بەسەر ماڵەکاندا دابەشیان کردین و سۆبە و تەندووریان بۆ هەڵکردین و خۆمان ئیشک کردەوە و نیگاهبانمان لە بەرزاییەکان و ناو ئاوایی دانا و خەریکی پشوودان بووین. نیگاهبانەکانی سەر چیا دەوری ساعەت ١١ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەر بوو کە پێوەندییان گرت و کوتیان ئەفرادی کۆمەڵە لە ئاوایی سوورەدووکەڵ وەدەر کەوتن و بەرەو بەرزاییەکانی لای سنوور دەڕون و هەموویان بارانی و کڵاوی نایلۆنی سپیان پی بوو، دیار بوو زۆر بە موجەهەزی هاتبوون. من بۆ خۆم دەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە چوومە لای پێشمەرگەکانی سەر چیا کە بزانم بەرەو چ مەسیرێک دەڕون، دیتم بەرەو لای سنور دەڕون، کوتم بەڵکو ئیشەڵڵا بڕیاریان دابێ بگەڕێنەوە بۆ ئەو دیوی سنوور. بە دووربین بژاردمانن ٧٠ کەس بوون و چەند وڵاغێکیشیان پێبوو بۆ موهیممات و تەداروکاتی خۆیان. گەڕامەوە ئاوایی و تەئکیدم لە نیگاهبانەکان کردەوە کە زۆر وشیار بن و ناوچەکە دەژێر کونتروڵ بگرن. ئێمەش ئەو ڕوژە کە دەبووە ٢١ی خەزەڵوەر هەر لە ئاوایی "مەلیان" ماینەوە تا سەعات ٤ی بەیانی ڕوژی ٢٢ی خەزەڵوەر. ئەوجار ڕۆیشتین بەرەو بەرزاییەکانی لای "کەچەڵە". کوتمان نەکا بەرنامەیان لە دژی ئێمە هەبێ و زانیاریش لە سەر کۆمەڵە کۆ

بکەینەوە کە بزانین لەو ناوە ماون یا ڕۆیشتوون و دوورکەوتوونەوە. دابەش بووین و لکی یەک کە مەرحووم کاک سەید عەلی ئازەری فەرماندەری لکی بوو ناردرانە بەرزاییەکانی لای سەر سنوور. ئێمەش بە جێ شوێنی کۆمەڵەکان کە ڕۆژی پێشوو پێیدا ڕۆیشتبوون کەوتینە ڕێ، بە هوی بارانی زور عەرز تەڕ بوو و جێ لاقی ئەفرادی کومەڵە دیار بوو، ڕۆیشتین تا نێو قەدی شاخی لەوێ پێشمەرگەکانی پێشەوە کوتیان جێ پێی کۆمەڵەکان نەماوە و دەبێ مەسیریان گۆڕیبێ. دەستەیەک لە پێشمەرگەکانمان بەڕێ کردن بۆ سەر لوتکەی بەرزاییەکانی دەوروبەر، وردە وردە وڵات ڕووناک دەبوو چاومان لە دەورووبەر دەگێڕا دیتمان مێگەلە مەڕێک لە خوارەوەی ئێمەیە لە گوڕاییەکی بوو، کوتمان بەرەو ئەو مێگەلە مەڕە دەڕۆین و دەچینە لای شوانەکە و بزانین کەسی لەو ناوە دیوە، دەگەڵ لکێک لە پێشمەرگەکانی هێزی ئاگری کە کاک ڕەحیم ساڵحزادە فەرماندەری هێزیان بوو ئەویش دەگەڵمان بوو. کە دور و نیزیکی مێگەلە مەڕەکە بووین ٢ نەفەر کە لای شوانەکە بوون بە دیتنی ئێمە هەستانە سەر پێ و دەستیان بە تەقە کردن کرد و هەڵاتن بۆ لای ئەفرادی خۆیان دۆڵێکی قووڵیش کە لە پێشەوەی ئێمە بوو دەست کرا بە تەقەکردنێکی یەکجار زۆر. ئەوجار بۆمان دەرکەوت کە ئەوە کومەڵەن، کە بە دووربین چاوم لە دەوروبەر کرد دیتم لە دوو بەرزایی ئەولای دۆڵەکەش نیگاهبانی کۆمەڵەی لێیە. پێشمەرگەکانم ئاگادار کرد و بەرەو لای تەقەی کۆمەڵەییەکان چووینە پێشێ تا گەیشتینە لێواری دەرەکە لەوێ بڵاو بووین و تەقەی دوولایەنە دەستی پێکرد، ئەوانیش لە خوارەوە ویستبوویان بەرەو بەرزاییەکان هەڵگەڕێن لە هەمووی سەنگەرەکان یەکترمان لێ دیار نەبوو بەڵام لە ٢یا ٣ میتری یەکتر بووین لە هەموو تیرەگە شاخەکە ئەوان لە خوارێ و ئێمەش لەسەرەوە. تیرەگەکە تا دەچووە خوارێ وەک نیو دایرەی دەچووە ناوەوە، خڕەکە یا دەڕەکە وەک بازنەیەک وا بوو. هەر لایەنێک دەستی وەتیرەگی خوارێ ڕاگەیشتبا دەیتوانی بە سەر شەڕەکەدا زاڵ بێ، چونکە هەر دووک لای تیرەگەکە تا سەر شاخی لێ دەردەکەوت. تەقەی زۆریش لەوێ بوو، پێشمەرگەکان زۆر زوو جێگایان

دەگۆڕی، کوتم با بچم بزانم هێندە جموجۆڵەیان لە چییە، کە چووم هێندە لێک نیزیکن ئەوە شەڕە جنێو دەکەن. وای لێهات منیش نەمتوانی بگەڕێمەوە، پێشمەرگەیەک بە ناوی کاک سمایل حەسەنزادە کە سەرپەلیش بوو دەیویست بێتە لای سەنگەرەکانی ئێمە پێی وانەبوو هێندە لێک نیزیکین، هەر چەند هاوارمان کرد دانیشە کورە دانیشە بە پێوە هات و لێیان دەرکەوت و گوللەیەکیان لە گەرووی دا، بە داخەوە هەر لەوێ شەهید بوو. بە سینگە خشکێ خەریک بووین برێک جەنازەکەی دوور خەینەوە لە ناو پێشمەرگەکانیش بڵاو ببۆوە کە ئەو تیمە پێشمەرگانەی خوارێ لە گەمارۆ دان، لە ناکاو پێشمەرگەیەک بە هەڵاتن هاتە لای ئێمە و بی سێودوو لێکردن چەند نارنجۆکێکی هاویشتە ناو کومەڵەکان و دەسرێژی لێکردن و خۆی دەناو هاویشتن. ئەوجار وەزعییەتی شەڕەکە گۆڕاو سەنگەری کۆمەڵەییەکان هەمووی کەوتە بەر دیدی پێشمەرگەکانی حیزب و ناچار بوون کۆمەڵەییەکان بە خێرایی سەنگەرەکانیان چۆل بکەن و سەربەرەوژێر هەڵێنە خوارێ و پێشمەرگەکانی ئێمەش بە دویاندا، تا وای لێهات پێشمەرگەکان گەیشتنە شوێنی خەوتنەکانیان و لەوێ کیسە خەو و چەک و تەقەمەنی و بێسیم و زور شتی تریش لێیان بە جێمابوو، پێشمەرگەکان دەستیان بە سەر داگرتن. ئەوەی توانی هەڵێ و نەجاتی بێ دەنا ئەوانیتر کوژرابوون. شەڕ کۆتایی پێ هاتبوو. تەنیا پایەگای ڕێژیم لە ئاوایی کەچەلەڕا بەرەو شاخەکان بە دۆشکە و بیکیسی تەقەی دەکرد. پێشمەرگەکان کە هاتنەوە سەرێ بە دەسکەوتەکانیانەوە کارتی پیناسی ژمارەیەکی کوژراویش کە لە مەیدانی شەڕ بە جێمابوون دەگەڵ خۆیان هێنابوون. لە گوردانەکە ٣٤ کەسیان نەجاتیان ببوو. شەڕەکە یەک ساعەتی خایاندو ٨ی بەیانی کۆتایی پێهات.

ئەوجار پێشمەرگەکانی لکی یەک کە لە بەرزاییەکانی سەرتر بوون و بە هۆی پێوەندیی بێسیمی ئاگاداری چونییەتی شەڕەکە بوون. لای نیوەڕۆیە دەبینن ئەوە لە خوارەوەی وان کومەڵە خەڵکێک بە دوڵێدا دەڕۆن دەیان هەوێ بچنە دیوی عێراق. فەرماندەکەیان کە بە دووربین چاویان لێ دەکا دەبینێ هێندیک بە بێ کەوشی دەڕۆن، هێندێک چەکیان پێیە و هێندێک هەر ڕەخت و، زور بە

هیلاکـی و بێحـاڵی دەڕۆن. بەزەیـی پێیـان دادێ و بە پێشـمەرگەکان دەڵـی خۆیان لێ ئاشکرا مەکەن و بێدەنگ بن با پەرتەوازە نەبن. ئەوانە لە مەرگ نەجاتیان بووە با بڕۆنەوە. ئەگەر ویستبایان بێ تەقە دەیان توانی هەموویان کە ٢٩ کەس بوون بە دیل بگرن. لە ناکاو یەکێک لە پێشمەرگەکانی ئێمە هەڵدەخلیسکێ و بەردەبێتەوە، پێشمەرگەکانی کومەڵە گوێیان لێ دەبێ و لە ترسان هەر یەکی بە لایەکی دا هەڵدێ ٥ کەسیان کە دەیانهەوێ ڕوو لە بەرزایی بکەن ٢ کچ و ٣ کوڕ ڕاست دەکەونە ناو پێشمەرگەکانی حیزب و بێ تەقە هەر ٥ یان بە دیل دەگرن. ئەوانی تریش کە ٢٤ کەس دەمێننەوە لێیان دەگەڕێن و بە پەرتەوازەیی دەچنەوە گەلی خاکورک و لای حیزبی شیوعی دەمێننەوە چەند ڕۆژێک و دوایی دەگەڕێنەوە ناوەندی کومەڵە. ئەو جار ئاگادار کراین کە ٥ کەسیان دەگەڵ دەست پێکردنی تەقە لە هاورێکانیان جیابوونەتەوە و بەرەو ئاوایی ڕۆیشتوون، لە نیزیک ئاوایی خۆیان حەشار داوە تا شەو لە بەر پایگا دوایی چوونەتە ناو ئاوایی و نانیان خواردوە و ڕۆیشتوونە قووڵایی ناوچە کە یەکیان ناوی سوڵتان بووە و بەرپرسی تەداروکات و چاوساغ و شارەزای کۆمەڵەکان بووە. دوای ماوەیەک بە لای سەردەشتدا بەرەو ناوەندی کومەڵە گەڕابوونەوە. دوایی ٥ کەسە بە دیل گیراوەکانمان بردنەوە باشووری کوردستان و تەحویلی دەفتەری سیاسی حیزبمان دان و لەوێشەوە ئازاد کران و ناردرانەوە ناو کۆمەڵە.

خەساری ئێمەش یەک شەهید بوو بە ناوی سمایل حەسەنزادە. بە داخەوە ڕێبەریی کۆمەڵە زور نابەرپرسانە ئەو پێشمەرگانەی ناردبووە ئەو ناوچەیە. زۆربەی هەرە زۆریان قەتیان ئەو ناوچەیە نەدیبوو و شارەزا نەبوون، خەڵکانێکیان نەبووە کە هاوکاریان بکا، یا ئەندام و لایەنگرێکی ئەوتۆیان لەو ناوچانەدا نەبوون و ئێستاشی دەگەڵ بێ نیانە. تەنیا بۆ ئەوە ناردبوویانن کە شەڕەکە تەنیا لە جنووب نەبێ و بیکێشنە ناوەند و شیمالی کوردستانیش. ئەو هەمووە ئینسانە باش و بەسابقانەیان بێهودە بە کوشت دان. هیوادارم ببێتە ئەزموونێک و چی دیکە بە بیانووی جۆراوجۆر کوڕ و کچی کورد بە دەستی یەکتر خوێنیان نەڕژێ و بۆ هەمیشە شەڕی ناوخۆیی

مەحکووم بکرێ و هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان وەک هێڵی سوور چاوی لێ بکەن. لە کۆتایی‌دا پێویستە بڵێم زۆریشمان هەوڵدا کە دەرگیری ساز نەبێ بەڵام بەداخەوە ئەو وەزعییەتەی بۆخۆیان بڕیاریان دابوو خولقاندیان و دەقی جەریانەکە بەمجۆرە بوو."

لەو ڕووداوەدا کە بۆ زەربەلێدان لە حیزب گوردانێک لە ئەفرادی کۆمەڵە ڕەوانەی شیمال کرا، بێجگە لە ٤ یا ٥ کەس بەدیل گیران، تەنیا ٢٤ کەسیان بە هاوکاریی حیزبی شیوعی گەڕانەوە و ٥ کەسیشیان دوای چەند مانگێک بە پەرەوازەیی خۆیان گەیاندەوە بنکەکانی سەرکردایەتییان، لەوانیش دڕدۆنگ بوون.

ئەگەر لە دەلاقەیەکی چووکەوە ئاوڕێک لە شەڕی داسەپاوی کۆمەڵە بەسەر حیزبی دێموکراتدا بدەینەوە بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ بەدرێژایی تەمەنی خۆی بەگشتی و لەکاتی شەڕی نێوان کۆمەڵە و دێموکرات بەتایبەتی لە هەلێک گەڕاوە کە هەر چۆنی بۆی بلوێ زەبری گاریگەر لە حیزب بدا، زەربە خواردنی حیزب لە دەشتی شلێر وەک گرتنی ناوەندی ئاژوان، کۆمەڵە وەک دەسکەوتێکی گەورەی بۆ خۆی ئەژمار کرد، بەڵام لە ڕاستی‌دا زەربەیەکی گەورە لە جووڵانەوەی کورد بوو و ئەو بەناو دەسکەوتەی ڕێبەرانی کۆمەڵەی تووشی تەوەهوماتی زیاتر کرد. کۆمەڵە بە هۆی کەمتەرخەمی پێشمەرگەکانی حیزب لەو ناوەندە توانی زەبری خۆی لە شەوی نەورۆز ١٣٦٤ بوەشێنێ و پێی وابوو لە سەرانسەری کوردستان حکوومەتی بەناو "پرۆلیتاریا" بالادەستە و ئیتر خەڵکی کوردستان دەستە و داوێنی ئەوانن. زاڵبوونی ئەو تەوەهوماتە لەناو زەین و مێشکی ڕێبەرانی "حکا"، کۆمەڵە وا لێکرد بە ناردنی گوردانی ٢٢ی ورمێ بۆ شەڕی حیزبی دێموکرات هەنگاو بنێ ئەوەش لەو لاپەڕە ڕەشانەیە کە ڕێبەرانی کۆمەڵە خۆیان تێیدا تاوانبارن. چونکە ئیشکال و نوقسانی لە تەحلیلی ڕێبەرانی کۆمەڵە دایە هەم لەسەر حیزبی دێموکرات و هەم لەسەر ناردنی ئەو گوردانە بۆ شیمالی کوردستان تەحلیل و لێکدانەوەی ڕێبەری کۆمەڵە لەسەر جوغرافیا، لەسەر ناوچەی شیمال، لەسەر هێزی حیزب، لەسەر هێزی خۆی و

لەسەر ئاو و هەوا بە تەواوی غەڵەت هاتەدەر، و گەمەکردن بە خوێنی کوڕی خەڵـک بـۆ پاراسـتنی دەسـەڵاتی خۆیـان و بەرینکـردنەوەی چوارچێـوەی دەسەڵاتیان هیچی‌تر نەبوو.

ئەگەر چـاو بە تێکهەڵچوونەکـاندا بخشـێنین دەردەکەوێ ئەو شـەڕە بەشـی زۆری زیـانەکەی بەر کـێ کەوتـووە. (ئەگەرچـی زەرەری یەکەم گەلـی کـورد کـردی) لەگەڵ ئەوەی ئەوان بەشـی هەرە زۆری دیلەکـانی حیزبـی دیموکراتی ئێعدام کردووە، چونکە بەپێی بڕیاری خۆیان کە ئەگەر زیاتر لە حیزب بکوژن لەباری سیاسییەوە دەسکەوتی زیاتری دەبێ!! ئەو ئامارەی لە کۆتـایی ئەم پەرتـووکەدا هـاتووە دەری دەخـا کە کـۆمەڵە چەنـدە بە قـازانجی بڕیارەکەی دەسکەوتی هەبـوو! بڕیـاری هەڵە، لێکدانەوەی نادروسـت، تەنـانەت پشـتکردن لە داخوازەکانی نەتەوایەتـی و مـافی کورد ناسـاندنی وەک ویسـتی بورژوازییانە! ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی لێکەوتەوە.

سەیر ئەوەیە ئەفرادی کۆمەڵە بەگشتی کە باسی تێداچوونی گوردانی ٢٢ی ورمـێ دەکەن (کە تاوانبـاری سـەرەکی ڕێبەرانـی "حکـا" و کۆمەڵەن) بەردەوام لە نووسـراوەکانیاندا بـاس لەوە دەکەن کە حیزبـی دێمـوکرات جەنـایەتی خوڵقانـدوە! بیـر لەوە نـاکەنەوە کە هۆکـارە سـەرەکییەکانی تێکشـکانی هێزەکەیان بۆ چی دەگەڕایەوە و چ مەبەست و ئامانجێکی لە پشت بوو؟ لەوە گرینگتر لەخۆڕا پێیان وایە کە لە شـەڕدا نوقڵ و نەبات دەبەخشنەوە! بیریـان لەوە نەدەکـردەوە کە ئەو دوو ڕەوتە نزیـک بە دوو سـاڵ بـوو بەشـێوەیەکی زۆر سـامناک تەقە لە سـێبەری یەکتـریش دەکەن. ئەوان بە پێـی نووسـراو و بەڵـگەی خۆیـان چووبـوون گـورزی خۆیـان لەو نـاوچەیەش بوەشـێنن. ئێسـتا پرسـیارێک دروسـت دەبـی ئەگەر پێشـمەرگەکانی حیـزب لەخەو دابایـان، یـان کـۆمەڵە هەسـتیان کردبـایە لەشـوێنێک پشـوو دەدەن چیـان بەسـەر دێنـان؟ هەمان کاری کە لە "قوڵقوڵە" و "ئاژوان" کردیان لەوە خراپتریش دەجووڵانەوە و ناویشـیان دەنـا "خشـم انقلابـی"! و تەمبـێ کردنـی بـورژوازی! تەنـانەت قسەکانی ناپیلئۆن بناپارتی کۆمەڵەش بە وتە بریقەدارەکانی دیکەی ڕێبەرانیان زیاد دەبوو.

مەجید ئازەری لە کۆتایی بیرەوەرییەکەیدا باس لەوە دەکا کە هۆکارەکانی ئەو شکستە چی بوون و کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست بۆ ئەو هەڵە گەورەیان کرد. دوای گەڕانەوەیان بە بنکەی "مەعلوومە" بەمجۆرە لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی:

" دوو یا سێ ڕۆژ بوو ئەو کەسانەی کە لە گوردانی ۲۲ی ورمێ چەند کەسێک کە لە۲۲ کەس زیاتر دەبوون. سێ نەفەر لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، دوکتور جەعفەر شەفیعی، عومەر ئێلخانیزادە و ئەگەر هەڵە نەبم کورش مودەڕەسی لەگەڵ گوردانی ۲۲ی ورمێ کۆبوونەوەیان پێک هێنا. عومەری ئێلخانیزادە گوتی: قەرار بوو سەید برایم عەلیزادە بێتە ئەو کۆبوونەوە بەڵام ناوبراو لە ئوردوگادا نییە. لە درێژەدا گوتی: **"من کاتی ڕۆیشتنی ئەو گوردانە لە شتێکی دڵەڕاوکە و نیگەرانیم بوو وەک ڕاستی ڕووی دا.**" ناوبراو لە قسەکانیدا باسی شەڕی حیزب و کۆمەڵەی کرد. دوکتور جەعفەری شەفیعی لە لایەنی سیاسیی ئەو ڕووداوە دەستی بە لێکدانەوەی کرد ئەو باسی ئەزموونی "کومونارد"ەکانی پاریس و شکستی ئەوان بە هۆی تەوەهوماتێکی بە بورژوازی هەیان بوو قسەی کرد و باسەکەی بەگوردانی ۲۲ی ورمێ گرێ داو گوتی: "**پێشمەرگانی گوردانی ۲۲ی ورمێ وەک کوموناردەکانی پاریس تەوەهوماتێکی کە بە ماهییەتی جەنایەتکارانە و دژی شۆڕشی حیزبی دێموکرات بوویانە تووشی شکست بوون.**" خولاسە بۆ ئەوەی ڕۆحیەی پێشمەرگەکان بەرز ڕاگرێ گوتی **"ئێوە لەبەرامبەر کوژرانی ڕەفیقەکانتان ئیحساسی شەرمەزاری دەکەن، بۆیە نابێ ئەو ئیحساسەتان هەبێ"**. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی ڕێبەری بەرپرسانی گوردانیان بە ناحەق تاوانبار دەکرد کە سەبارەت بە ماهییەتی کۆنەپەرستانە و دژی شۆڕشی حیزبی دێموکرات تەوەهوماتیان بوو. ئەوان زیاتر پێ داگریان لەسەر ئەوە کرد کە بە نیسبەت حیزبی دێموکرات تەوەهومیان بووە بۆیە تووشی ئەو فاجعەیە هاتوون."

لەدریژەی کۆبوونەوەدا مەجید ئازەری بەمجۆرە لەسەر ئەو مەئمووریيەتە هێرش بۆ ڕێبەرایەتی کۆمەڵە دەکا و لەسەر بەکوشتدان و لێک بڵاوبوونی گوردانی ٢٢ی ورمێ تاوانباریان دەکا.

" ....هۆکاری سەرەکی ئەو ڕووداوە دارشتنی سیاسەتی غەڵەتی کۆمەڵە بوو نەک ئیشکال لەکاری نیزامیی گوردان، کە ئیشکالاتی ڕێبەری بەسەر گوردانەکەدا دەشکێنن. ئەوەی کە حیزبی دێموکرات هێزی ماندوو، برسی و بێخەوی و لەکار کەوتووی ئێمەی لە شوێنێکی "نامناسب" گەمارۆدا حاشای لێ ناکرێ، بەڵام ئەگەر ڕێبەرانی کۆمەڵە سیاسەتێکی دروست و ئوسولی نیزامیی دارشتبایە و ئیشکالی نەبایە ئێمە وا بەهاسانی پارووبەکی چەور بۆ دوژمن نەبووین. کۆمەڵە هەر لەسەرەتای شەڕەوە نەیتوانی حیزبی دێموکرات وادار بە ئاگربەست بکا و لەو ڕوانگەوە سیاسەتی شەڕی ناوچەیی گرتە پێش. کۆمەڵە هێزەکانی خۆی لە جنووبی کوردستان کۆ کردەوە وحیزبی دێموکرات هێزەکانی خۆی لە شیمال و موکریان کۆ کردەوە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا نەدەبوو گوردانی ٢٢ی ورمێ بۆ شوێنێکی ئاوا دوور کە حیزبی دێموکرات هێزێکی گەورەی لەوێ هەبوو ڕەوانە کردبایە. لەلایەکی دیکەوە ناردنی گوردانی ٢٢ی ورمێ بۆ ناوچەی ڕۆژئاوای ورمێ هەڵەیەکی گەورە بوو لەبەر ئەوەیکە: یەکەم: لەو ناوچەیە تەنانەت گوندێکی ئازادکراو نەبوو. دووەم: زستانێکی سەختو دژوار بەرێوە بوو. سێهەم: هێزەکانی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی و هێزەکانی حیزبی دێموکرات لەو ناوچەیەی بەهێز و لەحاڵی هێرش دابوون. پێداگریی ڕێبەرانی کۆمەڵە بۆ درێژەدانی ئەو مەئمورییەتە کە هیچ شناختێک و زانیارییەکیان لەو ڕێگایە بۆ خاکی ئێران نەبوو ئەو بریارە بوو بەهۆی کرینی "دەرڕەی مەرگی شێخان و خاکورک" لەدەستدانی گیانی گوردانی ٢٢ لێکەوتەوە وهەڵەیەکی گەورە بوو، ناردنی گوردان بۆ ناوچەی داگیرکراو ئەویش لەزستاندا بە هێزێکی زۆری تازە و بە ١٤ ولاغ موهیماتەوە کە لە جووڵە و حەرەکەت و کەیفییەتی گوردانی کەم دەکردەوە ئاقڵانە نەبوو."

ئامانجی سیاسی و نیزامیی کۆمەڵە لە ناردنی گوردانی ٢٢ی ورمێ بۆ شیمالی کوردستان، بۆ ململانێ لەگەل حیزبی دێموکرات و قودرەت نیشاندانی کۆمەڵە لە ناوچەی ورمێ و سەڵماس بوو کە ئەو سیاسەتە غەڵەتە نەک هیچ ئاڵوگۆڕێکی لە نێو هێزەکان پێک نەهێنا بەڵکوو بوو بە هۆی لەبەین چوونی گوردان و توانەوەی لەو ناوچەیە، و لەباری سایکۆلۆژییەوە دابەزینی ورەی هەموو چەکدارەکانی کۆمەڵە لە کوردستان. ئەوەی جێگای سەرسووڕمانە ئەوەیە لەهەر شوێنێک کۆمەڵە نەفەرێکی زیاتر لەحیزب کوشتبێ ئەوە ناوی دەنا "تعرض انقلابی" هێرشی شۆڕشگێڕانە، بەڵام ئەگەر پێچەوانەکەی بوایە ئەوە ناوی جەنایەت و خەیانەتی لێدەنا. کەچی بە دەستی خۆیان و بە دانی بڕیاری هەڵە کۆمەڵێک کوڕی خەڵکیان بە کوشت دا، باس کردن لە بڕیاری غەڵەت بۆ پڕ بە پێستی خۆیەتی؟ چونکە پاش ٢٠ ساڵ پێ لە هەڵە و ڕێباز و بۆچوونی غەڵەتی خۆیان دەنێن کە ئەو ڕێگایەی هەڵیان بژارد ڕێگایەکی ناپەسەند و خەڵکی لەگەڵ نەبوو. ئەگەر ئەمڕۆ لە ڕێبەرانی کۆمەڵە بپرسی بەرژەوەندیی کرێکاران لە چی دابوو کۆمەڵێک کوڕی خەڵکتان بەکوشت دا بۆ ئەوەی بڵێن کۆمەڵە لە شیمالی کوردستان هەیە! لەڕاستیدا ئەو کات کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، کاک برایم عەلیزادە و منسور حیکمەت و هەموو ئەوانی دیکەش جیا لەوەی لە واقعییەتی کۆمەڵی کوردەواری دوور بوون و بە پشت بەستن بە هێندێک تیئۆری بێ سەروبن، نغرۆی کۆمەڵە گریمانەیەکی بێبنەمای وەک بەربەرەکانی لەگەڵ بورژوازی و بە ناشۆڕشگێڕ لە قەڵەمدانی حیزبی دێموکرات! و... بوون و بەم سەفەتانەیان زیانێکی قەرەبوونەکراویان لە کورد و بزووتنەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا. دواتریش دەرکەوت چ لەباری سیاسی و چ لەباری نیزامیی سیاسەتی چەوت و هەڵە تووشی شکستی قەرەبوونەکراوی کردن.

لەڕاستیدا ڕێبەرانیان لەباری ڕوانین و بیرکردنەوە و دارشتنی سیاسەتەکانیان بۆ مەسەلەی کوردستان و ناسینی حیزبی دێموکرات تووشی وەهم و خەیاڵپڵاوی ببوون، بۆیەش زیاتر لە دوو سەد کەسیان لەو ڕێگایەدا کردە قوربانی و واقعییەتی کوردستانیان لە گەڵ خەیاڵاتی زەینیی خۆیان تێکەڵ کردبوو.

## بڕیاری کۆمەڵە بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە لە حیزبی دێموکرات

بە هـۆی "زلـل" بـوونی ڕێبەرانـی کـۆمەڵە و ڕقەبەرایەتـی لەگەڵ حیزبـی دێمـوکرات ژمـارەیەکی بەرچـاو لە ئەفـرادی خۆیـان لە دەڤەری ورمـێ بەکوشـتدا! بەکوشـتدانی ئەوانە هەڵاوبگرەیەکـی زۆری لە نێـو تەشـکیلاتی کۆمەڵە نایەوە و پرسیاری زۆر لەوبارەوە بۆ خوارەوەی تەشکیلاتی کۆمەڵە دروسـت بـوو کە تـا ئێسـتاش هـیچ کەس نە وڵامـی دانەوە نە کەس مەسـئولییەتی تێـداچوونی ئەوانەی وەئەسـتۆی خـۆی گـرت. بەدوای لێکبڵاوبوونی گـوردانی ٢٢ی ورمـێ لە ئاکـامی سـەرەڕۆیی، زێـدەخوازی و هەڵەی دەسـەڵات بەدەسـتانی ئەو ڕێکخـراوەیە، جیـا لەوەی ئەزموونیـان وەرنەگـرت! بە مەبەسـتی بەرینکـردنەوەی هێژمـوونی و دەسـەڵاتی خۆیـان، بڕیـاران دا ئەگەر بۆیـان بلـوێ لە نـاوچەی موکریـان زەربەیەکـی گـاریگەر لە حیزب بدەن! چونکە لە جنووبی کوردستان ئەوەیـان بۆ ئاستەم بوو لەبەر ئەوەی حیـزب لە هەمـوو ناوچەکـان بڕیـاری دابـوو "تجمـع" لە بەرامـبەر کۆمەڵەدا نەکا.

سـاڵێک دوای شـەڕ ئەگەر بە هەڵکەوت تووشـی یەکتـر بـایەن شـەڕ ڕووی دەدا. چـونکە کـۆمەڵە دوای ٦ی ڕێبەنـدان لە هەورامـان خەتێکـی سـووری بەو نـاوچەیەدا هێنـا و هێـدی هێـدی لە موکریـانیش دەسـتیان شـۆردەوە بەڵام بـۆ هەلێـک دەگەڕان کە زەبرێـک بوەشـێنن ئەویـش دوو مەبەسـتیان بـوو. یەکەم،

بڵێن لە موکریان ئێمەش حوزوورمان هەیە و ئەوەی دێموکرات دەڵێ لە سێ کوچکەی سەقز، مەریوان و سنە ماون بەهەر نرخێک بێ سابیتی بکەن کە لە موکریان بوونیان هەیە. دووهەم، ئەوی لە شیمال بەسەریان هات تۆڵەکەی لە موکریان بکەنەوە. لە جنووبی کوردستان هێزی زاگرۆس و ٢ی ڕێبەندان بەردەوام لە حاڵی گەشت و گەڕانی سیاسی دا بوون، ئەوانیش بە زەحمەت دەبینران کە زەربە بخۆن. ئەو هێزانە بە دەیان عەمەلیاتی ئازایانەیان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە برد و دواتریش خۆیان لە کۆمەڵە دەبوارد کە نەکا لە دەرفەت کەڵک وەرگرێ و زەربەیان لێ بدا.

لە بەهاری ١٣٦٥، ڕێبەرانی کۆمەڵە تاوتوێ و هەڵسەنگاندنیان بۆ شکستی گوردانی ٢٢ی ورمێ بۆ شیمال کرد و دانیان بە هەڵەبوونی ئەو هەنگاوە بەرزەفڕەیان دانا کە بۆ بەرینکردنەوەی چالاکی خۆیان بۆ ئەو ناوچانەی کە دەسەڵاتی حیزبی دێموکرات تێدا زاڵ بوو، ویستبوویان جێبەجێی بکەن، هەر لەو ڕاستایەدا تاکتیکی خۆیان گۆڕی و بۆیە ئامانجێکی دیکەیان دیاری کرد. واتە لە پێشدا قەرەبووی تێکۆشانی بە ئاکام نەگەیشتنی گوردانی ٢٢ی ورمێ، پاشان پێشگرتن بە تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە جنووبی کوردستان کە بڵێ من لێرە قسەی یەکەم دەکەم. بۆ پێکانی ئەو دوو مەبەستە و زەربە لێدان لەحیزبی دێموکرات، کۆمەڵە "عوسمان ڕەوشەن‌تووده" ئەندامی کومیتەی ناوەندی دیاری کرد تا لە چووکترین دەرفەت‌دا ئەو سەرکەوتنە (زەربە لێدان لە حیزب) بە ناوی خۆی مسۆگەر بکا ناوبراو بۆ ئەم مەبەستەش دەست بەکار دەبێ.

**" لە کۆتایی مانگی خاکەلێوە کومیتەی ناحیەی سنە پێوەندیی لەگەڵ گرتم گوتی: حیزبی دێموکرات بۆ ناوچە گەڕاوەتەوە تۆش دەبێ خۆت بۆ ناوچە ئامادە بکەی[1]. گوردانی ئارێز لە دەستپێکردنی شەڕی کۆمەڵە و حیزب لە**

---

[1]- لێرەدایە بە ڕوونی دەردەکەوێ کاری کۆمەڵە تەنیا زەربە لێدان لە حیزب و جووڵانەوەی کورد بوو کاتێک کە پێشمەرگەی حیزب لە ناوچە خەریکی کارو تێکۆشانی خۆیانن ڕێبەرانی

**ناوەندەوە پێی سپێردرابوو کە لە تەواوی ئەو شەڕە قورسانەی نێوانمان بەشداری چالاکانەی کردبوو. لەو ماوەی کە ساڵ و چەند مانگ دەبێ شەر هەر بەردەوامە، بەشێکیان گیانیان لەدەست داوە و بەشێکیش بریندار بوون، لە ئەساس‌دا بانگ کردنی گوردانی ئارێز بۆ ئوردوگای ناوەندی بۆ پشوودان و بەهێزکردنی گوردان بوو، بەڵام بە گەیشتنی گوردان پارێزگاری کۆنگرەیان پێ سپاردین، لەو ماوەیەدا کە زۆر ماندوو بووین چاوەڕوانیمان ئەوە بوو کە مانگێک دوای کۆنگرە پشوو بدەین، بەڵام کومیتەی ناوەندی بێ ئەوەی گوێ بە ماندویی و هیلاکیی پێشمەرگەکان بدا گوردانەکانی ئارێز، کاک فوئاد و هێندیک پێشمەرگەی دیکەی نێو ئوردوگا زۆر بە سەریعی ئامادەی مەئمووریيەتیان کرد."[1]**

ئەو دوو گوردانە بەمەبەستی زەربەلێدان لە حیزب لە نێوەڕاستی مانگی بەهاری ١٣٦٥، بۆ ناوچەی جنووب کوردستان دەست بەکار دەبن و لە زۆر شوێن بەدوای پێشمەرگەی حیزبەوە بوون بەڵام وەک ئاماژەم پێکرد پێشمەرگەکانی حیزب بە بەردەوامی وەک پارتیزانێکی کارامە بێ پشوودان هەر ڕۆژێ لە جێگایەک و لە گوندێک و ناوچەیەک لە جەولە دابوون. گوردانی ئارێز و فوئاد ئەو ماوەی کە لە ناوچە بوون نەیانتوانی پێوشوێنی پێشمەرگەکانی حیزب هەڵبگرن. ڕێبەرانی کۆمەڵە لە بڕیارێکی دوور لە مەنتق دوو گوردانیان جارێکی دیکە بۆ زەربە لێدان خستە ناو باوبۆران و سەرما بە جۆرێک کە تەنانەت کاری پاراستنی خۆشیان بەلاوە زەحمەت بوو. سەرەنجام پاش بارینی بارانێکی زۆر بەسەریاندا و شەکەت و هیلاکیی لە ڕادەبەدەر، هێزەکەیان دەکێشنەوە سنووری عێراق. هێشتا مانگێک لەو

---

کۆمەڵە لە گوندی مەعلوومەی عێراقەوە هێز دەنێرنەوە بۆ زەربە لێدان لە پێشمەرگەی حیزب، ئەوە لەکاتێکدایە کە حیزبی دیموکرات بۆی گرینگ نەبووە کۆمەڵە لەناوچەدا بێ یان نەبێ خەباتی خۆیان کردوە.

[1] – "رەقابت کور" لاپەڕەی ٣٠٨ محەممەد سەیار

بڕیارەی کۆمەڵە بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە لە حیزب تێنەپەڕیبوو، گەرچی دوو گــوردانی نــاوبراو هیچیــان بــۆ نەکــرا، ڕێبەریــی کــۆمەڵە شـــەو و ڕۆژ دەستەواژەی تۆڵە ئەستاندنەوە لە حیزبی دێموکراتی تاوتۆ و گەڵاڵە دەکرد. هەر بۆیە بڕیاری دا لە ناوەندی کوردستان ئەگەر بۆی بکرێ لە بۆکان و دەوروبەری زەربەیەک لە حیزب بدا! بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵە "عوسمانی ڕەوشەن‌تووده" ئەندامی کومیتەی ناوەندی جارێکی دیکە بۆ ناوچە ناردەوە کە گوردانەکانی ٣١ی بۆکان، ٢٦ی سەقز، کاوە و شوان بەرەو ناوچەی بۆکان پەلکێش کرد، لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٥ لە ئاوایی "قولقولە"ی سەرشیوی سەقز بۆ پشوودان دەمێننەوە.

لەلایەکی دیکە حیزبی دێموکرات لکێکی هێزی قەندیلی بۆ ماوەی چەند مانگ بۆ کاری حیزبی ڕەوانەی هێزی ٢ی ڕێبەندان و ئەو ناوچەیە کردبوو. ئەو پێشمەرگانە کە بەو ناوچەیە ڕازی نەبوون بە بەردەوامی پرتە و بۆڵەیان هاتووە و جەختیان کردوە هەرچی زووتر بۆ ناوچەی خۆیان بگەڕێنەوە، هەر بۆیە مەڵبەندی دووی جنووب وێڕای چەند کادر بڕیاریدا بۆ ناوچەی پیرانشار ڕەوانەیان کاتەوە کە سەرجەم ٣٩ کەس و ٤ کادری مەڵبەندی دوو دەبوون کە بەرەو بنکەی دەفتەری سیاسی ملی ڕێگا دەگرن. ئێوارێی هەمان ڕۆژ کە کۆمەڵە لەمێژ بوو لە هەلی ئەوتۆ دەگەڕا لە کەمین دابوون دەرفەتیان دەست کەوت. بەداخەوە کۆمەڵە بەپێی عادەتی خۆی و بڕیاری ڕێبەرانیان هەرچی بەدیلیان گرتبایە بێ ئەم‌لاوئەملا حوکمی ئێعدام بوو! ئەفرادی کۆمەڵە چەند هەنگاو یا بڵێین بەرزایی مابوو بۆ لای بۆکان؟! هەست بەبوونی پێشمەرگەی حیزب دەکەن. پێشمەرگەکانی حیزب بەری بەیانی بە خەیاڵی ئاسوودە چەند کەس لە کەپر، کۆخ، (خانەباغ)، چەند کەسیش دوورتر لەوان و تیمێکیش لەبەرزاییەکان لەبەر ئیحتمالی هاتنی هێزی ڕێژیم دەمێننەوە. لە تاریک و ڕوونی بەیانی کۆمەڵە هەست بە بوونی پێشمەرگەکانی حیزب دەکا هێرشیان بۆ دەکا و شەڕێکی گەرم لە ٨ی بەیانی تا تاریکانی ئێوارێ دەست

پێدەکا و نزیک بە ١٢ کاتژمێری خایاند. لەئاکامی ئەو هێرشەی کۆمەڵەدا کە ٤ گوردانی کۆ کردبۆوە دوو کەس لە کۆمەڵە گیانیان لەدەست داو ٤ کەسیش لە پێشمەرگەکانی حیزب شەهید و ١٣ کەسیش بەدیل گیران، دیارە بەشێکیان بە برینداری بەدیل گیران. پاش ١٢ سەعات شەڕ لە نێوان زیاتر لە ١٥٠ کەس لەلایەک و ٤٣ کەس لە لایەکی دیکەوە لە کاتژمێری ٨ی ئێوارێ فەرماندەی گوردانی شوان بە "عوسمان ڕەوشەنتوودە" ڕادەگەیەنێ "کە شەڕ تەواو بوو و ٤ کەسیان لێ کوژراو ١٣ کەسمان بەدیل گرت."

لەو پێوەندییەدا ڕاستەوخۆ قسەکانی محەممەد سەیار کە لە کتێبی "رقابت کور" لاپەڕەی ٣١٤ نووسیویەتی وەک بەڵگەی زیندوو بێنینەوە کە ڕێبەرانی کۆمەڵە دەرحەق بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بەڕێوەیان برد و تەنانەت لە هیچ کوێی دنیا ئەو هەڵسوکەوتە سەبارەت بە بەدیلگیراوەکان ئەنجام نەدراوە، خۆتان بیخوێننەوە:

**"فەرماندەی گوردانی شوان لەگەڵ عوسمان ڕەوشەنتوودە بە بێسیم پێوەندیی گرت و تەواوبوونی شەڕ بە تەسلیم بوونی بەشێک لەپێشمەرگەکانی حیزب پێ ڕاگەیاند، عوسمان ڕەوشنتوودە لە وڵامی فەرماندەی گوردانی شوان زۆر بەتووڕەیی و بەجۆرێک لە ١٢ سەعات گەمارۆ و هێرش نارەزایەتیی دەربڕی و گوتی: "پاش دوازدە سەعات بەربەرەکانی تەسلیم بوون چ مەعنایەکی هەیە؟" ئەو ئێعترازەی عوسمانی ڕەوشنتوودە بە فەرماندەی گوردانی شوان و ئاکامی شەڕ بێجگە لە ئێعدام کردنی ١٣ پێشمەرگەی حیزب بۆ جوبڕانی شکستی شیمالی کوردستان هیچ چاوەڕوانییەکی دیکەی نەبوو.**

**فەرماندەی گوردانی شوان کە مانای ئێعترازی عوسمانی ڕەوشنتوودە بەباشی پێی زانی کە مەبەستی چییە و بە تەواوی لە وتەی "ڕەوشنتوودە" تێگەیشت کە مەبەستی چییە. بۆیە بڕیاریدا هەر ١٣ ئەسیرەکە لە جێدا ئێعدام بکەن، بەمجۆرە کوژراوەکانی حیزبی دێموکرات ١٧ کەس بوون."**

سەید ئەحمەد حوسێنی ئەندامی مەلبەندی ٢ی ئەوکات لە جەریانی ئەو ڕووداوە حوزووری بووە بەو شێوەیە باسی دەکا:

"ئەو ساڵە کاک حەکیمی ڕەزایی بەرپرسی مەڵبەندی دوو بوو. جەولەمان لە ناوچەی بانەوە بەرەو گەورکی سەقز و دواتر ناوچەکانی سەرشیو و خوڕخوڕە دەست پێکرد تەحەمولی ئەو حەرەکەتە دورودرێژانە و تەقسیمی نان ڕۆژانە لەلایەن بەشی تەداروکات، نابەڵەدیی ڕێگا و زۆر شتی دیکە قورساییەکی زۆری لە سەر ئەو بەشە لە پێشمەرگەکانی هێزی قەندیل دروست کردبوو کە بەشێکیان جۆرێک فشاریان خستبووە سەر فەرماندەکانیان بۆ گەڕانەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە مەڵبەندیش لەو کەمتەحەروکی و ناڕێکیەی کەوتبووە ناو ڕیزەکانمان دڵگران بووین لەوەی ڕێژیم ئاسانتر بتوانێ پێوشوێنمان هەڵگرێ، هەر بۆیە کاک حەکیمی ڕەزایی دەفتەری سیاسی لە وەزعەکە ئاگادار کرد لە نەتیجەدا لە سەر داواکاری خودی ئەو پێشمەرگانە و ڕەزامەندیی مەڵبەند بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی خۆیان درا.

لە نزیکی ئاواییەکانی سۆڵە و ئیساقاوە بووین و تەماس لە گەڵ کومیتەی شارستانی بانە گیرا و کات و شوێن بۆ تەحویل دانی ئەو لکە پێشمەرگە بە کومیتەی بانە و هێزی ئاڕبابا دیاری کرا، مەڵبەند وا ساخ بۆوە من وەک ئەندامی مەڵبەند بە هاوڕێیەتی ڕەشید سەلیمی کادر و عوسمانی کەسنەزانی کادر هەروەها سدیقی ڕەشیدی ناسراو بە شۆڕش باشماخی کە بۆ کاری تایبەت دەگەڕایەوە بۆ دەفتەری سیاسی بیانگەیەنینە پشتی ئاوایی قوڵقوڵەی سەقز و ڕێکەوتی ١٣٦٥/٤/٥ دیاری کرابوو کە کومیتەی بانە و هێزی ئاڕبابا بێنە ئەوێ و ئێمە تەحویلی ئەوانیان بدەین و بگەڕێینەوە.

ئێمە لە بناری چلچەمەوە حەرەکەتمان دەست پێکرد و دوای چەند ڕۆژ ڕێگە بڕین بۆ ڕۆژی دیاریکراو گەیشتینە شوێنی مەبەست، بە داخەوە کومیتەی بانە لە گەڵ هێزەکانی ڕێژیم تووشی شەڕ هاتبوون و لە کاتی

خۆیــدا نەیــانتوانی بــوو ئامــادە بــبن، ئەو ڕۆژەی گەیشــتین لەو شــوێنانە مــابووینەوە، ئەو پێشــمەرگانەی بە ڕۆژ لە بەرزاییەکــان نیگاهبــان بــوون بە مــووچە و مەزراکانــدا گەڕابــوون، بــاری نهێنیکارییــان ڕەچــاو نەکردبــوو! هەرچەند دەیانزانی ئێمە چەند بە وریاییەوە هەنگاومان دەنا لە کاتی جەولە و مــانەوە لە شــوێنی حەوانەوەدا ئەوان عادەتیــان پــێ نەگرتبــوو وەک ئــێمەش مارانگەستە نەبوون، تیمی پێشمەرگەی کۆمەڵە کە لە بناری ئاوایی بنەخوێ بــانەوە بەرەو ئەو بەرزاییــانە هــاتبوون بە دووربــین شناســاییان دەکەن و ئاگاداری هێزەکانی دیکەیان دەکەن لە مەسیری ئاوایی میشیاو و وزمەڵەوە دەوری ١٢٠ کەس هێــزی کــۆمەکی دێنــنە ئەو نزیکــانە، خۆیــان بــۆ داڕشــتنی پیلان و هێرشکردن ئامادە کردبوو.

٣٩ پێشمەرگەی قەندیل و ئێمەش ٤ کەس سەرجەم ٤٣ کەس بووین کە بۆ مانەوە بووینە سێ بەش و لەم شوێنانە دامەزراین کە زۆر ئاستەم و جێگای چاک بوون.

بەشێکیان بۆ شوێنێک بە نــاوی "قامیشــەڵە" مووچەی عەبەشکاری و (کەلی مەمەڵخــان)کە شــوێنێکی زۆر بەرزە و دەڕوانــێ بە ســەر کــۆی ئەو نــاوەدا پەیوەستە بە کەلیخانی (گەردەنەی خان). سەرپەلەکەیان نــاوی سلێمانی فەقێ ڕەشید بوو، ئێوارە بە ئاگاداری عەبدوڵڵا سابیر پێی وترا هەر شتێک ڕوویدا لەو بەرزاییە بمێنێتەوە و نەجووڵێ و دەست لە شاخ بەرنەدەی.

بەشی دووهەم بۆ بەرزاییەکی دیکە بە نــاوی "کونە قەل" و "هەوارەپان" کە شوێنێکی باش و لەبار بوو بۆ کاتی تووش بوون بە شــەڕ بە بەرپرسایەتی جێگر پەلەکەی عەلیە چکۆل.

بەشــی ســێهەم، لە کەپــری "بنــاری بەردە" مــووچەی حەمەی عەزیــزی، هەر تیمە ناوی شەوی درایە و چوونە شــوێنەکانی خۆیــان، هەر چوار نەفەرەکەی مەڵبەند لە گەڵ عەبدوڵڵا سابیر و عەلی چکۆل و چەند پێشمەرگە لە کەپرەکە لە نێــوانی هەر دو بەشــەکانی دیــکەدا جێگیــر بــووین، چەنــد کەســمان لە بەر

کەپرەکەدا خەوتبووین و بەشێکیشمان لە ناو کەپرەکە، هەمووومان بە نۆبە نگابانیمان دا، بە عەبدوڵڵا سابیرم وت خۆت نگابانی ئاخر بە، و بەو سۆزی بە دووربین تماشای دەورووبەر بکە.

بەیانی کە ڕووناک دەبێتەوە و خۆر لە لوتکەی چیاکان دەدا، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دوو کەس دەنێرن بۆ ئەو کەپرە و لەو لێفە و پێخەفانەی لەوێن مەشکووک دەبن (کەپرەکە ئاوەدان بوو خاوەن مووچەی لێبوو) لەو کاتەدا عەولا سابیر چەکەکەی دانابوو کتریەکەی هەڵگرت بوو تا بچێ پڕی بکات لە ئاو و چایی ساز کات، دوو سەد میترێک کانییەکە دوور بوو، ئەو دوو کۆمەڵەش لەو کاتەدا گەیشتبوونە سەر سەری ئێمە کە لە بەر کەپرەکەدا خەوتبووین هەر کە زانیبوویان پێشمەرگەین بەر ڕەگباریان داین من و کاک ڕەشید لە پەنا یەکدا خەوتبووین و هەمووومان چوار پێنج کەسێک لە یەک ڕەدیف دا بووین فاسیلەیەکی ئەوتۆمان نەبوو، بە تەنیشتی یەکەوە بووین کە تەقەیان لێکردین کەسمان هەڵنەستابووین جگە لە من، ئەوانی دیکە هەموویان بریندار بوون، شۆڕش و عوسمان و عەلی چکۆل لە کەپر و پەنا کۆزی ئاژەڵەکان دوورتر لە ئێمە خەوتبوون تەقە ڕووی لەوان نەکرد، زوو هاتنە دەست ئەو دوو کەسەی تەقەکەیان کرد بە سڵامەتی دەرباز نەبوون و کوژران.

لە تیمەکەی مەڵبەند کاک ڕەشید و لەوانی دیکەش چوار تا پێنج کەس بریندار بوون هەمویان لە کەمەر بەرە خوار برینیان هەڵگرتبوو، ئەوان هەموویان چونە ناو کەپر و کۆزەکە و خەریکی پێچانی برینەکانیان بوون، عەبدوڵڵا سابیر بە پەلە هاتەوە و ئێمە بە هیوای ئەوەی سلێمان فەقێ ڕەشید و تیمەکەی لەو شاخانەی پشت سەرمانەوەن زۆر نیگەرانی درێژە کێشانی شەڕ نەبووین هەرچی لە شاخمان دەڕوانی و چاوەڕێی تەماس بووین هیچ خەبەر نەبوو، چمەس سلێمان ڕاست بە پێچەوانەی ئەو شتەی پێ وترابوو لە شاخ بمێنێتەوە بە نەفەراتەکەیەوە بە شیوێکدا دێتە خوار بەرەو مەسیری

کۆمەڵەکـان، نـازانێ ئەو شـاخانەی ئەو بە نزیکـی دا تێـپەڕ دەبـێ لەلایەن کۆمەڵەوە گیراون، دەکەونە کەمینەوە و چەند کەسیان دەکوژرێن و سلێمان بـۆ خـۆی و دوو کەس دەسـگیر دەکـرێ، سـاحێب مـووچەکە نـاوی حەمەی عەزیزی بوو کاک ڕەشیدیش هەر خەڵکی ئەو گوندە واتە قوڵقوڵە بـوو، چومە لای وتـم کـاک ڕەشـید و چەنـد پێشـمەرگەیەک برینـدار بـوون لە کەپـرەکەی ئێوەدان هەر چەند کاک ڕەشید بە هاوکاری ئەو بوو یـان نـا ڕوون نییە بەڵام خۆی لە کەپرەکە دوور خستبۆوە.

لەگەڵ شۆڕش و عوسمان هەر چۆنێک بوو خۆمـان گەیانـدە لای ئەو بەشـە لە پێشمەرگەکانی کە لە کونەقەل دامەزرابوون، ئەوان لە شوێنی خۆیان بوون لە گەڵ خۆمـان بردمـانن بـۆ لای ئەو شـوێنەی سـلێمان فەقـێ ڕەشـی دەبـوو لەوێ بێت.

شەڕ لە نێوان ئێمە و کۆمەڵە لە هەشتی بەیانی تـا هەشـتی ئێـوارە درێـژەی کێشـا، تـا جاسـوس هەڵگیـرا نەمـان هێشـت بگەنە سـەر برینـدارەکان، کۆمەڵە هێزێکی زۆری زیاتر لە سەد و بیست کەس کۆکردبۆوە و بە تاریک داهـاتنی هەوا دەگەنە سـەر برینـدارەکان، پێشـمەرگەکان بە برینـداریش ئەوەنـدەی توانیبویـان هەر شـەڕیان کردبـوو بە تـایبەت عەبـدوڵڵا سـابیر بە نزیـک بـوونەوەی کۆمەڵەکـان، برینـدارەکان داوای خـۆ تەسـلیم کـردن دەکەن، گۆیـا مەسئوولی ئەو بەشە لە کۆمەڵەکان بە سـەرەوەی خۆی دەڵێ دەتـوانین بیـان گـرین و تەسـلیم دەبـن، دەبـێ لە وەڵامـدا فەرمانـدەی سـەرەکی پێـی وتبـێ! ئەسـیری چـی؟ و تەسـلیمی چـی؟ دوای ئەوە دەسـڕێژیان لـێ کـراوە و کوژراون."[1]

دوای ئەو ڕووداوە بە پێی پرینسیپی حیزبی کە لە جێگەی خۆی دابـوو ئەو کەسـانەی بێ ئیجـازەی حیزب گەڕابوونەوە کە لەو جەریـانەدا بە زینـدوویی دەرچـوون سـزا دران، چـونکە بە هـۆی کەمتەرخەمـی ١٧ کەس گیانیـان

[1] – "ورده بیرەوەری ١٧" نووسینی سەید ئەحمەد حوسێنی

لەدەست دا. لەڕاستیدا کۆمەڵە وەک دەسکەوتێکی گرینگ لە ڕادیۆکەی ناوی هێنا و گرینگی تایبەتی پێ دا چونکە بۆ قەرەبووی شکستی شیمال و ڕازی کردنی بەڕێوەبەران و تەشکیلاتی خۆیان ئەوکارە نامەسئولانەیان بەڕێوە برد. بەڵام بۆ مێژووش بێ ئەگەر بە هۆی بێموبالاتی پێشمەرگەکان نەبایە کۆمەڵە ئەو هێزەی نەمابوو کە بتوانێ زەبری ئەوتۆ لە حیزب بدا و ژمارەیەکی بەرچاو بکوژێ. چونکە ٤ گوردان هێرشی بۆ ٤٣ کەس کردبوو شەڕێکی گەرم بۆ ماوەی ١٢ کاتژمێر تەنیا ٤ پێشمەرگە شەهید بوون. بەمجۆرە "عوسمان ڕەوشەنتوودە" ئێعدامی ڕۆڵەکانی کوردی بە ناوی خۆی تۆمار کرد و پەڵەیەکی ڕەشی بە کارنامەی مێژووی خۆی و بریاردەرانی زیاد کرد و ڕێبەرایەتی کۆمەڵە خەڵاتیان کرد!

ریبەرانی ئەوکاتی کۆمەڵە هەرکات سەبارەت بە بێ پرنسیبی کۆماری ئیسلامی لەبارەی مافی مرۆڤ قسەیان دەکرد و باسی ئێعدامی لاوانی کوردیان بەدەست کۆماری ئیسلامییەوە دەکرد ڕەگی ملیان سوور و ئەستوور دەبوو و خۆیان سوور هەڵدەگێڕا، بەڵام ئەوەی لە شەڕی قولقولە ڕوویدا ١٣ کەس بەشێکیان بە بریینداری ئێعدام کرد! دەتوانین بڵێین لە دواکەوتووی و بێ پرنسیبیدا "سبقەتی" لە کۆماری ئیسلامی گرت. لەوبارەوە زۆر کردەوەی قێزەونی ئەوتۆیان بەڕێوە برد کە ئاماژەیان پێکرا، ئەو کردەوەش لەخۆڕا نییە ڕێبەرانیان خۆیان بە زمانی خۆیان ئەوەیان گوتوە و تۆمار کراوە.

ئەگەرچی دواتر لە نێو تەشکیلاتی کۆمەڵە مەقۆمەقۆ لەسەر ئێعدامی ئەو ١٣ کەسە دروست بوو، فشار هێنان بۆ ڕێبەرایەتی کۆمەڵە، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەک سەبارەت بە ئێعدامی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات پێک بێنن بەو مەبەستە لەدەوری یەک کۆدەبنەوە. عوسمان ڕەوشەنتوودە بۆ ئەوەی تاوانەکە لەسەر خۆی لابەرێ یا دوور بخاتەوە، "محەممەد سەیار" ئاوا لە کتێبەکەی دا باسی دەکا:

**"عوسمان ڕەوشەنتووده لەو کۆبوونەوەیەدا حەولیدا ئەو بڕیارە نامەسئولانەیە، خۆی لە شانی خۆی دەر باوێ و شانەکە لەسەری فەرماندەی گوردانی شوان دا بشکێنێ لەو کۆبوونەوەیە گوتی: "من سوێند دەخۆم بەشەرەفی کۆمۆنیستیم کە بڕیاری ئێعدامی ئەوانە من نەمداوە" بەڵام فەرماندەی گوردانی شوان لەوڵامی دا بەزمانێکی تانە لێدان گوتی: " تۆ تەنیا کارێک کە دەتوانی بیکەی مەسئولییەتی من وەرگرییەوە تا ویژانی خۆت ڕاحت بێ". دواتر کۆبوونەوە بێ ئاکام کۆتایی هات و ڕێبەری حەولی دا بەرەبەرە لە نێو بەدەنە ئەو مەسەلە بە فەرامۆشی بسپێردرێ."[1]**

وەک دەبینن بەشێکی زۆر لە بەدەنەی کۆمەڵە چۆن لە سەرەتاوە باوەڕیان نەبوو بە کۆمۆنیست بوونی خۆیان و حیزبەکەیان، هەر بەو جۆرەش کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئێعدامکردنی پێشمەرگەکانی حیزب بەدەست کۆمەڵە نارازی بوون ئەوە ڕێبەری کۆمەڵە بوو کە چاوی ئەفرادی خوارەوەی خۆی دەبست تا بەزۆری بسەلمێنن کە لەشەڕدا سەرکەوتوون و دەستی باڵایان لە ئێعدامدا بوو. تەنانەت لەگوردانی ٢٢ ورمێ بۆ هاندانی ئەفرادی خۆیان و هەواڵی ناڕاستی بەخەڵکی کوردستان دەگوتەوە بێ بەڵگە ئەو ئیدیعایەیان دەکرد بەڵام وەک دەبینین خەڵکیشیان بەدیل گیراو تەحویل خۆشیان دراوە.[2]

[1] – دیارە ئێعدامی پێشمەرگەکانی حیزب لەلایەن کۆمەڵەوە ئەرکێکی دیاریکراو بووە حەمەی سەیار یەکێک لە فەرماندەکانی ئەو کاتی کۆمەڵە، بە پێی بڕیاری ڕێبەرانیان دەستی باڵای لە ئێعدامی پێشمەرگەکانی حیزبدا بووە، چونکە لەهاوینی ساڵی ١٣٦٥ بۆی ڕوون نەبۆتەوە کە ئایە ئەو پێشمەرگەیەی لە بێساران ئێعدامیان کرد خۆی تەحویل دەداتەوە یا سەردانی بنەماڵەکەی دەکرد! بەڵام ئێعدامیان کرد خۆی لە لاپەڕەی ٣١٧ دەڵێ: بۆچی ئەگەر گوتیان ئێعدامی دەکەین من هیچ دژ کردەوەیەکم نیشان نەدا؟

[2] – لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٦ بەڕێز کاک ڕەزا کەعبی لەگەڵ چەند کەسی دیکە لە ڕێبەرانی حیزب لە ماڵی من میوان بوون، پرسیاری گوردانی ٢٢ی "ورمێ"م لێکرد کوتم بریندار بووی؟ لەوەڵامی من دا گوتی: "نەک هەر بریندار بووم بەڵکوو پێشمەرگەی حیزب هاتە سەرم چاوی لێکردم بە جێی هێشتم." ئەوە لە مەیدانی شەڕ دابووە ئەگەر ویستبای ناوبراوی دەکوشت. بەڵام داتاشینی ئەو هەمووە چەواشەکاری و بوختانە لەو سەردەمەدا

بەپێـی ئەوەی هەمـوو ناوچەکـانی کوردسـتان لەلایەن هێـزی کۆمـاری ئیسـلامییەوە داگیـر کرابـوو زسـتانان پێشـمەرگە دەگەڕانەوە باشـووری کوردسـتان، لە بەهـاری سـاڵی ١٣٦٦ سـەر لەنـوێ بەرەو نـاوچە دەگەڕانەوە. کۆمەڵە لە سەقزەوە بەرەو موکریان و شیمالی کوردستان هیچ جموجۆلێکی نەکرد و حـوزووری نەبـوو. تەنـانەت بـۆ کـاری تەبلیغیش بەزەحـمەت پەیـدا دەبوون، جارو بار ئەگەر لە لای جنووبی کوردستان تێکهەڵچوونێکی چەند سەعاتە ڕووی دابایە.

نەبوونی هێزی کۆمەڵە لە دوو بەشـی کوردسـتان، بـوو بە هـۆی ئـاڵۆزیی تەشـکیلاتی کـۆمەڵە کە هۆکارەکـانی ئەوە بـوو کە هێـزی لەو ناوچـانە زۆر لەکەمی دابوو. زۆر جار ئەندامانیان کۆمەڵەیان پێ بە هێزی لەبڕاننەهاتوو دادەنـا! داخـوا خەڵکی لە کۆمۆنیسـت کشـاوەتەوە؟ یـان خەڵکی بەرەو بەنـاو بورژوازی هەنگاوی ناوە؟ یان کۆمەڵە لە داڕشتنی سیاسەتی خۆیدا لەبارەی چارەسەریی مەسەلەی نەتەوایەتی تووشی هەڵەی قەرەبوونەکراو بووە. ئیتر لەوە بە دوا زۆر مەسەلەی دیکە تەشکیلاتی کۆمەڵەی تەنییەوە.

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵە لە بەهـاری سـاڵی ١٣٦٦ پێوشـوێنی شـتێکی نـوێ دەگەڕا کە بتوانێ فشـار بخـاتە سـەر حیزبی دێمـوکرات و سـەرەنجام "شـەش جەریـانی سیاسـی" دروسـت کـرد. لە ڕۆژی ٥ی خەرمانـانی ١٣٦٦ی هەتـاوی بڕیارنـامەیەک لەلایەن " ٦ جەریـانی سیاسـی" (شـێخ عێـزەدین حوسـێنی، چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران، چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران (ارتـش رهـایی بخـش خلقهـای ایـران)، سـازمانی چریکەکـانی فیـدایی خەڵکی ئێـران، دەفـتەری سیاسـی سـازمانی کرێکـارانی شۆڕشـی ئێـران (راه کـارگر) و کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان_ ئێران) لە ژێر نـاوی "بڕیارنـامەی هـاوبەش"[1]

---

هیچ یارمەتییەکی شەڕی نەدەکرد و کۆمەڵە بەو کردەوانەی تەنیا ئیحساسی ئەفرادی خۆیان بۆ کوشتار و ئێعدام زیاتر دەجووڵاند.

[1] بڕوانە" قطعنامەی مشترک ٦ جریان سیاسی"

بـڵاو کـردەو کە لە ٣ خـاڵدا خولاسـە کرابـۆوە، یەکەم: ڕاگرتـی شـەڕ بـێ ڕاوەسـتان. دووهەم: چارەسـەری کێشـە سیاسـییەکان لە ڕێگـای سیاسـییەوە. سێهەم: برەوپێدان بە ئازادی تەبلیغی. هەرسێ مەسەلە کۆمەڵە بە بەردەوامی ڕۆژانە لە ڕادیـۆکەی باسـی دەکـرد. ئەو ٦ جەریـانە پـێش ئەوەی پێوەنـدی لەگەڵ حیزبـی دێمـوکرات بگـرن کە لایەنێکـی کێشـەکە بـوو یـان ئاگـاداری بکەنەوە، بڕیارنامەیەکیان بڵاو کردەوە و داوایان کردبوو کە قەبووڵی بکەن. دیارە بڕیارنامەی ناوبراو کە ئەدەبییاتی کۆمەڵەی پێوە دیار بوو تەنیا ئیمزای ئەوانـی لەسـەر نەبـوو. لە لایەکـی دیـکەوە ئەو ٦ جەریـانە لە هەمـوو ئەو ماوەیەدا لایەنگرییان لە کۆمەڵە دەکرد، لەڕاستیدا ببوونە لایەنێکی قەزییەکە و هەمـوو بەڵگەکـان دەریـدەخەن و ئێسـتا بـوونی هەیە کە لە نێـوان حیزبـی دێموکرات و ئەو ٦ جەریانە چەندین نامە و نەزەر سەبارەت بە کۆتایی هاتنی شەڕ و تێکهەڵچوونەکان ئاڵوگۆڕ کرا. ئەگەرچی ئەوانە وەک بێلایەن خۆیان نیشـان دەدا بەڵام لە ئـاڵوگۆڕی هەمـوو پێشـنیار ونووسـراوەکان لایەنـی بەرامبەریان(کۆمەڵە) دەگرت. تەنانەت لایەنگریکردنی ئەو شەش جەریانە لە کۆمەڵە، کاتێک بەڕاشکاوی خۆی دەرخست کە ڕاستەوخۆ پێشنیاری حیزبی دێموکراتیان ڕەد دەکردەوە و دژکردەوەیان نیشان دا. بەمجۆرە هیچ شک و گومانیان نەهێشتەوە کە ئەوانە بێ لایەن بن.

سەیر ئەوە بوو لەو ٦ جەریانە بەهەموویان شەش چەکداریان بۆ خەبات و تێکۆشـان لە نـاوخۆی کوردسـتاندا بـوونی نەبـوو. مەبەسـتی ئەوان لە دروسـتکردنی ئەو بگـرەوبەردەیەدا کە دەسـتی کـۆمەڵەی تێـدا بـوو بەڵکـوو بەلایەنگری لەکۆمەڵە هەم ئەوان شتێکیان دەست بکەوە هەم کۆمەڵە هێندێک تەبلیغـاتی نـاڕەواو دوور لەڕاسـتی بە خەڵـک بڵـێ کە حیزبـی دێمـوکرات شـەڕ ڕانـاگرێ ئەوە لەکاتێکدا بـوو کـۆمەڵە لە کوردسـتان هێـزی چەکداری دوایـین پەلەقاژەی خۆی دەکرد. سەرەنجام پاش چەند مانگ هیچی لێ شێن نەبۆوە و حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا نـامیلکەیەکی لەژێر نـاوی "شـەش جەریـانی

سیاسی و تیکهەڵچوونەکانی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات" بڵاو کردەوە کە لەو نـامیلکەیەدا هەمـوو پێوەنـدی و ئاڵوگۆڕەکـانی تێـدا مەوجـوودە و حیزبـی دێموکرات پێشنیاری خۆی بۆ ئاگربەس پێ ڕاگەیاندن.[1]

---

[1]- پێشنیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران لەمەڕ کۆتایی هێنان بە تێکهەڵچوونی چەکدارانە لەگەڵ کۆمەڵە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون:

١ -بزووتنەوەی کوردستان بزووتنەوەیەکی ڕەسەن و شۆڕشگێرانەیە و حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە هەر کامیان بەپێی هێزی خۆیان بەشدارن.

٢ -دەسەڵات و بەڕێوەبردن لە کوردستان ئێران دەبێ لەسەر ئەساسی ئیرادەی خەڵکی کوردستانی ئێران بێ. حیزبی دێموکرات بەپێی پێوەرەکانی پێشنیارکراو (ژمارەی شەهیدەکان، ژمارەی پێشمەرگەکان، گەڕانەوە بۆ هەڵبژاردنی پێشوو، پانتایی ناوچەکانی ژێر دەسەڵات) نوێنەری زۆربەی خەڵکی کوردستان و هەر لەو ڕێگایەوە تا کاتێک خەڵکی کوردستان لە داهاتوویەکی ئازاد دا بە شێوەیەکی دیکە بڕیار دەدن دەسەڵات و بەڕێوەبردن بە ئەستۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ.

هەڵسوکەوتی دەسەڵات بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

الف- تاوتوێ کردنی تەواوەتی ناکۆکییەکان کە لەنێوان هاونیشتمانان دروست دەبێ بۆ چارەسەرکردنی ڕوو لە هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانەکانەکانی شۆڕش کوردستان دەکەن. چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان لە دۆخی ئاسایی دا لە ئەستۆی ئۆرگانە دەوڵەتییەکان.

ب- بەدواداچوون و دادگایی و سزای تاوانباران، جەنایی و سیاسی جیا لە دیلەکانی شەڕ.

ج- دانان و بەڕێوەبردنی یاسا بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی کوردستان.

د- وەرگرتنی گومرک و عەوارز وماڵیات و تەواوی پووڵ کە لە سامانی خەڵک پێک دێ. جیا لە حەقی ئەندامەتی ڕێکخراوە سیاسییەکان و یارمەتی دڵخوازانەی هاونیشتمانیان بە هەرکام لەو ڕێکخراوانە.

٣ -دوای ڕێککەوتن لەسەڕ شێوەی بەڕێوەبردنی و یاساگەلی جێبەجێ کراو و هەروەها لەسەر ڕادەی هێزەکان، دەتوانین کۆمەڵەش لەنێو دەسەڵات دا بەشدار کەین و هەم داهاتێک کە لە گۆمرک، عەوارز و ماڵیات و هتد.. گونجاو بێ بەشداری بکەین.

٤ -دوای ڕێککەوتن لەمەڕ ئاگربەس لە ڕەوتی مزاکرەدا، پێوەری هاوئاهەنگی و هاوکاری نیزامی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لەگەڵ ڕێککەوتنی لایەنەکان ڕێک دەخرێ.

****

نامەی ڕێکەوتی ٣ی گەلاوێژی ١٣٦٦. ش "کۆمیسیۆنی هەڵبژێردراو" بۆ دەفتەری سیاسی.

هاوڕێیانی بەڕێزی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بە سڵاوی گەرم!

هەرلەوکاتەدا ئاگادارتان دەکەینەوە. پێشنیارەکانی ئێوە بەمەبەستی "کۆتایی هێنان بە شەڕی چەکدارانە لەگەڵ کۆمەڵە" تەنیا بەمەبەستی گەیاندنی پەیام بە کۆمەڵەیە. لەو بارەیەوە ٦ جەریانی سیاسی ئەو " پێشنیارانە"ی پێ ناتەبایە و دژایەتی هەیە لەگەڵ ڕەوتی هەوڵەکانی ئێستا بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە شەڕی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە، ئێمە لەو بارەیەوە بەدواداچوونی بۆ ناکەین.

بە سپاسی دووبارەوە کۆمیسیۆنی هەڵبژێردراو

چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران ، ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی ئێران، ڕێکخراوی ڕێگای کرێکارانی شۆڕشگێری ئێران- ڕێگای کرێکار

٣ی گەلاوێژی ١٣٦٦. ش

## کێشە تەشکیلاتییەکانی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە

هەر وەک چــاوەڕان دەکــرا لە ڕۆژی لەدایکبــوونی حیزبــی کۆمۆنیســت نــاکۆکی نــاو تەشــکیلاتی کــۆمەڵە ســەری هەڵــدا و بەرەبەرە پەرەی ئەســتاند ئەوانەی لایەنگــری کــوردایەتی بــوون بە دروســتبوونی "حکــا" هەڵبەزیــنەوە و زۆر لەگەڵ ئەو تەشــکیلاتە دانوویــان نەدەکــولا، بەناچــاری بە شلوشــەوێقی لەگەڵــی دەهــاتن و تەنــانەت بەشــێکێش بەهــۆی دوورکەوتــنەوەی کــۆمەڵە لە مەســەلەی نەتەوایەتــی هەســتیان کــرد جێگایــان لەوێ نەمــاوە و ڕوویــان لە ناسیۆنالیزم کرد. ئەو کێشانەی نێو تەشکیلاتی کۆمەڵە بوونە هۆی ئەوە کە ڕۆژ بەڕۆژ زیــاتر پەرە بســتێنێ و بەرەبەرە بەســەر دوو جەنــاح دابەش بــێ. جەناحی چەپ و جەناحی ڕاست، لە جەنـاحی چەپ لە سـەرووی هەمـووانەوە مەنسـوور حـیکمەت لە ناویـان‌دا دیـار بـوو. ئەگەرچـی نـاوبراو لەسـاڵی ١٣٦٢ خۆی و چەند کەس بوونە خاوەنی هێزە چەکدارەکانی کۆمەڵە، پاش نزیک بە ٥ ســاڵ بەشــی هەرە زۆری کادرەکــانی کــۆمەڵەی ڕەوانەی دەرەوە کــرد. بەشێکی دیکەی لەکادرەکانی ڕێبەری تەنـانەت تاوانبـار کرد بە لایەنگری لە ناسیۆنالیسـم، دیـارە ئەوە لە خـۆڕا نەگـوترا چـونکە بەشـی جنـووبی کـۆمەڵە بەتەواوی لەســەر کــاریگەری ناسیۆنالیســم لە نێــو کــۆمەڵەدا بەســەر چەنــد دەستەدا دابەش دەبن، هەر لەوکاتەدا ڕێبەریی کۆمەڵە زۆر زوو فریـای خـۆی دەکەوێ و ئەو بـابەتە تەنـانەت بـۆ قسـەکردن قەدەغە دەکا. ئەوە لەکاتێک‌دایە کە کــۆمەڵە خــۆی بــۆ کــۆنگرەی ٦ ئامــادە دەکــا و لەگەڵ دنیــایەک کێشــەی نێوخۆیی ڕووبەڕوویە.

هەرچەند ئەوان لەسەر کۆنگرەی ٨ی حیزبی دێموکرات چەندین وتاریان بڵاو کردەوە و بۆ لێک بڵاوبوونی حیزب نەک تووڕەکەی گەورەیان بۆ هەڵدروو، بەڵکوو زۆر زوو دوای کۆنگرەی ٨ی حیزبی دێموکرات، داڵەدۆزەی ئەوەیان بوو کە پشتی ناڕازیانی کۆنگرەی ٨ی حیزب بگرن و گرتیشیان. چەند هەفتەیەک دوای کۆنگرە کاک عومەر ئێلخانیزادە لە گەڵ کاک حەسەن ڕەستگار و ئەحمەد مودەڕەسی لە شاری سلێمانی چاوپێکەوتن دەکەن و عومەر ئێلخانیزادە قەولی ماڵیان پێ دەدا هەر ئەو ڕۆژە ماڵێکیان لە قەلادزێ دەدەنێ و تەنانەت کۆمەڵە پێیان دەڵێ کە ئێمە ٤٠٠ کەستان بۆ بەخێو دەکەین و بە چەک و چۆڵ و تەقەمەنیش تەیاریان دەکەین![1] دیارە ئەوە بۆ کۆمەڵە پاروویەکی چەوری دەست کەوتبوو کە لە حیزبی دێموکراتی بپچڕێ هەر بۆیەش دەسبەجێ دە هەزار دیناری سویسری (ئەو کاتە هەر دینارێک ٣ دولار و چل سێنت بوو) بە ناڕازیانی حیزبی دێموکراتی دا.

ئەوە لەکاتێکدا بۆخۆیان لە قەیرانێکی قووڵی تەشکیلاتیدا بوون سەرەڕای ئەوە زۆربەی ڕۆژەکان ڕادیۆی کۆمەڵە هاواری دەکرد، "کرێکاران و زەحمەتکێشان، حیزبی دێموکرات تووشی قەیران و بونبەست بووە؟!! "هێزی کرێکاری شۆڕشگێر پاشەکشەی بە بورژوازی کردووە!!!.....[2]

لەلایەکی دیکە ڕێبەرانی کۆمەڵە سەرەڕای ئەو هەمووە کێشەیەی بەرۆکی گرتبوون لە پاییزی ساڵی ١٣٦٦ بڕیارێکی دیکەی دوور لە عەقڵانییەتیان دا کە ئەویش ناردنی هێزێکی دیکە بۆ ناوچەی هەورامان بوو تا سەرلەنوێ شەڕێکی دیکە لەو ناوچەیە هەڵایسێنێتەوە! ناردنی ئەو هێزە تەنیا بۆ ململانێ

---

[1]- بیرەوەریی کاک حەسەن ڕەستگار

[2] – لەمانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ ڕۆژێکی لەپشت ئاوایی "بۆبۆکتان" گەورکی سەقز لەبن پۆلەدارێک دانیشتبووین، چەند کەس خەڵکی ئاوایی لێ بوو هەروا باسی قسەمان کردو باسی نەمانی کۆمەڵەمان لەو ناوچەیە کرد یەکیان گوتی: "ئەگەر لە چیای حاجیکیمی لەگەڵ حیزب تێکهەڵچوون ڕوویدا ٣ ساڵە کەس چاوی پێیان نەکەوتوە". ئەوەی دیکە گوتی من ڕادیۆکەیان دەگرم هەر هاواری زەحمەتکێشان دەکا. بەڵام کەس نازانێ لەکوێن زەحمەتکێش لەگەڵ ئەوە دەژی کە لەمەیدان دایە. کۆمەڵە بە قسە بە زەحمەتکێشانەوە ماندوون و لەمەیدانی خەباتدا نەماون.

لەگەڵ حیزب لە نزیک "هانیگەرمەڵە" بەڵام لە خاکی عێراق لە گوندی بیارە نیشتەجێ کران. هەرچەند کۆمەڵە لە هاوینی ئەو ساڵەدا جارێکی دیکە هێزی خۆی تاقی کردەوە و تیمێکی بۆ ئەو ناوچەیە ناردەوە کە لە بەرزاییەکانی "سووریێن" و "دزڵی" لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی درگیر بوون چەند کەسیان گیانیان لەدەست داو ئەوانی دیکە بە هۆی ماندوویی شەکەتی و برسیەتی چارەنووسی نزیک بە بیست کەس بە ئاقارێکدا ڕۆیشت، هیچ کەس خۆی لێ بەرپرسیار نەکرد! هەر لەدرێژەی ئەو سیاسەتە تیمێکی دیکەیان بۆ شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات لە پاییزی ساڵی ١٣٦٦دا ناردەوە کە هەموویان لەلایەن حیزبەوە بەدیل گیران پاشان ئازاد کران، ئازادکردنی ئەوانە لەلایەن حیزبەوە، کۆمەڵەییەکانی لایەنگری ناسیونالیزم لەناو "حکا" زیاتر تووشی پەراوێز خستن خران. سێ مانگ دوای ئەو سیاسەتە چەوتە دیسان گوردانێکی دیکەیان بۆ ناوچەی هەورامان ئامادە کرد.[1]

لە لایەکی دیکە لەو سەروبەندەدا بێجگە لە هێزی شاهۆ و هێزی زاگرۆس کە لە لای دەرەتفێ و چەند شوێنی دیکە بنکەیان هەبوو، هێزی دووی ڕێبەندانیش لە گوندی "هانیگەرمەڵە" بنکەی زستانی بوو، پاشان بەهۆی شەڕی ئێران و عێراق هێزی بەیان سەر بە شارستانی بۆکان لە "گەورەدێ"وە بۆ هانیگەرمەڵە بنکەکانی گواستەوە. ڕۆژانە ئەوانیش وەک هێزی دووی ڕێبەندان بۆ چوونە سلێمانی بە لای بنکەکانی کۆمەڵەدا هاتوچۆیان دەکرد. لەڕاستیدا بوونی بنکەیەکی کۆمەڵە بێجگە لەبەر حیزبی دێموکرات نەبوایە هیچی دیکە نەبوو. چونکە ئەوان و ئێمەش باشمان دەزانی بە پێ خستنەسەر خاکی کوردستانی ئێران تەقەمان لە یەکتر دەکرد. ئێمە بە باشی ئەوەمان دەرک کردبوو وشیاری بپارێزین کە کۆمەڵە هێرشمان نەکاتە سەر، کۆمەڵە دەیانتوانی هێرش بکەنە سەر ئێمە، بەڵام هێزەکانی حیزبی دێموکرات نەیاندەتوانی لەبەر ئەوەی بنکەکانی کۆمەڵە لە خاکی عێراق دابوون.

[1] – کتێبی "واقعی در ابهام" لە ٢٥ لاپەڕەدا بەوردی باسی چۆنیەتیی تێدا چوونی گوردانی شوان دەکا.

بە پێی ئەو زانیارییانەی لەسەر کۆمەڵە لەلامان بوون هەمیشە لەسەر هەست بووین تا زەربەمان لێ نەدەن چونکە نەورۆزی ١٣٦٤ ئەزموونێکی گەورەی بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کەڵەکە کرد کە لەو نەورۆزەش (١٣٦٦) کۆمەڵە پیلانگێڕی نەکا. لەگەڵ ئەوەی دەمانزانی کە کۆمەڵە مانەوەی لە بیارە بۆ کۆماری ئیسلامی هیچ زەرەرێکی نییە، خەڵکی هەورامان ڕێگایان نەدەدا بچنەوە بۆ ئەو ناوچەیە هەر بۆیە هاتنی کۆمەڵە بۆ "بیارە" بەمەبەستی ململانێ لەگەڵ حیزب و زەربەلێدان لە حیزب بوو. ئەو بێ پرنسیپیە چەند جار ڕووی‌دا بۆیەش لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە هێزی کۆمەڵەمان لە بیارە لە ژێر چاودێری خستبوو کە حەوتووی دوو جار بە بۆنەی چوونە شاری سلێمانی کەسێکی شارەزامان بۆ لای مقەڕەکانی کۆمەڵە دەنار تا جموجۆڵ و ژمارەی ئەفرادیان لەژێر چاوەدێری دابێ و نەکا لەپشتەوە خەنجەرمان لێدەن.

تەنانەت ناردنی ئەفرادی کۆمەڵە بۆ بیارە لە نێو تەشکیلاتەکەیان‌دا ناڕەزایەتی لێکەوتەوە، بەو دوو ڕوانگەیە لە نێو تەشکیلاتی کۆمەڵە، بەرەو کۆنگرەی ٦ دەچوون و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کێشە زیاتر و ململانێکانیان تەشەنەی دەستاند. دیارە کومیتەی ئیجرایی کۆمەڵە بڕیاری ناردنی ئەو بنکەیەی بۆ بیارە دا و سەرەنجام بنکەکەیان دانا. کاتێک لە مانگی ڕێبەندان‌دا هێزی بەیان بەرەو هانیگەرمەڵە چوون مقەڕی کۆمەڵە لە بیارە بە ٣ نگاهبانەوە ئاوەدان بوون. بەڵام کاتێک لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٦ سپای پاسداران وێڕای ئوپۆزیسیۆنی عێراقی هێرشیان کردە سەر هەڵەبجە و لە ئاکامدا هەڵەبجە دەستی بەسەردا گیراو پردی "زەڵم" کە هاتوچۆی ئەو ناوچەیەی ئێمە بنکەمان لێی بوو لەگەڵ سلێمانی پێکەوە لێک گرێ دەدا ئەویش سپای‌پاسداران شەوێ گرتیان. هێزەکانی حیزبی دێموکرات لە بۆکانەوە تا ناوچەی هەورامان کە نزیک بە ٧٠٠ پێشمەرگە دەبوون گیریان خوارد. هەروەک ئاماژەی پێ کرابوو گوردانێکی کۆمەڵە لە بیارە و لەکاتی کشانەوە ئەوانیش وێڕای پێشمەرگەکانی حیزب بەیەکەوە بەرەو هەڵەبجە کشانەوە.

له نزیک "عەنەب" هەیئەتێکی حیزب له کومیتەی بۆکان و مەڵبەندی دوو، بڕیاریان دا که به کۆمەڵه بڵێن به یەکەوه لەو هەلومەرجه سەختەدا پاشەکشه بکەین، چەند کەس سەردانی بەرپرسەکەیان "شوکی خەیرابادی" کرد، پێیان گوت: "که هەموو شتێک به جێگای خۆی بەڵام ئەمڕۆ هەردوولامان له مەترسی داین و لەلایەن دوژمنی هاوبەشمان کۆماری ئیسلامی (ئەگەرچی کۆمەڵه، حیزبی دێموکراتی پێ له دوژمنی هاوبەش دوژمنتر بوو) له ناوچوون داین با قازانجی نەتەوه و خۆمان لەبەرچاو بگرین ئەگەر وا نەکەین تێدا دەچین". ئەگەر پێشنیاری ئێمەیان قەبووڵ کردبا لەوانه بوو هەل بۆ تاگربەسی زووتریش ڕەخسابا. بەڵام وڵامی ئەو نەگەتیڤ بوو و وتی: "ئێوه بەڕێی خۆتان و ئێمەش بەرێی خۆماندا"، دیاره ناوبراو لەگەڵ بەرپرسانی سەرەوەی خۆی تەماسی گرتبوو سەبارەت به پێشنیاری کومیتەی بۆکان و مەڵبەندی دوو باسی کرد بوو و ئەوانیش بەوه ڕازی نەبوون، چونکه حەبیبوڵڵا گوێلی و شوکی خەیرابادی به درێژایی شەڕی حیزب و کۆمەڵه له پێشەوەی بەرەکانی شەڕدا بوون و باوەڕیان بەوه نەهێنا که به یەکەوه دەرباز بین. ئەو کات حەبیبوڵڵا بەرپرسی نیزامیی بوو له چناره. ئەگەرچی ئەو پێشنیارەی ئێمه کردمان لەسەر ئەو بنەمایه بوو که حیزبی ئێمه بڕوای به ڕەچاوکردنی ئەخلاق له سیاسەتدا هەبوو و به دڵنیایی کومیتەی بۆکان و مەڵبەندی دوو جارێکی دیکه هەستیان به بەرپرسایەتی کرد، کەچی به داخەوه بەرپرسانی کۆمەڵه به هۆی هەڵەی ڕێبەرانیان گوردانی شوانیان تێدا چوو. بۆ سەلماندنی ئەو بڕیاره نادروستانه و هەروەها بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ حیزب که بڵێن ئێمه لەو ناوچەیه حوزوورمان هەیه و لەبەرامبەر حیزبی دێموکراتدا لەمپەرین! بنکەیان لەو دەڤەره کردبۆوه! بەم پێیه نەک ڕێبەرانیان بەڵکوو تەشکیلاتی خوارەوەشیان دەیزانی بوونی هێزێکی کۆمەڵه لەو ناوچەیه هیچ کەڵکێکی نییه و تەنیا بەو هۆیانەی سەرەوه لەو شوێنه جێگیر کرابوون.

به هەموو ئەو کێشانەی که لەناو تەشکیلاتی کۆمەڵەدا هەبوو له بەهاری ١٣٦٧چوونه کۆنگرەی ٦ی خۆیان و لەنێوان مەنسووری حیکمەت و عەبدوڵڵای موهتەدی و برایم عەلیزاده چەند کەسی دیکه له ڕێبەرانی "حکا"

کێبەرکێیەکی توند لەسەر داڕشتنی سیاستی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە، لەسەر ڕۆڵی حیزبی کۆمۆنیست لەکوردستان، لەسەر خەباتی چەکدارانە، لەسەر ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیست وەلامدەری داخوازییەکانی پرۆلیتاریا نییە، لەسەر ناسیۆنالیزم لە تەشکیلاتی کۆمەڵەدا، لەسەر وازهێنان لە خەباتی چەکداریی خۆیان و درێژەدانی شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات و ئەندامەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری کێشەیەکی زۆریان هەبوو هەرکام لەوانیش یەکتر تاوانبار دەکەن بۆ دەرپەڕاندنی ئەویتر، بەکورتی بێ هیوایییەکی زۆر لە ڕێبەری کۆمەڵە دەبنیرا. سەیر ئەوەیە کە هەموویان بۆ دژایەتی حیزب هاودەنگ دەبن. سەرەڕای ئەوە کە وەزعی تەشکیلاتی کۆمەڵە زۆر ئاڵۆز و بێ هیوایی لێ دەبینرا، دوای کۆنگرە لەسەر وەزعی شپرزەی خۆیان، وەک هەمیشە یەکەم هەنگاویان هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات دەست پێکرد چونکە ئەوان بژیوی سیاسیی خۆیان لە دژایەتی و سەنگەرگرتن لە بەرانبەر حیزبی دێموکراتدا وەردەگرت. بۆ نموونە لە بڕیارنامەیەکی کۆنگرەی شەشی خۆیاندا کە لەژێر ناوی **"هەڵسەنگاندنێکی دۆخی حیزبی دێموکرات و شێوەی هەڵسوکەتی ئێمە لەگەڵ ئەوان"**[1]دا بڵاویان کردەوە، لەو بارەیەوە دەڵێن:

لە خاڵی یەکەمی ئەو بڕیارنامەیەدا باس لە لاوازبوونی پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات و نامۆبوونی حیزبی دێموکرات لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکان و داخوازە چینایەتییەکان و داکشانی کاریگەریی حیزبی دێموکرات لەنێو کۆمەڵانی زەحمەتکێش و هەژاری کوردستاندا دەکەن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە کۆمەڵە بەپێی چ پێوەر و پێودانگێک ئەو ئیدیعایە دەکا؟ ئایا بەڕاست ئەوە پێگەی حیزبی دێموکراتە لاواز بووە و دروشم و بەرنامە سیاسییەکانی ئەم حیزبەیە تووشی ناکامی هاتوون، یان ئەمە چارەنووسی کۆمەڵە خۆیانە کە بەئاشکرا خۆی لێ دەدزنەوە و تیوریی بۆ دادەتاشن؟ ئەوان ناڵێن کە بەپێی کام فەکت کاریگەریی حیزبی دێموکرات لەنێو کۆمەڵگەدا لەکەمیی داوە. خۆ ئەگەر تەنیا بەردەوامیی خەباتی پێشمەرگانە بە نموونە وەربگرین، پرسیار ئەوەیە کە ئاست و بڕی چالاکیی ڕێکخراوەیی

---

[1] – بڕوانە ئەو بەستەرە: http://hekmat.public-archive.net/fa/3360fa.html

کۆمەڵە پێش و دوای کۆنگرەی شەش چەند بووە و چۆن دەتوانن ئەمە بە بەری مەیدانداریی حیزبی دێموکرات بگرن؟ حوزووریی مەیدانیی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات لە کوردستان کە دەتوانێ پێوەرێکی دیار بۆ شەرعییەت و نفووز و کارکردی سیاسی و تەشکیلاتیی ڕێکخراوەیی حیزبێک لەنیو خەڵکدا بێ، چەندە و چۆن بووە و چۆن بە بەری یەکتری دەگیرێن؟

لەخاڵی دووهەمدا خووشحاڵی خۆیان ڕادەگەیەنن: **کە "سەرنەکەوتنی سیاسەتی حیزبی دیموکرات لە هەمبەر کۆمەڵە و نەتەنیا نەیتوانی بەرگری لە گشەکردنی کرێکاری کۆمۆنیستی لە کوردستان بکا بەڵکوو خەریکە دەخرێتە پەراوێز".** ئەگەر وردتر بیر لە بۆچوون و بڕیارنامەی کۆنگرەی شەشی کۆمەڵە بکەینەوە، بیرۆکەی خەیاڵی گەشەکردنی کرێکاری کۆمۆنیستی لە کوردستان بەهۆی جێنەگرتوویی لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا خۆی خرایە پەراوێزەوە، بە پێچەوانەی کۆمەڵە، حیزبی دێموکرات پشتئەستوور بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لێبڕاوانەتر لە پێشوو لەمەیداندا خەباتی دەکرد. ئەوە ئەوان بوون بۆ ڕازی کردنی تەشکیلاتی خۆیان بە چەواشەکاری و داتاشینی هێندێک دەستەواژەی سواو و جێنەگرتوو بۆ حیزبی دێموکرات هەڵبەستن، چونکە حیزبی دێموکرات هەوڵی نەدا کە پێش بە تێکۆشانی هیچ حیزب و لایەنێک و "کرێکاری کۆمۆنیستی" بگرێ بەڵکوو باوەڕی قووڵی بە پلورالیزم و دێموکراسی بووە و هەیە، ئەوە مێژوو هەیە و بەڵگەکان، خەڵکی کوردستان شایەتیی دەدەن کە تاقە حیزبێک کە تووشی قەیران و دەستەوەستانی هات کۆمەڵەیە کە لە دوای کۆنگرەی شەشی خۆی بەتەواوی تێیدا نوقم بوو. لەلایەکی دیکەوە لە نەبوونی پرۆلیتاریای کوردستان چەپی کۆمۆنیستی هێندەی دیکە خرایە پەراوێزی مەیدانی سیاسەتەوە لەکوردستان و ئەوەندەی‌تر پەرە بە قەیران و دەستەوەستانی کۆمەڵەی دا، بۆیە بەرەبەرە کەوتە لێواری هەڵدێران.

لەخاڵی سێ دا باسی شێوەی خەبات دەکا کە باسکردنی بۆ ئەوان شەرم دایاندەگرێ، دەڵێ: "**پێشڕەوییە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی تەنگی بە ئەو شێوە خەباتەی کە سەرەکی‌ترین و بنەڕەتیترین جۆری خۆنیشاندانی توانایی و لێوەشاوەیی حیزبی دێموکرات بووە هەڵچنیووە**". ئەگەر کەسێک ئاگای لە

مێژووی کۆمەڵە نەبێ دەڵێن لەوەتی خۆی پێناسە کردوە کرێکارانی سازمان داوە و لە ژیانیدا خەباتی چەکدارییان نەدیوە و نەناسیوە!؟ ئەوەیان پاساو هێنانەوەیە بۆ نەکردنی خەباتی چەکداری، کەوابوو کۆمەڵە ناحەقی نیە لە کۆنگرەی شەش شێوەی مێحوەریی خەبات، کە خەباتی چەکداری بوو وەلای نا، چونکە بە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست، کۆمەڵە لەنێو لایەنگرانی خۆی لە کوردستاندا ئەم بڕوایەی پەرە پێ دەدا کە بە هۆی خەباتی خەڵکی کوردستان، بەرەبەرە سەرانسەری ئێران ڕوو لە خەباتی چەکدارانە دەکا. بەڵام کە هەستی کرد ئەو لێکدانەوەیان بۆ ئێران زۆر لاواز و بڕەوی نیە، کانوونی ئەسڵیی خەباتی غەیرە چەکدارانە، یانی "شارەکان جێگای ڕەخنەگری و ناڕەزاییدەربڕینی و تووڕەیین و ناوەندی ئەساسی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەن!" واتە توانا نیزامییەکانیشیان هێندەی لەکوردستان هەیانبوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ "سەیر نزولی" دەپێوا. دوای کۆنگرەی شەشی خۆیان کە حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە توانای ئەوەی نەما خەباتی چەکدارانە لە کوردستان درێژە بدا، ناچارە هێرشی نیزامیی ڕێژیم زەق بکاتەوە. بۆ؟ چونکە حیزبی دێموکرات لەکاتی بڕیارنامەی کۆنگرەی شەشی کۆمەڵە تاقە حیزبی مەیدانی خەبات و تێکۆشان کە لە سەرانسەری کوردستاندا پەلاماری دوژمنی بەرپەرچ دەدایەوە. بە پێی ئاماری کە لەو کتێبەدا هاتووە دەردەکەوێ کە **پێشڕەوییە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی** تەنگی بە کێ هەڵچنیوە بەحیزبی دێموکرات یان کۆمەڵە؟ ڕوونە کە تەنگی بە ڕێبەرانی کۆمەڵە لە دوو بارەوە هەڵچنیبوو. یەکەم: لەباری سیاسییەوە تووشی لاوازی و بە لاڕێدا ڕۆیشتنی لە واقعییەتی نێو کۆمەڵگادا و ئامانجی سیاسیی ناڕوون تەشکیلاتی ئەو ڕێکخراوەیەی تەنییەوە و سەرەنجام چەند لقوپۆی لێکەوتەوە لە ئاکامدا تەپوتۆزی ئەو سیاسەتە ناڕوونەی کۆمەڵە ساڵەها دەوری ئەو ڕێکخراوەی تەنییەوە. دووهەم: چالاکی نیزامیی بە کردەیی کە بوونی کۆمەڵەی پاراستبوو ئاسەواری نەما و بە پێچەوانەی ئەو بڕیارنامەیە پاراستنی مان و بارودۆخی کۆمەڵەی خستە ڕۆژی ڕەشەوە!

لە خاڵی چواردا "حکا" و کۆمەڵە بێ هێزی خۆیان هەست پێ دەکرد لەباری فیکرییەوە لە پاراستنی یەکیەتی سیاسیی و کردەیی‌دا لە نێو خۆیاندا بە

تەواوی تووشـی لێک تـرازان و هەڵتەکـان هـاتن. بەڵام حیزبـی دێمـوکرات بە پێچەوانەی کۆمەڵە و بڕیارنـامەکەی، لە هەمـوو کات یەکگرتـووتر لە مەیـدانی خەبات‌دا ئەرکە نیشتمانییەکانی بە ئەنجام دەگەیاند. سەیرتر لەوە بڕیارنـامەی کۆنگرەی شەشـی کۆمەڵە بـاس لە نزیکـایەتی حیزبی دێمـوکرات لە (یەکیەتـی سـۆڤییەت، سوسـیـاڵ دێموکراسـی و هتـد...) دەکـا. لەوبـارەوە کـۆمەڵە بە داتاشینی تیئۆری ویشک و بێ بنەماکانیان و ئاستی متمـانە و پشتگەرمییان بە دروسـتکردنی حکومەتی پرۆلیتاریـای جیهـان! کە لە سـەر زەینـی خەیـاڵی ئەوان دامەزرابوو هێندەی دیکە تووشی قەیران و ئاسۆی نادیـاری سیاسـی و نەبوونی ڕێبازێکی ناڕوونی کردن....

سەرەنجام لە خاڵی پێنج‌دا ئاکام‌گیری دەکا دەڵێ: ""لە ئاکامدا لەم بـارودۆخە بەشێک لە کادر و ڕێبەرانی حیزب ورەیان دێتە بەر و نـاڕەزایەتی بە شـێوەی بەرهەڵسـتی لە ڕێبەرایەتـی قاسـملوو کە لەمێـژە خـاوەنی ئۆتۆریتەیەکی(دەسـەڵات) سـەقامگیر بـوو دەردەبـڕن..." خـاڵی ٥ی ئەو بڕیارنامەیە وڵامەکەی لە پلینۆمی ١٦ی کۆمەڵە دایە کە لە سـوئێد گیرا و هەر لەو کتێبەدا هاتووە. بەڵام وڵامێکی کورت لە جێگای خۆیدا پێویستە.

هێنانی ئەو خاڵە بۆ "حکا" و کۆمەڵە زۆر ئاسـاییە، بۆ؟ لە پێشـدا ئەوەی لە ڕێکخراوەکەی خۆیاندا ڕووی داوە بەمجۆرە دەڕوانێتە ئەحزابی دیکە، چونکە لە "حکـا" و کـۆمەڵەدا تەنیـا شـتێکی کە بـوونی نەبـووە دێموکراسـی و ڕادەربەڕیـن بە ئـازادیی لە نـاو ئەو ڕێکخـراوەیەدا بـوو. ئـاخۆ مێـژوو دەگۆردرێ؟ مێژوو نە دەسکاری دەکرێ، نە لەبیر دەکرێ، نە دەشـێوێندرێ و نە دەگۆڕدرێ، بەڵکوو هەمێشە لە جێگـای خـۆی دەمێنێتەوە. لەغەیـری ئەوەدا کەسـانی وەک ڕێبەرانـی "حکا" و کـۆمەڵە "تحریـف"ی بکەن. ئەو ئاکـامگیریی بڕیارنامەی کۆنگرەی شەشـی کۆمەڵە ڕاست ڕوو بە کۆمەڵەیە کە بە حیزبـی دێمـوکراتی دەشـوبهێنن. بەچەنـد هـۆ؟ یەکەم لەنـاو کـۆمەڵەدا نەک بەشـێک بەڵکوو چەند بەش و دەستە و کۆتلە کۆمەڵەیان هەریەک بۆ لایەک ڕادەکێشـا. دووهەم، ئەوە ناسیۆنالیزمەکانی ناو کۆمەڵە بوون وەخەبەر هاتن بۆچـوون و ڕاسـتییەکانی سیاسـەتی حیزبـی دێمـوکرات نیشـانی‌دا کە کۆمەڵەیـان بەو ئاقـارەدا بـرد. سـێهەم، نەبـوونی ڕخـنە و پێشـنیار لەنێـو کـۆمەڵەدا بـۆ

ئاسـاییکردنەوەی ئەو ڕێکخـراوەیە و نەبـوونی هیـدایەتکردنی ڕێگـای درووسـتی کـوردایەتی بەتەواوی تووشـی لێک هەڵوەشـانی کـردن. چـوارەم، حیزبی دێموکرات لەو سـەردەمانەدا کە کۆمەڵە باسـی دەکـا لە هەموو کـات یەکگرتـووترە، بە هەزاران پێشـمەرگەی لە نـاو خەڵکـی خۆیـدا لە مەیـدان‌دا درێـژەی بە خەبـات دەدا، ئەوە لەکاتێکـدایە کـۆمەڵە دووسـەد کەسـی نـیە. پێنجەم، سیاسەتی چەوتی ڕێبەرانی کۆمەڵە ئەوە بوو کە هەوڵی زۆریان دا هـیچ ڕەسـاڵەتێکی مێژوویـی بـۆ حیزبـی دێمـوکرات قایـل نەبـن لەو ڕێگـا نادروسـتەوە حیزبـی دێمـوکرات بە حیزبێکـی نـاڕەوا بە خەڵـک بناسـێنن. شەشـەم، دوکتـور قاسـملوو هەم ئەوکـاتەی لە ژیانـدا بـوو و ڕێبەرایەتـی جـووڵانەوەی کـوردی بەڕێـوە دەبـرد، هەم دوای شـەهیدبوونی نەک هەر خۆشەویسـتی تەواوی کـادر و پێشـمەرگەی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان بوو، بەڵکوو بووە کارێزما لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا، تا ئێستاش لەپێش هەمـــوو کەس‌دا نـــاحەزان و نەیـــارانی دوکتـــور قاســـملوو لە ڕۆژی شـەهیدبوونی‌دا خەڵکی کوردستانیان چاو پێ دەکەوێ چی بۆ ڕێبەرەکەیان دەکەن تەنانەت بەوەش قەڵس و توورەن.

بەڵێ، کۆمەڵە لەدوای کۆنگرە و بێ ئاکامییەکانی، ناکۆکی نێو تەشکیلات قـووڵتر دەبێـتەوە. کاتێـک لە مـانگی بـانەمەڕی سـاڵی ١٣٦٧ کـۆنگرەی ٦ی کۆمەڵە کۆتایی هات زمزمەی ڕەدکردنەوەی خەباتی چەکداری و ولانانی ئەو شـێوەخەباتە بەیەکجـاری بە نەهێنـی و خشـکە لە بڵاوکراوەکـانی "حکـا" و کۆمەڵە ڕەنگی دەدایەوە. لە پێش دا با ئاوڕێک لە سەر هەڵوێستی کۆمەڵە سـەبارەت بـە خـەباتی چەکدارانـە لـە کوردسـتان دوای کۆنگرەی شەشـی ئەو ڕێکخراوەیە بدەینەوە.

"کـۆمەڵە دوای کـۆنگرەی شەشـی خـۆی بڕیارنامەکـانی کـۆنگرەی وێـڕای وتووێژێک لەگەڵ "برایم عەلیزادە" لە نامیلکەیەکدا بڵاو کردەوە. سـەرنجێکی ورد لەم نامیلکەیە نیشان دەدا کە کۆمەڵە لە کۆنگرەی شەشـەمی خۆی، کە لە مانگی بانەمەڕی ١٣٦٧دا پێکهات، تاکتیکی خەباتی چەکدارانەی وەک شێوەی ئەسڵی خەبات وەلا دەنێ و ڕێبەرانی کۆمەڵە هەوڵیان دەدا ئەم گۆڕانە گرینگە تاکتیکییە لەباری سیاسی و تێئۆرییەوە تەوجیە بکەن. بەکردەوەش پاش چەند

مانــگ لە تێپەڕینــی کــۆنگرەی شەشــەم، شــوێنەواری ئەم گــۆڕانە لەکــاری کۆمەڵەدا بەتەواوی دەرکەوت.

ڕێکخراوێکی چەپ ئاژۆ و سیکتاریست کە چەند ساڵە خەباتی چەکدارانە وەک شێوەی مێحوەریی خەبات دەناسی و ئەم و ئەو بە سازشکار ناو دەبرد و مەحکوومیان دەکرد، ساڵی ١٣٦٧ چۆن و بە چ دەلیل دەستی لە خەباتی چەکدارانە دەکێشایەوە و ئیتر ئەم شێوەیە نەک هەر بەتەنیا شێوەی دروست، بەڵکوو تەنانەت بەشێوەی ئەسڵییش بە حیسابی نەدێنا؟

پرسیارێک کە لەم پێوەندییەدا پێش هەموو پرسیارێکی دیکە دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە: ئەگەر کۆمەڵە بەو ئاکامە گەیشتبوو کە شێوەی خەباتی چەکدارانە ئێتر بۆ ئەو وەک مێحوەری ئەسڵی خەبات بە حیساب نایە، بۆچی ئەمە بەئاشکرا ڕاینەدەگەیاند و وەک هێندێک لە ڕێکخراوەکانی دیکە بە سیاسەتی پاشەکشە لە خەباتی چەکدارانە ڕەسمییەتی نەدەدا؟

بە لەبەر چاوگرتنی پێشینەی کۆمەڵە و وەرسووڕانی ١٨٠ دەرەجە کە جاروبار لەو ڕێکخراوەدا ئەنجام دراون وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوون بوو، کۆمەڵەیەک کە لە سەرەتای پەرەپێدانی تێکۆشانی خۆی لە کوردستانەوە هەموو توانای خۆی بۆ سازماندانی نیزامی تەرخان کرد و بەرەو پێشبردنی خەباتی چەکدارانەی لە سەرەوەی هەموو مەبەستەکانی خۆی دانا و، چۆن دەیتوانێ هەروا بە سووک و هاسانی و بە یەک ڕۆژ وازهێنان لە خەباتی چەکدارانە بە لایەنگرانی خۆی ڕابگەیەنێ؟ نە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە دەیانوێرا ئەم ڕاستییە بە ڕاشکاوی لەگەڵ ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان بێنێتە گۆڕێ و نە ئەمانەش لە هەلومەرجی ئەوکاتدا نەیاندەتوانی لە بەرامبەر شتێکی ئاوادا ڕانەچڵەکن. هەربۆیە ڕێبەرانی کۆمەڵە دەیانەویست لەپێشدا بە تێئۆری داتاشین و پاشان لە ڕێگای پاکانەکردنەوە، بەرەبەرە ئەم دەرمانە تاڵە دەرخواردی لایەنگرانیان بدەن.

بۆ ڕوونبوونەوە، باشترە لە پێشدا چاوێک بەسەر بڕیارنامەکانی کۆنگرەی شەشی کۆمەڵە بخشێنین:

ئەگەر ئەو خۆهەڵکێشانە کە لە بڕیارنامەکاندا هاتوون و لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵە بوون وەلا بنێین، لە نێوەڕۆکی ئەو بڕیارنامانە زۆر

خاڵی سەرنجڕاکێش دەتوانین دەرکێشین. بۆ نموونە: بڕیارنامە لەبارەی ستراتێژیی ئێمە لە جووڵانەوەی کوردستاندا دەڵێ: **"بە لەبەر چاوگرتنی ئەمە کە کوردستان لە باری ئابووری و سیاسییەوە بەشێکی ئۆرگانیک لە کۆمەڵی ئێران بە گشتی بە حیساب دێ، بوونی جیاوازییەکی کاریگەر لە پلەی پێشکەوتوویی شۆڕشدا لە نێوان سەرانسەری ئێران لە لایەک و کوردستان لە لایەکی دیکە شتێکی نەگونجاوە..."**.

باشترە ئەم قسەیە بخەینە سەر زمانێکی سادە هەتا دەرکەوێ کە کۆمەڵە لە پوششی ئەو ڕستەیەدا دەیهەویست چ بڵێ. مەبەستی کۆمەڵە ئەوەیە کە مومکین نییە شۆڕش بتوانێ لە کوردستاندا لە چاو سەرانسەری ئێران بە ئەندازەی قۆناغێکی کاریگەر لە پێشتردا بێ. دەزانین کە لە هەلومەرجی ئەوکاتدا خاڵێک کە پتر لە هەموو شتێک خەبات لە کوردستاندا لە خەباتێکی سەرانسەری ئێران جیا دەکاتەوە شێوەی چەکدار بوونیەتی. کەوابوو، کاتێک بڕیارنامەی کۆمەڵە دەڵێ: ئەو جیاوازییە شتێکی نەگونجاوە، مەبەستی ئەوەیە کە ئەو فەرقە سەرەنجام لەبەین دەچێ و خەبات لە کوردستانیشدا بە ناچار وەک خەبات لە سەرانسەری ئێرانی لێ دێ. بەڵام لەبەر ئەوە کە کوردستان بەشێکی ئۆرگانێک لە کۆمەڵی گشتیی ئێرانە و دیارە بەشیش تابیعی گشتە، لەبەینچوونی جیاوازی بەو مانایە نییە کە خەبات لە سەرانسەری ئێراندا بە شکڵی چەکدارانە دەر دێ، بەڵکوو بە پێچەوانە ئەوە شێوەی خەبات لە کوردستانە کە ڕەنگی خەبات لە سەرانسەری ئێران بەخۆیەوە دەگرێ و ئاکامەکەی دەبێتە وەلانانی خەباتی چەکدارانە لە کوردستاندا.

لە ڕاستیدا، لەو کاتەوە کە کۆمەڵەی کوردستانی بووە بەشێک لە حیزبی کۆمۆنیست کە خۆی بە حیزبی چینی کرێکار لە سەرانسەری ئێراندا دەزانی، چاوەڕوانی دەکرا کە کۆمەڵە بەم ئاکامەی باسمان کرد بگا. لەوکاتدا کە حیزبی کۆمۆنیست توانای ئەوەی نەبوو خەباتی چەکدارانە لە سەرانسەری ئێراندا وەڕێ بخا، لە بەرامبەردا کۆمەڵە لە کوردستان دەبێ دەست لە خەباتی چەکدارانە هەڵبگرێ. خۆ نەدەکرا حیزبێکی کۆمۆنیستی سەرانسەری لە بەشێک لە وڵاتدا خەباتی چەکدارانە بەشێوەی ئەسڵی خەبات بزانێ و لە بەشەکانی دیکەدا ئەم شێوە خەباتە ڕەد بکاتەوە.

هەر لەو بڕیارنامەیە، لە بەشی ئەرکانی ستراتێژیی ئێمە لە کوردستاندا هاتوە کە: "**شارەکان کانوونی ئەسڵی ڕەخنەگری و ناڕەزایەتیدەربڕینی سیاسی و تووودەیی و ناوەندی ئەساسی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەن. ڕاپەڕیی (تەحەڕوک) سیاسی توودەیی لە لادێ تابیعی ڕاپەڕیی سیاسی لە شارەکانەوە، چارەنووسی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە لە شارەکاندا دیاری دەکرێ...**"[1] ئەگەر هێندێک ورد بڕوانینە ئەم ئەرکانە ستراتێژییەی کۆمەڵە یەکەم: ئەگەر ڕاستە کە شارەکان کانوونی ئەسڵیی خەباتی غەیرە چەکدارانە، یانی جێگای ڕەخنەگری و ناڕەزاییدەربڕینی توودەیین، خەباتی چەکدارانە، لە لادێ و لە کوردستان لە باشترین حاڵەتدا خەباتێکی لاوەکی دەبێ. دووهەم: ڕاپەڕیی سیاسی لە لادێ تابیعی خەباتی چەکدارانە، یان شوێنهەڵگر لەم شێوە خەباتە نییە، بەڵکوو تابیعی ڕاپەڕیی سیاسی لە شارەکاندایە. سێهەم: لە هەموان گرینگتر چارەنووسی جووڵانەوە لە شارەکاندا دیاری دەکرێ، کە ئەویش لە ڕەخنەگری و ناڕەزاییدەربڕینی سیاسی و توودەییدا خۆی دەنوێنێ. لەم حاڵەدا خەباتی چەکدارانە لە لادێ و لە کوردستان تەنانەت خەباتێکی لاوەکیش بە حیساب نەدەهات. بەڵکوو کارێکی بێفایدەیە و لەو قۆناغەی سەردەم (١٣٦٧) جێگایەکی نییە. یانی بەکورتی، لە نەزەر کۆمەڵەوە خەبات دەبوو: ١- غەیرە چەکدارانە بێ و شێوەی ڕەخنەگری و ناڕەزاییدەربڕینی هەبێ. ٢- لە شارەکاندا بەڕێوە بچێ.

بەڵام بەڕاستی، چ ڕووی دا کە کۆمەڵە "ڕاستی"یەکی هێندە بەرچاو پاش نۆ ساڵ خەباتی چەکدارانە وەک "ڕازێکی" گەورە دیتیەوە و ناوی "ئەرکانی ستراتێژی"ی لەسەر دانا؟

کۆمەڵە لە تێکۆشانی حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستاندا ٣ دەورەی جیا لە یەک بینی: دەورەی پێش وەخۆکەوتنی بەربڵاوی توودەیی، یانی دەورەی دوای کۆنگرەی شەش کە دەورەی دەستپێکرانی جووڵانەوەی ڕەخنەگریی و ناڕەزاییدەربڕینی تووودەیی و دەورەی گەشەی سیاسی و بەرەو

---

[1] - بڕواننە ئەو بەستەرە: کۆمۆنیستی ژمارە ٤١

http://hekmat.public-archive.net/fa/3080fa.html

پێشـەوەچوونی یەکجاری. لە دەورەی یەکەم یانی دەورەی دوای بڕیارنـامەی کـۆنگرە ئەرکـی کـۆمەڵە بـریتییە لە پاراسـتنی پـتەوی و بەتوانـابوونی هێـزە چەکداری کۆمۆنیستی و پەرەپێدانی ئەو هێزە لە چوارچێوەی ئیمکاناتی ئەم دەورەیەدا. لە دەورەی دووهەمدا -کە دیارە ڕوون نەبوو کەنگێ و پاش چ مـاوەیەک دەسـت پـێ دەکـا. بەڵام وێـدەچێ کە لە نەزەر کـۆمەڵەوە وا زوو نەیگەشتبایە- ئەرکی کۆمەڵە بریتی دەبێ لە پەرەپێدان و بەتواناکردنی خێرای هێزەکـانی خـۆی بە مەبەسـتی پێشـڕەویی نیزامـی و ئـازادکردنی ناوچەکـان. سەرەنجام دەچینە دەوری سێهەم، کە لەودا ڕاپەڕین لە شارەکاندا دەست پێ دەکـا. کەوابـوو، بەگـوێرەی ئەم بەرنـامەیە ئەرکـی کـۆمەڵە لە هەلـومەرجی ئەوکاتدا بریتییە لە پاراستنی هێزی چەکداری خۆی و لەبەر ئەوە کە مەیدانی ئیمکانـات لە سـاڵی ١٣٦٧ بەولاوە زۆر تەنـگەبەرە، لە ڕاسـتیدا مەسـەلەی پەرەپێدانی هێزی چەکدار بە هیچ جۆر لە گۆڕێدا نییە.

کاک "برایم عەلیزادە" لە وتووێژی خۆی لەگەڵ ڕادیۆی کۆمەڵەدا هەرچەند هەوڵی دا مەسـەلەکە لە چوارچێوەی هێنـدێک قسـەی قەڵەمـی و بەتێکوڵدا بە جۆرێـک بـاس بکـا کە "ڕازی" واز هێنـانی کـۆمەڵە لە خەبـاتی چەکـدارانە بە ڕاشـکاوی دەرنەکەوێ، بەڵام بە کـردەوە چەنـد هەنگاوێـک دەچێـتە پێشـتر و بەڵگە و دیاردەی پتر بە دەستەوە دەدا.

عەلیزادە لەبارەی بەڵگەیەک کە لەو کۆنگرەیەدا لەسـەر تێکۆشـانی نیزامیی کۆمەڵە پەسند کراوە دەڵێ: "**بڕیارنامەی پێشنیارکراو لەسەر ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەیەکی گشتیدا پەسند کراوە و قەرارە پاش کۆنگرە سیمینارێک بۆ باسکردن و شیکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو بڕیارنامەیە پێک بێ. بڕیارنامەکە لەبەر هێندێک خاڵی ئەمنیەتی جارێ بەئاشکرا بڵاو ناکرێتەوە.**"
ئەم قسـانەی عەلیـزادە نیشـان دەدەن کە: یەکەم، بڕیارنـامەکە لە چوارچێوەیەکی گشـتیدا پەسـند کـراوە نەک خـاڵ بە خـاڵ و بەند بە بەند، کە ئەمە خـۆی نیشـاندەری جیـاوازی بیروبۆچـوون لەسـەر بـوو. دووهەم، بـۆ شـیکردنەوەی ئەو بڕیارنـامەیە سـیمینارێکی تـایبەتی بە پێویسـت زانـراوە و ئەمە خـۆی ئەم پرسـیارە دێنێـتە گـۆڕێ کە ئەگەر کـۆمەڵە لە کـۆنگرەی شەشـەمی خۆیـدا دیسـان لەسـەر خەبـاتی چەکـدارانە وەک شـێوەی ئەسـڵی

خەبات سووره، ئەی پێکهێنانی سیمینار بۆ تەوجیەکردن و شیکردنەوەی چ پێویستییەک بوو؟ سیمیناری تەوجیهی و شیکردنەوە کاتێک پێویست دەبێ کە گۆڕانێک لە سیاسەتی پێشوودا پەیدا بووبێ و ئەگەر ئەم سیاسەتەی پێشوو پێداگرتن لەسەر خەباتی چەکدارانە نییە، کەوابوو مەبەست لە دوایین ڕستەی قسەکانی عەلیزادەش زۆر ڕوون بوو لە ڕاستیدا ئەوە خاڵی ئەمنییەتی نین کە بوونە هۆی نهێنی ڕاگرتنی بڕیارنامەکە بەڵکوو ترس لە ڕووخانی دیواری بیرو بۆچوونی کۆمەڵە بوو کە لەسەر پایەی خەباتی چەکدارانە دامەزرابوو.

برایم عەلیزادە درێژە بە ئاشکراکردنی نهێنییەکان دا و دەڵێ: "**...لەبەر ئەوە کە شەڕ و بەرهەڵستی نیزامی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە مەیدانەکانی تێکۆشانی کۆمەڵە بوو، ئەم بۆچوونە هەمیشە پێی خۆش بووە کۆمەڵە وەک هێزێکی شەڕکەر بنوێنێ و بەرەو پێشەوەچوون یان پاشەکشە لەو مەیدانەدا بکاتە پێوانەی قەزاوەت و هەڵسەنگاندن سەبارەت بە جووڵانەوە و بە کۆمەڵە...**" ئەگەر باش سەرنج بدەین دەبینین کە عەلیزادە نالێ: خەباتی چەکدارانە بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە مەیدانەکانی تێکۆشانی کۆمەڵەیە، بەڵکوو دەڵێ: "بوو"، یانی وەک شتێکی ڕابردوو کە ئێستا ئیتر نییە باسی دەکا. پاشان تێدەکۆشێ بۆ پاشەکشەی نیزامی، یان لە ڕاستیدا بۆ وازهێنان لە خەباتی چەکدارانە پاکانە بکا و دەڵێ: "**شکی تێدا نییە کە پێشڕەویی نیزامی بە مانای باشتربوونی نیسبەتی هێز لە ڕیزی خەباتی نیزامیی کرێکارانیش دایە و پێشڕەوییەکی ئەوتۆ یەکێک لە دیاردەکانی بەهێزبوونی ڕیزی کرێکارانە. بەڵام لە عەینی کاتدا پێم وانییە کرێکارانی تێگەیشتووی کوردستان قەت تووشی ئەم خۆشباوەڕییە بووبن کە پێیان وابێ گۆیا بەشی چەکداریی کرێکاران بە دوور لە خەباتی یەکگرتووانەی سەرانسەر و چینایەتیی ئەوان، ڕۆژێک سەرکەوتنیان لەبەر دەرگای ماڵەکانیاندا بە دیاری پێشکەش دەکا...**". یانی بەکورتی، لە نەزەر ڕێبەرانی کۆمەڵەوە خەباتی چەکدارانە لە کوردستان، یەکەم: سەرکەوتن لەگەڵ خۆی بەدیاری ناهێنێ. دووهەم: هەر بەم دەلیلە نابێ هیوات پێی هەبێ و، سێهەم: بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە، شێوەی خەباتی چەکدارانە لە کوردستاندا سوودێکی نییە و بێ فایدەیە.

بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە بە ڕەدکردنەوەی خەباتی چەکدارانە لە هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستاندا، تووشی گیروگرفتێکی گەورە بوون. ئەوان باشیان دەزانی کە ئەگەر کۆمەڵە، بە پێچەوانەی باقی ئەو تاقمانەی ئیددیعای مارکسیستبوون دەکەن و نفووزێکیان لەنێو کۆمەڵانی زەحمەتکێشی ئێراندا نەبوو، لە کوردستاندا جێپێیەکی هەر ماوە، لەبەر ئەوەیە کە لە جووڵانەوەی کوردستاندا بەشداری کردوە و درووشمی خەڵکی خودموختاری قبووڵ کرد. بەڵام کە لە نەزەر ئەوانەوە داخوازەکانی سەرانسەری گرینگتر لە داخوازەکانی ناوچەیی بوون بە ناچار دەبوو شێوەیەک لە خەبات هەڵبژێرن کە لە ڕادەی سەرانسەریدا جێگای پەسند بێ، مەعلووم نەبوو تەکلیفی خودموختاریی کوردستان چی لێ دێتەوە؟

"خودموختاری" هەر ئەو دروشمەیە کە کۆمەڵە لە سەرەتای شۆڕشدا بەو بەهانەیە کە دروشمێکی بورژواییە ڕەدی دەکردەوە. بەڵام لەبەر ئەوە کە دروشمی حیزبی دیموکرات بۆ خودموختاری بوو بە داخوازی کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵکی کوردستان، کۆمەڵەش بە ناچار "خودموختاری"ی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاند، کۆمەڵە دەبوو بە هەر جۆرێک بێ تەکلیفی ئەم دروشمە "بورژوایی"یە کە ببووە هۆی پەرەگرتنی خەباتی چەکدارانە لە کوردستاندا ڕوون بکاتەوە. هەر بۆیەش برایم عەلیزادە دەڵێ کە لە کۆنگرەی شەشەمدا کۆمەڵە پاش باسێکی دوور و درێژ بەم ئاکامە گەیشتووە کە خودموختاری ئیتر ناتوانێ دروشمی ئەسڵیی کۆمەڵە لە کوردستاندا بێ. "جاران لە دەورەیەکدا داخوازەکانی چینی کرێکار لەژێر سێبەری جووڵانەوەی گشتیدا لەبیر دەچوونەوە... بەڵام ئەمڕۆ ئێمە بەوە ڕازی نابین. شتێک کە ئەمڕۆ گرینگە ئەوەیە کە داخوازەکانی کرێکاران و ئامانجەکانی چینی کرێکار بەتەواوی لە چوارچێوەی خۆنواندنی سوننەتیی خۆیان وەدەر کەون و ڕاستەوخۆ بێنە گۆڕێ".

برایم عەلیزادە هەر ئەندازە بەرەو پێشتر دەڕوا ڕاشکاوانەتر قسە دەکا و دەڵێ: "چینی کرێکار، گەلاڵەی خۆی بۆ لابردنی ستەمی میللی دادەڕێژێ و ڕای دەگەیەنێ و کۆمەڵەش هەر لەم ڕوانگەیەوە گەلاڵەیەکی بۆ خودموختاری هەیە. بەڵام ئیتر پێویست ناکا چوارچێوەی گەلاڵەی ئێمە بۆ خودموختاری

ببێتە ئەو چوارچێوە گشتییە کە هەموو ئامانج و داخوازەکانی کرێکاران لەخۆیدا بگونجێنێ، چونکە بەڕاستی چوارچێوەیەکی تەنگە". هەڵبەت، خودموختاری چوارچێوەیەکی تەنگ نەبوو، بەڵام وادیارە قافیەی بۆ بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە زۆر تەنگ کردبۆوە. سەرەڕای ئەمە، کۆمەڵە هەرچەند نەدەوێرا درووشمی خودموختاری بە یەکجاری وەلابنێ، بەڵام پێی لەوە دەنێ کە مەبەستی ئەو لە هێنانەگۆڕی مەسەلەی خودموختاری لەگەڵ مەبەستی خەڵکی کوردستان لێک جیایە. خەڵکی کوردستان خوازیاری چارەسەرکردنی مەسەلەی میللین و دەیانەوێ بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بگەن کە لەمێژ ساڵە لەو ڕێگایدا خەبات دەکەن، فیداکاری بۆ دەنوێنن و قوربانی بۆ دەدەن. بەڵام کۆمەڵە چی؟

لەوبارەیەوە با بزانین برایم عەلیزادە قسەی چی بوو؟ "**پرسیار: ئیشارەتان بە هێندێک جیاوازی لە نێوان پێداگرتنەکانی ئێمە لەسەر مەسەلەی خودموختاری لە لایەک و حیزب و هێز بورژواییەکان لە لایەکی دیکە کرد. بێ زەحمەت لەبارەی ئەم خاڵەدا پتر ڕوونمان بکەنەوە.**

**وەڵام: یەکەمین مەسەلە کە ئێمە پێی لەسەر دادەگرین ئەوەیە کە ئێمە خوازیاری چارەسەرکردنی مەسەلەی میللین. بەومانایە کە ئێمە دەمانەوێ ئەم کۆسپە بە دێموکراتیترین شێوە لەسەر ڕێگای کرێکار و زەحمەتکێشی کورد وەلابنرێ، هەتا ناتەباییە چینایەتییەکانی واقعی لەم کۆمەڵەدا بە ئاشکراترین شێوە بتوانن خۆ بنوێنن".** کەوابوو، کۆمەڵە یەکەم، مەسەلەی میللی بە کۆسپێکی سەر ڕێگای زەحمەتکێشانی کوردی دەزانی نەک بە بەشێک لە داخوازەکانیان. دووهەم، خودموختاری بۆ کۆمەڵە ئامانج نەبوو، بەڵکوو وەسیلە بوو و سێهەم، چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی و دابینبوونی خودموختارییان تەنیا بۆ ئەوە دەویست کە ناتەباییەکانی چینایەتی لە کۆمەڵدا بە ئاشکراترین شێوە بتوانن خۆبنوێنن.

هەر لەسەر تاکتیکی خەباتی کۆمەڵە. برایم عەلیزادە پاش شێروڕێوی هێنانەوە بۆ سیاسەتی کۆمەڵە لەبارەی شەڕدا و بە شیکردنەوەی قۆناغی ئەوکات و سەرنجدان بە شەڕی ئێران و عێراق و سیاسەتی حیزبی دێموکرات و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی تێکۆشانی نیزامیی کۆمەڵە بەم ئاکامە

دەگا کە: "**ئێمە تێدەکۆشین لەسەر ئەساسی هەڵسەنگاندنێکی واقعبینانە لە وەزعی ئێستا، ئەرکی هەڵسەنگێندراوتر و حیسابکراوتر لە بەرنامەی عەمەلیاتی نیزامی خۆماندا بگونجێنین**". ئەم ئەرکە هەڵسەنگێندراوتر و حیسابکراوانەتر چ بوون؟

بەوتەی برایم عەلیزادە دەبێ: عەمەلیاتی نیزامی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا مەبەستدارتر بن و بە هۆی ئەو واحیدانەی لە نەزەر ڕەزمییەوە ئامادەترن بەڕێوە بچن. پاراستنی هێز و هێنانەخواری ڕادەی تەلەفات لە جەریانی عەمەلیاتدا سەرنجی جیددیان پێ بدرێ. هەروەک لە دواتریشدا ئیشارەی پێ دەکرێ کۆمەڵە ساڵی ٦٧و٦٨ خاوەنی ئەو واحیدە ڕەزمییانە بەو تایبەتمەندییانەوە کە برایم عەلیزادە باسیان دەکا نەبوو. لەبەر ئەوە، بەناچار دەبوو لە عەمەلیات ڕابوەستێ هەتا ئەوکاتەی دەیبوو، یانی دوای کۆنگرەی شەش دەرگای خەباتی چەکدارانە دابخا.

پرسیارێکی ئەسڵی دێتە ئاراوە هۆی ئەو گۆڕانە لە سیاسەتی کۆمەڵەدا چی بوو؟ و کۆمەڵە بۆچی وازی لە خەباتی چەکدارانە دێنا؟

ئەو هۆیانە دەتوانین بکەین بە دوو بەش: بەشی یەکەم هۆی زیهنی کە بە شکڵی پاکانەی تێئۆری لە بڕیارنامەکان و لە قسەکانی کاک برایم عەلیزادەدا دەنگیان داوەتەوە. بەشی دووهەم هۆی عەینی.

لە بەشی هۆی زەیهنیدا، لە پێشدا دەتوانین ئیشارە بە شوێنهەڵگرتنی کۆمەڵە کە لە دەورەیەکدا کوردستانی بوو، لە "سەهەند"ییەکان بکەین. شوێنهەڵگرتنێک کە ئاخرەکەی بوو بە هۆی سازبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە. هەرچەند لە ساڵی ١٣٦٧دا ناکۆکیی نێوخۆیی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە هەروا چارەسەرنەکراو مابۆوە و تەنانەت ئەو ناکۆکییانە بوون بە هۆی ئەوە کە واز لە پێکهێنانی کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیست بهێنن بەڵام زۆربەی ڕێبەرانی کۆمەڵە کە خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانی لە ڕێبازی سیاسیی ڕێبەرانی سەهەندی پێڕەویان دەکرد کە لە هەلومەرجی ئەوسەردەمەدا بە خەباتی چەکدارانە بۆ خودموختاری کوردستان گرینگییەکی دەرەجە چەندەم نەبایە پێیان نەدەدان و گەیشتبوونە ئەو قەناعەتە کە خەبات بەدژی ڕێژیمی خومەینی خەباتێکی درێژخایەنە و درێژەدانی خەباتی

چەکدارانە بەتەنیا لە کوردستاندا و ئەویش تەریککەوتوو لە ناوچەکانی دیکەی ئێران، کارێکی بێسوودە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە چەند ساڵ دەبوو خاکی کوردستانیان بەجێ هێشتبوو و لە ئورووپا و بە تایبەتی لە سوئێددا دانیشتبوون. کەسێک کە بڕوای بە خەباتی چەکدارانە هەبێ مەیدانی خەبات بەجێ ناهێڵێ و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چەندین هەزار کیلومێتر دوور لە وڵات ژیان ناباتە سەر.

یەکێکی دیکە لە هۆیە زیهنییەکان ئەوە بوو کە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە لە بەئاکام گەیشتنی خەباتی چەکدارانە ناهومێد بوون. ئەوانیش وەکوو زۆری دیکە لە ڕێبەرانی تاقمە مارکسیستییەکانی پاش شۆڕشیان لێ هاتبوو کە کاتێک خومەینی دەستی بە سەرکوتکردنی موخالیفەکان کرد لە ڕووی ناچارییەوە پەنایان بۆ کوردستان هێنا و، هیوایان ئەوە بوو کە ئەگەر نەڵێین چەند مانگ، لانی زۆر لە چەند ساڵدا ڕێژیمی خومەینی بەچۆک دادێ. بەڵام کە دیتیان خەبات درێژە دەکێشێ، بۆ پاکانە ڕوویان لە ڕەدکردنەوەی شێوەی خەباتی چەکدارانە وەک شێوەی ئەسڵیی خەبات کرد.

لە پاش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست، کۆمەڵە لەنێو لایەنگرانی خۆی لە کوردستاندا ئەم بڕوایەی پەرە پێ دەدا کە بە هۆی خەباتی خەڵکی کوردستان، بەرەبەرە سەرانسەری ئێران ڕوو لە خەباتی چەکدارانە دەکا و بە تایبەتی چینی کرێکاری چەند میلیۆنیی ئێران لەژێر ئاڵای حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵەدا ڕادەپەڕێ. بەڵام لە ناوچەکانی دیکەی ئێران جووڵانەوەکان سەرکوت کران، لە چینی کرێکار هیچ بزووتنەوەیەک بەم پێیەدا نەدیترا و، دەریش کەوت لە حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە نفووزێکی لەنێو چینی کرێکاری ئێراندا نییە.

لە هۆیەکانی دیکەی پاشەکشەی کۆمەڵە لە خەباتی چەکدارانە، تەرکیبی ئەو ڕێکخراوەیە. ڕێبەرانی کۆمەڵە زۆربەیان لە بنەماڵە ئەشرافی، یان بورژوا و وردەبورژوای شار بوون. بەشێکی گەورە لە ئەفرادی چەکداری کۆمەڵەش منداڵی چینە نێونجییەکانی شار و بە تایبەتی خوێندکار بوون. لە تایبەتمەندییەکانی وردە بورژوایش ئەوەیە کە لە هەڵومەرجی گەشەکردن و پەرەئەستاندنی هێزە شۆڕشگێڕەکاندا ڕوو لە شۆڕش دەکەن، بەڵام کاتێک

دەورەی ڕۆمانتیزمی شۆڕشگێڕانە بەسەر دەچێ، ڕیزی شۆڕش بەجێ دێڵن. ئەوان نەفەسی خەباتی درێژخایەنی چەکدارانەیان نامێنێ و هێزی خۆڕاگری لە بەرامبەر دژوارییەکان و ناکامییەکانیان لە خۆیاندا نابینن. شتێک کە ڕیزەکانی کۆمەڵە بەتەواوی دەگرتەوە.

سەرەڕای ئەمانە، بە بێگومان هۆی ئەساسیی ڕەدکردنەوەی خەباتی چەکدارانە لە لایەن کۆمەڵەوە دەبێ لە هەلومەرجی عەینی و لە وەزعێکدا بدۆزرێتەوە کە کۆمەڵە لە مەیدانی خەباتدا تووشی هاتبوو. برایم عەلیزادە بۆخۆشی پێ لەوە دەنێ کە کۆمەڵە لە باری نیزامییەوە ناچار بە پاشەکشە بووە. هۆی گۆڕانی تاکتیکی خەباتی کۆمەڵە لە هەلومەرجی ئەوکاتی خەبات لە خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵە و هەروەها لە قبووڵنەکردنی تەقەوەستاندن لە لایەن حیزبی دێموکراتدا دەبینێ.

لە ٥ لاپەڕەی سەرەتای نامیلکەی ناوبراودا لەبارەی وەزعی ئێستای کۆمەڵە دوو هەڵسەنگاندنی جیاواز دەبینرێ. لە بەشی "ئەرکانی ستراتیژیی ئێمە لە کوردستان"دا نووسراوە: **"بە تایبەتی لە کوردستاندا کۆمۆنیزمی کۆمەڵە هێزێکی کاریگەری کۆمەڵایەتییە"، (لاپەڕەی ٣، خاڵی ٥)** لە حاڵێکدا لە لاپەڕەی ٥ و لە بەشی خاڵە سەرەکییەکانی ئەرکەکانی ئێمە لە دەورەی ئێستادا باسی پێویستی "گۆڕینی کۆمۆنیزم بە هێزێکی کۆمەڵایەتی" دەکرێ، کەوابوو دەردەکەوێ کە کۆمۆنیزمی کۆمەڵە بە پێچەوانەی ئیددیعای پێشتری کۆمەڵەییەکان نەک هەر نەبووە هێزێکی کۆمەڵایەتیی کاریگەر، بەڵکوو هەر لە ئەساسدا نەبۆتە هێزێکی کۆمەڵایەتی و ئەمە ئاواتێک بوو کە لە داهاتوودا دەبوو وەدی بێ و لە ڕاستیدا هەر ئەوە بوو یەکێک لە هۆیەکانی عەینی وەلانانی خەباتی چەکدارانە لەلایەن ڕێبەرانی کۆمەڵەوە. کاتێک حیزبێکی کۆمۆنیست لەنێو کۆمەلانی خەڵکدا پایەگایەکی کۆمەڵایەتیی نەبێ و زەحمەتکێشان پشتیوانیی لێ نەکەن، دیارە کە ناتوانێ درێژە بە خەباتی چەکدارانە بدا.

ئەم خاڵە، لەگەڵ درێژەی شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات، هەڵە سیاسی و تەشکیلاتی و تاکتیکییە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێبەرانی کۆمەڵە لە جەریانی خەباتی چەکدارانەیاندا و ئەو زەبرانەی بە تایبەتی لەم دوو ساڵەی دواییدا

١٣٦٥و٦٦ وە ئەفرادی چەکداری لەلایەک و تەشکیلاتی نێوشارەکان لەلایەکی دیکە کەوت، کۆمەڵەیان بە جۆرێک بێهێز کرد کە بەکردەوە ئیمکانی درێژەدانی خەباتی چەکدارانەی بۆ نەما. بە زمانێکی سادە لەڕاستیدا کۆمەڵە ئەفرادی چەکداری بە ئەندازەی پێویست لە دەستدا نەماوە تا بتوانێ خەباتی چەکدارانە درێژە بدا. هیوا بەوەش کە لاوی تازەنەفەس بێنە نێو کۆمەڵە، چاوەڕوانییەکی بێسوود بوو. چونکە لەم مانگانەی هاوینی ١٣٦٧ ژمارەی ئەو جۆرە کەسانە زۆر کەم ببۆوە. بە لەبەرچاوگرتنی هەمووی ئەو هۆیانەیە کە کۆمەڵە لە وەدەستهێنانی سەرکەوتنی نیزامی لە کوردستاندا بەتەواوی ناهومێد بوو و ئەو سەرکەوتنەی بە سەرکەوتنی شۆڕشی سەرانسەری لە ئێراندا بەستبۆوە.

لە خاڵی ٩ی "ئەرکانی ستراتیژی"دا نووسراوە: "**دەستەبەری یەکجاری بۆ بەردەوامبوونی سەرکەوتن بریتییە لە تێکشکانی هێزی بوژروازی لە رادەی سەرانسەریدا. کوردستانێک کە لەودا جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی تێک شکاندبێ بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی خۆی ناتوانێ بە هیچ شتێک غەیری شۆڕشێکی سەرانسەری لە ئێراندا پشت ببەستێ**".[1] ئەمە لە ڕاستیدا هۆی ئەساسی لەنێو هەموو هۆیەکان دابوو. یانی کۆمەڵە بەکردەوە توانای درێژەدان بە خەباتی چەکدارانەی نەمابوو. بەڵام بۆ پاکانەکردن پەنا بۆ شێروڕێوی هێنانەوە دەبرد و بۆ ڕەدکردنەوەی خەباتی چەکدارانە هەوڵی دەدا تیئۆری دابتاشێ. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش هەر ئەوەندە بەسە عەمەلیاتی نیزامیی کۆمەڵە لە هاوینی ساڵی ١٣٦٦ لەگەڵ وەزعی ساڵێک دواتر واتە ١٣٦٧ هەڵسەنگێنین. کۆمەڵە هەرچەند بۆ خاڵینەبوونی عەریزە ژمارەیەکی کەمی لە ئەفرادی چەکداری خۆی بە مەبەستی گەشتلێدان ناردبۆوە نێو کوردستان، بەڵام ئەوانە نە هێزێکی شەڕکەری ئەوتۆ بە حیساب دەهاتن و نە توانای ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمیان بەو ڕادەیەی دوو ساڵ پێشتریان هەبوو.

---

[1] – هەمان سەرچاوەی پێشوو

به کورتی، ناکۆکیی نێوخۆیی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە، له دەستدانی پایەگای کۆمەڵایەتی له شار و لادێ، ئاشکرابوونی تەشکیلاتی نێو شارە گەورەکان بۆ دوژمن و سەرەنجام کەمبوونی بێوێنەی ئەفرادی چەکداری شەڕکەر، کۆمەڵەی ناچار کرد دەست له خەباتی چەکدارانە هەڵبگرێ، له تیئۆریدا شێوەی خەباتی چەکدارانە له پلەی "شکڵی مێحوەری خەبات" هەتا پلەی "شکڵێکی جێگای ئێعتیبار" بێنێته خوارێ (لاپەڕەی ٤ی ناميلکە) و بەکردەوە له خەباتی چەکدارانە شتێکی کاریگەر و بەرچاو ناهێڵێتەوە.

هەروەک ئاماژەی پێکرا، ڕاگەیاندنی هەڵوێستێکی ئاوا به ڕاشکاوی بۆ ڕیزەکانی کۆمەڵە قابیلی قبووڵ نەبوو. هەربۆیە ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە لەلایەک پەنای بۆ شیکردنەوە و پاکانەکردن برد و له لایەکی دیکە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوانەی بۆی ماوەتەوە تا ماوەیەکی دیکە ڕازی بکا ناچار بوو هێندێک کەسی بۆ گەشتلێدان ناردەوە نێوخۆی کوردستان هەتا ئەو گۆڕانە تاکتیکییە له نەکاوە هێندە زەق نەیەتە بەرچاو.

بەڵام ئاشکرا بوو که ئەم گۆڕانە وەزعی خراپی کۆمەڵە لەوەش که هەیە خراپتر دەکرد. دیتمان کۆمەڵە وەک بەشێک له حیزبی کۆمۆنیست مایەوە و سیاسەتی ناڕاستی ئەو حیزبە له کوردستاندا پیادە دەکرد، بۆیە زۆر تێنەپەڕێ که وەکوو تاقمەکانی دیکە بووە تاقمێکی بچووکی بەتەواوی تەریک کەوتوو له کۆمەڵانی خەڵک".[1]

ئێستا بزانین کاک عەبدوڵلا لەسەر کۆنگرەی شەشی کۆمەڵە له کتێبەکەیدا چی نووسیوە:

**"من لەسەدا سەد دژی هەموو بڕیار و پەسەنکراوەکانی کۆنگرەی شەشم بووم. پێم خۆشە ئەوە بۆ مێژوو بمێنێتەوە ...... کۆنگرەی شەشم که گیرا، یەکەم کۆنگرەیە که ئێمەمانان من خۆم یەکیان که لەداڕێژەرانی خەت و سیاسەتی کۆمەڵە بووم، چکۆڵەترین دەور و نەخشێکم تێیدا نەبوو، لەگەڵ پەسەندکراو بڕیارەکانی نەبووم، ئەو بڕیارانەی چۆن نووسراون، بۆ یەکەم جار برایم عەلیزادە، لەگەڵ مەنسور حیکمەت لەماڵی ئەو که ئەو وەختە له**

[1]– کۆمەڵە و ڕەدکردنەوەی خەباتی چەکدارانە له کوردستاندا، "کوردستان"، ژمارە ١٣٨

**وڵاتی دانمارک بوو لە ئوروپا، لەماڵی ئەو دانیشتوون ئەوانەیان نووسیوە، تەنانەت پێش نووسینەکەیان نیشانی من نەداوە."[1]**

لە پێوەندیی لەگەڵ ئەوەیکە کاک عەبدوڵڵا دەڵێ من هیچ بڕیارێکی کۆنگرەی شەشم قەبوول نییە.

با بزانین کاک برایم عەلیزادە دەڵێ چی:

**"…. کاری سەرەتایی ئەو کۆنگرەیەش** (مەبەستی کۆنگرەی ٦) **لە پلینۆمێکی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە شاری سلێمانی بە بەشداریی عەبدوڵڵای موهتەدی و مەنسووری حیکمەت، جێبەجێ کرا، عەبدوڵڵای موهتەدی لەو پلینۆمەدا، ڕای مخالفی بەرانبەر بە ڕەش نووسی هیچ کام لە بڕیارنامەکان دەرنەبڕی، بەڵام کەم قسە بوو، تا ڕادەیەک بێدەنگ بوو. مەنسووری حیکمەت پێش دەستپێکردنی کۆنگرە گەڕایەوە دەرەوەی وڵات و کاک عەبدوڵڵاش لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە بەشدار بوو…..پێمان خۆش بوو کاک عەبدوڵڵا بمێنێتەوە هەر دوای ئەوەش شەش مانگ، عەبدوڵڵا موهتەدی دەکەوێتە نووسین و تەئیدی هەموو کۆنگرەی شەش دەکات و تەنانەت ڕەخنە لە کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە دەگرێ کە بە ئەندازەی پێویست بەکردەوە لە سەر خەتی کۆنگرە نەچووەتە پێش و نیشانیدا کە ئەگەریش پێشووتر و لە پلینۆمدا بێدەنگ و کەم قسە بووە، ئێستا بە تەواوی ساغ بۆتەوەو دیفاعی لێ دەکات داوای دەکرد کە کومیتەی ناوەندیی حیزب لە ڕووی تەشکیلاتیشەوە بەرانبەر بە لادانی کومیتەی ڕەهبەریی کۆمەڵە لە ڕێبازی کۆنگرەی شەش هەڵوێست وەربگرێ. ئەوە ڕاستیەکە کە بە پێی بەڵگەنامەکان حاشای لێ ناکرێ هەم لە گۆڤاری "کۆمۆنیست"دا لەسەری نووسیوە و هەم لە بەیانییەی پلینۆمی شازدەدا بە تێروتەسەلی لەم بابەتەوە قسەی کردووە. لەساڵانی دواتردا دەکرێ هەڵوێستی گۆڕابێ و ئەوە خۆی لەخۆیدا عەیبێکی نییە و، بەڵام مێژوو لەسەر جێگەی خۆیەتی".[2]**

---

[1]– "٥ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی" لاپەڕە ٢٢٩

[2]– "سێ ساڵ لەگەڵ برایم عەلیزادە" لاپەڕەی ٢٣٨.

ئەگەر ورد بڕوانینە نوسراوەکانی ڕێبەرانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆمان دەردەکەوێ کە پارادۆکسێکی گەورەیان هەم لەتیئوری و هەم لەکردەوەدا هەبوو، مەنسووری حیکمەت تەنانەت بێجگە لەوەی سێبەری بەسەر هەموو کۆمەڵەدا کێشابوو، لەماوەی ٥ ساڵدا ئەوەندەی کار کردبوو کە سیاسەتەکانی بەتەواوی بەسەر حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵدا باڵادەست بوو، بەتایبەتی دوای ئەو کۆنگرەیە دوایین ئاسەوارەکانی ڕێکخراوی کوردستانیی "کۆمەڵە"ی بەتەواوی سڕییەوە و کۆتایی بە ئاسەواری ساڵەکانی پێش دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیست هێنا. هەر لەدوای کۆنگرەی شەش، تاقمی سەهەند بە هێنانە گۆڕی "ئەندامەتی کرێکاری" پاشان "کۆمۆنیزمی کرێکاری خەڵکێکی زۆری لە ناو حیزبی کۆمۆنیست لە دەوری خۆی کۆکردەوە. ئەوان لەو سەروبەندەدا تەنیا لەسەر یەک مەسەلە کۆک بوون ئەویش لێدانی حیزبی دێموکرات و درێژەدانی شەڕ لەگەڵ ئەو حیزبە بوو، ئەگینا لەسەر هەموو بەڵگەنامە و بڕیارەکانیانی دیکەیان پارادۆکس و ناکۆکیی گەورەیان هەبوو.

لەساڵانی ١٣٦٧ و ١٣٦٨ کێشە و تەنگژەکانی کۆمەڵە گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی، کێشەکان بۆ ئورگانەکانی خوارەوەی کۆمەڵە شۆڕبوونەوە و هەموو لقوپۆی کۆمەڵەی داگرت، تەنانەت بەهۆی دەمەقاڵە و کێشەی ڕۆژانەی ئەفرادی خوارەوە کەسێک بە ناوی کەماڵ کانیﻧیاز دەکوژرێ! کەچی لە ڕێوڕەسمی یادکردنەوەیدا کە یەکێک لە مەسئوولانی بانە قسەی لەسەر دەکا و "عوامل بورژوازی" بە سەبەبی کوشتنی دەزانێ !!

"باسەکان بە توندوتیژییەوە بەردەوام بوون تا کارەساتێکی ناخۆش لە "بۆتێ" ڕوویدا. ئێوارەیەک لە مقەڕ دانیشتبووین و هەراهەرایەک بەرز بۆوە. پێشمەرگەیەک کە بە "کەماڵ کانیﻧیاز" بانگ دەکرا بە شپرزەیی و تووڕەییەوە هاتە مقەڕ. دەرکەوت لەگەڵ ئاشپەزی ئەو شەوە تووشی دەمەقرێ ببوو. لەوساتانەدا و لەهەلومەرجی ناسکدا هەر شتێکی چکۆڵە دەیتوانی چەخماخەی هەڵگیرسانی ئاگرێک بێ...... نیوەشەو بوو بە هەراهەرایەک وەخەبەر هاتین. "کوشتیان کوشتیان کەماڵیان کوشت" خێرا هاتینە دەرەوە کەماڵ بریندار بوو، بەداخەوە برینی کەماڵ لەوە قووڵتر بوو

پزیشکەکان کارێکی بۆ بکەن...... نازانم چەند ڕۆژ دوای ئەوە بوو بڕیار درا لە سێلفسـێرویس کۆبـوونەوەیەک لەیـادی کەمـاڵدا بگیـرێ، لە ژوورەوە هەموومان بێ چەک دانیشتبووین. کەسێک ژیاننامەی کەماڵی پێشکەش کرد. بەدوای ئەودا یەکێک لەبەرپرسانی کومیتەی ناوچەی بانە لە وتارێکی بەتین و تەوژمدا " عواملی بورژوازی" بە سەبەبی کوشتنەکەی کەماڵ ناو برد. لەو کاتە دا ژومارەیەک لە پێشمەرگەکانی ناوچەی بانە و دیواندەرە بە چەکەوە هـاتنە ژوورەوە. بە دیتنـی ئەو دیـمەنە چـوومە دەرەوە. هەرسـاتە بەتەمـای سەرهەڵدانی توندوتیژیی و چەک کێشان لە یەکتر بووین".[1]

لێرەدا بوو قەیرانی سیاسی و بنبەستی بەکردەوە، کۆمەڵەی بەرەو هەڵدێر برد و سەرلێشێواوی و لەقاودانی کردەوەکانی یەکتر، سەراپای حیزبی بەناو کۆمۆنیستی "کۆمەڵە"ی گرتبۆوە و هەڵوەرین و بێ ئەنگیزەیی و بێ هیوایی باڵی بەسـەر کۆی پێکهـاتەی ئەو ڕێکخـراوەدا گرتبـوو لەهەمانکـاتیشدا بێ باوەڕی خەڵک بە کۆمەڵە لە هەموو کات زیاتر پەرەی سەندبوو.

بـا بەڵگەیەکـی دیـکە بێنیـنەوە لە بـارەی ئـازادیی بەیـان و قسـە کـردن و ئۆپۆزیسـیۆن بـوون کە لە دوای پێکهـاتنی حیزبـی کۆمۆنیسـت، بەسـەر کـۆمەڵەیەک کە بەردەوام جـاڕی ئـازادیی ڕادەربـڕین، پـۆڕاڵ و بۆچـوونی جیاوازی لێدەدا.

**"لەو قوتابخانەیە و لە تەواوی تەشکیلاتی (کۆمەڵەو حیزبی کۆمۆنیست)، قسە لە هەموو شتێک دەکرا بێجگە لە ئازادیی بەیان و ڕادەربڕین، نەک لەبەر ئەوەی پولیس و ئیدارەی ئێرشاد پێوشوێنی کەسێک بکەوێ، بەڵکوو فەزای سیاسـی بە جۆرێـک تەنـگ ببـۆوە کە هـیچ کەس توانـای مخـاڵەفەتی هـیچ دژکردەوەیەکـی نەبـوو. ئۆپۆزیسـیۆن مانـای بـایکۆت و دووری و لـێ ئەستاندنەوەی بەرپرسـایەتییەکی بە بێدەنگی بـوو، ئەوەمـان چەنـدین جـار ئەزموون کرد....... لە سەتحی کومیتەی ناوەندی بۆچوونی جیاواز هەبوو بەڵام لەڕاستیدا بە شێوەی "عامدانەای" دەخرانە ژێر بەڕەوە، یا پەردەیان**

---

[1] – "ئەڤین و قین" مەعروف کەعبی

**بەسەر دا دەکێشراو بە شێوەیەکیان هەڵسوکەوت دەکرد کە دەتکوت لە زگی دایکیانەوە لەسەر هەموو شتێک لەگەڵ یەک هاودەنگن."[1]**

کاتێک لە ڕابیتەی نێوخۆیی حیزبی کۆمۆنیست و لقەکەی کۆمەڵەدا هەواڵێک لەدێموکراسی ئازادی بەیان نیە، چ چاوەڕانییەک لەو سازمانە هەیە کە لە نێو کۆمەڵگادا لایەنگری سەقامگیری دێموکراسی بێ!؟ ڕێبەرانێک کە بە ئەندامانی خۆی ڕێگای نەزەر دەربڕینی لێ ئەستاندونەتەوە چۆن بە مخالیفینی خۆی لە کۆمەڵگادا ڕێگای ئازادی بەیان و ڕادەربڕین دەدەن؟ ئەوە جیا لەوەیکە ئەمانە نیشانی دەدەن کە لەو قۆناغەدا بێ متمانەی و بێدەنگکردن لەناو کۆمەڵەدا گەیشتۆتە ترویکی خۆی، بەڵکوو بۆچوونە جیاوازەکانیش بە هێند نەدەگیرا و لە پەڕاوێز دەخران. مەنسوور حیکمەت لەڕۆژی یەکەمەوە باوەڕی بە کۆمەڵە نەبووە کەچی کۆمەڵە تەشکیلاتی خۆی بەهەموو سازمانییەوە دوو دەستی ڕادەستی ئەو کرد. (بە قەولی خەڵکی لە گیان بورژوازی بەر دا.) خۆ لەخۆڕا نییە دەڵێن کوشتنی کەماڵ سەبەبی بورژوازی بووە نیشانەی ئەوەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوو مەنسوور حیکمەت باوەڕی بە ئەفرادی کۆمەڵە نەبوو، ئەوە کۆمەڵە بوو فریوی ئەوانی خواردووە، و بوو بە جێبەجێکاری پلان و بەرنامەکانی ناوبراو و هاوبیرانی. ناپاکیی ئەوان کاتێک دەردەکەوێ کە کۆمەڵە ڕۆڵێکی گرینگی لە چەکدارکردنی ژنانی کوردستان بەشێوازی خۆی بووە، بەڵام حیکمەتیستەکان و لایەنگرانیان لەنێو کۆمەڵەدا نەتەنیا لەو بارەیەوە کەمتەرخەم بوون تەنانەت لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانیشیان نەپرسیوەتەوە هەر ئەوەش زۆرجار ڕووداوی دڵتەزێنی لێکەوتۆتەوە.

"مەسەلەیەکی دیکە داستانی کچێکە بەناوی چیمەن خەڵکی لای دیواندەرە، کە لەسەر پۆستی نیگابانی لەلایەن پێشمەرگەیەکەوە بەزۆری تەجاوزی پێکراو لێی حامله بوو، چیمەنیان بۆ ئوردووگا ڕەوانە کردبوو. ڕۆژێک من و یەکێک لە ئەندامی کومیتەی ئوردوگا چووین بۆ لای ناوبراو زۆر ناڕاحەت و غەمناک بوو داستانەکەی بۆ گێڕاینەوە. ئێمەش چووینەلای یەکێک لەو کچانەی لەڕادیۆ کاری دەکرد کە هێندێک دڵخۆشی بداتەوە و یارمەتی بدا

[1] – خاطرات جلیل معین افشار "ناسراو بە جلیل خومپارە"

بەداخەوە کەس گوێی پێ نەدا و پاش ماوەیەک خۆی کوشت. خۆکوژی ئەو کچە هەموومانی تووشی شۆک کرد بەڵام تازە درەنگ و فایدەی نەبوو."[1]

پەرەگرتنی دووبەرەکی لە نێوان ڕێبەرانی سوننەتی تەشکیلاتی کۆمەڵە لەلایەک و داڕێژەرانی سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەرووی هەموانەوە مەنسوور حیکمەت و عەبدوڵڵای مەهتەدی لەلایەکی دیکەوە گەیشتبووە ئەوجی خۆی. هەر کەس حەولی دەدا زیاتر لە نێو کۆمەڵە لایەنگر بۆ خۆی زیاد بکا. بە جۆرێک لایەنگرانی جەناحی چەپ بۆ دوور خستنەوی جەناحی ڕاست هەوڵێکی زۆریان دا هەر چەند ئەوە کارێکی هاسان نەبوو لەبەر ئەوەی ڕێبەرانی سوننەتی کۆمەڵە ماوەیەکی زۆر بوو خەڵکێکی زۆرتریان بەدەورەوە بوو. تەنانەت جەناحی حیکمەت بەرنامەیان هەبوو لە "بۆتێ" کە ناوندی کۆمەڵە و ڕادیۆیان لەوێ بوو دەستی بەسەر دابگرن و بە یەکجاری ئاشبەتاڵ ڕابگەیەنن.

مەعروف کەعبی لە کتێبی "ئەوین وقین"دا دەڵی:

**"لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی ناوچەی دیواندەرە و بانە لە دۆڵی بۆتێ دەماینەوە. بە خێرایی ئاگری باسێکی گەرم و توند بڵێسەی دەسەند. وردە وردە یەک دواندن و قسە خۆشیی ڕوو لە کزی ڕۆیشت و یەکتر بوغزاندن و مۆڕەکردن جێگایان گرتەوە. پێشمەرگەکانی ناوچەی سەقز جگە لە یەک دوو کەس لە بەرەی ک.ر. (کومیتەی ڕێبەری) وەستابووین. گەرموگوڕیی باسەکان لە ناوچەکانی دیکە ئاگری دووبەرەکایەتیی ئێمەی لە بۆتێ خۆشتر دەکرد. لەبەر ئەوەی لەگەڵ ناوچەی دیواندەرە دەژیان و ئەوان زۆربەیان لەبەرەی "چەپ"دا جێگایان دەکردەوە. باسەکانمان و مۆڕەکردنمان بەرامبەر یەکتر دەبۆوە. بەڵام هەلومەرجەکە هەتا دەهات بە ئاقارێکی خراپدا دەڕۆیشت. ئێوارەیەک هەواڵمان پێگەیشت کە لە کۆبوونەوەیەکدا چەند بەرپرسێکی کومیتەی ناوچەی بانە پیلانیان داڕشتوە تا دەست بەسەر ڕادیۆ کۆمەڵە دابگرن ئەوە هێشتا بەتەواوی ڕوون نییە کە ئەو بەرپرسانە لە کوێوە بڕیاریان پێ درابوو ئەو کارە بکەن. ئەگەرچی ئامانجی گرتنی ڕادیۆ ناڕوون**

---

[1]- خاطرات جلیل معین افشار، "ناسراو بە جەلیل خۆمپارە"

**بوو بەڵام ئەوەی ئێمەی هروژاند ئەو واتەواتە بوو کە لەو ڕێگایەوە بەخەڵک ڕادەگەیەنن کە کۆمەڵە لە ساڵانی ڕابردوودا دایمە خزمەتی ناسیۆنالیزمی کردووە."**

کێشە و ململانێ لە نێو تەشکیلاتی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران شتێکی بە نێوی خەبات و تێکۆشان نەهێشتبۆوە تەنیا خەریکی بنکۆڵ کردنی حیزبەکەیان و خۆخۆری بوون. ئەگەرچی لە زۆربەی نووسراوەکانی ڕێبەرانی کۆمەڵە دەبینی کە دەڵێن شەڕی ئێمە و حیزبی دێموکرات بە ئاگربەستی یەکلایەنەی کۆمەڵە تەواو بوو! ئیدی ناڵێن هێزمان بۆ شەڕکردن لەگەڵ حیزب نەمابوو، چونکە وەک بەڵگەکان نیشان دەدەن لە لایەک بە تیئۆری حیکمەت سەبارەت بە "کۆمۆنیزمی کرێکاری" و لەلایەکی دیکەوە خۆتەحویل دانەوەی ئەفرادەکەیان و ڕووکردنە ئوروپا بە خێرایی لە کزییان دەدا و دەپووکانەوە.

ئەوەی لە ساڵی ١٣٦٧ کە چەند سەد کەسێک بە هۆی کێشەی دەسەڵات نەک تەشکیلاتی، لە هەزاران کەسی حیزبی دێموکرات جیا بوونەوە، کۆمەڵە ڕۆژانە کاغەزی سپی پێ دەڕازاندەوە و شتی لەسەر دەنووسی، بەڵام تەشکیلاتێک (کۆمەڵە) کە بەدژی حیزب لە شەڕی ڕاگەیاندنڕا بگرە تا شەڕی فیزیکی دەستپێشخەر بوو بەرەو لێکهەڵتەکان هەنگاوی دەنا، تەشکیلاتێک کە هەموو بڕیارێکی سیاسی لە شوێنی دیکەوە پێ "دیکتە" دەکرا وای لێهات زستانی ساڵی ١٣٦٩ "کۆمۆنیزمی کرێکاری" بەتەواوی دەستی بەسەر داگرت و ئەگەر ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی عێراق ڕووی نەدابایە تەنانەت ئاخرین بزماریان لە تابووتی ئاشبەتاڵ کردن دەدا، دیارە دوای ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق زۆر بەنەهێنی بەرەو ئوروپا بارگەوبنەیان پێچاوە و وەردەوردە ئوردوگای کۆمەڵە چۆل دەکرا. چونکە ئەو جەناحبەندییە نێو کۆمەڵە ڕۆچنەیەکی دڵخۆشکەری بۆ سازان و بۆ خەباتکردن نەهێشتبۆوە. لە پلینۆمی ١٦ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا کە بە وتەکانی مەنسوور حیکمەت دەست پێدەکا و لەسەر کێشەکان وتارێکی دووروودرێژی باس کرد، تەنانەت هێرشێکی توند و بەتەوژمی بۆ سەر جەناحی ڕاست دەکا و لە بەشێک لە

قسـەکانی کە لەنەواری دەنگـی نـاوبراو دابەزیـوە بەمجۆرە لەسـەر جەنـاحی ڕاست قسە دەکا:

" **ڕوکو ڕاسـت زۆر بەڕوونـی دوو جەریـانی لە نێـو حیـزب** (مەبەسـتی حیزبی کومونیسی ئێران) **هێلانەیان کردووە. یەکەم ناسیۆنالیزمی کورد، ئەو جەریانە بە پێچەوانەی ئەو هێرشانەی لە کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە، بۆ سەر ناسیۆنالیزم کرا بەڵام ئاسەواری لەنێو حیزب دا مایەوە، لەگەڵ ڕادیکالیزە بوونی دایمی حیزبی کۆمۆنیست لە ژێر فشاری جەناحی چەپ، ناسیۆنالیزمی کورد کەوتە حاشیەوە و بێ دەنگ بوو. بەڵام گرایشاتی عەینی ومەوجوودی لەحیزبدا نفوزی سیاسیی خۆی و سوننەتی موبارەزاتی خۆی لە تەشکیلاتی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست هیچکات لە بەین نەچوو.......**

**جەنـاحی ڕاسـتێکی دیـکە، سوسـیال دێموکراتیـک یـان دێمـوکراتیکە، ئەو جەریانە ڕاستە بە شێوەی حەرەکەتێکی مەحفەلی و جووڵانەوەیەکی بەرگری مەنفی بە تایبەت لەدەرەوەی وڵات بینیومـانە، ئەوانەش بەرهەمـی ئـاڵوگۆڕی نێونەتەوەیی لە سوسـیالیزمی بـورژوازیی لەلایەک و تەواوبـوونی خسـڵەتی پێشڕەو و کارساز لە چوارچێوەی سوننەتی فکری حیزب لەلایەکی دیکەوە بوون.**"[1]

دیـارە لێـرە دەردەکەوێ مەنسـووری حـیکمەت ئاگـاداری کـۆنگرەی دووی کۆمەڵە و بڕیارەکـانی بێ، ئەو وتـانەی حـیکمەت ڕاسـتەوخۆ مەبەسـتی کـاک عەبدوڵلای مەهتەدییە کە دەڵێ " **بە پێچەوانەی ئەو هێرشـانەی لە کۆنگرەی دووهەمـی کـۆمەڵە، بـۆ سـەر ناسـیۆنالیزم کـرا**" هەر لەو کـاتەشدا قەنـاعەتی نەبووە بە سڕینەوەی ئاسەوارەکانی کۆمەڵەی پێش کۆنگرەی سێ، چونکە بە ڕوونی ئاماژە دەکا لەژێر فشـاری جەنـاحی چەپ خرایە حاشـییەوە، وادیـارە مەسـەلەی کـوردایەتی هەر لەنـاو بەشـێک لە ئەنـدامانی خـوارەوەی کـۆمەڵە بوونی بووە بۆیە بۆتە کێشە لە ناو کۆمەڵەدا، حیکمەت بەڕوونـی ئامـاژە دەکـا کە گرایشـاتی عەینـی و مەوجـودی لەحیزبـی کۆمۆنیسـتدا نفـوزی سیاسـی خۆی و سوننەتی موبارەزاتی خۆی لە تەشکیلاتی کوردسـتانییەکەی (کۆمەڵە)

---

[1] – بڕواننە ئەو بەستەرە: http://hekmat.public-archive.net/

هیچکـات لە بەیـن نەچـوو. واتە نیگەرانـی ئەوە بـووە کە نەکـا لە خەڵکـانی خوارەوەیان سازش لەگەڵ بە ناو "بورژوازی" بکەن.

لە پێوەنـدی ئەویـکە جەنـاحی ڕاسـت یـان باشـتر بڵێـین دامەزرێنەرانـی کـۆمەڵەی سـاڵی ١٣٥٧ بە دەردێـک گرفتـار بـوون کە مەنسـوور حـیکمەت بە جۆرێـک لە ژێـر چـاوەدێری و ئۆتـۆریتەی خـۆی سـەپاندبوو کە هیچکامیـان نەیانتوانیوە چووکتری هەنگاو بەرەو کوردایەتی بنێن، چونکە بێ ڕاوەستان حـیکمەت نـامەی لەسـەر کـردوون و ئاگـاداری کـردوونەتەوە کە نەکـا ناسـیۆنالیزم نفوز بکاتە نێو ڕێکخراوکەیـان، چـونکە نـامەی حیکمەت لە ژێر ناوی "**اغماض به ناسیونالیسم نگرانم میکند**".[1] بەتەواوی و بە هیچ جۆر ڕیگا

---

[1] – نامەیەک بۆ کوورش مودەڕسی شمارە ٣٨٥٣

"چاوپۆشی لە ناسیۆنالیزم بۆ من جێگای نیگرانییە"

کوورشی خۆشەویست، وێڕای سڵاو، هیوای ساغ و سڵامەتی و ئارەزووی سەرکەوتنت بۆ دەخـوازم. نـامەکەت یەک ڕۆژ بەر لە ڕۆیشـتنی ئەمیـر گەیشـتە دەسـتم. بەداخەوە ئیـدی دەرفەتی وڵامدانەوە نەمابوو. هەر ئەوەندە بزانە سـەر لە پێناوی ئێوەین. لەمەڕ چاوپۆشـی کـردن لە بیروبۆچـوونی تـاهیر و... بەبـڕوای مـن ئێـوە لایەنـی تیئـۆری باسـەکە لە چـالاکی ڕێکخسـتنی ڕەفێقـان جیـا نـاکەنەوە.... کەم نـین ئەو ڕێکـارانەی کە "چاوپۆشـی" دەکەن لە ناسـیۆنالیزم. ئـایە لەبەر ئەوەی کە ناسـیۆنالیزم "نـاتوانێ ببێت" بە ئـاڵاهەڵگری ئاشـتیخوازی، هیچکەس حەساسییەت لەخۆی نیشان نادا؟

لە هەمبەر هەڵسوکەوتی نکۆڵیکردن، بێبەرپرسیارەتی، پلارتێگرتن، بەدنـاو کـردن و هتـد... دەبـێ بەرخـوردی تەشـکیلاتی ئینزبـاتی پـێ بکەیـن.... بەڵام لە لێـدوانەکەی منـدا، ڕسـتەی دەستپێکی باسەکەی من ئەوەیە کە ئەگەر بمانەوێ لەگەڵ ئەم گرفتە لە ئاستی تیۆری ڕووت و خاڵیدا هەڵسوکەوت بکەین بە باشـی بابەتەکەمـان ڕوون نەکردۆتەوە و لە ڕاسـتیدا دەبێ بـاری کردەوەیـی ومـاددی ئەم شـێوە بیرکـردنەوەیە لە بەرچـاو بگـرین، باسـەکەی منـیش بەگشـتی دژ بـە نکۆڵیکردن و ئاشـتیخوازبوونی ئەم بیرکـردنەوە و لایەنـی کردەوەیەکەیەتی. چاوپۆشـی کـردنەکەی مـن نـازانم لە کوێـدایە؟ ئـایە پێویسـت بە زەقکـردنەوەی بـزووتنەوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس بـوو تـاکوو نەڵێن چاوپۆشـی کـردووە؟ مـن ئێسـتاش نیگەرانـی هەر ئەو شتەم کە گوتم، ئەوەش دابەزینی ئاستی بێزاری لە ناسیۆنالیزمە کە تاڕادەیەکیش لە نامەکەی جەنابتان بەدی دەکرێت. بەرە پێکهێنان لەگەڵ بیروبـاوەڕی ناسـیونالیزمدا دژ بە ئەم ئۆپۆزیسـیونە نـوێیە بەڕای مـن ڕەوا نییە. بە هـەر حـاڵ چـونکە ئێمە دوورین و ئێوە نزیک، دەسـت تێـوەردان و هەڵسـەنگاندنەکانی ئێمە سـنووردارە. بەگشـتی لە سـەر ئەو بـاوەڕەم کە

نـادرێ چـووکترین بـاس لە پێوەنـدی ناسـیۆنالیزم کە بـۆ ئەوان واتە "حکـا" دەبێتە مەترسی بکرێ.

مەنسور حیکمەت لە پلینۆمی شـازدەی حیزبی کۆمۆنیسـتدا لەگەڵ ئەوەی بەحسێکی زۆر لەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکا و دواتر هێرشـێکی توند بـۆ ئەو کەسـانە دەکـا کە لە پێشـدا سـوککانی کۆمەڵەیـان بەدەسـتەوە بـووە و ناسیۆنالیزم لە مێشکیان دا جووڵەی کردووە دەڵێ:

**"هەروەک گوتمان گرایشاتی ڕاست و ناسیۆنالیستی لە حیزبدا پێی‌نایە قۆناغی کۆتایی و شکستی خوارد. سەرنوشتی ئەو جەریانە بە ناچاری و ناعیلاجی دەبێ بە یەکجاری بڕیاریان لەسەر بدرێ و دیاری بکرێ، ناتوانرێ دوای ئەو شکسـتە ڕێگـا بەو جەریـانە بـدرێ بگەڕێـنەوە سـەر پۆسـتەکانی خۆیان. لە ڕوانگەی ئێمەوە "خلعیت" واتە بێ دەسەڵاتکردنی جەنـاحی ڕاسـت قەتعی و گەڕانەوە بۆ سەر پۆستەکانیان محاڵە."[1]**

دیـارە گرایشـاتی ناسیۆنالیسـتی کە نـاوبراو باسـی دەکـا مەبەسـتی نێـو ریزەکـانی کـۆمەڵەیە کە دەبـێ بـێ دەسـەڵاتیان بکـا، چـونکە بەو قەنـاعەتە گەیشـتبوو کە خەڵکـی کوردسـتان ئەوەی کە زینـدوو ڕاپگرتـووە و خـاوەنی کەسـایەتیی خـۆیەتی مەسـەلەی کـوردایەتی و نەتەوایەتیـیە، بـۆیە لێـرەدا حیکمەت "عالما" و"عامدا" خـۆی گێل دەکـا. هەر لەو پلینۆمەدا حیکمەت خەتی خـۆی جیادەکـاتەوە و بەڕەسـمی ڕادەگەیـنێ کە "کۆمـۆنیزمی کرێکـاری" پێـک

---

ڕێبەریی ئێمە لە کوردستاندا دەتوانێت بە بڕوا بەخۆییەکی زۆرترەوە لە گەڵ ئەم ڕێچکە و ڕێبـازانە هەڵسـوکەوت بکـات و لە جێگـای خۆیـدا هەر لایەنێکـی ئاشـکرای (تیـۆری یـان کردەوەیـی) جێبەجـێ بکـات. ڕێکارەکـانی بەرگری‌نامەکـان لە سـمینارەکە لە ڕێکارەکـانی کونگرەی٥ لاوازترە ئەمەش بوەتە هۆی نیگەرانیم. ئەگەر دەتانەوێ ئێمە تووشی خەیاڵات و پێشداوەری نەبین، پێویستە کە ئێمە زۆرتر ئاگاداری بارودۆخەکە ببینەوە...... سڵاوی ئەعزەم بگەیـنە و پێـی بڵـێ هاوکارییەکـانی لە گەڵ بلاقـۆکی کومونیسـت دانەبڕێـت. لەو جـۆرە نووسـراوانەمان زۆر پێویستە. ئاگاداری خۆتـان و "بەردەوامـی ئیش وکارتـان" بن. قوربـانی هەمـوو لایەکتـان نـادر. پـاییزی ١٣٦٥. (نـادر نـاوی نیهێنـی مەنسـوور حـیکمەتە) بـڕواننە ئەو بەستەرە: http://hekmat.public-archive.net

[1] – بڕواننە ئەو بەستەرە: http://hekmat.public-archive.net

دێنێ زۆر بەتوندیش هێرش دەکاتە سەر جەناحی ڕاست و لەوێیە کە کاک عەبدوڵڵای موهتەدی پشتیوانی لە مەنسووری حیکمەت دەکاو دەڵێ:

**" من وەک کەسێک لە مەوزع و گرایشاتی کۆمۆنیزمی کرێکاری دیفاع دەکەم..... هەوڵم داوە لە پێوەندیی جۆراوجۆری حیزبی بەتایبەتی لە پلینۆمی ٥ی کومیتەی ناوەندی و ئوردوگاکانی ناوەندیی کۆمەڵە بۆچوونەکانی خۆم گوتووە و ئەگەر پێویستە کومیتەی ناوەندی دەتوانێ دەستی پێی ڕابگا بەتایبەتی کۆمۆنیستی ژمارە ٥٣ کە لەوێ وتارێکم لە ژێر ناوی "دورنمای فعالیت ما در کردستان نووسیوە".** [1] (دیارە لەو وتارەدا بەدرێژە باسی "افق کمونیزم کارگری" دەکا).

بە سەرنج دان بە هەڵوێستەکان و دیاریکردنی خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەلایەن مەنسوور حیکمەتەوە، ئیرەج ئازەرین و ڕەزا موقەدەم و یاری غاری ڕێبەرانی ئەسڵی "حکا" واتە عەبدوڵڵا موهتەدی ڕوون و ئاشکرایە کە دوو دەستی خەنجەریان دەسوو، لە بۆ بێ دەسەڵات کردن و داماڵینی تەواوی ڕێبەرانی جەناحی ڕاست لە هەموو ئۆرگانەکانی ڕێبەری، واتە خستنەپەراوێزی ڕێبەرانی سوننەتی کۆمەڵە، تەنانەت کۆمەڵێک تۆمەتیشیان ڕەپاڵ دابوون. ئەو چوار کەسە لە جەناحی چەپ کە حیکمەت وتەبێژیان بوو دەڵێ:

**"مەبەستی ئێمە لە خەلعییەتی جەناحی ڕاست، بەرخورد بە جەوهەر و حەقیقەتی یاساکانی ئەو جەریانەیە. تەنانەت موئەدەبترین و مونزەبیترین شکڵ و کەرەسەی ڕاست لە حیزبدا نابێ تەحەمول بکەین. پاشان ئەساسنامە کارێک ناتوانێ بکا و نابێ بیکا. ئەوە پێشاندانی موبارەزەی سیاسییە. ئەوە تەنیا لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوە نەبوونی حەقانییەتی ئەو لایەنەیە، نەبوونی سەلاحییەتی بەڕێوەبەرانیان، هەڵنەبژاردن و دیاری نەکردنی ئەوانە لە ئورگانە جۆراوجۆرەکان..... دەبێ ڕوون بێ حیزبی کۆمۆنیست بۆ ئەم جۆرە گرایش و "تمایل سیاسی"یانە جێگەی نییە. تەنیا دیاریکردنی چارەنووسی جەناحی ڕاست لە حیزبدا بە موبارەزەی سیاسی**

---

[1] "بحث و اظهار نظر در پلنوم شانزدهم کمیته مرکزی حزب کمونیست ایران – ٧ آبان ١٣٦٨"

**بۆ یەک دەستکردنی حیزب لە ژێر ئاڵای کۆمۆنیزمی کرێکاری مومکین دەبێ. هەوڵی پیلانگێڕی و کۆنەپەرستی، کەڵک وەرگرتن لە کەرەسە و ئامرازی تەشکیلاتی ،کردەوەی فشاری عاتفی بۆ ئەفراد جەوسازی، دەنگۆ بڵاوکردنەوە، هاندان، تۆمەت لێدان لە ئەفراد، مۆرک لێدان، تەحریکی ئەفراد بە ئاشکراو هتد.... "**[1]

بەوشێوەیە بە دەرهێنانی ڕیشەی ڕێبەرانی سوننەتی کۆمەڵە هیچ ڕێگایەکی بۆ هێشتنەوەی ئەوان لە نێو حیزبی کومونیستی یەکپارچەدا نەهێشتەوە. سەیر ئەوەیە ئەوانەی دەسەڵاتی کۆمەڵەیان بەدەستەوە بوو لە پلینۆمی ١٦ی "حکا"دا کەمیان هێناو و خۆیان وەک سووکایەتیپێکراو دیت. لەوە سەیرتر لە تەواوی ئەو ماوەیەدا برایم عەلیزادە سکرتێری یەکەمی کۆمەڵە بووە لەو پلینۆمەدا نە بە "موافق" نە بە "مخالف" نووزەی لێوە نایە و دەنگی لەو پلینۆمەدا نییە و تەواوی ناو و ناتۆرەی حیکمەت و دارودەستەکەی قەبووڵ کرد.

لە پلینۆمی ١٦ی "حکا" کە یەکلاکەرەوەی ئەو حیزبەیە لە دەنگەکانی بەردەستی ئەو پلینۆمەدا دەردەکەوێ کە کاک عومەر ئێلخانیزادەش دیفاع لە حیکمەت و موهتەدی دەکا دیارە کاک عومەر لە ناو تەشکیلاتی کۆمەڵەدا لە گەڵ خوارەوە پێوەندیی نزیکی بووە هەر بۆیەش لەو پلینۆمەدا بە دوو دڵی و پارێزەوە قسە دەکا، واتە نایهەوێ نە شیش بسووتێ نە کەباب، چونکە دەڵێ: **"بەرخوردی کومیتەی ڕێبەری و خۆم، لەسەر کومونیزمی کرێکاری جێگای ڕەخنەیە و بەهەرحاڵ، بەهەر دەلیلێک، بە هەر ئەنگیزەیەک، بەهەر نییەتێک ئەوەی لە واقیعدا ڕووی دا جەریانی " تقابل و مقاومت" لەو ئاخرەوە بە نەزەری من ئەو هەڵسوکەوتانە مەیدانی بە جەناحی ڕاست دا...."**[2]

دیارە وەک ئاماژەی پێکرا بە هۆی ئەوە ئێلخانیزادە لە ناو جەرگەی ئەفرادی خوارەوەی کۆمەڵەدا بوو حیکمەت و حەمید تەقوایی دوو دەستی

---

[1] "بحث و اظهار نظر در پلنوم شانزدهم کمیته مرکزی حزب کمونیست ایران – ٧ آبان ١٣٦٨

[2] – بڕواننە ئەو بەستەرە: http://hekmat.public-archive.net، "بحث و اظهار نظر در پلنوم شانزدهم کمیته مرکزی حزب کمونیست ایران – ٧ آبان ١٣٦٨

پاڵیان پێوە دەنا بۆیەش لە نەوارەکەدا دەردەکەوێ هەردووکیان هێرشی زۆر توند و بێ بەزییانەی دەکەنە سەر.

سەرەنجام وەک لە قسەکانی حیکمەت دەردەکەوێ نزیک بە ١٠ کۆبوونەوە لەو پلینۆمەدا قسەکراوە لە دوا کۆبوونەوەدا حیکمەت بە ڕاشکاوی دەری دەبڕێ جێگای جەناحی ڕاست لە ناو تەشکیلاتی کۆمەڵەدا نەماوە و تەنانەت کەسایەتی هێناونە ژێر پرسیار و دەیان ناو و ناتۆرەی لێداون. بە قسەکانی حەمیدی تەقوایی بەو وتە جوانەی کۆتایی بە پلینۆم دێنێ:

**"چراکان دەکوژێنینەوە بۆ ئەوەی هەر کەس ڕوودەربایسی یان تەعاروفی هەیە بۆ خۆی لە کۆبوونەوەی پلینۆمدا بچێتە دەرەوە، ئەگەر نەچێتە دەرەوە خۆمان دەریان دەکەین."**[1]

دوایی تەواو بوونی پلینۆم جەناحی چەپ کە سەرکەوتووی کۆبوونەوەکە بووە نامەیەکی سەرکراوە بەمجۆرە بۆ کوردستان نووسی و دەنێرێ:

**"پلینۆمی شازدەهەم سەرکەوتنێکی گەورە بۆ هەموو حیزب بوو. پلینۆمی سەرکەوتنی ئوسول بەسەر بێ ئوسووڵیدا، سەرکەوتنی حیزبی بەسەر مەحفەلیسمدا، سەرکەوتنی سیاسەتی سوسیالیستی بەسەر ناسیۆنالیزمدا. سەرکەوتنی ڕێبەرێکی کراوە و ئوسولی بەسەر ڕێبەرێکی سوننەتی و باوکانەدا. سەرکەوتنی بیروباوەڕی سوسیالیستی و کرێکاری بەسەر سنووردارییەتی فیزیکی و کوێرەوەرییەکانی شوێنی تێکۆشان. پلینۆمی شازدە سەرکەوتنی کادرەکانە کە تەواوی وجوودی ئەوان و توانایی ئەوانی لە دەخاڵەت کردن لە کاروباری حیزبدا حاشای لێ دەکرا....پلینۆمێک بۆ یەکەم جار کۆمەڵە بوو بە حیزب...."**[2]

هەموو ئەو قسانەی کە لە پلینۆمدا کرا بە نێو تەواوی تەشکیلاتی کۆمەڵەدا بڵاو کراوە و هیچیان بۆ ڕێبەرانی سوننەتی کۆمەڵە نەهێشتەوە و کارێکی کردە سەر تەشکیلاتی کۆمەڵە کە لە نێو بنەماڵەکانیاندا جیابوونەوە ڕووی

---

[1] – هەمان سەرچاوەی پێشوو

[2]– بڕواننە ئەو بەستەرە: http://hekmat.public-archive.net/fa/1200fa.html

موقعیت بعد از پلنوم شانزدهم و وظایف چپ.

دەدا، بەمجۆرە بڵاو کردنەوەی قسەکانی پلینۆمی ١٦ی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" کارێکی کردە جەناحی ڕاست ئەوەی لە کوردستان لەو مەسەلەیە دوور بوو بۆچوونی دەگۆڕدرا کە بەرەو جەناحی چەپ بڕوا و بۆ شکاندنی لە کۆبوونەوەیەکی دەیان کەسیدا ڕایدەگەیاند بۆتە جەناحی چەپ!

ستار فەتحی (آویهنگ) لە یادداشتەکانیدا باسی کێشەکانی ناوخۆی کۆمەڵە و کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بەمجۆرە دەکا:

"دوای ماوەیەکی کورت مەنسوور حیکمەت نامیلکەیەکی ٥٧ لاپەڕەیی بە دژی کۆمیتەی ڕێبەریی و ئیبراهیم عەلیزادە لە سەردێرەکەی بە خەتێکی درشت نووسرابوو **"ناخدای کشتی عزم جزم کرده تا بلکه کشتیش را توفان نزند"** بڵاو کردەوە. دوای ماوەیەک شاندێک بە سەرپەرستی عەبدوڵڵا موهتەدی ڕەوانەی کوردستان کرد بۆ ئەوەی ڕاو بۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەت بڵاو بکاتەوە و پەرەی پێ بدرێ و لە هەر کردەوەیەک بەمەبەستی لەنێوبردنی کۆمەڵە و بۆ ئاشبەتاڵ کردنی ئۆردوگاکانی کۆمەڵە درێغی نەکا و تەواوی هێزەکانی کۆمەڵەی ناچار بە بەجێ هێشتنی ئۆردووگاکانیان و ڕەوانەی تورکیە کران...... لە بارەی عەبدوڵڵا موهتەدی دا دەبێ بڵێم لە ماوەی ژیانی شۆڕشگێڕانەیدا سێ جار زۆر چالاک بووە و ڕۆڵی بنەڕەتیی هەبووە:

١ -لەو وەختەدا کە تازە یەکێتی خەباتگێڕان "اتحادیە مبارزان" هاتبوونە کوردستان، هەمووان لەبیریانە کە چۆن شەوانە دوو سێ جار لە خەوێ هەڵدەستا سەری خێوەت یان شوێنی حەسانەوەی دەدان نەوەکوو کەموکوڕییەکیان هەبێ و سەرمایان بێ.

٢ -لەو وەختەدا کە مەنسووری حیکمەت ڕای سپاردبوو ئۆردووگاکانی کۆمەڵە " تخلیە" بکا، هەموومان لەبیرمانە کە چۆن ٢٤ سەعات، شەو و ڕۆژ بە دوای ئەو کادر و ئەندامانەوە بوو کە ئامادە نەبوون باس و بابەتەکانی فراکسیۆنی کۆمۆنیستی کرێکاری قبووڵ بکەن و پاش هەوڵی بێ سوود بۆ ڕاکێشانیان بە لێ ئەستاندنەوەی بەرپرسایەتییەکانیان گەڕایەوە لای مەنسووری حیکمەت.

٣- مەســــەلەی ســــندووقی ڕەش و ٢ی جۆزەردانییەکــــان [ئامــــاژە بە هەڵبژێرانــــی محەمــــەدی خــــاتەمی وەک ســــەرکۆمار لە ٢ی جــۆزەردانی ١٣٧٦دا]...مەسـەلەیەکی دیکە کە دەمەوێ باسـی بکەم ئەمەیە کە بۆچی هەم ڕەوتــی عەبـدوڵلا مـوهتەدی و هەم ڕەوتـی مەنسـووری حـیکمەت لـوولەی تۆپخانەکانیان بەرەوڕووی یەکتر دابەستووە، دیارە ئەم تۆپخانەیە هەتا ئێستا لە لایەن هـیچ ڕەوتێکـی بـورژوازی، کۆنەپەرسـت و سـەرمایەدارییەوە بەکـار نەبراوە."[1]

کاک برایم عەلیزادە لە کتێبەکەیدا لاپەڕە ٢٧٠ دەڵێ: "بەڵێ کاک عەبدوڵلا لەگەڵ مەنسوور حیکمەت بوو. لە پلینۆمی شازدە کە لە سوئید بەڕێوە چوو چـوار کەس لە ئەنـدامانی کـومیتەی ناوەنـدی کـۆمەڵە لە ژێـر ئەو فشـارانە وازیـان هێنـا، کـاک عەبـدوڵلا لەو کەسـانە بـوو کە لەم پلینـۆمەدا بەیـانێکی تێروتەسەلی لە دژی لایەنی ئێمە خوێندەوە."

کێشەکانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە، بە ئاقارێکدا ڕۆیشت کە وەک لەپێشــتر ئامــاژەی پێکــرا کــاک عەبــدوڵلای مــوهتەدی لەجەنــاحی چەپ "حیکمەتیســت" دەکەنە بەرپرســی نــاردنە دەرەوەی کادرەکــانی کــۆمەڵە بــۆ دەرەوەی وڵات. هەمان سـەرچاوەی پێشـوو لەسـەر ڕوانگەی چوونە دەرەوە دەڵێ: **"ڕێبەری جەناحی چەپ کە بەسەر هەموو ئورگانەکانی کۆمەڵەدا زاڵ بوون، بەهەر کەس لە ئەفرادی خۆیان ٧٠٠ دۆلاریان دەدانێ و دەستە دەستە بەرەو تـورکیە ڕەوانەیـان دەکـردن و ئوردوگاکـانی کۆمەڵەیـان چـۆل کـرد. بەمجۆرە تەنیا نزیکەی چەند دە کەسێک لە پێشمەرگەی جەنـاحی ڕاسـت، دڵخـوازانە یـا کەسـانێک کە حەزیـان لە ئورووپا نەبـوو بـۆ نیگابـانی لە نێـو ئوردوگا مانەوە"**.

بەڵــێ، کـۆمەڵە لەســاڵی ١٣٦٨ بەتەواوی هەنگــاوی بەرەو دوو شــەقبوون هەڵدینێتەوە بەشـێکی هەرە زۆری کادرەکـانی کۆمەڵە دەکەونە بەرەی "چەپ" واتە لەگەڵ بــــاڵی حـــیکمەت و کــــاک عەبــــدوڵلا کەوتــــن، "تەنــــانەت لە

[1] - خاطرات ستار فتحی (آویهنگ) دفاع از آرمان جانباختگان گردان شوان یا جنگ بر سر منافع شخصی ص ٢

هەڵبژاردنەکانیاندا بەتایبەت لە سنە و دیواندەرە بەهۆی ئەوەی لە جەناحەکانی خۆیان هەڵنەدەبژێران، کار دەکەوتە هەڵوەشاندنەوە."[1]

**"بەوجۆرە کە لەجیاتی بڵاوکردنەوەی باسی پلینۆمەکان و بەشداری پێکردنی ئەندامان، بە هاتنی "کتێبچەیەک" لە دەرەوەی وڵات لە ژێر ناوی "کۆمۆنیسم کارگری و فعالیت حزب در کردستان" لەمانگی گەلاوێژی ١٣٦٨، نوسینی مەنسوور حیکمەت کۆمەڵە دوو لەت کرا. کتێبچەکە بە ناوی نامیلکەی ٥٧ لاپەڕەیی (جزوەی ٥٧ صفحەای) ناوبانگی دەر کرد."[2]**

**"لە ژوورەکەی ئێمەدا چەند کەس بە دەوری یەک کۆبووینەوە وگوێمان بە نەواری باسەکانی ئەو پلینۆمەدا دەدا. ئەوی کە لە گوێدان بە نەوارەکە دەهاتە پێش‌چاو کۆبوونەوەیەکی تێکەڵ بەقسەی توند کردن بەرامبەر ئەندامانی ناوەندیی و دەست لەکار کێشانەوەیان لەژێر بارانی وەبیر خستنەوەی بیروباوەڕ و بنەما فکرییەکان‌دا بوو "هەڵەی سیاسیمان کردووە" باشترین قسە لەناو کۆمەڵێک قسەی سووک بوو کە ئەو کەسانە لە پلینۆمەکەدا بەرامبەر خۆیان کردیان و لەڕێگای ئەو دەستەواژانەوە بوو کە ئەو کەسانە هەڵەی خۆیان دەسەلماند. خۆش باوەڕیی ئێمە، یان کەسێکی وەک من زۆری نەخایاند ڕووداوەکانی دواتر دەریان دەخست کە لایەنگربوونی "ڕاست" تاوانێک نییە بە ئاسانی بشۆردرێتەوە. لە پێشدا داوایان لێ دەکردین واز بێنین یانی واز لە بەرپرسایەتیەکە بێنین. دواتر لەکۆبوونەوەکان و هەڵبژاردنەکان‌دا باسی تێکشکاندنی "بلووکی ڕاست" دەکرا."[3]**

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کەسانێک و حیزبێک کە بناغەی وتەکانیان لەسەر سیاسەتی سکتاریستی و لەسەر دروشمی زریقە و بریقەدار دامەزرا، پاشان چۆن پشتی لە هەموو داخوازییەکانی نەتەوەکەی دەکاو لوولەی چەکەکەی بۆ داسەپاندنی هێژموونی خۆیان ڕوو بە کۆنە هاوڕێیانیان دەگرێ و بە ناوی کرێکار و پشتیوانی لە زەحمەتکێش کە بەکردەوە هیچیش لە ئارادا نەبوو

[1] – بڕوانە "ئەڤینوقین" مەعروف کەعبی

[2]– "ئەڤینوقین" مەعروف کەعبی

[3]– هەمان سەرچاوەی پێشوو

دەست بکەن بە پاکتاوی ناوخۆیی و حیزبەکە یەکدەست بکەن!! بەڕاستی چ چاوەڕوانییەک لە وەها حیزبێک دەکرێ؟!

ئەو بەڵگانە دەسەلمێنن کە کۆمەڵە چەندە باوەڕی بە جیاوازی فکرو بیرو بۆچوونی جیاواز هەبووە. کە دواتریش پاش چەندین ساڵ تێکۆشان، لە ڕابردووی خۆی پەشیمان بێتەوە و بەرەو کوردایەتی بگەڕێتەوە. لە گەڕانەوەدا بۆ کوردایەتی سەیر ئەوەیە ئەو ناسیۆنالیزمەی کە ماوەیەک پێشتر بە دوژمنی سەرەکی دادەنا بە قەولی خۆیان پێش ئەوانیش کەوتوون..... بۆیە حیزبی دیموکرات لەو باوەڕە دابوو ئەگەر دوربینی و لەسەرەخۆی هەبێ، هەر وەکوو تا ئێستاش هەیەتی لە ئەنجامی دەسکەوتنی تاقی کردنەوە و ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ ڕاستییەکانی سەختی ژیان و خەبات ڕۆژێک دادێ کۆمەلە ئاڵوگۆڕی لەهەڵوێستی خۆیدا پێک بێنێ و ڕاستییەکان بەم جۆرەی هەیە تێبگا، کەدیارە پاش خوێنڕشتنێکی زۆر لەو ڕاستییە گەیشت. بەڵام کۆمەڵە ببووە سازمانێکی مارکسیستی سەرلێشێواوە کە لەکوردستان و ئێران وجیهان هەر حیزب و سازمانێک کە بۆچوون و ڕێبازی کۆمەڵەی پەسەند نەکردبایە دژایەتی دەکرد، و دەیهەویست سەرەتا لەکوردستان دوایی لە ئێران و لە کۆتاییدا لەسەرتاسەری جیهان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن!

**"یەک دوو ڕۆژ بوو باسەکان کۆتاییان پێهاتبوو، نامەیەکم لە هاوڕێیەکی نزیکم لە ناوچەی سنە پێگەیشت، لە نامەکەیدا بەدوای سلاوێکی شۆڕشگێڕانە نووسیبووی: "ئێوە بەرپرسی کوشتنی کەماڵن جێگاتان لە حیزبی دیموکرات دایە" و بە "درودهای انقلابی" کۆتایی بە نامەکەی هێنابوو." لە خەمێکی قورسدا نوقم بووم. تۆمەتی کوشتن جواب دەدرایەوە بەڵام وەرگرتنی "تۆمەتی" شوبهاندن بە حیزبێک کە تا ئەو کاتە وەک غەیرە پێناسە دەکرا، و جەمسەری بەرامبەر باشییەکانی حیزبی تۆی دەنواند.**[1]

لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیاندا زیاتر ماهییەتی ئەو ڕێکخراوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەوانە چ جۆرە "تشکل"ێک بوون. تەنانەت لە چڵەپۆپەی

---

[1] – "ئەڤین وقین" م. کەعبی

کێشەکانیان و دووبەرەکی‌دا بۆ هێژموونی بەسەر هاوڕێی خۆیان‌دا هەموو تاوانەکانی خۆیان دەرحەق بە یەکتر ڕەپاڵ ناسیۆنالیزمی ماڵوێران داوە. با گوێ لەم بیرەوەرییەش بگرین تا زیاتر ناوەرۆکی دیفاع لە کرێکاران و زەحمەتکێشانمان بۆ دەرکەوێ:

" لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ئوردوگای مەعلومە، لە دەرگای چوونە ژوورەوە، ئاورێکی چووکە سەرنجی منی ڕاکێشا، ئاورەکە لە نیگاهبانی ئوردوگاوە دیار نەبوو لەگەڵ نزیک بوونەوەی من چاوم بە کەسێک کەوت لە قەراغ ئاورەکە دانیشتوە، نەمناسی و وتم ئەوە لێرە چی دەکەی؟ وتی چوومە چادری میوانخانە بەڵام وەریان نەگرتم، منیش ئەوم لەگەڵ خۆم بەشێوەیەکی نەهێنی بردە ناو ئوردوگاوە و لە دۆستێکی خۆم داوا و تەمەنام لێکرد کە تا بەیانی لای خۆیان ڕای بگرن پاشان من پێوشوێنی کاری خۆم کەوتم. شەو گەڕامەوە بۆلای بزانم موشکل وکێشەی چییە؟ بەو شێوەیە باسی ژیانی خۆی بۆ کردم. (لەئاوایی "زەلکە" پێشمەرگە بووم ژنەکەم لەگەڵم بوو، ماوەیەکی پێچوو هەستم کرد خێزانەکەم زۆر عەجایب ناڕاحەتە و بەردەوام لەفکر دایە، کاتێک چاوم لێدەکرد ئیحساسی شەرمی دەکرد هەموو ڕۆژێ و بە بەردەوامی داوای لێدەکردم کە واز بێنین و خۆمان تەحویل کۆماری ئیسلامی بدەینەوە. لە ڕاستی‌دا منیش ئەو قسەیەم پێ خۆش نەبوو و گوێم پێ نەدەدا. تا ڕۆژێک خێزانەکەم ڕووداوەکەی بۆ باس کردم، کە یەکێک لە بەرپرسان دوای فشار هێنان و چەند جار داوا لێکردن تەجاوزی پێکردووە بۆیە ئەو داستانە منی زۆر ناڕاحەت کرد، ئێمە نەمانتوانی بە ناچاری گەڕاینەوە بۆ شار و خۆمان تەحویل داوە. ئێستا دوای تێپەڕینی ئەو ماوە وەزعێکی باش نییە و زۆر لەفکر و ناڕاحەتی دایە. ئێستا ئەو کەسەی تەجاوزی بە خێزانم کردووە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەیە و من هاتووم لەگەڵ برایم عەلی‌زادە قسە بکەم، و بزانم هەڵوێستی ئەوان بەو ئەندامی کومیتەی ناوەندییە چییە؟ یان چی بووە؟ ئێستا نەک ئیجازەی ملاقات نادەن بەڵکوو لە چادری مێوانخانەش ڕێگام پێ نادەن بمێنمەوە....). خۆلاسە من کە بێ ئیجازە هێنامە نێو ئوردوگا بە کومیتەی ناوەندی گەیشتەوە، پاشان کە دواتر بیستمەوە توانی لەگەڵ برایم عەلی‌زادە قسە بکاو بەڵام قسەکانی

سەرپۆشی لەسەر دانرا..... **مەسەلە ئەوەیە لەوکاتەوە تائێستا پرسیارگەلێک لەو بابەتە و یا بابەتی لەو شێوەیە بۆ من بێ وڵام ماوەتەوە کە بۆچی بێ دەنگەی لێکرا؟ بۆچی لێپرسینەوە نەدەکرا؟ قازانجی کێ لەگۆڕێ دابوو؟ ئایە ئەو بێ دەنگی‌یە عواملی دیکەش دەگرێتەوە؟ یا نەخێر تەنیا شامل کەسانی کردەوەی تایبەت بوون؟ جێ پێی عەداڵەت و قانوون لەکوێیە؟** لەهەر حاڵدا ناوبراو بۆ شار گەڕاویەوە و پاشان لەزیندان دەکرێ و کۆماری ئیسلامی ئێعدامی دەکا."[1]

شتی سەیروسەمەرە لە کۆمەڵە ڕووی داوە بۆ وێنە هەتا دوایی ساڵەکانی دەیەی ١٣٨٠ هیچ کەس لە ناو کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست ڕەنگی ئاڵای کوردستان هەر نەدەزانی چۆنە و چەند ڕەنگە، بەڵام لەو کاتەدا بوختانیان بە ئەفرادی خۆیان کردووە، هەر بۆیە دوو ماشێن لە ئەفرادی کۆمەڵە وادیارە ڕەوتی چەپ ویستوویانە بەرەو ئوردوگای "بۆتێ" بچن گۆیا دوو کەس ئاڵای کوردستانیان هەڵداوە.[2]

مەنسوور حیکمەت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی زیاتر بەسەر کۆمەڵەدا بسەپێنێ و لە پێشەوەی ئاڵاهەڵگرانی بەرەی چەپدا پێداگری کردوە لەسەر ئەوەی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە نەیتوانیوە وڵامدەری داخوازییەکانی "کرێکاران و زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕ" بێ، تەنانەت لە ساڵی ١٣٦٧ لە کۆنگرەی ٦ی کۆمەڵە ویستەکانی خۆی (دیارە مەبەستی باسکردنی کۆمۆنیستی کرێکارییە) بە شێوەیەکی سیستماتیک بۆی ناچێتە پێش و لەو پێوەندییەدا کادرەکانی کۆمەڵە ڕەخنەی لێدەگرن. هەربۆیەش سەبارەت بە یەکدەستی و یەکپارچەیی و پێشگرتن بە گەشەکردنی نەزەری خۆی ئاوا دەنووسێ:

**" کۆنگرەی شەشەم دەمودەست کەوتە ژێر کارتێکەریی قازانج و بەرژەوەندییەکانی" پاراستنی یەکپارچەیی و یەکیەتیی تەشکیلاتی". ڕەخنە لە ڕابردوو و لەوەی کە دەبوا لێی تێپەڕین و داییبڕین خاو بۆوە و لە کزی دا.**

---

[1] -خاتراتی جلیل معین افشار" ناسراو بە جلیل خمپارە" فصل ششم ص ٥٧ و ٥٨

[2] – بڕوانە سەرچاوەی پێشوو بە درێژە باسی دەکا

**فشارێک کە لەسەر ئینتیما ناکرێکاری و دواکەوتووەکان هەڵگیرا و شوناسی تەشکیلاتی و دەمارگرژیی ڕێکخراوەیی وەک کەرەستە و ئامرازێک بۆ یەکیەتیی تەشکیلاتی زەق کرایەوە." [1]**

هەرچەند ڕێبەرانی کۆمەڵە، مەنسوور حیکمەتیان (ژوبین ڕازانی) هێنایە ناو تەشکیلاتی خۆیان، بەڵام دەردەکەوێ ناوبراو ڕازی بووە لەگەڵ وڵاتانی خەباتی چەکداری، گلێیی لە کۆنگرەی شەشی کۆمەڵە هەیە چونکە مەبەستەکانی نەپێکاوە! دیارە وا پێ دەچێ کە لەکۆنگرەی شەشەوە ویستەکانی جێبەجێ بوایە مەبەستی کۆمۆنیستی کرێکارییە. هەڵبەت چەپە توندڕەوەکان بەردەوام لە یەکێتی فکری نەک حیزبەکەی خۆیان بەڵکوو هی غەیرەش ترساون.

لە پاش جیابوونەوەی مەنسووری حیکمەت، کاک عەبدوڵڵا موهتەدی سەر لە نوێ بای داوە بۆ لای حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و لقی کوردستانییەکەی کۆمەڵە، بە پێی بەرنامەی پێشووی ئەو حیزبە لەگەڵ کاک برایم عەلیزادە کەوتەوە خەبات و زۆری نەکێشا دژایەتی یەکتریان دەست پێکردەوە!

سەیر ئەوەیە کاتێک جەناحی حیکمەت، کاک عەبدوڵڵا موهتەدی پاڵ پێوە دەنێ لە ڕۆژی ٩ی خەرمانانی ١٣٧٠ پلینۆمێک دەگرن بە قەولی ئەوان مەنسوور حیکمەت، ئیرەج ئازەرین و کورش مودەرەسی کە ئەندامی دەفتەری سیاسیی بوون لە ئەندامەتی حیزبی کۆمۆنیست وازیان هێناوە و بەشی هەرەزۆری کومیتەی ناوەندی لەگەڵ کەوتن ئەوە لە کاتێکدایە باسەکانی پلینۆمی ١٦ی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" هیچی بۆ جەناحی ڕاست نەهێشتبۆوە بەڵام وادیارە لەو نامەیەدا کە برایم عەلیزادە، عەبدوڵڵا موهتەدی، فاروق بابامیری، محەممەد شافعی و برایم محەممەدی بۆ ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دوای ٦ ڕۆژ لە پلینۆمی بیستەمی ئەو حیزبەدا بۆ کوردستانی دەنووسن دەری دەخا کە چەندە سەرلێشیواون و دوای ئەو ئاڵۆزییانەی کە لە نێو حیزبی کۆمۆنیستدا دروست بوو ئەوانە چەندە لە واقعییاتی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران بێ ئاگان و دوای هەموو

---

[1] – حکمت، فعالیت حزب، صفحه ٢٨

پاشەکشە و شکستەکانیان هەروا سوورن لەسەر دروستکردنی حکوومەتی پرۆلیتاریا و ڕاوەستان لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمدا و لێدانی ناسیۆنالیزم. هەموو ئاڵۆزیی و دووبەرەکی و جەناحبەندی خۆیان لە ناسیۆنالیزمدا دەبینن، ئەوە ئەگەر سەرلێشیواوی سیاسی نەبێ چ ناوێکی دیکە بە بالایان دەبڕێ؟ بڕوانە دێرێکی ئەو نامەیەی خوارەوە:

**"... ئێمە حیزبی کۆمۆنیست و بەتایبەتی سازمانی کوردستانی ئەو حیزبە، کۆمەڵە بەنوقتەیەکی لەبارو شیاوە دەزانین بۆ بەرەو پێشڕەوی چینی کرێکار و کۆمۆنیزم لەئێراندا. بە واتایەکیتر دیفاعی ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیست و مانەوە لەو سەنگەرەدا بەمانای دیفاع لە وەزعی مەوجوود نییە. جیا لەوە کە ئێستا بوحرانی سیاسی و ناڕێکی و بۆشایی تەشکیلاتی هەیە، ئەگەر حیزبی کۆمۆنیست لەکردەوەدا بەتەواوی ساغ و سالم بوایە لەڕوانگەی ئێمەوە دەبوو بە ئاراستەی یەک حیزبی کۆمۆنیست بگۆڕدرێ. حیزبی کۆمۆنیست لە هەمانکاتدا دەبێ وەک حیزبێکی ئینترناسیونالیستی نوێ لە بەرامبەر شەپۆلی زیانباری ناسیونالیسم و "مللی گرایی" لە دنیادا و لە ناوچەکەدا کە ئەمڕۆ کرێکاران بە پەرتەوازەیی و پرش وبڵاوی تەهدید دەکا دەبێ بەربەرەکانی بکا و ڕاوەستێ، و لە قازانجی واقعی چینی کرێکار دیفاع بکاو.....بۆ دیفاع لە مارکسیزم و سوسیالیزم لەبەرامبەر هورووژمی بورژوازییدا ڕاوەستێ..."**[1]

لەو ڕێکەوتەوە واتە ساڵی ١٣٧٠ کە جیابوونەوەی ڕەوتی کرێکاری ڕووی دا کۆمەڵە بۆ خەبات کردن هێزێکی نەمابوو کە بتوانی لە نێوخۆی کوردستان دەست بە تێکۆشانی کۆمۆنیستی خۆیان بکەن. لە ڕەوتی ئەو جیابوونەوەیەدا بەشی زۆری ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری[2] کەوتن و بە گشتی ڕێگای هەندەرانیان گرتەبەر و ئاشبەتاڵێکی موئەدەبانەیان کرد. حیزبی

---

[1] – بڕواننە ئەو بەستەرە: https://www.iran-archive.com/sites/default/files/2021-07/nama-be-azaye-hezbe-komonist.pdf

[2] – ئەو ڕەوتە چەندین ئینشعابی دیکەی لێکەوتەوە وەک: حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران–حیکمەتیست، حیزبی یەکیەتی کۆمونیزمی کرێکاری و یەکیەتی سوسیالیستی کرێکاری، یەکیەتی نێونەتەوەیی پارێزگاری لە کرێکارانی ئێران.

کۆمۆنیست بەو جیابوونەوەیە تووشی داوێستاوی و لاوازییەکی زۆر هات. لەبارەی ئینشعابی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و حیزبی کومونیستی کرێکاری مەنسووری حیکمەت هەڵوێستی حیزبەکەی لە ئاست ئەو جیابوونەوەیە لە "ئینترناسیونالی حەوتوانە"ی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٧٩ ئاوا گەلاڵە دەکا و دەڵێ: "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لیبڕاوانە خەونی ڕەوتی ناسیونالیسمی دژی کۆمۆنیستی و دووی جۆزەردانی لە کوردستان لە ژێر ناوی "کۆمەڵە" دا پووچەڵ دەکاتەوە. عەبدوڵڵا موهتەدی، عومەر ئێلخانیزادە، و جەلال تاڵەبانی و هاواڵەکانیان سەربەستن کە هەر ڕێکخراوێک کە بیانهەوێ پێکی بێنن و هەر سیاسەتێکی پێیان خۆشە ڕەچاوی بکەن. بەڵام مێژووی کۆمۆنیستی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ زەوت کردن و قووت دان نابێ، پێکهێنەرانی ئەو مێژوویە لە مەیدان دان و ئەو دەرەتانە بەو ناسیونالیستە تازە پێگەیشتوانە نادن." سەیر ئەوەیە لێرە حیکمەت تەنانەت هەموو حەقێک لە عەلیزادە و موهتەدی زەوت دەکا و ڕێگا بە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە نادا ئەو ناوەی سەرەتای شۆڕش کە کۆمەڵە دروست بوو بۆ خۆیان دیاری بکەن!

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی کوردستانی و ئێرانی بە چەپ و ڕاست و میانەرەو قەبووڵ نییە، کەوابوو نە لە گەڵ هیچکەس پێوەندیی هەیە و نە هاوئاهەنگی و هاوکاریش لە کەس دەخوازێ. بەو پێیە حیزبی دێموکراتیش لەو قاعیدەیە هەڵناوێردرێ، بەڵام لەوەی ڕا کە ئەو حیزبە خۆی پی ڕەوتێکی تۆخی کۆمۆنیستییە و حیزبی دێموکراتی پی نوێنەری ناسیۆنالیزمی بۆرژوایی کوردە، ئەو حیزبەی پێ ڕەوتێکی "ارتجاعی"یە و لە نووسراوەکانی دا لە گەڵ ڕەعایەت نەکردنی "نزاکت"ی نووسین، زۆر بە توندی هێرشی دەکاتە سەر.[1]

---

[1] – ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە لە حیزبی کومونیستی ئێراندا و هەڵویستی ئێمە. تێکۆشەر، ژمارە ٧٠

## نامه به اعضاء حزب کمونیست ایران

رفقای حزبی!

همانطور که احتمالا تاکنون اطلاع پیدا کرده اید، در پلنوم بیستم کمیته مرکزی حزب کمونیست ایران که روز نهم شهریور ماه ۱۳۷۰ برگزار شد، رفقا منصور حکمت، ایرج آذرین و کورش مدرسی اعضاء دفتر سیاسی تصمیم خود را دایر بر استعفا از حزب اعلام کردند و متعاقب آن سایر اعضاء کمیته مرکزی حزب بغیر از امضاء کنندگان نامه حاضر و نیز بغیر از رفیق حبیب فرزاد که در آن موقع تصمیم خود را اعلام نکرد و رفیق محمد شافعی که در نشست حضور نداشت، در برابر پرسشی که از آنان شده بود اعلام داشتند که آنها نیز از حزب کمونیست ایران استعفا خواهند کرد. استعفای اعضای دفتر سیاسی و اکثریت کمیته مرکزی که قرار است در پلنوم بیست و یکم قطعیت پیدا کند، طبیعتا کمیته مرکزی و کل حزب کمونیست را با وضعیت ویژه، بی سابقه و دشواری روبرو میسازد.

از نظر ما، یعنی جمعی که در کمیته مرکزی حزب باقی مانده و مصمم اند به وظایف سیاسی و حزبی اعلام شده اش عمل نماید و نیز به اعتقاد ما از نظر اکثریت اعضاء حزب کمونیست اقدام این رفقا نقض آشکار تعهدات بارها اعلام شده، منجمله در مورد برگزاری کنگره چهارم حزب و شانه خالی کردن از زیر بار مسئولیت ها و وظایفی که مستقیما به آنها برمیگردد،میباشد.

رفقای دفتر سیاسی در تمام دوره اخیر از اختیارات کامل برخوردار بوده اند و اکنون باید در موضع جوابگوئی به کنگره حزب در مورد ناکامی و ناتوانی خود در پیشبرد سیاستهای اعلام شده میبودند. از لحاظ سیاسی و عمومی نیز ما تضعیف حزب کمونیست را به زیان طبقه کارگر و به زیان جریان سوسیالیستی در ایران ارزیابی میکنیم. بهمین دلیل ما امضا کنندگان آمادگی خود را برای قبول مسئولیت در ظرفیت کمیته مرکزی حزب در راه پیشبرد وظایف حزب کمونیست ایران تا کنگره بعدی این حزب اعلام میداریم. بدیهی است که این وظیفه ایست سنگین که تنها به اتکای مشارکت و همکاری فعالانه و صمیمانه کادرها و اعضا مومن حزب قابل حصول است. ما از همین فرصت استفاده کرده و به همه رفقای حزبی فراخوان میدهیم که برای دوره جدیدی از فعالیت برای بازسازی و تحکیم حزب کمونیست، برای استوار نگهداشتن اعتماد نسلی از کارگران و زحمتکشان به کمونیستها، برای مبارزه در راه تحقق اهداف عادلانه و شریفی که پرچم حزب کمونیست را تشکیل میدهد، صمیمانه پا به میدان بگذارند و در این راه با ما مشارکت و همکاری فشرده به عمل آورند. ما معتقدیم حزب کمونیست ایران با وجود همه نقد پیشروی که از آن وجود دارد دستاورد با ارزش طبقه کارگر ایران و جنبش کمونیستی است. با این همه تلاش ما برای حفظ این حزب صرفا تلاشی معطوف بر حراست نقاط مثبت و روشن گذشته آن نیست بلکه اساسا تلاشی است معطوف به آینده جریان کمونیستی و کارگری.

ما حزب کمونیست و منجمله سازمان کردستان آن، کومه له را مساعدترین نقطه ممکن برای پیشروی بعدی طبقه کارگر و کمونیزم در ایران میدانیم، بعبارت دیگر دفاع ما از حزب کمونیست و ماندن در سنگر آن به معنای دفاع از وضع موجود آن نیست. صرفنظر از بحران سیاسی کمونیسم و نابسامانیهای تشکیلاتی فراوانی که وجود دارد و لطماتی که حزب هر روزه از قبل این اوضاع میبیند، حتی اگر این حزب دارای کارکرد کاملا سالم و طبیعی نیز میبود، هنوز از نظر ما سیاست در جهت تبدیل به یک حزب کمونیست کارگری متحول گردد.

حزب کمونیست در عین حال باید مانند یک حزب انترناسیونالیستی جدید در مقابل امواج زیانبار ناسیونالیسم و ملی گرائی در جهان و در منطقه که امروز کارگران را به تفرقه و جدائی تهدید میکند بایستد و از منافع واقعی و همگانی طبقه کارگر دفاع نماید و نیز همچون بخشی از کارگر سوسیالیزم در جهان به مثابه سنگری برای دفاع از مارکسیزم و سوسیالیزم در مقابل هجوم جهانی بورژوازی عمل نماید.

ما برای این اهداف پیشرو کمونیستی مبارزه میکنیم و تلاش میکنیم که حزب کمونیست، دستاوردها، نفوذ، کادرها و نیروی سیاسی آن به

حزب کمونیست در عین حال باید مانند یک حزب انترناسیونالیستی جدید در مقابل امواج زیانبار ناسیونالیسم و ملی گرائی در جهان و در منطقه که امروز کارگران را به تفرقه و جدائی تهدید میکند بایستد و از منافع واقعی و همگانی طبقه کارگر دفاع نماید و نیز همچون بخشی از کارگر سوسیالیزم در جهان به مثابه سنگری برای دفاع از مارکسیزم و سوسیالیزم در مقابل هجوم جهانی بورژوازی عمل نماید.

ما برای این اهداف پیشرو کمونیستی مبارزه میکنیم و تلاش میکنیم که حزب کمونیست، دستاوردها، نفوذ، کادرها و نیروی سیاسی آن به خدمت این اهداف گرفته شود. اما قدم اول در این راه [illegible] و با توجه به اوضاعی که پیش آمده باید معطوف به حفظ و سامان دادن فوری به حزب و تامین ادامه کاری و فعالیت روتین آن باشد. چرا که بدون انجام این امر طبیعتا انجام وظایفی که حزب بعهده دارد میسر نخواهد بود.

ما برای شروع فعالیت در شرایط جدید تمام مصوبات کنگره ها و پلنوم های کمیته مرکزی و نیز سازمان کردستان را ملاک و مبنای فعالیت جاری قرار داده و [illegible] فعالیت حزب بر مبنای این خطوط تاکید میکنیم. در عین حال [illegible] نظرات مختلف در مورد مسائل سیاسی گوناگون اعم از مسائل عمومی سوسیالیزم در جهان، چشم انداز آتی حزب کمونیست، تبیین گذشته آن، تاکتیک ها و سیاستهای حزب و غیره بتواند در فضائی سیاسی و رفیقانه بیان شود. لازم به ذکر است که با وجود اختلافات اخیر [illegible] را با وجود اهمیت آن بخودی خود منافی با وحدت حزبی نمیدانیم و [illegible] از مواضع را معیار همکاری یا عدم همکاری در حزب کمونیست نمیدانیم.

پس از حفظ و سامان یافتن کار ما در کردستان و در خارج کشور و پس از امکان اطلاع یافتن و در جریان قرار گرفتن رفقای ما در شهرهای ایران از مسائل موجود ما دوره ای را برای تدارک کنگره چهارم حزب کمونیست ایران آغاز خواهیم کرد.

ما کار رسمی خود را از پلنوم بیست و یکم و بعد از قطعی شدن استعفای سایر اعضای کمیته مرکزی آغاز خواهیم کرد. اما از هم اکنون بعنوان جمعی که تصمیم دارد در ظرفیت کمیته مرکزی حزب کمونیست ایران به احیاء و پیشبرد فعالیتهای حزب اقدام نماید [illegible]

[illegible]

[illegible]

ابراهیم علیزاده ـ عبدالله مهتدی ـ فاروق بابامیری ـ محمد شافعی ـ ابراهیم محمدی ۱۵/شهریور/۱۳۷۰

# ماهییەتی شەڕ، یان شەڕ شەڕ تا سەرکەوتن؟
# کامیان بوو بە سیاسەتی کۆمەڵە؟

لێرە پێویست بە بەڵگە هێنانەوەیەکە کە سەرەڕای ئەو هەمووە کێشە و گیروگرفتەی تووشی بوون، ڕێبەرایەتی کۆمەڵە بەگشتی بە هەموو تەیفەکانییەوە بۆ دژایەتی حیزب و شەڕکردن لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا هاوڕا بوون! بەتایبەتی ئەوانەی کورد بوون دروشمی (جنگ جنگ تا پیروزی) بەشێک لە سەردێڕی کۆبوونەوەکانیان بوو. بۆ وێنە با ئەو وتوویژە پاڵتاکەی خالید عەلیپەنا لەگەڵ "مەنسوور حیکمەت" کە لەسایتی حیکمەت وەرگیراوە بخوێنینەوە.

شەڕی حیزبی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات و ڕاگەیاندنی ئاگربەسی یەک لایەنە.

بەشێک لە کۆبوونەوەی ٢٦ی دسامبر ٢٠٠١ لە ژووری پاڵتاکدا لەگەڵ مەنسوور حیکمەت.

"خالید عەلیپەنا: من پرسیارێکم هەیە. لە شاری ئێمە، یوتوبووری (سوئید)، لەپڕدا عەبدوڵڵا موهتەدی هاتبووە ئەو شارە، من خۆم پرسیارم لێ کرد. گوتم، لە پێوەندیی لەگەڵ شەڕی حیزب و کۆمەڵە نەزەرتان چی بووە؟ گوتی: ئەو شەڕە مەنسوور حیکمەت بە سەر ئێمەیدا سەپاند. من لەو بارەیەوە زانیاریم هەیە، تۆ لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندییدا بووی. دەمهەوێ بزانم کە ئەو وتەیەی کاک عەبدوڵڵا چەندە وەک ڕاستی دەچێ؟ و بەڕاستی بۆچوونی ئێوە لەو کاتدا لەسەر شەڕی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات چ بووە؟ هەڵوێستی عەبدوڵڵا موهتەدی چی بووە؟

مەنسوور حیکمەت: ..... ئەو کات من لە کوردستان لە مقەڕی کۆمەڵە بووم. لەگەڵ ڕێبەریی کۆمەڵە دانیشتین و لەو بارەوە چی بکەین قسەمان کرد. باسەکە ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات زەربەیەکی لێداوە، ئەگەر ئێمە ئەو حەرەکەتە نادیدە بگرین، ئەگەر ئەو حەرەکەتە نیزامییەی حیزبی دێموکرات وڵامێکی نیزامیی لە ئێمە وەرنەگرێ حیزبی دێموکرات دەسەڵاتی لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان سەقامگیر دەکا، بەو مانایە کە ئینسان ڕێگای نییە تەبلیغاتی کۆمۆنیستی بکا. ئەوە شتێک بوو کە کۆمەڵە ملی بۆ ڕانەدەکێشا. لە ئاکامدا سیاسەتی ئێمە بوو بەوە دەبێ حیزبی دێموکرات وڵامێکی نیزامیی وەرگرێتەوە. ئەوە تا ئێرە.[1]

بەڵام لەپێوەندیی لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی‌دا، من باوەڕ ناکەم کەسێک بێ لەو چیا و یان تەپۆڵکەیەک موخالفی ئەوە بێ کە حیزبی دێموکرات دەبێ وڵامێکی نیزامیی لە کۆمەڵە وەرگرێتەوە، بەڵام چ وڵامێک وەرگرێتەوە دواتر لە نێوانمان‌دا باسێکی بەربڵاوی لێکرا.

"اتفاقا" من نووسەر و پێشنیارکاری ئاگربەستی یەکلایەنە بووم، باس لەوەی کە شەڕ بەرەو کوێ دەکێشرێ، بابەتی باسەکانی دوایی بوو. **من نووسراوەیەکم هەیە لە بارەی "ماهییەتی شەڕ" کە دواتر بوو بە سیاسەتی فەرمی لەبەرامبەر سیاسەتی " جنگ جنگ تا پیروزی" کە بەکردەوە بە شێوەیەکی "ناخودآگا" بەسەر کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەدا حاکم بوو، ئەو سیاسەتە پێداگری لەوە دەکرد کە شەڕ تا شکستی نیزامیی حیزبی دێموکرات درێژەی هەبێ. من لەو نووسینەدا گوتومە شتێکی ئەوتۆ غەیری محاڵە......** باسی "جنگ جنگ تا پیروزی"م "نقد" کرد، چەپڕەوی نیزامیم "نقد" کرد. ئەو بەڵگەیە هەیە.( لە سایتی "روزنە" دایدەنێم با بیبینن.)

---

[1] مانای ئەوە کە "دەبێ حیزبی دێموکرات وڵامێکی نیزامیی وەرگرێتەوە" ڕوون و ئاشکرا کە هەرچەندی دانیشین و وتووێژ بکەین ئێمە لە دێموکرات دەدەین! ئەوە هەر یەک ڕۆژ دوای شەڕی ٢٥ی خەزەڵوەری هەورامانە کە ڕێبەریی کۆمەڵە بڕیاری شەڕی داو لەتەواوی ئەو شەڕانەی پێش ٢٥ی خەزەڵوەر لەهەموویان کۆمەڵە فکری زەربەلێدانی لەحیزب بووە و هەموو وتووێژ و وێژمانی لەگەڵ حیزب بۆ چەواشەکاری و کات کوشتن بووە.

پاشـان هـاوڕێ بـرایم عەلـیزادە ئەو سیاسـەتەی وەک سیاسـەتی کـۆمەڵە ڕاگەیانـد. بڕیارنامەکـانی کـۆمەڵە و باسـەکانی کە لە کۆبـوونەوە بـووین (مـن دواتر بیستم) بەتەواوی هێمای نیزامیی گەرایانە و چەپڕەوی و بەکورتی تا نەفەری ئاخر دەبێ شـەڕ بکەین، لە بڕیارنـامەکەدا بـوو. لەحالێکدا باسـی مـن ئەوە بـوو کە ئەسلەن نـابێ ئەو کـارە بکەیـن. باسـی مـن ئەوە بـوو کە کاتێک بەراوردی هێزەکانمـان کـرد زانیمـان کە حیزبـی دێمـوکرات نـاتوانێ پـێش بە تێکۆشانی ئێمە بگرێ ئێمە دەبێ شەڕ بکەینە لاوەکی، هێزێکی دیـاریکراوی بـۆ دیـاری بکەیـن کە حیزبـی دێمـوکرات کـۆنترۆڵ بکـاو ئـێمە کارەکانمـان بەرەو پێش بەرین. ئەوەمان وەک سـەرکەوتنی دووفـاکتۆ خوێنـدەوە، نووسـراوەکەی (مقالە) هەیە. هەموویان قەبووڵیان کردو هەمووشیان "بەهبەـە" یان بۆ گوت و بـوو بە سیاسـەتی ڕەسـمی. ئەگەر عەوبـدوڵڵا مـوهتەدی گـوتبێی کە شـەڕی کۆمەڵە و دێموکرات مەنسوری حیکمەت بەسەری داسەپاندووین؟ بە ڕای مـن دەبێ لەزۆربەی شتەکانی گومان هەبێ. من ئێستاش بۆم دژوارە بـاوەڕ بکەم کە ئەو کەسە بتوانێ، یا کەسێک بتوانی شتێکی ئەوتۆ بڵێ. کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لەوپێوەندییەدا بڕیـاری دا........ لە سـەروبەندی کۆنگرەی شەشـەم بـۆ کۆنگرە گەڕامەوە کوردستان بەڵام پێش کۆنگرە بە هـۆی بۆمبـارانی ئوردوگـا بڵاوەمـــان پێکـــرد و نەمـــانتوانی لەو کـــاتەدا کـــۆنگرە بگـــرین، بەڵام لە کۆبوونەوەکـانی کـومیتەی ناوەنـدیدا، بەهـۆی ئەوەی لە حیزبـی دێمـوکرات جیـابوونەوەیەک ڕووی دابـوو پێشـنیاری ئاگربەسـتی یەکلایەنە بە حیزبـی دێموکرات ڕاگەیاند. عەبدوڵڵا مـوهتەدی، جەواد مێشـکی و سـەلاح مـازووچی بەو پێشنیارەی من دەنگی "ممتنع"یان دابـوو....بیرۆکەی ئاگربەستی یەکلایەنە بە هی خۆمی دەزانم. ئەو ئاگربەستەشمان بڵاو کردەوە. بەڵام دۆستانی دیکە و، سیاسـەتی عەبدوڵڵا مـوهتەدی ئەوە بـوو کە ئەو ئاگربەسـتە زوویە و ئـێمە دەبـــێ حیزبـــی دێمـــوکرات بەرەو ڕێکەوتنێکـــی ئیســـتراتیژیکتر و بـــۆ یەک "همزیسـتی اسـتراتژیکتر" ڕابکێشـێن. بە ڕای ئەوان ئەو ئاگربەسـتە پـوانێکی سـادە بـووە. مـن گـوتم ئەوە تەوەهـومە، ئەو تەوەهومێک بـوو کە عەبـدوڵڵای موهتەدی هەمیشە بووی. دابەشکردنی "اسـتراتژیک" کوردسـتان لە نێوان دوو

حیزبی جووڵانەوە کە ئێستاش پێوشوێنی ئەوە کەوتووە.... ئەوانە دەیانویست لەگەڵ بەشی ئینشعابی (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) ئاگربەست بکەن و لەگەڵ لایەنی قاسملوو شەڕ ڕانەگرن...... گوتم با ڕایگەیەنین ئێمە سەرکەوتووین، شەڕ "فرعی" ڕابگەیەنین و کۆتایی شەڕ ڕابگەیەنین و تەنیا بڵێین لەخۆمان دیفاع دەکەین، بەڵگەکانیش هەیە و بەخۆشیەوە شەخسییەتەکانی ئەو دەورەیە بەشی زۆریان هەموو زیندوون، بەنەزەرم لەو کۆبوونەوەی کە لە ژێرزەمینی سلێمانی گرتمان شاهیدی زۆری هەیە....."

ئەوەی باس کرا کە عەبدوڵڵای موهتەدی ئەوەندە خەمخۆری ئەفرادی خۆی نەبوو کە بە کوشتیان دەدا بەڵکوو ئەوەی بۆ گرینگ بووە کە بتوانێ ئەگەر بۆی لوا حیزب لەمەیدان بەرێتە دەرێ، ئەگەر نەشکرا لانیکەم نیواونیو لەکوردستان دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکرات دابەش بکا. لەوە سەیرتر هەموو بڕیارانەی کە زەرەری بۆ پەز هەیە لەسەری هاوڕێیەکانیدا دەشکێنێ. لەخۆڕا نییە حیکمەت بەڕوونی دەڵێ "**بە نەزەری من دەبێ لەزۆربەی شتەکانی عەبدوڵڵا موهتەدی گومان هەبێ**"!؟ تەنانەت ئەگەر مەنسووری حیکمەت باسی نەکردبایە حیزبی دێموکرات دەمێک بوو دەیزانی شەڕ و ئاژاوەی کوردستان لەبن سەری کێ دایە و کێ خوڵقاندی، دیارە نەک لەو بوارەدا بەڵکوو لەزۆر مەسەلەی سیاسیی دیکە حیکمەت ڕێگای لێ گرتوون و هەڵەی زەقتری بۆ ڕاست کردوونەوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بڕیاری شەڕ تاسەرکەوتن یەکەم باسی کۆبوونەوەکانی بووە بەڵام پێش بڵاو بوونەوەی مەنسوور حیکمەت پینەوپەڕۆی دەکا و بۆیان دەسەلمێنێ کە ئەوەی ئەوان کردوویان هەڵەیەکی زەقی سیاسییە و بە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لەو توند ڕەوییەی موهتەدی و لایەنگرانی، ماهییەتی شەڕیان بۆ شیی دەکاتەوە کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا و بە فەرمی دەبێتە سیاسەتی کۆمەڵە.

نامەیەکی دەفتەری سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ برایم عەلیزادە و ڕەحمان حوسێنزادە لە پێوەندیی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا نووسراوە.

"پەیامی ژمارە ٥ دەفتەری سیاسی حیزبی کۆمۆنیست بۆ برایم عەلیزادە و ڕەحمان حسین‌زادە لە پێوەندیی لەگەڵ دوو حیزبی دیموکرات.

**ئێمە شێوەی هەڵسوکەوت و بەرخوردی نزیکتری ئێوە لەگەڵ "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" رازی نین. ئێمە لایەنگری ئەوەین کە لەگەڵ هەردووکیان بەیەک شێوە هەڵسوکەوت بکەین. هەستان و دانیشتن لە پێوەندیی ڕۆژانەدا لە نێوان ئێمە و ئەو دوو لایەنە پێگەی جیاواز نابێ مانای بێ.[1] لە ڕوانگەی ئێمەوە، بەسەرنجدان بە ئەساسنامەی نێوخۆیی و ڕەوتی ئینشعاب لە نێو حیزبی دێموکرات و نەریتی هاوشێوەی کاری تەشکیلاتی و حیزبی لە دنیادا، جەریانی سەعید بەدەڵ** (شەڕەفکەندی) **بۆ کەڵک وەرگرتن لە ناوی حیزبی دێموکرات مەشرووعییەتی هەیە.**

مانای ئەو ڕستەیەی سەرەوە ئەوەیە کە لەحاڵێکدا کە کۆمەڵە لەگەڵ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ئاشتی ڕاگەیاند، بەڵام نابێ لەگەڵ حیزبەکەی قاسملوو هیچ جیاوازییەکی هەبێ. واتە لێرەش لەپشتەوە داویان بۆ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ناوەتەوە. چونکە ئەوان پێیان‌وایە دەبێ لەگەڵ هەردوو لایەن وەک یەک هەڵسوکەوت بکرێ و لای ئەوان جێگەی تایبەتی بۆ یەکیان مانا نادا. هەر لەوکاتەدا لای ئەوانیش حیزبی دێموکرات مەشرووعییەتی هەیە، بۆیە پشتیوانیان لە جیابوونەوە کرد بۆ ئەوەی هەلەکە بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە و بەکورتی لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن و نانێکی چەوری لێ بخۆن.

ڕاگەیەندراوی کۆمەڵە بەناوی ئاگربەست لە گەڵ "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" لە ڕێکەوتی ٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٧ بڵاو بۆوە ئەوە لەکاتێکدا بوو کە "حکا" و کۆمەڵە وەک ئامازەی پێکرا تاڵترین ڕۆژەکانی سەرلێشێواویی ژیانی سیاسی خۆی تێپەڕ دەکرد، هەر لەوکاتەدا تەپڵی سەرکەوتنی بە ناو پرۆلیتاریای کوردستانی هەروا دەکوتا! کە لەو کاتیش‌دا پرۆلیتاریای کوردستان بەدەست ستەمی نەتەوایەتی‌یەوە دەیناڵاند و لەبەرامبەردا بەرەبەرە "حکا" بەرەو ئیزۆلەبوون و توانەوە هەنگاوی خێراتر دەنا. ئێستاش

[1]- واتە بۆ ئەوان هیچ جیاوازییەکی نیە لەکاتێکدا "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" ئاگربەستی لەگەڵ کۆمەڵە کردبوو بەڵام کۆمەڵە ئینشعابییەکانیش هەر بەچاوی دوژمن دەبینێ.

ڕوون نییە کە چی ڕووی دا کۆمەڵە بەو ڕاگەیەندراوە ئاگربەستی ڕاگەیاند، بەڵام ئێستا کە عەجایب بۆ کوردایەتی سەریان پێوە نەماوە! سەیرتر لەوە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانییەوە پشتیوانی بەهێزی جووڵانەوەی کوردستان و خەباتی حیزبی دێموکرات بوون کەچی ئەوان پێیان دەکوتن کۆنەپەرست و ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ....سەیرتر لەوانەش ئەوەیە پاش ٨ کۆنگرە تازە هەستیان کرد کە کۆمەڵە بە هۆی گرتنەبەری سیاسەتە چەوتەکانی بە تایبەتی دژایەتی لەگەڵ کوردایەتی و شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات پێگەی لە کوردستاندا نەماوە و دەبێ بادەنەوە بۆ کوردایەتی، کوردایەتییەک کە هەر لە بنەڕەتڕا ئامانجی سەرەکی حیزبی دێموکرات بوو. ڕاگەیەندراوی ئاگربەستی کۆمەڵە شەڕی لێ دەبارێ ئەوە بە خەیاڵ ئاگربەستیان ڕاگەیاندوە!

"حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامانجی سنووردارکردنی ئاستی چالاکیی ئازادانەی کۆمۆنیستی و ترساندنی کرێکاکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان دەستی بۆ شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە برد و لەو ماوەیەدا جگە لە بەکارهێنانی هەموو توانا نیزامییەکانی لە دژی کۆمەڵە، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک مەزهەب، ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ، ڕەوشتی دواکەوتووانە لەبەرامبەر ژناندا و هتد، هەوڵی دا تاکوو بەڵکوو بۆ دەستدرێژی بۆ سەر کۆمەڵە پاڵپشتێکی مادی لە نێو کۆنەپەرستیی کوردستاندا پێک بێنێ."[1]

بیرخستنەوەی ئەو مەسەلەیە پێویستە، لە کوێ حیزبی دێموکرات بە هەدەفەوە پێشگیری لە تێکۆشانی کۆمۆنیستی گرتووە! خەڵک بۆ خۆی باوەڕی بە تێکۆشانی کۆمۆنیستی کۆمەڵە نەبووە، بێجگە لە داتاشینی دروستکراوی بابەتی زێهنی و خیاڵی خۆیان بەڵگەیەکی سەلمێنراویان نییە. خۆ عەبدوڵڵا موهتەدی وەک یەکەم سکرتێری کۆمۆنیستی کۆمەڵە باشی ئاماژە پێکردوە "**کە بە ئەندازەی چڵەپووشکەیەک "حکا" کاری نەکردوە**."

---

[1] – اطلاعیه کمیته مرکزی سازمان کردستان حزب کمونیست ایران – کومەله درباره موقعیت کنونی حزب دمکرات و ختم درگیری جنگ داخلی در کردستان ٣ر٢ر١٣٦٧

چەندین جار کۆمەڵە تا شەوی ٦ی ڕێبەندان هێزی کۆ کردەوە پەلاماری حیزبی دێموکراتی دا، بە پێچەوانە ئەوە کۆمەڵە بوو تەواوی هێزی خۆی کۆ کردەوە بۆ تواندنەوەی ناسیۆنالیزم، سیری ئەو دەستەواژانە بکەن چەندە بێ بنەمان، کەڵک وەرگرتن لەو وشە بێ نێوەرۆکانە نیشانەی داماوی کۆمەڵە لەو سەردەمانە دەگەیەنێ چونکە ئەوان شەرمیان لە کوردایەتی خۆشیان دەکرد، لە حاڵێکدا خەڵکی کوردستان موسڵمانن، کەڵک وەرگرتن لەو وشانە دەبێ بە ئاوی زێڕ بۆیان بنووسی، ئێستا بوونەتە ناسیۆنالیزمی دوو ئاتەشە! دیارە ئەوان بە جۆرێکی دیکە لە نیوەی کۆمەڵگادا لەشۆڕشی کوردستان تێگەیشتوون بەڵام ئاگایان لێ نیە حیزبی دێموکڕات هەر لەگەڵ دروستبوونی باوەڕی بە ماقی ژنان بووە و ژنانیشی لە خەباتدا بەشدار کردوە و خەڵکی کوردستان بەگشتی پشتیوانی بەهێزی پێشمەرگە بوون هەم لەباری مەعنەوی و هەم لەباری مادییەوە، بەڵام ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی "حکا" کۆمەڵە پێی وایە ئەو یارمەتییە بە قەولی ئەوان خەڵکی کۆنەپەرستی کوردستان پێکی هێناوە لەهەمانکاتدا هەر ئەو خەڵکە یارمەتی کۆمەڵەی داوە! جێگای داخە کۆمەڵە لەوسەردەمەدا هەتا هەنگاوێکی دژی ڕێژیمی ئێران هەڵدێناوە دوو هەنگاوی دژی حیزب هەڵدیناوە، ڕاستییەکەی ئەوە بوو ئەگەر هەستی مەسئوولییەت لە لایەن حیزبەوە نەبوایە، زۆر زووتر لە ٦ی ڕێبەندان ئیمکانات و ئێنرژی حیزب بۆ بەرەنگار بوونەوەی کۆمەڵە بە خۆیەوە خەرج دەکرا. چەندجاریش حیزب سیاسەتی خۆی بە کۆمەڵە ڕاگەیاند کە سیاسەتی حیزب ئەوەیە کە کوردستان لە پاوانی حیزبی دێموکرات و هیچ هێزێکی دیکە دا نیە هەموویان وەک ڕێکخراوێکی سیاسی حەقی تێکۆشانیان هەیە بەڵام بۆ پێوەندی دروست و ئوسووڵ دەبێ ڕێز لە دەنگی خەڵک بگیرێ و هێرشی تەبلیغاتی و نیزامی دژی یەکتر نەکەن.

لەو بەڵگەنامانەی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە کە خرانەڕوو، بەتەواوی بۆمان دەردەکەوێ و شایەتی دەدەن بۆ ڕووداوەکانی ئەو کات، کە کۆمەڵە هەیئەتی وتووێژی دوای ٢٥ی خەزەڵوەر تەنیا بۆ کات کوشتن بووە لەغەیری ئەوەدا هیچ بڕواو بنەمایەکیان بۆ وتووێژ نەبووە، چونکە قسەکانی مەنسوور

حـــیکمەت کە لەڕاســـتییەوە نـــزیکن بە ڕوونـــی ئەو ڕاســـتییە تاڵەمـــان بـــۆ دەردەکەوێ، **"هەر لەڕۆژی یەکەمەوە بڕیارمـان دا کە گورزێکی نیزامیی بۆ تـۆڵەکردنەوە لە دێمـوکرات بـدەینەوە."** تەنـانەت باوەڕیـان وابـووە بە قەولـی ڕێبەرانی کۆمەڵە "سزادانی تاوانباران"ی شەڕی هەورامان بۆ فریودانی خەڵک بـووە بـۆ ئەوەی حیزبـی دێمـوکرات بـاوەڕ بە دۆسـتایەتی کـۆمەڵە بێنـێ و لە نەکاو زەربەی خۆیـان بوەشـێن و هەر واشـیان کـرد. لەوەش سـەیرتر ئەوەیە کە ڕێبەرانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست بۆخۆشیان باش دەزانن کە شـەڕی سەرانســـەری کوردســـتان لە ٦ی ڕێبەنـــدان دەســـتی پێکـــرد. لەو بـــارەیەوە سـەنەدێکیان هەیە بەنـاوی " کۆبەنـدی باسـی هەڵسـەنگاندنی ٥ مانـگ شـەڕی ئێمە و حیزبی دێموکرات" (جمع‌بندی از بحث ارزیابی ٥ ماه جنگ مـا و حـزب دمکرات)، کە کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە دوای ٥ مانگ شـەڕ لەنێوان ئەو دوو هێـزە بەڵگەنـامەیەکی نەهێنـی پەسـەند دەکـا کە "حـیکمەت" پێـی وایە بەڵـگەکە کۆمەڵە بە تاوانبار دەزانێ و لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکرا.

ئەگەر بە وردی بـڕوانینە بەڵگەکـانی پێوەنـدیی و نـامە گـۆڕینەوەی نێـوان ڕێبەرانی کۆمەڵە، هیچ شک و گۆمان نامێنێ لەسـەر ئەوەیکە بڕیاربەدەسـتانی کۆمەڵە چۆن بەردەوام لە فکری پیلانگێڕی لەدژی حیزبـی دێمـوکراتدا بـوون. ئێسـتا کە کـۆمەڵە بە سـەر چەنـد کەرتـدا دابەش بـووە باشـتر دەردەکەوێ کە چـۆن لەگەڵ "سـەهەند"ییەکان دەسـتیان تـێکەڵ کـرد و تەنیـا بە خوێنـدنەوەی چەند کتێب و وتاری تایبەت بە سیستمی کۆمۆنیستی و بە ئیلهام وەرگرتن لە هەنـدێ حیزبـی چەپـی ئیـدئۆلۆژیکی وڵاتـانی سوسیالیسـتی ویسـتیان کتومـت هەر ئەو ئایـدیا و بیرۆکـانە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردســـتان ئەوکـات جێگیـر و بسـەپێنن! و بە نـاوی نـوێنەری چینـی کرێکـار و پڕولیتاریـا و دژایەتـی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد و کولتوری بـاوی کۆمەڵگەی کوردەواری، نزیک بە ٤٥٠ کەس لە ڕۆڵەکانی کوردیان کردە قوربانی هەندێ خەون و ئایدیا کە تەنـانەت لە وڵاتـانی سوسیالیسـتی سـەر بە سـوڤیەتیش نەهـاتبوونە دی و دواتـریش دەرکەوت کە چـۆن کـۆی ئەو سیسـتمە لەو وڵاتـانەدا تێـک ڕمـا و مـایەپووچ هاتن!

## ئاگربەستی یەک لایەنەی حیزبی دێموکرات

دوای ئەوەی لە نیوە شەوی ٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٣دا کە هێزەکانی کۆمەڵە هێرشە بەربڵاوەکەیان بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە ناوچەی هەورامان دەست پێکرد بێگومان هێندیک لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و حیسابیان لای خۆیان کردبوو کە پاش ٥ ساڵ و چەند مانگ دەبوو حیزبی دێموکرات پێداچوونەوەیەک بەو "حیسابانە"دا هەم بۆ کۆمەڵە کە ئەو هێرشەیان کردووە هەم بۆ حیزب کە کەوتبووە بەر هێرش بکا و بە پێویست زانرا ئاوڕێکی لێ بدرێتەوە و هەڵسەنگاندنێکی وردی بۆ بکرێ.

بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە بەو کارەیان کە لە شەوی ٦ی ڕێبەندان کردیان بەڕوونی نیشانیان‌دا تا چ ئەندازە نامەسئول و دوورکەوتوو لە ڕاستییەکانن. نامەسئوول چونکە بە گەلالە و داڕشتنی شەڕ و کۆکردنەوەی هێز لە هەموو ناوچەکانی دیکەڕا بۆ سەر ناوچەی هەورامان و، شانازی‌کردنێکی پڕ هەراوهەنگامە بەو کردەوەیان ئەو ویستەی کە لەمێژ بوو لە فیکری خۆیان دا گەلالەیان کردبوو، واتە هەلایساندی شەڕی ناوخۆیی‌یان لە کوردستانی ئێران‌دا کردە ڕەسمی و سەرانسەری و بۆ ئەو مەبەستەش و نێڵدانی زیاتر شەڕەکە دەیان تیئۆری ویشک و ناو بەتاڵیان داتاشی.

دوورکەوتنەوە لەڕاستییەکان، چونکە لەدەریای خەیالاتی بێ‌بناخە و لەخۆبایی بوونی فەریکەییان‌دا نغرۆ ببوون و پێیان وابوو بە کردەوە قێزەونە و بە کەڵک وەرگرتن لە فڕوفیشاڵی بەربلاو، حیزبێکی هەڵقوولاوی نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی وەک حیزبی دێموکرات لە مەیدانی خەبات

وەدەر دەنێن و حاکمییەتی بەناو "پرۆلیتاریایی" خۆیان بە زەبری چەک و بە هاوردەکردنی بیر ئایدیای نامۆ لەگەڵ ئایین و ئایدیای گەلی کورد بەسەر خەڵکی کوردستان دا دەسەپێنن!

پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ و وەبیر بێنینەوە کە هێرشکەران هەر بۆ بەیانی شەوی هێرشە بەربڵاوەکەیان وەڵامێکی شیاویان لەلایەن پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ و خەڵکی قارەمانی ناوچەی هەورامان پێدرایەوە. دوای زیاتر لە ٥ ساڵ بەسەر کارەساتی شەوی ٦ی ڕێبەندان دەبوو حیزبی دێموکرات چاوێک بە ماوەی نزیک ٦ ساڵ تێکهەڵچوون‌دا بخشێنێ و دەبوو بزانێ بەرهەمی ئەو دەرسە بۆتە چی؟! کۆمەڵە لە چ دۆخێک دایە؟ حیزبی دێموکرات لە چ حاڵێک دایە؟

لەڕاستی‌دا کاتێک حیزبی دێموکرات ئاگربەستی ڕاگەیاند کۆمەڵە لەساڵی ١٣٦٩ چی بۆ مابۆوە؟! لە پێشدا لە باری هەبوونەوە، لەوە زیاتر و غەیری ئەوە نەبوو کە کۆمەڵەیی‌یەکان لە ٣ گۆشەیەکی بچووکی جنووب بەولاترەوە لەسەرانسەری کوردستان‌دا هیچ خۆنیشاندانێکیان نەبوو؟ جگە لە جاروبار هەندێ تەبلیغاتی کاتی نەبێ؟! لەڕاستی‌دا شتێک وەک پێشمەرگەی کۆمەڵە لەساڵی ١٣٦٩ نەمابوو، و ئەوەی هەبوو لەواقیع‌دا ژمارەیەکی کەم چەکداری بەناو حیزبی کۆمۆنیستێک کە هەستی کوردایەتیان بەئاشکرا بە شەرم و شورەیی دادەنا. لەپاشان، ئەو بە ناو ڕێبەر و گەلاڵەداڕێژەرانەی شەڕەکەیان ساز کرد، تیئۆریان بۆ داتاشی، لە هیچ کوێی کوردستان بە زەڕەبەین نەدەبینران؟ چونکە لە مێژ بوو کوردستان و مەیدانی خەباتیان بە تەواوی بە جێ هێشتوو و لە سوئید و باقی وڵاتانی سەرمایەداری ئوروپایی پاڵیان دابۆوە. ئەوانەی کە تاک و تەراش لە کوردستان مابوونەوە، بارگەوبنەیان تێکەوە پێچابوو و بە بێ سەبرانە چاوەڕوانی هەل و نۆبە بۆ هەڵاتن و خۆدەرباز کردن لەو دۆخەی کە تێیدا حاسێ بوون، بۆ ئەو ڕاکەڕاکەشیان وەک هەموو کارەکانی دیکەیان تیئوری بەناو کۆمۆنیستیان بۆ داتاشیبوو!

سەرەنجام، لەباری فکری سازمانییەوە، لەساڵی ١٣٦٩ جێگای کۆمەڵەی کوردستانی لە نێو ئەو ڕێکخراوە عەنتیکەیەدا کە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی

ئێرانیـــان لەســـەر دانـــا چـــی بـــوو؟ ڕێکخراوێـــک کە نەک هەر گـــاڵتەی بە دێموکراســـی و خودموختـــاری دەکـــرد بەڵکـــوو دەمڕاســـتەکانی بەئاشـــکرا و بەفیـزەوە قســـەی ســـووکیان بەو کەســـانە دەگـوت کە هەسـتی کـوردایەتی و نەتەوایەتییـان هەبـوو و گاڵتەیـان پـێ دەکـردن و، پێیـان دەگـوتن هەسـتی کـــوردایەتی وەک فیکرێـــک و بۆچوونێـــک بەشـــێک لەخوڕافـــاتی دەورانـــی پاشـکەوتوویی و پێنەگەیشـتوویی‌یە و لەگەڵ هەسـتی مرۆڤـایەتی ناتەبـایی هەیە!

لەبەرامبـەر ئەو وەزعەی کـۆمەڵەدا، هەمـوو کەس لەو سـەردەمەدا لەنێـوان ئەو دوو ڕێکخـراوە هەڵسـەنگاندنێکی دەکـرد و دەی ڕوانیـی و دەیهەویسـت بزانـــێ وەزعـــی حیزبـــی دێمـــوکراتیش چـــۆنە، لەو بـــارەوە وڵامەکـــان لە مەوجـوودییەت و چـالاکیی پێشـمەرگەکانی حیزبـی دێمـوکرات لە شـیمالی کوردسـتان تـا جنـووب، لە پشـتیوانی و یـارمەتی گەرم و بێدریغـی خەڵکـی شۆڕشگێڕی کوردستان و خەباتی بێوچانی ڕۆڵەکانیان وەرگرتەوە.

ئەو هۆکارانەی کە کۆمەڵەی بەو ئاقارەدا پەلکێش کرد دەکرێ ئاماژەیەکی کورتی پێ بکرێ.

داڕزان و سستبوون کەمدەوامی و خۆڕانەگەربوونی کۆڵەکەکانی کۆمەڵە لە نێو چین‌وتوێژەکانی کوردستان‌دا، زیاتر بۆ دژایەتیان لەگەڵ ناسیونالیزمی کـوردی دەگەڕایەوە و هەر ئەوەش بـووە هـۆی ئەوە کە کـۆمەڵە بەرەبەرە لە کۆمەڵگـا دوور بکەوێـتەوە و لە خەڵـک دابـڕێ. سـەرەکیترین مەسـەلە لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵە زیاتر مەسەلەی نەتەوەیی بوو، ئەوان لە هەناوی کـۆمەڵگەی کوردسـتانەوە هەڵ قووڵابـوون و هێـز و توانـایی کە بەکـردەوە لە مەیـدانیش‌دا وەک دەسـکەوت لە کوردسـتان وەدەسـتیان خسـتبوو دواتـر بەو بیرۆکەیەی بڵاویان کردەوە وردەوردە هەمـوو هێز و تین و تاویـان لەدەسـت دا.

پێکهێنـانی حیزبـی کۆمۆنیسـت و پەلکێش‌کردنـی کەسـانی غەیـری کـورد و نـامۆ بە کەلتـووری کوردوکوردسـتان و تـێکەڵ بوونیـان بە کـۆمەڵە، بـێجگە لەوەی لەکوردســتان ئەویــش لەســەرەتادا بەهــۆی بــوونی نــاوی کــۆمەڵە

ژمارەیەکی زۆر کەم خەڵک ناوی ئەو حیزبە عەنتیکەیە "حکا"یان بیست بوو، ئەو ناوە جگە لەوە لە تەواوی ئێران هەر ناوی لە کولەکەی تەڕیش‌دا نەبوو.

دواتر دووبەرەکی و چەند دەستەگی لە نێو تەشکیلاتی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی ئەو ڕێکخراوەی زیاتر خستە پەراوێژەوە و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەرەو داکشان و ڕۆچوون هەنگاویان دەنا.

دوورکەوتنەوەی ڕێبەرانیان لە خەڵک و نەبوونی ڕێبەرانی کۆمەڵە لە نێو خەڵکدا لەسەرەتای دەیەی ١٣٦٠ بووە هۆی ئەوەیکە کادرەکانیان دەنگی بێزاری بەرز بکەنەوە و بە بەردەوام لەنێو کادرەکانی خوارەوەی کۆمەڵە ڕێبەرانیان ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازەندە ببنەوە، چونکە لەوە بەدوا ئورووپا بووە جێگای برپارو نیشتەجێبوونی بەشی زۆری ڕێبەرانیان. بەڵام هەر لەو کاتەدا بۆ زەربەلێدان لە حیزبی دێموکرات چەند کەسێکی ڕێبەریی کۆمەڵە جاروبار ئامادەی ناوخۆی کوردستان بوون ئەویش بۆ ڕشتنی ئەو ڕقەی لەکۆنەوە لە حیزبیان بوو.

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بە گشتی باشیان دەزانی کە هەموو ئەوانەی ئیشارەیان پێکرا بۆ هەرکەس کە چاوی دیتنی هەبێ، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرن.... بۆیە بەلەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییانە بوو کە حیزبی دێموکرات هاتە سەر ئەو باوەڕە کە لە هەلومەرجی ئەوکاتدا درێژە کێشانی شەڕ لە گەڵ چەکدارەکانی کۆمەڵە مانایەکی ڕوون نادا و، پێویستییەکی تێدا بەدی ناکا. لەڕاستی‌دا کۆمەڵە هەر چەند هەم لەباری فیکرییەوە هەم لەباری ڕەفتاری ئاژاوەگێڕانە و غەیرە مەسئوولانەدا ئاڵوگۆڕێکی تێدا پێک نەهاتبوو و ئەگەر گۆڕانکارییەکیشی بەخۆیەوە ببینێ بەهۆی توانەوە لە نێو بەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران‌دا، زۆر بەرچاو نەدەکەوت و بەدی نەدەکرا. بەڵام بە کردەوە لەساڵی ١٣٦٩ زۆر لەوە دوور بوو کە خەیاڵی ئەوە بکا بە زۆری و بە زەبری چەک دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەڵکی کوردستان‌دا بسەپێنێ و بتوانێ ببێتە کۆسپی جیددی سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات.

لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڵاو کردەوە و هەڵوێستی حیزب لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٩ لەبەرامبەر کۆمەڵە و چەکدارەکانی‌دا ئەوە بوو کە حیزب شەڕێکی لەگەڵ ئەوان نییە، مەگەر لەحاڵێک‌دا کە ئەوان بۆ ئاژاوەنانەوە و شەڕ سازکردن هێرشی چەکدارانە بکەنە سەر پێشمەرگەکانی حیزب و ناچاری بکەن بە چەک وەڵامیان بداتەوە، بە واتایەکی ڕوونتر حیزب دەستپێشخەری شەڕ نابێ. بەڵام دیارە چ کۆمەڵە "حکا" و چ هەر کەسێکی دیکە لەوپەڕی سەر لێشێواوی‌دا بیهەوێ بە زەبری چەک بۆچوونی خۆی بەسەر حیزب‌دا بسەپێنێ، لەو حاڵەتەدا هەڵبەت دیفاع کردنێکی لێبڕاوانە لە حیزب ئەرکی بێ‌ئەم لاوئەولای پێشمەرگەکانییەتی.

ئەگەرچی کاتێک ئاگربەستی یەک‌لایەنە لەلایەن حیزبەوە لە مانگی بانەمەڕی ١٣٦٩ دا بڵاو بۆوە بەڵام پێشمەرگەکانی دێموکرات هەستیان کرد کە ئێستا کۆمەڵە نەماوە ئاگربەست لەگەڵ کێ دەکرێ چونکە بەکردەوە لەمەیدان‌دا نەمابوون، لەڕاستیش‌دا لە بەرامبەر کۆمەڵەدا کە ئەو هەمووە خوێنە ڕژابوو ڕاگرتنی حەوسەلە و لەسەرەخۆیی کارێکی هاسان نەبوو. بەڵام ئەرکی قورسی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە حیزبی دێموکراتی حوکم دەکرد کە بە تایبەت لە هەل‌ومەرجی مێژوویی ئەوکات‌دا وشیارتر و خۆڕاگرتر لە هەموو کات بێ و، پتر لەهەموو کاتێک سەبری شۆڕشگێڕانەی هەبێ[1].

ئەوە بۆ خۆی لەدوو بارەوە زۆر گرینگ بوو کە لەو هەل‌ومەرجەدا لەلایەن حیزبەوە ئاگربەستی یەک‌لایەنە ڕاگەیەندرا. یەکەم: بە کردەوە سەلمێنرا کە تاقەسواری مەیدانی خەبات لەو هەل‌ومەرجە سەختەدا واتە حیزبی دێموکرات بەتەنیا لەمەیدان‌دا درێژەی داوە و سوور بوو لەسەر ڕێبازی خۆی و وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان و مافەنەتەواییەتی‌یەکانیان. دووهەم: لەکاتێک‌دا هیچ چەکدارێکی کۆمەڵە لە کوردستان نەبوو، حیزبی

---

[1] - بڕوانە "پەیامی دەفتەری سیاسی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان" ساڵی ١٣٦٩ ئاڕشیوی ڕادیۆ کوردستان

دێمــوکرات ســـەلماندی کە شـــەڕخواز نیـــیە، بەڵکـــوو بـــاوەڕی قـــووڵی بە دێموکراسـی، فـرە حیزبـی و پلـۆرالیزم هەیە و نـایهەوێ بەتەنیـا خەبـات بکـا ئەگەر لەو هەلومەرجە سەختەدا کۆمەڵە بگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاست و واز لە داتاشینی تیئۆرییە ویشکەکانی بێنێ و بێتەوە سەر ڕێگای کوردایەتی و بۆ کوردان خەبات بکا دەتوانین بە یەکەوە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات بکەین.

دەتـوانین بڵێـین پەیـامی حیزبـی دێمـوکرات بـۆ هەمـوو چینوتوێژەکـانی کوردستان دڵخۆشکەر بوو، ئەگەرچی کۆمەڵە دەستی پێکرد و بە زۆری هەر لە ئاکـــامی ئەو سیاســـەتە شـــەڕخوازانەیەش بەرەبەرە تـــوانەوە، بەڵام بە هیممەتـی حیزبـی دێمـوکرات شـەڕ لە نێـوان ئەو دوو هێـزە کە بە کـردەوەش شەڕ نەمـابوو، هـاتە سـەر کـاغز و تـا ئێسـتاش کە ئەو دێرانە دەنووسـم هـیچ کەس مەسئولییەتی گیان لە دەست دانی نزیک بە ٤٥٠ کەس لە هەردوو لای نەخستە سەرشانی خۆی و بە بێ دەنگی و بە فەرامۆشی سـپێردرا ئەگەرچـی بە پێی چەندین بەڵگە ڕوونە کە کێ شـەڕی کۆمەڵە و دێمـوکراتی تیئۆریزە و دواتر هەڵایساند.

# حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە،
# دوای جیابوونەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری

دوابەدوای جیابوونەوەی مەنسووری حیکمەت و پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بەشی زۆری کادرەکانی ڕێبەری و خوارەوەی کۆمەڵە لەگەڵی ڕۆیشتن، ئەو کەسانەی مانەوە تەنیا چەند دە کەسێک بۆ کاروبار ڕاپەڕاندن لەو هەلومەرجەدا خۆیان ڕێکخستەوە. ئەگەرچی بەشی زۆری دامودەزگا و ڕادیۆ و چاپەمەنی هەمووی لە کوردستان بوو و وەک میرات بۆ حیزبی کۆمۆنیست بەجێما، پاش ماوەیەک کۆمەڵێک خەڵکی گەنج کە سەر بەوان بوون چوونە ڕیزی ئەوانەوە و خۆیان ڕێکخستەوە. دیارە تا گرتنی کۆنگرەی حەوت، کۆمەڵە وەزعێکی شپرزەیان بوو، چونکە بەشی زۆری کومیتەی ناوەندیی لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری کەوتبوون. بۆیەش زۆر بەدژواری دوایین ئاسەوارەکانی "حکا"یان ساغ کردەوە، ئەو ساغ کردنەوەیە زۆری نەکێشا کە دووبەرەکی لە نێوانیان دەستی پێکردەوە. کاک عەبدوڵڵا موهتەدی و کاک برایم عەلیزادە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی خۆیان و هێژموونی بەسەر ئەو چەندین کەسەی بەدەستیانەوە مابوو کەوتنە ململانێیەکی قووڵەوە ئەگەرچی کاک عەبدوڵڵا باس لەوە دەکا دەڵێ لەمێژ بوو لە فکری زیندووکردنەوەی کۆمەڵە دابووم. تەنانەت تا کۆنگرەی هەشت کە ناوی "کۆنگرەی ڕێکخستنەوەی تەشکیلاتی نەهێنی"یان لێنابوو کێشەکانیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر زەق بوونەوە.

کاک عەبدوڵڵا موهتەدی دەڵێ:

**"ئەوەندەی لەبیرم ماوە دوو سێ باس لە نێوان کۆنگرەی حەوت و هەشت و لە دەوروبەری هەشت ئەوانە لە نێوانماندا بوو، حەز دەکەم بزانی یەکیان مەسەلەی خۆ ڕێکخستنەوەی بەڕاستی بوو،...... ئێمە زۆر هەوڵی دروستکردنەوە و ڕێکخستنمان بوو، لەحەقیقەتدا هیچ سەرکەوتنێکمان لە ڕێکخستنی سەراسەری نەبوو.**

**دووەم: ئەوەیە وەک باسیشم کرد، بەکورتی ئاماژەی پێ دەکەم لە کۆنگرەی هەشت دابوو کە دید و بۆچوونمان لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی لەسەر بزووتنەوەی کوردستانی، لەسەر دەنگ و جێگەی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، لەسەر زۆرێک شتی ئەوها، لەسەر بەرنامەی ئێمە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، خودموختاری، فیدراڵی هەموو ئەو شتانەی کە پێوەندییدارن بە مەسەلەی کورد و خەباتەکەی، بەڵێ، لێرەدا ئیمە جیاوازییەکی زۆر فکری لەنێوانمان دا هەبوو من قسەکانی خۆم لەو کۆنگرەیە کرد".**[1]

وادیارە کاک عەبدوڵڵا هەستی کردبوو کە حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە لەماوەی ١٨ ساڵ دا بەرهەمی بۆ هیچ یەک لە نەتەوەکانی ئێران نەک هەر نەبووە بەڵکوو زۆریش زەرەری بووە و شکستی هێناوە، تەنانەت شەڕیشی بۆ کورد دروست کردووە و کوورەی شەڕی کوردی پێ گەرم و نێڵ داوە. بەڵام ئەوەیان خراپ نییە کە پاش ٢٠ ساڵ دڵی بۆ ناسیۆنالیزم لێداوە و بیری لە کوردی چارەڕەش کردۆتەوە. پاش تاقیکارییەکی چەند ساڵە، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ماوەی ژیانی سیاسی خۆیدا بەو ئامانجەی کە خۆی بۆ خۆی دیاری کردبوو، نەگەیشت و سەرەنجام تووشی لێکدابڕان هات. کاک عەبدوڵڵا کە یەکەم سکرتێری حیزبی کۆمۆنیست بوو، زۆریشی هەوڵ بۆ دا کە زۆر زوو پێک بێ. ئێستا بلێی چ ئاڵوگۆڕێک ڕووی دابێ و بۆچی لە کتێبەکەیدا "تیروشیر" لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەسوێ؟ ئەوەیان جێگەی خوشحاڵییە بیخوێننەوە:

**"حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە قەدەر چڵە بوشکەیەک** (پووشکە) **لەسەرتاسەری ئێراندا نفوزی نییە، یەک شانە یەک پۆلی نییە، یەک کومیتە**

---

[1] ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی لاپەڕەی ٢٨٣

**یەک کادری نییە، یەک لایەنگری نییە، بۆ ناوی سوێند نییەتی، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ سەرانسەری ئێران بێ کەڵکە، بۆ کوردستانیش بە زیانە، بۆ کوردستان زەرەری هەیە، بۆ ئێرانیش هیچ قازانجی نییە**".[1]

بڕوانە ئەو ڕەوانگەیە، بەڕاستی مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ. دیارە ئینسان دەتوانێ باوەڕ بکا کە ئەو پاڕاگرافەی سەرەوە هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە کەسی ئەوتۆیان نە لە کوردستان و نە لە شارەکانی دیکەی ئێراندا نەبوو بێجگە لەو چەند کەسەی "سهند" کە حیزبی کۆمۆنیستیان دامەزراند. کاک عەبدوڵلا باش دەزانێ ئەوکاتی کە دەیگوت "**ئێمە لەگەل دووگۆشە شەڕمان هەیە، گۆشەی سێهەم پرۆلیتاریایە و پێی وابوو دەبێ لەپێشدا بورژوازی نێوخۆ نابوود بکرێ**" دەیزانی حیزبی کۆمۆنیست کە خۆی ئەوکات سکرتێری بوو زیانبەخشە، بەڵام ئەوەی گرینگە چۆنە کاک عەبدوڵلا پەلە دەکا لە دروست کردنی سەرلە نوێی حیزبی کۆمۆنیست، تەنانەت مەجالی هیچ ناهێڵێتەوە و بەرنامەوپرۆگرامیش ئامادە نەکراوە بۆ کاتی کۆنگرە، خۆشی یەکەم سکرتیر دەبێ؟! هەر لەو پێوەندییەدا قسەیەکی واقعی بە مانای وشە دەکا کە دەڵێ: "**بۆ کوردستان بەزیانە**" وادیارە ئەوکاتیش هەستی بەو زیانە کردبوو! هەربۆیەش لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرەیان خوڵقاند و بەسەر خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتیان داسەپاند، بڵێی پاش ئەو مێژووە قێزەون و خوێناویە چی گۆڕابێ ئاوا بەگژ حیزبی کۆمۆنیستدا دەچێتەوە و بە زیانباری دەزانێ، تۆ بڵێی زگی بە بورژوازی سووتابێ یان تاقە کۆمۆنیستێکی لە ئێران و کوردستان بۆ دەرمان شک نەبردبێ! ئەدی پەیام و بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دوو؟ ئەدی ئەو کاتەی سکرتیری حیزبی کۆمۆنیست بوو کە دەیگوت: "**ئەگەر ٥ میلیون خەڵکی کوردستان موخالف بن من بە تەنیا بۆ شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات موافقم**؟!!" ئەدی ئایدیای سێ گۆشەی‌کەزایی چی بەسەر هات؟ ئەو دنیا چەند سەیرە و چی لێهاتووە؟ وا بیرو فکری کاک عەبدوڵلا بەرەو کوردایەتی و ناسیۆنالیزم هەڵگەڕابێتەوە!!

---

[1] – ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵلا موهتەدی

بەڵێ، کێشـەکانی نـاو کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیسـتی ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەی دەسـتاند و تـا گەیشـتە چڵەپـۆپەی خـۆی، لە کـۆنگری ٩ی کـۆمەڵە لایەنگرانـی کـاک عەبـدوڵڵا بیسـت دەرسـەدی کۆنگرەیـان پێک دێنـاو ئامـادە نەبوون بچنە کۆنگرەو داوای پەنجـا بە پەنجایـان دەکرد. دیـارە ئەو کێشـانە کاتێک زیاتر پەرەیان ئەسـتاند کە کـاک عەبـدوڵڵا مـوهتەدی لە کۆنگرەی ٧ی حیزبی کۆمۆنیست دەنگی نەهێناوە.

**"کێشـەی نێـوان ئـێمە و ئەوان ئەگەرچـی لەسـەر مەسـەلەی هەڵەیەکـی تەشکیلاتی دیاریکراو بوو کە تەقییەوە، بەڵام لەجەوهەر و ناوەرۆکی واقعی خۆیدا ڕیشـەی لە گۆڕانکارییەکدا بوو کە لە سـتراتیژی و بیرو بۆچوون و سیاسـەتی ئەواندا پێکهـاتبوو. کاتێـک بە هـۆی ئەو هەڵەیە، کـۆنگرەی ٧ی[1] حیزبی کۆمۆنیست عەبدوڵڵای موهتەدی هەڵنەبژاردەوە و بە هۆی ئەو هەڵەیە ڕەخنەی لێگرت، کاک عەبدوڵڵا دوایی لە بەیانییەکدا کە بڵاوی کردەوە وردە وردە پێی نـایە ڕێگایەکەوە کە ئاگاهـانە بەرەو جیـابوونەوەی دەبـرد..... هەر چەند کاک عەبدوڵڵا بە هۆی ئەو هەڵەیەوە کە کردبووی لەکۆنگرەدا ڕخنەی لەخـۆی گـرت و داوای لێبـوردنی لەکـۆنگرە کـرد......لەو کـاتەدا کێشـەکان پێوەنـدیی‌یان بە ئیـدۆلۆژی و سیاسـەت و ڕێبـازەوە دیـار نەبـوو. ئەوان بە ڕواڵەت داوای هەڵوەشـاندنەوەی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێرانیـان وەک یەک چوارچێوەی ڕێکخراویی دەکرد. بەڵام لەڕاستی‌دا لەگەڵ هەر سێ وشـەکەی حیزب، کۆمۆنیست و ئێران، بە جیاجیا کێشەیان هەبوو".[2]**

لەو سـەروبەندەدا نـاکۆکی و نەبـوونی بەرنـامەیەکی ڕوونـی سیاسـیی دیاریکراو لەنێو کۆمەڵەدا لە هەموو بـارێکەوە، ئەو ڕێکخـراوەی بەرەو هەڵدێر دەبـرد، جـارێکی دیـکە ڕێچـکەی تـرازان و لێـکدابڕان هەر ڕۆژ زیـاتر خـۆی دەردەخسـت، ئەگەرچـی حیزبـی دێمـوکرات قەت لایەنگـری هـیچ یەک لە

---

[1] – کاک برایم عەلیزادە لە لاپەڕەی ٣١٦ کتێبەکەی دەڵێ: کۆمەڵە هەرگیز ڕێکخراێکی گەندەڵ نەبوو........ بەڵام بەداخەوە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی خۆی لە دوایین ساڵەکانی مـانەوەی لەنـاو کۆمەڵەدا تووشی هەڵەیەکی کوشەندە بوو کە بەداخەوە دەچێتە خـانەی گەندەڵییەوە و لەگەڵ خۆشی چەند کەسێکی لەکەسانی دەوروبەری خـۆی تێوەگلانـد، هەربۆیەش لەکۆنگرەی (٧)ی حیزبدا هەڵنەبژێردرایەوە.

[2] – سێ ساڵ لەگەڵ برایم عەلیزادە

کۆمەڵەکانی نەگرتووە کە بەرەو جیابوونەوە هەنگاو بنێن. سەرەڕای ئەو کێشە و ململانێیە قووڵەش بەشی ئەوەندەیان هێشتبۆوە کە حیزبی دێموکراتی پێ بگوتن، وەک سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران، کە لە خراپترین بارودۆخی خۆیان دا دەژیان و دژی حیزب دەجووڵانەوە، لەو دۆخەی ئەم کاتیشیاندا دژی حیزب هەر قسەیان دەکرد، واتە لەدوای جیابوونەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری تا جیابوونەوەی دووهەم بیروبۆچوونیان لەسەر حیزبی دێموکرات هەر ئەوەی پێشوو بووە.

هەرچەند کۆمەڵە چەند ساڵ پێش جیابوونەوەی خۆیان، هیچ هێزیکی ڕەزمییان بۆ ناوچە بەدەستەوە نەبوو، بەڵام حیزبی دێموکرات بە بەردەوامی لەنێو خەڵکی کوردستاندا ئەرکی خۆی بەڕێوە بردووە و دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەربەرەکانی دابووە. ئەوانیش لەجیاتی دەسخۆشانە یان لانی کەم بێدەنگ بوون جاروبار بە ڕاوێژی ساڵانی پێشوو دەستیان بۆ قەڵەم دەبرد کە خەباتی حیزبی دێموکرات کەمڕەنگ بکەنەوە! ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پێیان وابوو بەنووسین دژی حیزب، جێگە و پێگەیان لەناوخۆی کوردستان بە هێز دەبێتەوە!

هەر دوای ئەوە کە بە پەیامی دەفتەری سیاسی حیزب بۆ هێزی پێشمەرگەی بڵاو کردەوە، شەڕ لە نێوان حیزب و کۆمەڵە کۆتایی پێهات. کۆمەڵە ئەو کاتیش بە ڕواڵی پێشوو سیاسەتی دژ بە حیزبی دێموکراتی گرتە بەرو درێژەی دەدا، هەر جار ناجارێک بە بیانوویەک لە بڵاوکراوەکانیاندا حیزبی دێموکراتی بەر هێرش و ڕەخنە دەدا، ئەوە لەکاتێک دابوو کە حیزبی دێموکرات ڕۆژ بەڕۆژ هەوڵی پێوەندیی دۆستانەی زیاتر و دەستی برایەتی بۆ لای کۆمەڵە درێژ دەکرد. لەو سەروبەندەدا هەم کەسانی مەسئوولی کۆمەڵە لەکۆڕوکۆبوونەوەکانی خۆیاندا و هەم لە وتاری "پێشرەو"دا بە ناوی "بۆچی حیزبی دێموکرات لەمێژووی کوردستان دەرس وەرناگرێ" بڵاو کردەوە، کە لەو وتارەدا زۆر شتی لێڵ و ناڕوونی تێدا هاتبوو هەر لەباسی خودموختاری ڕا بگرە تا خەباتی چەکداری، (کە ئەوان لە کۆتایی نیوەی دووهەمی دەیەی ٦٠وە نەیان مابوو،) پاشان لەسەر بەڕێوەبردنی کوردستانی ئازاد و وتوویژ و بەکورتی چەند شتی لاوەکیی دیکە کە پێوەندیی بەهەلومەرجی دوای ئاشتبوونەوە نەبوو.

ئەگەرچی حیزب نە پێی خۆش بوو نە پێی دروست بوو ئەو شەڕە دەنووکەیە بکا هەرچەند لە دەیەی ١٣٧٠دا حیزبی دێموکرات تاقە هێزی مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی دژی کۆماری ئیسلامی لەڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ڕۆژانە لەمەیدانی مبارەزەدا شەهیدی دەدا، بەڵا کۆمەڵ بە پێچەوانە، هێزەکانی دێموکرات کە لە سەرانسەری کوردستاندا بوونیان هەبوو وەک چەند تیمی چووکە ناوی دەبرد. بۆیە حیزبی دێموکرات لە ڕووی ناچارییەوە وەجواب هات و پێویست بوو لەڕووی سیاسییەوە وڵامی پڕ بە پێستی نووسراوەی پێشڕەو، لە تێکۆشەردا بداتەوە:

بە وتەیەکی عەبدوڵڵای موهتەدی لە بڵاوکراوەی "جهان امروز" لە مانگی ١٣٧٤دەست پێ بکەین:

"**ئێمە لە ساڵانی ڕابردوو بە تایبەت لەو دوو سێ ساڵەی دوایی تێکۆشاوین کە سرنجی حیزبی دێموکرات بۆ لای پێویستیی هاوکاریی نزیکتر ڕابکێشێن، تەنانەت دەڵێ حیزبی دێموکرات ئامادە نەبووە هاوکاری بکا**". ئەو وتەیەی ناوبراو لەکاتێک دایە کە حیزبی دێموکرات بۆ پێوەندیی گرتن لەگەڵ کۆمەڵە دەستپێشخەری کردووە. چونکە کۆمەڵە لەو سەروبەندەدا نەک هێزی ڕەزمی نەبوو بەڵکوو دەستی بۆ هەر پرزەوپاڵێک دەبرد تاکوو لە گۆلاوی کێشە و ململانێی ناوخۆدا نغرۆ نەبێ.

هەروەها کۆمەڵە لەسەر بەڕێوەبردنی کوردستان و حیزبی بورژوازی دەیگوت:

**"ئێمە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کوردستان و شێوەی دەسەڵاتداری لەگەڵ ئەو حیزبانە (کە یەکێک لەو حیزبانەی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست هەمیشە وەک بورژوازیی ناوی بردووە حیزبی دێموکرات بوو) جیاوازیی بنەرەتیمان هەیە لەو بارەوە ڕاست دەکەوێتە قوتبی دژی ئەوان.[1]**

کاک "عەبدوڵڵا موهتەدی" لە لێدوانی ڕۆژی دامەرزاندنی کۆمەڵە لە سوئید لەساڵی ١٣٧١دا ئاوا دەڵێ:

"**جوداییە** (مەبەست جیابوونەوەی باڵی مەنسوور حیکمەت) **بەمانای ئەوەش نییە کە پێشمەرگایەتی گەورە دەکرێتەوە لەبەرابەری کاری سیاسی،**

---

[1] – "گزارشها و اسناد کنگره چهارم حزب کمونیست ایران " تیر ١٣٧٣ ص ٧٥

**کاری مودێڕن** (کە ئەمەیان دیار نیە مەبەستی چییە)، **کاری ڕێکخستنی شاری و جەماوەری‌دا".**

سەلاح مازوچی لە ٢٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٢ لە وتاری خۆی‌دا لە بنکەی ناوەندیی کۆمەڵە دەڵێ:

**"کۆمەڵە ئەمڕۆ لەم هەلومەرجەدا تێدەکۆشێ کە ئەرکی ڕابەری کردن و ڕێکخستنی کرێکاران لە کوردستان بەرەو پێش بەرێ و هەوڵ دەدا ببێتە بەشێک لە بزووتنەوەی ئێعتیرازیی چینی کرێکار و هەوڵ دەدا کە چینی کرێکار لەداوی بۆچوونی ناسیۆنالیستی ڕزگار بکا".**

بە پێی ئەم وتانە ئیدی هیچ گومانێک لەوەدا نەماوە کە کۆمەڵە خەباتی چەکدارانەی وەک شێوازی ئەسڵیی خەبات وەلا ناوە و ئیتر بۆ وی شێوازی ئەسلی "محوری" ئەسڵی خەبات بەحیساب نایە. ئەویش بۆ کۆمەڵەیەک کە بەرەو پێش بردنی خەباتی چەکدارانەی لەسەرەوەی هەموو مەبەستەکانی خۆی دانابوو! بەڵام کۆمەڵە ئەوەی بەئاشکرا ڕاناگەیەنێ، بۆ؟ لەبەر بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، و ئێعتیباری ئەو شکڵە لە خەبات لە لای ئەوان و لەبەر ڕۆحیە و ورەی ئەوەندە کادر و پێشمەرگەیەی کە بۆی ماوبۆوە. ئەوان بۆ خۆیان دان بەو بێ هێزی‌یەدا دەنێن.

کاک برایم لە وتووێژێکدا لەگەڵ پێشرەو لە ساڵی ١٣٧١ دەڵێ:

**" کۆمەڵە لە نێوان دوو کۆنگرەی شەشەم و حەوتەم دا ساڵی سەخت و دژواری تێپەڕ کرد. ژمارەیەکی زۆر لەکادرەکان و هاوڕییانی تێکۆشەری ئێمە لە بۆمبارانەکان، لەشەڕ لەگەڵ "جمهوری ئیسلامی"، لە زیندانەکان و ئەشکەنجەخانەکان هەر لەم دەورە چوار ساڵەیەدا گیانی خۆیان لەدەست دا.... لە چوارچێوەی تەشکیلاتی‌دا بەشێک لەو کارانەی کە لەڕاستی‌دا سەرمایەی ئینسانی کۆمۆنیزم بوون خستە حاشیەوە."**

مەبەستی کاک برایم لە خستنە حاشییەوە، ئەو ژمارە زۆرە لە ئەفرادی کۆمەڵە بوون کە لەگەڵ "مەنسوور حیکمەت" کەوتن و بۆ ڕزگاری چینی کرێکار ڕێگای ئوروپایان گرتە بەر. ئەو ژمارەیەی بە وتەی مەنسوور حیکمەت زۆربەی نزیک بەتەواوی کادری ڕێبەرایەتی و کادری خوارەوەی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەیان پێک دێنا.

کۆمەڵە نە بڕوای بە خەباتی چەکداری مابوو و نە هێزێکی ئەوتۆی هەبوو کە بینێرێتە مەیدانی شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، "پێشڕەو"ی کۆمەڵە لەو بارەیەوە دەڵێ چی؟

**"ئێمە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات دڵنیا دەکەینەوە کە زەرفییەت و توانایییەکانی خەباتی چەکداریی ئێستای کۆمەڵە گەلێک زیاترە لەو چەند تیمەی کە ئەوان بە مەبەستی پووڵ کۆکردنەوەی ساڵی ڕابردوو** (مەبەستیان ١٣٧٤) **بۆ ئێرەو ئەوێیان ناردن یان چەند کاری بچووکی ماجراجوویانەیان پێ جێبەجێ کردن."**

نووسەری "پێشڕەو" چاوی بەرایی نادا شانازی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات ببینێ، بەناچاری پەنای بردۆتە بەر بەخۆداهەڵگوتن و فڕوفیشاڵ لێدان و ئاگایانە ڕاستییەکان چەواشە دەکا! ئایە کۆمەڵە لە دە ساڵ لەوە پێشتر کە زەرفییەت و توانایی گەلێک لە ئێستا زیاتر بوو، ٤٠٠ تا ٥٠٠ پێشمەرگەی ئامادەی بۆ حوزوور لەکوردستان هەبوو چ بگا بە ساڵی ١٣٧٤؟ ئێمە بە نۆرەی خۆمان بوختانی ئەوەیان پێ ناکەین. با سەرنجێک بدەینە تێکۆشانی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە سەرانسەری کوردستان لەساڵی ١٣٧٤دا جا ئەو کات ئەو قسانەی پێشڕەو هەڵدەسەنگێنین.[1]

هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لەساڵی ١٣٧٤دا، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان یانی لە قەسری شیرینەوە هەتا دەگاتە سەلماس حوزووری هەبووە. هەر لەو ساڵەدا تێکۆشەرانی دێموکرات دەیان عەمەلیاتی بەڕێوە بردوە کە بەشی زۆریان عەمەلیاتی گەورە و چەند سەعاتە بوون و لە هەرکامێکیاندا هێزی پێشمەرگە لەگەڵ سەدان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم بەرەنگار بۆتەوە و زەبری لێوەشاندوون. لە تێکڕای ئەو عەمەلیاتانەدا زیاتر لە چەند سەد کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون، دەیان کەس بەدیل گیران، بەدەیان قەبزە چەکی سووک و نیوە قورس و تەقەمەنییەکی زۆر لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە دەسکەوت گیران. چەندین دەزگا ماشێن بەهۆی هێزی پێشمەرگە سووتێندران. ١٢ پێشمەرگەی حیزبی ئێمەش

[1] "بۆچی کۆمەڵە لە واقعییاتی کۆمەڵی کوردستان دەرس وەر ناگرێ" تێکۆشەر شمارە ٥٥

لەڕەوتی ئەو شەڕو تیکهەڵچوونانەدا شەهید بوون. نوسەری پێشڕەو ئیدیعا دەکا ......" **کە زەرفییەت و تواناییەکانی خەباتی چەکداریی ئێستای کۆمەڵە گەلێک زیاترە لەو چەند تیمەی کە ئەوان بە مەبەستی پووڵ کۆکردنەوەی ناردوویاننەوە**".

هەر کەس لەخۆی نەگۆڕێ دەزانێ کە حوزوور پەیدا کردن زیاتر لە ١٥ ناوچەی گەورەی کوردستان لە یەک کاتدا (ئەویش حوزوورێک کە بتوانی پەلامار و هێرشی ئەو هەموو هێزە سەرکوتکەرەی ڕێژیم بۆ سەرخۆیان بەرپەرچ بداتەوە و هەر لەم کاتەدا بە دەیان عەمەلیاتی جۆراوجۆر لەدژی ڕێژیم بەڕێوە بەرێ) کاری "چەند تیم کە بۆ پووڵ کۆکردنەوە ناردوویاننەوە" نییە. حوزوور پەیدا کردن و گەشت و هەڵسووڕانی بەئاشکرا لە زۆر شوێنی گرینگ، پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتی بۆ خەڵک لە نێو زۆر گوند و لەسەر جادە ئەسڵییەکان و لە قووڵایی کوردستاندا، تێکشکانی چەندین کەمین و پەلاماری سەخت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک ئەرک و مەئموورییەتی گرینگ، شتێک نین کە تەنیا بە "چەند تیم" ئەنجام بدرێن. لانی کەمەکەی ئەوەیە کە ئەم هەموو کارانە، بە سەدان تێکۆشەری هەڵسووڕ و پێشمەرگەی بەوەج و کارامە و لێهاتوو ئەنجام دراون. جا ئایا بەڕاستی کۆمەڵە "زەرفییەت و توانای" ئەنجامدانی ئەم جموجۆڵانەی لەو کاتەدا هەبوو داخوا هەر لە جێدا کۆمەڵە پێنج یەکی ئەوەندە هێزەی حیزبی دێموکرات کە ساڵی ١٣٧٤ بە وتەی کۆمەڵە "چەند کاری بچووکی ماجەراجوویانە"یان ئەنجام داوە، هێزی ڕەزمیی هەبووە؟..... کۆمەڵە چۆن مەسەلەکە کەمڕەنگ دەکاتەوە و چەواشەکارانە و بە ئانقەست "عالما" و"عامدا" مەیدانی چالاکیی و حوزووری هێزی پێشمەرگە کە لە قەسری‌شیرین لە جنووبی کوردستانەوە تا سەڵماس لە شیمالی کوردستانی گرتۆتەوە بە "ئێرەوئەوێ" ناو دەبا! بە شاهیدی خەڵکی کوردستان ساڵی ١٣٧٤ هێزی پێشمەرگەی ئێمە لە ناوچەکانی سەڵماس و ورمێ، شنۆ و پیرانشار، نەغەدە و مەهاباد، سەردەشت و ڕەبەت، بۆکان و سەقز، بانە و سنە و مەریوان، پاوە و کرماشان حوزووری بەرچاو و چالاکانەیان هەبووە. ئەوە لەکاتێک دابووە کە لە خەرمانانی ساڵی ١٣٦٥ەوە بە شاهیدی هەموو خەڵکی ناوچەکانی بۆکان و مەهاباد، سەردەشت و ڕەبەت، شنۆ و پیرانشار، نەغەدە و سەڵماس و ورمێ (ناوەندی شومالی

کوردستان) خەڵکی ئەم ناوچانە نە تەنیا چاویان بە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە نەکەوتووە بەڵکوو تەنانەت نێوی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەیان لەلا زۆر کەمڕەنگ بووە تەواوی چالاکیی کۆمەڵە سنووردار بووە بە ناوچەیەکی بەرتەسکی نێوان سەقز و مەریوان کە ئەویش لەو ساڵانەی دواییدا زۆر بەدەگمەن بینراون. لەوبارەیەوە ناحەقیان نییە کە بە باڵادەستی و بەهێزیی ئێمە و بێ هێزی خۆیان خەمبار و ناڕەحەت بن، بەڵام هەق نییە ڕاستییەکان چەواشە و کەمڕەنگ بکەنەوە.

وتارنووسی کۆمەڵە لە"پێشڕەو"دا واباشە لە چەندوچۆنی ئەم چەند کارە بچووکە ماجەراجوویانە باشتر ئاگادار بێ کە بەراوردێک لە نێوان چالاکی هێزی پێشمەرگەی ئێمە تەنیا لە ساڵی ١٣٧٤ و سەرجەم چالاکیی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ٤ ساڵی ڕابردوو ( لە ساڵی ٧٠ ڕا تا ٧٤ ) بەم لاوە بکا، تا بزانێ دەگاتە نیوەی ئەم چەند کارە بچووکە ماجەراجوویانەی ساڵی ٧٤ی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات.

دواتر وتارنووسی پێشڕەو بۆ پاساوی لە مەیدان چوونە دەرێی کۆمەڵە ئەم گیروگرفتانەی (دوور خرانەوە لە سنوورەکان، فشار لەلایەن حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق بۆ نەناردنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ کوردستان) ئەمڕۆی سەر ڕێگای خەباتی چەکداری لە پشتی جەبهە لە کوردستانی عێراق دەکا بە بیانوو. ئێمە لەم بارەیەوە دوو پرسیار ئاراستەی وتارنووسی کۆمەڵە دەکەین:

یەکەم: ئەو هەلومەرجە نوێیە لە کوردستانی عێراق لە بەهاری ساڵی ١٣٧٠وە پێکهات بەڵام هەر وەک هەموومان ئاگادارین، هەتا ساڵی ١٣٧٤ هیچ چەشنە محدوودییەتێکی جیددی لە سەر ڕێگای هاتوچۆی هێزی پێشمەرگە بۆ کوردستانی ئێران لە ئارادا نەبوو و لە ماوەی ئەو چوار ساڵەشدا کۆمەڵە هیچ پێویست نەبوو هەست بە مەسئولییەت بکا لە بەرانبەر خەڵکی مەینەتدیتووی سەر سنوورەکان و کاریش بە جێگای باریک نەدەکێشرا بەڵام بەڕاستی لەو قۆناغەدا هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە کوێ بوو.؟!

دووەم: ئەو سەردەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گیروگرفتانەی سەر ڕێگای خەباتی چەکداری کە بە داخەوە مەیدان بە "حوزووری چالاکی و بەربڵاو"ی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە کوردستانی ئێران نادەن و بە سەرنج دان بەو

ئەسڵەی کۆمەڵە کە شارەکان و **"مراکز جمعیت" شوێنی ئەسڵی چالاکیی کۆمەڵەن**، تەشکیلاتی کرێکاری کۆمەڵە لەو سەروبەندەدا چەند مانگرتنی کرێکاری و ئێعترازی جەماوەریان ڕێک خست و ڕێبەریان کرد؟!

وتارنووسی "پێشرەو" بۆ ئەوەی کە لانیکەم لە گۆڕەپانێکدا خۆی لە پێشەوەی حیزبی دێموکرات نیشان دابێ، داخستنی ڕادیو دەنگی کوردستانمان بە ڕوو دەکێشێ و دانەخستنی ڕادیۆی کۆمەڵە بە نیشانەی سەرکەوتنی دیپلۆماسی و مشوورخواردنی خۆی لە قەڵەم دەدا.

هەڵبەت دەبێ کۆمەڵە ئەوەی بزانێ دانەخرانی ڕادیۆکەیان نە نیشانەی سەرکەوتوویی دیپلۆماسی و نە هی مشورخواردنیانە. ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ڕادیۆی کۆمەڵەی بە هێند نەگرت و دەزانێ "زەرەری بۆ پەز نییە"و هەر لە سالانی ڕابردووش تەنیا و تەنیا ڕادیوی ئۆپۆزیسیۆن کە پارازیتی لە سەر شەپۆلەکانی بڵاو نەدەبۆوە و بە باشی دەبیسرا ڕادیۆی کۆمەڵە بووە. چونکە کۆمەلانی خەڵکی زۆر بە کەمی گوێیان بۆ ڕادیۆی کۆمەڵە ڕادەگرت. ئەوەش زیاتر دەگەڕایەوە بۆ لێڵی و ناڕوونی هەندێک لە بەرنامەکانی ئەو ڕادیۆیە و سەرنجڕاکێش نەبوونیان. بۆ وێنە "بەرنامەی دەرسەکانی مارکسیسم" کە لەڕادیۆ کۆمەڵە بڵاو دەبۆوە لە بنەڕەتدا بۆ تویژی ڕووناکبیریش سەرنجڕاکێش نەبوو چ بگا بە خەڵکی ئاسایی.

لە دوایی‌دا لە سەر داخستنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ئەوە کە هەواڵی هۆی ئەم داخستنەمان بۆ جاری یەکەم بە کۆمەڵە و خەڵک بە نادروست "اشکالی فنی" ڕاگەیاندوە ڕاستی بابەتەکە ئەوە بوو کە بۆ جاری یەکەم قەرار بوو کە ماوەی داخستنەکە کەمتر لە حەوتوویەک بێ و ئێمەش بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستانی عێراق بە باشمان زانی بێ دەنگەی لێ بکەین بەڵام بۆ جاری دووەم کە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەبوایە بۆ ماوەیەکی نادیار دابخرێ هەڵوێستمان گرتوە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانمان لەواقیعییەتی مەسەلەکە ئاگادار کردەوە و لەو پێوەندیی‌یەدا دەفتەری سیاسی ڕاگەیاندراوی بڵاو کردەوە.

چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کوردستان: ئەم بەشە لە باسەکە پێوەندیی هەیە بە داهاتوو واتە چۆنیەتی ئیدارەو بەڕێوەبردنی کوردستان لە پاش ڕزگار بوونی.

دەقی نووسراوی پێشڕەو ئاوا باس دەکا:...... "ئەوە خەباتی چینەکانە لەکوردستان‌دا کە دەبێ ئەم مەسەلەیە ببڕنەوە ئێمە نامانهەوی هێزی ڕێکخراوەکان و حیزبەکان بە ناوی نوێنەرایەتی لەلایەن چینەکانەوە بەرەو ڕووی یەکتر ببنەوە و جەماوەر لە لاوە بڕوانێتە ئەم بەرامبەرکێیە و چاوەڕێی ئەنجامەکانی بێ. خەباتی چینایەتی دەبێ بەڕاستی خەباتی چینەکان بێ و خەباتی چینەکانیش سوننەتەکان و ئامرازەکان و شکڵ و شێوەی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵایەتی و چینایەتین. ئێمە هەموو توانای خۆمان دەخەینە کار کە چێنی کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکێش لە کۆمەڵدا لە هەلومەرجێکی ئەوەندە ئازادانە بەهرەمەند بن کە تێیدا بتوانن بە نیشان‌دانی ئیرادەی ڕێکخراو بوونی، بورژوازی کورد لە هەموو سەنگەرەکانی‌دا پاشەکشە پێ بکەن"

مانای سادەی ئەو ڕستە قەڵەمیانە ئەوە بوو کە لە دوارۆژدا دەبێ خەڵکی کوردستان بڕیار بدەن چۆن کوردستان بەڕێوە بچێ و خەڵکیش بە پێی دابەشکارییەکی سادە و میکانیکی بەسەر دوو چینی بورژوازی وپرۆلیتاریادا دابەش دەبێ! ئەو دوو چینەش کە ڕکەبەر و دوژمنی یەکترین لەبەرانبەر یەکتردا ڕادەوەستن. حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەش تەماشاچی دەبن و چاوەڕوانی ئاکامی ئەو شەڕە چینایەتییە دەبن. ئاکامیش دیارە و ڕوونە (هەر لەئێستاوە) چینی پرۆلیتاریا کە لە سەندیکاکان، یەکیەتییەکان و شۆڕاکان‌دا یەکگرتوو و یەک دەست سازمان دراوە. (دیارە کێ سازمانی داوە) و لە بەرامبەر بورژوازی‌دا سەنگەری گرتووە و بە مانگرتن، خۆپێشاندان و پێکهێنانی میتینگ! فشار بۆ بورژوازی دێنێ و هەموو سەنگەرەکانی پێ چۆل دەکا و حکوومەت دوو دەستی پێشکەشی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی کە بە هەموو هێزەوە یارمەتی داوە و لەپشتی بووە(کۆمەڵە) دەکا.

...... ئەو فورمولە سەیروسەمەرە کە حیزبەکان کاریان بە ململانێی چینەکانی نێو کۆمەڵ نەبێ؟! هەڵبەت ئێمە نازانین چۆن شتی وا جێبەجێ دەبێ، مەگەر هەر حیزب و ڕێکخراوێک نوێنەری چینێک یا چەند چین‌وتوێژی

نێو کۆمەڵ نییە و ویست و داخواز و قازانجی ئەوانە لە بەرنامەکانیدا ڕەنگ ناداتەوە، کەوابوو چۆن دەتوانێ لەکاتی بەرانبەرکێی چارەنوسساز لەنێوان دوو چینی نێو کۆمەڵدا تەماشاچی بی و چاوەڕوانی ئەنجامەکەی بێ.

ئەگەر بەو بەڵگە و بۆچوونانە قانع نابن بەڵگەیتر هەیە کە دەیسەلمێنێ کۆمەڵە ئەو دروشمەی تەنیا بۆ خەڵک هەڵفریواندن هەڵگرتووە، دەنا لە بنەڕەتدا باوەڕیی بە هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات بۆ ئیدارەی کوردستانی ڕزگارکراو نییە. بڕیارنامەی کۆنگرەی شەشەم **لەبەشی ئیستراتیژی کۆمەڵە لە کوردستان.** خاڵی هەشتەم ئاوا دەڵێ: **"شەرتی لازمی سەرکەوتن تەنیا زاڵ بوون بەسەر هێزەکانی حکوومەتی ناوەندی نییە! بەڵکوو پێشگرتن لە هەوڵەکانی ئەحزابی بورژوازی مەحەللی لە کوردستان بۆ ئەوەی بنیات و ئورگانەکانی خۆیان لە جیاتی بنیات و ئورگانەکانی دەوڵەتی مەرکەزی دانەمەزرێنن"** لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێ کە ئەوان نەتەنیا بروایان بە ئیدارەی کوردستان بە هاوکاری حیزبی دیموکرات نیە، بەڵکوو هەموو هەڵێک دەدەن کە نەهێڵن حیزبی دێموکرات بنیات و ئۆرگان لە کوردستان دامەزرێنێ![1]

کاک عەبدوڵلا موهتەدی هەر لەئێستاوە ئێحمالی شەڕێکی فاجعەبار پێش بینی دەکا چ بگا بە هاوکاری بۆ ئیدارەی کوردستان:

**"بە بێ دابینکردنی ئیمکانی سەلماندنی بوونی کۆمەڵایەتی کرێکاران لە کوردستاندا، نابێ چاوەڕوان بین کە حیزبە بورژواییەکان تەنیا لە بەرامبەر فشاری ڕێکخراوەیی ئێمەدا لە هەڵوێستی سیاسی و چینایەتی خۆیان پاشەکشە بکەن. شەڕ و دەرگیریی ڕێکخراوەیی لە نێوان ئێمە و حیزبە ناسیونالیستەکاندا لە نەبوونی بنیاتی کۆمەڵایەتی (تودەای) ئەوتۆدا حەتمییە و فاجعەبارە"**[2]

وتاری عەبدوڵلا موهتەدی لە ستوکهوڵم بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە بەم قسانە کۆتایی پێهات. کە نە تەنیا بۆنی هیچ هاوکارییەکی لەگەڵ حیزبی

---

[1] بڕوانە بۆچی کۆمەڵە لە واقعییاتی کۆمەڵی کوردستان دەرس وەر ناگرێ" تێکۆشەر شمارە ٥٥

[2] - اسناد کنگره چهارم حزب کومونیست ایران تیرماه ١٣٧٣ صفحه ٧٥

دێموکرات بۆ ئێستاو داهاتووی کوردستان لێ نایە، بەڵکوو هەمووی هەڕەشە و گوڕەشەیە.

**" ئێمە دەتوانین لایەنگری بەرانبەری و ئازادیی میللەتان بین بە بێ ئەوەی "فەلسەفەی سیاسی ناسیۆنالیسم" قەبووڵ بکەین یان هیچ سازگاری و ئاشتی‌یەکمان هەبێ لەگەڵ ناسیۆنالیسم. ئێمە نە ئیمتیازێک دەدەین بە ناسیۆنالیسم و نە مەیدان چۆل دەکەین بۆ ئەوان."** ئێستا بە کامیان باوەڕ بکەین قەزاوەت لای خوێنەران. فارس گوتەنی: "بە دم خروس یا قسم حضرت عباس".

ئەگەر ئەوە زمانی قسەکردن لەگەڵ کۆمەڵانی ئەمڕۆی کوردستان بێ، بۆ ئێمە زۆر سەختە کە فێری بین و قسەی پێ بکەین. بەڕاستی کۆمەڵە هەتا کەنگێ نایهەوێ لە واقعییاتی کۆمەڵگەی کوردستان دەرس وەربگرێ. حیزبی دێموکرات وەک هەمیشە دەیهەوێ ئاڵۆزی و ناکۆکیی نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆن کەمڕەنگ بکاتەوە. ئارەزوومانە کۆمەڵە سیاسەتەکانی نە لە ئارەزوو هەڵێنجێ و نە لە نووسراوەکان دەر بێنێ. بەڵکوو واقعییەتەکانی کوردستان بکاتە ڕێنوێنی سیاسەت و شوعارەکانی لە داهاتوودا. لە حاڵەتێکی وا دا حیزبی دێموکرات بەدڵخوازانە حازرە لەگەڵی هاوکاری و هاوفکری بکا و بەرنامەی هاوبەشی لەپێش‌دا بۆ ڕزگاری کورستان و وەدی‌هێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد و دوایە بۆ ئیدارەکردنی کوردستانی ڕزگارکراو لەگەڵ دابنێ. ئەوەی لەو نێوەشدا گرینگە نە شێعر و شوعار، بەڵکوو خەباتی بەکردەوەیە چونکە لەمێژە گوتراوە: "دو صد گفته چون نیم کردار نیست".[1]

مخابن بەپێی ئەو عادەتانەی کە لەسەرەتای دامەزرانییەوە فرچکیان پێ گرتووە لە هەر قۆناغێکی خەبات دابن، هەوڵ دەدەن ببنە کۆسپی بەردەم بەرەوپێشچوونی جووڵانەوە، لەگەڵ دروستکردنی هەر هەڵە و تاوانێکیش خێرا تێدەکۆشن لە ملی خۆیانی داماڵن و بۆ درێژەکێشانی ژیانی سیاسی خۆیان لە بڵاوکراوەکانیان‌دا دەست بۆ هەر کردەوەیەکی پێچەوانەی پرینسیپی دۆستایەتی و هاوکاری دەبەن و ڕێکخراوی بەهێزتر لەخۆیانی پێ

[1] بڕوانە "بۆچی کۆمەڵە لە واقعییاتی کۆمەڵی کوردستان دەرس وەر ناگرێ" تێکۆشەر شمارە ٥٥

دەکوتن و بە وشە گەلی ناڕوون نەگونجاو لاپەڕەکانی کاغەزی پێ ڕەش هەڵدەگێڕن و دیانهەوێ بە داسەپاندنی خەون و خەیاڵی زەینیی خۆیان کۆمەڵگای کوردەواری بە لاڕێدا بەرن! کردەوە و سیاسەتگەلێکی چەوت وچەویڵ کە زۆر زوو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو بوو و بە دڵنیاییەوە لەداهاتووشدا بێ برەو کەساسە. لەم سەردەمەشدا خەڵکی زۆر لەوە وریاتر زاناترن کە بە چەند وشەی لێڵ و بێ سەروبن وەک سەردەمی ئینقلاب فریو بخۆن.

سیاسەتی ئەوان لەوسەربەندەدا ئەوە بوو کە بەشی هەرە زۆری واقعییەتی کوردستانیان بە پێچەوانە و بەراوژوو نیشان دەدا. دابەشکردنی خەڵکی کوردستان بەسەر دوو چینی دژبەری یەک کە لە کردەوەدا بوونی نەبوو ئاکامی خەون و دەلاندنی زەینیی ڕێبەرانی کۆمەڵە بوو، بوو بە هۆی هەلایسان و داسەپاندنی کە شەڕێکی نگریس و ماڵوێرانکەر بەسەر حیزبی دێموکراتدا. کە هێشتا ئاسەواری برینە تاڵ و زیانبارەکانی ساڕێژ نەبۆتەوە!

سەرنجدان بەم نووسراوەی خوارەوەی تاهیر خالیدی باشتر ماهییەتی کۆمەڵە لەرابردوودا دەردەخا.

"**سەرنج!** چ دونیایەکی سەیرە، ئەم دە کەسەی کە لەم وێنەیەدا دەیبینن، هەڵبژێردراوانی کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵەن بۆ بەڕێوەبەری سیاسی، چەکداری و ڕێکخستنی تەواوی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا. لە نیوەی یەکەمی شەستەکانی هەتاوی. ماوەی کونگرەی چوارەم تا پێنجەمی کۆمەڵە، ماوەی هەرە هەستیار و پڕ ڕەنج و ئازاری کۆمەڵە بوو. لەو ماوەدا ڕێکخراوی کۆمەڵە لەلایەک لە ژێر هێرشی دەرەندانە و بێ ڕەحمانەی کۆماری ئیسلامیدا بووین و لە لایەکی دیکەش زۆر بەداخەوە توشی شەڕی خۆکوژی کۆمەڵە و دێموکرات بووین. بەڕێوەبردنی ڕێکخراو لەو هەلومەرجە ئاڵۆز و دشوارەدا و بەڕێوەبردنی شەڕ لە دوو جبهەدا، بە تایبەت کاتێک کە یەک لە جبهەکان هێزی خۆیی بێت، هەندێک جیاوازە لەسیاسەتکردن لە فەیسبووکدا. ئەم دە کەسە ئەمانەن، ئەوانەی وێستاون: ١- عومەر ئیلخانیزادە ٢- د.جەعفەر شەفیعی ٣- ساعد وەتەندووست ٤- ئیرەج فەرزاد ٥- ئیبراهیم عەلیزادە ٦- تاهیر خالیدی دانیشتوان: ٧ -سەدیق کەمانگەر ٨- فاروق بابامیری ٩- عوسمان ڕەوشەنتودە ١٠- محەممەد شافعی. سەیر ئەوەیە کە، ئامانجی ئەم گروپە و

هەموو ڕێکخراوەکە ئەوە بوو و هەوڵماندەدا کە کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی کوردستان لە ڕێکخراوی کۆمەڵەدا کۆکەینەوە یان نزیک کەینەوە و ڕێکیان بخەین و ڕێبەریان بکەین، ئێمە گاڵتەمان بە هەموو ڕێکخراوەکانیتر دەکرد و دەمانوت بورژوایی و وردە بورژواییین و بەرگە ناگرن و هەڵدەوەشێنەوە. دێموکراسی هەموو دەوڵەتانی جیهان و لایەنی کوردستانیمان پێ دێموکراسی ڕوکەشی بورژوایی بوو و خۆمان بە هەڵگری پتەوترین و بەرینترین دێموکراسی دەزانی. دەمانوت ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ لای ئێمە جێگایەکی زۆر تایبەتی هەیە. **بەڵام نەک زۆرینەی خەڵکی کوردستانمان پێ ڕێک نەخرا بەڵکوو ڕێکخراوەکەش لەت و پەت بوو. سەیرتر لەوەش، ئێستا هیچ دوو نەفەرێک لەم گروپە نابینیت کە لە یەک لەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵەدا پێکەوە خەبات بکەن. هێشتا لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە هیچ دوو نەفەرێک لەم هەشت نەفەرەمان کە ماوین ناناسێت کە لانیکەم پەیوەندییەکی وەها سیاسی و دۆستانەمان پێکەوە بێت کە بیروڕای سیاسی بگۆڕینەوە و لە کاتی پێویستدا مەشوەرەت و پرس و ڕایەک بەیەک بکەین.** هەی هات لەو سیاسەتەی کردمان، هەی هات لەم نمونە تازەیە لە بیروڕای سیاسی کە بە خەڵکی کوردستانمان نیشاندا و دەرئەنجامەکەی، هەی هات لەم چارەنوسە."[1]




[1]- بڕوانە فەیسبووکی تاهیر خالیدی.
https://www.facebook.com/photo/?fbid=3438481406162338&set=a.101135589896953

# ئینشعابی دووهەم لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

لە ڕەوتــی ڕووداوەکــان و ململانێــی نێــوان باڵەکــانی کــۆمەڵە، "حیزبــی کۆمۆنیستی ئێران"یش تەنیا تا نزیک کۆنگرەی ٩ی کۆمەڵە توانی تاقت بێنێ! پێشـتر باسـی ئینشـعاب و جیـابوونەوەی "کۆمۆنیسـتی کرێکاری"مـان کـرد کە هۆکارەکـانی کەمڕەنـگ کـردنەوە و وازهێنـان لە خەبـات و سـەرەنجام ڕەگەڵ کەوتنــی ژمــارەیەکی زۆری ئەفـرادی کـۆمەڵە لەگەڵ ئەو ڕەوتەی لـێکەوتەوە. شەڕ و ململانێی نێوان باڵەکانی کۆمەڵە بە جیابوونەوەی مەنسوور حیکمەت نەک هەر کۆتــایی نەهــات، بەڵکــوو گەرمتــر و چڕتــر ســەری هەڵــدایەوە و سەرەنجام باڵی کاک عەبدوڵڵای موهتەدی هاتە سەر ئەو باوەڕە بە قەولی خـۆی کـۆمەڵەی سـەرەتای شـۆڕش زینـدوو بکـاتەوە. بە پێی وتەی خۆیـان حیزبی کۆمۆنیست شکستی خواردوە، هەر بۆیە لە مـانگی گەلاوێژی سـاڵی ١٣٧٩ حیزبی کۆمۆنیست ئینشعابی تێکەوتوو و ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی ڕێبەری تـا خـوارەوە لێی جـودا بـوونەوە و لە ڕۆژی ٤ی خەرمانـانی سـاڵی ١٣٧٩دا یەکەمین ڕاگەیەندراوی خۆیـان بە نـاوی "کۆنفرانسـی سـاغکردنەوەی کۆمەڵە" بڵاو کردەوە. لەو پێوەندییەدا باس لە چۆنیەتی دامەزرانی کۆمەڵە و سەرهەڵدانی کێشەکانی کراوە و بە پێویست دەزانین کە باس لە هۆکارەکانی جیابوونەوەکەیـان بکەیـن، ئەگەرچـی کـاک عەبـدوڵڵا مـوهتەدی و کـاک بـرایم عەلیزادە هەر یەک بە شـکڵ و بۆچـوونی جیـاواز لە کتێبەکانیـان کە بەهـمەن سـەعیدی ئامـادەی کـردووە، باسـی ئەو لێـکترازانە دەکەن. بەمجـۆرە لەژێـر نـاوی (پرۆسـەی بازسـازیی کـۆمەڵە) لەسـاڵی ٢٠٠٠ لە حیزبـی کۆمۆنیسـت جیابوونەوە و عەبدوڵڵا موهتەدی لە یەکەمین کۆنگرەی دوای جیابوونەوەیـان بە سـکرتێری کـۆمەڵە دیـاری کـراو نـاوی "سـازمان انقلابـی زحمتکشـان

کردستان ایران" بۆ تەشکیلاتەکەیان یان هەمان ناوی سەرەتای شۆڕشی ٥٧ بۆ خۆیان دیاری کردەوە. لەساڵی ١٣٨٦ (٢٠٠٧) دەستەیەکی دیکە کە لەڕێبەرانی کۆمەڵە و لە نزیکانی موهتەدی بوون وەک کاک عومەری ئێلخانیزادە و کاک ڕەزا کەعبی تەنیا چەند ساڵ توانیان لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا درێژە بەکاری سیاسی بدەن و ئەوانیش لێی جودا بوونەوە و "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان"یان دروست کرد. دوای ئەوانیش چەند مانگی دیکە دەستەیەکی دیکە بە ڕێبەری "عەبدوڵڵا کۆنەپۆشی" لێیان جودا بۆوە. عەبدوڵڵا موهتەدی لە وتووێژێکی ڕادیۆ فرانسەدا کۆنەپۆشی وەک "تبهکار" و "خلافکار" ناساند! دوای ئەو وتووێژە واتە ٧ مانگ دواتر کۆنەپۆشی لەگەڵ موهتەدی تێکەڵ بوونەوە!!

سەبارەت بە حیزبی کۆمۆنیست هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە کێشەی تەشکیلاتی کەوتە ناو ڕێکخراوەکەیان و زۆرێک لە ئەندامانی کۆمەڵە ناڕازی بوون و ئەو ململانێ و نارەزایەتییانە تەنانەت تا لێکهەڵوەشانیان و پرش‌وبڵاویی حیزبەکەیان درێژەی کێشا و بە ئاراستەیەکدا ڕۆیشت کە کۆمەڵە بەردوام بەرەو هەڵوەرین و چووکەبوونەوە چووە، بەجۆرێک کە بە چەند لەت بە قەد گوردانێکی کۆمەڵەی کوردستانی سەرەتای شۆڕش نەدەبوون.

لەو بارەیەوە کاک عومەر ئێلخانیزادە بەمجۆرە باسی بێ توانایی حیزبی کۆمۆنیست و زیندوو کردنەوەی کۆمەڵە دەکا:

**"ناکۆمەڵایەتی‌بوون و بێکاریگەریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کوردستان، پێش لە جیابوونەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و دوای ئەویش، هەر وەک ئاماژەمان پێکرد لەسەر چالاکی و کارکردی کۆمەڵە شوێن‌دانەر بوو و هەموومانی ناچار بە بیر لێکردنەوە لەم دۆخە دەکرد و، پێداچوونەوە بە سیاسەتەکان و پرۆسەی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیست، لەو پرسە گرنگانە بوون کە بۆ ژمارەیەک لە هاوڕێیان جێگەی پرسیار بوو......لە ئاکامدا، پرۆسەی پێداچوونەوە و بیر کردنەوە، ژمارەیەک لە ئێمەی هێنایە سەر ئەم قەناعەتە کە دەبێ بە شێوەیەکی بنەڕەتیتر ڕەخنە لە حیزبی کۆمۆنیست و پێگەی کۆمەڵە لەو حیزبەدا بگیردرێ. دەبوو دۆخی**

**هەنووکەیی کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی ڕادیکاڵ و سوسیالیست، بەڵام پەسیڤ و کەم ڕۆڵ لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان بخرێتە بەر ڕەخنە و هەوڵی گۆڕانی بدەین. هەر بۆیە باسی ئەوەی "حیزبی کۆمۆنیست بەبێ کۆمەڵە یانی هیچ"، "بۆ گۆڕانی دۆخی حیزبی کۆمۆنیست، دەبێ کۆمەڵە ئاوەدان بکرێتەوە".**[1]

کۆمەڵەی کاک عەبدوڵڵا باس لەوە دەکا کە حیزبی کۆمۆنیست لە ماوەی نزیک بە ١٨ ساڵ نەیتوانی لە پرۆژەکانی‌دا سەرکەوتوو بێ و لەڕاستی‌دا لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو بۆوە.[2] هەروەها هەڵوێستی لەسەر جیابوونەوە لە حیزبی کۆمۆنیست بەم شێوەیە خستۆتە ڕوو.

"١- پرۆژەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەیتوانی ببێتە پرۆژەیەکی سەرکەوتوو، هیچکات بەو ئامانجانەی کە خۆی بۆخۆی دانا بوون، نەگەیشت و لە داهاتووش‌دا پێیان ناگا. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەیتوانی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران نفووز پەیدا بکا. کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لەوبارەوە دەڵێ: **"بەشی سەرتاسەریی ئێمە خاوەنی هیچ جۆرە پێگە و نفووزێکی کۆمەڵایەتی نەبوو، نفووزێکی لە نێو زانستگاکان و دانشجوویانی ئێرانی‌دا نەبوو، نفووزێکی ئەوتۆی لە نێو بزووتنەوەی ڕووناکبیری و چەپ‌دا نەبوو، لە نێو بزووتنەوەی ژنانیش‌دا شتێکی نەبوو، لە نێو بزووتنەوە جۆراوجۆرە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی ئێران‌دا بە غەیری گەلی کورد، هەر لە تورکمەن سەحراوە تا عەرەبی خوزستان تا فلانە یا فیسارە جێگا، لە نێو ئەوانیش‌دا دەور و نەقش و تەئسیرێکی نەبوو".**[3]

لەڕاستی‌دا قامکدانان لەسەر ئەو خاڵە لاوازانە زۆر جێی تێڕامان و سەرسووڕمانە چونکە لە ڕۆژی یەکەمەوە خەڵکی کوردستانیش هەستیان بە نەبوونی و نەخش و دەوری حیزبی کۆمۆنیست کردبوو، بەڵام نازانم بۆ کاک عەبدوڵڵا و هاوبیرانی کە خۆیان بەزاناتر و تێگەیشتووتر لە خەڵکی کوردستان دەزانن، چۆن هەستیان بەو واقعیەتە نەدەکرد لە دەریای بیرو زەینیی وەهماوی گریمانەکانی خۆیان‌دا نغرۆ ببوون. خەڵکی کوردستان دواتر

---

[1]- پروسه باز بینی ما از حزب کمونیست ایران

[2]- سەرنەکەوتنی لەپرۆژەکانی هەڵایسانی شەڕ لەدژی حیزبی دێموکراتیش دەگەڕێتەوە.

[3]- "شۆڕش" ئورگانی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ژمارە (١)

بەتەواوی لە کردەکانی ئەوان بۆیان ڕوون ببۆوە نەک لە بەشی سەرانسەری، بەڵکوو لە کوردستانیش جێگە و پێگەیان بەرچاو سەقامگیر نیە.

**٢- لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەست بە ڕکود و وەستانێک لەکاری کۆمەڵەدا دەکرا، بەچەشنێک ئەگەر بێت و لەوە زیاتر ئەو ڕەوتە – نوشست و چەقین – درێژە پەیدا بکا مەترسی ئەوە هەبوو کە "کۆمەڵە" ئەو جێگا و ئەو پایەگایەی خۆی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لەدەست بدا، بە تایبەت کە لەسالانی ڕابردوودا جووڵانەوەو ئاڵوگۆڕی سیاسی لە قووڵایی کۆمەڵگای ئێراندا پێک هاتووە، کە دەبێ کەڵکی لێ وەرگیرێ و جارێکیتر کۆمەڵە جێی واقعیی خۆی پەیدا بکاتەوە. کە وابوو ئەو حەرەکەتە نە تەنیا کۆمەڵەی لاواز نەکردووە، بەڵکوو لە مەرگی تەدریجی ڕزگار کردووە.**

لەڕاستیدا کۆمەڵە لەساڵی ١٣٦٢ڕا جێگەو پێگەی لەکوردستان لاواز بوو، بەتایبەتی بە دروشمی زریقە و بریقەداری بێبەرهەم ئەوەندەی دیکە بەرەو پووکانەوە و ئیزۆلە بوون دەچوو. بە واتایەکیتر کۆمەڵە هەر لە دوای کۆنگرەی دوو کە خەڵکی کوردستانیان بە سەر دوو چیندا دابەش کرد بەرەبەرە جێگەو پێگەی خۆی لەدەست دا، ئەوەی ئێستا باس لە زیندوو کردنەویە کۆمەڵە قسە دەکەن پەلەقاژەیەکە بۆ ڕاگرتنی ئەو چەند سەدکەسەی وەک لایەنگر و ئەندام هەیانە. تەنیا یەک ڕێگا دەتوانێ کۆمەڵە زیندوو بکاتەوە و هەڵەسوون بێنێتەوە، ئەویش تێکۆشان بۆ چارەسەری نەتەوایەتی و لەگۆڕنانی ڕابردووی و جارێکی دیکە هەنگاو بۆ دابەشبوونی کوردستان هەڵ نەگرێتەوە.

**٣-کۆمەڵە ئەو دەور و نەخشەی کە پێویست بوو لە بزووتنەوەی کوردستان بۆ لابردن و نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی بیبا، نەیدیتوە و تەنانەت خۆی لەو مەسەلەیە دوور خستۆتەوە و جیا کردۆتەوە. هەر بۆیە دەبێ کۆمەڵە لەو مەیدانەدا فەعالتر بێ و بە ئەرک و وەزیفەی خۆی بزانێ کە ببێتە ئالاهەڵگری خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.**

لەم خاڵەدا پرسیاریک دروست دەبێ، کەی دەور و نەخشی بۆ نەهێشتی ستەمی نەتەوایەتی بووە!؟ کۆمەڵە لەساڵی ١٣٦٠ و لە کۆنگرەی دووی لە "زنبیل"ەوە ئەوەی بۆیان گرینگ نەبوو ستەمی نەتەوایەتی بوو، حەزیان لە

دارمـــانی ناســـیۆنالیزم بـــوو، بـــۆیەش بەتەواوی هێـــزەوە ناســـیۆنالیزمیان دادەپلۆسی، ئەوان هەر لەسەرەتاوە ڕۆڵیان بۆ نەهێشتی ستەمی نەتەوایەتی نەگێڕا لەبەر شەڕی تەبەقاتی دەرفەت بۆ خەباتی نەتەوایەتی‌یان نەبوو. ئێستا خێرە بایـان داوەتەوە و دەیـانەوێ ببـنە ئالاهەڵگریشـی!! مـن پێمـوایە ئەوەی لێرەدا باسـی دەکەن هەر لەقـالبی دروشـم دایە، ئەگینـا ئەوان دەیـان تـوانی حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان دروست بکەن و پرسی نەتەوایەتیش لە نێو بەرنامەکانیان بگونجێنن.

گـوایە کـۆمەڵە لە داخوازییەکـانی گەلـی کـورد دوور کەوتـۆتەوە ئەوەش بوختانێکی گەورەیە بە خۆیانی دەکەن، چونکە هەر لەسـەرەتای دەیەی ١٣٦٠ ناسیۆنالیزمی کوردیان بە بورژوازی لەقەڵەمدا و بە هەموو شێوەیەک کەوتنە بنکۆڵ کردنـی! چـۆنە ئێسـتا قۆنـاغی خەبـات گـۆڕاوە کەوا پرسـی کـورد و کێشـــەی نەتەوەییـــان بـــۆ گرینـــگ بـــۆتەوە، لەبەر ئەوەی کۆمـــۆنیزم تەنیـــا چارەڕەشیان بۆ خەڵکی هەژار بە دیاری هێنا و ئێستاش ئەوان ئیتر ناتوانن بەو دەستەواژانە خەڵک فریو بدەن.

**٤- هەر چەند دە ساڵ لە جیابوونەوەی ڕەوتی کومونیزمی کرێکاری لە حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران تێدەپەڕێ، ڕێبەرانـی ئەو حیـزبە نەیـانتوانیوە بەتەواوی ســـنووربەندییەک لەگەڵ ئەو ڕەوتە بـــکەن، ئێســـتاش حیزبـــی کۆمۆنیست نەیتوانیوە هەموو پێوەندە فکری و سیاسی‌یەکانی لەگەڵ ڕوانگە و مێتۆد و سیاسەتەکانی کومونیزمی کرێکاری بپسێنێ."**[1]

بەڵام حیزبـــی کۆمۆنیســـتی ئێـــران هەروەک لە کتێـــبەکەی کـــاک بـــرایم عەلی‌زادەش ڕەنگی داوەتەوە، هۆی جیابوونەوەی کاک عەبدوڵڵای موهتەدی و ئەفرادەکەی بەمجۆرە لێک دەدەنەوە.

" ١- هۆی جیابوونەوە و ئەسڵی ئەو ئینشعابە بۆ دەسەڵاتخوازی ئەنگیزەی شەخسی ڕێبەرانی ئینشعاب دەگەڕێنێتەوە. ڕای حیزبی کۆمۆنیست بۆ ئەم ئیـدیعایە ئەوەیە کە کـاک عەبـدوڵڵای مـوهتەدی پـاش ئەوەی لە کـۆنگرەی حەوتەمـی حیزبـی کۆمۆنیسـتدا بـۆ ڕێبەرایەتـی خـۆی کاندیـد کـرد، بەڵام

[1] – شۆڕش" ئۆرگانی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ژمارە (١)

نەیتوانی ئەو پلە تەشکیلاتییە وەدەست بێنێ، ئەو جار بەتەواوی بوون و نەبوونی حیزبی کۆمۆنیستی بردە ژێر پرسیار و هەنگاوی بەرەو جیابوونەوە هاویشت.

٢- حیزبی کۆمۆنیست لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو خەتە، خەتی ناسیۆنالیزمی کوردە و دەیهەوێ بە زمانێکی چەپ کوردایەتی بجووڵێنێ. هەربۆیەش بەنیازن کۆمەڵە بەرنەوە بۆ چوارچێوەیەکی تەنگەبەری ناوچەیی و لە هەڵوێست و باوەڕی کۆمۆنیستی دوور بخەنەوە.

٣- حیزبی کۆمۆنیست پێی وایە کە جیابۆوەکان کیسەیان بۆ " محمد خاتمی" و باڵی دووی جۆزەردان هەڵ دووریبوو و دەیانهەویست کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران لە ڕێگەی ئەوانەوە چارەسەر بکەن. کاک برایم عەلیزادە لەم بارەوە دەڵێ:

**"کێشە لەسەر کۆمەڵەیەک بوو کە ئەوان (جیابۆوەکان) وردە وردە لێی نامۆو بێگانە دەبوون، کۆمەڵەیەک کە هێز و توانای خۆی پێش هەموو شتێک لە خەباتی چینایەتی وەردەگرێ، کۆمەڵەیەک کە خاوەنی هەڵوێستە و بێ ڕاڕایی و ڕادیکاڵ لە بەرامبەر هەموو باڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا. کاک عەبدوڵڵای موهتەدی پێش جیابوونەوە لە وتارێکدا کە لە " پێشڕەو" دا بڵاو کرایەوە دەنووسێ ( زۆر سەیرە کە دەوڵەتی ئێران و بەتایبەتی خاتەمی کە باس لە دیالۆگ و گفتوگۆی تەمەدونەکان دەکا و دەیهەوێ لەگەڵ زلهێزەکان و دەوڵەتە خاریجییەکاندا بە شێوەی گفتوگۆ مەسەلەکانیان چارەسەر بکا، بەڵام لەگەڵ خەڵکی ئێران و خەڵکی کوردستان حازر نین گفتوگۆ ودیالۆگ بەرەو پێش بەرن)."**

کاک برایم عەلیزادە ئەمە بە چرای سەوز لەلایەن کاک عەبدوڵڵای موهتەدییەوە بە دەوڵەتی خاتمی بە حساب دێنێ و بە هاواهەنگی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵات باسیان لە گفتوگۆی فەرهەنگی دەکرد، دەژمێرێ.

٤- حیزبی کۆمۆنیست لەسەر ئەوە سوورە کە "جیابۆوەکان" لە ڕووی سیاسی و تەشکیلاتی و ئەخلاقییەوە، مافی ئەوەیان نییە ناوی کۆمەڵە

لەسەر خۆیان دانێن و دەڵێن لە بەرامبەر ئەو خۆناساندنەی ئەوان بە "کۆمەڵە" بێ دەنگ نابین و ئەو ناحەق بوونەی ئەوان لە قاو دەدەین".[1]

پێش دابڕانی باڵی کاک عەبدوڵڵا لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حیکمەت بە بەردەوامی و بێ پسانەوە تەبلیغات و هێرشی بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکرد و وەک حیزبێکی شکست خواردو دەیناساند، پاش ئینشعابی کاک عەبدوڵڵا ڕووی تەبلیغاتی لەوان کرد. بە دوای ئەو ڕووداوەدا ئاوری تەبلیغاتی‌یەکەی کە لە سەر حیزبی کۆمۆنیست بوو، لابرد و لە سەر جیابۆوەکان "موهتەدی" کە پێیان وایە ڕەوتێکی ڕاست و ناسیونالیستین چڕ کردەوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕەوتی جیابۆوەکان (کۆمەڵە) بە نەوعێک لقی ئێرانیی یەکیەتیی نیشتمانی، یان نوسخەی تازەی حیزبی دێموکرات دەژمێرێ".

مەنسووری حیکمەت هەڵوێستی حیزبەکەی لە ئاست ئەو جیابوونەوەیە ئاوا باس دەکا و دەڵێ:

"هیچ شک و گومان نابێ هەبێ عەبدوڵڵای موهتەدی یەکەمین هەنگاوی پێوشوێنی ناوی کۆمەڵە دەکەوێ و لەگەڵ هیچ سازمانێکی دیکە ڕێکخراو دروست ناکا بۆ ئەوەی ئەو ناوە بۆ خۆی مسۆگەر بکاو دەورەی تازەی چالاکیی خۆیان لەژێر ئەو ناوەدا دەست پێ بکا زۆر بە ڕوونیش دەڵێ کەڵک وەرگرتن لەو "سەرمایە سیاسی"یەی کە لەو ناوە بەدەست هاتوە لە بیری ناوبراودا دەخولێتەوەو دەیهەوێ بۆ خۆی بپارێزێ...... موهتەدی لەحوزووری خۆی لەو ڕێکخراوە (حیزبی کۆمۆنیست) ئێعلامی "ندامت"ی کردووە لە ڕێبەری‌دا حوزووری نەبووە لە نێو بەدەنش کەمایەتییەکی چووکەی پێک هێنا، سەرەڕای ئەو وەزعە هیچکام لەو مەسەلانەی لەسەرەوە باس کرا پێشگیری لەوە ناکا کە ئەو جەماعەتە بۆ وەرگرتنی ناوی کۆمەڵە بۆخۆیان، دەست بۆ هەر کارێک بەرن. ناوی کۆمەڵە بۆ ڕەقابەت لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا، بۆ بەرەبەرەکانی لەبەرامبەر حیزبی دێموکراتدا

---

[1] – ئاڵوگۆرەکانی ئەم دواییانەی حیزبی کومونیستی ئێران وهەڵوێستی ئێمە. تێکۆشەری ژمارە ٧٠

لەسەر "ڕێبەری جووڵانەوەی میللی" پێویستیانە.... هەر وەها زۆر زیرەکانە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خەونی ناسیۆنالیستی دژی کۆمۆنیستی دووی جۆزەردان "خرداد" لە کوردستان لە ژێر ناوی کۆمەڵە پووچەڵ دەکاتەوە. "عەبدوڵڵا موهتەدی، عومەر ئێلخانیزادە، جەلال تالابانی و هاوڕێکانیان ئازاد و موختارن هەر ڕێکخراوێکی کە پێیان خۆشە دروستی بکەن و هەر سیاسەتێکی پێیان خۆشە بیگرنە پێش. بەڵام مێژووی کۆمۆنیستی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران شیاوی "قابل" دابەش کردن و هەڵکێشان نییە".[1]

ئینشعابات و لەتەکانی کۆمەڵە لەسەر چارەسەری مەسەلەی میللی چی دەڵێن و چییان گوتوە، حیزبی کۆمۆنیست لە کاتی دروست بوونییەوە تا کۆنگرەی ٩ی خۆی مەسەلەی خودموختاری هەمیشە وەک مەقوولەیەکی بورژوازی چاو لێکردووە لەبەر خاتری خەڵکی کوردستان جاروبار ناوی هێناوە و سەرئەنجام لەساڵی ١٣٧٩ بەیەکجاری لەسەر شانی خۆیان لابرد و ئاسەواریان نەهێشتەوە.

**" وەلانانی "بەرنامەی خوموختاری" لە گەڵاڵەی نوێی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست (کۆمەڵە) لە ئاست کێشەی نەتەوەیی کە لە کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەیە کۆنگرەی نۆهەم گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٩دا بڕیاری لەسەر درا، هاتووە: "(ئەمە هەڵوێستێکی ناسراوی کۆمۆنیستی‌یە کە پێداگرتن لەسەر مافی جیابوونەوە بە مانای پێشنیاری جیا بوونەوە لەلایەن ئێمەوە لە هەر هەلومەرجێکدا نییە و ئەوەی کە ئەو کات خەڵکی کوردستان فورسەت بۆ بڕیاردانی ئازادانەی خۆیان بەدەست دێنن، ئێمە هاندەری چ بۆچوون و بڕیارێک دەبین، پێوەندیی بە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کات هەیە و لەسەر بناغەی قازانج و بەرژەوەندیی گشتیی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش دەبێ.)**[2]

با لەپێشدا لەم هەڵوێستەی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران "کۆمەڵە" ورد بینەوە. یەکەم: پیش هەموو شتێک ئەو سیاسەتە واتە

---

[1] – بحران کومەلە و بازسازی ناسیونالیسم کرد. انترناسیونال ژمارە ١٦

[2] – بەڵگەنامەو بڕیارەکانی کۆنگرەی نۆهەمی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لاپەڕەی ٣٩

نەبوونی گەلاڵەی ڕوون بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی و وەلانانی یەکێک لە شکڵەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس واتە خودموختاری و دیارینەکردنی شکڵەکانی دیکەی مافی دیاریکردنی چارەنووس واتە فیدرالیزم یان سەربەخۆیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و لابردنی ستمی نەتەوایەتی بۆ دوا ڕۆژیش دیار نیە کە ئەو ڕێکخراوەیە لەسەر چ بنەما و بەرنامەیەکی دیاریکراو پێوەندییەکانی ناوچەی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوندی ڕێک دەخا.

دووهەم: ئایە ڕەوتێک کە خۆی بە "پێشڕەو و پێشەنگ"ی کۆمەڵایەتی خەڵک دابنێ دەبێ هەروا چاوەڕوان بمێنێتەوە و لە ڕاگەیاندنی هەڵوێست لەئاست کێشەی نەتەوەیی خۆ ببوێرێ، هەتا ئەو ڕۆژەی "هەلومەرجی بەکردەوە بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس" وەدی هاتبێ ئەویش ئەو هەلومەرجەی کە بۆ کەس ڕوون نییە کەی دێتە دی؟! دیارە ئەگەر هاتوو خواوڕاستان ئەو هەلومەرجەی کە خەڵک تێیدا ئازادانە بڕیار بدا هاتە دی، هەڵوێستی ڕێکخراوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران "کۆمەڵە" لە دوو حاڵەت زیاتر نییە، یان دەنگ بۆ مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا دەدا، یان نا. پرسیارێک کە دێتە پێش ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوەیە ئەگەر مانەوە لە چوارچیوەی ئێراندا بە قازانج دەزانێ، بۆ پێش ئەوەی خەڵک بڕیاری خۆیان بدەن هەر لە ئێستاوە بۆ ئەو سیاسەت و هەڵوێستە تەبلیغ و تەرویج ناکا و یا بە پێچەوانەوە.[1]

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە نەبوونی گەلالە و پلاتفۆرمێکی ڕوون و دیاریکراو بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی و ئەو ڕاڕایی و لێڵبوونەی سیاسەتی سازمانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) لە ئاست کێشەی نەتەوایەتی ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو ڕێکخراوەیە مەسەلەی میللی بەلاوە گرینگ نییە و ئەگەر لە کوردستان (وەک تەنیا شوێنێک لە ئێران کە دەستی لێی گیرە) نەبوایە ئەو ئاوڕە گورگانەیەشی لەو مەسەلەیە نەدەدایەوە. ئەگەر ئەو

[1]– بڕوانە "ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی حیزبی کومونیستی ئێران وهەڵوێستی ئێمە" تێکۆشەری ژمارە ٧٠

ئیدیعایە وا نەبێ چۆن "محمد نبوی" ئەندامی ڕێبەرایەتی ئەو ڕێکخراوەیە لە ڕێزلێنان لەیادی کۆماری کوردستان وەک شانازییەکی مێژوویی نەتەوەیی ئاوا بەداخ بوون و گلێی خۆی هەڵدەڕێژێ.

"ڕادیۆ جەماعەتی ئینشعابی بۆ دەربرینی وەفاداریی خۆیان بە کۆماری کوردستان، وەپێش حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتن و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بەرنامەی خۆیان بۆ تەرخان کرد و بەم بیانووە ڕێزگرتن لە لنین و یادی ڕێبەری شۆڕشی کۆمۆنیستی ئوکتوبریان کە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو ڕۆژە لەبیر بردەوە".[1] بەڵام هەر ئەو سەرچاوەیە لە لاپەڕەی ٣٩دا دەڵێ: "ڕاوەستان لەبەرامبەر ناسیۆنالیزم و بیروباوەڕی میللیگەرایی و لاڕێدابەرانە، یەکێک لە ئەرکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی بووە". لێرەدایە کە سنووربەندی نەکردن لەگەڵ سیاسەت و بۆچوونەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە بە ڕوونی خۆی دەردەخا.

لێرەدا پێویستە باسێکیش لە لایەنی ئینشعابی لەسەر چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی بکرێ. بەرنامەی کۆمەڵەی کاک عەوڵڵا موهتەدی بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی لە دوای ئینشعاب، بەرنامەیەکی دیار و ڕوون بوو. "دامەزراندنی حکومەتی ناوچەی فیدراڵی". کاک عەبدوڵڵا لەوبارەوە دەڵێ: "سەبارەت بە بەرنامەی سەلمێنەر یا بە واتایەکی دیکە گەڵاڵەی دیاریکراو بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لە هەلومەرجی ئێستادا من خودموختاری بە شکڵێکی باش و گونجاو نازانم. بە لەبەرچاوگرتنی قازانج و بەرژەوەندیی دێموکراسی لەگشت ئێراندا لەسەر ئەو باوەڕەم کە قەوارەی فدراتیو بۆ ئێران باشترین و گونجاوترین قەوارەی سیاسییە."[2]

سەرەنجام کاک عەبدوڵڵا موهتەدی کە سەردەمێکی دووروودرێژ لایەنگری خوموختاری بوو و داڕێژەری ئەسلی "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری" هەر خۆی بوو، پاشان ماوەیەکیش داکۆکی لە "مافی دیاریکردنی چارەنووس" کرد. "عجالتا" لەسەر قەوارەی فیدراتیو ساغ بۆوە و ویستگەی دوایی ناوبراو

---

[1] – لە دیفاع لە کۆمۆنیزم "محمد نبوی، لاپەڕەی ٨٤ و ٨٥

[2] – "شۆڕش" لاپەڕەی ٢٩

کوێ دەبێ، داهاتوو ڕوونی دەکاتەوە. بەڵام با بزانین هەڵسەنگاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەو دروشمەی کۆمەڵە – فیدراڵی – چۆنە:

**" فورمولی پێشنیارکراوی عەبدوڵڵا موهتەدی یانی فیدراسیۆنی دێموکراتیک بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی لەکوردستان لەباری ناوەرۆکی ئابوورییەوە ١٧ ساڵ لەوە پیش لەژێر ناوی " کورتە باسێک لەبارە سوسیالیسم" لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە پەسەند کراو لەباری سیاسیشەوە هەوڵێکە کە ئاغای موهتەدی و حیزبی دێموکرات و ئیسلاحخوازانی لایەنگری خاتەمی لەکوردستان بۆ وەلاخستنی خواستەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و تەریک خستنەوەی بۆچوونی ڕادیکاڵی و سوسیالیستی لە کوردستان بەڕێوەی دەبەن".** [1]

ئێستا بزانین بۆچوونی سێ ڕەوتی کرێکاری، کۆمۆنیستی و کۆمەڵەی موهتەدی لەسەر حیزبی دێموکرات چییە؟

کۆمۆنیستی کرێکاری هیچ حیزب و لایەن و ڕێکخراوێکی کوردستانی و ئێرانی قەبووڵ نییە کە دیارە حیزبی دێموکراتیش لەوانە بەدەر نییە و هەڵی ناوێرێ، تەنانەت حیزبی دێموکرات وەک بۆرژوازی کۆنەپەرست ناو دەبا و لە نوسراوەکانیشیاندا بە ڕوونی لە وشیە گەلی نەشیاو نزم کەڵک وەردەگرن و هیچ نزاکەتێک ناپارێزن.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی نۆهەمی خۆیان لە لاپەڕەی ٤٦ دەڵێن: **هەڵسەنگاندنی ئێمە لەسەر حیزبی دێموکرات جێوشوێنی ئەو حیزبە وەک ڕەوتیکی بورژوازی و ناسیۆنالیست لە کۆنگرەی پێشوودا بەوردی باسی لێکراوە" دیارە هەمان سەرچاوە لە لاپەڕەی دواتر دەڵێ: دانی پلاتفۆرمی هاوبەش لە پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بە ئاراستەی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان، هاوکاری و هاواهەنگی لە زەمینەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پیلانە جەنگی و تێرۆریستەکانی ڕێژیم لە کوردستان، هاوکاری فەنیی، هاوکاری تەداروکاتی، زانیاری و شتیتر لەو بابەتە، دیاریکردنی هەلومەرج و پێش شەرتە**

---

[1] – لەدیفاع لە کومونیزم "محمد نبوی لاپەڕەی ٩٠

**هاوبەشەکان بۆ دەستپێکردنی هەر جۆرە گفتوگۆیەکی ئیحتمالی لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی لەهەر کاتێکی دیاریکراودا، هاوکاری بۆ دیاری کردنی هەیئەتی نوێنەرایەتی هاوبەش لەوەها گفتوگۆیەکدا، هاوکاری لەدەرەوەی وڵات و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ پشتیوانی کردن لەخەباتی خەڵکی کوردستان و لەقاودانی سەرکوتکەری و ستەمگەرییەکانی دەوڵەتی مەرکەزی."** واتە لە لاپەڕەی دووهەمدا خوازیاری هاوکاری و هەماهەنگییە لەگەڵ حیزبی دێموکرات لە بوارانەدا کە بۆ خۆی ئاماژەی پێداوە.

هەڵوێستی کۆمەڵەی عەبدوڵلا موهتەدی چۆنە؟

کاتی جیابوونەوەی کاک عەبدوڵلا لە حیزبی کۆمۆنیست، هەڵوێستی لەسەر ماهییەتی حیزبی دێموکرات هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کاک برایم نەبوو. ئەویش حیزبی دێموکراتی پێ ڕەوتێکی ناسیۆنالیستی و وەک پێگەی چینایەتی بورژوازی کورد زانیوە. هەر لەوکاتەدا خوازیاری هاوکاری و هاوهەمانگی دیاریکراو لەگەڵ حیزبی دێموکرات بوو. کاک عەبدوڵلا موهتەدی لەوبارەوە دەڵێ: " ئێمە خوازیاری دەستپێکردنی دەورەیەکی نوێ لەهاوکاریی نێوان ئەو دوو حیزبە داین، ئێمە لەو بڕوایە داین کە کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات دەتوانن و پێویستە لەسەر هاوئاهەنگ کردنی خەبات لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و شێوە و تاکتیکە دیاریکراوەکانی هەر دەورەیەک، لەسەر فورمولەکردنی داخوازەکانی گەلی کورد لە حکوومەتی مەرکەزی، لەسەر ناساندنی خەباتی ڕەوای گەلی کورد بەڕای گشتی جیهان و شتی لەو بابەتە هاوکاری بکەین و لەو زەمینانەدا بە ڕێکەوتن بگەین".[1]

"خاڵێکی دیکە گرینگ لە جیاوزاییەکانی نێوان "کۆمەڵە"و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ "مەسەلەی ڕێبەری کردنی جووڵانەوەی کوردستان". ئەو مەسەلەیە لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە هەیە پێویستە بخرێتە بەرباس. "کۆمەڵە" لەسەر ئەو باوەڕەیە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وازی لە ڕێبەری کردنی جووڵانەوەی کوردستان هێناوە و

---

[1] – بەڵگەنامە و بڕیارەکانی کۆنگرەی نۆهەمی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران لاپەڕەی ٤٦

ئەو دەورو نەخشەی بە حیزبە بورژوا ناسیونالیستەکان – حیزبی دێموکرات سپاردوە و لەڕاستیدا تەسلیمیان بووە". بەڵگەی بۆ ئەو ئیدیعایە ئەوەیە کە کاک عەبدوڵلا موهتەدی لە "افق سوسیالیزم ژمارە ٤ لاپەرەی ٢٨دا دەڵی:

**"بە پێی کامە باس و"استلال" و ڕوانگە و سیاسەتی کۆنی کۆمەڵە کە بەپێی ئەو ڕێبەری بورژوازی "نقد" دەکرا و بوونی ڕێبەریی سوسیالیستی شەرتی بەرەو پێش چوون و سەرکەوتنی جووڵانەوە بە قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو، وەلا بنرێ؟"**

ئێستا ڕوون دەبێتەوە هۆکاری دەرهەڵبوونی کۆمەڵەی کاک عەبدوڵلا موهتەدی چییە؟ هۆکاری ئەوەیە کە لە ڕاپۆرتی کاک برایم عەلیزادە بۆ کۆنگرەی هەشتەمی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی (کۆمەڵە)دا هاتووە: "ئەگەر قەرار بوایە کە بە بەشداری لە خەباتی نەتەوەیی و بزووتنەوەی گشتیدا لەدژی ڕێژیمی ناوەندی ڕەوت و ڕێکخراوێک ببێتە ڕابەری بزووتنەوەی جەماوەری لە کوردستان ئەوە حیزبە ناسیۆنالیستەکان لەچاو ئێمە زەمینە و ئیمکاناتێکی زۆرتریان بۆ ئەم کارە هەیە. ئەوان هەم لەباری مێژوویییەوە ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بوون و هەم ئێستاش پاشماوەی ئەو خۆش باوەڕییەی خەڵکیان لە گەڵە کە ئەو دەورەی بەوان ڕەوا دەبینن و هەم کادرو توانای ڕێکخراوییان لەو بوارەدا لەئێمە زیاترە، لەڕاستیدا تا ئێستاش ئەو شتەی کۆمەڵەی خستۆتە ئەو جێگاو شوێنی ئێستای لەپێوەندیی لەگەڵ بزووتنەوی کوردستاندا، بەرهەمی پراکتیکی چینایەتیی دیاریکراوە کە بەتەواوی جیاوازە لە خەباتی نەتەوەیی و خودموختاریخوازانە لە کوردستان."

لەو قسانەی کاک برایم عەلیزادە دەردەکەوی کە لە ئەساسدا کێشەی نەتەوایەتی بەلاوە گرینگ نییە تا بۆ ڕێبەری کردنی خۆی بۆ ماندوو بکا. بۆ ئەوان جێگەی شانازی نییە ئەگەر بە خەباتگێڕی کێشەی نەتەوایەتی بناسرێن و دەڵێن ئەو شانازییە قەبایەکە کە بە بەژن و باڵای حیزبە بورژواکان بڕاوە. چونکە لە قسەکانیدا بە ڕوونی دەڵی ئەو ڕێکخراوەی ئەو ڕێبەرایەتی دەکا ئەگەر شوێن و پێگەیەکی لەکوردستان هەبێ، بەرهەمی خەباتی چینایەتی دیاریکراوە و بە تەواوی جیاوازە لەخەباتی نەتەوایەتی.

کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بەو هەڵوێستەی کاک برایم تووڕەیە چونکە پێی وایە ئەو حیزبەی کاک برایم "ڕێبەریی بورژوازی لە جووڵانەوەدا تیئوریزە دەکا. کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لەو پیوەندی‌دا دەڵێ:

**"ئەوە بەسە کە سەرنج بدەین کە یەکێک لە ئاکامەکانی ڕێبەری ڕەوتە بورژواییکان لە جووڵانەوەی نەتەوایەتی‌دا بریتی‌یە لە: دەمارگرژی لە کێشەی نەتەوایەتی، نێڵ دانی کوورەی "قەومگەرایی"، پێکهێنانی کینە و دوژمنایەتی لە گەڵ گەلان و فەرهەنگەکانی دیکە لە لایەک و تەونوبەست لەگەل دەوڵەتەکانی دەسەڵاتدار و بورژوازی نەتەوەی باڵادەست و پشت تێکردن لە مافی خەڵکی ژێر ستەم لە لایەکی‌تر. سەرانسەری مێژووی خەباتی نەتەوەیی لە دەیەکانی ڕابردوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان شاهیدی بۆ ڕاستی ئەو ئیدیعایە دەدەن و ئێمە خۆمان لە کوردستانی ئێران هەردوو ئەو حاڵەتانەی سەرەوەمان تەجرەبە کردووە و بە چاوی خۆمان بینیومانە."[1]**

وادیارە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لەوەی کە ڕەوتێکی دیکە ڕێبەریی جووڵانەوە نەتەوایەتی لەکوردستانی ئێران‌دا ئێستا بەهەر هۆیەک- بە حیزبی دێموکراتی ڕەوا بینیوە، ئەوەندە قەڵسە کە بە جارێک سەبر و ئۆقرەی لێ براوە، بە جۆریک کە بە سازشکار لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەر و بورژوازیی نەتەوەی باڵادەست تۆمەتباریان دەکا! هەرچەند ئەو قسانە لەوەی بێ‌بنەماترن وەڵام بدرێنەوە بەڵام ئەم پرسیارانە ئاراستەی ناوبراو بکرێن.

ئایە تەبلیغ و تەشویقی نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەرەستی بە مەبەستی پاراستنی شوناسی میللی نەتەوەکەمان لە بەرامبەر سیاسەتی شوینیستی فەرمانرەوا بە مەبەستی ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەی کورد، دەبێتە دەمارگرژی "افراطی‌گری" لە مەسەلەی میللی و نێڵ دانی کورەی "قەوم گەرایی"؟

ئایە دیفاع لە ماف و مەوجودییەتی گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی دوژمنانی ئەو نەتەوەیەدا بە مانای پێکهێنانی کینە و دوژمنایەتی لە گەڵ گەلان و فەرهەنگەکانی دیکەیە؟ ئایە هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و گەیشتن بە ماف و ئازادی‌یە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە

---

[1] - افق سوسیالیزم ژمارە ٤

ڕێگـای ئاشـتیخوازانە و وتـووێژەوە دەبێـتە تەون‌وبەسـت لە گەڵ دەوڵەتـانی دەسەڵاتدار و بورژوازیی نەتەوەی باڵادەست و، پشت کردن لە مافی خەڵکی ژێر ستەم؟"[1]

دیارە هەرچەند کاک عەبدوڵڵا خۆی وا نیشان دەدا کە لە حیزبی دێموکرات بە نەتەوەییتر خۆی نیشان بدا (بۆتە کاسەی گەرمتر لە ئاش) هەر بۆیەش بە دڵنیـایی دەڵـێ لە حیزبـی دێمـوکرات لە پێشـترین و پـێش ئەوانـیش ئـاڵای کوردستانم هەڵداوە!؟ هاتۆتە سەر ئەو باوەڕەی کە مەسەلەی نەتەوەیی کورد مەسەلەیەکی بنەڕەتییە. (دەتوانین بڵێین ئەوەیان جیگای خۆشحاڵییە هەڵبەت پاش ٢٠ ساڵ)، بەڵام ئەوە ئاخری ڕێگا نییە چونکە کۆمەڵە باوەری وایە کە ناکۆکی (تضاد)ی ئەسڵیی کۆمەڵگای کوردستان ناکۆکیی کار و سەرمایەیە، و لە سـتراتیژی ئەو ڕێکخـراوەیەدا خەبـات بـۆ نەهێشـتنی سـتەمی چینـایەتی گرینگی سەرەکی پێدراوە و ڕەساڵەتی کۆمەڵە لەپێشـدا ڕێکخستنی کرێکارانە. چونکە لەیەکەمین بەیاننامەی "کۆنفرانسی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە"دا بەڕوونی دەردەکەوێ:

**"ئێمە جـارێکی دیـکە دووپـاتی دەکەیـنەوە کە کـۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکـی سیاســیی سوسیالیســتی کرێکــاران، ئەرکــی سەرشــانییەتی کە هەمــوو مەیـدانەکانی خەبـاتی کرێکـاران لە کوردسـتان لەسـەر ڕێبـازی سـتراتیژی سوسیالیستی ڕێک بخا و لەهەمانکاتدا کۆمەڵە خەباتی گەلی کورد بۆ بە دەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە شیواز و قۆناغی جۆراوجۆردا ڕێک بخا و ڕابەری بکا."**[2]

دوای ئەو بەیاننـامە دەردەکەوێ کە کـۆمەڵە و بەتـایبەتی کـاک عەبـدوڵڵای موهتەدی پاش ئەو هەمووە نوشوست و شکستە یەک لەدوای‌یەکە تێگەیشتنی واقعییەتـی کـۆمەڵگەی کوردسـتان دامـاوە هێشـتا تێنەگەیشـتووە کە لە نێـو خەڵکی کوردستان‌دا هەستی نەتەوایەتی بەسەر هەستی چینایەتی و مەزهەبی دا زاڵە و گەلی کورد هەستی نەتەوایەتی لە پێش هەموو شتێکەوە دادەنێن و

---

[1] – "ئاڵوگۆڕەکـانی ئەم دواییـانەی حیزبـی کومونیسـتی ئێـران وهەڵوێسـتی ئـێمە" تێکۆشـەر ژمارە ٧٠

[2] – بەیاننامەی کۆنفرانسی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە

هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو ستەمە لەمێژینەیە لە هەموو چین وتوێژێکی کۆمەڵگای کوردستان کراوە.

کاک عەبدوڵڵا دوای جیا بوونەوەکەی خۆی لە حیزبی کۆمۆنیستی کاک برایم عەلیزاد، وەک بۆ خۆی دەڵێ: بەرە، ئاڵای کوردستان، تی ڤی .... کۆمەڵە خاوەنییەتی و دێموکرات دوای ئێمەیە. یانی ئەگەر کەسێک ئاگای لە مێژووی کوردستان نەبێ لەوانە بڵێن بنەماڵەی ناوبراو دەستی لە دروستکردنی کۆماری کوردستاندا بووە بۆیە وا "تاکید" لەسەر ئاڵا دەکا؟!

هەروەها لەدوای ئینشعاب باس لە بەرە دەکا و پێی وایە حیزبی دێموکرات خۆی لێ دزیوەتەوە و بەرەی لە گەڵ پێک نەهێناوە. هیچ بەڵگەیەک ناهێنێتەوە کە بۆچی حیزبی دێموکرات لەگەڵی نەچۆتە بەرەیەکەوە! ئەوکاتەی کاک "عەبدوڵڵا موهتەدی" داوای بەرەی دەکرد چەندین کۆبوونەوە لە گەڵ حیزبی دێموکرات پێکهات، کێشەی ناوبراو ئەوە بوو کە بە هەر قیمەتێک بێ لە گەڵ حیزبی دێموکرات پلاتفۆرمێک ئیمزا بکا کە لەو پلاتفۆرمە تەنیا حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی کاک عەبدوڵڵا تێیدا ئەندامی ئەسڵی بن و ئیمزای ئەو دوو حیزبە بە سەر پلاتفۆرمەکەوە بێ. تەنانەت ڕازی نەبوو کۆمەڵەی کاک برایم عەلیزادە هاتبایە نێو بەرەکەوە. ناوبراو لەو کاتەدا دەستی بە پووشێک دەگرت کە نوقم نەبێ کەچی ئێستا تاوانەکەی دەخاتە ئەستۆی حیزبی دێموکرات! ئەوەیان جێگەی سەرسوورمانە کۆمەڵەی وەدرەنگ وەخەبەرهاتوو، لەفەزای کوردایەتی ئەمڕۆی کوردستان و لە مەیدانی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، بە بوونی حیزبی دێموکرات بۆشاییەک نامێنێتەوە تا ئەوان بە پەلە پڕی بکەنەوە، چونکە حیزبی دێموکرات زیاتر لە سێ چارەگە سەدە لەو بوارەدا خەبات و تێکۆشانی بێوچانی هەبووە و کەلێنێکی نەهێشتۆتەوە.

پاشان باسی ئاڵا دەکا لە بیری چۆتەوە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست لە "بۆتێ" ئەگەر کەسێکی کۆمەڵە لەنزیک ئاڵای کوردستانەوە دانیشبایە پێیان شەرم بوو زۆر زوو بە ناسیۆنالیست لەقەڵەمی دەدا مۆرکی بورژوا و دواکەوتوویی ڕەپاڵ دەدا! ناوبراو لەسەر ناسیۆنالیزم و دژی ناسیۆنالیزم چەند سەد کەسی لە کوڕی خەڵک بەکوشت داو ئاورێکی لە کوردستان هەڵایساند کە ئێستاش دووکەڵی ئەو ئاورە دەچێتە چاوی خەڵک و مخابن ئەوکات خۆشی لەدوورەوە سەیری دەکرد و کورەی شەڕ و ناکۆکییەکانی نێڵ دەدا!

## ئینشعابێکی دیکە لە کۆمەڵەدا

پاش ئەوەی " اتحاد مبارزان کمونیست" (سهند) شۆڕ بوونەوە بۆ کوردستان لەگەڵ هێندێک پاشماوەی سازمانی پەیکار و هەروەها هێندێک لە کادرەکانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی ڕێگای کرێکار و چەند دەستەی چەپ و کۆمۆنیستی دیکە دوای چەندین دانیشتن و لێک نزیکبوونەوە، پاش ماوەیەک، ڕۆژی ١١ی خەرمانان ١٣٦٢ حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان دروست کرد. لەو کۆنگرەیەدا کۆمەڵە وەک ستوونی فەقەڕاتی "حکا" ئەژمار دەکراو لەو ڕۆژەوە بە نێویکی تازەوە "سازمان کردستان حزب کمونیست ایران" (کومەلە) چالاکیی خۆی دەست پێکرد. پاش چەند ساڵ لێکهەڵتەکاو چەندین کۆمەڵەی لێ کەوتەوە.

کێشە و دوو کەرتبوون لە ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی عەبدوڵلای موهتەدی لە هاوینی ١٣٨٦ بەئاقارێکدا چووە پێش کە بەرخوردی فیزیکی و سەرەنجام بەرەو کەرت و شەق بوون هەنگاوی نا. گیروگرفت لە کۆمەڵەدا کاتێک گەیشیتە لوتکەی خۆی کە لە سەروبەندی کۆنگرەدا بوو. ئەوە لە کاتێکدایە کە عەبدوڵلا موهتەدی دژبەرانی خۆی خستە گەمارۆی ئابووری و تەنانەت لە ئوردوگای خۆیان حکومەتی نیزامیی ڕاگەیاند و هاوڕێ پێشووەکانی خۆی تەهدید کرد کە گۆماوی خوێن وەڕێ دەخا. دیارە ئەو قسەیە و کردەوەی عەبدوڵلا موهتەدی ماهییەتی ناوبراوی زیاتر دەرحەق بە کێشە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە و هاوسەنگەرانی خۆی دەرخست. لێرەدایە کە دەبێ چاومان زیاتر بکەینەوە و خەڵکی کوردستان دەبێ لە ئەزموونەکانی کۆمۆنیست دەرس

وەرگرن و بە چاوێکی کراوەتر بڕوانە دەمڕاست و تیئۆریدارێژەکانی ئەو جۆرە ڕەوتانە.

کاک ڕەزا کەعبی یەکێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە و دژبەری موهتەدی بەم شێوەیە باسی ناکۆکیی خۆیان دەکا.

"لە پێوەندیی لەگەڵ مەسەلەی ئەمریکا، کێشەکانمان لەسەر دیاریکردنی سیاسەتی کۆمەڵە چاوەڕوانی لێ دەکرا، موهتەدی لە لێکدانەوەکانی لەسەر کۆماری ئیسلامی دەیگوت، بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بنیادگەرایی ئیسلامی لەبەین دەچێ و ئەوە تەنیا ئەمریکا دەتوانێ ئەو کارە بکا.... هەموو شتێک لە سەر هێرشی ئەمریکا گرێ درابوو" .[1]

لێرەدا شتی سەیروسەمەرەتر دەردەکەوێ کە عەبدوڵڵا موهتەدی بریا هەر چاوەڕوانی ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر ئێران بایە، بەڵام چەندین جار سەردانی ئەمریکای کرد و لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە کۆبۆوە!!؟

لە لایەکی دیکەوە ڕێبەرانی "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" کە دەیانویست جیا ببنەوە پێیان وابوو کۆمەڵە لەلایەن کاک عەبدوڵڵاوە قەبزە کراوە و هیچ کەس لە کومیتە ناوەندیی و ئۆرگانیزاسیۆنی کۆمەڵە مانای نەماوە، هەموو شتێک لەدەستی دەبیری یەکەم دابوو. ڕێبەرانی دژبەری موهتەدی پێیان وابوو ئەو هەڵسوکەوتەی ناوبراو دژایەتی لەگەڵ دیسیپلینی کۆمەڵە هەیە.

پاش ئەوەی کە کۆمەڵە بۆ ماوەی چەند ساڵ بە جیا لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کار و تێکۆشانی خۆی دەست پێدەکاتەوە، لەناو ئەو تەشکیلاتە کێشە دروست دەبێتەوە. دیارە ئەسڵی کێشە ناو ئەو تەشکیلاتە دەگێڕنەوە بۆ سەر کاک عەبدوڵڵا موهتەدی کە سکرتیری کۆمەڵە بوو. کە بێ سەرەوبەرەیی نێو ئەو تەشکیلاتە و سەرەڕۆیی دەبنە هۆکاری دوودەستەیی و ناکۆکیی زیاتری ناو ئەو تەشکیلاتە. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە کاک عەبدوڵڵای موهتەدی بیست دەرسەدی تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستی لەگەڵ بوو بەڵام ئامادە نەبوو لە کۆنگرەدا بەشدار بێ و ئینشعابی کرد و دواتر سوککانی

---

[1]- "حقیقت شماره ٣٦" (وتەکانی کاک ڕەزا کەعبی لە ژووری ئینترنێتی " اتحاد سوسیالیستها" ٧ی ڕەزبەری ١٣٨٦)

دەسەڵاتی ئینشعابییەکانی بەدەستەوە گرت و خۆی تەنیا هەمەکارە و بڕیاربەدەست بوو. ئاکامی ئەو خۆ فەرزکردن و سەرەڕۆیی‌یانەش بووە هۆی ئەوەیکە هێندێک لە کادرە بەرچاوەکانی کۆمەڵە کە ساڵانێک لە تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەدا چالاکیی بەرچاویان بوو، نەیانتوانی ناوبراو تەحەمول بکەن و سەرەنجام لە هاوینی ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی‌دا باڵیکی دیکە بە سەرپەرستی کاک عومەر ئێلخانیزادە و کاک ڕەزا کەعبی لە کاک عەبدوڵلا موهتەدی جیا بوونەوە و "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان"یان پێک هێنا. پاش ماوەیەک بەهرام ڕەزایی لە کاک عومەر و کاک ڕەزا جیا بۆوە و "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاتی کوردستان"ی دروست کرد و پاش ماوەیەک چۆوە ئوردوگای بازیان و تێکەڵ بە کاک عەبدوڵلا بۆوە. تا ئێستا ئەو کۆمەڵەی کە لە سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ دروست بوو، پاشان بوو بە حیزبی کۆمۆنیست و چەندین لەت و کەرتی لێ بۆتەوە، کەچی تا ئێستا بەهەموو جیابوونەوەکان نزیک بە دە سازمانی وەک کرێکار، شۆڕشگێڕ، سوسیالیست، ڕۆژهەلات، کۆمۆنیست، پرۆلیتاریا، کۆمەڵە و..... دروست بوو کەناوی هەموویان لەو کتێبەدا هاتووە. ئێستا پرۆلیتاریای ئێران و کوردستان بۆ دیتنی نوێنەری خۆیان کە کام یەک لە "کۆمونیست" یان "کۆمەڵە"کان بەنوێنەری خۆیان هەڵبژێرن تێدا ماون.

# ئینشعابێکی دیکە لەحیزبی کۆمۆنیستی ئێران

کێشە و ناکۆکی لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی کاک برایم عەلیزادە هەروا درێژەی هەبوو بەو پێیە ئەو حیزبە کۆمۆنیستەی لە کوردستان دروست بوو بەڵام لە ئێران ناوی لە هیچ کوێ نەدەبیسترا هەروا لقوپۆی لێ دەبۆوە لەکۆتایی مانگی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاویدا لە نێوان کۆمیتەیی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە پێی نووسراوەکانی خۆیان کە سەرجەم لە ٢٠ کەس پێکهاتبوو ١٥ کەس لە ئوروپا بە سەرپەرستی سەلاحی مازوجی، و ٥ کەس بە ڕێبەری برایم عەلیزادە لە "زرگوێز" هەرکام بە بڵاوکراوەیەکی جیاوازی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران یەکتریان تاوانبار دەکرد و هەڵوێستی خۆیان درکاند. دیارە سەلاحی مازوجی باقی هاوڕێیەکانی، خۆیانی بە جەناحی چەپی حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە ناساندوە و کاک برایمی عەلیزادەیان وەک لە بەیاننامەکەیاندا دەردەکەوێ بە جەناحی ڕاستی "حکا" ناساندووە، کاک برایم بەوەش تاوانبار دەکەن کە کێشەکانی چارەسەر نەکردوە و کۆنگرەی بێ ئێمە گرتووە. ناوبراو تاوانباری دەکەن کە شێوەی هەڵسوکەوتیان سەبارەت بە بورژوازی هەڵە بووە .... هەروەک لە بەیاننامەی "مازوچی"دا هاتووە بە پێی بڕیار، "**پووچەڵ کردنەوە هەوڵی ئەحزابی بورژوازی محلی لە شوێنی ئورگانەکانی دەوڵەتی....**" واتە هەمان

شتی کە لە جزوەکانی سەرەتای درووستبوونی "حکا" و کۆمەڵە بڵاویان دەکردەوە دووپاتە کردۆتەوە. بەمجۆرە هەرکام لە بەیاننامەکانیان چەندین بەڵگە بۆ تاوانبارکردنی یەکتر دێننەوە کە لە ڕێکەوتی ٢٦ی بەفرانباری ١٤٠٠ ڕایەنگەیاند. دیارە کاک برایم بە ٥ کەس کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی ١٨ی خۆی گرتوو ٣١ کەسی نوێی بۆ ڕێبەرایەتی خۆی هەڵبژارد و هیچ حیسابێکی بۆ جناحی چەپی سەلاح مازوجی نەکرد. هەروەها هەڵوێستی کۆنگرەشی سەبارەت بە جیابۆوەکان بەمجۆرە بڵاو کردەوە.

هەڵوێستی کۆنگرەی هەژدەی کۆمەڵە[1]

سەبارەت بەجیابوونەوەی کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی هەژدەی کۆمەڵەدا، و لە کاتێکدا کە کۆنگرە بڕیارنامەیەکی بە مەبەستی پێشکەشکردنی ڕێگاچارە بۆ تێپەڕاندنی هەلومەرجی ئێستای ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پێشگرتن لە جیابوونەوە پەسەند کردبوو، ئاگادار بووین کە کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا جیابوونەوەی فەرمی خۆیان لە حیزب و لە کۆمەڵە ڕاگەیاندووە. کۆنگرەی هەژدەی کۆمەڵە، وێڕای ناساندنی ئەم جیابوونەوە وەک کردەوەیەکی نابەجێ، ئاوا کردارێک ناتەبا لەگەڵ خواست و پێویستییەکانی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک هەڵدەسەنگێنێت. سەرەڕای ئەم ڕاستییە، کۆنگرەی هەژدەی کۆمەڵە بڕیاری سیاسی ئەم هاوڕێیانە، واتە جیابوونەوە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و لە کۆمەڵە، بە ڕەسمی دەناسێت و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێت.

---

١- بڕوانە ڕاگەیاندنی کۆتایی گۆنگرەی هەژدەهەمی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

هاوکات، کۆنگرەی هەژدەی کۆمەڵە ڕادەگەیەنێت کە، خۆکشاندنەوەی ئەم هاوڕێیانە لە کار و چالاکی حیزبی، بۆشاییێکی ئەوتۆ لە پێشبردنی ئەرکەکانمان پێک ناهێنێت.

لەگەڵ ئەم نووسراوەیەدا بەڵگەنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی هەژدەی کۆمەڵە سەبارەت بە ناکۆکییەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیست ئێران، کە پێش لە ڕاگەیاندنی جیابوونەوەی ئەم هاوڕێیانە پەسەند کرابوو، بڵاو دەکەینەوە.

کۆنگرەی هەژدەی کومەلە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢٦ بەفرانباری ١٤٠٠

١٦ ژانویە ٢٠٢٢

## چەند وتەیەک لە بارەی کتێبەکەی
## کاک عەبدوڵلا موهتەد و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژەیەک بە کاکڵی کتێبەکەی کاک عەبدوڵلا موهتەدی بکەین. لەم کتێبەدا کاک عەبدوڵلا موهتەدی هەوڵی داوە لە ناو تەشکیلات ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەدا خۆی بکاتە براوە و سەرکەوتوو و خاوەنی بڕیارە باشەکانی کۆمەڵە و لەبەرامبەردا بڕیارە چەوت و هەڵە و کار سەرەڕۆیەکان (ئەو بەشانەی دانی پێدا دەنێ) وەک ئەوەی ئاگای لێ نەبێ دەخاتە مل و ئەستۆی هاوڕێکانی کە لەگەڵی بڕیاربەدەست بوون!

ئەوەی لەم کتێبەدا و سەبارەت بە ڕووداوەکان و هەلومەرجی سەردەم ئاماژەیان پێکراوە زۆرتر وەک حەز و خۆزیا دەچن و وەک ئارەزوو دەچێ واتە دەرخستنی ڕۆڵ و هەڵسووڕانی کۆمەڵە لە خەبات و بزووتنەوەی کوردستاندا نییە، بەڵکوو پتر لەوەی ڕاستییەکان باس بکا و بێپێکێ بە شێوەیەک نووسراوە و جوابی داوەتەوە کە کاک عەبدوڵڵا حەز دەکا کۆمەڵە بەوجۆرەی لە بیرو فکر و مێشکی خۆی دایە ئاوا بووایە. ئەگەر تەواوی کەلێن و قوژبنی ئەو کتێبە بپشکنی ئەوەی سەرنجڕاکێشە و نێوەڕۆکی پەرتووکی کاک عەبدوڵڵا پێک دێنێ ئەوەیە کە بەڕێزیان وەک مۆرە و سووککان بەدەست لە هەموو بڕیارێک دەور و ڕۆڵی سەرەکی بووە و تەنانەت لە سەرەتای دامەزرانییەوە پێشاندەر و شوێندانەری ئەو ڕێکخراوەیە بووە و نەقشی گرینگی هەبووە، لەو شوێنانەی کە لە سەر مێژووی کۆمەڵە دەدوێ، بە شک وگومانەوە باسی لێدەکا وەک: بە "پێم وایە"؟! "ئەگەر لە بیرم مابێ" و "لە بیرم نەچوو بێ" و "لەبیرم نییە" و" وابزانم" و" و"بە هەڵە نەچووبم" و "لە ڕەفیقەکان بپرسم" وەڵام دەداتەوە، بەڵام کە باسی حیزبی دێموکرات و پێوەندییەکانی کۆمەڵە و دێموکڕات دەکا بە بێگومان و تەردید و دوودڵی قسە دەکا و تەنانەت توسقاڵێک و زەڕڕەیەک گومانی نامێنێ، بەلای ناوبراوەوە باس و مەسەلەکانی لەگەڵ حیزبی دێموکرات گەلێک گرینگترن لە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵەوە، و ئەوەش لە بۆچوونی بەدبینی شەڕخوازی و ڕەوانگەی نادۆستانەی ناوبراو بەرانبەر بە حیزبی دێموکرات و سەرچاوە دەگرێ.

هەر لەو پێوەندییەدا دوایی بڵاوبوونەوەی کتێبی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لە نێوان کۆمەڵە و دێموکرات گرژییەک کەوتە نێو ئەندامانی هەردوو لا،

حیزبـــی دێمـــوکراتی کوردســـتان لە مـــانگی ســـەرماوەزی ســـاڵی ١٣٨٩ لە پلینۆمێکدا ڕوانگەی خۆی لەبارەی چۆنیەتیی ئاوڕدانەوە لەشەڕی زیانباری نێـوان کـۆمەڵە و دێمـوکرات بـاس کـرد و دوای لێکـدانەوەی هەمەلایەنەی بەشـدارانی پلینـۆم پەسـەند کـراوی پلینـۆمی کۆمیتـەی ناونـدیی حیزبـی دیموکراتی کوردستان بڵاو کردەوە.

"بڵاوبوونـەوەی کتێبێک بە نـاوی "٥ سـاڵ لەگـەڵ عەبدوڵڵای موهتـەدی" کـە لــەودا کــاک عەبــدوڵڵا موهتــەدی بەشــێوەیەکی یــەک لایەنــە و بــەزمانێکی نادۆسـتانە ئـاوڕی وەسـەر ڕووداوەکـانی شـەڕی زیانبـاری نێـوان حیزبـی دێموکڕات و کۆمەڵە داوەتەوە مشتومڕێکی توندی میدیایی لەنێوان لایـەنگرانی دێموکڕات و کۆمەڵە دا لێ ساز بووە و مەترسیی ئـەوەی لـێ دەکرێ کە ئەو فەزا ئارامەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بـە هـەوڵی دڵسـۆزانەی هـەموو لایـەک لـەنێو حیزب و ڕێکخـراوە خـەباتگێڕەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان دا دروسـت بووە، بشێوێنێ.

پلینـۆمی کۆمیتـەی ناوەنـدیی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتان لـە یـەکێک لـە کۆبوونــەوەکانی ڕۆژی پێنجشــەممە ٢٥ی ســەرماوەزی ١٣٨٩ی خـۆیدا بــە بایەخـەوە ئـەم مەسـەلەیەی خستە بەرباس و بە دوای لێکدانەوەیـەکی ورد و هەمەلایەنەدا گەیشتە ئەم ئاکامانەی خوارەوە:

١- گومــان لــەوەدا نیــە کــە هەڵدانــەوەی ورد و مونســیفانەی لاپــەڕەکانی مێــژووی ئــەو چەنــد ســاڵ نێــوان ناخۆشــی و لێکۆڵینــەوە لــە بەڵگــە و دیکۆمێنتـەکان شتێکی زۆر جیـاواز لەگـەڵ ئاکامگیریی‌یەکـەی کـاک عەبـدوڵڵای موهتەدی دەردەخا.

٢- هەر لەوکاتەدا بڕوامان ئەوەیە کە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕە ڕەشانە و وەرددانەوەی ئەو ڕووداوە تاڵانە بەتایبەتی ئەگەر بە زمانێکی نادۆستانە و بە مەبەستی یەکتر تاوانبارکردن بکرێ، بێجگە لە کولاندنەوەی کۆنەبرینەکان و تاودانەوەی ڕق و قینە ناسروشتی‌یەکان قازانجێکی نیە و خزمەتێک بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوە بەش خوراو و بەش کراوەکەمان ناکا.

٣- ئەگەر بەرپرسانە بۆ مەسەلەکە بچین دەزانین کە لە شەڕی براکوژی دا نە براوە و دۆراویک هەیە، نە هیچ لایەنێکیش بە تەواوی بێ خەتایە. گرنگ ئەوەیە هەر کام لە لایەنەکان قبووڵ بکەن کە بە نۆرەی خۆیان بەشێک لە بەرپرسایەتیی کارەساتەکە دەکەوێتە سەر شانیان. لە ڕاستی‌دا هەموو لایەنەکانی ئەو جۆرە شەڕانە کەم یا زۆر خەتابارن و ئازایەتی لەوە دایە هەموو لایەک پەی بە هەڵەکانیان بەرن و لەوەی لەو پێوەندی‌یەدا کردوویانە هەست بە پەژیوانی بکەن.

٤- زۆر بەجێ دەبێ ئەگەر لە دەرفەتی گونجاودا هەموو لایەنەکان پێکەوەو بەگیانی یەکدڵی و هاوخەباتی‌یەوە هەوڵی خەسارناسیی ئەو شەڕانە بدەن، هەموو لا پێکەوە ئەو ڕووداوانە مەحکووم بکەن،.... لەوانەش گرنگتر میکانیزمێک بدۆزنەوە کە جارێکی دیکە بە هیچ پاساوێک ڕووداوی لەو چەشنە لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان دا دووپاتە نەبێتەوە.

٥- هەلومەرجی ئێستای خەبات و پێویستیی بەرەنگاری‌یەکی یەکپارچە بەدژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی ئەوەمان لێ دەخوازێ کە هەوڵەکانمان لە پێناوی دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش و میکانیزمی هاوبەشی کاری خەباتگێڕانەدا چڕ بکەینەوە و لە هەر کاروکردەوەیەک کە ببێتە کۆسپی

سەر ڕێگای هاوکاری و هاوخەباتی خۆ بپارێزین. هەر بەم هۆیەوەش ئێمە لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی تێکهەڵچوونەکانی نێوان حیزب و کۆمەڵە خۆ دەبوێرین.

هەر پێوەندیی‌دار بە ناکۆکیەکانی سەر ڕاگەیاندن سەبارەت بە شەڕی کۆمەڵە و دێموکرات، لە ئاستی حیزبەکان‌دا دوو لایەنی تریش هەڵوێستی خۆیان دەربڕی کە دەکرێ بڵێین هەڵوێستەکانیان نەک ڕووبەڕووی یەک بەڵکو لە دوو بەستێنی سەداسەد جیاوازدا بوو. لایەک حیکمەتیستەکانی پاشماوەی مەنسووری حیکمەت بوون کە بۆ ئەوەی ناویان بێتە نێو ناوان، دەستیان بە هەڵبەز و دابەز کردووە و ئەگەر دەرفەتیان بۆ بلوێ، بەوپەڕی توانایی خۆیانەوە حەول دەدەن جارێکی تر ئەم شەڕە دووپات بکرێتەوە. لەو لاوەش هەڵوێستی ئازایانە و سەردەمیانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە دەکرێ بڵێین گۆڕانێکی بنەڕەتی لە زمانی دەربڕین و لە گوتاری نەتەوەیی حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی لە خۆ گرتووە...... هەر لە ڕاستای ئەم هەڵوێست و ڕوانگەیەی حیزبی دێموکرات دا بۆ بڕانەوە و کۆتایی هێنان بە ئاسەوارەکانی ئەم شەڕە و شەڕە ناوخۆییەکانی دیکەی چەند دەیەی ڕابردوو، وێڕای وتەکانی سکرتێری حدک {کاک خالید عەزیزی ڕۆژێک دوای پلینۆم} لە ڕۆژی پێشمەرگە دا، دەکرێ ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەو حیزبە لە ماوەیەک لەوە پێشەوە کار بۆ پەیمانی نەهێشتنیی یەکجاریی بەکار هێنانی چەک بە دژی یەکتر لە نێوان لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەکا. بێگومان ئەوەش ڕۆڵێکی زۆر گرینگی دەبێ بۆ متمانەی خەڵکی کورد بە حیزبەکانیان و ئارخەیان کردنیان سەبارەت بە داهاتووی خۆیان و حیزبەکانیان. هاوکات وێڕای هێنانە ئارای فەرهەنگێکی نوێ لە حیزبایەتی و لە جۆری پەروەردەی

پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگر، یارمەتی دەکا بە پێکهێنانی کۆدەنگی و ڕۆڵی گرینگیش دەگێڕێ لە ڕوونبونەوەی ڕوانگەی سەرجەم لایەنەکان لە سەر جۆری ڕوانینیان بۆ چارەسەریی کێشەکان لە ئێستا و بە تایبەتی لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا".

## ئاماری شەهیدانی حیزبی دێموکرات

**هێزی شاهۆ:**

١-وەلی عەوێزی، ٢-عەزیز ڕەمەزانی، ٣- سەروەت ئەحمەدی، ٤- مەجید مەجیدیان، ٥- ئەحمەد فردەوسی، ٦- خالەق زورانتی، ٧- ڕەسووڵ ڕەفعەتی، ٨-غەفار ڕیحانی،٩- عەبدولواحید ئەحەدی، ١٠- قاسم حەسەنی، ١١- فایق حوسێنی،١٢- سەدیق بەرزگر، ١٣-عەبدوڵلا سەعادەت، ١٤- کەماڵ فەتحیپوور ١٥- مستەفا شەبڕەندی، ١٦- سوهراب شوکری، ١٧- سەعید ڕەمەزانی، ١٨- عەبدوڵلا مەعرووفی، ١٩- بەهرام باوەیسی، ٢٠-عەبدوڵلا کەیخوسرەوی،٢١- جەعفەر کاکایی،٢٢- سید منسوور درووگەر،٢٣- عەلی نووری.

**هێزی زاگرۆس: (کامیاران، سنه و مەریوان)**

١-عەلی فەیزی، ٢- ئەردەشیر فیرووزی، ٣- شوکروڵلا قوربانی، ٤- شوکروڵلا سەمەدی، ٥- محەممەدخان خوسرەوی، ٦- ناسر غولامی،٧- جەبار میرکانی، ٨-سەتار ئەحمەدی (ئەویهەنگ) ٩-عەباس شەریفی، ١٠- برایم دەستئوردە، ١١- محەممەدمیرزا فەرەجی، ١٢-ئایەت حوسێنی،١٣ - ڕەحیم ئیبراهیمی، ١٤-محەممەدسەعید مرادی،١٥ -خەلیل غولاموەیسی ١٦- حوسێن یەعقووبی،١٧-عەباس ئیبراهیمی، ١٨-عەبدوڵلا ئەحمەدی، ١٩ - ئەنوەر مینبەری، ٢٠- ئەحمەد موزەفەری،٢١-واسیع مینبەری، ٢٢- هوشیار مینبەری، ٢٣- غەفار ئازادوار، ٢٤- سەعدی حوسێنی ٢٥-عەلی جەواهیری (کاکەلی)، ٢٦- بەشیر سوبحانی، ٢٧- هاشم مینبەری، ٢٨-کەریم مرادی، ٢٩-

سەیفوڵڵا مینبەری، ٣٠- ناسر ئەمینی، ٣١- عەزیز خانی، ٣٢- بەختیار نەسیری، ٣٣- مراد سونی، ٣٤- عەزیز ڕەحیمی، ٣٥-حوسێن سنمی، ٣٦- بەیان مینبەری، ٣٧- محەممەد ئەحمەدی، ٣٨- مەنسوور ئەحمەدی، ٣٩- محەممەدعەلی محەممەدی (لەیلاخ) ٤٠- فەرج حوسێنی، ٤١- عوسمان ئەحمەدی، ٤٢-کەریم سوڵتانی، ٤٣- عوسمان عەلیپوور، ٤٤- سەلاح مەعازی، ٤٥- شەهاب مەعازی، ٤٦- جوبرەئیل ئیبراهیمی (هەرسینی)، ٤٧- خالید محەممەدی، ٤٨- ئیبراهیم ندری، ٤٩- ئەحمەد کاکەخانی، ٥٠- لەتیف سەمەدی.

**هێزی ٢ی ڕێبەندان: (هەوشار، سەقز ودیواندەرە)**

١-سەعید مرادی، ٢- ساڵح سەعیدزادە ،٣- نەبی مرادی، ٤- سەتار ئەحمەدی، ٥- عەبدوڵڵا خاکی ،٦- تاهیر قادری، ٧- سمایل برادەران، ٨- ئەحمەد کەریمنیا (ئەحمەد تەمووغەیی)، ٩- سەدیق فەرووخیان، ١٠- ناسر عەبدی،١١ - ئەحمەد حوسێنپوور، ١٢- ڕەحمان حەسەنزادە، ١٣- محەممەد ڕەزایی، ١٤- برایم غوڵامی (کاکەڕەش)، ١٥- عارف ئیسماعیلی، ١٦- ئەحمەد فیدایی (گڵەسووری) ١٧- سید محەممەد قاسمی، ١٨- سەلاح عەلیدوستی، ١٩- ساڵح سورماسی، ٢٠- حەبیب درەخشان، ٢١- عەبدوڵڵا کۆساری، ٢٢- ئەحمەد بەهرامی، ٢٣- حەسەن فەتاحی، ٢٤- کەریم محەممەدی، ٢٥- سەلیم محەممەدیان، ٢٦- مەحموود عیبادی، ٢٧- سیدعوسمان حوسێنی، ٢٨- ڕەسوول شەهنازی، ٢٩- برایم عەبدی، ٣٠- عەبدوڵڵا مەلایی، ٣١- حوسێن عوسمانی، ٣٢- سەدیق ئەدیمی، ٣٣- فەیزوڵلا ئاقایی، ٣٤- عارف ئیبراهیمی، ٣٥- ئەحمەد ئەمینزادە، ٣٦-فەڕوخ تاهیری، ٣٧- سادق ئاتشئەفرووز، ٣٨- بێهروز ئەمینی، ٣٩- حەسەن ڕەسووڵنژاد، ٤٠- ڕەحمان کاکائی، ٤١- حامید ئەحمەدی، ٤٢- برایم مەلەکمەدەنی، ٤٣- کەریم زارعی، ٤٤- فەیزوڵڵا میرزاپوور، ٤٥-سەدیق عابدی، ٤٦-عەزیز یوسفپوور،٤٧ -ئەنوەر پاکزاد، ٤٨-عەلی سوڵتانپەنا، ٤٩- عەبدولحەمید سولێمانپوور، ٥٠- ڕەشید سەلیمی، ٥١- عەباس بەهشتی، ٥٢- حوسێن ئیبراهیمزادە، ٥٣- عەبدوڵڵا عەبدی.

**هێزی ئاربابا:**

١-محەممەدئەمین شەریفی، ٢-ئەحمەد ڕەحیمی، ٣- عەبدوڵڵا مەلازادە ٤- ڕەشید ئەمانی، ٥-عومەر ڕەحمانی ٦- ئەبووبەکر ساڵحی، ٧- ئەبووبەکر ئەمینی.

**هێزی بەیان:**

١-قاسم محەممەدپوور، ٢- ڕەحیم وەلیزادە، ٣-کەریم ساڵحی، ٤- مستەفا مەحموودزادە، ٥- حوسێن عەزیزی (دوکتور حوسین)، ٦- موتەلیب قادری، ٧-برایم سوارە، ٨- ڕەحمان مەحموودی، ٩-ئەحمەد خزری، ١٠- کەمال ئوستادئیبراهیمی، ١١- محەممەد پورهیممەت، ١٢-جەعفەر نۆموسڵمان، ١٣- عەلی ئاقلی، ١٤- تاهیر بۆکانی، ١٥- ڕسووڵ میرانی، ١٦- حوسێن ڕەحمانی، ١٧- کەریم شکوورپور ١٨ – تاهیر قازیاخاوی.

**هێزی پێشەوا:**

١-محەممەد کاکەمەمی، ٢- کەماڵ ئەمینی، ٣- جەعفەر زەرگەیی، ٤- جەلال قوڕەیشی، ٥- ئەحمەد سینە، ٦- سەلاح ڕەحمانی، ٧- سولێمان بەرمغ، ٨- عەلی پیرۆتی، ٩- حوسێن خاڵئاقایی، ١٠- قادر ڕەحیمی، ١١- پیرۆت ڕەحمانخاکی.

**هێزی گیاڕەنگ:**

١-عەلی چووکە، ٢- جەلیل جەلیلزادە، ٣- ساڵح پەرەستوو، ٤- جەعفەر شێخەیی، ٥- ئەحمەد پیرانی، ٦- خدر ئیبراهیمزادە، ٧- برایم محەممەدزادە، ٨- عەلی زەینی، ٩- شەهباز سەنایی، ١٠- عەبدوڵڵا زەبیحی، ١١- کەماڵ شێخی، ١٢- محەممەدئەمین محەممەدپور، ١٣- ساڵح عەلیپوور، ١٤- عەلی ئێراننژاد ،١٥- ڕەسووڵ ئیبراهیمپوور، ١٦- عەلی عەبدوڵڵاهی، ١٧- ئەبووبەکر محەممەدی.

**هێزی زمزیران:**

١-ڕەحیم مەحموودی، ٢- کەریم مەولودی، ٣- مەلا ساڵح مەعرووفی، ٤- عەزیز مەعرووفی، ٥- بایز ڕەحمانی، ٦- ڕەسووڵ خەبات، ٧- حوسێن عەبدوڵڵا سەلکەیی ٨- هەمزە شێخەیی.

**هێزی قەندیل:**

١-سمایل باگردان، ٢- سولێمان مەعرووفی، ٣-ڕەحمان ئەحمەدی، ٤- ئەسعەد شەریفیان، ٥-عەلی دەرخوش، ٦- عەبدوڵڵا سابیر، ٧- عەلی محەممەدزادە، ٨- مستەفا فەقیٚعەبدوڵڵا ٩- عەلی پەروەر، ١٠- ئەحمەدسالار عەشایری، ١١- مراد شیریٚژ، ١٢- محەممەد قەلاتی، ١٣-حوسێن پەرچەم، ١٤- محەممەد حوسێننژاد، ١٥- محەممەد دریازی.

**هێزی کێلەشین:**

١-تۆفیق شادابی، ٢- عەبدوڵڵا ئاشپەز، ٣- سمایل حەسەنزادە،

**شیمال کوردستان:**

١-فەتتاح کەریمی.

تا ئێرە ناوی ئەو کەسانەی کە بە دەستی کۆمەڵە شەهید بوون دیارە بەپێی ئەو بەڵگانەی لەدەستی من دابوون کە بەداخەوە بە ٢٠٦ کەس ئەژمار دەکریٚ.

هەروەها لێرەوە بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەر دەست بوون ناوی ئەو کەسانەی کۆمەڵە لەو شەڕەدا گیانی خۆیان لەدەست داوە بەڵام شوێنی کار و ئۆرگانیان لای من ڕوون نەبوو، بۆیە هەموویان بەدوای یەکدا کە سەرجەم ٢٢٤ کەسن، بەمجۆرەی خوارەوە دەنووسم.

## ئاماری شەهیدانی کۆمەڵە

١- ئەحمەد عەزیزی، ٢- سەمین ناسری، ٣- ئیدریس محەممەدی، ٤- شەهرام بنیبەشەر، ٥- حەمید نەعلی، ٦-شاهۆ شیرازی، ٧- ئیرەج یوسفپوور، ٨- مەحموود کەریمی، ٩- قادر بۆکانی، ١٠- عەلیئەکبەر حەبیبپەنا، ١١- جەماڵ خانپوور، ١٢ میرزا زاهدی، (عەلی) - ١٣- شێخ عەلی، ١٤- عەلی کلیجەیی، ١٥- باشی شوکری، ١٦- مەحبوبە کوردیانی تەرەقی، ١٧- ئەرسەلان قوبادی، ١٨- عەبدوڵڵا مەکڵاوەیی، ١٩- سەعدوڵڵا خوسرەوی، ٢٠- حوسێن عەبداڵی، ٢١- عەزیز بایزیدی، ٢٢- فەرەح ئادمەند، ٢٣- تەلیعە عەلیڕمایی، ٢٤-محەممەد عەلیخالیدی (عباس)، ٢٥-ئەرسەلان خەلیلی، ٢٦- محێدین ئەسەدی، ٢٧- موزەفەر عەزیززادە (هەورامی)، ٢٨- شەفیع عەبدوڵڵاهی، ٢٩- محبووبە گردیانتەرەقی ٣٠- عومەر خودایی ٣١- کیومەرس بەرفی ٣٢- هادی شارانی، ٣٣- حوسێن ئاغشی ٣٤-عەلی حەبیبی ٣٥- ئێقباڵ نرادی، ٣٦- فەرزاد مێهرەبان، ٣٧- عەبدوڵڵا ئەحمەدی، ٣٨- یوسف حەسەنخاڵی، ٣٩- ڕەحیم ئیلاهی، ٤٠- محەممەد بەهرامی، ٤١- سولیمان ڕەحیمی، ٤٢ -شکری باشەی (بەیان)، ٤٣- مدریک یوسفی، ٤٤- عوبەید سۆفییە، ٤٥- دارا ئەسعەدی، ٤٦- بەختیار خالیدی، ٤٧- نەسروڵڵا بەهمەنی، ٤٨- مەسعود ئەحمەدی، ٤٩- ڕەحیم قادری، ٥٠- نادر خوداجوو، ٥١- عەتا ئەمینیان، ٥٢- ناسر خەلیقی، ٥٣- ئومید ڕۆستەمی، ٥٤- محەممەد

قاسممرادی، ٥٥- محەممەد ڕەشید سادقی، ٥٦-پەرویز گولئەفشان، ٥٧- ساڵح کەریمی، ٥٨- ژیلا عەندەلیبی، ٥٩- بەهرام قادری، ٦٠- حوسێن حەمەڕەش، ٦١- سەلام حەمزە، ٦٢- ساحبە ناسری، ٦٣- محەممەدکەریم عەلیڕمائی، ٦٤- فایق نیکپەی، ٦٥- تەها درویشی، ٦٦- نەزیفە لوتفوڵلاهی، ٦٧- جەمیل عارف عەزیز، ٦٨- سەروەت شەریفی، ٦٩- عەتا میری، ٧٠- مەنسوور قەوامی، ٧١- فاتمە حەکیمی (بەیان) ٧٢- جەبار سنەیی، ٧٣- مەحموود سادقی، ٧٤- تووران ڕەحیمپوور، ٧٥- عەلی سوهرابنژاد، ٧٦- سیامەک موزەفەری، ٧٧- سەمەد زارعڕمشتی، ٧٨- جەواد باتمانی، ٧٩- عەبدوڵلا قاسمی، ٨٠- ساڵح محەممەدی، ٨١- ئیقبال کازمی، ٨٢- یەدوڵلا محەممەدی، ٨٣- ڕەزا ئەسغەرنژاد، ٨٤- محەممەد پووپەک، ٨٥- ئەیوب مەحموودی، ٨٦- عەزیز ئیلاهی، ٨٧- عەتا سولێمانی، ٨٨- شوکروڵلا شەریعەتی، ٨٩- ڕێبوار ئەحمەدی، ٩٠- حەبیبوڵلا مونتەزری، ٩١- فەرامەرز مرادی، ٩٢- نادر ساعدپەنا، ٩٣- عەباس ڕەزایی، ٩٤- برایم کەمانگەر، ٩٥- نەبی مرادی، ٩٦-برایم وەیسی،٩٧- حەوسەت پەناهندە (ئەشرەف)، ٩٨- خەلیل یوسفی (صمد)، ٩٩- فەرزاد ڕەحیمی، ١٠٠- ناسر سەفەری، ١٠١- ناسکە فەتحی (گولاله)، ١٠٢- ئازیتا شەریفی، ١٠٣-داود قادری، ١٠٤- محەممەدشەریف ڕەزایی ١٠٥-ڕەحمان ویسی ١٠٦- ناسر نەزەریموقەدەم ١٠٧- ئەحمەد سەیدە ١٠٨- هەمزە فەقێنەبی ١٠٩- حامید ڕەزایی، ١١٠- محەممەد خوسرەوی، ١١١- جەلیل ساڵحی، ١١٢- مەحموود ئەحمەدی، ١١٣- مەحموود ئەحمەدزادە، ١١٤- مەحموود موشالوو، ١١٥- سەدیق موزەفەری، ١١٦- محەممەدئەمینی باقری، ١١٧- کەریم ئەمانی، ١١٨- جەماڵ کوردی، ١١٩-محەممەد هادی قورقی، ١٢٠- محەممەدئەمین شەریفی، ١٢١- سولێمان ڕەحمانی، ١٢٢- عەبدوڵلا محەممەدی، ١٢٣- محەممەدڕەحیم ساڵحی، ١٢٤- ئەمین ئیمامقولی، ١٢٥- عابدین ئیبراهیمی، ١٢٦- فاروق قوربانی، ١٢٧- ساڵح ئەحمەدی، ١٢٨- محەممەد یەزدیان، ١٢٩- تۆفیق ئەحمەدی، ١٣٠- مووسا سەعیدی،١٣١- مەحموود ئەحمەدزادە، ١٣٢- ڕەحیم مووسالوو،

١٣٣- کەریـــم مروەتـــی، ١٣٤-ئەبـــووبەکر مەولـــوودی، ١٣٥-محێـــدین حوســـێنپەناهی، ١٣٦-جەعـــفەر قـــادری (مظفریمینیـــان)، ١٣٧- عەتـــائوڵڵا محەممەدنـژاد، ١٣٨-ڕەحمـان قـادری، ١٣٩-حەمیـد نجـومی (سـعید فـارس) ،١٤٠- ئەنـــوەر هاشمینەســـەب، ١٤١- عەبـــدوڵڵا حەســـەنئابادی، ١٤٢- سیرووس سادقی ،١٤٣- فەرهاد ئەمانەتی، ١٤٤- عەلی ئەزغەر جودی، ١٤٥- بێهـزاد مرادوەیسـی، ١٤٦- حوسـێن تـاڵ، ١٤٧-یەدوڵـلا خـاتری، ١٤٨-ئیقبـاڵ پەروینـــی ١٤٩-عـــادل ئـــاهەنگر (عـــادل هەورامـــی)، ١٥٠- محەممەدســـاڵح حەقشناس، ١٥١- عەلی ئەشرەف سەیفوڵلاهی، ١٥٢- غەفوور مرادوەیسی، ١٥٣- ســـەیفوڵڵا دیرگنـــدومی، ١٥٤- جەلیـــل زکەریـــایی، ١٥٥- حەمیـــد حاجیمیرزا، ١٥٦- حومەیڕا ڕۆستەمگورجی، ١٥٧- خەدیجە باسامی، ١٥٨- حەمید یاسی، ١٥٩- سەعید ڕەحمانپوور، ١٦٠-عەلی غەفاری، ١٦١-محەممەد مینـایی، ١٦٢-خوسـرەو جهاندیـدە (مسـتەفا عەجەم)، ١٦٣- بـرایم موکریـب (غەریـب)، ١٦٤- عەتـائوڵڵا جـوان، ١٦٥- حەسـەن حەقیقەت، ١٦٦- نەسـرین حەسەنخاڵی، ١٦٧- خەدیجە ئەحمەدی، ١٦٨- بەهرام مەلەکی، ١٦٩- مووسا وەلیلـــوو، ١٧٠- ســـوارە بەختیـــاری، ١٧١- عـــادڵ بـــاقری، ١٧٢- لوقمـــان هیممەتیان، ١٧٣- شـەهرام عەلاییبەرزنجی، ١٧٤- عەتیـق شـیری ١٧٥- قـادر کەریمـی، ١٧٦- نەجمەدیـن ئەکرادی، ١٧٧-خەلیـل فەتـاحی بـالوو، ١٧٨-قاسـم خوسـرەوی، ١٧٩- جەمیـل کـوهی، ١٨٠- عەزیـز سـولێمانزادە (جـلال)، ١٨١- عەلـــی جەعـــفەر شـــێخوەندی، ١٨٢-مـــونیرە مودەرەســـی،١٨٣-مەنســـوور شـەوکەتی،١٨٤-ئەشـرەف حوسـێنپناهی،١٨٥ -مەولـود جەوانمەردی (عەلـی دەرمانـاویَ)، ١٨٦-عەلـی ئێراندووسـت، ١٨٧- خالیـد ئەرغەوانـی، ١٨٨-بـرایم پوورمەند، ١٨٩- سەدیق سارمی، ١٩٠- محەممەدعەلی ڕەمایی، ١٩١- سـمایل شـێخی، ١٩٢- جەلال سـەفەر عەلیپـوور ١٩٣- تەیمـور حـوججەت جەلالـی، ١٩٤- مـوزەفەر محەمـمەدی (مـوزەفەر قەلاڕوتەنە)، ١٩٥ سـولێمان شـوکری، ١٩٦- عەتـائوڵڵا غەوسـیپورقووڵی، ١٩٧- عەلـی ڕەشـیدپور، ١٩- سـولێمان محەممەدی، ١٩٩- بێهزاد سیمایی، ٢٠٠- جەعفەر حەمەڕەش-٢٠١- حەیدەر

مەردانـــی، ٢٠٢-حەنـــیفە ڕەزاپـــوور،٢٠٣- محەممەدئەمـــین یوســـفی، ٢٠٤- شەریف یەعقوبی، ٢٠٥- فـایق باسـامی، ٢٠٦- یوسـف سـتارزادە، ٢٠٧- فـایق کەریمی، ٢٠٨- مەحمـوود خـزری، ٢٠٩- بێهـروز شـادفەر، ٢١٠- ئەڵـلا کەڕەم ئـــازەری، ٢١١- عەلـــی ڕەحیمپەنـــا، ٢١٢- شـــەهێن ســـاعدی، ٢١٣-نەوزەر مالـکپووری، ٢١٤- عەبـدوڵلا ئەحـمەدی، ٢١٥- ڕەحمـان ڕەمەزانـی، ٢١٦- کەریم ڕەحمـانی، ٢١٧- سـالّح ڕەنجبەر، ٢١٨- حەفسـە محەممەدپوور، ٢١٩- پڕشەنگ محەممەدپوور، ٢٢٠- فایق ئیسـماعیلی،٢٢١- مەحمـود نەرادی ٢٢٢- عومەر محەممەدی، ٢٢٣- عەلی چۆڕی، ٢٢٤- سولیمان جەلالی.

# دوا وتە

شــەڕی کــۆمەڵە و حیزبــی دێمــوکرات کە وەک شــەڕێکی سەراســەری بە هێرشــی کــۆمەڵە لە شــەوی ٦ی ڕێبەنــدانی ســاڵی ١٣٦٣ی هەتــاوی بە کەڵکــی خراپوەرگرتن لە متمانەی پێشمەرگەکانی حیزب بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات دەستی پێ کرد، ماوەی نزیک بە ٦ ساڵی خایاند. ئەگەرچی لە پێش ڕێکەوتــی ٦ی ڕێبەنــدانیش لە هێنــدیک ناوچەکــانی کوردســتان جارجــارە تێکهەڵچــوون ڕووی دەدا، بەڵام ئەو لێکــدان و تێکهەڵچوونــانە بە دانیشــتنی ڕێکخراوی ناوچەیی دوولایەنی شەڕ کۆتایی پێ دەهات و ئاشتی باڵی بەسەر ناوچەکەدا دەکێشایەوە. دیارە لە هەورامانیش وەک چۆنیەتیی تێکهەڵچوونەکە ئامــاژەی پــێ کــرا دوای ئاگربەســت، ئــارامییەک کەوتەوە نێــوان هەر دوو ڕێکخــراو، و کە پێوەنــدیی زۆریــش گەرموگــوڕتر لە پێشــوو هەبــوو، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵە ئاگربڕی شکاند و شەڕەکەی کردە سەراسەری، شەڕێک کە

شوێنەواری زۆر خراپی لەسەر پێوەندیی ئەم دوو ڕێکخراوەیە و هەروەها خەڵکی کوردستان دانا و هاوکات زیان و زەرەرێکی بەرچاوی گیانی و ماڵی و مەعنەویشی لێ‌کەوتەوە. وەک پێشتریش ئاماژەی پێ‌درا، لەو شەڕە نێوخۆییەدا هەر کام لە لایەنەکان زیاتر لە ۲۰۰ پێشمەرگەیان گیانیان لەدەست دا کە ئەمە جێگای داخە و ئێستاش هەست بە ئێش و ئازاری ئەو زیانە قورسە دەکرێ و ئاسەوارەکەی هەر ماوە.

لە بەڵگەکاندا دەردەکەوێ، ڕوونە کە ئەم شەڕە چۆن هەڵایسا و کێ و کام لایەن و بۆ چ مەبەستێک هەڵیئایساند. ڕێبەرانی کۆمەڵە دەڵێن لە دوای کۆنگرەی ٦ی حیزبدا بڕیاری شەڕی سەرانسەری دراوە، بەڵام باس لەوە ناکەن کە لە ساڵی ۱۳٦۰ لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵەدا یەکەمین چەخماخەی شەڕیان لێداوە و لە تیئۆرییەوە واتە لەشەڕی سیاسییەوە بەکردەیی گواستیانەوە بۆ نیزامی. ڕێبەرانی کۆمەڵە هێشتا ڕێکخراوەکانی "سهند" و "ڕزمندگان" و .... نەهاتبوونە کوردستان گەلاڵەی شەڕیان دادەڕشت. هێشتا دوایین شاری کوردستانیش (بۆکان) لە دەستی هێزی پێشمەرگەدا بوو کە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە لەو ناوچەیە گیرا و هەموو ئیمکانات و ڕێوشوێنی بۆ زەبرلێدان لە حیزبی دێموکراتی تێدا ئامادە کرا و بە بڕیاری گەورەترین ئورگانیان، واتە لە کۆنگرە پشتڕاستیان کردەوە کە بۆچوونی عەبدوڵڵا موهتەدی لە گرینگترین ئەرکەکانی دوایی کۆنگرەیان دەبێ!

یەکەمین و دیارترین کەس کە بەپێی هەموو بەڵگەکان و هەموو نووسراوەکانی خۆیشی لە هەڵایساندنی ئەو شەڕەدا ڕۆڵی سەرەکی گێڕا و تاوانبارە کاک عەبدوڵڵای موهتەدی‌یە و ئەو پرسیارە لەجێدا دەبێ بەرەوڕووی بەڕێزیان بکرێ کە لە پێناو چیدا زیاتر لە ٤۰۰ کەس لە کوڕی خەڵکی بەکوشت دا و کەلێنی خستە نێو بزووتنەوەی کوردەوە؟ لە پێناو دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی پڕۆلیتاریا! ئەدی چۆن بوو کە پاش ۲۰ ساڵ پێیان لە هەڵەی خۆیان نا و گەڕانەوە بۆ خەبات لە پێناو کوردایەتی

و دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکان و سەیر ئەوەیە کە جاری وایە لە خەباتی نەتەوایەتیدا خۆی ڕەپێش حیزبی دێموکراتیش دەخا! کاک عەبدوڵڵا موهتەدی دەبێ وڵامی چی بێ کە ئەوەندە پێداگریی لەسەر شەڕی لەدژی حیزبی دێموکرات دەکرد و ئەوەندە سوور بوو کە دەبێ ئەو شەڕە هەر ڕوو بدا؟

هەر لە سەرەتای شۆڕشی ۱۳۵۷ەوە تا کۆنگرەی دووی کۆمەڵە و تا تێزە بەناوبانگەکەی سێکوچکەکەی عەبدوڵڵا موهتەدی کە دوو لای بورژوازیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری ئیسلامی و لایەکی بە پڕۆلیتاریا دیاری کردبوو، ویستی ڕێبەریی کۆمەڵە ئەوە بووە کە ئەگەر یەک فیشەک هەبێ و لایەک دێموکرات و لایەک ڕێژیم بن، دەبێ دێموکرات بە سیلە بگیردرێ. دواتریش هەتا دوای کۆنگرەی ۸ی کۆمەڵە، ئەو ڕێکخراوەیە لە سیاسەتی شەڕانگیزیی دژ بە حیزبی دێموکرات بەردەوام بووە و تەنانەت هەتا ساڵی ۱۳۹۷ کە بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدی لە تلویوزیونی NRT و لە ڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا قسەی دەکرد، ئەم گاردگرتنەی هەر پێوە دیار بوو. بۆ میناک وەک بۆخۆی دەڵێ "کورتە باس"ی دوکتور قاسملووی پێ شتێکی باش بووە و هیچیان لەسەر نەنووسیوە کە دیارە ئەوەش وا نییە لە پاشکۆی بڵاوکراوەی "پیشرو" ژمارە ۱۰، یەکی سەرماوەزی ۱۳۶۳دا بە قەڵەمی جەعفەر شەفیعی هێرشیان کردبوە سەری[1]، بەڵام خۆی ئەودەم چینی کرێکاری ڕزگار دەکرد و جاریکی دیکە لەو دیمانەیەدا لەگەڵ ئەوەی هێرشی دەکردە سەر دوکتور قاسملو، بە شەڕی نێوخۆییشی تاوانبار دەکرد!

کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لەو دیمانەیەدا گوتی "دوکتور قاسملوو دەیتوانی بە نفوزی خۆی نەیەڵێ شەڕ هەڵایسێ." ئەوەی بەڕێزیان لەسەر نفووزی

---

[1] – بڕواننە ئەو بەستەرە:
https://www.iran-archive.com/sites/default/files/2021-07/komala-pishrow_10_zamime_01.pdf

دوکتور قاسملوو دەیڵێ ڕاستە، بەڵام بەڵگەکان دەڵێن کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی نەمر د. قاسملوو ئەوە بەڕێز موهتەدی بوو کە نەیهێشت هەوڵەکانی نەمر قاسملوو سەر بگرێ و مخابن ئێستاش پاش چەند ساڵ دەیهەوێ دەستی چەوری خۆی بە لایەنەکانی دیکە بسرێ و پاکانە بۆ خۆی بکا. بەڵام ئەدی چی لە بەڵگەکان دەکا؟ کە بەپێی قسە و نووسراوەکانی خۆی لە ڕۆژی یەکەمەوە و بەتایبەت دوای کۆنگرەی دووی کۆمەڵەوە کاک عەبدوڵڵا تیروشیر لە حیزب دەسوێ هەتا بە مرادی خۆی دەگا و شەڕی نێوخۆی هەڵایساند.

لێرەدا من نامەوێ بڵێم کە حیزبی دێموکرات بە تەواوی لەو شەڕە بێبەرییە و هەر هەمووی سووچی کۆمەڵە بووە، چونکە لە هێندیک جێ پێشمەرگەکانی حیزب بیانووی گرژییان بەدەستەوە داوە، بەڵام هەتا وەڕێکەوتنی شەڕی سەرانسەری هیچکات و لە هیچ کوێ حیزبی دێموکرات، ڕێبەری و تەنانەت ئەندامیکی کومیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە بە زاریدا نەهاتوە و نەینووسیوە کە لە کۆمەڵە دەدەین و تەبلیغات دژی کۆمەڵە دەکەین. بۆیە کۆمەڵە هەم لەباری سیاسی هەم لەباری نیزامییەوە دەستپێشخەری ئەو کارەساتە بوو کە بە سەر کوردستانی هێنا. خۆ ئەگەر مێژوونووسانیش لەو بارەوە لێکۆلینەوەیەکی ورد بکەن و بێلایەنانە قەزاوەت بکەن، بەتەواوی دەردەکەوێ کێ بووە هۆکاری ئەو دۆخە کە ڕشتنی خوێنی چەند سەد کەس و زیان و خەسارە فرەڕەهەندەکانی دیکەی بەدووەدا هات.

بەڵگەنەویستە کە ئەوەی مێژووی ٢٠ساڵی یەکەمی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بخوێنێتەوە، دەزانێ سیاسەتی کۆمەڵە لە کوێوە هاتوە و بە چ ئاقارێکدا ڕۆیشتوە. ئەوان باوەڕیان بە خەباتی نەتەوایەتی و مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کورد نەبووە، تەنانەت لە هەموو ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیاندا جووڵانەوەی سیاسی و خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کوردستانیان نەک وەک خەبات و پرسێکی "نەتەوەیی"، بەڵکوو بە "بزووتنەوەی مقاومەت" پێناسە

دەکرد و لە پرسی نەتەوەیی تەنیا وەک ئامرازێک بۆ دەستەبەری دەسەڵات و ئۆتۆریتەی خۆیان کەڵکیان وەردەگرت. بۆیە ئەو فیشەکانەش کە لە تفەنگی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەوە بەرەو دێموکرات دەهاتن، هەمووی بۆ چاوترسێنکردن و بنەبڕکردنی بەقەولی خۆیان بورژوازیی کورد –تۆ بیخوێنەوە خەباتی نەتەوایەتیی کورد" بوو. ئەم بیرو بۆچوونە بەتایبەتی لە ساڵی ١٣٦٠ بەو لاوە و تایبەتیتر بە دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران باڵی بەسەر هەموو لقوپۆ و قەوارەی کۆمەڵەدا کێشا و ئەوان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر خولیا و تامەزرۆی داسەپاندنی ئەو شەڕە نگریسە بوون.

شەڕی نێوخۆی ئەو دوو لایەنە ڕاستە لەسەریەک بە زیانی هەر دوو ڕێکخراوە بوو، و دووکەڵی چووە چاوی خەڵکی کوردستان، بەڵام کۆمەڵە دۆڕاوی سەرەکیی ئەم دۆخە بوو، ئەویش بە چەند هۆ:

یەکەم: ئەوان دەبوا گۆشەی بورژوازیی نێوخۆ واتە (دێموکرات) لەبەریەک هەڵتەکێنن و نەیهێڵن، بەڵام نەیانتوانی و ئەمە تەنیا وەک دروشم مایەوە. دووهەم: ئەوان بۆیان گرینگ نەبوو زۆر جێ و شوێنی کوردستان هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیان بەسەردا بگرن، گرینگ ئەوە بوو کە نەهێڵن لە دەستی حیزبی دێموکراتدا بێ، چونکە دواتر بەقەولی خۆیان دەیانتوانی دوایە مشوری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بخۆن و دەریان بکەن! بۆیەش بە هەموو ئیمکاناتی بەردەستیان هەوڵیان دا حیزبی دێموکرات نەتوانێ دەسەڵاتی ئیداریی لە کوردستان هەبێ کە ئەوەشیان بۆ نەچووە سەر. سێهەم: بیستمان و بینیمان کە دوای دەسپێکی ئەو شەڕە لە ماوەیەکی کورتدا –٣ مانگ– بە سەدان کەسیان وازیان لە ڕیزەکانی کۆمەڵە هێنا و خۆیان ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کردەوە. چوارەم: ئەوان حیزبی دێموکراتیان بە دژی شۆڕش و بورژوازی و کۆمەڵێک تالانچی (چپاوڵگەر) دەناساند، بەڵام پشتیوانیی هەراوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات و سەنگ و قورسایی ئەم حیزبە لە هاوکێشەی ناوچەیی و پێگەی

ئەم حیــزبە لە کــۆمەڵگەی نێودەوڵەتیــدا زوو ســـەری لە بەرد دان. پاشـــان سەرنجڕاکێش ئەوەشە کە خۆ سیاسەت، ئامانج و وێژمانی حیزبی دێموکرات نەگــۆڕاوە، ئەی ئەدی ئەوان ئێســـتا کە لەگەڵ ئەو حیــزبە دادەنیشـــتن و لە قەوارەی جۆراوجۆردا کاری هاوبەشـی لەگەڵ دەکەن، بەو پێیە وادیارە یـان کۆمەڵەش بـۆتە بـورژوازی و دژی شـۆڕش، یـان ڕابردووەکەیـان بە تەواوی لەسـەر هێڵێکـی هەڵە بـووە کە بێگومـان ئەوەی دووهەمیـان ڕاسـتە. پێنجەم: کۆمەڵە تەنیا چەند مانگ دوای شەڕ بەشی هەرە زۆری کوردستانی لەدەست دا و هـیچ هێزێکـی لە بـانەوە هەتـا شـیمالی کوردسـتان نەمـا و هەمـووی پـێ چـۆڵ کـرا. شەشــەم: کـۆمەڵە لەدوای کـۆنگرەی ٦ی خۆیـان لە سـاڵی ١٣٦٧ هێدیهێدی وازی لە شـێوەی ئەسـڵی خەبـات واتە خەبـاتی چەکداری هێنـاوە هێزێکــی ڕەزمــی لە مەیــداندا نەمــا و بزمــاری کۆتــایی لەســاڵی ١٣٦٩ بە یەکجاری لە تابووتی خەباتی چەکداری دا.

لەو شــەڕە نگریســەدا کە ڕووی دا لانـیکەم ٢٢٤ کەسـی کـۆمەڵە گیانیـان لەدەست دا و چەند کەسێکی فارسی ڕەگەزپەرەست دەستیان بەسـەر تەواوی تەشــکیلاتی کــۆمەڵەدا داگــرت و شــوناس و ئاســەواری کوردبوونیــان لە کوردەکـانیش ئەسـتاندەوە. سـەیری ئەو ڕێنـوێنی و ڕاسـپاردە گـرینگەی کـاک عەبـدوڵلا مـوهتەدی وەک کەسـی یەکەمـی کـۆمەڵە بـۆ ئەنـدامەکانیان بـکەن: "پێشــمەرگەی ئــێمە دەبــێ ئەو هەســتەی هەبــێ و ئەو هەســتە، "احساســی" واقعبینـانەیە. هـیچ ڕێگـایەک نییە مەگەر ئەوەی لە تەواوی ڕیـزی تەشـکیلاتی خۆمانـدا بەشـێوەی سیسـتماتیک تەبلیـغ دژی حیزبـی دێمـوکرات بکەیـن، نەک تەنیـا تەبلیـغ دژی حیـزب بەڵکـوو تەبلیـغ بـۆ ئامـادەگی لە بەرامـبەر حیزبـی دێموکراتدا.

. ئەو پەروەردەیەی کـۆمەڵە لەکاتێکـدا بـوو کە حیزبـی دێمـوکرات دەسـتی برایەتیـی بـۆ کـۆمەڵە درێـژ کردبـوو. بەڕێـز ئیلخـانیزادە بـاس لەوە دەکـا: ""لەمڕۆوە بە ئێوە و خەڵکی کوردستان دەڵێم هەر کەس بێتە ڕیزی کۆمەڵەوە

و دەست بە خەبات بکا، "قطعا" سنووردانان لەگەڵ ناسیۆنالیزم، بڕیاری ئەساسیی ئەو دەبێ... موهتەدی دەڵێ: ئەگەر هەر ٥ میلیون خەڵکی کوردستان مخالفی شەڕ بێ، بە تاقی تەنیا موافقم لەگەڵ دێموکرات شەڕ بکەین." پرسیار لە کاک عەبدوڵلا موهتەدی و ڕێبەرانی "حکا" و کۆمەڵەی ئەوکات ئەوەیە کە ئەدی تیئوریزەکردنی شەڕی نێوخۆیی و داسەپاندنی بە سەر حیزبی دێموکراتدا چۆنە و دەبێ چۆن بێت؟ غەیری فەرمایشتەکانی جەنابیان؟

ڕاستە کە حیزبی دێموکراتیش لەو شەڕەدا بێزیان نەبووە. حیزبی دێموکرات لەم سۆنگەیەوە زیاتر لە دوو سەد کەس لە باشترین پێشمەرگەکانی لەدەست دا. هەروەها لە سۆنگەی ئەم شەڕەوە حیزبی دێموکرات بەشێک لە لکەکانی هێزی پێشمەرگەی بۆ جنووب گواستەوە و بەم هۆیەوە ڕێژیم توانی لە ناوەندی کوردستان و شیمال زیاتر هێرش بۆ سەر پێشمەرگەکان بێنێ و کوردستان داگیر بکا. لەلایەکی دیکە شتێکی شاراوە نەبوو کە کۆماری ئیسلامی بە تێکهەڵچوونی نێوان کۆمەڵە و دێموکرات شاگەشکە ببوو، چونکە هەرچەندی ئەو شەڕە درێژەی بوایە بە زیانی خەڵکی کوردستان و لە بەرژەوەندیی ڕێژیمدا دەشکایەوە. هەموو بیانووی کۆمەڵە و قسەی کۆمەڵە ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات هیچ لایەنێکی دیکەی قەبووڵی نییە و دەیهەوێ هێژموونیی خۆی بەسەر ئەحزابی دیکەدا بسەپێنێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە دێموکرات هەمیشە و بە بەردەوامی دەستی دۆستایەتی و برایەتی و هاوکاریی بۆ کۆمەڵە درێژ کردوە، بەڵام کۆمەڵە بەپێی بەڵگە و سەنەدەکانی خۆشیان ئامادە نەبوون هاوکاریی حیزبی دێموکرات بکەن و لایان وابوو کە تەنیا بە لاوازکردنی حیزبی دێموکراتە کە حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە بەهێز و پارێزراو دەبن. بەڵام بەپێچەوانەوە حیزبی دێموکرات هیچکات ڕەساڵەت و ئەساڵەتی شۆڕشگێڕیی خۆی لە هیچ کەس وەرنەگرتوە

و بوونی خۆی لە نەبوونی هیچ هێزێکی دیکەدا نەدیتۆتەوە و پشتقایم بە خەڵکی کوردستان بە سەربەرزی لەم گۆڕەپانەدا ماوەتەوە.

لە کۆتاییدا لەوانەیە ناو و ژمارە و لیستی قوربانیانی شەڕی نێوخۆ بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک ئەرشیفنەکردن یان دەستڕانەگەیشتنی من بە هەموو سەرچاوەکان لەوەندەش زیاتر بێ، بەداخەوە سەرەڕای هەوڵی زۆر بەڵام هەر ئەوەندەم بۆ ساغ کرایەوە. هیوادارم نەسلی داهاتوو، یان لەمڕۆوە ڕێبەرانی حیزبە سیاسییەکان بە ئەزموون وەرگرتن لەو ڕابردووە پڕ زیان و کارەساتبارە و بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و عەقلانییەتی سەردەمیانەی ویکهەڵکردن، بگەنە قەناعەتێک کە کۆمەڵە شتێک و یەک لەوان شەڕی نێوخۆیی هێڵی سوور بێ، ئەوەش بکەن بە گرێبەستێک و بە هەموو وجوودەوە پێی دەروەست بن.

هەر لەوکاتەدا سەبارەت بە پێوەندییە باشەکانی ئەم دەورەیەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە پێ خۆشحاڵبوونی خۆم لەو هاوپەیمانییە (ناوەندی هاوکاری) نیشان دەدەم و هیواخوازم کە ئەو پێوەندییانە زیاتر پەرەیان پێ بدرێ تا یەکیەتی هێزە خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕەکان لە پێشەوەیان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە یەک لەو هێزانە بن دەتوانێ یارمەتیدەری بەرەو پێشەوەچوونی ڕەوتی خەباتەکەمان لەکوردستاندا بێت کە هیچ شتێک نەتوانێ درزی تێ بخا.